# یەکانەی پیرۆز

## رۆمـــان

### فاضل قەرەداغی







PDF4Kurd

ناوی کتێب: یەکانەی پیرۆز

جۆر: رۆمان

نووسەر: فاضل قەرەداغی

ساڵ: ١٤٢٧-٢٠٠٦

چاپ: یەکەم

چاپخانە: چوارچرا

تیراژ: ١٥٠٠

نەخشەی بەرگ: نووسەر

ژمارەی سپاردن: ٨٨٥-٢٠٠٥

ئەم کتێبە لەسەر پێگەی ئینتەرنێتی نووسەر:

www.zagros.org - www.zagrosweb.org - www.zagros.ws

مافەکان بۆ نووسەر پارێزراون

تێبینی: زانراوە رۆمان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی نییە بەڵکو بەرهەمێکی ئەدەبییە، لەبەرئەوە تەنها بەشێکی بەسەرهاتەکانی ناو ئەم رۆمانە، نەك هەموویان، زانیاریی مێژووین.

# خەونی شارێک

شەوێکی بێ مانگی سەرەتای پایز بوو خەڵکی شارێکی چەپەکی جیهان.. شارێکی سەر رێی لەشکرەکان بەناوی شیرینئاوا خەونێکیان بینی؛ یەك کاتو یەك خەون. شەو لەشوێنی خۆی نەجووڵابوو بڕیاریان دا بۆ سبەی خەونەکە بۆ یەکتر بگێڕنەوە. خەونەکە هێندە ساکار بوو هەر ئەو شەوە منداڵانی شیرینئاوا پێش گەورەکان واتاکەیان زانیبوو. گەورەکان لەو تەفسیرە دڵنیا بوون، بەڵام ترسی ئەو رۆژانەو ترسی دەیانساڵی پێشتر هەموو زانینێکیان کردبووە گومان. هەمووش نوستنەوەو خەویان لێنەکەوت، هەمووش چاوەڕێی یەکەم دەنگ بوون، هەر دەنگێك بێ؛ کەڵەشێر بێ یان شتی تر.

کازیوەی رۆژێکی سەرەتای پایز بوو هەواڵی پێش یەکەم رووناکی دوای چاوەڕوانی هات، باڕۆکەیەك بوو هەر ئەو شەوە دەنگی گڕ ببوو و قووقەی خۆی پێش وادەی تیشکی یەکەم گەیاندە ئەو خەڵکەی وایدەزانی نوستوون بەڵام نەنوستبوون. پەمووی ئاسمان نەیهێشت خەڵکی شیرینئاوا نیشانەی خڕی کۆنی گەڕگرتوو لەئاسۆدا ببینن، بەڵام لای ئەوان کازیوەی بێ پەشیمانی بوو، گورج هەڵسانو کەوتنە جووڵە.

رۆژێکی بێ خۆری سەرەتای پایز بوو زەوی بە نمەی باران تەڕ ببوو و پەمووی بەرزی بۆر هەڕەشەی بارانێکی بەخوڕی دەکرد. بەرامەی زەوییە تەڕەکە پێشوازیی وەرزێکی پڕ رازو گومانو هەواڵی نەزانراوی دەکردو شنەبا یاریی بەو گەڵا وەریوە تاکوتەرایانە دەکرد کە پێشوەخت ماڵئاواییان لەهاوەڵانیان کردبوو و بەختی بینینی ئەو بەیانییە نوێیە تایبەتییەیان نەبوو.

خڕی گڕدار هەڵهاتو لەپشتی هەڵمی چڕی بۆری بەر شینی قۆقز بەرزبووەوەو کەوتە ناوەڕاستی گیانەڵای سەرمای شەو و هەڕەتی بەرزیو هێشتا خەڵکی شیرینئاوا رازەکەیان بۆ یەکتر نەدرکاندبوو، چاو چاوی دەخوێندەوەو دڵ پەڕەکانی دڵی هەڵدەدایەوە، یەکەم کۆخەونی خەڵکە چاوەڕێکە نەبوو. تەماشای یەکتریان دەکردو چاویان بۆ وێنەکانی (شاخان) بەرزدەکردەوە کە پڕ شارەکە بوون.

نیوەڕۆی پڕ هەوری ئەو رۆژەی پایز منداڵێك لەگەڵ باوکەکەیدا بەپێ وەردە نیوە تەڕەکەیان دەشێلا تا بچنە وردە نیوەتەڕەکەی پشتەوەی. منداڵ باوکی خۆی دواند، نەیزانی باس لەو شتانە دەکات کە باوکی بۆ کاتی گەورەبوونی هەڵیگرتبوون. باوك بەهیوای شتی گەورەی سبەینێی ئەو کوڕە ناوێکی تاکی لەو کوڕەی نابوو: (کاوەی بچووك). باوك چاوەڕێی گەورەبوونی دەکرد تا نازناوی (بچووك) فڕێ بداتو ئەو ئیشە بکات کە کاوەی کۆنی چیرۆکی کۆن کردبووی. باوك نەیدەزانی چیرۆکی کاوەی کۆن وا زوو دووبارە دەبێتەوە، کوڕ لای باوکی خۆی هێشتا منداڵەو پێویستە لەمەترسی بیپارێزێ. کوڕەکە ئەو شەوە گەورە ببوو، بەڵام ترس هێشتا لەناو ماڵەکەدا هەبوو. جارێ وەردەکەیان نەبڕیوە:

–باوکە بینیم.

–دەزانم بینیت، مەیڵێ.

–بابە ئەو بوو.

**-دەزانم ئەو بوو، مەیڵێ.**

**-گارەش بوو.**

**-دەزانم گارەش بوو، باسی مەکە.**

ئێرە ماڵ نییەو پێویستە بەئەسپایی باسی (شاخان) بکرێ، باسیش نەکرێ باشترە. وردەکەیان بڕی، گەیشتنە لوتکەی نێوان دوو وەردە تەڕەکە، پارچە ئاسنە سوورە لاکێشەکەیان بینی کە رۆژانە دەیانبینی، نووسینەکەیان خوێندەوە کە هەموو جارێك دەیانخوێندەوە، دوو ئێسکو کەللەسەرێك:

**((کەپکی قنگەجنۆکە**

**نزیك مەبەرەوە**

**مەرگ چاوەڕێتە**

**یەکەی ٦٨ی بەڵەکی هێزەکانی شاخان))**

کوڕو باوك بەدەوری کەپکەکە سووڕانەوە، گەیشتنە وردە تەڕەکەی تر:

**-کەوت.. بابە کەوت.**

**-دەزانم، سێ جار کەوتو هەڵسایەوە، باسی مەکە.**

**-باوکە شاخەکانی شکابوون.**

**-ڕاستە، دوو پەنجە لە شاخەکانی مابوون.. ئیتر باسی مەکە.**

**-باوکە.. گارەش منالّی نەمابوو.**

باوك وەستا، سەری بۆ هەڵمی بۆر هەڵبڕی، دڵۆپێك کەوتە تەنیشت چاویەوە، نەیسڕییەوەو ڕوانییە بازنەی دووری ئاسۆی بۆر، دەستی خستە ناو قژی کوڕەکەی، بەسۆزەوە بەپەنجەکانی بۆی شانە کرد:

**-نا کوڕم.. باشت نەبینی، وەچەی (شاخان) پڕ بەم زەوییە بوون.**

دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژەی پایز جووڵە گەرمتر بوو و منداڵانی شیرینئاوا بۆ یاریی خۆیان بەپەرۆ کەللەسەریان وەك کەللەسەری گارەش، بەخۆیو شاخەکانییەوە دروستکردبوو. دەستپێشخەریی ئەو چەند منداڵەی لای خەڵك بە لاسار دەزانران‌و هەواڵە یەك بەدوای یەکەکان ترسەکەیان ڕەواندبووەوە. پاسەوانەکان منداڵەکانیان بینی بەڵام هیچیان نەوت. هیچ بەڕوویانەوە دیار نەبوو، نە خۆشی، نە ناخۆشی، نە تووڕەبوون، نە پێکەنین. کەمێك ترسابوون بەڵام هیچیان نەدەوت. کەس نەیدەزانی ئەوانیش خەونەکەیان بینیوە یان نا، کەس باوەڕی نەبوو خەونەکەیان بینیبێ، کەس نەیدەوێرا بپرسێ.

کوڕانی شیرینئاوا کەوتنە قسە، ئەو کەسانەی شارەکەش کە وەکو پسپۆڕی کاروباری وڵاتان خۆیان پیشان دەدا زۆر بەدڵنیاییەوە بەخەڵکیان دەوت پاسەوانەکان پێش ئەوان خەونەکەیان بینیوە، بۆ کەسێکیش باوەڕی نەدەکرد سوێندیان دەخوارد. خەڵکەکە ئەو بێدەنگییەی پاسەوانەکانیان بەو دوو پەنجە شاخەی گارەش مابوو تەفسیر کرد، دوو پەنجەکە بۆ پاسەوانەکان هیوا بوون، بەڵام ئەو پسپۆڕانە دەیانوتو دەیانوتەوە: **((گارەش تازە تەواوو ئومێدی پاسەوانەکان خەیاڵە، ئەو دوو پەنجەیەش دەشکێن)).**

منداڵان لەقسەکەران‌و لەگوێگران بێئاگا بوون، بێترس بە کەللەسەری گارەشەوە ڕاوڕاوێنەیان دەکرد. ئەو شەوەی پایز منداڵانی شیرینئاوا هێندە شەکەت بوون زوو خەویان لێکەوت. بۆ یەکەم جاریش بوو باوکان‌و دایکان لەگێڕانەوەی چیرۆکی کاوەی پاڵەوان‌و پادشای ئەژدیها، فەرهادی بزرو شیرینی چاوەڕوان ڕزگاریان بوو. شەو منداڵێك نەبوو

بەسەرهاتی گاڕەش لەئامێرەکانی پەخشی هەواڵەوە ببیستێ. باوکانو دایکان دەنگی ئەو پیاوەیان بیست کە دەرکەوتنی ئاگادارییەك بوو بۆ رووداوی گەورەی چاوەڕوانکراوو چاوەڕواننەکراو. پیاوەکە قسەی کرد:

**–پێکەوە گوێبگرین بۆ پێشەوای گەورەمان.. هەر ئێستا پێشەوای سەروەرمان قسەتان بۆ دەکات.. پێشەوامان ئێستا قسەتان بۆ دەکات.. با گوێ بگرین بۆ پێشەوامان..**

**هەناسەیەکی قووڵ گڕەکەی گەیشتە گوێگران ئینجا:**

**–فەرموون لەگەڵ لێدوانێکی گرنگی چارەنووسسازی(شاخان)ی پێشەوا.**

شاخان، کە خەڵکی شیرینئاوا گاڕەشیان پێدەوت، قسەی کردو قسەی کرد، لەو قسە دووروودرێژەشی خەڵکی شیرینئاوا هێندە تێگەیشتن شەڕی گەورە دژی دوژمنی هەرە گەورە بەرپوەیە.. هەواڵێکی نوێ نەبوو، هەواڵەکانیان بیستبوو و هەستیان بە گڕی رووداوەکە کردبوو، شەوی پێشووش لە هەستو هەواڵ گرنگتریان بەدەست گەیشتبوو.. کۆخەونە مەزنەکە.

هەر ئەو شەوەی ئەو رۆژە تایبەتەی پایز خەڵکی شیرینئاوا بیستیان لەپشتی چیای مازووەوە جووڵەیەك هەیە، بیستیان بەڵام نەیانزانی ئێوارەی ئەو رۆژە جیاوازە لەسەر خاکی دراوسێی رۆژهەڵاتیدا دەستەیەك ئاڵا ئامادە کرابوون تا لەسەر لوتکەکانیدا بەرزبکرێنەوە. دەبوایە خڕی گرداری چەند بەیانییەکی تری پایزلەوبەری ئەو چیایەوە بنیشنەوە تا ئەو ئاڵایانە ببینن‌و نووسینەکانی سەریان بخوێننەوە، سێ وشە بەگەورەیی نووسرابوون: ((**هیوا، سەرکەوتن، پشتبەخۆبەستن**)). سێ وشە دروشم‌و رابوردوو و ئێستای گەورەو بچووکانی شیرینئاوا بوون.

* * * * *

(خۆشەویست) بەهێمنی لەسەکۆی ئاگر، کە ببووە سەکۆی خۆڵەمێش، هاتبووە خوارەوە. بەناو خەڵکە واقوڕماوەکەدا رۆشت‌و رووی لەباوکی بوو. (ئازەر)ی باوکی بەلاچاو تەماشای دەکردو دۆڕانی خۆی دەخواردەوە:

**–نەخێر! ملی بۆ نادەم، لەبەر ئەو و (ئیلوم)ـەکەی پشت ناکەمە خوداوەندەکانم‌و شارەکەم‌و خێڵەکەم.**

خۆشەویست نەوەستا، (لوتوم)ی برازای دەستی گرت‌و پێکەوە رۆشتن. خۆشەویست وەڵامی پرسیارێکی برازاکەی دایەوە کە لێی نەکردبوو:

**–لەسەر سەکۆی خۆڵەمێش (ئیلوم) فەرمانی کۆچی بۆ ناردم؛ وڵات جێبهێڵم‌و سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکەم.**

# قەقنەس لە هەڕەتی هێزیدا

باڵندەکە دەنووکی رووکردە ئاسمان، گاڵتەی بە قسەکان هات، تەمەنی گەیشتۆتە نزیکەی هەزار بـەڵام هێشـتا هێندە بەهێزە هەموو باڵندەکانی زەوی لێی دەترسن، هەر کاتێك ئارەزووی لێ بێ ئەو باڵندانە دەخاتە داوەکەیەوە.

قەقنەس هەر دوو باڵی کردەوەو چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆری بەیانییەکی نوێو هەڵکردنی بای هەوای ئەو بەیانییە کرد. لەناو هێلانەکەیدا لەسەر لوتکەی ئەو کێوە بەرزەدا پێش هەمووان هەڵهاتنی خۆری دەبینی. دوو چاوی تیژو مۆنی رووکردە رۆژهەڵات.

یەکەم تیشکی خۆر دەرکەوتو باڵندەکە بە دوو باڵی سڵاوی لێکرد، دوو باڵی بۆ با کردەوە کە تازە هەڵیکربوو. بەدەوری خۆیدا خولایەوەو ئاوازی خۆی وت. وەستاو سەرو دەنووکی رووکردە ئاسمانو تەکانی بـە دوو بـاڵی دا. هێلانەکەی جێهێشتو بەرزبووەوە. بەرزبووەوەو بازنەی خۆری بینی، بەشی سەرەوەی، بچووك، گەورە، گەورەتر، ئینجا هەمووی، بەئاوازێکی کورت سڵاوێکی تری لەو خۆرە کرد کە باوەڕی وا بوو هێنـدەی خـۆی تەمـەنی هەیـە. بازنەیەکی فراوانتر خولایەوەو چاوی بۆ لوتکەیەکی تر گێڕا. لوتکەکەی لەرۆژئاوادا بینی. بۆی شۆڕ بووەوەو گەیشتە بەرزترین شوێنی. چاوی بەچواردەوری خۆیدا گێڕاو زانی شانی لەشانی باڵندەکانی تر بەرزترەو ئەو باڵندانە ناگەنە ئەو لوتکەیە. بۆ خوارتر شۆڕ بووەوەو وەستا، چاوەڕێی کرد، کەمێك چاوەڕێی کرد، باڵەکانی بۆ با کردەوە، ئێستا کاتی سەماکەیەتی.

جارێك هێواش بەدەوری خۆیدا خولایەوە، دووەم خێراتـر، خێراتـرو خێراتـر، ئینجـا ئاوازەکـەی دەسـت پێکـرد، خۆشترین ئاواز، ئاوازەکەی وتو باڵندەکان بیستیان. نزیکترین باڵندە بیستی. باڵندەیەك بوو بە دەنووك بۆ کرمێك، دەنکە هەرزنێك زەویی دەکێڵاو وردە بەردەکانی هەڵدەدایەوە. باڵندەکە گوێی شل کرد، سەری بۆ شوێنی ئاوازەکە وەرگێڕا، سەری بۆ سەرەوە بەرزکردەوە، ئینجا بۆی هەڵفڕی. چووە تەنیشتیو بە سەماو ئاوازەکەی مەست بوو و لەجووڵە کەوت. باڵندەیەکی تر لەئاسماندا دەخولایەوە، دەنگەکەی بیست، بەچاو دەورووبەری خۆی پشکنی. شوێنی ئاوازەکەی دۆزییەوە، بۆی فڕی، بۆی نیشت.

دوو باڵندەکە بوونە چوار، جووتێك هاتن، نێرو مێیەك بوون هێلانەکەیان جێهێشتبوو و پێکەوە هاتبوون. پێنج، شەش، چواردەوری قەقنەس بووە کۆکلە زێڕینەی پەڕی باڵندە، ئەویش هەر دەخولایەوە. قەقنەس چـاوی خسـتە سەر دوو هاوسەرەکە، چاوی خستە سەر مێکە کە سەری بە ملی نێرەکە نووساندبوو و ئاوازی پڕ سیحری باڵندەکەو خۆشەویستیی هاوهێلانەکەی مەستیان کردبوو.

قەقنـەس دەخولایـەوەو باڵنـدەکان بـەخێرایی وەك رەشـاییو تارمـایی لەبەرچـاویدا دەجووڵانـەوە تـا چـاوی دەگەیشتە سەر مێکەو سەرەڕای خێرایی وێنەکەی جوانو رێكو بێ تێکەڵاو بوون لەبەردەمیدا شەوقی دەدا. لەگەڵ خولانەوەیدا نزیکتر بووەوە لەو مێیەی هۆشی لەدەورووبەری خـۆی بڕابـوو و لەهـەموو شـتێك بێئاگـا بـوو جگەلـە ئاوازەکەو هاوهێلانەکـەی. قەقنـەس دەخولایـەوەو نزیـك دەبـووەوە، دەخولایـەوەو نـزیکتر دەبـووەوە، نـزیکترە،

گەیشتۆتە بەردەم مێکە، مێی مەست ئاگای لەو نزیکبوونەوەیە نەبوو. قەقنەس دەنووکی نووساند بـە دەنـووکی مێکەو خولایەوە، جارێکی تر دەنووکی نووساند بە دەنووکیو خولایەوە، لەپڕ قەقنەس وەستا، دوو چاوی تیـژی بڕییە چاوە مەستەکەی مێکە، دەنووکی کردەوەو فیشکەیەکی لێ هات :((**ئا ئێستا**)). تەواو دەنووکی کردەوەو توند بۆ پێشەوە جووڵاندی، سەری ئەو باڵندەیەی ئاگای لەهیچ نەبوو ون کرد، باڵندەکەی بەرز کردەوەو دوو باڵو دوو پێی بردە حەوا، قەقنەس زیاتر دەمی کردەوەو باڵندەکەی قووت دا. لەشوێنی خۆیدا وەستا تا باوەڕ بەخۆی بکات قووتی داوە، ئینجا دیسان خولایەوە، ورد.. ورد، خاو.. خاو، گۆرانییەکی خاوی وت ئینجا کەمێك خێراتر خولایەوە، زیاترو خێراتر، ئاوازەکەی خێراتر کرد، باڵندەکان لەبەرچاویدا بوونە تارمایی، تەنها نێرەکەی وەکو خۆی دەبینی، لەو نێرە نزیککەوتەوە کە ئاگای لەنەمانی هاوسەرەکەی نەبوو، دەخولایەوەو گۆرانییەکەی خێراتر دەکرد، گەیشتە بەردەمی، وەستاو چاوی تێبڕی، دەنووکی کردەوە: ((**تۆش**))، سەری قووت دا ئینجا هەمووی.

قەقنەس گەڕایەوە دواوە، وەکو پێشتر خاو خولایەوە، خاو گۆرانییەکەی وتەوە، ئینجا خێراترو خێراتر، باڵندەی سێیەم، چوارەم، پێنجەمی قووت دا.. ئینجا هۆش بۆ باڵندەکان گەڕایەوە، هەموویان هەڵفڕین، قەقنـەس شـوێنیان نەکەوت، پێویستی بە زیاتر نەبوو.

قەقنەس فڕیو چەند جارێك لەئاسماندا بەدەوری چیاکە بازنەی گەورەی دروست کرد. لوتکـەو هێلانـەی خـۆی دوور دەیڕوانی. رووی تێنەکردو چووە رۆژئاواتر، بەسەر هەموو لوتکەکاندا فڕی تا خۆر مۆڵەتی چوونە خوارەوەی وەرگرت. پشتی کردە خۆرو رووی کردە ئاستی کێوەکەی خۆی، فڕی تا نزیککەوتەوە، لوتکەکەی بینیودووباڵی بۆ کردەوە. گەیشتە ئاستی لوتکەکە، بەرزتر بوو لەلوتکەکە، دوو جار بەدەوریدا خولایەوەو نیشتە سەر هێلانەکەی، چاوی بە دیمەنەکەی چواردەوریدا گێڕا، رووی کردە خۆری ئاوابوو و ئاواتی بۆ خواست بەسـەلامەتی لـەبنی زەوی دەربچێتەوەو سبەینێ بچێتە سەر تەمەنی تا رووناکی بە هێلانەکەی ئەو ببەخشێ.

# ئالوسی خوێناوی

بیری کەوتەوە؛ کارێکی پێویست هەبوو نەیکردووە. کۆبوونەوەی سەعات نۆی بەیانیی بۆ دوو سەعات دواخست. ئەو پیاوەی داوای کرد زوو گەیشت، لەوەش خێراتر کرایە ژوورەوە. لەمدیو دەرگای ژووری کاری شاخانەوە وەستاو چاوەڕێی فەرمانی نزیککەوتن لەگەورەی مەزنانگە بوو کە سەری بەسەر کاغەزەکانیدا شۆڕ کردبووەوە.

قژە رەشە بریسکەدارەکەی پیاوە چاوەڕوانەکە تاڵ تاڵ بۆ دواوە هەڵدرابووەوە. دەموچاوێکی درێژو چەناگەیەکی درێژتر. چاویلکە رەشەکەی پارچەیەك شەوەزەنگ بوو و لەڕەشیدا وەکو قژە چەورەکراوەکەی دەبریسکایەوە، بۆ ئەوەی تاقمەکەش تەواو بێ چاکەتێکی رەشی درێژی کردبووەبەر. پیاوەکە دوور وەستابوو و بۆنی مێخەکی نەدەگەیشتە لووتی شاخان.

تا شاخانیش ئاوڕی لێدەداتەوە بوار هەیە لەگەڵ ئەو وێنە زۆرانەی ناو ئەو دالانە درێژەی بەناویدا هاتو هێندە پێی ئاشنا بووە هەموو وێنەکانی لەبەرکردبوو بەراوردی بکات. شاخان لەو دانیشتنەی ئێستایدا تەنها لەخۆی دەچێ. وێنەکانی دالانەکە هی کۆنە گەورەکانی تەڕاییو وشکایی بوون، هەر یەك بەپۆشاکی تایبەتی خۆی، بەڵام رووی هەر هەموویان لەدەموچاوی مەزنی مەزنانگە دەچن. پیاوە چاویلکە رەشەکە مەردوخی خوداوەندی بابلی بیرکەوتەوە کە کرایە گەورەی خوداوەندەکانو ناو و نازناوی هەموو خوداوەندەکانی وەرگرتبوو: (ئێنلیل) مەردوخی سەروەرییە، (سین) مەردوخی رۆشنکەرەوەی شەوە، (شەمەش) مەردوخی دادپەروەرییە، (ئەدەد) مەردوخی بارانە.. تا دەگاتە پەنجا ناو. ئەوەتاش مەزنی مەزنانگەی لەبەردەمدایە: (ئەرستوس) شاخانی فەلسەفەیە، (بوناپارتوا) شاخانی ستراتیجیەتە، (رۆملنگ) شاخانی جەنگی بیابانە.. تادوای ناوەکانو کەسەکان.

پیاوەکە دەمی کردەوەو لەژێر سمێڵە رەشە باریکەکەیەوە دوو ریز ددانی درێژی زەرد دەرکەوتن، یەکێکی لای چەپی کەوتبوو و شوێنەکەی رەش دیار بوو:

—لەخزمەتتدام سەروەر.

شاخان سەری ((وەرە پێش))ی بۆ لەقاندو جارێکی تر چاوەکانی بەسەر کاغەزەکانیدا شۆڕکردەوە. ماوەیەکی زۆری ویست تا پیاوەکە ژوورە درێژەکە ببڕێو بگاتە نزیك مێزەکەی شاخان. هەشت ریز قەنەفەی چوار کەسیی ژماردو دە هەنگاو بەرامبەر مێزەکە وەستا. شاخان سەری هەڵبڕییەوەو بەدەست فەرمووی دانیشتنی لێکرد. کەمێك پیاوەکەی لەسەر قەنەفەکەو لەناو بێدەنگیدا هێشتەوە ئینجا لەسەر مێزەکەیەوە فایلێکی هەڵگرت، رووی چاوەکانی کردە ئەو پیاوەی لەگەڵ ئەو جوولەیەی سەروەرەکەی رەپ لەسەر قەنەفەکەدا دانیشت. سەروەرەکەی فایلەکەی راوەشاند:

—دەزانی ئەمە چییە؟

پیاوەکە دەستکارییەکی چاویلکە رەشەکەی کرد:

—تەواو نازانم سەروەرمان، بەڵام هەست دەکەم بڕیارێکی گەورەی تێدایە.

**–هەستەکەت پێکای.. چەند گەورەیە؟**

چاویلەکەکەی داکەند، کونی چاوی باریك بوونەوەو لەفایلەکە وردبووەوە وەك بیەوێ بێ هەڵدانەوەی پەڕەکان ناواخنیان بخوێنێتەوە:

**–زۆر سەروەرمان، رەنگە چارەنووسی هەزاران بگۆڕێ، نەخێر ملیۆنان.**

شاخان فایلەکەی راگرتبوو:

**–بۆ ئەمە بانگم کردی.**

هەڵساو لەپشتی مێزەکەیەوە سووڕایەوە، باڵاکەی دەرکەوت چەند بەرزە، فایلەکەی بەدەستی راست گرتبوو و بەلەپی دەستی چەپی دەیکێشا. بەرامبەر پیاوەکە وەستا کە پێشترو گورجتر هەڵسابوو:

**–بڕیارێکی گەورەم داوە، بڕیارێك دەبێ تا دوا چرکە نهێنی بێ، خۆت دەزانی نرخی درکاندنی بڕیارە نهێنییەکان چەند گرانە.**

پیاوە ددان زەردەکە جارێکی تر چاویلکەکەی چاککردەوە، تفی قووت داو لەگەڵ تفەکەیدا پیتە یەکەمەکانی قسەکەی قووت دران:

**– ......ەرمان.. پێشتر.. تاقیت کردوومەتەوە.**

لووتی شاخان روویکردە حەوا:

**–بەڵام ئەمجارە جیایە. کارەکە ئاسانە بەڵام نامەوێ کەس دەست بخاتە رێگەم. بێگومان هەواڵەکانی ئەم رۆژانەت بیستووە.**

سێ هەنگاو بەناو ژوورەکەدا رۆشت، سێ هەنگاوی باڵای بەرزی بەس بوون پیاوەکە بکەوێتە پشتەوەی. پیاوەکە شەش سەعات وەرچەرخاو رووی کردە پشتی ئاغاکەی. ئاغا شەش سەعاتەکەی تری تەواو کردو ئێستا روویان لەیەکترە:

**–ئێمەو دراوسێی باشوورمان کێشەمان هەیە، ئەو دراوسێیە بەزمانو بەرەگەز برایەو لەشەڕەکەمان دژی دراوسێ بێگانە رۆژهەڵاتییەکەمان کۆمەکی کردبووین، بەڵام رۆژ سەلماندی ئەو هاوکارییە لەبەر برایەتی نەبوو. ئێمە دەمانزانی کۆمەکەکەی لەبەر ئەوە بوو لەو دوژمنە هاوبەشە دەترسا بەڵام نەماندەزانی ترسەکەی لە مەزنانگە گەورەتر بوو، ئەوەتاش وەك لەهەواڵەکان بیستووتە چاڵمان بۆ هەڵدەکەنێ. ئێمە ناچارین بەنرخترینی خۆمان بە هەرزانترین بفرۆشین، ئەو دراوسێیە بازاڕی لەو زێڕە شلە پڕکردووەو نرخەکەی داتەپاندووە. ئەو بێوەفایە کاتێك رۆڵەکانی خۆمان خوێنیان دەڕشت تا دوژمنە هاوبەشەکە بشکێنن وای دانابوو ژنە ئازادە بەشەرەفەکانمان بە پارە زۆرەکانی بکڕێ.**

شاخان منگەیەکی کرد، دەستەسڕەکەی دەرکردو لووتو چاوی پێسڕییەوە. بیری کەوتەوە ئامێری وێنەگرتن لەو دەوروبەردا نییەو زوو کۆتایی بەو فرمێسکانە هێنا کە لەو رۆژانەدا زۆر دەیڕشتن:

**–خەڵکی مەزنانگە بینیویانە چۆن بێوەفاکان بەناو شەقامەکانماندا گەڕاونو بەتەوسەوە وتوویانە ژنە ئازادە بەشەرەفەکانمان بەپارەی ئەوان دەکەنە کۆیلەو سۆزانیی خۆیان.**

روونکردنەوەی لەوە زیاتر نەدەویست، پیاوەکە تێگەیشت بڕیارەکە چییە. ئەویش دەستەسڕەکەی دەرهێناو ئارەقی پشتەملی سڕییەوە. شاخان چووە سەر بابەتی مەبەست. بەدەنگێك وەك چۆن پێشتر نەگریابێ:

**–ئەو ژنەنوێنەرەی عەمالیقا لە مەزنانگە وتی خۆمان ناخنینە ناو کێشەی نێوان ئێوەو دراوسێکەتان. ئەو قسەی خۆی وت، منیش قسەی خۆم وتووە، دەمەوێ بزانم ئەستێرەکان چی دەڵێن؟**

پیاوەکە لە سرینەوەی ئارەقەکەی تەواو نەببوو، نۆرەی ناوچەوانی بوو:

—دەبێ لێیان بپرسم.. دەبێ بپرسم.

شاخان پەلەی بوو:

—دەبوایە چەند نیشانەیەکی ئاسمانت بزانیایە پێش ئەوەی نیو وشەت بۆ باس بکەم.

—سەروەر! هیچ نیشانەیەکم نەبینیوە، ئاسمان خامۆشە، بەڵام دەتوانم هەوڵ بدەم، ڕەنگە کەمێکی تر بخرۆشێ، دەبێ هەوڵ بدەم.

—ڕاستگۆییم دەوێ، لەگەڵ خەڵکدا حەز ناکەم ئەو شتە ببیستم کە حەزم لێی نییە، پرس بە ڕاوێژکارانم دەکەمو لەکۆتاییدا حەز دەکەم ئەو شتەیان لێ ببیستم کە بڕیارم بۆ داوە، بەڵام بۆ ئەستێرەکان حەزم لە ڕاستییە.. ڕاستیی بێ ئارایشت.

پیاوەکە دڵنیا نەبوو لەو ڕستەیەی دوایی بەڵام بڕیاری دا موغامەرە بکات، ئەوەی بیری لێدەکاتەوە بەدڵی ئاغاکەی نییە:

—هیچ شتێکی نائاساییم لە ئاسماندا نەبینیوە، بەڵام زووتر شتێکم خوێندۆتەوە، قسەی پێشینێك لەئێمە کارامەتر بوو، بەڵام دەترسم..

—مەترسە.

دەنگی شاخان پڕ بڕیاری بێ گەڕانەوە بوو، پیاوەکەش دووبارەی نەکردەوەو سەری بۆ نەوی کرد. چووە لای ڕەفەی کتێبەکانی پشتی مێزەکەی شاخان، بەئاسانی کتێبە گەورەکەی دۆزییەوەو هەڵیگرت. گەڕایەوە شوێنی خۆیو بەرامبەر پیاوە مەزنەکە ڕاوەستا، بەرگی کتێبەکەی هەڵدایەوە. چوار دێڕی پێشکەشکردنەکەی بینی کە دوو ساڵ لەوەوبەر بەقەڵەمەکەی خۆی بۆ شاخانی نووسیبوون، لاپەڕەکانی هەڵدایەوەو لەهەموویاندا ئاماژەکانی شاخانی بینی بە قەڵەمی دار نووسرابوون، تا گەیشتە ئەو لاپەڕەیەی مەبەستی بوو لەچەندین شوێندا پرسیارێکی کورتی دەبینی بە قەڵەمە دارەکەی شاخان نووسرابوو: ((منم؟)). پیاوەکە کتێبەکەی لەسەر لاپەڕەیەك ڕاگرت، پنجەی خستە سەر دێڕێك، دوو جار پەنجەکەی پیا کێشا:

—متمانەی تەواومان بە (میشێل دو نۆستردام) هەیە، زەمەن تەنانەت لەسەر شەرابیش هێندە کاریگەرتر نابێ، پێنج سەد ساڵ بەهای پێشبینییەکانی ئەو پیاوە گەورەیەیان گەورەتر کردووە.

کتێبەکەی دایە دەستی ئاغاکەیو بەردەوام بوو:

—دوو ساڵە تێگەیشتن لەو دێڕانە مەراقێکی گەورەم بوو، دەترسم....

شاخان کتێبەکەی گرت، دێڕەکەی خوێندەوە: ((مەکینەی ئاگر کە دەفڕێ)). کونی دوو چاوی باریك بوونەوە، دێڕی دووەمی خوێندەوە: ((دەگاتە ئەو ڕادەیەی پێشەوا مەزنە گەمارۆدراوەکە نیگەران بکات)). نەیویست تەواوی بکات:

—ڕەنگە مەبەستی کەسێکی تر بێ. باڵندەی ئاگر سەد ساڵە هەیە، سەدان ساڵی تریش دەمێنێتەوە.

خۆی لەو دێڕانە دزییەوە، ڕووی کردە پەنجەرەکەو لەبەر خۆیەوە ژماردی: ((سێ هەزار سیمرخی ئەو بەرامبەر حەوت سەدی خۆم.. زۆرە)). نەیتوانی دێڕەکان تەواو نەکات، دوو دیرەکەی تری خوێندەوەو برۆکانی گرژتر بوون:

—پێشینە کارامەکەتان باسی ئاژاوەیەك لەو ناوچەیەدا دەکات، ئەوانەش کە بەجێهێڵراون تووشی بێئومێدی دەبن.. چۆن ئەمە تەفسیر دەکەی؟

پیاوەکە سەری لەقاند وەك بڵێ هاوڕایە:

**–سەروەر! ئەو شتەیە کە بیری لێدەکەیتەوە، خەڵکانێك دژی پێشەوا مەزنەکە رادەپەڕن، ئەو کەسەش کە دڵسۆز دەمێنێتەوە هیوابڕاو دەبێ.**

شاخان چاوی لەسەر دێڕەکان لابردو سەری بەرزکردەوە، ویستی بڵێ ((**باڵندەکانی ئاگر ئەوانەی خۆم بوون، پێشەوا مەزنەکەش دوژمنە رۆژهەڵاتییەکەم بوو، منیش ئەوم گەمارۆ دابوو**)) نەیتوانی بیڵێ، دەیزانی پیاوە ددان زەردەکە دەزانێ دوژمنە رۆژهەڵاتییەکە دوای هێرشی سیمرخەکان ئاژاوەی بەخۆوە نەبینی. ویستی بڵێ ((**ئەوانەی دژ بە خۆم رادەپەڕن ئومێدبڕاو دەبن نەك دڵسۆزەکانی خۆم**)) نەیتوانی ئەوەش بڵێ، نەیدەتوانی بڕوا بکات کەس لەدژی رادەپەڕێ، ترساش بەڵگەی پیاوی ددان زەرد بەهێزتر بێ. لەکۆتاییدا نەیتوانی ئەوە نەڵێ، دەبێ شتێك هەر بڵێ، ئەوەی دواتر نەیویستبوو بیڵێ بۆ ناچاری باشە:

**–یان بەپێچەوانەوە؛ ئەوانەی یاخی دەبن کەس بەهانایانەوە نایەت، لەیادیشت نەچێ؛ ئەوە وەرگێڕانەو رەنگە هەڵە بێ، بەدڵنیاییەوە وەرگێڕانەکە هەڵەیە.**

رەشبینیی پیاوە چاویلکە رەشەکە هەموو رێگەکانی گرتبوو، چاویلکەکەی داکەندو دوو چاوی نووقاوی باریکی کوشتەی تیشك دەرکەوتن:

**–وەرگێڕانەکە بێ خەوشە، دڵنیاشم پیاوەکە مەبەستی لە ئێو.. لە ئێمەیە. پێویستە دێڕەکانی پێشەوە بخوێنرێنەوە.**

شاخان دوودڵ بوو، دەترسا لەوە خراپتر خۆی مات دابێ. نەیتوانی سەیری نەکات. چاوی بۆ چوار دێڕەکەی سەرووتر هەڵبڕی، ئەو کاتە تێبینیی کرد بە قەڵەمی دار پرسیارێکی نووسیبوو، دێڕی یەکەمی پێشبینییەکەی خوێندەوە: ((**ئینجا لەکۆتاییدا هەردوو دەستی دەچنە ناو ئالوسی خوێناوی**)). تێبینییەکەی خوێندەوە کە خۆی لەقەراغی کتێبەکەدا نووسیبووی: ((**زۆر پێویستە بزانرێ ئالوس چییە، کەس نەیزانیوە واتاکەی چییە، زانایانی ئەم هونەرە واتاکەیان نەزانیوە، ئەگەر ئەم چوارینەیە بۆ من بێ پێویستە خۆم لەهەڵە بپارێزم، هەڵەکە کوشندە دەبێ، گومان نییە دێڕەکان سامناکن هەتا ئەگەر واتاکەشیان نەزانرێ**)).

سێ دێڕەکەی تری پێشبینییەکەی خوێندەوە: ((**ناتوانێ لەدەریادا خۆی بپارێزێ، لەدەستە سەربازییەکەی نێوان دووروبار دەترسێ، پیاوە رەشە تووڕەکەش وای لێدەکات پەشیمان بێتەوە کە ئەو کارەی کردووە**)).

پیاوە دەموچاو درێژەکە لەجاری پێشتر بوێرتر بوو:

**–وابزانم پێویستە بەو بڕیارەدا بچیتەوە.. بڵێم بچنەوە. دەتوانم بڵێم ئەمڕۆ تەفسیری ئالوسی خوێناوی دۆزرایەوە.**

شاخان جارێکی تر چاوی بەناو دێڕەکانی ئەستێرەناسە کۆنەکەو پەراوێزەکەی خۆیدا گێڕا، وشەی (پێداچوونەوە) بە یەك سك لەگەڵ پاشگەزبوونەوە لەدایك دەبێ، مەرگ لەوە خۆشترە؛ پاشگەزبوونەوە گەڕانەوەیە بەهۆی ترسەوە، بەڵام لەو ترسە خراپتر وشەیەکە قەت نەیوتووە: ((هەڵە بووم))، ئەو قەت هەڵەی نەکردووە، ئەو قەت نەیوتووە هەڵە بووم. بیری کەوتەوە ئەگەر پیاوە چاویلکە رەشەکە ئەو پێشینە کۆنەی هەبێ، خۆی دە پێشین‌و بیستی تریشی هەیە، زۆربەیان زۆر لەو کۆنتر. کتێبەکەی داخستەوە:

**–زۆر جار بڕیاری سەرکردە لەسەر فاڵ ناوەستێ. بەسەرهاتی سەرکردەکەی شاری (رۆملوس)م کەوتەوە یاد کە مەکڤیلیوس، بلیمەتەکەی شاری فلۆرینچە، دەیگێڕێتەوە. دەبوایە ئەو سەرکردەیە بەپێی نەریتە ئایینییەکە فاڵی باڵندەکانی وەربگرتبا. فاڵەکانی وەرگرت، باڵندەکانیش دانەکەیان نەخوارد، واتە بەپێی فاڵ نابێ هێرش بکرێتە سەر دوژمن. سەرکردەکە بەگوێی فاڵەکەی نەکردو وتی با بزانین وەك دان ناخۆن ئاویش ناخۆنەوە، باڵندەکانیشی فڕێدایە**

دەریا..

شاخان باقیی چیرۆکەکەی بیرنەکەوتەوە، پیاوە ددان زەردەکەش بیری نەکەوتەوە. شاخان یەکەم ڕێنمایی پادشایانی پیادە دەکرد؛ جێگەی شیاوی پادشای ڕەشبین قەفەسە نەك كۆشك. باڵەکانی کردەوەو بەسەر چیاکانی گەشبینیدا فڕی، گەیشتە هەورو کەوتە سەرووتر لە هەور:

–ڕەنگە ئەوەت بیرمابێ زانایانی ئەم هونەرە وتوویانە لەوانەیە وڵاتی نێوان دووڕووبار وڵاتی کەڵەشێر بێ نەك ئەوەی ئێمە. تەنانەت گەر واش نەبێ هەموو پێشبینییەکە لەبەرژەوەندیی مندایە؛ دوو ڕوبارەکە هی ئێمەن، کەواتە دەستە بەهێزەکە دەستی ئێمەیە، پیاوە ڕەشەکەش هەر خۆمم کە پەشیمانی بە مەلاشووی ئەو کەسە دەسوێ کە دەستی چۆتە ناو ئالوسەکە، سەرکردەکانی عەمالیقا هەموو سپیپێستن، منیش ناچمە دەریا تا پێویست بکات خۆمی تێدا بپارێزم. عەمالیقا خۆی لەو دەریایەوە دێ، ئەوە ئەگەر عەمالیقا لەشوێنی خۆی جووڵاو بەرگریی لەو دراوسێ بێوەفایە کرد.

پیاوە چاویلکە ڕەشەکە زانی سەروەرەکەی بڕیارێکی داوە گەڕانەوەی نییە، شاخان پێش هاویشتنی یەك تیر لەڕوباری (ڕوبیکۆن) پەڕیوەتەوە. سەری دانەواند:

–کەس گومانی لەحیکمەتی ئێوە نییە.

مەزنی مەزنانگە گەڕایەوە سەر کورسییەکەی خۆی. پیاوە چاویلکە ڕەشە ددان زەردەکە مۆڵەتی ڕۆشتنی وەرگرتو یەکسەر دەستی کەوت. پیاوەکە لەژوورەکە دەرچوو و داڵانەکانی کۆشکەکەی بڕی. وەکو کەسێکی نامۆ بەو دەوروبەرەی خۆی تەماشای دیوارەکانو وێنەکانی کەسە سەیرەکانی سەریانو بنمیچەکەی دەکردو هیچی لەوانە نەیدەبینی، تەماشای دەکردو لەخۆی دەپرسی: ((کەواتە منی بۆچی بانگ کرد؟ ئەی بۆچی داوای ڕاستگۆیی لێکردم؟ تەنها بۆ ئەوەی فاڵێکی بۆ بدۆزمەوە لەگەڵ ئەو بڕیارەیدا بگونجێ؟ بۆ ئەوەی ئەگەر فاڵەکە بەدڵی ئەو نەبێ چیرۆکێك لەشێوەی چیرۆکی سەرکردەکەی شاری (ڕۆملوس)م بۆ بگێڕێتەوە)).

گەیشتە حەوشەی پێشەوەی کۆشکەکە، دوو دەستی خستە گیرفانی چاکەتە ڕەشە درێژەکەی‌و بەسوار عارەبانەی خەیاڵەوە بەرەو دەروازە دوورەکە ڕۆشت. تەماشای دەوروبەری کرد، یەکەم جارە هەموو شتێك لای نامۆ بێ. وشەکان لەبەرچاویدا دەهاتنو دەچوون. وشەی ((پیاوە ڕەشەکە)) جارێك هاتو گەڕایەوە. لەشوێنی خۆیدا وەستا، بیریکەوتەوە دێڕەکان باسی ((پیاوی ڕەش)) ناکەن بەڵکو ((پیاوی تووڕە)). ڕۆشتەوەو دوای چەند هەنگاوێك وەستایەوە، ئەوەشی بیرکەوتەوە لەناو ئەو هەموو سپیپێستانەی عەمالیقا تەنها سوپاسالاری هەموو شەقوەشێنەکان ڕەشپێستە: ((باسی پیاوی ڕەش نەکراوە، شاخان وایزانی باسکراوەو وایزانی خۆیەتی، ئەستێرەکان لەسەر زمانی شاخان قسە دەکەن)). تەماشای ئاسمانی کرد، نیوەڕۆ بوو و ئەستێرەکان نوستبوون، پاسەوانەکان گوێیان لێنەبوو چیی دەوت: ((بزانین ڕۆژگار دانایی کامیان دەسەلمێنێ؛ چاوتیژی نۆسترادام یان پێشەوای بەئیلهامی خۆمان)).

لە دەروازەکە تێپەڕی. دێڕەکانی پیاوی نۆسترادامی لەبەرخۆیەوە دووبارە دەکردەوە، ماوەیەك ڕۆشتو جارێکی تر وەستا. ناوچەوانی سڕییەوە، ئاوڕی بۆ کۆشکەکە دایەوە: ((بیرم کەوتەوە.. سەرکردەکە دۆڕا.. بەڵێ! سەرکردەکەی شاری ڕۆملوس شەڕەکەی دۆڕاندو سزادرا..)).

پشتیکردەوە کۆشكو نەگەڕایەوە، بێ ئاوڕدانەوەی تر ڕۆشت: ((ناگەڕێمەوە.. بێسوودە.. ئەستێرە لەخۆوە شت ناڵێن، هەر دەبێ دەست بخاتە ناوی ئالوسی خوێناوی)).

جارێکی تر تەماشای ئاسمانی کردو بەدوای ئەستێرەکاندا گەڕا.

# لاو و مانگ

درەختەکان ئاوی بارانی بەر لە کەمێکی ئەو شەوەیان لێ دەتکا، دارستان تەڕو ئاسمان نیمچە رووناك، مانگ رەنگی زیوینی بەو ئاسمانە بەخشیبوو: ((**دوورم لێتانەوە.. شار دوورییە.. شار شار.. شەقام شەقام.. بێم؟ دێم.. هاتووم**)).

لەسەر شەقامێکی شارەکەدایە، دوو چاوی شوێنی پێچەکانی شەقامەکە کەوتبوون: ((**سەدو یەكو یەك پێچە.. شەقام پێچە... مارە؟ نەخێر.. مارو توانا.. مار توانایە.. شەقام توانا نییە.. شار توانا نیـ.یە**)).

شار شەوەو چیای مازوو لەوبەرەوە تێکەڵەی شەو و رەنگی زیوینی داڵی هێمنی ناو ئاسمان بوو. هەنگاوەکانی بەرەو چیای مازوو و درەختە تەڕەکانیو گیای خزی دەبیەن، نەگەیشتۆتە سەرەتای بەرزایی: ((**ئێستا دەگەم.. نەگەیشتووم.. تا نەڵێم "گەیشتم" سەرم نا چێتەوە سەر مل.. ناچێتەوە سەر ملی خۆم.. ئێستا دەگەم.. وام دەڕۆم.. شار لەپشتمەوەیە.. شار نوستووە.. شار شار.. شیرین.. شار.. دایك.. شیرین. لەدوورەوە بیبینە.. چارەسەرە.. لەناوەوە: بزر بوون.. بزربوون.. ئەوان.. منیش.. ئەو کە من نییە ون بووە.. من کە ئەو نیم ون بووم.. سەرم لەسەر ملم وەستاوە؟ سەرم لەسەر هیچ وەستاوە.. سەرم نییە.. کە دەگەم منم؟ کە نەگەیشتووم منم؟**)).

گەیشتە سەرەتای بەرزایی، سەرکەوت، زەوی کەم کەم بەرز دەبووەوە، ماوەیەکی تر سەرکەوتو هەوراز کووڕتر بوو بەڵام سەرکەوتن هەر ئاسانە، گەیشتە نیوەی چیاکە، وەستاو بۆ نشێو ئاوڕی دایەوە، دانیشت. رووی لەسەرەوە کرد. مانگ سەری لەپشتی درەختە تەڕەکانەوە دەرهێنا، نیوەی دەرکەوت، ئینجا هەمووی، ئینجا دیسان لقە تەڕەکان شاردیانەوە. ئاگای لە ساردیو تەڕایی گیاکەی ژێری نەبوو. بەهەردوو باڵی باوەشی بەدوو قاچە نوشتاوەکەیدا کرد، چەناگەی خستە سەر دوو ئەژنۆیو سەری بەرزکردەوە. چاوی بۆ مانگ هەڵبڕی:

**-شەوێکی پڕ جوانییە، شەوێکی پڕ خەفەتە.**

خڕی زیوین جارێکی تر دەرکەوتووە، لای راستو لای چەپی بە دوو درەخت شاردرابووەوە، نیوەی ناوەڕاستی دیاربوو:

**-دەڵێن شەو خەمڕەوێنە، بەڵام دەشڵێن شەوی خەفەتبار نابڕێتەوە. شەو درەنگتر دەڕوات، یان هەر ناڕوات، ئەو شەوە ناڕوات ئەگەر خەفەت هی تاکە کەسێك بە تەنیا بێ، ئەی ئەگەر هی تەنیا خۆی نەبێ؟ بۆچی مرۆڤ سەری بە خەفەتی ئەوانی تر ماندوو دەکات؟ یەك خەفەت بەس نییە؟**

دەموچاوی بەدوو ئەژنۆ نووشتاوەکەی نووساند، چاوی نووقاند، خەوی لێکەوت؟ دڵنیا نەبوو. دووکەڵێکی بینی، دووکەڵێکی سپی لەناو رەشایی دیمەنەکەدا. چەند تارماییەکی بینی؛ پادشا، کاهنەکان، شاعیر، هەموو لەپشتی دووکەڵەکەوە بەئەستەم دەبینران، ئینجا تارمایی بچووك، خەڵکێکی زۆرو بچووك. لەوبەریشەوەو هەر لەپشتی دووکەڵەکەوە بینایەکی بەرز وەك کێو، سێ نهۆمی لاکێشەیی، یەکەم گەورەترو بەرزتر، دووەم لەسەر ئەو و بچووکتر، سێیەم بچووکتر، لەسەرووی هەمووشیان ژوورێکی بچووك لەو بەرزییەوە پەیکەرێکی لێوە دیارە، دووکەڵ دایدەپۆشێ، دووکەڵ لادەچێو پەیکەرەکە دەردەکەوێتەوە. پەیکەرێکە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیوە. دیسان لەپشتی دووکەڵەوە دیار نامێنێ. ناو گڕەکەی بینی، لاوێك سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیوەو دووکەڵو گڕ شاردبوویانەوە، وەکو خۆی لاوە: ((منم

**یان یەکەمەکەیە؟ من نیم، منی خەون جاریٚ نەهاتوومو رەنگە قەت نەیەم، یەکەمەکە هاتو من وەستاوم)).** گرو دووکەڵێکی سپی.. تارماییەك لەپشتی دووکەڵەوە دیارە: ((**کاهنی گەورەیە؟**)). تارماییەکە دەموچاوی‌و هەردوو باڵی بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە، هاوار بۆ ئاسمان دەکاتو دەنگی نابیستریٚ، نەفرەت دەباریٚنیٚ، نەفرەت بەسەر لاوی ناو ئاگر دەباریٚنیٚ.

ساردیی گیای ژێری هۆشی بۆ گەڕاندەوە، سەری بۆ سەرەوە بەرزکردەوە، مانگ لەپشتی درەختەکاندا ونبووە.

هەڵساو بەهێواشی جارێکی تر بەسەر بەرزاییەکەدا سەرکەوت. پێی لەسەر گیا تەڕەکە سووكو نەرم دەخزا. سەرکەوت تا لەدەرختەکان بەرزتر بووەوە. ئێستا هەموو ئاسمانی زیوین دەبینیٚ، هەموو مانگی پڕی تەواو دەبینیٚ. ئاوڕێکی بۆ لای نشێوەکان دایەوە؛ شیرینئاوا لەخەودایە، رووناکییەکان کەم دەبنەوە، هەستی بە هەناسەی شارە نوستووەکە کرد. رووی کردەوە مانگو ئاسمانی زیوینو درەختە تەڕەکان کە تەنها سێبەرێکی رەش بوون:

**–شەوێکی پڕ جوانییە، شەوێکی پڕ خەفەتە.**

جارێکی تر تەماشایەکی تر بۆ نشێوەکانو شیرینئاوای ناو دامێنیان:

**–شەوی پڕ نوستنە، رۆژگاری نوستنە.**

هێواش چووە خوارەوە، بەزەحمەت پێی خۆی لەسەر گیا تەڕەکە رادەگرت، رووی لەرووناکییە کەمەکانی شیرینئاواو هەناسەکانی خەوی بوو، دەچووە خوارەوە، چوار هەنگاو ئینجا ئاوڕی لەدرەختە تەڕەکانو ئاسمانو مانگی تەواو دەدایەوە، دوای دوو هەنگاوی تر تەماشای نشێوەکانی دەکردەوە:

**– شیرینئاوای دایك! دایکی نوستووان.**

ئینجا رۆشتو نەوەستا، چووە خوارترو نەوەستا، لەسەرەتای بەرزاییەکە نزیککەوتەوە، سەرەتاکە هاتە بەردەستی. وەستاو پشتی کردە نشێو، سەری بۆ درەختەکان بەرز کردەوە، ئێستا کەوتوونەتە سەرووتر، مانگیش زۆر لەسەرووترە، خۆی لەهەموویان نزمتر، نزیك نشێو. هەستی کرد سپیی بەرز بەچاوی بەزەییەوە تەماشای ئەوی نزمو بێتوانا دەکات، خڕی زیوین لەسەرەوە وەك داڵێك باڵی بۆ ئاسمان کردۆتەوە، تەماشای خوارەوە دەکاتو دەڕوانێتە ئەو نەشیاوەی لەژێریدا وەستاوە، بەبەزەییو بەسۆزەوە تەماشای دەکات. سەری دانەواند، بەسەرێکی نەوییەوە پشتی تێکردو رۆشت. ئێستا رووی لەنشێوە. شیرینئاوا چاوەڕێیەتی:

**–هاتمەوە بەڵام جارێکی ترو سەد جاری تر دەچمەوە سەرەوە، هاتم منی نەشیاو بۆ لای تۆی بێتوانا.**

نەیتوانی بەدەنگێکی هێواش حاشای لێبکات، هاواری کرد:

**–هاتمەوە.. هاتمەوە.. هاااتمەوە!**

پاسەوانانی سەر شەقامەکان ئەو هاوارەیان نەبیست کە لەقەدپاڵەکاندا دەنگیدایەوە، مانگ نەجووڵاو لقی درەختەکان نەلەرزین. تەنها تنۆکە ئاو وردورد لەو لقە تاریکانەوە بۆ سەر گیای تەڕ دەتکان.

## زێڕ - زێڕ - بی

فەوزا سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە، پشێوی لەهەموو کونو قوژبنێکدایە، لەهەموو لایەك هێرشەو دەکرێتە سەر مەملەکەتە سەوزە ئاوەدانەکە.

پێشتر چەند پارچەیەك جیاببوونەوە. ئێستاش پادشا چاوەڕێی فەتارەت دەکات: دەبێ کەی بەتەوقی سەرمدا بکەوێ؟ ئامورییەکان، چیانشینەکان.. دوژمن لەهەموو لایەکەوە، ئێلامییەکانو کۆمەڵانی (سوئا)ش بۆ وەشاندنی دوایەمین گورز چاوەڕێی چارەنووسی خۆیان دەکەن.

هەواڵ بەردەوام دەهات، تەنیا هەواڵی جەرگبڕو ئەژنۆشکێن!

**–پادشای خوداوەند! کارەساتە! بەربەستەکە شکێنرا، شوورای مەزنی باکووری وڵات شکا. دوژمن هاتە ئەمدیوو بەربەستەکەی شکاند، خاوەن شکۆ دوژمن نزیك بۆتەوە.**

هەواڵێك نەبوو تروسکاییەکی هیوا لەگەڵ خۆیدا بێنێ. پادشا لەهیچ لایەکەوە روشنایی نەدەبینی، بێئومێدی بەهێواشی دەیکوشت:

**–شێرێکم لەبێشەکەیدا دەورەدراوە؟ یان مشکێکم لەکونەکەیدا بەندکراوە؟ خوداوەندەکان منتان بۆچی جێهێشتووە؟ منتان بۆ کێ جێهێشتووە؟ باوکانم ببینن مەملەکەتی سەوزو ئاوەدانتان دوژمن چیی بەسەردا هێناوە. باپیری مەزنم ببینە ئەو شوورا مەزنەی دروستت کردبوو دوژمن چۆنی شکاندووە.**

جارێکی ترو یەکێکی تر بە هەڵەداوان دێ، پادشای خوداوەندیش لەگەڵ هاتنی پەلەیدا دڵی دادەخورپێ:

**–پادشای خوداوەندمان! دوژمن هەموو شووراکانی بەزاند، خاوەن شکۆ دوژمن نزیکتر بۆتەوە.**

پادشا وەستاوەو لەگۆ کەوتووە. پیاوەکە پادشاو خەفەتەکەی بەتەنیا جێدەهێڵێ. هێشتا تامی تاڵی ئەو هەواڵە نەڕەوییووەوە کاتێك لەو تاڵتر هات:

**–پادشای خوداوەند! دوژمن نزیکترە.. دوژمن لەدەرگاکان دەدات.**

پادشا نایەوێ چیتر هیچ ببیستێ:

**–بەسە، کەس هەواڵم بۆ نەهێنێ، خوداوەندەکان بەتەنیا جێیان هێشتووم، منیش لێرەدا دادەنیشم و چاوەڕێی مەرگی خۆم دەکەم.**

دانیشتو رووی خەفەتباری لەناو هەردوو لەپیدا ون کرد.

بەکوڵ فرمێسك برێژە ئەی شاری دێرینی(ئور)، دوژمنانت روویان تێکردووی، پادشا خوداوەندکەت دۆستی نەماوە، خوداوەندەکان شەقامو پەرستگەکانتیان چۆڵکردووەو لەو شارە لێقەوماوە هەڵهاتوون. سێبەری ناو کوچەو کۆڵانەکانت رەنگی رەشی ماتەمینی گرتووە. ئاژەڵەکان سەرگەردانو رێ لێ ونبوو، لوورەی سەگیش شینی ئاوەدانیو قەرەباڵغیی کەیفو خۆشیی جارانی گۆڕەپانو شەقامەکانت دەکا. ئێستاش دوژمن گەیشتۆتە شووراکەت، هاکە هاتە ناو شار، هاکە کۆشكو پەرستگەکانتی تاڵان کردو ئاگری بەردایە ماڵەکان، جادەو کۆڵانەکانتی کردە ئاگرو خوێنو بەلاشەی مردووان پڕی کردن. بەکوڵ بگری ئەی شاری مەزن.. پادشای خوداوەندت، کوڕی پادشا خوداوەندەکانت

وەکو باڵندە راو کراو بەدیلی بۆ وڵاتی (ئێلام) برا، ئەو وڵاتەی پێشتر بەدەستی خۆی شارەکانی وێران کردبوو.

* * * * *

**—هەر ئەسەفێك بۆ (ئور)و دەسەڵاتەکەی شتێکی سەخیفو بێمانایە، ژیان هەروا بووە، هەر رۆژێك نۆرەی کەسێکە ببێتە دەسەڵاتدارو پاشان نۆرەیەتی دەسەڵاتی لێ بسەنرێ.**

پیاوە پیرەکە کوپەکەی بۆ دەمی بەرزکردبووەوە، پەشیمان بووەوەو قاوەکەی نەخواردەوە، کورسییەکەی ژێری کەمێك جووڵا کاتێك خۆی راست کردەوە، بەدەستەکەی تری کتێبە نوێکەی قوتابییەکەی لەسەر تەپڵەکی نێوان دوو کورسییەکەی هەڵگرت، تەماشای کرد، ئینجا رووی کردەوە قوتابییەکە:

**—ئەمە قسەی مێژوونووسە یان واعیز؟ یا نەڵێم فاڵچی!**

قوتابییەکە سەری بادا:

**—قسەی خۆم نییە پرۆفیسۆر، قسەی نووسەرێکی لاوە ویستوویەتی بەفەلسەفەی ساردەوە بڕوانێتە مێژووی گەرم. فەلسەفەیەکی سەقەت! من دەڵێم جار هەیە مێژوونووس ناچارە مەوعیزە بڵێ، هێندەش رووداومان خوێندۆتەوە گەر دەست بدەینە فاڵ فاڵچییەکی سەرکەوتوومان لێ دەردەچێ.. قاوەکەت بخۆرەوە پرۆفیسۆر.**

**—ئارەزووتە هەرکامیان بێ.. بەدەر لەوەو لەولاتریشەوە؛ سەردەمی دوای هەرەس، مەبەستم دوای کەوتنی (ئور)، چۆن دەبینی؟**

**—جوانو ئەفسووناوی، بەتامو سەرنجڕاکێش، ناوم ناوەو ناڵۆزم نەکردووە: تزڤایتە تزڤیشنتزایت بابیلۆنیەنس.**

پرۆفیسۆرەکە فریاکەوت کتێبەکە دانێتەوە پێش ئەوەی نۆرەی پرسیاری ئەو بێ:

**—بۆچی وا؟**

**—سەیرێکی سەردەمە کۆنەکەی پەرتەوازەیی و دەوڵەتۆکەی ناوچەیی بکە پرۆفیسۆر، زۆر پێش کەوتنی (ئور)، زۆر کۆنتر.. ئەو سەردەمە یەکەمەکەیە، ئەوەی دوای کەوتنی ئوریش دووەمە.**

کووپی پرۆفیسۆر نیوەی تێدا مابوو، تەماشای کردو بەچاو پێوای:

**—تەواوە! ئەمەی تۆ سەردەمێکی پەرتەوازەیی دووەمە.. باشە. ئەمیان دووەم: (تزڤایتە).. ئینجا(بابیلۆنیەنس).. بابلی، بابل.. ناوێکی گشتییە بۆ سەردەمو ناوچەو ..و ..**

دوکتۆرە قوتابییەکەی پەرداخێك ئاوی هەڵگرت، بۆ ئاستی چاوی بەرزی کردەوەو خستیە نێوان دەموچاویو مامۆستاکەی، چاوێکی نووقاندو بەچاوەکەی تری تەماشای مامۆستاکەی لەپشتی ئاوەکەوە کرد، پرۆفیسۆر باریکترو درێژتر بوو، قوتابییەکە لای سەیر بوو تا ئەو کاتە تێبینیی نەکردبوو سەری مامۆستاکەی چەند درێژە:

**—هەمیشە کارم بەپێچاوپێچە نەرمەکەی ناو ئەو سەرە درێژە هەبووە.. (تزفیشنتزایت)ت لەبیر نەچێ پرۆفیسۆر.**

**—دەزانم دوکتۆر.. هەمیشە دەتەوێ پێشم بکەوی.. هەمیشە لەیادت دەچێ لاوەکەی جاران نیم.**

قوتابی پەرداخەکەی داگرتە خوارەوە، چاوی کردەوە:

**—عەقڵت لەلاشەمان لاوترە پرۆفیسۆری بەڕێزمان.**

**—(تزفیشنتزایت).. (ناوەڕاست)ە، (سەردەمێکی ناوەڕاست)ە چونکە کەوتۆتە نێوان دوو دەوڵەتی مەرکەزی، هاوشێوەشی لە میسری کۆندا هەیە.. تزڤایتە تزڤیشنتزایت بابیلۆنیەنس.. جوانە! ناوێکی جوانە! ئەم ناوە پێویستی بەکورتکراوەیە، بیرت لێکردۆتەوە؟ (زێد–زێد–بی)یە؟**

قوتابییەکەی لەو کاتەی بەیەك هەناسە کۆتایی بە ئاوی پەرداخەکە هێنا سەری لەقاند، مامۆستاکەشی هەردوو قاوەکەو قسەکەی تەواو کرد:

-کەواتە گومڕا نەبووم، جوان بۆی چووبووی.. بەدەر لەوەو لەولاتریشەوە، حەزم دەکرد بزانم ئەو رۆژگارە چەند کەس وەکو ئەو شاعیرە.. وتت نووسەرە؟ کە باست کرد وا بەساردییەوە دەڕوانێتە رووداوەکان. کەس شیعر نالێ ئەگەر حەوشەی ماڵەکەی پڕخوێنی کەسوکاری بێ پاشان نۆرەی خۆی بێ سەری لەلاشەی جیابکرێتەوە.

لەیەك کاتەدا پەرداخە ئاوەکەو کوپە قاوەکە بە بەتاڵی لەسەر تەپڵەکی نێوان دوو کورسییەکەی ژێریان دانران:

-بێگومان ئەو کاتە کەس شیعر نالێ. لاواندنەوە ماوەیەك دوای کارەسات دێ. رەنگە زۆر دوای کارەساتەکە. شاعیرەکەی خۆشمان، مەبەستم ئەوەی (ئور)ـە نەك ئەوەی شەقامەکەی پشتەوە، جوان بۆ شارەکەی لاواندبوووەوە. وردبوونەوەو گیانی لێکۆڵینەوەش کاتێك دێن کەس نەمابێ بڵێ تۆڵەی کەسوکاری کوژراوم دەسێنم یان ماڵە تالانکراوەکەی باپیرانم دێنمەوە.

مامۆستا کتێبەکەی هەڵگرتەوەو پەڕەکانی هەڵدایەوە، دوو چاوی لەسەر نامەی سیخوڕێك بۆ پادشاکەی گیرسانەوە:

-بەهەر حاڵ سەردەمی زێد-زێد-بی جوانترین سەردەمە لای من، جوانە بە دەوڵەتە زۆرەکانی، بە نووسینە زۆرەکانی، بەدەر لەوەو لەولاتریشەوە بەو پادشایانەی هەر یەکیان خوداوەندێك بوو دەپەرسترا.

-بەڵێ پرۆفیسۆر: بەتایبەتی ئەوان، کۆمەڵێك گای پیرۆز بوون.

* * * * *

((گای پیرۆز؟ نەخێر! گوێرەکەی پیرۆز! گا بەسەرچوو.. گا بووە گوێرەکە.. گا ئەو کاتە نەبووە.. پێش ئەو کاتە هەبووە.. ئەو کاتە نەبووە.. ئەوەی خۆمان گای پیرۆزە.. گارەشی خۆمان دەناسم.. دەیناسم)).

ئەوەی وتو پەڕەکانی خستە لاوە. وێنەی پرۆفیسۆرو دوکتۆرە قوتابییەکەی وردەوردە کاڵ دەبوونەوە. ویستی بنووسێ، قەڵەمەکەی گرت، قەڵەمەکەی جوولا، زمانیشی جوولا، هەریەك بە نۆرەی خۆی:

ڕووی کردە.. ((رووم کردە)) مانگ. مانگ لەپشت پەنجەرەکەیە.. تەماشای کردو.. ((تەماشام کردو)) پەڕەکانی.. ((پەڕەکانم)) هەڵگرتەوە، پەڕەکان، هەموویان.. هەڵیگرتنەوەو.. ((هەڵمگرتنەوەو)).

قەڵەمەکەی فڕێدا. سەیری شوێنی کەوتنەکەی کرد، پێی خۆش بوو دوورەو تاقەتی نییە هەڵیگرێتەوە: ((من ئامادەم.. من کە خۆمم ئامادەم.. ئەوە کێیە؟ بۆچی دەپرسی؟ دەیناسی؟ یەکێکە لەوان.. لە گوێرەکەکان.. دەیناسی.. ئەو بوو؟ ئەو بوو ویستی بمسووتێنێ؟ ئەو بوو سووتانمی؟ ئەو نییە.. نەخێر لەو دەچێ.. جارێکی تر. یەك جاری تر.. راست ناکەی.. دە جاری تر.. بیبینمەوە.. وردبمەوە..لەو وردبمەوە.. ئەی لەوانی تر؟ دوایی.. دوایی.. ئێستا ئەو.. ئەو ببینم)).

کاغەزەکانی راکێشایەوە بەردەمی خۆی، کاغەزەکانی خوێندەوە.

* * * * *

پادشای (لارسا) بەهەموو شکۆمەندیو کەشخەییەك هەیەتی لەسەر عەرشەکەیدا دانیشتووە. ئەمڕۆ جەژنە، جەژنێکی تایبەتە، شار خرۆشاوە. بڕیار بوو ئەم جەژنە لەشاری (ئور)دا بباتەسەر بەڵام پەیامبەرانی وڵاتان هاتوونو پێش ئەوان راپۆرتو هەواڵەکانی فەرمانڕەوایانی ناوچەو شارەکان.

پادشا لەچاوەڕوانیی موناسەبەکەدا کاتی هەبوو گوێیان لێبگرێ. نامەی فەرمانڕەوای شارێك:

-بۆ ئاغام، خوداوەند (ریم سین): وەها (سین ناصیر)ی خزمەتکارت قسە دەکات: سەبارەت بەو فەرمانەت کە پێت دابووم هەواڵی پیاوەکەی بابلت بۆ وەربگرم؛ ئەمە هەواڵەکانێتی: نامەیەکی بۆ پیاوەکەی (ئێکاللاتوم) ناردووە، رەنگە پەیمانی دۆستایەتیی لەگەڵدا ببەستێ. پادشای سوبارتو پێویستی پێیەتی..

هەواڵێکی تازە نەبوو؛ نامەکانی پێشوو باسێکی هاوچەشنیان تێدا بوو: پەیمانی دۆستایەتی، هاوپەیمانێتی، شەڕو ئاشتی، دوژمنایەتی.. هەروەکو جاران هیچی نوێیان تێدا نییە. کاتیش هەبوو بۆ بیستنی هەواڵەکانی ڕۆژانی رابوردوو، بیستنێك بێنیاز نەبوو:

**–کۆن.. کۆن.. باسی کۆنم دەوێ، وشەی رووتم ناوێ، با وشەکان تام و بۆنوبەرامەیان هەبێ، وەکو بۆنوبەرامەی زەویی کێڵراو، لەرەگی زەوییەوە بێنە دەرەوە.**

نیازەکە نەکەوتە زەوییەکی بەیار. هەموو ئامادە بوون، بەڵام هەمیشە کەسێك هەبوو پێش بکەوێ، کەسێك پێش هەمووهەڵدەسێ و پێش هەموو قسە دەکات. پیاوی یەکەم بە چرکەیەك پێش هاوڕێکانی نامەی دووتوێی ئاوازی دەنگی پادشای پێگەیشت، نامەکەی وەرگرتو خستییە سەر دڵی، بەرزی کردەوەو ماچی کردو نای بە ناوچەوانییەوە، ئەمەی کردو نەیهێشت کەس پێشیبکەوێ؛ بلیمەتترینیان بوو، هەمیشە حەسوودییان پێدەبرد، هەڵساو پشتی بە یەك خوداوەند نەبەست جگەلە تواناى خۆی:

**–گەورەم، خوداوەندی خەڵك، خۆری وڵات، چوار سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر، زیادیان هەیە کەمیان نییە (نەرام سین) هێندە لێهاتوو بوو شایستەی نازناوی خوداوەندەکان بوو، لەدەریای سەرووەوە تا دەریای خواروو مەملەکەتو شانشینی بوو، ئـــــ ....**

وەلامەکەی لای عەرشی سەر سەکۆوە گوڵەکانی هیوای وەراند، پەڕەی گوڵ کەوتنە بەرپێی پادشا، نیوەیان کەوتنە ژێر پێیو رەحم بە جوانییەکەیان نەکرا:

**–بیستوومە، زۆرم بیستووە.**

بەڵام قسەکەر پادشای دەناسیو پێشتر حسابی بۆ ئەوە کردبوو، شتی تریشی ماوە بۆ ئەم کاتە تەنگو نالەبارە، بڕیاریشی داوە کەس نۆرەبڕێی لێنەکات:

**–گەورەم، خوداوەندی خەڵك، خۆری وڵات، رووناکیی ژیان، پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر، زیادیان هەیە کەمیان نییە، (شارروکین) باپیری نەرام سین مەزنێتیی دەست پێکردو پێش ئەو مەملەکەتی گەیاندە دەریای سەرووو دەریای خوراوو..**

بەڵام مەخابن:

**–ئەمەشم زۆر بیستووە. هەموو ئەمانە خۆشن، مرۆڤیش لێیان وەڕس نابێ. بەڵام با من بۆتان باس بکەم: یەك لەوانەی زۆرم بیستوون و هەمیشە دەمخەنە پێکەنین پادشای ئەو شارەی مونافسمان بوو کە نە چوارسەدو پەنجا ساڵو نە پێنج سەد بەڵکو دوێنێ بوو، سەد ساڵ لەمەوبەر، کەمیان هەیە زیادیان نییە پیاوێك بوو لەباخەوانییەوە بووە پادشا، بووشە پادشایەك خەڵك دەیانپەرست بەڵام وەك دەزانن پادشایەك بوو نەیدەیتوانی شان لەشانی پادشایانی لارسا بدات، نەخۆیو نە ئەوانەی پێشو دوای خۆی.**

پیاوەکە هەر بەپێوەیەو پادشا بیری دەکەوێتەوە بەپێوە ماوە. دەستی درێژ دەکاتەوەو بەلەپی ئەو دەستە فەرمووی دانیشتنی لێ دەکات، لە نیو بزەیەکی پێزانینی ماندووبوونیشی بێبەشی ناکات. پادشای تینوو بریسکەی دوو چاوی یەکێکی تر دەبینێ، پادشا خوێندەواریی هەیەو هەمان دەست بۆ مۆڵەتدان بەهەڵسانو قسەکردن دەجووڵێ. پیاوەکە بەنیوە قەناعەتەوە بە بەختی باشتری خۆی هەڵدەسێو پێشبینییەکی ئەو ڕۆژەی فاڵچییەك تاقی دەکاتەوە گوایە ڕۆژەکەی لەدەرباری پادشادا گونجاو دەبێ:

**–گەورەم، خوداوەندی خەڵك، خۆری وڵات، خۆشەویستی خوداوەندەکان، لەسایەی ئێوەو پادشایانی پێشووتانەوە ئەو جەبەرووتەی شاری (ئیسین) هەیبوو تێکشکا. بناغەکانی پتەوی فەرمانڕەواییتان وەکو رەگەکانی درەختێکی تەمەن**

**دوو سەد ساڵ لەناخی ئەم زەوییە پیرۆزەدا داکوتراون.**

خۆشییەکی کەم بەگیانی ریم سیندا دێ.. زیاتری دەوێ. رۆژەکە تایبەتەو پێویستە ستایشی ئەو رۆژەش تایبەت بێ:

**–حەزدەکەم گوێ لەهەمووتان بگرم.**

ڕەنگی پادشاو دەنگو ئاوازی داواکەی نامەیەکی تر بوو زووتر لەنامەی یەکەمی گەیشتە ئامادەبووان، بەڵام کەس لە تیری خۆی دڵنیا نەبوو؛ ئایا دڵی پادشا دەپێکێ یان بەر دیوارەکەی پشتەوەی دەکەوێ. هەموو زانییان رۆژی گونجاویان نییەو بەجەژنەکەو بەکەیفی پادشا خەڵەتابوون. کەسی سێیەمیش دەیزانی، درەنگ هەڵساو پشتی بەنزیکترین خوداوەندی ئامادەی ئەو کاتەی ناو مێشکی بەست:

**–ئەی پادشا، ئەی خوداوەند، ئەی رۆشنایی ژیان، پادشایانی زەمانی زوو بلیمەت بوون بەڵام هێندەی ئێوە نا، (شولگی)، پادشای (ئور) پادشایەکی بلیمەت بوو، لەئێمە باشتر دەیناسی. خوداوەندەکان وڵاتەکەیان بۆ بەگەڕهێنابوو، پادشایەکی فرەبەهرە بوو، جەنگاوەرو وڵاتگر بوو، نووسەرو شاعیر بوو، دەیزانی چەند ئامێری ئاواز لێبدا، لەش سووك وەکو باڵندە، کە غاری دەدا ئەسپ پێی نەدەگەیشت، یەکێك بوو لە خوداوەندەکان.. بەڵام ئێوە ئەون بەزیادەوە.**

پیاوەکە تەماشای رووی پادشای کردو ناوەخت بۆی دەرکەوت کە لەو کاتەی تیرەکەی دەتاشیو دەمێکی تیژی بە نووکەکەیدا دەکرد سەیرێکی کەوانە بێ ژێکەی نەکردبوو، کەوانی بێ ژێ ئیشی نەکردو تیرەکە کەوتە بەرپێی خۆی، جەژنیش نەبوایە پادشا فەرمانی دەدا تیرەکەی هەڵگرێتەوەو بە دڵی خۆیدا بیچەقێنێ. پیاوەکە درەنگ زانی زیاتر باسی شولگیی کردبوو و کەمتر باسی پادشای بەردەمی، هیچ بەڵگەشی لەسەر بەراوردە کورتو بێماناکەی نەهێنابوو، بەکورتی: زۆر فاشل بوو. رووی مۆنو نارەزای پادشا تەماشای لایەکی تری هۆڵی عەرشی دەکرد:

**–من ئەوم، لەویش زیاتر.**

ئامۆزای پیاوەکە لەو لایەی هۆڵەکەدا بوو، زرمەی کەوتنی ئامۆزاکەی بیستو رووی بۆر وەرگەڕاوی پادشای بینی. عەقڵۆ دڵی پییان وت شەرەفی خێزان لەمەترسیدایە، بەغاردان بەهانای ئامۆزاو شەرەفی خێزانەوە چوو:

**–ئێوە رووناکیتان بە جیهانو بە ژیان بەخشیوە، ئێوەن نەوەی پاڵەوانەکان، خوداوەندنو خوداوەندەکان هەڵیبژاردوون، ئێشتار بە تایبەت ئاوڕی لێداونەتەوەو سۆزی پێ بەخشیون، وڵات کەس وەکو ئێوەی نەدیوەو کەسی وا هەرگیز نابینێ.**

ئەمجارە رووی پادشا گەش بوو، هی ئامادەبووان گەشتر، هەورەکە کەمێك لاچوو و هەموو هۆڵەکە دەنگیدایەوە:

**–هەرگیزاو هەرگیز.**

ئازایەتی چووە گیانی هونەرمەندێکی تری ستایشو پێی وت ببێتە پێنجەمی پێڕەکە. پێنجەم بۆ ئامۆزای دڵسۆزی تەواو کرد:

**–خۆری وڵات! ئێنلیل، گەورەی خوداوەندەکانو شەمەش خوداوەندی لارسا ئێوەیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی دانەوێڵە بەسەر وڵاتدا وەکو بارانی زستان بباریێو مرۆڤو ئاژەڵ لەسایەتاندا بحەسێنەوە.**

خراپ نەبوو. شەشەم ویستی کورتو پوخت بێو دوایەمین قسە هی ئەو بێ:

**–نەوەو ناوتان بمێننەوە.**

خۆری رووی پادشا گەشتر بوو و هۆڵەکەو دانیشتوانی رۆشن بوونەوە. پادشا ئێستا باشترەو دەتوانێ بەخۆشحاڵییەوە فەرمان بداتو بەخشش بکات:

**–فەرموون، شەرابەکەتان بخۆنەوە.**

پێکەنینە لەکۆشکی پادشا بەڵام (خۆشەویست) خۆی بۆ جەژن ئامادە نەکردووە. باوکی هانی دەدا لەماڵ نەمێنێتەوە:

**–کات درەنگە خۆشەویست، با لەخەڵك جێنەمێنی. کوڕم دەزانی جەژنە.**

خۆشەویست بەپشتدا پاڵکەوتووەو تەماشای بنمیچەکە دەکات:

**–هەست بە ناساغی دەکەم بەڵام کە دەرچووی ئاگادارم بکەرەوە.**

*    *    *    *    *

پەڕەیەکی تری هەڵدایەوە، پەڕەیەکی تر، سیان، ئینجا هەموو پەڕەکانی لابرد: **((بەسە ئەمشەو هێندە بیرکردنەوە.. بەسە ئەمشەو بۆ.. (خۆشەویست)ـە دڵنیام.. ئەو ڕۆژگارە بووە دڵنیا نیم.. ئەو ئەوە.. ئەی من؟))**.

پاڵی دایەوە. قسەی (ئازەر) لەگوێیدا دەنگێکی خەواڵوو بوو لەدوورەوە دەهات:

**–ئەمڕۆ جەژنە کوڕم با لەخەڵك دوانەکەوی.**

# پەتی نێوان زەوی و ئاسمان

**((کێ لەقەدەری خۆی هەڵدێ؟ کێ دەتوانێ؟ قەدەر.. من.. هەوڵ هەوڵ.. دەتوانم؟)).**

یادە کۆنەکانی خۆی لەناو پەڕەکانیدا نەبوون، یادەوەرەکانی لەبەرچاویدا هەڵدەبەزینەوە، ویستی وەکو جارانی تر لێی ون نەبن. ئەو کاغەزانەی لابرد کە دەیخوێندنەوەو ئەمجارە قەڵەمەکەی گرت، وشەکانی قەڵەمەکە لەگەڵ ئەوەی وەکو تەمێك بوو لەمێشکدا تێکەڵ بەیەك ببوون، بەزەحمەت دەیتوانی بزانێ کامەی نووسیوەو کامە وایزانیوە نووسیویەتی بەڵام لەمێشکیدا ماوە. قەڵەمەکەی جووڵا، وشەکان لەسەر کاغەز لەدایك بوون:

خەونەکە بەردەوام راوی دەنا. راوی دەنێ بەردەوام ئەو خەونە، خۆی لێ گێل دەکات، گێل دەکات، گێلکردن، بەڵام، بەڵام، دێتەوە، هەر جارەی بەشێوەیەك، بەهێزتر. من قەدەرتم، ناتوانی دەرباز بی. بڕۆ، تا دەتوانی بڕۆ، هەردێیتەوە لام، هەر دێمەوە رێگەت، ناتوانی بڕۆی: **((چۆن خۆم بشارمەوە؟ چۆن بتوانم ئەو قەدەرە.. نا.. دیسان هاتەوە؟)).**

وەك لەئاسمان بەرببدەنەوە، لەئاسمان جیابووەوە، لەسەر زەوییە، لەئاسمان نەمام، هاتمەوە زەوی: **((دیسان جرجەکەیە.. جەهالەت دیسان)).**

مۆنی برۆ ئەستوور نزیکە، نزیکترە، مۆنی برۆ ئەستوور نزیکتر بۆتەوە. مۆنەکە وەکو ناوونیشانێکی لەبەرکراو قسەکەی دەڵێ، قسەکەی دەڵێ وەکو شیعرێکی لەبەرکراو، لەبەرکراو:

**–ئەم جارەش بۆ شکۆمەندکردنی شاخان بانگت دەکەمەوە.**

**–ها؟**

**–شاخان.. چییە؟ بۆ خۆت گێل دەکەی؟**

لەئاسمانەوە بۆ بنی زەوی، لەزەویشەوە بۆ خوارتر، بۆ ناو زێرابێك. خۆی دەسەپێنێ وەکو ئەو قەدەرەی راوی دەنێ، بەسەر مندا خۆی دەسەپێنێ، بەسەر ئەوانی تردا خۆی دەسەپێنێ. ئەمە جرجە.. جرج. دەنگی پیاوی مۆنی سمێڵ زل زبرە، زبرترە، ئێستا لەچاو پێش کەمێك، چۆن وا یەکسەر زبرتر بوو؟ زبرترە لەهەموو جارێك:

**–بۆچی خۆت دوورەپەرێز راگرتووە؟ چما شاخانت بەدڵ نییە؟**

قسە بێسوودە، رێگەی موناقەشە دیارە دەگاتە کوێ. ئەمو شاخانەکەی حەز دەکەن هەر خۆیان قسە بکەن، هەر خۆیان حەز دەکەن قسە بکەن ئەمو شاخانی خۆی، تەنها ستایش رێگەی پێدراوە، رێگەی پێدراوە ستایش، بەتەنها، تەنها. بە دوو درۆ لەخۆی دووری دەخاتەوە، بە دوو درۆ لەخۆم دووری دەخەمەوە، درۆ ئەوانە دوور دەخاتەوە، درۆ.. دوور. مۆنی برۆ ئەستوور بەچاوێکی پڕ گومانەوە تێی دەڕوانی، تێی دەڕوانێ بەچاوی گومان، برۆ.. ئەستوور، گومان، گومانی ئەستوور.. هەموو دڵی گومانە لەهەموو کەس، وڵاتی گومانە، شاخان گومان نییە، شاخان گومانی لەهەمووە. خێسەیەکی ژەهراویی تێگرت، پیاوی مۆن خێسە دەکات، ژەهر.. ئەی ئەوان فێری ژەهر نین؟ ژەهر بۆ مرۆڤ؟ ئەی بۆ جرج؟ دەرخستنی هەندێ ماسولکە، ماسولکەکانی گەورەن، دەریان دەخات، ماسولکەکانی دەبینێ، ئێستا ماسولکەکانی دەبینم. خۆی گێل دەکات، ئەو (واتە من، پێش ئەوەی کەوانەکە دابخەی بوەستە، واتە من، هەر

منو ئەو لێرەداین.. من لێرەدام؟ لەوێدا بووم، بنووسە ئەو، واتە من.. دایبخە) بە گوێچکەپاککردنەوەوە خۆی مەشغوولْ دەکات، واتە خۆی گێل دەکات. مەشغوولە وەك کەسی لیْ نەبیْ کەسی لیْ نییە، مۆنی رەشتاڵەی لیْ نییە، ئێستا پشتی تیْ دەکاتو دەڕوات. پشتی تێکردمو رۆشت، پیاوی مۆن بەڵێنی دەداتیْ لەدەستی دەرناچیْ، بەڵێن نادات چونکە گوێی لیْ نییە، پەنجەی لەناو گوێچکەیەتی، پاکی دەکاتەوە، گوایە پاکی دەکاتەوە. دەچێتە دەرەوە.. پەنجەکە.. ئەی واتزانی گوێچکەکە؟ دێتە دەرەوە، برۆئەستوورەکان رۆشتن، هەموویان رۆشتن، دوایی دەگەڕێنەوە، ئێستا لەویْ نین. گرنگ ئەوەیە ئێستا لەویْ نین. هەر خۆی مایەوە، واتە هەر من، ناتوانم بەرز قسە بکەم، لەبەرخۆیەوە قسەی کرد، قسەم کرد، بۆ خۆم، لەبەرخۆمەوە، من قسەم کرد.. فرمانی رابوردوو: ((**نەهامەتی ئەمەیە.. ئەوە بوو.. ئەو جەهالەتی بەرجەستەیە. قەدەرەکەت کوناوکون بە دواتەوەیە.. قەدەرو جرج.. لەپڕ جرجێك دێتە رێت.. جرج؟ کوا ژەهری شاخان؟ لەخەیالْ بژی.. وێنەی چاوڕفێن.. بینەخشێنە.. بە رەنگی چاوڕفێن بینەخشێنە.. رەنگی جوان.. لەپڕ ئەو کەسەی (لەبیرت نەچیْ: جرجە.. جرج) تەنها ژەهر تەمێی دەکات.. ئەو کەسەی ژەهری هەیە دیْ.. ژەهری شاخان چەندی کوشت؟ تۆ نوقمی خەیالْ بوویت.. بەڵیْ.. پێش ئەوەی پیاوە برۆ ئەستوورەکە بگات تۆ نوقمی (چی؟؟؟) بوویت.. لەپڕ جرج دەتهێنێتە سەر زەوی.. بنی زەوی.. زەوی؟ هەموو زەوی هی شاخانە.. ئەو دەڵیْ هی ئەوە.. من ناڵێم هی ئەوە.. ناڵێم هەمووی هی ئەوە.. ئەی زەویی من؟**)).

قسەی ئەوسام بوو، برۆتووڕە رۆشتو نەگەڕایەوە. با برۆتووڕەکان لەناو مێشکیشدا نەمێننەوە، پەڕەکان دەتوانن برۆ ئەستوورو سمێڵ زل لابەرن.. بەڵیْ دەتوانن...... ((**کیْ پەڕەکانی هەڵدایەوە، من؟ رەنگە.. هیچ دوور نییە**))، پەڕەیەکی هەڵدایەوە، دوان، ئەمەیە: ((**یەکێکی ترە.. وەکو کرمەکان سووڕی ژیانی هەیە.. وەکو کرم نییە.. جیاوازە.. خۆی نا.. سووڕەکەی.. سووڕەکەی جیاوازە: باخەوانی – پادشایی – خوداوەندێتی**)).

ناتوانیْ بیر لە برۆتووڕە نەکات، ئەو ناتوانیْ، منیش، کەس ناتوانیْ، من دەمتوانی، ئەوسا، ئێستا نامەویْ، هەموو رۆژێك دەیبینم، دەمبینیْ: ((**سەدو یەك درۆ بۆ شاخان دەکات.. بۆ شاخان سەدو یەك درۆ دەکات.. پیاوانی باخەوانەکەش هەروا.. پادشاکە.. خوداوەندەکە.. سەدو یەك درۆیان بۆ دەکـــ...**)).

پەڕەکان تەماشایەکی تریان پێویستە، خۆی پێویستی بە تەماشاکردنیانە، قەڵەم نەوەستی دەنا دەمریْ، منیش دەمرم: ((**سەردەمەکەیان راستەقینەتر بوو.. ئەمڕۆ هەموو شتێك خەیاڵە.. مامۆستای وێنە وێنەی فێرنەکردین (لێت تێك نەچیْ: فێری نە.. نە.. نە.).. خەیاڵیش.. فێری خەیاڵیشی نەکردین.. هیچی فێرنەکردین.. هەر جگەرەی دەکێشا.. مامۆستا جگەرەی زۆر دەکێشا.. جگەرەکان مامۆستایان دەکێشا.. حەوتی گەورەی شیرینئاوا شیرینی ئیفلیج دەکێشن. ئەو راستە (کیْ؟؟ ببوورە.. وشەیەك بوو لێم دەرچوو) بەڵام شت هەمووی درۆیە.. درۆو خەیالْ. ئەو سەردەمانە (تێکەلْ نەبن تکایە.. هی باخەوانەکە.. سوپاس) شتەکان ناوی خۆیان هەبوو ؛ گوێدرێژ گوێدرێژ بوو.. عارەبانە عارەبانە بوو. تەنها پادشاکان زیاتر درۆیان دەکرد.. ئەمڕۆ درۆ پێشەیەکی جەماوەرییە. زوو: درۆی سەرکەوتن و کوشتنی دوژمن.. جاروبار درۆی دادپەروەریی پادشایان.. خوداوەندەکانیان درۆزنتر بوون.. درۆ.. زۆرو ساکار.. ئەوسا ئەی دوایی؟ واتە ئێستا.. سبەینیْو دوو سبەیش: زۆرترو ئاڵۆزتر**)).

قەڵەم مەوەستەو مەمرەو مەمکوژە. دیسان شاخانە لەبەردەمیدا قوتبۆتەوە، برۆئەستوور نەیهێنا، خۆی هات. دۆڕانەکەی بەسەرکەوتن تۆمار دەکرا. هەموویان شاخان بوون. هەموویان سەرکەوتن خوداوەندیانە، دەیپەرستن، خوداوەندیانە، لەپێناوی ئەودا هەموو شتێك دەکەن، درۆش، درۆ دەکەن، درۆ بۆ درۆ. (زەرەتوشترا)ی کەنار دەریاچەکە (دەڵێن وا نییەو لەوێدا نەژیاوە، کەس راستەکەی نەزانیوە) زۆر زۆر دژی درۆ بوو، ناوی نابوو.. چی؟

دروج؟ زۆر سوپاس، وەكو خۆی ماوە، دروج، سێ پای مێزەكە ماون بەڵام مێزەكە هەر وەستاوە، بەدوو هەزارو پێنج سەدو ئەوەندەو ئەوەندە ساڵ پێیەك ڕۆشت، (ج) خۆی دەڕوات، خەتای خۆیەتی لەدواوەیە، ئەی بەناوداترین زمانی ئەمڕۆ؟ عەمالیقی دەڵێ (لای).. وایە: (لای).. ئەی عەمالیقی كە پاڵدەكەوێ؟ هەر (لای). ئەوەی مەردە بەپێوە وەستاوە، درۆ تەختبوونی دەوێ، دڵت خۆشە؟ بەڵام دڵخۆش گیان، بەدرۆیەك كەوتن دەبێتە وەستان.

هەنگاوەكان قورسن، خەواڵوویەتییە، خشانی پێ لەزەوی. بۆ لای ئامێرەكە، بۆ كردنەوەی ئامێرەكە، بۆ بیستنی دەنگە نێرەكەی ناو ئامێرەكە. خشوهش بەسەر دەنگ زاڵ دەبێ، زاڵ دەبێ خشوهش، وەكو پەیوەندییەكانی گیانلەبەرە نەناسراوەكانی ئاسمانە. بەزەحمەت دەتوانێ تێبگات، تێناگات، خۆی وشەكان پێكەوە دەنێ، من وشەكانم پێكەوە نا.. تێگەیشتم:

**—سەركەوتووانە.. دلێران.. شەقوەشێن.. كوژران.. جووتەوەشێن.. شیرینئاوای دایك.**

ئامێر با بێدەنگ بێ، بێدەنگكردنی ئامێر، پێویستی بەوەیە دەنگی نەبیستێ، من دەمەوێ نەیبیستم:

**—سەرسەختو كۆڵنەدەر.. كۆڵنەدەرو كەللەڕەق.. دیسان هەیە بزرێك.. چییە؟ بزرە هەموو شتێك.. من ماوم.. تا بزر نەبووم بیدۆزمەوە خۆم.. كوای؟**

ساڵانێكی زۆرە بۆ ئەو شتانە لێدەدا دڵی، بۆ ئەوانە دڵی لێدەدا كەپیاوی دەنگنێر دەیانڵێ، متمانەی بەدەنگنێرەكە نییە. ماوەیەكیشە وەكو نەخۆشە، وەكو نەخۆش نییە، نەخۆشە، نەخۆشی تەواو. هیچ تینوویەتیی ناشكێنێ، ((هیچ)) تینوویەتی ناشكێنێ. هیچ ئیلهامێك لەدەورویەر نابینێ، تەنها قەدەر كە راوی دەنێو خۆی خۆی لێدەشارێتەوە، تەنها ئەوە ئیلهامبەخش. ئەوەو شتی تر؛ چیا ئەفسووناوییەكان:

**—چیا ئەفسووناوییەكان.. ئەفسوونو چیا.. چیاو خەیاڵ.. چیاو چیا.. خەیاڵو خەیاڵ.. هەموو شتێكو هەموو شتێك.. هیچو هیچ.**

بۆ دوور راماوە، هێزو توانا لەئاسۆدایە، دەشەكێنەوە، وەكو ئاڵای ئاغای هەموو وشكاییو تەڕایی، ئەو (بیرت ماوە؟ ئەو =من.. باشە) راماوە بۆ زۆر دوور: ((**چیا ئەفسووناوییەكان.. خەیاڵ خەیاڵ**)).. وێنەكان تێكەڵن، تێكەڵن، ڕێك ناخرێنەوە، بۆ مێشكی ئەو (دەزانم: واتە من.. ١٠ لە ١٠) ڕێك ناخرێنەوە، ڕێكن، زۆر ڕێكن، ڕێكییەكەیان دەیكوژێ، پێیان ناگاتەوە، ناگاتەوە. وێنەكانیش لەپەڕەكانیدا نەبوون، لەهیچ پەڕەیەكدا نەبوون، نەخێر! هەبوون، هەن، كتێبێك بیستو ئەوەندەو ئەوەندەو ئەوەندەو ئەوەندە ساڵە نووسراوە، كوا ناوی نووسەركەی؟ پێوە نییە بەرگی؟ هەیە نووسەری؟ خۆی خۆی نووسیوە؟ مێشكیان پەرشوبڵاو كردووە ئەو دێڕانە؟ ئەو دێڕانە ڕێكیدەخەنەوە؟ دەستی كردەوە بە خوێندنەوەی دێڕەكان، كتێبەكە چوار سەدو ئەوەندەو ئەوەندەو ئەوەندە لاپەڕەیە، هەر ئەو لاپەڕەیەی دەوێ، لێی بكاتەوەو ئەوانەی تربە پاقلەفرۆشی تەنیشت كتێبخانەكە بفرۆشێ؟ لێی بكەمەوە؟ پاقلەفرۆش لە پشت كتێبخانەكە هەیە؟ كتێبخانە هەیە؟ دەستی كردەوە بە خوێندنەوەیان، دەستم كردەوە بەخوێندنەوەیان، دێڕەكان خوێنرانەوە، كێ دێڕەكانی خوێندەوە؟ ئەمڕۆ هیچی نەخوێندۆتەوە، ئەمڕۆ هیچم نەخوێندۆتەوە، وام دەخوێنم، وام دەخوێنم، وشەكان لە شوێنی خۆتاندا بمێننەوە، تێكەڵ بە یەك نەبن، قەرزارم بن:

ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە ئینجا سەری دێڕ..

((دۆڵە تەماوییەكان، ئەو دارستانە فێنكانەی تەنها چەند درەختێك لەبەردەم چاودا دیارنو پاشان تەم سەرانسەری دیمەنەكە دادەپۆشێ، دڵۆپە بارانیش لە لقی درەختەكانیان دەتكێن، لەپڕ گرمەی هەور دێو دیمەنێكی دێرترین زەمان

دەخاتە بەرچاوی، دیمەنی دارستانی گەورەو فراوانو چۆڵ.. چۆڵ تەنها لە شێرو پڵنگو بەرازی کێوی..و پاڵەوانەکە. هەور دارستانەکە تەماویتر دەکات، پاش گرمەی هەوریش لێزمەی باران ئاوازی سروشتو ژیانی کێوی تێکەڵ دەکات بە خورەی ئەو جۆگە ئاوانەی لە لقە درەختەکانەوە دەچۆڕێنەوە.

پاڵەوان بە پۆشاکی لەخوری چنراو و تەوری ناو کەمەرو کەوانی دەستی چەپیو ئەو تیردانەی بەپشتییەوە هەڵواسراوە بێباک لەباران، بێباک لەتەمی دارستانو ئاژەڵە دڕندەکانی ڕێگەی خۆی دەبڕێو جارجار تەورەکەی دەردەهێنێو بەڕاستو بەچەپ دەیسرەوێنێتە ئەو لقە یاخیبووانەی بەری ڕێگەیان گرتووە. بە هەورازدا سەردەکەوێ گیای سەوزو تەڕی دارستان دەیەوێت بیخزێنێ، بزە دەیگرێ لەو گیایەی نابینێ درەختەکان چۆن ملیان بۆ ئەوی بەهێز نەوی کردووە، پێ لەو گیایە توند دەکاو سەردەکەوێ جارجاریش کە تاوێرێك دێتە بەردەمی وەکو نێری بەسەریدا هەڵدەگەڕێو لەسەر پشتیدا دەوەستێ.

تەنیا بەسەر تاوێرێکی بەرزدایە، تەور لەکەمەرو دەستی چەپ داری کەوانی گرتووە. لوتکەی تەڕو تەماویی چیای پشتەوەی ڕەنگێکی سەوزی تێری ڕەشباو دەنوێنێ، چاو بەدیمەنی ژێر پێکانی دەگێڕێو دەڕوانێتـە دەوروبـەری. ئێستا دیمەنێکی فراوانتری دارستان دەبینێ. لەخوارەوە، لەنشێوەکاندا، ترۆپکی درەختەکان دەبینێ، سـەریان بـۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوەو ڕەنگی سەوزیان بە تەم تاریك بووە. پاڵەوانەکە دەڕواتو هەڵدەگەڕێ، بۆ کوێ، دیار نییە، گرنگ هەڵگەڕێ، گرنگ سەلماندنی هێزو تواناو ئاغایەتییە بەسەر چیاو دارستانو ئاژەڵە دڕندەکانی.

ئەی مانگ؟ ئەمیان ڕاوی دەنێ، ئێستا هەر خۆیەتی. دیمەنی پاڵەوان نامێنێ، خۆیو مانگ. دەیبینێ لەپشت درەختە تەڕەکاندایە، تەنها مانگە لەئاسمان، هەر ئەویشە ئاسمان نیمچە ڕۆشن دەکاتەوە، بەرزترە لەتارمایی درەختەکان.

لەپڕ وێنە مانگ دەگۆڕێو دارستان نامێنێ. ئێستا مانگی خڕی ڕووسپی لەناو ئاسمانی نیمچە ڕووناکدا بەسەر دەشتێکی تەختدا دەڕوانێ. ڕەنگە زیوینە کپەکە دەشتە تەختەکە فێنك دەکات، هێمنییەکی بێگەردی پێ دەبەخشێ. ئەم دیمەنە زۆر جیایە، ئەمە هێمنیی زەویی مەحشەرە کاتێك مردووانی ژێر ئەو زەوییە هێمنە بێئاگان لەوەی پاش کەمێك دەردەپەڕێنە سەر ئەو زەوییە بێدەنگەو ئەویشو ئاسمانیش دەبنە یەك پارچە دەنگو هاوارو قەرەباڵغی.

دڵی لەناو چیاو دارستاندا جێهێشتووە، مانگیش بانگی دەکات، ئەمیان ژیانە، ئەویشیان هەر ژیان، هەر یەك بە جۆرێك، هەر یەکە سەرقاڵییەك. دیمەنەکان لەیەکێکەوە باز بۆ ئەوەی تر دەدەن، ئەم پەلی دەگرێ ئەو ڕایدەکێشێ، ئەویان خۆی دەنوێنێ، هەر یەك بۆ ڕێگەکە، بۆ هێزێك دوور دوور لەئاسۆدا دیارە)).

ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە ئینجا سەری دێڕ..

دێڕەکانی خوێندەوە، دێڕەکانم خوێندەوە، دێڕەکان خوێنرانەوە، دێڕەکان تەواو، پەڕەکە تەواو، ئەوانی تر بۆ پاقلەفرۆش باشن، سەری دەیەشێ، سەرم دەیەشێ، تەنها یەك سەعات خەو، کوا خەو؟

**–وااااخ سەرم.. ماندووم.. ناتوانم زیاتر بڕۆم.. ناڕۆم.. با بنووم.. با هەمووم لەبیربچنەوە.. پاڵەوان.. دارستان.. مانگ.. بانگێشتەکەی.. هاشوهووشی ئامێر.. جرج جرج جرج جرج.. شاخانی ئاغای جرج.. پادشا کە ویستی بمسووتێنێ.. بمسووتێنێ.. بڕۆن.. هەمووتان بڕۆن.. وازم لێ بێنن..بێنن.. واز لە خەوم بێنن.. نەیەنە خەومەوە.. لەخەودا ماندووم دەکەن.. بەخەبەر بم ماندووم.. ماندووم.. دووم.. دووم.. ئێوەن ماندوویەتی.. ماندوویەتیی مرۆڤی لاواز.. واز.. واز.. بێنن..**

یادەوەریی زۆری مابوو، بەڵام ئەوانە بەس بوون بۆ ماندووکردنی. هەستی کرد قەڵەمەکەی توند پەنجەکانی گرتووەو بەریان نادات، بڕیاری شەڕی دا، پەنجەکانی لە قەڵەمەکە توند کرد، قەڵەمەکە لەناو پەنجەکانیدا شکا. هەڵساو قاچی لەزەوی خشاند. خۆی فڕێدایە سەر جێگە، چاوی توند نووقاند تا هیچ نەبینێ، بەڵام نەیتوانی. بەلاچاو دزییەکی لەخۆی کردو تەماشای مانگی ناو ئاسمانی زیوینی کرد.. ئینجا رووی تێکرد، پشتی تێکردو دارستانەکەی کەوتەوە یاد، جارێکی تر تلایەوە.. نشێوی بینی، ئاسمانی بەرزو بەهێز، زەوی؛ تێکەڵەی دروستیو خەوش، ئاسمانی یەك پارچە دروستی.

تا بەیانی چاوی خەوی نەبینی، چاوی دەنووقاندو پاش کەمێك بەترسەوە دەیکردەوە یان تەواو زەقی دەکردەوە، گزنگیش زۆر درەنگ هات، ماندوو بوو، تا مردن ماندوو بوو بەڵام دڵنەوایی خۆی دایەوە:

—ئەمشەو هیچ خەونێکم نەبینی.. خەون نەهاتە خەونم.. خەونم خەونمی نەبینی..باشتر.

ویستی بچێتەوە سەر پەڕەکانی، بەڵام بەیانییە. بەیانییەو کاتی دەرچوونە بۆ شیرینئاوا، دەرچوونو گەڕانەوە بەدەستێکی بەتاڵەوە، یان لەوانەیە شتێك لە بەتاڵ زۆرتر.

# شاعیری شیرینئاواو فەیلەسووفەکەی

شانۆ بۆ (بێنەوا)، شاعیری ناوداری شیرینئاوا، ئامادەکرابوو. بێنەوا ئەو ڕۆژە خرۆشاوەی گڕاویتر کرد. دەنگێکی گەورەی پڕ بەو هۆڵە داوای کرد شاعیری بلیمەت بچێتە سەر شانۆو سۆزو کڵپە بەربداتە هەستو گیانی دۆستانی.

بێنەوا بەهێواشی هەستایە سەرپێو وردورد ڕووەو سەکۆی شانۆ ڕۆشت، کەمێك هێمنیو کپییەکی تەواو پاشان زرمەی چەپڵە. سڵاوێکی گەرمو پڕ سۆز، پێشەکییەکی کورت، پەرداخێك ئاو ئینجا بروسکەی سمەکانی ئەسپی شیعر. شاعیری گەورە چەند جارێك ناچار بوو بوەستێ، چەپڵەی دۆستان چەند جارێك ناچاری کرد لەشیعر وتن بکەوێ، چەپڵە بەدوای یەکدا هاتن، کەشوهەوای هۆڵەکەش لەسەروو چڵی بەرز بوو و ڕەنگی سوورێکی گەش بوو. کاتی چەپڵەش دەرفەت بوو بێنەوا پەرداخی ئاو هەڵبداو حەسرەت بخوات بۆ یەك پێك مەشرووبی خەست تینوویەتیی ئەزەلییەکەی بشکێنێ.

لەو ڕۆژەدا (فەرهادی) هێشتا سەرەتای بوو کاغەز ڕەش بکاتەوە. خەونی بەڕۆژێك دەبینی وەکو بێنەوا خۆڵ بکاتە ئاگر، ئەمڕۆش چۆتە بەردەرگای دەرفەتی چاوەڕوانکراو. ئاهەنگەکە بۆ یادێك بووە، بۆ دەستگرتنی لاوانیش ئاهەنگەکە تایبەت کرابوو بەوان، بێنەوا میوانی بەردەوامی ئەو ئاهەنگانە بوو.

بێنەوا دوا بەیتی خوێندەوەو دوا پەرداخە ئاوی خواردەوەو لەناو گرموهوڕی چەپڵەو هەلهەلە دابەزییەوە. ئینجا دوانزە شاعیری لاو چاوەڕێیان دەکرد نۆرەیان بێ، فەرهادی کەناوی لەناوەڕاستدا بوو سات لەدوای سات دەرفەتەکە لای دەبووە پەتی قەنارەو سات لەدوای سات پەشۆکاوتر دەبوو، ترپەی دڵیشی تا دەهات خێراتر دەبوو. سەیری ئەو کاغەزەی دەکرد کە بەرنامەی ئاهەنگەکەی لەسەردا نووسرابوو تا بزانی چەندی ماوە هەڵسێ. کە یەکێك لەو شاعیرە لاوانە بۆ شانۆ هەڵدەسا فەرهادی سەیری کاغەزەکەی دەکردەوەو دەیژمارد: چەند کەسم لەپێشە؟ هێشتا شاعیری لاو نەگەیشتووەتە نیوەی شیعرەکەی فەرهادی جارێکی تر سەیری کاغەزەکەی دەکردەوە:

**–پێنج، چوار، سێ، .. هاوار.. نۆرەم نزیك بۆتەوە.. چی بکەم؟ بە چ ڕوویەك لەم هۆڵە بچمە دەرەوە ئەگەر فاشل بم.**

تەماشای چواردەوری خۆی کرد بەڵکو دەروازەیەك بۆ هەڵهاتن بدۆزێتەوە، بەڵام نا.. سوودی نییە؛ یەك کەس ماوەو نۆرەی ئەو دێ، دیوارەکانی هۆڵەکە دەنگی بەهێزی (خۆرە ڕەش)ی کۆرگێڕیان دەسەندەوە:

***–سوپاسی.. سی سی سی شاعیری.. ری ری ری لاو..لاو.. لاو دەکەین .. کەین.. کەین.. کەین.***

شاعیری لاو لە شانۆ دەچێتە خوارو دەڕواتو کۆپلەیەك شیعری مابەین بەدوایدا دەچن. فەرهادی بەزەحمەت تفی خۆی قوت دەدا:

**–خنکاوم، زمانم بە مەڵاشوومەوە نووساوە. چۆن بتوانم وەکو ئەوان بکەم؟ من هەموو گیانم لەرز ئیفلیجی کردووە!.. چۆن ڕزگارم بێ؟ (خۆرە ڕەش) خوا بتکوژێ، بۆچی تۆیان بۆ کۆرگرتن هێناوە.. ژنحیز نەبوویتایە دەنگت وا نێر نەدەبوو، بێنەوای گەوادیش هەموو ئاوەکەی خواردەوە.**

نەهامەتییەکە زوو هات، دەنگە بەهێزەکەی (خۆرە):

**–ئامادەبووانی خۆشەویست، شیعر دۆستان، ئەم ئێوارە شیعرەمان لەگەڵ بەهرەیەکی نوێی دونیای شیعر درێژە پێ**

**دەدەین، کاك (بێچار)و یەکەم بەرهەمی: (بەتەنیا لەگەڵ فیکرەیەکی دۆزەخیدا).. کاك بێچار با بفەرموێ.**

**–دۆزەخ هەڵگیرسا.. تەواو.. هەموو شتێك تەواو.**

تەنها ئەوەی تەنیشتی قسەکەی بیست، تێشنەگەیشت مەبەستی چییەو چ شتێك تەواوبووەو دۆزەخ بۆچیو بۆ کێ هەڵگیرساوە. دواهاواری فەرهادی بۆ دایکی بوو:

**–دایە گیان دە ساڵە هاوارم بۆ نەکردووی، منم ئەو سەربازە فشەکەرەی بۆ شەڕ چوو بەڵام کە گەیشتە ناو ئاگرەکە هاواری بۆ دایکی کردو وتی چۆن دڵت هات دوعام لێبکەی هەموو ژیانم فەشەل بێنم.**

وەك مۆمیایەك هەڵسا، هەنگاوە خاوەکانی لەرزە ناشیرینەکەی دوو قاچییان ناشیرینتر دەردەخست. دە، دوانزە جار زیاتر بە دەستەسرەکەی ئارەقی دەموچاوی بە دەستێکی لەرزۆکەوە سڕی تا گەیشتە سەر شانۆ. ڕێگەی نێوان کورسییەکەو شانۆ هەر نەدەبڕایەوە، تا ئەوپەڕی توانای مرۆڤ هەوڵی دا قاچی لەیەکێ لە سێ پلیکانەکە نەگیرێو لەبەر چاوی ئەو هەموو خەڵکەی تەنها تەماشای ئەویان دەکرد بەدەما بکەوێ، پاش یەك سەدە گەیشتە جێ.

لەسەر سەکۆکە دوو دەستیو هەموو لەشی توندتر دەلەرزین. ئارەقی ناوچەوانی بە دەستەسڕە سپییەکەی شوێنێکی وشکی نەمابوو دەسڕی:

**–ئ.ئ.ئ.ئێوارەتان ن.. ب.. باش..**

سەرەتایەکی زۆر خراپ، دوو چاوی ئەبڵەق، ناواخنێکی خراپتر، هەناسەیەکی سوار، کۆتاییەکیش لەهەمووی خراپتر. غەڵبەغەڵب ئاغای ناو هۆڵ بوو، دەرفەتی کوڕانو پیاوان بوو لەگەڵ یەکتر قسە بکەن، کچانو ژنانیش خەفەتیان بۆ ئەو لاوەی پەشۆکان وێرانی کردبوو دەخوارد، هەیانبوو پێدەکەنی. فەرهادی نەیدەزانی چی دەخوێنێتەوە، تەنها ناخی خۆی دەبیست:

**–سەگبابینە، ئەگەر قەحبەیەکی سیاسی پڕ بەدەمی خۆی وتارتان بۆ بدات باش گوێی لێدەگرن هەتا ئەگەر قسەکانیشی هیچوپووچ بن، هیچوپووچ وەکو ئێوە، هیچوپووچ وەکو ئەم ئێوارەکوڕە، هیچوپووچتر لە ئامادەکەرانی ئەم ئێوارەگووە، وەکو خۆرەو وەکو بێنەواو وەکو هەموو دونیا.. ئاااخ رقم لێتانە.**

بێگارییەکە تەواو بوو و خۆی بۆ عەزابی دابەزین لە سەکۆکەو ڕۆشتن بەبەرچاوی بینەرە چاوتیژەکانەوە ئامادە کرد. گەشتی ئازار دەستی پێکردەوەو ڕێگەکە دیسان نەدەبڕایەوە. سەیری زەویی دەکردو هەموو دانیشتوانی دەبینی:

**–ئەم سەگبابانە هەموویان سەیرم دەکەن، ئەم خوێڕییانە کەسیان تیا نییە بتوانێ بەیتە شیعرێك لەسەر قەبری ئەو نەنکەی مردو شوویەکی نەکرد بنووسێ کەچی وەکو رەخنەگری ئەدەبی سەیرم دەکەن، سەگبابن، پیاوەکانیان قۆندەرەن، ژنەکانیش قەحبەن.**

گەیشتە جێ، بەزەحمەت چووەوە سەر کورسییەکەی، دراوسێی لای راستیش نەبوایە نەدەیزانی لەسەر نیوەی ئەو کاغەزانەدا دانیشتووە کە دوای هەڵسانی بێ ئەوەی ئاگای لێیان بێ لێی کەوتبوونو هەر ئەو دراوسێیەی لای راستی هەڵیگرتبوون. هەڵسایەوەو کاغەزەکانی ژێری دەرکردو دانیشتەوە، ئەوەی لای چەپی نەیدەتوانی زەردەخەنەکەی بشارێتەوەو ئەوەی لای راست تەقدیری ئەو لاوازییە بەشەرییەی کردو وای خۆی نیشان دا نە کەسی دیوەو نەهیچی بیستووەو نە کەسێکی تەنیشت خۆی پێش کەمێك هەڵسابێو گەڕابێتەوە. دونیای ئەو کاتەی فەرهادی شتێکی تر بوو، تەنها ئەوەی دەزانی کە هەموو هۆڵەکە چاویان رووکردۆتەوە ئەو، توانجەکانیشیان پێستی تا سەر ئێسقان دەبڕی.

**–ئۆۆۆف، چ ڕۆژێکی رەش بوو.**

ئەمەی وتو ئارەقی ناوچەوانی سڕییەوە، دیسان ئۆف کرد:

—بەڕاستی ڕۆژێکی ڕەش بوو.

دەستی میوانە لاوەکە کەوتە باوەشێن کردنو دووکەڵی جگەرەکەی فەرهادیی لەبەردەمی خۆی دەرکرد. دووکەڵەکە لەوە زۆرتر بوو و ناچار بوو پشت بە پشتی کورسییەکەوە بنووسێنێ تا ئەو ژەمە بڕوات. بەگلییەوە بۆڵەی هات:

—وابزانم گوێت لەیەك وشە نەبوو لەوەی خوێندمەوەو چیم وت بۆ خۆمم وتووە.

—ها؟

—چیتە فەرهادی؟ من (هیوای پاش گەردەلوول)ت بۆ دەخوێنمەوە تۆش نازانم بیر لەچی دەکەیتەوەو دەڵێی ڕۆژێکی ڕەش بوو.

—ببوورە خرە گیان، شتێك بوو بە مێشکمدا هات.. ببوورە.. دەی دەی.. دەعبای پاش پێچەبەدەورەکەتم بۆ بخوێنەرەوە.. ئەمجارە گوێم لێتە.

لەدایکبوونەوەی فەرهادی زۆر سەخت بوو، تەماشای دووکەڵی جگەرەکەی دەکرد کە لەبەر ئەوەی پێشووی شوێنی نەمابوو ڕووی تێ بکات:

*—ئافرەت بە نۆ مانگو پاش ژانی ڕۆژێك یان دوان یان سێ ئاژەڵێك فڕێ دەدات کە ڕەنگە پاش ساڵانێك نەفرەت لەو ڕۆژەی بکات و بڵێ من بە خواستی خۆم نەهاتوومەتە دونیا، بەڵام من نۆ ساڵ ژانم گرت، خۆم دایك بوومو هەر خۆم کۆرپەلەکە بووم.. نا.. من لەدایك بووم.. کە کۆرپەلەکەش هاتە دەرەوە دایك مرد، من هاتمە دونیاو ژیام، لەهەمان کاتدا مردم..*

—لە جیهانێکدا لەهەموو لایەکەوە نەهامەتی دەورەی داوە تەنها دەروازەیەك هەبێت هیوایە.

*—بەڵێ مردمو ژیام. بێچار مردو فەرهادی هاتە جێی..*

—مرۆڤی بێئومێدیش مرۆڤێکە بەجەستە زیندووە بەڵام بەگیان مردووە.

*—بێچار دایکی فەرهادی بوو و ژانەکانی ئەو دایکە فەرهادییان خستە دونیا..*

—زەحمەتیشە مرۆڤی بێ هیوا دەست بداتە هیچ کارێك.

*—بێچار بەرگەی ژانەکانی خۆی گرت تا فەرهادی بێتە ژیان..*

—دەست بداتە هەر کارێکیش سەرکەوتوو نابێ.

*—دایك ژانەکانی خۆی بە کۆرپەلەکەی بەخشی..*

—لەوەش زەحمەتتر ئومێدی بۆ دروست بێ.

*—جیاش لەهەموو کۆرپەلەکانی تر بەپێکەنینەوە لەدایك بووم، ئەو دەگریاو هاواری دەکرد منیش پێدەکەنیم..*

—چونکە ئومێد، هیوا، هەر وشەیەکی تری لەم چەشنە لەبۆشاییەوە دروست نابێ.

*—ئەو گیانی لەدەست دەدا، منیش ڕۆحم دەکرایە بەر..*

—هیواش زەمینەیەکی مەوزووعیی هەیە.

*—دایکم ژان دەیکوشت تا گیانی دەرچوو منیش پێدەکەنیم.. چیمە؟ سێڵەم؟*

—کەواتە پێویستە هیوا بە شتەکانی ترەوە ببەسترێتەوە.

*—نا.. من حەزم لەژیانە، بەڵام هەر ژیانێك نا.. هیچی تێدا نییە دایکم ببێتە قوربانیی هەبوونم، دایکەکە هەر خۆم بوو، خۆی ئینجا خۆم، خۆم پێش خۆم..*

—یەکێکیش لەو شتانە ناخی ئەو مرۆڤە خۆیەتی.... چییە فەرهادی؟ دیسانەوە لێرە نیت؟ دڵم خۆش بوو، وامزانی کاریگەریی نووسینەکەی منە ناوچەوانتی پڕکردووە لەئارەق.

ئەو ڕۆژە بۆ فەرهادی ببووە مۆتەکەیەك زۆرجار لەشەودا، هەندێ جاریش لەڕۆژدا ڕاوی دەنا، کەس بەخەیاڵیدا

نەدەهات ئەوەی لەبەردەمیاندایە مرۆڤێکە جار هەبوو ناخی دەکولا. فەرهادی پاش لەدایکبوونەوەی دووەمی، پاش گۆشەگیرییەکی نۆ ساڵی ببووە هێمایەکی ناو گۆڕەپانی قەڵەمەوانانی شیرینئاوا، بە چاویلەکە بچووکە سپییە خڕەکانییەوە گەرمایی ژیانی بەهەر دانیشتنێك دەدا ئەوی تێدا ئامادەبوایە. لەهەر شوێنێکیشدا ئەوی لێبوایە ئامادەبوونی خۆی دەسەپاند، هەست بە قورسایی کەسایەتییەکەی دەکرا، پێویستیشی نەدەکرد گوێی ئەو کەسانە زۆر سووكو هەستەوەر بن تا خرمەی شتەکان لەژێر ئەو قورساییە ببیستن. فەرهادی بەم شێوەیە لەدایك بوو. پاش لەدایکبوونەوەی دووەمی بێچار مۆتەکەی ئەزموونی یەکەم زۆرجار دەهاتە پێش چاوی ئەو فەرهادییەی کە پێش تەواوبوونی نۆ ساڵ گۆشەگیرییەکە قەناعەتی بۆ دروست ببوو خوێنەری شیرینئاوا بەئاسانی بەڕواڵەت دەخەڵەتێو ئەوانەی کاتی خۆی لەخۆی بەباشتری دەزانین تەنها رواڵەتیان هەیە: **((چوار وشەی حیزی گەورە ریز دەکەن بەڵام بەدەنگێکی نێر دەیڵێن ئیتر شانو باڵی پێوە بادەدەن، ئەگەر هەر ئەو چوار وشەیە لەسەر کاغەزی مردوو ببینی دەزانی بایی مشتێ پشقڵنو ئەو کاتە لەجیاتی پەکوو دەڵێی یەع)).**

بەڵام جاروبار عەقڵ لەئاست ترسە کۆنەکە بەڵگەو قەناعەتی پێ نەدەکرا، ئەزموونە یەکەمە تاڵەکە وەکو خێوێك بوو لە دارستانێکی تاریکدا بۆ کەسێکی تەنیا دەردەپەڕێ . نۆ ساڵ گۆشەگیری، نۆ ساڵ هەڵلوشێنی کاغەز ئەو ترسەی نەڕەواندبوو بەتایبەت کە ئاستی ئەوانەی دەوروبەری خۆی دەبینی. فەرهادی بەردەوام کەسانی لێنەهاتووی دەبینی هەروەك ئەو لاوەی ئێستا شتی بۆ دەخوێنێتەوە:

**–فەرهادی! تکایە ئەمجارە گوێ بگرە! ئەمەم نووسیوە: (بریگڵ) دەیویست بڵێ هەر قۆناغێك کۆی هەموو ناڕێکییەکانی پێش خۆیەتی، بەڵام بەپلەیەکی دەوڵەمەندترو بەرزتر، لەم روانگەیەشەوە دەمەوێ باسی گەشەندنی هیوا بکەم.**

فەرهادی ئێستا کەمێك هاتۆتەوە سەرخۆیو دەتوانێ گوێ لە میوانەکەی بگرێ. هەستی کرد وەکو هەموو جارێك بۆ پێشەوە کۆم بۆتەوەو لەسەر قەراغی کورسییەکە دانیشتووە. راست بووەوەو چووە دواوە، پاڵی دایەوە، قاچێکی کردە سەرین بۆ قاچەکەی تر، مژێکی قووڵی جگەرە ئینجا دووکەڵێکی زۆر لە سییەکانی بۆ دەرەوە.. توند بەرەوڕووی قەڵەمەوانی تازەپێگەشتوو:

**–بە تەمومژێکی زۆر چڕەوە باست کرد، زۆریش ورد نەبوو. گیانەکەم، بریگڵ وا بە ساکاری باسی نەکردووە، بەهەرحاڵ ئەمە باشە بۆ تەفسیرکردنی هەندێ حاڵەت بەڵام بڕوا ناکەم بۆ گەشەندنی تەڕەماشەکەی تۆ دەست بدات. رێگەی مرۆڤانەتریش هەیە ئەگەر بتەوێ پێستی بریگڵ کەوڵ بکەی.**

**–با بۆت تەواو بکەم.**

**–هەمان سەخافەتم بۆ تەواو دەکەی؟ دەی.. دەی قەیدناکات خڕە، کوڕێکی وریای پڕ تەڕەماش، واتە پڕ ئومێدو هیوای وەکو تۆ بێهیوا ناکەم. دەی بڕێسە.، شەوێکی درێژمان لەبەر لووتدایە.**

زۆر کەم بوون ئەو کەسانەی وەها خۆی لەگەڵیاندا خەریك دەکرد، هەموو کاتەکەی بۆ خۆی بوو، ئەو سێ چوار لاوەش کە لەگەڵیاندا خەریك دەبوو هەر بۆ خۆی بوو. دەیویست کەسانێك هەبن بڵێن ئێمە بەرهەمی دەستی ئەوین، ئەوانیش بەرگەی گاڵتەجارییەکەی ئەویان دەگرت، گاڵتەجارییەك هەندێ جار دەبووە سەرزەنشت کردن:

**–شەو و رۆژ حەڤدە سەعات شتم دەخوێندەوە، حەڤدە سەعات بۆ ماوەی نۆ ساڵ، دەزانی یانی چی حەڤدە بۆ نۆ؟ تۆش دوو رۆژو سێ چرکە دەستت داوەتە خوێندنەوە کەچی دەتەوێ بە فیکەیەك پرۆژەیەك بخەیتە سەر پێ، ئەمەیە سەخافەتی بەرجەستە. تەنانەت کچێکی سووكو بێ کەسایەتیش بە فیکەیەك نایەتە دەست. دەزانی چ قسەیەکی قۆڕە کە لەئێستاتەوە دەتەوێ تیۆرێك بۆ هیوا بۆ لاوان بچنی؟ واز لەم توڕەهاتە بێنەو لەجیاتی ئەوە شیعرێکیان بۆ بنووسە.**

**–شیعر؟ شیعری چی؟**

**–نازانم، شتێك لەم بابەتە: ئەی لاو ئەی هاوڕێکەی خۆم.. گوێم لێ بگرە من قوربانی تۆم.**

دێرەکەی بەحاڵ تەواوکردو قاقای پێکەنین بە قسەکەی خۆی دووکەڵی جگەرەکەی ناودەمی هەڵدایە دەرەوەو کوڕەکەی ناچار کرد خۆی باوەشێن بکاتەوە. خانەخوێکە زانی زیاد لەپێویست هەستی ئەو کوڕەی بریندار کرد، چاوێکی بەسۆزی دایە، نەیزانی لەدڵەوە دەرچووە یان لەشوێنێکی تر. لاوەکە هەستی بە چاوەکە نەکرد، تەنها گوێی لە وشەکان بوو کە سەرزەنشتکردن بوون، زۆریش لەوە کەمتر ئامۆژگاری:

**–گاڵتەت لەگەڵدا دەکەم.. حەز دەکەم خۆت بە هەڵەدا نەبەی. باوەڕ دەکەی؟ حەڤدە سەعات خوێندنەوە بۆ ماوەی نۆ ساڵ منی دروست کرد، پەنجاو پێنج هەزار سەعات. چل هەزاری بۆ خوێندنەوە، ئەوی تری بۆ شەڕکردن لەگەڵ خەودا، هەر کاتێك خەوم دەهات ئاوم دەکرد بەسەرمدا، جاری وا بووە کتێبەکەم بەدەستەوە بوو دەگریام، دایکم دەیوت بەسە هێندە شتی خەفەتبار مەخوێنەوە با شێت نەبی، نەیدەزانی ماندوویی دەیگریاندم نەك باسەکانی ناو ئەو کتێبە، جاری وابووە کتێبەکە قسەی خۆشی دەگێڕایەوە. خوێندنەوەی زۆر شێتی نەکردم بەڵام ماندووبوون کردمی بە شێتۆلکە.**

لاوەکە بواری توانجی بۆ رەخسا. پشتی بەو دەرفەتە بەستو بە هەموو هێزو توانایەکەوە بەردەکەی هاویشت:

**–جا سوودت لەو خوێندنەوەیە بینی؟ ئەو کەسەی بێخەوی چاوی بخولێنێتەوە مێشکی شتەکان یەق دەکاتەوە.**

فەرهادی مژی لە جگەرەکەی دەدا، لەگەڵ مژەکە دوو چاوی بریسکەی ئیعجابیان بوو و بزەیەکی ئەمسەر تا ئەو سەری ئەو دەمەی توند جگەرەکەی گرتبوو دەرکەوت:

**–خەریکە فێری قسە زلەکان دەبی خڕە.. ئەو قسانەت لە من نەدزیبی؟**

کوڕە ئارامی نەما:

**–بەردەوام بم یان بڕۆمەوە؟**

دەنگی فەرهادی بەسۆزتر بوو، ئەمجارە هەستی کرد سۆز لەدڵەوە دەرچووەو ئەوەی لای سەیر بوو. بەسەر کورسییەکە خۆی خشاندو لە لاوەکە نزیککەوت. دەستی خستە سەر شانی، نیوەی دووکەڵی ناو سییەکانی کرد بە سەروچاوی کوڕەکەو نیوەکەی تری بۆ سەرەوە نارد:

**–خرخڕ گیان.. بەردەوام بە، بەردەوام بەو بەئارام بە، تا هێندەی کەرێك خۆت بار دەکەی بەئارام بە.. حەزدەکەم فێری ئارامگرتن بی دەنا مایەپووچ دەبی، دەست پێبکەرەوە، وام گوێ دەگرم لە سەخافەتی بەرجەستە.**

کوڕەکە دەستی پێکردەوە، دەیخوێندەوەو نەدەوەستا. کات دەڕۆشتو شەو تێدەپەڕی، دووکەڵکێشەکەی فەرهادیش تا درەنگ لەئیش نەکەوت.

# باخەوانێکی خوداوەند

قوتابییەکە داوای وەستانێکی کورتی کرد:

**-هەر ئەوەندە پەنجەکانم پشوویەکی کەم بدەن.**

مامۆستا دەستی بۆ لەوحە قورەکە درێژکردەوەو لێی وەرگرت:

**-خۆشمان نەختێکی تر دەوەستین. بزانم چۆنت نووسیوە.**

مامۆستا سەیری لەوحەکەی کردو بە دوای هەڵەکاندا دەگەڕا لەو کاتەی نووسەری ژێر راهێنان بەخاویو بێ پەلەکردن پەنجەکانی دەکردە مشتی توندو مشتەکەی دەیکردەوە. نووسەری تازە بەلاچاو سەیری مامۆستاکەی دەکرد: ((**داخۆ هەڵەم کردبێ؟ دەبێ رازی بێ لێم یا نا؟**)). هیچی دەستنەکەوتو رێك دانیشتەوە:

**-گەورەم ئێستا ئامادەم.**

مامۆستا لەوحە قوڕەکەی دایەوە دەست:

**-خراپت نەنووسیوە، وردەهەڵەش بە راهێنانی زیاتر چاك دەبنەوە. واز لەو ترسە بێنە کاتێك دەست دادەگری، هێشتا قووڵیی نووسینەکەت هاوسەنگیی تێدا نییە؛ کلکەکان زۆر کورتەن و سەرەکان خڕو قەڵەو. گەیشتینە سەردەمی پشێوی. لەوحەکەمان ئەمە دەڵێ، گوێ شل بکەو وەکو خۆی بینووسە: ((کێ پاشدا بوو؟ کێ پادشا نەبوو؟ ئیگیگی پادشا بوو؟ نانوم پادشا بوو؟ ئیمی پادشا بوو؟ ئێلولو پادشا بوو؟ هەر چواریان پادشا بوون و سێ ساڵ فەرمانڕەوا بوون)).. نووسیت؟**

**-ببوورە گەورەم.. سی یان سێ؟**

**-سێ. دەبوایە بتزانیایە. لەسەردەمی پشێویدا سێ ساڵ زۆرە. وا دەزانم بۆ ئەمڕۆ هێندەمان بەسە.**

**-داخەکەم حەزم دەکرد بمزانیایە پاش ئەوە چی روویدابوو.**

**-هەمیشە پەلەتە شتەکان بزانی. بێگومان بیستووتەو دەیزانی بەڵام دەتەوێ لەخۆمی ببیستی. قوتابیی نەجیبی وەکو تۆم کەم هەیە. خۆت ئەوە نەبوویتایە نەتدەبینی بەتایبەت وانەت پێ بڵێمەوە.**

قوتابیی نەجیب سەری پێزانینی نەوی کرد. وەکو خەواڵوویەکیش قسەی کردو ئاواتێکی خواست:

**-بریا دەمزانی سبەینێ دەگەینە سەردەمی پادشای سەردەممان؛ خوداوەند (ئێنلیل بانی).**

مامۆستا تێگەیشتو بەبزەیەك لەوەرگرتنی وەڵامێك بێئومێدی نەکرد، تەنانەت ئەگەر ئەوەش نەبێ کە چاوەڕێیەتی:

**-دەتەوێ قسەم لێ دەربێنی؟ نا، سبەی ناگەینە سەردەمی خوداوەند ئێنلیل بانی.**

ئەمەی وتو وشەی خوداوەندی درێژکردەوە. هێشتا بزەی لاتەنیشتی دەمی مابوو. قوتابییەکە لاسایی کردەوە:

**-داخەکەم! سبەی ناگەینە کاتی خوداوەند ئێنلیل بانی.**

دەنگی مامۆستا جددیتر هەڵگەڕاو بوو بەئاوازێکی سەرزەنشتکردن، زەحمەتیش نەبوو لای قوتابییەکەی بزانێ ئەو ئاوازە دەستکردە. مامۆستا وتی:

**-نەخێر، سبەی هێشتا دەمانمێنێ. بۆچی پێدەکەنی؟**

قوتابی کەوتە سەر ئەژنۆو پەنجەکانی هەردوو دەستی لەژێر چەناگەیدا لێکئالاندو وەکو نزاکەر لەشی هێنایە پێشەوەو دواوە:

—لێم ببوورە گەورەم.. لێم ببوورە.

نووسەری ژێر راهێنان هێشتا لەناو دیمەنی کڕنووشو پەشیمانیی دەستکردیدا بوو کاتێك مامۆستا بەهێمنی پشتی تێکردو پێی وت:

**—وانەی ئەمڕۆ تەواو. هەر ئاوا قوتابییەکی وریاو نەجیب بە. من دەچم بۆ پەرستگە، هەندێ قوتابیی دەبەنگ چاوەڕێم دەکەن.**

کاهنی گەورە بەپێ بەرەو ئەو پەرستگەیە چوو کە وەك کێو لەناو بیناکانی دەوروبەریدا بەرزببووەوە. لەدەرگای شوورای ناوچەی پەرستگەکان چووە ژوورەوە، سەری بۆ ئەم کاهنو ئەو کاهن مۆنو بێ زەردەخەنە دەلەقاند تا گەیشتە بینایەکی بچووك.

قوتابییەکان هەموو چاوەڕێیان دەکرد. ئەمانە کوڕە دەوڵەمەند بوون باوکیان پێیان خۆش بوو کاهنی گەورە خۆی بەتایبەت وانەیان پێ بڵێتەوە یان لەگەڵیاندا بەو وانانەدا بچێتەوە کە مامۆستای تر پێیان دەوتنەوە. کاهنی گەورە کەیفی بەو قوتابییانە نەدەهات، رقیشی لەباوکانیان زیاتر بوو چونکە وای بڕوا بوو پاراستنی سامانو کێڵگەکانو بازرگانییەکەیان گرنگتر بوو لایان لەپاراستنی پەرستگەو هەیبەتی خوداوەندەکان، هەر بۆیەش لەیەکێکی وەك (ئێنلیل بانی) بێدەنگ دەبوون. لایان گرنگ بوو کوڕانیان نووسینو ژماردن بزانن تا سەرکارەکانیان نەیانخەڵەتێنن بەڵام دەستدرێژی لەسەر خوداوەندەکانیان لا ئاسایی بوو. کاهنی گەورە ئەو کارە ئێسکگرانەی دەکرد تا بتوانێ کار بکاتە سەریان، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتووە هەوا دەکێڵێو لەوە دڵنیا بوو کە ئەوانە زۆر لەوە دەبەنگترن بەرژەوەندیی خۆیان بزانن چ جای ئەوەی ئاوڕ بۆ بەرژەوەندیی بیروباوەڕو پەرستگەو خوداوەندەکان بدەنەوە.

کاهنی گەورە قوتابییەکانی بینیو وانە پڕبێزارییەکەی پێش وادەی خۆی تەواو کرد. بڕیاریشی دا بۆ وانەی داهاتوو هەموویان بنێرێتەوە باوەشی باوکانیانەوە. ئینجا کاهنی گەورە وەك هەموو جارێك هێمنی گیانی لەپیرۆزترین حەرەمدا دەدۆزییەوە ئەویش کاتێك بەتەنیا لەناو ئەو رۆشناییە کپەی لەچەند کلاوڕۆژنەیەکەوە دەهاتە ژوور لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت.

کاهنی گەورە بەداڵانێکی درێژدا رۆشت، چووە ژوورێك دەستەیەك خوداوەندی تێدا بوو، لەسەر ئەژنۆ دانیشتو نزاکانی کرد، ئینجا ژوورەکەی جێهێشتو چووە حەرەمی حەرەمەکان. جارێکی تر لەسەر ئەژنۆ چۆکی دادا، لەبەردەم خوداوەندی پەرستگەکە سەری داخست.

(ئور—نینورتا) بەسەروریشو سمێڵی پاك تاشراوەوەو بەو خشووعەیەوە لەو حەرەمەدا لەو پەیکەرانە دەچوو کە هەندێ کاهنو پادشا بۆ خۆیان کردبوو و بەپەیکەرتاشیان وتبوو ئەوپەڕی خواپەرستی بەڕوویانەوە دەربخەنو بیانخەنە نزیك پەیکەرانی خوداوەندە گەورەو بچووکەکان.

رووناکییە زیوینییە هێمنەکە لاتەنیشتی خوداوەندەکەی رۆشن کردبووەوەو لاکەی تری بەنیمچە تاریکی هێشتبوو. کاهنەکە سەری بۆ بەرزکردەوە:

**—گولا! ئاغاژنی ئیسین، گولا، تۆ باشتر دەبینیو دەبیستی.**

سەری بۆ زەوی نزم کردەوە، ژنەخوداوەندی ئیسینو تەندروستی هیچ وەڵامێکی نەدایەوە:

**-ئەو درۆزنانە، ئەو لاف لێدەرانە، بەتەعداکردن لەسەر موڵکی پەرستگەوە ناوەستن، تەنانەت تەعدا لەسەر ناوی خوداوەندەکانیش دەکەن، ئاخ باخەوانی درۆزن.. ئەگەر..**

دەنگێك لەپشتەوە پڕ سۆزێکی راستەقینە بوو و نەیهێشت هەڕەشەکەی بگەیەنێتە کۆتایی:

**-سوودی نییە گەورەم.. هەرچییەك بێ ئەو پادشایە.**

ئور-نینورتا بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە بەدەنگێکی هێمن پرسی:

**-تۆی لو-ناننا؟ هاوڕێی دڵسۆزم چیت پێیە؟**

**-گەورەم فەرمانی پادشا.. پادشا بانگی کردووی، بۆ کۆشك بانگی کردووی.. پادشا چاوەڕێت دەکات.**

**-نامەوێ بچم.**

لو-ناننا هەدروو لەپی دەستی لەژێر سنگییەوە لێك ئاڵاندو سەری نەوی کرد:

**-گەورەم ئەو پادشایە، سەرپێچی لە فەرمانەکانی پادشایان کارێکی باش نییە.**

کاهنی گەورە سەری بۆ بنمیچی حەرەمەکە بەرزکردەوەو وەکو خەواڵوویەك وتی:

**-کەواتە خواستی پادشایە، خواستی پادشایانیش رەتکردنەوەی نییە. هەندێ جار ئەگەر دژ بە خواستی خوداوەندەکانیش بێ. تۆ دەڵێی چی لو-ناننا؟**

کاهنی دڵسۆز لەسەرۆکەکەی نزیك بووەوە، هێشتا هەردوو دەستی لێك ئاڵاندبوو و سەری نەوی کردبوو:

**-باشترە بچی گەورەم. بچۆ.. بزانە چیت پێ دەڵێ. گوێی لێ بگرە، هەر قسەیەك لە زاری دەربچێ بیخەرە ناو تەرازووی عەقڵتەوە. شتە باشەکانی لێ وەربگرە، ئەو شتەش کە بەدڵت نییە دەتوانی بەقسەی نەرم لێی پەشیمان بکەیتەوە، ئەگەر نا دەتوانی ماوەیەك خۆتی لێ بخلافێنی.. بچۆ گەورەم.. بچۆ بۆ لای.. هەرچییەك بێ ئەو پادشایە.**

کاهنی گەورە هێواش سەری نەوی کرد، چەناگەی بەسنگییەوە نووسا:

**-کەواتە بەباشی دەزانی بچم؟**

ماوەیەك وا مایەوە پاشان سەری بەرزکردەوە، دیسان روانییە بنمیچەکە:

**-باشە. با ئاژەڵو عارەبانەکەم بۆ ئامادە بکەن.**

ئور-نینورتا خۆی بۆ رۆشتن ئامادە کردو زانی ئەگەر ئەمجارەش شەڕ لە کۆشکی پادشادا روونەدات جارێکی ترهەر روودەدات: ((**دەبێ شایستەی هەڵگرتنی ئەم ناوەی خۆم بم.. بەڵێ شایستە ئەوم**)).

ئور-نینورتا ئەو ناوە بوو کە کاهنەکە پاش ئەوەی بووە کاهنی گەورەی شاری (لارسا) لەخۆی نابوو. ناوەکەی وەکو زۆربەی ناوی کەسە سومەریو ئەکەدیو ئامورییەکان بوو؛ ئاوێتەی ناوی خوداوەندێك لەگەڵ وشەیەك. (خزمەتکاری خوداوەند نینورتا) ناوی نوێی ئەو کاهنە بوو کە هەمیشە نموونەی (ئوروئینیمگینا)ی لەپێش چاوبا بوو. ئوروئینیمگینای کاهن سەدان ساڵ پێش ئەوە لە شاری (لەگەش)دا ببووە فەرمانڕەوای شارەکە، بەرلەویش کاهنەکانی خوداوەند (نینگرسو) فەرمانڕەوا بوونو ببوونە نموونەی خراپ بۆ کاهنی فەرمانڕەوا، ئەو کاهنانەی کە دەبوایە نموونەی لەخوداترسان بوونایە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەستدرێژییان دەکرە سەر موڵکی پەرستگەو بەناوی ئاینو خوداوەندەکانو پەرستگەوە خەڵکەکەیان دەڕەتاندەوە.

ئوروئینیمگینا هەوڵی دادپەروەریی داو ویستی ئەو دەستدرێژییانە نەهێڵێ بەڵام وەکو زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکان دەسەڵاتی چاکساز خۆی لەبەردەم فەرمانڕەوای سەرکەشو بەتەماعدا نەگرتو (لوگال زاگیسی)

فەرمانڕەوای شاری (ئومما)ی دراوسێ‌و کۆنە دوژمنی لەگەش پەلامارێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبردو توانی فەرمانڕەوای چاکساز دەرپەڕێنێ.

ئور–نینورتا بۆ یادی فەرمانڕەواکەی لەگەش وازی لەناوی کۆنی خۆی هێناو ناوی خوداوەندی شارەکەی خواست؛ نینورتا، کە لەو شارەدا بە (نینگرسو) ناسرابوو. نینورتا، کوڕی ئێنلیلی گەورەی خوداوەندەکان بوو، ئەوەی زیاتریش لای کاهنەکە گرنگ بوو ئەوە بوو نینورتا جگە لەوەی خوداوەندێکی زریان‌و راو بوو هەروەها پەیامبەری خوداوەندکان‌و خوداوەندێکی جەنگ بوو. ئور–نینورتا خۆی بەنێردراوی خوداوەندەکان دەزانی ئەویش بۆ جەنگ دژی ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر دەسەڵاتی خوداوەندەکان‌و پەرستگەکانیان.

ئور–نینورتا پاش ئەوەی ئەو ناوەی هەڵگرت لەبەردەم خوداکانیدا سوێندی خوارد دژایەتیی هەر کەسێك بکات دەستدرێژی بکاتە سەر موڵك‌و هەیبەتی پەرستگە یان ناوی خوداکان بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاربێنێ، ئەگەر ئەو کەسە پادشا بێ یان کاهن، دەشچووە هەر پەرستگەیەك لەبەردەم خوداوەندەکەیدا ئەو سوێندەی دەخوارد، تەنانەت سوێندی بۆ خوداوەندە بچووکەکانی ناو تاقی ماڵەکان دەخوارد کە هێندەی لەپی دەست بچووك بوون.

ئور–نینورتا لەو کاهنە کۆنەویستە کەمانە بوو کە نەیاندەتوانی لەگەڵ وەزعە نوێکەدا خۆیان بگونجێنن، ئەو و ئەوان تەنانەت بەڕەوایان نەدەزانی پادشا مەزنە بەهێزەکان خۆیان بەخوداوەند بزانن بۆیە ئەو پادشایانەی لەوان بچووکتر بوون کە پاش ئەوان هاتبوون مایەی ناڕەزاییەکی زۆرتر بوون.

ئور–نینورتا بەهۆی لێهاتوویەوە لەتەمەنی سی ساڵییەوە بووە کاهنی گەورەی (شەمەش)، خوداوەندی شاری (لارسا) بەڵام کەمتر لەساڵێك مایەوەو لەسەر ئاین‌و پەرستگە نەیتوانی لەگەڵ پادشای لارسا هەڵبکات‌و بۆ شاری (ئیسین) هەڵهات کە مێژوویەکی دوژمنایەتیی دوورودرێژی لەگەڵ شاری (لارسا)دا هەبووە. ئور–نینورتا باوەڕی پتەوی بە ئاین هەبوو و لای ئەو دڵسۆزی بۆ خوداوەندەکان پێش هەموو شتێکە، تەنانەت پێش شاری دایك‌و پادشای باوکیش.

لە ئیسیندا پێشوازییەکی گەرم لەو کاهنە کراو بەنیشانەیەکی بەرەکەت زانرا چونکە ئیسین لەبەردەم لارسادا بەردەوام دەشکا. چەند ساڵێکیش پێش ئەوەی ئور–نینورتا هەڵبێ، ئیسین زەبری تری بەرکەوتبووو پادشای لارسا (سومو–ئیل) توانی شاری پیرۆزی نیپپور، مەڵبەندی ئێنلیل، خوداوەندی گەورە، زەوت بکات. ئێستاش دوای ئەو شکستانە کاهنی گەورەی لارسا بۆ لای ئەوان هەڵهاتووە.

ئێررا–ئیمیتی، پادشای ئیسین، بەو هاتنە گەشبین ببوو، بەڵام ئەو گەشبینییە لەجێگەی خۆیدا نەبوو چونکە پادشا ئەو راستییەی نەدەزانی کە خاوەن بیروباوەڕەکان بچنە هەر شوێنێك دەبنە کێشەیەکی گەورەو ئەو خاوەن بیروباوەڕانە دەتوانن بۆ ماوەیەك جەنگ رابگرن، بەڵام ناتوانن تا هەتا کۆتایی پێ بهێنن.

ئیسین کاهنی گەورەی خۆی هەبووە بەڵام تازە مربوو، گومانیش لەچۆنێتیی تیاچوونی ئەو کاهنە هەبوو. کۆشك وای بڵاوکردبووەوە کاهنەکە بەتەنیا مەڕێکی برژاوی خواردبوو، مەڕەکەش هیچی لێنەکرد بەڵکو مەرگەکەی لەوەدا بوو کە پاش بزرکردنی مەڕەکە لەورگیدا دوو مەشکە شەرابی پەرستگەی بەدوایدا رۆ کردبوو و ئەمەیان تەختی کردبوو و دابووی بەزەویدا.

ئور–نینورتا کەمێك پاش ئەو مەرگە سەیرەی کاهنەکە گەیشتبووە شارەکەو وەکو رێزێك بۆ هەڵاتوویەکی گەورەی شارە مونافسەکە کرایە کاهنی گەورەی پەرستگەی (گولا)ی خوداوەندی شارەکە، ئەو کاهنانەی ئیسینیش کە ناڕەزا

بوون بە شتی تر رازی کران. هەر ئەو ساڵەش ئەو هەڵاتووە لاوە سەلماندی کە شایستەی پلەیەکە لەوە بەرزتر، ئەوەش سەرەتای کێشەکانی بوو لەگەڵ پادشای نوێی ئیسینو خوداوەندە پەرستراوەکەی؛ (ئێنلیل بانی).

چوار ساڵ پاش گەیشتنی ئور–نینورتا بۆ ئیسین (ئێنلیل بانی) بەهۆی نەریتێکی کۆنەوە بەخت هاتە باخەڵییەوەو بووە پادشا. بەشێکی کاهنەکانی وڵاتی پانوبەرینی دوو روباری مەزنی (ئیدیگلات)و (پوراتوم) کاری فاڵچێتییان دەکرد. یەکێکیش لە فاڵەکانیان ئەوە بوو بەهۆی چەند نیشانەیەکەوە دەیانزانی نەهامەتییەك چاوەڕێی پادشا دەکات، ئەو کاهنانە چارەسەریشیان هەبوو، کاهنەکان چارەسەریان بۆ هەموو شتێك هەبوو. ئەمانە بۆ دوورخستنەوەی کارەسات لە پادشا کەسێکیان بۆ ماوەیەك لەجیاتی ئەو دەکردە پاشا. فەتارەت روویبدایە بەر ئەو دەکەوتو پادشای ئەسڵی سەلامەت دەبوو و دەگەڕایەوە سەر تەختی خۆی، هەرچەندە بۆیان تاقی ببووەوە ئەو فەتارەتە لەبەر هۆیەکی نەزانراوەوە خۆی بۆ خۆی رووناکاتە پادشای کاتی بۆیە پێویست دەکات ماوەی پادشای کاتی لەسەر تەختدا دیاریکراو بێ، کە ئەو ماوەیەش تەواو دەبێ پێویستە مرۆڤ خواستی خوداوەندەکان بەجێبێنێو ئەو بەدبەختە بکوژرێ.

(ئیرا–ئیمیتتی)ی پادشا وای بە عەقڵدا چوو، یان ئەوە خرایە ناو عەقڵییەوە، فاڵێك وەربگرێ. شوێنی ئەو عەقڵە کەوتو ئەنجامەکە پێچەوانەی ئاوات بوو. کاهنەکانی ئیسین کە فاڵەکەیان بۆ وەرگرتبوو هەواڵە ناخۆشەکەیان پێ وت: فەتارەت روو لەپادشایە، بەڵام لەهەمان کاتدا چارەسەریش هەیە؛ کاهنەکان چارەسەرە زانراوەکەیان پێشنیار کرد. پادشای بەدبەخت باخەوانەکەی خۆی وەك پادشا هەڵبژارد تا ئەو کاتەی فەتارەتەکە دێو بەر ئەو بکەوێ. دیار بوو باخەوانەکە دانیشتن لەسەر تەختی پادشایانەی پێخۆش بوو ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ، هێندە دینداریش نەبوو باوەڕ بەو فاڵە خراپانە بکاتو لەو کارەساتەی بەڕێوەیە بترسێ بۆیە لەجیاتی چاوەڕێی مەرگ بڕیاری دا لەدەریای گەشبینیدا مەلە بکات. مەملەکەتیش ماوەیەك تەماشای دەکردو دەیپرسی: کەی باخەوانەکە دەمرێو بەری عەقڵی بچووکی خۆی دەخوات؟ بەڵام ئاکام پێچەوانەی چاوەڕوانکراو بوو؛ پادشا مردو باخەوانەکە ما.

خەڵکەکە زۆریان لەبارەی مردنی پادشاوە وتبوو، زۆریان وای بۆ دەچوون گێڕانەوە رەسمییەکە تەنیا بۆ رای گشتی بووە دەنا بۆچی لەناو هەموو ئەو پادشایانەی پەنایان بۆ خوداوەندەکان بردبوو تەنها ئیرا–ئیمیتتیی بەدبەخت لەکاتی دوورکەوتنەوەی لەتەخت بمرێو مردنەکەی بەهۆی هەڵقوڕاندنی شۆربای گەرم بێ؟ جگە لەو هەموو گومانانە مردنی پادشا گومانێکی تری بۆ خەڵکەکە زیاد کرد، ئەمجارە بەرامبەر فاڵەکە خۆی: کە رێوڕەسمی ئایینی بۆ پاراستنی ژیانی پادشا گیرابووەبەر ئیدی چۆن بوو مرد؟ پێویستی نەدەکرد مرۆڤ زیرەك بێ تا بزانێ کاهنەکان ئەمجارەش وەکو هەموو جارێکی تر گوناهەکە لەسەر خۆیانو خوداوەندەکان لادەبەنو دەیخەنە ئەستۆی بەجێهێنانی ناتەواوی رێوڕەسمە ئایینییەکان لەلایەن پادشای کۆچکردووەوە، هەروەها باوەڕی لەقی پادشا بە ئاین.

کاتی رووداوەکە ئور–نینورتای کاهنی گەورە بەکارێکی پادشا لەشارێکی تردا بوو، ئەویش نەبوو کە فاڵەکەی بۆ پادشا وەرگرتبوو، بەڵام وەکو نەریتی باوی خەڵك بۆ تاوانبارکردنی هەر کەسێك بەخەیاڵیاندا بێ ئەو بووە تاوانباری یەکەمو دوورکەوتنەوەی لەشارەکە لەجیاتی ئەوەی ببێتە بەڵگەی بێتاوانی بووە نیشانەی زیرەکی. تاوانبارکردنی ئور–نینورتا رێزەکەی لەق نەکرد بەڵکو بوو بە هۆی گەورەتربوونی ناوبانگیو لەوە بەدوا خەڵك بەترسەوە تەماشای ئەو پیاوە هەمیشە مۆنەیان دەکرد.

تاوانبارکردنەکە بەوەوە نەوەستا بەڵکو پێش ئەوە باخەوانەکەیان تاوانبار کردبوو کە دەستی لەگەڵ کاهنەکاندا،

بەتایبەت ئور–نینورتا، تێکەڵ کردبوو و بەرامبەر بەو خزمەتە پەیمانی خزمەتی زۆری پێدابوون، بێگومان پاش ئەوەی خوداوەندەکان لەو پیلانە رازی بنو پیلانەکە سەربگرێ.

باخەوانی بەختەوەر پاش ئەوەی لەسەر تەختی پادشاییدا مایەوە زوو بووە خودایەکی پەرستراو چونکە نەدەگونجا لەپادشاکانی شارەکانی تر کەمتر بێ. لەکاتێکیشدا ئور–نینورتا کاری ئەمو پادشاکانی دیکەی سەردەمو پادشایانی سەردەمانی پێشوو بە بیدعەو دەرچوون لە ئایین دەزانی خەڵك بەلایانەوە گرنگ نەبووکێ پادشا بێو پادشا خوداوەند بێ یان مرۆڤێکی ئاسایی. یەك دەرزەن کاهنی وەك ئور–نینورتاش نەیاندەتوانی کار بکەنە سەر خەڵکەکەو لە پادشاکانیان هەڵگەڕێننەوە. ئەو بەرەیە زۆر لەوە لاوازتر بوو گیانی سەردەم کە سەدان ساڵی خایاندبوو بگۆڕێ، ئەوان وەك نامۆ لەو سەردەمە دەهاتنە پێش چاو. ئور–نینورتاش لەهەموویان بەو سەردەمە نامۆتر بوو.

ئور–نینورتا جلەوی بۆ گوێدرێژە کێوییەکە شلکردبوو خۆیو عارەبانەکەی بەرەو کۆشك رابکێشێ. لەڕێگەشدا دەیبینی خەڵکەکە تەماشای دەکەنو قسە دەکەن، دیارە باسی ئەو دەکەن:

**–ئەمە کاهنی گەورەیە.**

**–دەڵێن ئەم رۆژانە توندتر دژ بە پادشا قسە دەکات.**

**–بەدوای سەریەشەیەکی بێسووددا دەگەڕێ.**

**–وایە، لەوەتەی هەین پادشاکان حەزیان لەچی بووە کردوویانە. چی زیاد دەکاتو چی کەم دەبێ؟ یەك خوداوەند زیاترمان هەبێ چی بەسەر جیهاندا دێ؟**

**–هیچ.. بڕوانە! رووەو کۆشك دەڕوات، ئەمڕۆ هەرایەك روودەدات.**

**–یان رێککەوتنێك.. کێ دەزانێ؟ کاهنەکانو پادشاکان هەمیشە کۆك بوون، کەم جار دژ بەیەك بوون، ئەی نەتبیستووە دەڵێن کاهنی گەورەو پادشای رۆژگار بۆ لەناوبردنی پادشا کۆنەکە رێککەوتبوون؟ ناشێ بەچیرۆکی شۆربای گەرم بڕوات کردبێ؟**

**–نەخێر! لەمنداڵییەوە شۆربای گەرم، هی زۆر گەرم، هەڵدەقوڕێنمو تەنانەت یەك جاریش نەمردووم!**

عارەبانەکە لەسەرخۆ بەناو خەڵکەکەدا دەڕۆشت، لەدەروازەی ناوچەی کۆشکو بیناکانی پادشاش پاسەوانەکان پێشوەخت ئاگادارکرابوونەوە. زوو رێگەیان بۆ کردەوەو جلەوی گوێدرێژە کێوییەکەیان بۆ گرت. لەناو هۆڵی پێشوازیشدا پادشا دانیشتبووە سەر عەرشە گەورە رازێندراوەکەی کە لەسەر سەکۆیەکدا بووو سەکۆکە بە سێ پلیکانە بۆی سەردەکەوت، کورسییەکیش تەنیشت عەرش بۆ کاهنی گەورە ئامادە کرابوو.

ئێنلیل بانی بەدەستی چەپی دەسکی عەرشەکەی گرتبوو و سەوڵجانە سەر زێڕینەکەی خستبووە دەستەکەی تر. زەردەخەنەیەك ئەمسەر تا ئەوسەری دەموچاوی گرتبوو و ریشی خواستراوی درێژو قات قاتی دەجووڵاند، کەسانی دەوروبەریشی هەموو دڵخۆشو بەکەیف بوون، ئاغاکەیان دڵی خۆشە، ئەمەش گەورەترین ئاواتیانە. هێشتا کاهنی گەورە نەگەیشتۆتە ناو هۆڵەکەو دەرفەت ماوە لاشەی بە زمان، پێش بڕکردنەوە لە شمشێر، ئەنجن ئەنجن بکرێ:

**–خاوەن شکۆ! ئومێدەوارم کاهنی گەورە ئەم جارە نەرمتر بنوێنێ.**

ئەوە پێشەکییەکو دەروازە کردنەوەیەك بوو بۆ سەربڕینی پڵنگەکەو کەوڵکردنی پێستی ئەستووری:

**–خاوەن شکۆ! ئەوەی (ئاپیل سین) دەیڵێ خەیاڵەو مەحاڵە، چارەسەری نەخۆشییەکەی ئور–نینورتاش تەنها یەك چاڵە.**

راکان جیاواز بوون، هەموو کۆك بوون لەسەر سنووردانان بۆ ئور–نینورتا، یەك یان دوانێکیان قسەیان نەدەکرد،

کەس ناڕەزا نەبوو. پادشا گوێی دەگرت، زۆر لەوەش دوور بوو بڕیارێك بدات. زۆربەی پیاوانی بەرپێی عەرش لەگەڵ پادشاکەیان، بەپێچەوانەی خەڵکەکە کە باوەڕیان بەهەر کەسێك دەهێنا بەگەرموگوڕیو سووربوونەوە قسەی دەکرد، گومانیان هەبوو ئەو سووربوونەی کاهنی لەسەر دژایەتیی خوداوەندێتیی پادشا لەبەر ئاینو خوداوەندەکان نەبووە بەڵکو مەبەستێکی دوور لە ئاین لەپشتەوەی بوو. پادشا ئەگەر خوداوەند بێ دەوری کاهنەی گەورە کەم دەبێتەوەو لەجیاتی دەسەڵاتە گەورەکەی پێویستە لەجاران زیاتر لەخزمەتی پادشادا بێ، ئەمجارە خزمەتکاری زاتە ئیلاهییەکەشی بێ.

کاهنی گەورە گەیشتە هۆڵەکەو پادشا لەعەرشەکەی هاتە خوارەوە. هەردوو دەستی بۆ میوانەکەی کردەوەو توند هەردوو باڵی گرت:

—بەخێر هاتی کاهنی گەورە.. بەخێر هاتی.

ئور—نینورتا لەئامێزنانەکەی بەساردییەوە قبووڵ کرد، پادشاش قۆڵی گرتو پێکەوە بەرەو سەکۆی عەرش رۆشتن، پێکەوە سەرکەوتنو تەنیشت خۆی لەسەر کورسییەکەی تەنیشت عەرش دانیشاند. ئور—نینورتا تەماشای دەوروبەری خۆی کردو لەو دەموچاوانە ورد بووەوە کە ئەوانیش تەماشایان دەکرد. هۆڵەکە بۆنی پیلانی لێدەهات. ئور—نینورتا بەلاچاو روانییە ئەو کاهنەی کاروباری پەرستگەی پشتگوێ خستووەو رۆژانە لای پادشایە، لەپشتی ددان جیڕکردنەوەی نێوان خۆیو خۆیدا نەفرەتی (گولا)ی بەسەردا دەباراند، تا ئێستا نەیبیستووە قسەی خراپی کردبێ بەڵام کەوتنە بەرپێی پادشا بەس بوو بۆ کردنی خوداوەندەکان بەگژیدا: **((لە تۆ دوژمنتر بەخوداوەندەکان نابینم. خزمەتی خوداوەندەکانت جێهێشتووەو وەك سەگی خوێڕی پێکانی ئەم باخەوانە دەلێسیتەوە؟ گولا ئیفلیجی بکەی)).**

پادشا بەو زەردەخەنەیەی سەرتاسەری دەموچاوی داگیر دەکرد سەری داوەکەی دەرخست:

**—سەرەڕای هەموو شتێك دۆستایەتیی پیاوێکی گەورەی وەکو ئێوەمان پێخۆشە. سەلماندنی دۆستایەتیش فیکرەیەك بوو لەمێشکمدا، دەشبینم پیاوانی دەربار هەمان فیکرەیان هەیە. لەزووەوە نیازم بوو زەوییەکانی نێوان شارەکەو روبارەکە کە پێش خۆم لە پەرستگە زەوت کرابوون بگەڕێنمەوە دەستی خوداوەندەکان. لەناو ئەو زەوییانەش باخی گوێرەکەی ئاسمانی بەشیاو دەزانم وەك دیارییەك بۆ کاهنی خۆشەویستمان. دیارییەکی تایبەتە.. تایبەتە بەخۆشەویستی خۆمان.**

کەواتە ئەمەیە! پیاوانی دەربارێش سەر دەلەقێننو رەزامەندی دەردەبڕن، ئاڵایەکی گەورەی سوور خراوەتە سەر تەڵەیەك گوایە لەناو گوڵزارێکەدا شاردراوەتەوە: **((باخەکانی نێوان شارو روبار! باخی گوێرەکەی ئاسمانی! ئەو خوداوەندە ساختەیە باش لە باخو باخەوانی دەزانێ!)).**

کلکەلەقێ بیرەکانی شێواند، زیادکردنێکی ناپێویست بۆ پێشنیارەکەی پادشا لەسووچی ئەوسەری هۆڵەکەوە هات، زیادەیەك بۆ هەردوو مەراییو تاقیکردنەوەی پاکیی کاهنی گەورە:

**—ئەگەر خاوەن شکۆ مۆڵەت بدات.. باخی گوێرەکەی ئاسمانی لەدێر زەمانەوە ئەستێرەی درەوشاوەی مەملەکەتە.**

یەکێکی تر نەیویست ئەوەی پێشوو بەتەنیا بیخوات:

**—ئەگەر خاوەن شکۆ مۆڵەت بە منیش بدات.. تەنها ئەو کەسەی ئەستێرەی بەختی سەر لەکۆتایی ئاسمان دەدات پادشا بەخششی وای پێ ڕەوا دەزانێ.**

پادشا هێشتا زەردەخەنەیەتی، بەڵام کەمێك نیگەران:

**—دەبینی کاهنی خۆشەویستمان دۆستی زۆرت لەکۆشکدا هەیە، دەشبینی هەموو پێیان خۆشە.**

ئور–نینورتا بەزەردەخەنەیەکی بۆرەوە زۆری لەخۆی کرد بڵێ:

**–بەڵێ ئەو هەموو هاوڕێ دڵسۆزە دەبینم.**

پادشا لەسەرخۆ لەتەخت هاتە خوارو بە هەیبەتەوە، کە ساڵانێکی زۆر بوو خۆی لەسەری راهێنابوو، بەناو هۆڵەکەدا رۆشت، خۆی بۆ قسە ئامادە کرد، بەدەم رۆشتنەوە سەوڵەجانی دەستی راستی بەلەپی دەستی چەپیدا دەکێشا. گەیشتە بەردەم دەرگای هۆڵەکە، وەستا، سووڕایەوەو رووی کردەوە ئامادەبووان، وتارێکی دەست پێکرد کە پێشتر دەیان جار وتبووی‌و ئامادەبووان لەبەریان بوو:

**–ئێمە هەڵبژاردەی خوداوەندەکانین‌و لەسەرووی هەموویان ئێنلیلی ئاغامان. ئێنلیلی مەزن، ئان‌و ئیشتارو باقی خوداوەندەکان بەو پادشایەتییە شادمان بوون‌و بەرامبەر بەم بەخششە ملکەچیمان بۆ ئەو خوداوەندانە راگەیاند. خوداوەندەکان بەچاوی بەزەییەوە روانییانە ئێمەو ئێمەیان کردە خۆری وڵات، بەهۆی ئەو بەرەکەتەش کە بەسەر ئێمەیاندا رژاند وڵات خۆشگوزەران‌و بەختەوەر بوو. کێش دەتوانێ دژ بە خواستی خوداوەندەکان بوەستێ؟ کێ دەتوانێ بەر بە ئەستێرەی بەختی ئەوانە بگرێ کە خوداوەندە مەزنەکان هەڵیانبژاردوون؟**

پادشا چەند رستەیەکی مابوو، بەڵام دەموچاوە مۆنەکەی کاهنی گەورە لەزەتی وتارەکەی کردە هەڵم. پێی باش بوو بوەستێ‌و نۆرە بداتە دەستی پیاوانی دەربار. نواندنی ئەوان پەیوەندیی تەنها بە کەشوهەوای پادشاوە هەیە، کەشوهەوای پادشاش ئێستا خراپە. پادشا فریای ژماردنی هەنگاوەکانی بۆ سەر سەکۆی عەرش نەکەوت‌و وەڵامەکە یەکسەر هات:

**–خوداوەندەکان خوداوەند ئێنلیل بانییان هەڵبژاردووە، ئێنلیل بانی خوداوەندی ئێمەیەو خۆری وڵاتە.**

پێش ئەوەی پادشا بگاتەوە جێ پێشبڕکیی ستایش گەرم بوو. جارانی تر ئێنلیل بانی لەگەڵ هەر ستایشێکدا رووی گەشتر دەبوو بەڵام ئەم جارە نیگەرانتر دەبوو. بەلاچاو تەماشای ئور–نینورتای دەکرد. دەیویست دەموچاوی بخوێنێتەوە بەڵام دەموچاوی کاهنی گەورە هەمیشە جیددی بوو، زەحمەت بوو هیچ لەو دەموچاوە تاشراوە مۆنە بخوێنرێتەوە.

ئاهەنگەکە زۆری خایاند، ئور–نینورتاش بەرێزێکی ساردو مردووەوە مۆڵەتی رۆشتنی خواست:

**–ئەگەر پادشا رێگەم پێ بدات دەمەوێ بڕۆم.**

هەرچەندە پادشا لە قبووڵ نەکردنی بەخششەکەی گوێرەکەی ئاسمانی دەترسا بەڵام پێی خۆش بوو کاهنەکە زوو بڕوات؛ لەوکاتەوەی کاهنی گەورە هاتووە ئەومەرایی بۆ دەکات، لەو کاتەشەوە هەست دەکات تاجی سەری‌و پۆشاکی پادشایانەی بەری لێ کەوتوونەتە خوارەوەو بەرامبەر پیاوانی دەربار بە رووتی وەستاوە، کاهنی گەورەش لەوە زیاتر بمێنێتەوە دەبێتە مارمێلکەو دەکەوێتە ژێر عەرشەکەی. وەکو کەسێکیش میز تاوی دا بێ بەسوپاسێکی پڕ بەدڵەوە مۆڵەتی دا:

**–بێگومان.. زوو زەوییەکان دەچنەوە سەر پەرستگە.. ئەوەی خۆشتان.**

کاهنی گەورە دڵی نەخوێندبووەوە، بەڵام لەو زیاتر حەزی دەکرد بڕوات. هەوڵی دا لە پادشا کورتتر بێ:

**–بۆ هی پەرستگە لاری نییە، بۆ هی خۆم بمبەخشن.**

ڕەتکردنەوەی بەخششەکە چاوەڕوان کرابوو، وەڵامەکەش ئامادە بوو، کاتی شەڕ نەبوو:

**–حەز دەکەم پەلە نەکەی.**

ئور–نینورتا سەری دانەواند، هەمووش بەگەرمییەوە بەخوداکانیان سپارد. بەهێمنی هۆڵەکەی جێهێشتو لەژێر لێوەوە نەفرەتی لەو دووڕووییە دەکرد:

**–ئەم سەگانە، ئەم درۆزنانە، دەزانم ئێستا کە رۆشتم بەچەقۆیەکی ژەهراوییەوە لەتلەتم دەکەن.**

گومانەکەی زوو بووە راست. پادشا هەناسەی پشووی پاش بەکۆڵ هەڵگرتنی کێوێکی دا. تەماشای پیاوانی دەرباری کردو چاوەڕێی تەعلیقێکی ئەوان بوو. پیاوانی دەربار چیتر گوێیان نەدایە ناودڵی کاهنی گەورەو تەنها ئاکامی کەللەڕەقییەکەیان لەبەرچاودا بوو. قسەی لە باج بەخشراو دەستی پێکرد:

**–بێسوودە لەگەڵیدا، ئەو پیاوە هەڕەشەو مەترسییە خاوەن شکۆ.**

یەکێکی تر لەپیاوانی دەربار ویستی زیادەیەکی خۆی بڵێ قسەیەکی دوور لە ئەگەرە بەهێزەکان بەڵام زۆر نزیك لە گەرمایی دڵەوە:

**–دەتوانێ شۆڕشێك بەرپا بکات، بەڵێ هەڕەشەیە خاوەن شکۆ، هەڕەشەیەکی کوشندەیە، مردن خۆیەتی.**

دەنگێکی زبرتر لەناو غەڵبەغەڵبی پێشنیارە هێمادارو بێ هێماکانەوە رێگەی خۆی کردەوە:

**–بیکوژە خوداوەند.**

وشەی کوشتن هۆڵەکەی بێدەنگ کرد. تەماشای پادشا کرا. شتی خراپ لەهیچ شوێنێکی دەموچاویدا نەبینرا، بێباکیی رووی پادشا لەوشەی کوشتن بازاڕەکەی گەرمتر کرد، ئینجا هەر یەك ویستی دەنگی خۆی بەرزتر بێ:

**–بیکوژە.. بەڵێ بیکوژە.**

یەکێك ویستی لەهەمووان گەرمتر پێشنیارەکە دووبارە بکاتەوەو بیکاتە ئامۆژگارییەکی زێڕین، بەڵام حەسوودی بەدەسەڵاتو کەرامەتی کاهنی گەورە بەرامبەر پادشا لەچاو سووکایەتییەکەی خۆی دەنگی کردە فیشکەی مار:

**–خاوەن شکۆ منیش دەڵێم بیکوژەو خۆت لە هەڕەشەکەی رزگار بکە.**

پیاوەکە بینی ددانەکان پیاوانی دەربار هەموو لەشی پادشایان کون کردووەو پادشا زیاد لەپێویست ژەهری وەرگرتووەو لەوە زیاتر کاری تێناکرێ بۆیە قەدی پێچی خواردو کلکی خاو بادا، زمانی دەرهێناو پێڵووەکانی بەمەکرەوە بەسەر چاویدا شۆڕبوونەوە:

**–خوداوەندی وڵات! دەزانی خەڵك چۆن باسی توانا نائاساییەکەی دەکەن...**

پیاوەکە قسەکەی تەواو نەکردو سووکو خاو گەڕایەوە کونەکەی خۆیو لەناویدا خۆی گرمۆڵە کرد. پیاوەکە چاوەڕێی کرد پادشا لەنامەکە تێبگات. وشەکانی پیاوەکە ئەوەی خستەوە یادی ئێنلیل بانی کە ئور–نینورتا تازە ببووە کاهنی گەورەی ئیسین کاتێك پێشنیار کرا بۆ پادشای پێشتر، ئیرا–ئیمیتی، پادشای بەدیل دابنێو دواتر ئەو پادشایە مردو خەڵکەکە هەر ئور–نینورتایان تاوانبار دەکرد. ئێنلیل بانی نامەی پیاوەکەی وەرگێڕا: ((**دوور نییە پیلانێك لەو جۆرە ئامادە نەکات، ئەوەش لە شۆڕش ئاسانترە**)). پیاوەکە نەیویست روونتری بکاتەوە چونکە دەترسا ئێنلیل بانی حەز نەکات ئەو رۆژەی بخرێتەوە یاد کە بەسنگی رووتەوەو تەنوورەی تا ئەژنۆو هەر دوو قاچ لەناو قوڕدا لە باخی پادشاوە بە بێڵێکەوە بۆ ناو کۆشك بانگ کراو پێی وترا دەبێتە پادشای بەدیل.

سەرەڕای حەزەری پیاوەکە پادشا رۆژی بێڵو قوڕەکەی کەوتەوە یاد. هەردوو چاوی نووقاند، دیمەنی پینەچییە نیوەعەقڵەکەی خۆی هاتە پێش چاو کە ئەمرۆ پێش ئەوەی بێتە هۆڵەکە بینیبووی و کاتێك بینی کەسیان لەدەوردا نییە حەزی کرد گاڵتەیەکی لەگەڵدا بکات: ((**سەیر دەبێ ئەمجارە پادشای بەدیل تۆ بی.. دوای باخەوان پینەچی!**)). ئێنلیل

بانی لە رەچەتەیەکی نوێی پادشای بەدیلو شۆربایەکی گەرمی تر دەترسا. چاوی بەهەموویاندا گێڕاو بۆ کاهنی ناو مەجلسەکە گەڕا. چاوی لەسەر (وەرەد-سین)ی کاهن گیرسایەوە:

-تۆ دەڵێی چی؟ ئاغاکەت بکوژم؟

گوێچکەی کاهنەکە لەئاست وشە هێمادارەکان قورس بوو و فیشکەفیشکی پیاوەکەی نەبیستبوو، خوێندەواریشی لاواز بوو و نەیتوانی ئاوازی دەنگی پادشا حونجە بکات، وەڵامەکەشی لەوە بێباکتر بوو کە چاوەڕوان دەکرا، کاهنەکە جۆرێکی تایبەتی مرۆڤ بوو، پیاوێك بوو قەناعەتی بە بەشی خۆی هەبوو:

**-خوداوەندی خەڵك، خۆری وڵات.. حەزی تۆ حەزی ئێمەیە. ئەو شتە بکە کە دەتەوێ، خوداوەندەکانیش بەرەکەت دەخەنە کارەکانت. بیکوژە ئەگەر حەز دەکەی، وازی لێ بێنە ئەگەر پێت خۆشە. بەش بەحاڵی خۆم کاهنی گەورە بە هەڕەشە نازانم، کەسی وای لەگەڵدا نییە، خەڵکیش کاریان بەم شتانە نییە کە ئەو دەیانڵێ.**

پادشا سەری سوڕمانی لەو پیاوە بادا:

**-خستتەوە یادم، جارێکیان وتبووت هەرچی خەڵکی ئیسین لەبارەی توانا نائاساییەکەیەوە دەیڵێن زیادەڕەوییەو بەڵگەی لەسەر نییە. کەسی تر بوایە حەزی دەکرد کاهنی گەورە لەژێر خاکدا ببینیایە نەك لە دەربار. دەزانم زۆر لە کاهنەکان چاویان لەشوێنەکەیەتی، بەڵام تۆ جیای.**

پادشا یەکەم جاری بوو تێبینی بکات کەسێکی بەقەناعەتو بێتەماع جێگەی خۆی لەناو دەرباری پادشایاندا کردۆتەوە، لاشی سەیر بوو چۆن ئەوە گونجا، دیارە خوداوەندەکان دەستیان گرتبوو. شتی سەیری زۆر لەم جیهانەدا هەنو دیارە ئەمە یەکێکیانە. جارێکی تر لەعەرشەکەی چووە خوارەوەو لەناو هۆڵەکەدا کەوتەوە هاتوچۆ. سەوڵەجانەکەی بەلەپی دەستی چەپی دەکێشا، وەستاو دیسان وتاری دا.. زۆر لەوەی پێشوو ساردتر، بەڵام لەبەری بوو و بیرکردنەوەو هۆنینەوەی نەدەویست:

**-ئێمەی پادشایان بۆیە هەڵبژێردراوین تا بەدانایی وڵات بەڕێوەبەرین. پادشای دانا پەلە ناکات. دەبێ پادشا وەکو هەویر مامەڵە لەگەڵ رەعیەتدا بکات. ئەوەڵی هەویرشێلان زەحمەتە. هەویرەکە هەمووی بەدەستتەوە دەنووسێ بەڵام بەئارامگرتن دەیکەیتە یەك تۆپەڵو چۆنت حەز لێیە وای لێ دەکەی. منیش پەلە لەکاهنی گەورە ناکەم. سوپاکەمان بە یەك فەرمان لەبەر پێماندا کۆدەبێتەوە، سامانی وڵاتیش لەناو لەپی دەستماندایە، پیاوانی زۆری پەرستگەش ئاواتی گەورەیان بەجێهێنانی فەرمانەکانمانە. خوداوەندەکان بەگاڵتە ئێمەیان بە پادشاو خوداوەند هەڵنەبژاردووە.**

هەموو پیاوانی دەربار چاوەڕێی دوا وشەی پادشا بوون، کە بینیشیان وەستاوەو نیازی نییە لەوە زیاتر هیچی تر بڵێ زانییان کڕنووشی دەوێ، فەرمانی دڵیان بەجێهێناو سەریان نەوی کرد، خۆیان بەدەستەوە داو کڕنووشیان برد. پادشا چووەوە سەر تەختەکەیو ئەمجارە بەفەرمانێکی زمان هەڵسانەوەو چاوەڕیی فەرمانی دووەمیان نەکرد. تێگەیشتبوونو بۆ خولێکی تری کێبڕکێی ستایش ئامادە بوون.

پادشا بێدەنگیی دەنواندو نەیدەتوانی بێدەنگ نەبێ، وازی لەپیاوانی دەربار هەوجاڕ لەدەست بنو هەموو قسە هی ئەوان بێ. هۆڵەکە دەنگی شکۆمەندکردنی پادشای خوداوەندیان سەندەوە، بەڵام نیگەرانیی پادشا نەڕەوییەوە.

# زەماوەندی خوێن

چاوی بەناو ژوورەکەدا گێڕا. تەواو بەو شێوەیەی بوو کە داوای کردبوو؛ رووناکی، جێگەی نوستن، کەنتۆر، پەردەکان. رووناکییەکی کپی پرتەقاڵیی چرا، هەموو ئەساسەکە بە نەخشێکی کۆن، رەنگی نەخش لەهەموو جۆرێك؛ مار، گەڵای مێو، هێشووی ترێ. پەردەیەك بە رەنگی جەرگو بە وێنەی جۆراوجۆر؛ پاڵەوانێکی ریشدار هەموو پۆشاکی پشتێنێکە لە کەمەر، کڵاوێکی دوو شاخیی کردۆتە سەر. گامێشێکی ریشدار بەپێوە وەستاوەو شەڕی دەستەو یەخە لەگەڵ پاڵەوانەکە دەکات. ئەژدیهایەکی چوارپێ کەللەی سەری مارەو کلکی وەکو مارێکی تر رەپ بەرزبۆتەوە. پۆلێك کچی لاو لەدەستی جانەوەرێك رادەکەن.

لەنێوان کەنتۆرەکەو جێگەی نوستن قیسارەیەکی تەختەی رووپۆشکراو بە زێڕ لەسەر مێزێکی نەخشداردا دانراوە. پێشی قیسارەکە سەری گایەکە دوو شاخی گەورەی هەیەو لەچەناگەیەوە ریشێکی درێژ هاتۆتەوە خوارەوە.

لەناو رووناکییە زەردە سووربāوەکە کچە سپی پۆشە تارا لەسەرەکەی بینی. کچەکە سەری داخستبوو و لەسووچی ئەوسەری قەرەوێڵە دوو کەسییە قەبەکەدا بەترسەوە دانیشتبوو، باوەشی بە دوو قاچی کردبوو و دەموچاوی لەناو چاڵی نێوان دوو ئەژنۆیدا شاردبوویەوە. هەستی بە سامی کچەکە کرد، سامی یەکەم شەوی، سامی شاخان، سامی ژوورە سەیرەکە کە هاوشێوەی لە خەوی ترسناکیشدا نەدیبوو.

شاخان زانی روونکردنەوەی ئەو شتانە خۆشیی ئەو ساتە کاڵ دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو روونکردنەوەیەی بەپێویست زانی:

**–زیندووکردنەوەی نەریتە کۆنەکان کەمترین شتە کوڕی پادشا مەزنەکانی ئەم وڵاتە بیکات.**

کچەکە بەشەرمو ترسەوە لەژێرەوە چاوی هەڵبڕی، مووچڕکی سام لەشی راچڵەکاند. چاوی داخستەوە. سووکە ئەسەفێك بەدەنگی شاخانەوە دیار بوو:

**–رەنگە پەشیمان بمەوە ژنی گونجاوم هەڵنەبژاردووە.**

شاخان بەپۆشاکی زەیتوونیی بەڵەکەوە هاتبوو، دوو دەستی خستە ناو قایشەکەیەوە، دوو هەنگاو بەرەو کچەکە نزیککەوت، ئینجا رووی لێ وەرچەرخاندو رووی کردە قیسارە سەر گاکە، لەسەرخۆ چەند هەنگاوێکی تر رۆشتو گەیشتە بەردەمیو وەستا:

**–دەبوایە کتێبێکم بدایتایە، کتێبێك باسی پادشا کۆنە مەزنەکان بکات، باپیرانم، ئەوسا دەتزانی ژنەکاهنەکە چۆن بەپەرۆشەوە پێشوازیی لە پادشا دەکرد. دەبوایە شتێکت لەبارەی ژنهێنانی پیرۆز بزانیبا.**

ئینجا بەرەو کەنتۆرەکە چوو و کردیەوە. دەستی دایە شتێکو دەریهێنا، کڵاوێکی ئاسن بەشێوەی نیوە تۆپو لە هەردوو لایدا دوو شاخ دەرچووبوون. دوو نووکی دوو شاخە کەوانەییەکە روویان لەیەکتر بوو. کڵاوەکەی کردە سەر. لەناو رووناکییە کزە پرتەقاڵییەکە وەکو پەیکەرێکی زەمانێکی لەیادچوو بوو، تارماییەکی باڵا بەرز دوو شاخی هەیە.

کچەکە جارێکی تر چاوی هەڵبڕی، ئەمجارە خوێن لەدەموچاویدا نەما. دەنگی شاخان دوور دەهات:

**–پادشا مەزنەکان لەگەڵ ژنەخوداوەندێکدا جووت دەبوون. پادشاو عیشتار شەوێکی پیرۆزیان دەبردە سەرو پادشا دەبووە خوداوەند، بەلای کەمەوە وا دەڵێن، دەنا رەنگە پادشاکە پێشتر خوداوەند بووبێ و ئەو شەوە شەرعیەت بەخشین بووبێ بەو خوداوەندێتییە.**

کچەکە بۆ یەکەم جار قسەی کرد، دەنگی کز بوو، دەلەرزی:

**–ئەستەغفیروڵلا.**

پێکەنینێکی کورتی لە شاخان بیست:

**–تەواوم نەکرد؛ بێگومان ئەو ئافرەتەی ئەو شەوەی لەگەڵدا دەبردە سەر خوداوەند نەبوو بەڵکو ژنەکاهنێك بوو دەوری عیشتاری دەنواند.. بۆچی پەنا بۆ خودا دەبەی؟ لەم ژوورەدا تەنها منو تۆ هەین، منی خوداوەندو تۆی ژنەخوداوەند لە جەستەی ژنەکاهندا، یان ژنەکاهن لەجێگەی ژنەخوداوەنددا.**

**–ئەستەغفیروڵلا.**

شاخان رووی وەرچەرخاندو پشتی تێکرد، دوو دەستی لەناو قایشەکەیدا بوو:

**–بەبێ فەرمانی خوداوەندی زەوی پەنابردن بۆ کەس رێگەی پێنادرێ، تەنانەت بۆ خوداوەندی ئاسمانیش.**

لوورەیەکی بەرزی ناساز کچەکەی راپەڕاند. تۆقیو کەوتە سەر ئەژنۆو کێشای بە هەردوو روومەتی خۆیدا:

**–هاتن، دایە گیان هاتن.. با خۆمان بشارینەوە.**

دەنگی شاخان ئاسایی بوو:

**–خوداوەندەکان لە باڵندەی ئاگرهاوێژ ناترسن.**

گرمەو ناڵە دەستیان پێکرد، یەکێك دوور، یەکێك دوورتر، سێیەم زۆر نزیك، گرمەو ناڵە بەردەوام بوون، کچەکە پەنای بۆ زەوی بردو پشتی نا بەدیوارەکەوەو خۆی گرمۆڵە کرد، شاخان لێی نزیك بووەوە، دەستی خستە سەر سەری، تاراکەی لادا، بەدەنگییەوە دیار بوو زەردەخەنەیەتی:

**–رەنگە من تاکە پادشا بم لەسەر ئاوازی گرمەی سیمرخە ئاگرهاوێژەکان ژن بهێنم، تەنها من کردوومە، من تاکی پادشایانم، تەنانەت باپیرە مەزنەکانیشم ئەوەیان نەکردووە.**

چووەوە لای قیسارەکەو لەسەر کورسییەکەی پشتەوەی دانیشت، کڵاوە شاخدارەکەی لەپشتی گا ریشدارەکەوە دەرکەوت، لەیەکتر دەچوون. پەنجە گەورەکانی بەسەر ژێکاندا برد، ئاوازەکە نارێك بوو:

**–دوای تەواوبوونی مەراسیمی ژنهێنانی پیرۆز هەوڵ دەدەم فێری ئەم ئامێرە بم، (شولگی) لەوەدا پێشمکەوتبوو.**

دوو گرمە لەسەر یەك نزیك بوون، وازی لەئامێرەکە هێناو رووی کردە کچە تۆقیوەکە کە هێشتا خۆی گرمۆڵە کردبوو:

**–لە شەڕی پێشوومدا دژی نەوەکانی عیلامو کیسرا من بووم شارەکانی دوژمنم دەهەژاند، شەوی خامۆشم لێدەکرن بە رۆژی دەنگو هاوارو ناڵە.**

ئاوڕیدایەوە بۆ ئامێرەکەیو بەدەم ژێ لێدانەوە قسەکانی تەواو کرد:

**–دوژمنە رۆژهەڵاتییەکەمان زۆر سەرسەختو کەللەڕەق بوو و نەیدەویست ئەو شەڕە رابگرێ، وتم با شارەکانی وێران بکەم، با ژیانی لێ تاڵ بکەم بەڵکو دەست هەڵبگرێ، خۆم جەنگەکەم دەست پێکردو ویستم ئەو کاتە بوەستێ کە خۆم دەمەوێ، بەڵام دوژمن کەللەڕەق بوو. شەڕی شاریش هەر دەسپێشخەریی خۆم بوو، دوژمن لەسەددا یەك منی پێ نەدەکرا، هێندەی من سیمرخی ئاگری نەبوو. هاوڕێکانم ئەو سیمرخانەیان بۆ ناردبووم...**

دەنگەکەی بووە ئاوازی ژێیەك خەریکە دەگری:

**–ئەو هاوڕێیانەی ئێستا گریان بەرداوەتە شارەکانم. دیانەوێ کۆیلەیەکی گوێڕایەڵ بم.**

پەنجە گەورەکانی توند بەسەر هەموو ژێکاندا برد، نیو چرکەی تێکەڵی هەموو ژێکان، زرمەی سووربوونو بڕیاری بێگەڕانەوە بوو:

**–بەڵام باشیان نەناسیبووم، منم شاخان نەوەی باپیرە مەزنەکان.**

جارێکی تر پەنجەکانی تاك تاك بەسەر ژێکاندا جوولانەوە، لەگەڵ ئاوازە نەسازەکەدا دەستی کرد بە گۆرانی وتن:

**–ئەو بوو هەموو شتێکی بینی.. ئەو بوو هەموو شتێکی بینی.. بەیادی ئەو گۆرانی بڵێ ولاتەکەم.. ولاتەکەم.. ئەو بوو هەموو شتەکانی زانی..**

وەستا، دوو شاخی کڵاوەکەی گرت، بەرزی کردەوەو تەماشای کرد، کردیەوە سەری:

**–دەزانی ئەوە کێیە؟ ئەوە گلگامێشە، پاڵەوانێکی کۆنی مەزنانگەیە. منیش وەکو ئەو هەموو شتێکم بینی، منیش وەکو ئەو هەموو شتێکم زانی، ئەو نەمرییەش کە ئەو بەدوایدا دەگەڕا من تامو خۆشییەکەیم زیاتر چەشت.**

ئاوازەکەی لێدایەوە، گرمەکانی دەرەوە کەمترو دوورتر بوون:

**–ڕۆشتنەوە! هاکە بۆ خولێکی تر هاتنەوە. ئەو سیمرخانە نەرمم ناکەن. شەڕی شار دوژمنە ڕۆژهەلاتییەکەی نەرم نەکرد، هەر جارەی بیانوویەکم دەدۆزییەوە تا خولێکی نوێی شەڕی شار دەست پێبکەم. جارێك خۆمان ئاگرێکمان گرتە کەناری ئەو دراوسێییەی باشوورمان کە لەترسی ئەو دوژمنە ڕۆژهەلاتییە، لەترسی منیش هەروا، کۆمەکی بۆ دەناردین. منیش خێرا قسەم بۆ خەڵك کرد، وتم هەر کەسێك دەست بۆ برایەکی ئێمە بەرێ ئەو دەستەی دەبڕینەوە، فەرمانیشم دا هێرشی ئاگر بکرێتە سەر شارەکانی دوژمن.**

هەڵسایەوە، ڕووی کردە ئاوێنەیەکی درێژ، تەماشای خۆی کرد، دەستی بەرز کردەوە، دەنگی گۆڕاو هەناسەی ڕاگرت بۆ وتارێکی گەرم:

**–منم شاخان، پادشای مەزنی مەزنانگە، زەویو ئاسمانم هەراسان کردبوو، بە دەستی خۆم شکۆمەندیی خۆمو ولاتەکەم دامەزراند، ئێستا بە دوژمنان دەورە دراوم، دوژمنی ئەمڕۆ، هاوڕێیانی دوێنێ، بێوەفاکان، بەڵام باڵای من لەهەموویان بەرزترە، لەکۆتاییدا هەر من سەرکەوتوو دەبم، بۆ ئەو سەرکەوتنەش با ئاهەنگەکەمان دەست پێبکەین. جادووگەرە کۆنەکە ڕاستی کرد، دەستم خستە ناو ئالوسی خوێناوی، گەورەترین شەڕم هەڵگیرساند، سوور جوانترین ڕەنگە خوداوەندی ئاسمان بۆ خوداوەندەکانی زەویی دابەزاندبێ، هەرچەندە خێڵەکەم ڕەنگی سەوزی هەڵبژاردبوو بەڵام سوور ڕەنگی مەزنەکانە.**

کڵاوەکەی داکەندو خستییە سەر مێزەکە تەنیشت سەری گای قیسارەکە، لە کچەکە نزیککەوتەوە، کچەکە زیاتر خۆی بەدیوارەکەوە نووساندو زیاتر خۆی خڕکردەوە. کچەکە هەستی بە هەناسەکانی کرد لێی نزیك دەبنەوەو گڕی سامی تێبەردەدەن. سیمرخەکان هاتنەوەو خولێکی نوێی گرمەو ناڵە شارەکەی هەژاندەوە:

**–چل ساڵە خوێنی جۆراوجۆر دەبینم، بەدەستی خۆم دەیانڕێژم، بەدەستی پیاوانم، چل ساڵە ئەمە خوێنی دووەمە.**

چاوەکانی زەق ببوون، کچەکە قیژاندی، ترس لە سیمرخەکانو لەو چاوە زەقانە لەگەڵ ئازاردا تێکەڵ ببوون. مەزنی مەزنانگە هەموو هێزێکی خستەکارو سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ڕاست بووەوەو چووەوە لای قیسارەکەو کڵاوە شاخدارەکەی کردەوە سەر، گەڕایەوە لای ژنەکەو پارچە سوورەکەی پۆشاکەکەی توند دڕیو لەشاخێکی کڵاوەکەی چەقاند. لەبەر ڕووناکییە کزە پرتەقاڵییەکە دیمەنێك بوو وێنەکەی لە ڕابوردوودا کەم بوو:

**–ئەو قوماشە پیشانی باوکو براکانت نادرێ، ئەو قوماشە پێشکەش بە خوداوەندەکانی دەکەم، پێش هەموویان.. بە خۆم.**

چووە بەرامبەر ئاوێنەکەو تەماشای خۆی کرد، دەستی بەرزکردەوە:

–ئەمشەو خوداوەندی مەزنانگە ژنهێنانێکی پیرۆزی ئەنجام دا، ئەمشەو شایی خوێن‌و خوداوەندەکانە.

## دەرفەت

پیاوانی کۆمەڵەی میراتگران لە شیرینئاواو مەزنانگە لەزووەوە چاوەڕوانی موعجیزەیەك بوون ئەو مێردەزمەیە بەرێتەوە. ڕۆژانی ژیانی شاخانیان لێ ببووە سەردەمێکی ئەزەلی. تەواویش باوەڕیان بەو ئەفسانەیە کردبوو کە لەبارەیەوە هۆنرابووەوە گوایە تەمەنی قەقنەسی هەیەو ئەو شکۆمەندییەی دایمەزراندووە بۆیە هەبووە تا هەمیشە ببێ.

زۆر جار بە کۆمەڵەی میراتگران دەوترا شاخەکانی بشکێنن بەڵام وەڵامەکەیان بەردەوام وەڵامە کۆنەکە بوو. هەموو جارێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنە پەنایان بۆ بێدەسەڵاتی دەبرد: ((**کەسمان نییە بتوانێ لەخۆڵدا بیگەوزێنێ**)). **هەمیشە دیانوت:** ((**هەر شەڕێك لەگەڵ شاخاندا پێشەکی ئەنجامەکەی زانراوە: شەڕێکی دۆڕاوە، گریمان زەبرێکی بەرکەوت، هەڵسانەوەی لە کەوتنی خێراترە**)).

هاندەرەکە شتێکی عەمەلیی دەویست، ئەوەشی لەبەرامبەریدا بەرجەستە ببوو بێتواناییو بێدەسەڵاتیی کۆمەڵەی میراتگران بوو. چەندین جاریش پێی وتبوون: میراتییەکەی شاخان پیاوی دەوێ کێتان پیاوە با بێتە پێشەوە. کوڕانی مەزنانگەو شیرینئاواش گوێی خۆیان لەتەك ئەو سووکایەتی پێکردنە کەڕ دەکرد.

کۆمەڵەی میراتگران چاوەڕێ بوون تا ڕۆژێکیان شاخان هەڵە کوشندەکەی کردو پەلاماری دراوسێ باشوورییەکەی دا. (گورگی گۆش)ی باوك پاش چەند مانگێك چاوشارکێ کردن لەگەڵ شاخاندا بڕیاری دوایەمینی خۆی دا.

کۆمەڵەی میراتگرانی شیرینئاوا لەو چەند مانگەدا خەریکی سکەخشێ بوونو لەهەموو شتێك بێئاگا بوون تا شەوێکیان وەکو خەڵکی شیرینئاوا خەونەکەیان بینی، گاڕەشیان بەشاخی شکاوەوە بینی. فریای ئەو بەیانییەش نەکەوتن کە منداڵانی شیرینئاوا یارییان بە کەللەسەری هاوشێوەی سەری شاخان دەکرد چونکە پاسەوانەکان پڕ شەقامەکانی شیرینئاوا بوون.

لە مەزنانگەدا شاخان شەڕەکەی بە سەختی دۆڕاندبوو. گورگی گۆش شتی تری لەمێشکدا بوو، گورگی نەیویست خۆی بە شەڕی ناو شەقامەکانی مەزنانگە تووش بکاتو هێندەی بەس بوو دراوسێی باشووریی خاوەن بیابانی زێڕ ڕزگار بکات، بەڵام شیرینئاوا ئاگای لەدڵی گورگی نەبوو و دۆڕانەکەی شاخان بۆ ئەو دەرفەت بوو.

پێش ئەوەی کۆمەڵەی میراتگران بچنە ناو شارەکە خەڵکی شیرینئاوا پەلاماری پاسەوانەکانیان دا، شوێنە سامناکەکانیان گرتو تەنها ((کەپکی قنگەجنۆکە)) مابوو، کەپکەکە سامناکترو سەختتر بوو بەڵام ئەویش کەوت. ئەو پیاوە تایبەتە پۆشاك سەوزە بەڵەکانەی شاخان کە بە شیری گورگ گۆش کرابوون کەوتنە دەستی تۆڵەی خەڵکەکە. لەگەڵ کەوتنی کەپکی قنگەجنۆکەش متمانە بە دادپەروەریی ئەزەلی بۆ شیرینئاوا گەڕایەوە.. پیاوە گورگەکان لەهەموو لایەکی کەپکەکە کەوتبوون، ئاسمان تۆڵەکەی بەنیوەناچڵی جێنەهێشت؛ بارانێکی ساردی ناردو کرمەکانی لە تەرمە ڕاکشاوەکان دوورخستەوە. پیاوە گورگەکان بۆ چەند ڕۆژێك ببوونە شوێنی گەشتی شیرینئاوا، هەر یەك چیرۆکێکی هەبوو: ((**ئەمە گرتمی.. ئەوە لێیدام.. نەمدەوێرا تەماشایان بکەم.. براکەم لەسەر ئەم بەردە تیرباران کرا..**

**شەوێکیان گوێم لەچەند زرمەیەك بوو، نەمزانی ئامۆزاکەم بوو، خۆیو پێنج کەس.. لەم قنگەجنۆکەیەوە شیرینئاوای بێ باوکیان سەرکوێر دەکرد))**.

خەڵکی شیرینئاوا کارە گەورە خەوپێبینراوەکەیان دەست پێکردبوو، لەوەش بەدواوە شەقامەکانی شارەکە پڕی بوو لە ئاڵای جۆراوجۆر، وشەکانی: ((**هیوا، سەرکەوتن، پشتبەخۆبەستن**)) لەهەموو وشەیەکی تر زیاتر دەبینران. جەژنی شیرینئاوا بوو، بتەکانی شاخان لەهەموو لایەکی شیرینئاوادا دەشکێنران، لەو رۆژەوە شاخان وەکو بتێکی وێنەکراو لە شیرینئاوادا نەبینرایەوە.

*     *     *     *     *

(خۆشەویست) نەخۆش نەبوو، وەکو نەخۆشێك هەنگاوی هەڵهێنا. چووە حەوشەکە، سەری بۆ ئەستێرەکان بەرزکردەوە، کونی بچووکی زۆر لەناو رەشایی بێسنووردا دەبریسکانەوە:

– **سبەی جەژنی ئورە، سبەی رۆژی منە**.

# پیلانی کاهنەکان

**–چاوەڕێی کاهنی گەورەین قسەمان بۆ بکات. قسە بکە، ئێمەش دەبیستین.**

دەنگەکە هێمنیی ژوورەکەی شێواند، هەرئەوەندە بوو و جارێکی تر هێمنی بەسەر ژوورەکەدا نیشتەوە.

هەشت کەس بەرووی مۆنەوە چاوەڕێ بوون نۆیەمیان قسە بکاتو گوێی لێبگرن. چرای ناو تاقەکەش کە گڕە کزەکەی دەلەرزی سامێکی زیاتری بەو کۆڕە دابوو. خوداوەندە بچووکەکانی ناو تاقەکانی ژوورەکەش لەگەڵ لەرزەی چراکە هێمن هەڵدەبەزینەوە. نۆ پیاوە مۆنەکە لەچەند خێوێکی ناو ئەشکەوتێکی دوورەدەست دەچوون. هەشت دەموچاوی گرژو مۆن، هەشت دەموچاوی بێ موو و سەرتاشراو چاوەڕێی نۆیەمی مۆنتریان دەکرد قسە بکات. هەشت لەسەر سەکۆیەك بەدرێژایی سێ دیواری ژوورە لاکێشەکە بەرامبەر نۆیەمی سەر سەکۆی دیواری چوارەم دانیشتبوون. نۆیەمی مۆنتر جووڵەی نەبوو، رووی لەبۆشایی نێوانیان بوو و دوو دەستی لەسەر دوو ئەژنۆی:

**–بێ ئەوەی لێتان وردبمەوەو ناو مێشکتان بخوێنمەوە خۆتان بیڵێن. من ئێوەم بانگ نەکردووە تا قسەتان بۆ بکەم.**

ئەو کاتە کاهنی گەورە قسەی کرد. وەڵام نەهاتو ئەویش چاوەڕێی وەڵام نەبوو، دەیزانی وەڵام زوو نایەت:

**–دەزانم بیر لە شتێکی گەورە دەکەنەوە، بەڵام نازانم ئەو شتە چییە، رەنگە بشزانم، رەنگە لەخۆتان باشتر بزانم.**

باسی شتی گەورە هێمنیی ژوورەکەی ئەمجارە درێژتر کردەوە. چراکە بە هێمنی دەلەرزی.

ئەوانە بەوپەڕی نهێنییەوە هاتبوونە ماڵی بەتەمەنترینیان. یەك ئەوی تری ئاگادار کردبووەوە. دوایین کەسیش ئاگاداری بکەنەوە کاهنی گەورە بوو، پێیان وت پاش ئەوەی دڵنیا بوون کە هەرهەموویان ئامادە دەبنو پاش ئەوەی زانییان هەرهەموویان بیر لەهەمان شت دەکەنەوە. بڕیارەکە سەخت بوو بەڵام لەوە سەختتر درکاندنی رازەکەیە لای کاهنی گەورە. هەشتی مۆن پەلەیان بوو ئەمشەو بڕیارێك بدرێ، زەردی گڕدار سێ چارەکی خولی ژێر زەویی تەواو کردووەو ئەگەر پەلە نەکەن لەبنی تاریکی زەوی رزگاری دەبێو ئاشکرایان دەکات.

ئور–نینورتا رێگەی بۆ خۆشکردن:

**–شتەکە پەیوەندیی بەپادشاوە هەیە؟**

وشەی پادشا سامی ژوورەکەی گەیاندە ترۆپك. هێمنییەکی زیاتر. گوێیان لە ترپەی خوێنی دەماری پشتی گوێچکەی خۆیان بوو. چرا هێمن دەلەرزی.

**–ئەگەر ئەو بێ، ئەگەر هەر کەسێکی تر بێ قسە بکەن.**

دەبوا قسە بکرابا، دەبوا یەکێکیان دەستپێشخەریی بکردایە، یەکێك بەدڵگەرمییەوە:

**–بەڵێ پادشایە.. بەڵێ پادشایە، کێمان هەیە لەو زیاتر.**

ئور– نینورتا بەهێمنی وەڵامی دایەوە، بەهێمنیو بەخۆشییەوە، دەماری پشتی ملیان قایمتر لێیدەدا:

**–دەبینم بیر لەشتی پڕ مەترسی دەکەنەوە، شتی گەورە، گەورەتر لەخۆتان.**

دەنگی ئەو کاهنەی دەستپێشخەرییەکەی کرد بەرزتر هاتە بەرگوێ:

**–گڵاوکردنی پیرۆزیی خوداوەندەکان لەوە گەورەترە.. گەورەترە یان نا؟ دەمانەوێ تۆ پێمان بڵێی، دڵنیاین هەر وامان**

پێیَ دەڵێی، لەئێمە زیاتر باست کردووە.

کاهنی گەورە هێشتا هێمنە:

–من وتوومەو دەیڵێم، بەڵام لەژووری تاریکدا نا، لەناو کۆڕێکی واشدا نا، بەڕێزان! ئەمە لە پیلان دەچیَ.

تازە سام رەوییەوە، وشە گەورەکان کاریان نەما، وشەی پیلان نەیترساندن:

–پیلانە یان نا لای ئێمە جیاوازیی نییە، ئێمە شتێکمان دەویَو دەبیَ بکریَ، لەگەڵماندای یان دوورەپەرێز دەوەستی؟

ئور–نینورتا هەر هێمنە، وشەکان ریزێکی کەمیان تێدابوو، بەڵام ئەو هەر هێشتا هێمنە، چرا هێمنتر دەلەرزی:

–کەمێك من بخەنە ئەولاوە.. ئەوەتا من کەمێك لەولا وەستاوم.. ئەی ئەوانی تر؟ دەزانن هەموو کاهنەکانی ئیسین لەگەڵیدان، یان ئەگەر وشەکەتان بەدڵ نییە: شوێنی کەوتوونو کۆیلایەتیی بۆ دەکەن.. ئەم وشەیەتان بەدڵە؟ بەڵام ئەمە خراپترە چونکە کۆیلە گوێبیستی ئاغاکەیەتی بەتایبەت ئەگەر بەتەواوی رەزامەندیو خۆشیی خۆیەوە کۆیلایەتیی هەڵبژاردبیَ، ئەوان زۆرن بەڵکو ئەوان هەموویانن ئەی ئێوە کێنو چەندن؟ نابینن پێشوەخت شەڕەکەتان دۆڕاندووە؟

یەکێکی تر دڵگەرمتر بوو:

–شەڕ بۆ خوداوەندەکان هەمیشە براوەیە.

ئور–نینورتا هێمنە بەڵام خۆشحاڵترە:

–خوداوەندەکان تەنها ئەوەیان دەویَ کە لەتوانای مرۆڤدایە.

بەڵام دەنگەکە هەر دڵگەرمە:

–ئێمە زۆرترمان پێدەکریَ.

دەنگەکە بووە دوان:

–بەڵی زۆرترمان پێدەکریَ.

بەتەمەنترین کەس لە هەشتی مۆن دەستی جووڵاندو هێمنیی گەڕاندەوە بۆ ژوورەکە. لەگەڵ قسەکانیدا ژوورەکە هێمن بووەوە، لەرزەی چرا کزەکەش هێمنتر بوو:

–گەورەم کاهنی گەورە، ئێمەی تاقمی کاهنەکان هێزێکی هێندە گەورەین کە بەهێزترین پادشا بەرامبەرمان جگەلە گوێڕایەڵی هیچی تری بۆ نەکریَ. ئەمە بەخششێکی خوداوەندەکانە پێمان دراوە چونکە بۆ خزمەتی ئەو خوداوەندانە ژیانمان تەرخان کردووە، بزانە چۆن بەڕێزتان لەهەموو کەس زیاتر خزمەتی خوداوەندەکانت کردووەو خوداوەندەکان تۆیان کردۆتە سەری هەموو کاهنەکان هەرچەندە تەمەنی تۆ سی یان سییەك یان سیودوو ساڵەو کاهن هەیە دوو هێندەی تەمەنی تۆی هەیە. ئێمەش هێندەی هەواڵەکانی رۆژانی رابوردوومان خوێندۆتەوەو بیستووە دەزانین سەردەمێکی زێڕین هەبووە کاهن سەرۆکی وڵات بوو.

بزەیەك بۆ یەکەم جار لەو ژوورەدا بینرا. ئور–نینورتا بوو، تەمەنی دەورویەری چل ساڵ بوو. هەر ئەو نەختە بوو ئینجا مۆنی زاڵ بووەوە. وەکو مامۆستایەك قوتابییەکانی تاقیبکاتەوە:

–خوداوەندەکان دەبەخشنو دەسەننەوە. ئێمە زۆرجار دەبینین پادشایان کاهنەکان دادەنێن.

وەڵامی قوتابییەکی تر ئامادەبوو:

–واش بیَ پادشاکان ئامێری خوداوەندەکانن.

کاهنی گەورە پرسیارێکی کرد پێشوەخت وەڵامەکەی دەزانی:

–ئەی بۆچی ئێستا ئێمەی کاهن وامان لێهاتووە؟

بەتەمەنترین یەك لەهەشتی مۆن وەڵامەکەی وەکو نووسینێکی لەبەرکراو وت:

–خەتا خۆمانین، خۆمان خەتاین، دەستبەرداری خزمەتی خوداوەندەکان بووین و لەجیاتی ئەوان خزمەتی پادشایان دەکەین.

کاهنی گەورە دیسانەوە هانی دا:

–کێ دەڵی وایە؟ کێ دەڵی ئەمە خراپە؟

وەکو هووهای براوە وەڵامەکە لەشوێنێکی ترەوە هات:

–قسەی خۆتان بووە کاهنی گەورە، هەمیشە قسەی خۆتان بووە کاهنی گەورە.

–بەڵێ گەورەمان، بەڵێ، چەندبارەو سەدبارە لەئێوەمان بیستووە.

بەتەمەنترین لە مۆنەکان جارێکی تر ژوورەکەی هێمن کردەوە، چراکە هێمن دەلەرزی:

–گەورەمان! پێویست ناکات پادشایان وەکو ئاژەڵ جڵەومان بگرن و بمانبەن بۆ ئەو شوێنەی لەکۆتاییدا هەموومان ئەمرۆ بێ یان سبەی دەیگەینێ. هەموو لەیەك دەگەین و هەموومان هاوڕاین. ناخی دڵتان ئاشکرا مەکەن بۆمان، ئێمە دەتانناسین. تەنها یەك شتمان پێ بڵێن: دێیت لەگەڵماندا یان خۆمان شتێك بکەین و ئاکام چی دەبێ بابێ؟

کاهنی گەورە رووی لە بۆشایی بوو، هەمووشیان روویان لەو بووە. راز درکاو چاوەڕێیی وەڵامێك بوون ژیانی یەك بەیەکیان سەرەوژێر دەگۆڕێ. دیسان هێمنی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. چرا بێدەنگ دەلەرزی. بێدەنگی درێژەی کێشا، دیسان گوێیان لە ترپەی دەماری پشت گوێچکەیان بوو، ئەمجارە خاوتر. چرکەکان زۆر خاو دەڕۆشتن.. نەدەڕۆشتن.

–نەخێر!

کاهنی گەورە رایچڵەکاندن. پێش ئەوەی بیری لێبکەنەوە دووبارەی کردەوە:

–نەخێر!

بەڵام پێش ئەوەی هیوایان بڕەوێتەوە نەرمتر وتی:

–بۆ ئێستا نەخێر! بۆ ئەم ئێستایەی ئێمە نەخێر، بەوشێوەیەی بیری لێدەکەنەوە نەخێر.

هەموو هەناسەی پەنگخواردوویان بەرەڵا کرد. ئەو کاتە زانییان هەناسەیان لەخۆیان بڕیبوو. ئور–نینورتا هێواش هەڵسا، دوو هەنگاو رۆشت و دووبارەی کردەوە:

–بۆ ئێستا نەخێر، سەد جاریش نەخێر.

زیاتریشی پێ بوو بیڵێ:

–هەشت و یەك دەکاتە نۆ، نۆ بەرامبەر بە چەند؟ نۆ بەرامبەر بە کێ؟

نەیهێشت پێشیبکەون:

–دەزانم، ئێستا دەڵێن کاهنی ترمان لەگەڵدایە، رەنگە ئێوە راست بن، بەدڵنیاییەوە راست دەکەن چونکە ئەوانە وەکو ئێوە دەناسم، بەڵام هیچیان لەسەر بینامەکەن، سەرەتا بەدەمتانەوە دێن بەڵام هەر ئەوەندە دەنگی شەققەی چەك ببیستن دەستان لێ بەردەدەن.. نابێ؟ بەڵێ دەبێ، ئەگینا بۆچی بانگتان نەکردوون؟ لەبەرئەوە بزانن چەندی وەکو ئێوە ئامادەن تا کۆتایی رێگە لەگەڵتاندا بڕۆن. پرسیارتان کرد: دێی لەگەڵماندا؟ منیش بە بەڵێ وەڵامتان دەدەمەوە، سەد جاریش بەڵێ. من گومانم لە هەڵوێستتان هەبوو، ئێستا گومانم رەوییەوە، ئێستاش ئەگەر بپرسن: دێی لەگەڵماندا؟ من بەسەد بەڵێ وەڵامتان دەدەمەوە. لەئێوە زیاتر دەمەوێ ئەم کارە بەئاکام بگا، بەڵام ئاوا بەهیچ ناگا جگە لەمەرگی بێسوودی هەر نۆمان. دوای مەرگی ئێمەش دەیەم دروست نابێ. بیری لێبکەنەوە: هەشت و یەك نۆیە، نۆ بەرامبەر بە چەند؟ نۆ بەرامبەر بە کێ؟

کەمێك رامان بەڵام پەشیمان نەبوونەوە، یەك راو یەك دەنگ بوون. بەتەمەنترینیان بەهێمنییەوە:

**–رێگەمان پیشان بدە.. ئامادەین.**

لە هەموویان لاوتر سەرکەشانە رازی دڵی درکاند:

**–ئەگەر ئەوەی دەیڵێن راست بێ، ئەگەر مەرگی پادشای کۆن ئەوە بێ کە باسکراوە، یەك هەنگاو.. تەنیا بە یەك هەنگاو ئەم پادشایە لەناو دەچێ.**

هەموو تێگەیشتن، کاهنی لاو ویستی کاهنی گەورە قسە بکاتو بڵێ ئەو لەپشتی پێشنیاری پادشای بەدیلو مەرگی پادشای کۆن بووە. ئور–نینورتا هەموو هیوایەکی لەو سووچەوە بڕی:

**– وتراوەو دەوترێ، بەڵام حسابی هیچی بۆ بکەن، دەتانەوێ بڵێن مەرگی پادشا کۆنەکە پیلانێك بوو؟ ئەگەر وابێ پیلانێکە بەناوی خوداکان، بەڵام ئایا خوداکان پیلانێکیان پێخۆشە ناوی ئەوانی تێدا بەکار هاتبێ؟ ئارەزووتانە چۆن بیر دەکەنەوە بەڵام من دەڵێم نەخێر، خوداکان پیلانێکیان ناوێ بەناوی ئەوانەوە بکرێ، خوداکان شتێکی تریان دەوێ، ناوی ئەوان لەگەڵ پیلاندا جووت نەبێ، ناوی ئەوان لەگەڵ شتێکی تردا جووت دەبێ: شۆڕش.**

چراکە توند لەرزی ئینجا هێمن بووەوە، راچەنینی کاهنەکان ساتێك بوو، ئێستا ئامادەن لە وشەی شۆڕش گەورەتر ببیستن. دوو هەنگاوی تر رۆشت، بۆ یەکەم جاریش دەستی جووڵاند، ئێستا رووی تێکردوونو تەماشای دەموچاویان دەکات:

**–دەتانەوێ ببیستن؟ گوێ بگرن.**

پەنجەیەکی تاکی لەبەردەمیاندا راگرت:

**–یەك: کۆکردنەوەی لایەنگرو پشتیوان، پشتیوانی راستو ساغ، پشتیوان تا کۆتایی.**

پەنجە بووە دوان:

**–دوو: هێنانی سەرکردەیەکی گەورەی سوپا بۆ ریزمان.**

سێیەم کۆتایی بوو:

**–سێ: پەناگەیەك بۆ حاڵەتی فەشەل.**

سێ پەنجەکە لەبەردەمیاندا راگیراون. نەخشەیەکی هێندە ئاسان بوو کەس رەخنەی نەگرت. نۆی تووڕە بڕیاری خۆیان دا، نۆرەی سوێند بوو. هەموو هەڵسانو لە کاهنی گەورە نزیك بوونەوە. نیوە بازنەیەکیان بەرامبەری دروست کرد. نۆی مۆنی بێ موو لەرووناکیی چرا کزەکەدا راوەستابوون. چرا کزەکە توندتر دەلەرزی، یەکی بەتەمەنتر دەستی بۆ لای سنگی بەرزکردەوە:

**–با سوێند بخۆین، سوێند لەبەردەم تۆدا دەخۆین گەورەی هەموو کاهنەکان.**

هەموو دەستی راستیان بۆ ئاستی سنگیان بەرزکردەوە، پێکەوە سوێندیان خوارد، وشەکانیان بۆ یەکتر تەواو کرد:

**–سوێند بەهەموو خوداوەندەکانی وڵات ئەم رێگەیە بگرینە بەر، سوێند بەهەموو خوداوەندەکان دەخۆین ئەم رێگەیە بەرنەدەین تا دەگاتە ئاکام یان لەپێناویدا بمرین.**

سوێندێکی تر پێویست بوو:

**–سوێند بخۆن بە کەس نەڵێن مەگەر ئەوەی خۆمان بڕیار بدەین پێی بڵێین.**

سوێندیان خوارد، ناوی یەك بەیەکی خوداوەندە گەورەکانیان بردو سوێندیان خوارد. گەورەکەیان بیری خستنەوە:

**–ئەم کارە نەك تەنیا بۆ ژیانی خۆمان مەترسییە، نەك هەر بۆ کەسوکارتان، ئەم کارە سەرنەگرێ زیانی خوداوەندەکانە،**

**زیانی پەرستگەیە، جارێکی تر سوێند بخۆن کەس نەزانێ.**

سوێندیان خواردو راستگۆ بوون کە سوێندیان خوارد، دڵگەرمتر بوونو بڕیاری خۆیان دا.

نۆی مۆن بڵاوەیان لێکردو بەدزییەوە هەر یەك بەتەنیا رۆشتەوە. ئور–نینورتا لەناو تاریکیی ئەو شەوەدا دەڕۆشتو هەستی دەکرد قۆناغێکی جیاواز لەژیانیدا دەستی پێکردووە. سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو تەماشای رەشاییو بریسکەکانی کرد: ((**نینورتا! ئاگاداری؟ نینورتا چەکمان بدەرێ، نینورتا! پەیامبەری خوداوەندەکانو خوداوەندی جەنگ بڕیاری جەنگمان دا**)).

نۆی مۆن وایان دەزانی هەر خۆیانن بەڵام لەو دیو دیوارە ئەستوورەکەوە کەسی دەیەم گوێی بەکونە بچووکەکەی خوار بنمیچەکەوە نابوو، کونێکی بچووك بەئەستوورایی دیوارە ئەستوورەکە تەنها رێگەی بەگۆڕینی کەمی هەوا دەدا. گوێی بەکونەکەوە نابوو بەڵکو هەوای ژوورەوە قسەیەکی بۆ بێنێ. دەیەمی گوێگر جگەلە قسەی تێکەڵ هیچی دەستنەکەوت بەڵام زانی شتێکی خراپ بەو شەوە ئامادە دەکرێ.

گوێگر زانی بەو شەوە درەنگە دەرگای کۆشکی بۆ ناکرێتەوە بۆیە رۆشتەوە ماڵی خۆی. ئارامی لێ هەڵگیرابوو و لەسەر جێگەیەکی دڕکاویدا دەتلایەوەو چاوەڕێی دەرکەوتنی زیوی ناو رەشایی بوو. پاش سەدەیەك چاوەڕوانی زەردی گڕدار لەوادەی رۆژانەیدا خۆی نیشانداو بە قۆقزی زیویندا هەڵگەرا. ئەو بەیانییە گوێگر لەدەرگای کۆشکی پادشای دەدا.

# دوا ئاهەنگ

گۆڕەپانی (شیرینئاوای سەروەر) چەند سەعاتێکی کەمی مابوو پێشوازی لە میوانەکانی بکات. تا ئەو کاتەش خەڵکی شیرینئاوا شتی زۆریان هەبوو بیکەنو بیڵێن.

ڕۆژانی دوای دەرپەڕاندنی شاخان خۆشترین فەوزای خەڵکی شیرینئاوا بوو. هەرچەندە شاخان پاش شکستە گەورەکەی هەر مابوو، بەڵام سیمرخەکانی عەمالیقاو گرمیت گرەیتنو وڵاتی کەڵەشێر نەیاندەهێشت لە شیرینئاوا نزیك بێتەوە. تامی ئەو ئازادییە لای خەڵکەکە شتێکی نوێ بوو.

لەرۆژانی یەکەمدا منداڵان لەجاران زیاتر بەسەر شەقامەکاندا دەگەڕانو بەناو کۆڵانەکاندا دەسووڕانەوە. منداڵەکان بەناو بەرمیلەکاندا دەگەڕانو کام شت گومانی دەنگی بەرزیان لێ بکردایە هەڵیاندەگرتو ئاگریان تێ بەردەدا، پێکەنینەکەشیان هەڵدەگرت بۆ ئەو کاتەی لەناو گڕەکەوە پریشکی هەمەڕەنگ بەهەوادا بەرزدەبووەوە. پێدەکەنینو وەك بتپەرستێکی دوڕگە خەیاڵییەکان لەدەوری خوداوەندەکەی دەخولێتەوە بەکەیفو زەوقەوە بەچواردەوری ئەو ئاگرە هەڵدەبەزینەوە.

منداڵان ڕۆژانی شیرینئاوایان کردبوو فیستیڤاڵی ئاگرو بۆنی باروود. گەورەکانیش لەوان کەمترییان نەدەکرد، ئەمان بەشێوازی تایبەتی خۆیان. گەورەکان پێشی منداڵەکانیان دابوو لە ناردنی ئاگر بۆ دوورترین ماوەی ئاسمان. منداڵەکان بەخەفەتەوە دەیانڕوانییە ئەو ئاگرە سوورو زەردو سەوزانەی بەناو ئاسماندا بەرز دەبوونەوەو ون دەبوونو خۆزگەیان بوو گەورەکان ڕێگەیان پێ بدانایە وەکو خۆیان ئاسمان کون کون بکەنو ئاگری تێبەردەنو گوێی خۆیانو خەڵکی دەوروبەر کاس بکەن.

ساڵێك بەسەر سەرەتای فەوزا تێپەڕیبوو و هێشتا کەسانێکی دڵگەرمی زۆر هەر هەبوون. چەند لاوێکی کوڕو کچ دەورەی (فەرهادی)یان دابوو، فەرهادی تەنها چەند ساڵێکی کەم لەوان بەتەمەنتر بوو، ڕۆحی لەوان بزێوتر بوو:

**–فەیلەسووف بلیمەتی شیرینئاوا! بە یەك وشە وەسفی ئەم وەزعەی شیرینئاوامان بۆ بکە.**

چاویلکە سپییە خڕە بچووکەکەی ڕاستکردەوە:

**–کەی داواکەتان بە یەك وشە وت ئەو کاتە بە نیو وشە وەسفەکەتان بۆ دەکەم، بەڵام دڵتان ناشکێنم؛ بەکورتی شیرینئاوای ئەمڕۆ لە گەرماو دەچێ.**

کەس لەو تەشبیهکردنە تێنەگەیشت، بەڵام هەموو پێکەنین.

ئاسمانی شیرینئاوا بە ڕەنگەکانو ئاڵاکان پڕبیوو. ڕەنگو ئاڵا گریان بەردابووە حەزو زەوقی قسەکردن. قسەش وەکو کارەکان فەوزا بوو:

**–برادەرینە! ئەمە فەوزایەکی خۆشە، بەساڵاچووەکانی شیرینئاوا فەوزایەکی وایان بینیبوو، نەخێر! ئەوەی ئەوان مەینەتی بوو بەڵام شیرینئاوای ئەمڕۆ جەژنێتی.**

هەرزەکارێك قیڕاندی:

**–ئەمڕۆ جەژنی بێبەندییە.**

هاوڕێکەی فریای کەوت:

-بڕوای پێ مەکە، ئەمە یەکێك بوو لەو خەڵکە زۆرەی ئەو کەلوپەلانەیان کۆدەکردەوە کە شاخان جێیهێشتبوون.

جارێکی تر پێکەنینە، فەرهادی یەکسەر چیرۆکێکی هەڵبەست:

-دەیناسم، ئەو بوو پێم وت ئەو شتانە موڵکی هەمو خەڵکی شیرینئاوان، ئەویش وتی ئەگەر خەڵکی شیرینئاوای بۆچی بەشی خۆت نابەی. ڕاستی کرد، ئەمڕۆ جەژنی بێبەندییە، دەبینن کەس کۆتی نەکردە دەستی و هەرچییەکی برد بردی و بردی.

فەرهادی بەردەوام بوو:

-ئەوە گرنگ نییە.. دەزانن لەناو دەواری خێڵەکاندا چ باسە؟

کچێکی پۆشاك ئاڵاو واڵای پڕ بریسکە وەڵامی دایەوە:

-ئاشکرایە.. چۆن خۆیان دژی دەستدرێژییەکی لەناکاوی شاخان ئامادە بکەن.

فەرهادی شێوەو ئاوازی دەنگی کچەکەی لەبۆچوونەکەی زیاتر بەدڵ بوو، چاویلکەکەی خستە سەر لووتیو ورد لەسەرووی چاویلکەکەوە تەماشای کرد:

-دڵنیای؟

کچەکە بۆی پێکەنی ئەویش بەزەیی بەجوانییەکەیدا هاتەوەو نەیشکاند:

-بۆچوونێکەو ڕێزی لێدەگرین، نەخێر شتێکی ترە. یەك قسەیە لێم وەربگرن. کوڕانی شیرینئاوا لەکۆنەوە فێرن شۆڕشێك بکەن ئینجا یەکسەر دابنیشن. تەماشای کاوە بکەن؛ زۆرداری کوشت بەڵام کێ چووە جێگەی؟ فەرەیدوون ناوێك، بەڵام فەرەیدوون چیی کرد؟ ئەگەر هێندەی زۆردارەکە ستەمی نەکردبێ، شتێکی هەر کردووە. کاوە وایزانی تەنها کوشتنی یەکەم بەسەو نەیزانی قەت یەکەم تاك نەبووە، یەکەمو دووەمو سێیەم.. هەن. کاوە خەریکی دروستکردنی چەکووشو چەقۆی مەعمیلەکانی بوو کاتێك بیریکردەوە دەتوانێ بەوانە شۆڕشێك هەڵگیرسێنێ. باشتر دەبوو کاوە خەریکی پیشەکەی خۆی بوایەو کەلوپەلەکانی مەعمیلەکانی تەواو بکردایە نەك شۆڕش بۆ فەرەیدوون ناوێك بەرپا بکات، ئەوە ئەگەر چیرۆکەکە ڕاست بێ، کە باوەڕ ناکەم ڕاست بێ، حەزیش ناکەم ڕاست بێ.

هەموویان قسەکانیان بەدڵ نەبوو بەڵام هەموو پێکەنین. یەك لەوانەی قسەکەی بەدڵ نەبوو پاش ئەوەی پێکەنینەکەی خۆی تەواو کرد وتی:

-خەڵکی شیرینئاوا ئازانو ناشکێن، ئەوەشیان بەسە.

فەرهادی ئەوەی زۆر بیستبوو، شتی تریشی بینیبوو:

-ڕاستەو باوەڕ بە چاوی خۆم دەکەم، بەڵام هەر ئەو چاوەمە دیمەنی ئێوەی بینی پاش ئەوەی گورگی گۆش وتی هەقم بەئێوە نییە شەقوەشێنەکانی شاخان بەشەقوشڕیو بەبریندارییەوە گەڕانەوە شیرینئاوا ئێوەش بە یەك ڕۆژ هەڵهاتن. گەورەیەکتان وتی خۆڕاگر بن.. خۆڕاگر بن، خۆشی پێش ئێوە هەڵهات، یەکێك تریش هەڵهاتو چووە پشت کێوێك و دوایی کردییە داستانێك، پاش هەموو کشوفشی حەوتی گەورەش سیمرخەکانی عەمالیقا نەبوونایە یەك ئاهەنگتان لەیەك سووچی شیرینئاوادا بۆ نەدەکرا. هەڵهاتنی ئێوەو گەورەکانتان بەرجەستەبوونی لاوازییەکەی شیرینئاوای دایکە، خۆیو کوڕەکانی.

لەناو پێکەنینی لاوەکاندا فەرهادی هاواری بۆ کردن:

-کاتی ئاهەنگەکە نزیك بۆتەوە، بچن بۆ لەوەڕەکەتان.

لاوێك هاوارەکەی تێگرتەوە:

–ئەی تۆ لەوەڕ ناکەی؟ تۆ تەنها دە، نۆ، هەشت ساڵ بەتەمەنتری.

فەرهادی سوپاسی کرد:

–لەوەڕی زۆرم کردووە،نۆرەی ئێوەیە.

لەو رۆژانەدا خێڵەکان بەردەوام لە کۆبوونەوەدا بوون؛ خۆیان لەناو خۆیاندا، خۆیان لەگەڵ ئەوانی تر، ئەوانو خەڵکی شیرینئاوا، ئەوانو چەکلەشانو هەوادارە دڵگەرمەکانیان. لەکۆتاییشدا کۆبوونەوە هەرە تایبەتەکانی خێڵەکان بوونە پلاندانان بۆ وەڵامی پرسیارەکان: خێڵەکانی تر چی دەکەن؟ شاخان بەتەمای چییە؟ چی بکەین؟

بێئارامی وردەوردە رووی دەکردە خێڵەکان، ئەوەشی بێتاقەتی دەکردن ئەو دروشمەی خۆیان بەناچاری خستبوویانە ناو بازاڕو سەر جادەکان: ((**شیرینئاوا هی هەموومانە**)). جار لەدوای جاریش لە کۆبوونەوە تایبەتەکاندا دروشمەکە دەبووە: ((**شەریک دۆڕاوە**)). زیاترو زیاتر هەستیان دەکرد شیرینئاوا جێی ئەو هەموو خێڵانەی تێدا نابێتەوە.

حەوتی گەورە هێشتا دەیانتوانی پێکەوە ئاهەنگی گشتی بگێڕن، بەڵام ئاهەنگە تایبەتەکان زۆرتر دەبوون. خێڵەکان حەوتی گەورە بوون، هەریەکیان هێندەی ئەوی تر بەهێز بوو، حەوتی گەورە هاوشانی یەکتر بوون، وەکو یەك دەسەڵاتیان هەبوو و هەر یەکێکیان هێندەی ئەوانی تر بێ کەموزیاد چەکلەشانی هەبوو. جگە لەوانیش حەڤدەی بچووك هەبوون، کە هەموو ئەمانەش لە ئاهەنگێکدا کۆدەبوونەوە شیرینئاوا قەشەنگترین ئاهەنگی بەخۆوە دەبینی. دوانیوەڕۆ ئاهەنگێکی فراوانی ترە، شەویش کۆبوونەوەی تایبەتی خێڵە. دەبوا رۆژەکە رووگەش بن، شەویش نۆرەی قسەی گرنگتر دێ.

دوانیوەڕۆ گۆڕەپانی (شیرینئاوای سەروەر)، کە کاتی خۆی (مەزنێتیی شاخان)ی پێدەوترا، پڕ بوو لە لاوی تازەپێگەیشتوو، هەر یەك بە باوەشێك ئاڵاوە، زۆر بەخێرایی‌و چالاکانە بەسەر ئەو کۆڵەکە بەرزانەدا سەردەکەوتن کە سەریان دابووی لەئاسمان، هەر زووش ئاڵاکان هەڵواسران. چەند جارێك لەسەر کۆڵەکەیەك یان دیوارێك مشتومڕ دەبوو بەڵام لەکۆتاییدا دەیانزانی ئاهەنگەکە ماویەتی، ئەوەشی حەزی لە قرە نەبوو بەسەر کۆڵکەیەکی تردا سەردەکەوت. ماوەی وتارێك یان بیست گۆرانیی بردو گۆڕەپانەکە بووە کەرنەڤاڵی رەنگ. مرۆڤ سەری دەخولایەوە گەر رووی بەرزبکردایەتە ئەو ئاسمانەی لەجیاتی رەنگی شینی دێرین ببووە هەزار کۆڵکەزێڕینەو سەمایان دەکرد، دەنگی گۆرانیبێژی دڵگەرمو ئاوازی خێراو پڕ زرموهوڕ لەگەڵ شەقەی ئاڵاکاندا تێکەڵ ببوون. سەمای ئاڵاکانیش لەگەڵ ئیقاعی ئاوازەکاندا جووت ببوو. لەو جۆرە ئاهەنگانەشدا چەکلەشان پاڵەوانێك بوو خەڵکەکە حەزیان بە بینینی دەکرد پاش ئەوەی تەنها بە بیستن ناوبانگیان بیستبوو، هەرچەندە بەر لەو ئاهەنگە کەمێك ناوی زڕابوو. چەکلەشان کاتی شاخان پێی دەوترا گیانبەخشو شایستەی ئەوە بوو خەڵکی شیرینئاوا تامەزرۆی بینینی بن.

ماویەتی ژمارەی تەواوی خەڵکی شیرینئاوا بێ، وا بەڕێوەن، زۆریان زووتر هاتن تا باشترینو نزیکترین شوێنیان دەستبکەوێ، منداڵان پێش هەمووکەسێك ئامادە بوون. هەر یەکەیان ئاڵای ئەو خێڵەی پێبووکە لای خۆشەویست بوو. زۆریان خێڵی باوکەکانیان هەڵبژاردبوو، بەڵام منداڵیش هەبوون خۆیان بڕیاریان دابوو، بۆیە زۆر جار باوکان ئاڵاکەیان دەشاردەوەو هەندێ جار منداڵەکە لەسەر ئەو ئاڵایەی بەجیا لە خێزانەکەی هەڵیکربوو لێدانی دەخوارد.

(نەرە)ی مێردمنداڵ باوکی لەناکاو برد کاتێك ئەمیان لە تۆو کردنی زەوییەکەی قەراغ شارەوە هاتو بینی لەسەر

دیواری ماڵ دروشم بۆ یەکێك لە حەوتی گەورە دەنووسێ، گەورەیەك باوکەکە بە گەورەی خۆی نەدەزانی. ساڵێکە باوك هەوڵێکی بێسوود لەگەڵ کوڕدا دەدات. (نەرە) لە باوکی هەڵهات بەڵام پێش ئەوەی بەلەسە بیٚو رووبکاتە ئاهەنگەکە باوکی باوڵێکی کۆنی کردەوەو ئاڵا خۆشەویستەکەی دەرهێنا، بردیە دەرەوەو بەدوای منداڵەکەیدا گەڕا تا دۆزییەوە، ئاڵاکە پەڕۆیەك بووە هێندە دەرگایەك گەورە. باوکەکە بەشانو باڵیدا هەڵیدا:

—تەماشا بکە چەند جوانە، سەیری ئەو سەرە بکە چەند جوان وێنەکراوە.

لاساریو یاخیبونی منداڵیش کەوتە جووڵەو بەو دەنگە باریکەی زریکاندی:

—نا نا، ئەو کەللەسەرەم بۆ چییە، سەیری ئەوەی من بکە چۆن ئەو سەرە دەڵێی پاڵەوانی فلمە.

پەڕۆیەکی لەباخەڵەوە دەرهێنا، پەڕۆیەکی سێگۆشە تەنها سێ ئەوەندی لەپی دەستی درێژەو لە دارێکی کورتی باریکی بەستووە. منداڵەکە بەخێرایی ئاڵا بچووکەکەی لەبەردەمی باوکیدا شەکاندەوە:

—ئەها ئەها چەند جوانە.

باوك هەوڵێکی بێسوودی دا بەڵکو کوڕە پەشیمان بێتەوە:

—کەرە.. کەی ئەوە ئاڵایە پێتە، دەڵێی جیقنەیە، بمدەرێ لووتی پێ بسڕم.

منداڵ لاسارتر دەبیٚو لەدەستی باوکی هەڵدێ، بەخێرایی ئاڵاکەی دەشەکێنێتەوەو هاوار دەکات:

—نا نا، دەڕۆم دەڕۆم، لە گۆڕەپانی ناو شار هی گەورە.. گەورە هەیە.

منداڵ تەواو بەلەسە دەبیٚو باوك سەر بادەدات:

—ئەو رۆژە پێکەوە یەك خەونمان بینی، رۆژێك بوو و بووینە دوان.

دەنگێك لەدواوە دڵنەوایی کرد:

—بەختی تۆ باشترە. من (کاوەی بچووك)ی خۆم بۆ شتی گەورە بەخێو دەکرد، وا ئێستا لەگەڵ منداڵەکەی تۆدا لەزەوی خۆیان دزیوەتەوەو بەئاڵاوە دەچنە ئەو گۆڕەپانەی ناویان ناوە شیرینئاوای سەروەر.

باوکی یەکەم لێی پرسی:

—ئاڵای کامیانی هەڵگرتبوو؟ خوا بکات ئاڵای..

قسەکەی تەواو نەکرد. باوکی دووەم شانی راتەکاند:

—نازانم، فەرقی چییە کامیان بێ؟

لەناو گۆڕەپانەکەدا خەڵکەکە تێکەڵ بەیەك دەبنو کەس نازانێ کێ بە قەناعەتی خۆی ئاڵای ئەو خێڵەی هەڵبژاردووەو کێ لە باوکیەوە بۆی ماوەتەوە، منداڵانیش لەهەموویان کەمتر دەیانپرسی، شتی گرنگی ئەوان جەژنو ئاهەنگەکەیە. بەهەموو لایەکی گۆڕەپانەکەدا دەخولانەوە، ئاڵا بچووکەکانیان بەخێرایی دەجووڵاندو خۆیان دەخنییە شوێنی هەموو خێڵەکان، هەندێك هەر بۆ خۆشیو هەندێك بۆ ئەوەی خێڵی خۆیان لەبەردەم خێڵەکانی تر بنوێنن. دەسووڕانەوەو هاواریان دەکردو گوێیان نەدەدایە پرۆتۆکۆلی رەسمیو خێسەی ئەندامانی خێڵ.

گۆڕەپانەکە پڕ ببوو، چەپڵەی پیاوان گۆڕەپانەکەی قەرەباڵغتر کردبوو، ژنانیش پێدەکەنین. پیاوێك لەدوور دەردەکەوێ، دەچێتە سەر سەکۆ بەرزەکە، پیاوێکی بچووك، قیڕن، هەردوو لەپی دەستی توند دەدا لەیەكو هەردوکیان رادەوشێنێ، هاتوهاوار بۆی بەرزدەبێتەوە:

—جەمالوددین.. جەمالوددین.. بژی.. بژی.

ئینجا پیاوێکی بچووکی تر لەدوورەوە، کەمجوولە، دەست لەناو کەمەر، هاوارێك لەلایەکی ترەوە:

– کۆمار.. کۆمار.. کۆماری مەزن.

سێیەم دەستێك بەرزدەکاتەوە، بەسەر نووکی پێدا دەوەستێ‌و دەیەوێ بالای بەرزتر بێ. دیسان هاوار لەلایەکی تر. پیاوانێك دێن‌و هاواریان بۆ دەکرێ. حەوت پیاو، هەر یەك لایەکی گۆڕەپانەکەی بۆ دەخرۆشێ. حەوتی گەورەی شیرینئاوا لە حەوت برا دەچوون یەك سك دەرییەڕاندبن، بەلای کەمەوە کەسانێك دەرکیان بەوە دەکرد هیچکام لەو حەوتەیان بە پالەوانی چاوەڕوانکراوی خۆیان نەدەزانی. حەوتەکە بەشی زۆری کاتەکە دەبەن، بەدرێژایی ئەو کاتەش حەوتەکە هاوار بۆ قەرەباڵغییەکە دەکەن: ((مژدە..مژدە.. شیرینئاوایەکی نوێ بەڕێوەیە)).

حەوتەکە چەکیان هەڵنەگرتبوو هەرچەندە هێمای شیرینئاوای ئەو رۆژانە چەکێك بوو نووکی لەئاسمانە. هەندێکیان لەژێر جلەوە خەنجەریان شاردبووەوە.

کات ناوەستێ‌و خۆر بۆ چیاکان شۆڕ دەبێتەوە، ئاهەنگیش بەرەو کۆتایی دەچێ بەلام هەموو هێشتا دەقریوێنن، هەموو هەر پێدەکەنن، زۆر جار خێسە لەیەکتر دەکەن‌و توانج دەگرنە یەکتر:

–بە شتی تر پێدەکەنم، شتی زۆری تر.

–پێکەنین؟ مامۆستای زمان وتی: پێکەنی.. پێدەکەنێ.. پێبکەنە! من نایکەم.

–تەنها بەم کەربازارە پێدەکەنم، کەربازاڕی پلە یەکە.

–جەڵەب.. جەڵەبی هێنا.. جەڵەب بێنە.. من جەڵەب نیم.

–چەپڵە لێبدەن‌و پێبکەنن، سبەی شتێکی ترە.

–دوێنێ لەپڕ کەوتمە سبەینێ.. سبەینێ ئەمڕۆ دەرچوو.. سبەی چییە؟ نازانم.. دەزانم.. ئەمڕۆ نییە.. هەرگیز.

–لەگەڵ ئەوەشدا دڵم خۆشە، ئەمە بازاڕی منە.

–کەس شتم لێ ناکڕێ؟ کوا شتەکانم؟ کەس ناکڕێ؟ نەخێر.. ئێستا نا.

–ئاهەنگ تەواو و خەڵك گێلەگێلە دەگەڕێنەوە، بجووڵێم باشە.

–سەرخۆشن خەڵك.. دەچنەوە.. دەچمەوە.. بچمەوە.

–شەو دوو لاو میوانمن، دەیانەوێ دەستیان بگرم.

–ئەگەر ئەمشەو نەچم.. بۆ چیای مازوو نەچم.. سەرم زیاتر دەفڕێ.. نافڕێ؟ بچم با نەفڕێ.

پێکەوەو لەیەك کاتدا، یەك لەسەری گۆڕەپانەکەو یەك لەوسەر، کەوتنە جووڵە. بەرەو یەك رۆشتن، دەیان کەس بەو لایەی ئەواندا دەڕۆشتن‌و دەیان بەرەو روویان دەهاتن. گەیشتنە یەك‌و تەنها کەمێك لەو کەسانەی لەبەینیاندا دەجوولانەوە مابوون. لەیەك نزیککەوتنەوەو دایان بەلای یەکدا. چەند هەنگاوێك لەیەك دوورکەوتنەوە، پشتیان لەیەك بوو، وەستان‌و سەریان بۆ پەلکەزێڕینەی ئاسمان هەڵبڕی. باشتر گوێیان لە شەققەی ئالاکان بوو، یەك.. دوان.. حەوت... هەزار، ئالا لەهەموو شوێنێکدا، رەنگ لەهەموو جۆرێك، سەروکەللە لەهەموو چەشنێك، زۆربەیان لەیەکتر دەچوون. پێکەوە سەریان نزم کردەوە، ئەمجارە سەری گارەش بەدەستی پۆلێك منداڵ بوو کە هێشتا بەشی یارییان مابوو بیکەن.

هەردووکیان ئەو دوو شتەی لای چەپ‌و لای راستی تەپڵی کەللەسەرەکانی ناو ئالاکانیان بینی، دوو شتی بچووکی لوولەکیی گرنج گرنج، بنەوەی ئەستوورو نووکەکەی تیژ ئەوەیان بینی کە خەڵك لەبەر کەیفو چەپڵەو پیکەنین نەیانبینیبوو، نەیانزانی چەند کەس وەك ئەوان ئەو لێکچوونە سەیرەی نێوان ئەو کەللەسەرانەی ئاسمان‌و سەری

گاڕەشی دەستی منداڵانیان بینیوە.

کەوتنەوە جووڵە، یەك پێدەکەنی، یەك حەسرەتی بوو:

**–هەمان سەخافەت.**

**–جەهالەت هەمانە.**

هەردوو رۆشتن، ئاگایان لەیەك نەبوو، دووبارەو دووبارەیان دەکردەوە:

**–سەخافەتی بەرجەستە.**

**–بەرجەستەیە جەهالەت.**

شیرینئاوا پاش ئاهەنگەکە هێندە ماندوو بوو زوو چووە جێگە، شیرینئاوا زوو نوستو تەنها خێڵەکانی بەئاگابوون، ئەنجومەنی هەر خێڵێك لەدەوارەکەیدا کۆببووەوە. لەچواردەوری ئاگریشدا دەنگەدەنگو قەرەباڵغیی قسە بوو.

# کۆبوونەوەی پیلانی خێڵەکان

یەك ئێوارەو حەوت کۆبوونەوە بوون. حەوت کۆبوونەوەو یەك قسە: ((چی بکەین؟)). قسەی زاڵ ((چی بکەین؟)) بوو، لە یەك یان دوو دەواریشدا ئەوەو لەوە بوێرتر دەوترا: ((چی بکەین؟ کێ بخۆین؟)).

**–گوێتان لێنەگرتم، چەندم پێوتن شەریك دۆڕاوە، بزانن ئەمڕۆ چەند خەڵك کۆببوونەوە، بیری لێبکەنەوە؛ ئەگەر هەموو ئەو خەڵکە بۆ ئێمە بن، ئەگەر هەموو ئەو ئالآیانە یەك ئالآ بن.**

دڵگەرمیی ئەنجوومەنی خێڵ پێش ئەو قسەیە بەرز بوو، گەرمایی لەوە زیاتری نەدەویست، بەڵام ئەوەی لەجیاتی هەموو دڵەکان قسەی کرد دەیویست زیاتر بڵێ چونکە قسەی گونجاوی کۆبوونەوەکەیە، قسەی سەرکەوتووی ئەو کۆبوونەوە گەرمەیە:

**–بەگوێتان نەکردمو بەشەریکی رازی بوون. رۆژانی شاخانو دۆڵەکانتان خێرا لەیاد چوو.**

بیرخستنەوەی نەدەویستو هەر یەك بۆ خۆی بیریکەوتبووەوە، بەڵام ئەوەی ناخی دڵەکانی خستە سەر زەوییەکەی بەردەمیان دەیویست بەزمانی خۆیەوە بیخاتەوە یادیان:

**–زوو بیرتان چووە؟ زوو ئەو رۆژانەتان بیرچوو کە چۆن هەرچی گەورەو بچووکە لەو دۆڵانە گسك لێدرانو ئەو دۆڵانەمان بەش کردو دەستمان لە شەریکی هێنا؟**

بەناوی عەقلیشەوە دڵەکە بەردەوام بوو:

**–خەیاڵ مەکەنەوە! شتەکان وەکو خۆیان ببینن، شەشەکەی تر نەنووستوون، ئەوانیش وەکو ئێوە کۆبوونەتەوە، ئەوانیش وەکو ئێوە موناقەشە دەکەن، ئەوانیش سبەی دەکەونە کار، ئەوانیش بیر لەدەستپێشخەری دەکەنەوە، لەکۆتاییشدا یەکێك دەستپێشخەری دەکات. ئەی ئێوە؟ دەزانن شەشی گەورەی تر بەتەمای چین؟ دەزانن کەی دەیتەقێننەوە؟**

دڵگەرمییەکەی ئەنجوومەن گەیشتە سەر زمانو بووە غەڵبەغەڵب. کات لەو دەوارەو لەدەوارەکانی تر، کە ئەوندەی پێناچێ هەموویان دەبنە کۆشکو قەڵا، لەبیر کرا. کاتو شیرینئاوا پێکەوە لەبیر کرانو تەنها خێڵو دوارۆژەکەی لەسەر خوانەکە بوون. تا درەنگیش کوڕانی شیرینئاوا بەدزیی شیرینئاوای دایك لەو دەوارانەدا هەرایان بوو و نەخشەیان بۆ کۆتایی هێنان بە شەریکایەتی دادەڕشت.

ئەنجوومەنی خێڵ چووبووەوە سووچە هەرە دوورەکانی دەوارەکان تا کەس گوێی لەوشەیەك نەبێ، تەنانەت پاسەوانەکانیش هیچ نەبیستن، شنەبا جارجارە بەدووکەڵەوە غەڵبەغەڵبی ئەنجوومەنی دەبردە دەر بەڵام پاسەوانەکان هیچ لەو قسانە حاڵی نەدەبوون، هەرچییەکیش بوترابا بەدڵیان بوو.

پرۆژەکان زۆر بوون، هەر گەورەی خێڵێکیش نەخشەیەکی هەبوو، هەر پیاوێکی ئەنجوومەنیش نەخشەیەکی جیای لەگیرفاندا هەڵگرتبوو، نەخشەشی نەبوایە قسەی هەبوو لەسەر نەخشەی هاوڕێکەی یان نەخشەی گەورەی خێڵ بیکات. ئەو شەوە شیرینئاوا هێندەی هەموو رابوردووی تۆمارکراو و تۆمارنەکراوی شتی چارەنووسساز باسکران. ئەو شەوە شەوی تایبەتی قۆناغێکی تایبەتو تاکی ژیانی دایکە چاوەڕوانەکە بوو.

جەمالوددین لە یەك لەو حەوت دەوارەدا بەزەحمەت دەیتوانی هەراکە هێواش بکاتەوە، ناچار بووبەپێوە بوەستێو دوو دەستی رابوەشێنێ:

**—خزمان بێدەنگی.**

کاغەزێکی بەدەستەوە بوو ئەویشی رادەوەشاند:

**—خزمان، مەزانن بیر لەهیچ نەکراوەتەوە، بیر لە زۆر شت کراوەتەوە، زۆرتر لەوەی داوای دەکەن، ئەمە نەخشەکەمانە، کێ قسەی لەسەر هەیە گوێی لێدەگرین، هەموو شەومان لەبەردەستایە، سەد شەوی تریش دادەنیشمو گوێتان لێدەگرم.**

خێڵ کەوتەوە دەنگەدەنگو کۆبوونەوەکە بەپلەیەکی گەرمایی زیاترەوە دوو سەعاتی برد. هەموو قسەیان هەبوو، هەموو پێشنیاریان هەبوو. دوو کەس دادەنیشتنو چوار کەس هەڵدەستان، چوار کەس دادەنیشتنو دوو کەس هەڵدەستان. کاتێکیش نۆرەی پشوو هات کەسێك لەچاوەڕوانیی جەمالوددیندا بوو، جەمالوددین پەلەی بوو و بواری نیو وشە سلاوی نەدا:

**—دەبینم هێندەت پێ نەچوو.. چیت پێیە؟**

**—هەر زوو ژمارە بیستویەکم بینی.. راپۆرتی تەواوم پێیە.**

**—وەرە دوام.**

ئەو راپۆرتەی ژمارە بیستویەك ناردبووی کۆمەڵێك زانیاریی کۆنی تێدا بوو، کەمێکی تری نوێی چاوەڕوانکراو، دوو هەواڵی درۆش. یەك شتی نوێی چاوەڕواننەکراوی تێدابوو: کۆمار پیاوانی خێڵی کۆکردبووەوە. سەرەتا وەکو نەریتی هەموو جارێك چوار جار ناوی کۆماری باپیریی بردو پاشان باسی کرد شیرینئاوا بەرێوەناچێو پێویستە چارەسەرێك بۆ ئەمە هەبێ. وەکو جارانی پێشووتریش باسی لاقو لقەکانی درەختەکەی کرد، لاقی رەسەنو لقە یاخییەکان. لەکۆتاییشدا وتی ئەنجوومەنی خێڵ وردو لەسەرخۆ لەو مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە. بەوتەی کۆمار مەسەلەکە چارەنووسسازە. شتە جیاوازەکە جێگەی سەرنج بوو: کۆمار وتی شەڕێك بەرێوەیەو دەبێ هەر رووبدات، شەڕەکە چییەو دژی کێیە کۆمار نەیدرکاند بەلام گفتی پێدان بەزووترین کات هەموو شتێك روونبکاتەوە.

جەمالوددین راپۆرتەکەی وەرگرتو پیاوەکەی بەفەرمانی ترەوە رەوانە کردەوە. چەند پرسیارێك دوو چاوی پشتی چاویلکە گەورەکانیان دەبریسکاندەوە. هەواڵەکە نیگەرانی کردبوو:

**—شەڕی چی؟ شەڕی کێ؟ شەڕی ئێمە؟ کۆمار چی دەزانێو دەیشارێتەوە؟ لەچی دڵنیا نییە؟ دەڵێ وردو لەسەرخۆ لەمەسەلەی شیرینئاوا دەکۆڵێتەوە.. دەزانم پەلەی نییە، لەهیچ شتێکدا پەلەی نییە.. کاتێکیش لەخۆی رادەبینێ بمانخنکێنێ هەر بەهێواشی دەیکات، نایبینێ! ئەوەی پێدەکەین کە لەدۆڵەکاندا پێمان کردبوو، با ئیتر هەر باسی لقە یاخییەکانو لقی رەسەنی رزیو بکات.**

بڕیار بوو پشوو تەنها نیو سەعات بێ، بەلام لەبەر هەواڵی سیخوڕەکە جەمالوددین یاوەرەکەی بۆ ئەنجوومەن نارد تا پێیان بڵێ لە دە خولەکی کورتدا کۆبنەوە، کاتێکیش ئەمان خڕبوونەوە جەمالوددین درەنگتر لەو دە خولەکە چووە دەوارەکە:

**—بڕیار بوو زووتر بێمە لاتان.**

راپۆرتی پیاوی خاوەن ناوی بیستویەکی بۆ خوێندنەوە، ئینجا روونکردنەوەیەكو هەواڵێك لەو وردتر:

**—کەواتە وەك وتم پیاوێکی خۆمان لەلای کۆمارەوە بەهەواڵی شەڕێکەوە هات، شەڕەکە نادیارە.. نادیار بوو.. بۆیە ویستم زووتر بتانبینمەوە، بەلام ئەوەندەی پێنەچوو پیاوێك نامەوێ بڵێم لەکوێوە هاتبوو دوای ئەو گەیشتو هەواڵەکەی**

**وردتر پێوتم، وتی دەبێ ئێمەش بەشداریی ئەو شەڕە بکەین، پەلە مەکەن لەهەڵهێنانی مەتەڵەکە، ئەو شەڕە ئەوە نییە بیری لێدەکەنەوە.**

خێڵ ئومێدبڕاو بوو.. شتێك چاوەڕێیان دەکاتو ئەوان خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە؛ دەبێ شەڕ دژی شاخان بکەن، خۆش نییە، ئیلهامبەخش نییە، سەختتریشە لەو شەڕەی دەیانویست، دژی یەکێك لە حەوتەکە یان دژی هەر حەوتی شیرینئاوا، بەخۆشیانەوە، خۆشتر دەبوو. جەمالوددین نەیهێشت لەوە زیاتر بیری لێبکەنەوەو خۆیان بەهەڵەدا بەرن:

**–خزمان! دەبێ شەڕی جانپۆلا بکەین. هەموو حەوتەکە دژی جانپۆلا.**

دەوار تەواو بێدەنگ بوو، تێکرای ئەندامانی ئەنجومەنی خێڵ سەرسام بوون.. جارێکی تریش جەمالوددین نەیهێشت زۆر بیری لێبکەنەوە:

**–موناقەشە کەوتۆتە پشتی هێڵێکی سووری پانەوە، بەکورتی: جێبەجێکردن موناقەشە هەڵناگرێ، شەڕێکە دەبێ هەر بکرێ، بەڵام لەپشتی هێڵە سوورەکەوە دەتوانین شتەکان ببینین، دەبێ بڕۆین، بەڵام دەتوانین بیری لێبکەینەوە چۆن بڕۆین.**

جەمالوددین خێڵی خستە ناو گێژاوێك، ئەو شەڕەیە کە نەیاندەویست، ئەو شەڕەیە کە داهاتەکەی دەچێتە ناو بوخچەی کۆمارەوە. دەوار تێکچۆتەوەو دەنگەدەنگە لەهەموو لایەکییەوە، دوو کەس دادەنیشتن چوار هەڵدەستان، چوار دادەنیشتن دوان هەڵدەستان، لەناو ئەو غەڵبەغەڵبەشدا خێڵ درێژەی بەو شەوەو بە قسەکانی دا.

# جەنگی یەکەمی جانپۆلا

جانپۆلا بەتەنیاو لەدەرەوەی حەوتی گەورەی شیرینئاوا ئاوازی خۆی دەوت. شوێنی ئەو پیاوە دیارەی کە هەشتەمی قەرەباڵغی پێدەوترا سووچێکی ئەوپەڕی شیرینئاوا بوو. دەمێکیش بوو ئەو گۆڕانکارییەی بەسەردا هاتبوو کە وردەوردە دەبووە سیمایەکی بەرچاوی گەورەکانی شیرینئاوا هەرچەندە دواتر ئەفسانەیەك دەرکەوت دەیوت جانپۆلا لەیەکەم قریشکەی پاش لەدایکبوونیەوە هەموو سیماکانی پیرۆزیی پێوە دیاربوو.

کۆبوونەوەکانی خێڵەکان بەبڕیارێك کۆتاییان پێهات: ناردنی دوایەمین ئاگاداری بۆ جانپۆلا. جانپۆلا هەواڵەکەی بیست، قین‌و تووڕەبوون ئاوساندبووی‌و هەردوو چاوی سوور هەڵگەڕابوون:

**–ئەو خۆفرۆشانە. ئەو جووتەوەشێنانە، خۆم دەزانم چییان لێدەکەم. ئەو بێنرخانە فەرمانیان لەسەرووی خۆیانەوە بۆ هاتووە، دەبێ دایانپڵۆسێنم.**

بەمست دەیکێشا بەسەر مێزی بەردەمیدا:

**–خۆفرۆش.. جووتەوەشێن.. چییان پێبوترێ دەیکەن.. خۆفرۆش‌و هیچوپووچن.**

جانپۆلا بڕیای دا قسە بۆ دۆستانی‌و بۆ گشت شیرینئاوا بکات، هەرزووش بەرنامەی بۆ ئامادە کرا، بەرنامەکەش ئاهەنگێك بوو:

**–ئەو جووتەوەشێنانە لەسەرووی خۆیانەوە فەرمانیان وەرگرتووە، ئەوانە قەت خاوەنی بڕیاری خۆیان نەبوون، دەبێ جەماوەر ڕسوایان بکات، بەدڵنیاییەوە ڕسوایان دەکات، ئەوەشی نەیکات خۆی وەکو ئەوان ڕسوایە.**

بەرنامەکە سێ سەعات بوو، دوو سەعاتی‌و نیوی یەکەم بۆ جانپۆلا بوو، ئەوەی تریش بۆ پێشکەشکارو دوو میوان.

بەرنامەکە تەواو بوو و تەنها ماوەی دوو گۆرانی‌و یەك ڕەشبەڵەك بوو کاتێك هەواڵی هەڵگیرسانی شەڕ گەیشت:

**–هێرشە چاوەڕوانکراوەکە دەستی پێکرد، لەبەرنامەکانی داهاتوودا وردەکاریی هەواڵەکەتان پێ ڕادەگەیەنین.**

جانپۆلا بە ددان نینۆکی خۆی لێدەکردەوەو جیڕەی ئەو ددانانەی دەهات:

**–ئەو جووتەوەشێنانە زۆریان پەلە بوو ئاغاکانیان ڕازی بکەن.**

لەناو ئەو دۆڵەی بە (دۆڵی مەرگی شیرین) ناسرابوو ئاگرباران دەستی پێکرد، لەهەردوو بەرەش هاوار بەرزبووەوە، هاواری چەکدارانی جانپۆلا بەرزتر بوو، لەبەرەی ئەواندا هاوار بۆ بەری بەرامبەر لەودیو هێڵی مەرگەوە دەکرا: ((**خۆفرۆش..خۆفرۆش.. جووتەوەشێن**)).

ئەو چیایەی وەکو بازنە چواردەوری دۆڵەکەی دابوو هاوارەکانی کوڕانی شیرینئاوای دەدایەوە، یەکەم دڵۆپە خوێنیش هی دۆستێکی جانپۆلا بوو نامەی بۆ ئەو دەزگیرانەی دەنووسی کە لەلایەکی تری بەرەکە هاواری بۆ ژیانی جانپۆلا دەکرد:

**–هەست دەکەم مەرگم نزیکە.. من دەڕۆم.. تۆش ژیانت ببەخشەو پەنجەیەکیان نەگاتە جانپۆلا.**

دووەم کەس کەوت چەکلەشانێك بوو لەویەرەوە ویستی خۆی بدزێتەوەو لەپشتەوە بەرکەوت، تا مردیش ناڵەی نەبڕا:

**–ئای دایە گیان.. کێ ئاگای لە جووجەڵەکان بێ؟ دایە! دوو جار بێوەژن بووی.**

**هاوڕێیەکی هاتو بیستی، شەقێکی لەکەللەی داو تفێکی لێکرد:**

**–ترسنۆکی لەرزۆك، هێشتا شەڕ ئەوەڵێتی.**

هێشتا مابووی گیان لەو دوانە بسەنرێ بەدەیان لەهەردوو لا کەوتن. شیرینئاوا دەنگەکانی ناو دۆڵو چیاکان دوور دەبیست. نەڕەو هاواری کوڕانی شیرینئاوا چیاکەی کاس کرد، ئاگریش دۆڵەکەی سووتاند. لەناو جەرگەی شاریشدا شەڕێکی تر لەجۆرێکی تر بوو؛ هەر زوو پیاوانو ژنانی سەر بە حەوتی گەورە لەناو شەقامو ماڵەکانیاندا فەرمانەکەیان بەدڵسۆزییەوە بەجێهێنا، دەگەڕانو رایاندەگەیاند: ((**جانپۆڵاو پیاوانی پیسن، بەدڕەوشتو نەگریسن**)). کاغەزەوانەکانی حەوتی گەورەش کاری زۆریان هەبوو بیکەن.

(کۆمارۆك) سیویەك لاپەڕەی نووسیو لەو سیویەك لاپەڕەیە خەتی بەسەر تەنها دوو یان سێ وشەدا هێنا. دوودڵی لەنووسینەکەیدا نەبوو: ((**جانپۆڵا کێیە؟ جانپۆڵا تەنها موغامیرێکی بچووکە کاتێك لەگەڵ کۆمارو کۆماری گەورەو هەموو کۆمارەکاندا بەراورد دەکرێ. مێژووی جانپۆڵا رۆژێكو دوانە، جانپۆڵایەکی تازەهەڵکەوتووە جەنگ دژی مێژووی پڕ شکۆی کۆمارەکان دەکات**)).

لەکۆتایی ئەو سیویەك لاپەڕەیەشدا کۆمارۆك دەهۆڵی جەنگی لێدا بۆ هاندانی پیاوانی شیرینئاوا، کۆمارۆك بووە دەنگی هۆزەکان: ((**ئەی پیاوە بەشەرەفەکانی شیرینئاوا، پیاوماقوولان، سەرۆك هۆزەکان، پیاوە مەردەکانی هۆزەکان، پیاوانی شەرەفو غیرەت، ئەمە بەتەنیا شەرەفی شیرینئاوا نییە بەڵکو شەرەفی هۆزەکانیشە، چونکە شەرەفی شیرینئاوا لە شەرەفی هۆزەکانەوە هەڵدەقوڵێ، ئەی هۆزە مەردو بەغیرەتەکانی بەشکیو مەشکیو دەشکیو باقی سەد هۆزەکەی تری سەر ئەم خاکە پیرۆزە**)).

ئاشی جەنگی حەوتی گەورە دژی هەشتەمی قەرەباڵغ لەقەراغی شیرینئاوادا دەگێڕدرا، شیرینئاوای بێ حەوتی گەورە تەماشای دەکردو هێچی لێ تێنەدەگەیشت. ماوەیەکی زۆر بوو شیرینئاوای دایك شەڕی نێوان کوڕانی خۆی نەدیبوو. منداڵانی شارەکە دەیانزانی شەڕی شاخان چییە، منداڵان شەڕی کۆنی ناو دۆڵەکانی نێوان حەوتی گەورەی کاتی هەڕەتی هێزی شاخانیان نەبیستبوو. گەورەکان ئەو شەڕە کۆنانەیان بینیبوو و لێی تێنەدەگەیشتن، ئێستاش شەڕی حەوت بەرامبەر هەشتەم هەر لایان سەیر بوو، بەڵام هەردوو گەورەو بچووکی شیرینئاوا زۆر لەوە کەمتریشیان دەزانی؛ لەپشتەوەی دیمەنەکانی ئاگرو خوێنی ناو دۆڵی مەرگی شیرین دیمەنی زۆری شاردراوە هەبوون؛ بارودۆخی نێوان حەوتی گەورە تا دەهات قەیراناویتر دەبوو. کێشەکان چارەسەریان هەبوو بەڵام کەس لەحەوتی گەورە بەنیوەچارەسەرێکیش رازی نەدەبوو. شەپۆلەکانی بنە قووڵەکانی دەریای شیرینئاوا وردەوردە ئاوی بەرواڵەت هێمنیان لەبنەوە دەشڵەقاند، شەپۆلەکان وەکو کێو بۆ سەر رووی دەریاکە بەرزدەبوونەوەو هاکە بوونە گەردەلوولو بازیان بەسەر زەویدا دا.

ئەو چەند رۆژە بەو شێوەیە تێپەڕینو شیرینئاوا تەنها تەماشای شەڕی جانپۆڵا دەکردو ئاگای لە شەڕێکی نوێ نەبوو کە بەڕێوەیە. چرپەو قسەی لە چرپە بەرزتری دەبیست، هەندێ هەواڵو پێشبینیی رەشی دەبیست، بەڵام پاش کۆکردنەوەی هەموو قسەکان هێشتا شیرینئاوا نەیدەزانی گەردەلوولی گڕو دووکەڵ نزیکە لەدەریاوە دەربچێو بەرەو ناوجەرگەی شار دێ.

# شاعیری گەورەی ئـــور

(خۆشەویست) بەڕاستی نەخۆش بوو، گوێی لە باوکی بوو:

**-نەچوویتە لای پزیشك کوڕە پیرەکەم؟**

پاڵکەوتبوو و دەنگی باوکی داینیشاند. باوکی لەناو دەرگاکەدا وەستابوو. کوڕەکە ویستی هەڵسێ، باوکی دەستی بۆ جووڵاند کە لەشوێنی خۆی بمێنێتەوە. باوکی چاوەڕێی وەڵام بوو، ئەویش رووی تێکرد:

**-باوکی دڵسۆزم! پیرە (لو-نیدابا) هیچی تازەی پێ نییە.**

کەیفی جەژنەکە دابووی لە کەللەی باوکەکە. بۆ لای کوڕەکەی جووڵاو چووە تەنیشتیو لەسەر خۆڵەکە دانیشت، دەستی نەخێری راوەشاند بۆ کوڕەکەی کە ویستی بەرەکەی بۆ جێبهێڵێ، ئامۆژگارییە کۆنەکەی دووبارە کردەوە:

**-هەموو دەچینە لای پیرە لو-نیداباو چارەسەری لا دەدۆزینەوە، چارەسەریشمان نەکات قەناعەت بەخۆمان دەکەین خەتای خۆمانە یان شتێکە سەرووی توانای خۆمان. پەنجا ساڵی تەمەن بەشی ئەوە شارەزاییان داومەتێ بەقسەم بکەی. دەزانم چاو لێی داوی، نیشانەکانی نەخۆشیی جەستەت تیا نابینم، هی جادووش نابینم، هەر چاوە، هەر کامیان بێ نەدەبوا چارەسەرت بۆ ئەم رۆژانە دوابخستایە، ئەم رۆژانە پێویستە هەموو ساغ بین، ئەمڕۆ بەتایبەت، ئەمڕۆ خوداوەند دەبرێتە دەرەوەی شار.**

ئازەر نەیویست بەهۆی کوڕەکەیەوە دوابکەوێ. وتی دەڕۆمو چاوەڕێ ناکەم. لەشی زەویی جێهێشتو دەستی جلەکانی تەکاند، نەخۆشیی کوڕەکەی جێی نیگەرانی نەبوو. کوڕەکەی دەتوانێ هەرچۆنێك بێ بچێتە جەژنەکە، بەدڵنیاییشەوە ئێوارە بە لەشێکی ساغەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە:

**-کەواتە من پێشت دەکەوم، وەك چۆن دایکت پێشم کەوت. خۆت وتت کەمێکی تر دێی، ئەگەر نەشتوتبێ دەزانم هەر دێی، بەڵام ئەگەر ئەو کەمە زۆر بێ ئەو کاتە کەس قەرەبووی ئەو خۆشییەت بۆ ناکاتەوە، تەنانەت کەنیزەکێکی جوانیش ناتوانێ، ئەم رۆژانە لەساڵدا تاکن کەنیزەکیش بەدرێژایی ساڵ هەیە.**

دایە قاقای پێکەنین بێ ئەوەی بزانی بەچی پێدەکەنێ، بەقسەی خۆی یان بەو خۆشییەی ئەمڕۆ چاوەڕوانێتی. رۆشتو خۆشەویستو ئازارەکانی بەتەنیا جێهێڵا. خۆشەویست گوێی لە تەقەی دەرگای دەرەوە بوو پاش ونبوونی باوکی:

**-ڕاستە ئەم رۆژانە تاکە. لەم رۆژە تاکانەشدا نەخۆشترم.**

دانیشتبوو، پاڵکەوتەوە، چاوەکانی زەق رووەو بنمیچەکە، لێوەکانی هێواش دەجووڵانو هیچیان لێ نەدەبیسترا، مایەوەو تەنها ئەوەی زانی کە زۆر وا مایەوە. قریوەی منداڵانو کچان کە بەرەو فیستیڤاڵەکە دەڕۆشتن نەیهێشت ئەو بێدەنگییەی بەدوایدا دەگەڕا بێتە میوانی. ناچار هەڵسا، هێواشو بەزەحمەتێکی زۆرەوە توانی سەرپێی خۆی بوەستێ. پشتی رێك کردەوە. هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیی جەستەی تێدا نەبوو. چەند هەنگاوێکی خاوی لەناو ژوورەکەدا بڕی، چووە ناو حەوشەکە. چاوی بڕییە دیوارەکانی چواردەوری حەوشە، بەچاو ژوورە چۆڵەکانی پشکنی، بڕیاری دا بڕواتو وەکو ساڵەکانی تر ژیانی فیستیڤاڵ ببینێ:

**-دەڕۆم هەرچەندە نەخۆشم.**

چەند جارێك ئەمەی وت پێش چوونە دەرەوە، چووە دەرەوەو لەکۆڵانەکەدا چەند جارێك وتیەوە.

لەو ماوەیەی دواییدا چەندین جار بەتەنیا چۆتە دەرەوەی شار، هەستی دەکرد شتێك رایدەکێشێ، بەدوای شتێکدا وێڵە، بەدوای بوونەوەرێك، بەڵام هەموو جارێك بەدەستبەتاڵییەوە دەگەڕایەوە. هەموو جارێك لەدەرەوەی شاردا بەتەنیا دەمایەوە، خۆی لەهەموو کەسێك دووردەخست، لەجووتیارەکان، لەرێبوارەکان، تەنانەت لەئاژەڵەکانیش، دووردەکەوتەوەو ئومێدی ئەوەی بە دڵی خۆی دەدا لەو تەنیاییەدا تارمایی بوونەوەرەکە ببینێ، تارماییەك قسەی بۆ بکاتو گڕی دەروونی بکوژێنێتەوە، یان بیخرۆشێنێ، گرنگ ئەوە بوو بوونەوەرەکە تەنیا جێی نەهێڵێ:

**-دەچم، ئەمجارە تەنها بۆ بینینی شتی بێمانا، لەتەنیاییدا واتای هەموو واتاکانم نەدەبینی، لەو قەرەباڵغییەشدا لە بینینی بێئومێدترم.**

لاوەکان خێرا دەڕۆشتنو ئەوی لاویان جێدەهێڵا، پیرەکان وەکو ئەو دەڕۆشتن بەڵام بەشەوقتر، هەموو دەڕۆشتن، وادەش دەرەوەی شارە، دەنگێکە لەپشتەوە دێو دوور نییە:

**-شوان دڵی بەمەڕێكو دوان خۆش نییە، شوانو رانەمەڕ وتراوە، لە رانە مەڕیش کەمتر بۆ گاڵتە باشە.**

دەنگە پڕ گاڵتەجارییەکەی ناسییەوە، دەنگەکە بێباك بوو لە پەلەکردنی خەڵك:

**-تەماشای خۆتان بکەن: بەپێی من دەڕۆن، خاو وەکو من، بەڵام ئارەزووتان پەلەتان لێدەکات، بۆیە لاشەی هەر یەکەتان بۆتە دوو بەش، تەماشای خۆتان بکەن: لەناوك بەرەو خوار رێکە، لەناوك بەرەو سەرەوە بۆ پێشەوە لار بۆتەوە.**

هاوڕێکانی پەلەیان لێکرد، گوێی نەدایە، دەیزانی بێ ئەو ناڕۆن:

**-پەلەی چیتانە؟ ئەمڕۆ بەشی خۆتان بەزیادەوە دەلەوەڕن، تا دەگەنە دەرەوەی شاری تێر بخۆن لەو دیمەنە، تەماشا بکەن خەڵك چۆن پەلەدەکەنو دەقریوێنن، ئەگەر وەکو ئەوان بکەن لەزەتی تەماشاکردنیان ناچێژن. تەماشا بکەن چەند خۆشە هێواش بڕۆیو تەماشای مەڕو گاو گوێرەکەی بەلەسە بکەی. پاشان ئەمە جەژنەکە رۆژانی تری ماوە.**

ئێستا گەیشتنە نزیك خۆشەویست، تێپەڕین، تەماشای کردن، ئور-نینای شاعیرو هاوڕێکانی بوون:

**-ئەم رۆژو تاکانە رۆژانی ئەمە، ئەمو هاوڕێکانی، ئەمو هەموو خەڵك، وەکو خەڵك قسە بکەم دەڵێم ئەم رۆژە جنۆکەیەکە لەجیهانی خوارەوە بەرەڵابووە.**

گەیشتە دەرەوەی شارو ئێستا خەڵکەکە لەبەرچاودا باشتر دیارن. ژمارەیەکی بێ ژمارە لەهەموو جۆرێك بەڵام هێشتا ئاهەنگ دەستی پێنەکردووە، هێشتا (سین) خوداوەندی مانگو خوداوەندی گەورەی ئور لەناو پیرۆزترین حەرەمی پەرستگەوە نەهێنراوە بۆ پەرستگەی دەرەوەی شار بۆ بەشداری لەو خۆشییە، هێشتا شاعیرەکەش لەبەرچاو بزر نەببوو. خۆشەویست بینی خێرا خەڵك لەدەوریدا خڕبوونەوە:

**-دەزانم هەموو تامەزرۆن شتێکی خۆشتان بۆ بڵێم، دەشزانم ئێوە دووڕوون، منتان ناوێ بەڵکو شیعرەکانم.**

پێکەنینە، یەك لەوانە دانا بوو:

**-تازە تۆو شیعرەکانت بوونەتە یەك.**

پێکەنینە، ئور-نینا دەستی هەڵبڕی:

**-کەواتە گوێ بگرن..**

کەسێك قسەکانی پێ بڕی:

**-بوەستن، بوەستن، پێش ئەوەی هیچمان بۆ بڵێ، ئەمە شاعیرێکی ترە دەڵێ ئور-نینا دەبەزێنم.**

ئور–نینا لووتی لەئاسمان بوو، بەزەردەخەنەی فیزەوە لاشەی بەلای راستو چەپدا دەجوولاْ:

**–شاعیر؟ شاعیر نەبڕایەوە؟ ئوری مەزن لە جووجەڵە خێراتر شاعیر هەڵدەهێنێ.**

شاعیری تازەهاتوو بەناو خەڵکیدا رێگەی خۆی بڕی، کوڕێکی قەڵەو بوو سەری به پەڕۆیەك بەستبوو. دوو کەس قۆڵیان گرتبوو و هاواریان دەکرد:

**–ئەمە مەرگی ئور–نینایە.**

ئور–نینا هێشتا لووتی لەئاسمان بوو و هێشتا زەردەخەنە فیزی بوو، بەلاچاو تیشکێکی سووکایەتی پێکردنی تێگرت:

**–کەی دوو گوێچکەی گەورەت لە هێلکە جووقان؟**

پێکەنینە، تیشکی سووکایەتی بوو بە زەردەخەنەیەك لەهەمان جۆر، ئور–نینا بەرەورووی خەڵکەکە قەدی وەرچەرخاند:

**– ئەم جووجەڵەیە ون بووە، خێرخوازان دایکی بۆ بدۆزنەوە.**

پێکەنینە، شاعیری تازەش پێدەکەنێ، ئور–نینا دەستی خستە سەر شانی:

**–سەرەتای ژیانت بەشەڕ دەستپێمەکە، هەر کاتێك زانیت پشیلە نا تخوا ئینجا بیر لە شەڕ بکەرەوە.**

پێکەنینە، شاعیرە تازەکەش لەگەڵیاندا پێدەکەنێ، ئور–نینا هەردوو دەستی بەرزکردەوەو رایوەشاند:

**–هێمنی، برادەرینە هێمنی، لەم رۆژە تایبەتانەی ساڵ کاتێکی زۆرمان بەدەستەوەیە بەڵام لە دۆزینەوەی بەهرەی تازە خەساری ناکەین. ئەگەر شەڕە کەڵەشێریشتان دەوێ ئەمڕۆ نیازم نییە ببمە ئەو کەڵەشێرەی بەسەر شاعیرێکی تازەدا بنیشم.**

دەستی خستەوە سەر شانی شاعیری لاو و زەردەخەنەیەکی پێشکەش کرد، ئەمجارە زەردەخەنەیەکی بەسۆز:

**–ساڵەکە رۆژی بەتاڵیی زۆرە، رۆژێکی تر هەڵبژێرە بۆ داپڵۆسینت.**

هەموو پێدەکەنن‌و ئور–نیناو هاوڕێکانی بەناو خەڵکدا رۆشتن، شاعیرە دەم بەپێکەنینەکەش شوێنیان کەوت، ئور–نینا تێبینییەکی هەبوو:

**–شارەکەمان شاعیری زۆرە.**

مەبەستی بوو بڵێ سیسرکی زۆرە، هاوڕێکانی تەنها وشەکانیان هەڵگرتەوەو یەکێکیان بەکەیف‌و خۆشییەوە وەڵامی دایەوە:

**–بەڵێ زۆرن، بەڕاستی شارەکەمان بەختەوەرە.**

غەڵبەغەڵب لەپڕ بەرزبووەوە، هەموو ئاوڕیان دایەوە، ئور–نینا بە قسە پێشیانکەوت:

**–هات، ئەو برادەرە هات، مەبەستم خوداوەند هات.**

یەك لە هاوڕێیەکانی ملی قوت کردەوە، بەسەر پەنجەی پێ خۆی بەرزکردەوەو چاوی بۆ کەژاوەی خوداوەند گێڕا. بێ ئەوەی تەماشای ئور–نینا بکات بۆچوونی خۆی وت:

**–هەمیشە دەڵێن شاعیر بەئەندازەی شیعرەکانی لە خوداکان دوور دەکەوێتەوە.**

هەموو هاوڕێکانی خۆیان بەرزکردەوەو ملیان قوت کرد، ئور–نینا خۆی نەشێواندو زەردەخەنەی گاڵتەجاڕی هەر بەرینەدابوو. کەژاوەی خوداوەندی گەورەی شارەکە لەناو دەرگای شارەکەدا جوان دەرکەوت، شارەکە بەسەر بەرزاییە بچووکەکە کە ئەنجامی نیشتەجێیە یەك بەدوای یەکەکاندا دروستببوو دەیڕوانییە دەشتەکەو شووراکانی چواردەوری

بەرزتر دەیانڕوانی.

کەژاوەی خوداوەند بەسەر لێژایی تەپۆلکەکەدا شۆڕ بووەوەو پاش کەمێك لەبەرچاوی هاورێکانی ئور–نینا لەپشتی قەرەباڵغییەکەدا ون بوو.

خۆشەویست لەو نزیکانەدا بوو. خۆشەویست هێمن وەستابوو، دوولەپی دەستی لەسەر ناوکی لەیەك ئاڵاندبوو. کەژاوەکەی بینی. جارێك تەماشای خوداوەندی ناو عارەبانە دەکردو جارێك تەماشای ئور–نینا کە بەحاڵ سەری دیار بوو. بەدوای لەیەکچووندا دەگەڕا بەڵام بێسوود، خوشووعو زەین سافیی خوداوەندو فیسقو گاڵتەجاڕیی ئور–نینا، وشکیو بێ ژیانیی خوداوەندو بزێویو گڕی ژیان لەناو دەروونی ئور–نینا.

کەژاوەکە گەیشتە نزیك ئور–نیناو هاورێکانی، دوو ریزی شێواوی بەرامبەر یەکتر بەسەر ئەژنۆو ناوچەوان کەوتنە کڕنووش، هەموو تێکرا. ئور–نینا نیمچە نوشتانەوەیەك کڕنووشی بردو لەژێرەوە سەیری ئەو خوداوەندەی دەکرد کە ئور–نینا نەیدەزانی بۆچی وا بە خوشووعەوە تەماشا دەکاتو تەماشای کی وا بە خوشووعەوە دەکات، کەژاوەکە تێپەڕیو ئور–نینا راستبووەوە. ترسی نەبوو کەس سەرنجی نیوە نووشتانەوەکەی بدات. ئور–نینا بەوە ناسرابوو لەڕووی ئاینەوە فەوتاوەو خوداوەندەکانی بە پلە دەی شتە گرنگەکان دەزانیو بە پلە بیستی شتە راستەکان.

کەژاوەکە لەو شوێنەی خۆشەویستی لێ بوو نزیککەوتەوە، دوو ریزەکە کڕنووشیان بردو خۆشەویست رێك راوەستابوو، سەیر نەبوو چونکە خۆشەویست جار نەبوو موناقەشە نەکات لەبارەی چینی خوداوەندەکان.

ئەو پرسیارەی خۆشەویست هەمیشە دەیکرد ساکار بوو: **((بۆچی ئەوەندە زۆرن؟))** وەڵامێکی ساکاری دەستنەدەکەوت: **((ئیشەکان زۆرن لەبەرئەوە خوداوەندەکان لەنێوان خۆیاندا ئیشیان دابەش کردووە))**. بەڵام خۆشەویست هەمیشە پرسیاری ساکاری هەبوو: **((ئەی یەکێکیان ناتوانێ ئیشی هەموویان بکات؟))**. وەڵام نەبوو بۆیە پرسیارێکی تر دەهات: **((خوداوەند چۆن دەبێ تەنها یەك یان دوو ئیش بزانێ؟))**. کەس وەڵامی نەبوو تەنها ئەوە نەبێ ئەو باوەڕە لەکۆنەوە هەبووەو دەسەڵاتی کۆنینە هێندەی دەسەڵاتی خوداوەندەکان گەورەیە، ئەویش بەگومانەوە دەیوت: **((دەترسم دەسەڵاتی خوداوەندەکان لەدەسەڵاتی کۆنینەوە وەرگیرابێ))**، لەوەش بەدوا قسەکان ئاڵۆزتر دەبوون.

خۆشەویست هەمیشە دەیپرسی: **((بۆچی خوداوەندەکان بێ خواردن ناژین؟))**، هەر لەبەر ئەوەش بوو خۆشەویست هیچ رۆژێك قوربانیی بۆ خوداوەندەکان پێشکەش نەدەکرد. **((بۆچییانە؟))** وای دەوت، **((کەمیو نەنگییە بۆ خوداوەند پێویستی بە خواردن بێ))**، بەڵام تەنها بەخۆی دەوت: **((دەبێ پیسایی خوداوەندەکان چۆن بێ؟))**.

پرسیارەکانی لەمنداڵییەوە دەکرد:

**–بابە! تاکەی لەو شوێنەی خۆیاندا دەوەستن؟**

یەکەم پرسیاری بوو کاتی دووەم جار چوونی بۆ پەرستگە. باوکی وەکو وەڵامی قسە بێنیازو بێماناکانی منداڵان بۆی روونکردەوە:

**–لەوێ دەوەستن تا ئەو کاتەی حەز دەکەن.**

بەڵام کاتێك پرسیاری سێیەم جار چوونی، یان بردنی، بۆ پەرستگە کرد رووی باوك گرژ بوو:

**–بابە! کێ ئەمانەی دروستکردووە؟**

ئیتر لەوە بەدواوە باوکی نەیدەبردە پەرستگەو وای بۆ دەچوو باوەڕی کوڕەکەی سەلامەتتر دەبێ ئەگەر

لەدەرەوەی پەرستگە خوداكان بناسێ. بەلام لەوەش بەدوا خۆشەویستی منداڵ ئەو پرسیارەی بەردەوام لەخۆی دەكرد: ((تاكەی لەشوێنی خۆیاندا بێجووڵە دەوەستن؟ كێ دروستی كردوون؟)) كە گەورەتریش بوو توانی ئەو پرسیارە لەغەیری خۆی بكات، وەلامەكانیش جۆراوجۆر بوون. لای خەڵك وەستانی بەردەوامی بێجووڵە نیشانەی نەنگی نەبوو بەڵكو یەكێك بوو لە پێداویستییەكانی خوداوەندێتی، پاش هەموو شتێكیش خوداوەندەكان بەو شێوەیە نین كە دەبینرێن بەڵكو ئەوانە شەڕو بەزمو فەرتەنەی زۆریان لەنێوان خۆیاندا كرد تا حاڵ گەیشتە ئەمەی ئێستایان، حاڵی حازریش خوداوەندەكان جگە لەو پەیكەرەی هەیانە لەئاسماندا دەژین، بەشێكیشیان لە ئاراللو، جیهانی خوارەوە، جیهانی مردوواندا دەژین، بەلای كەمەوە ئەمە موحازەرەیەكی كاهنێكی پەرستگە بوو كە ویستی بەپێی بنەماكانی ئاینی باو خۆشەویست تێبگەیەنێ.

ئور-نینای شاعیریش پرسیاری خۆی هەبوو بەلام شتەكانی بە گاڵتەجاڕییەوە هەڵدەڕژاندو پرسیارەكانی وەكو گەمەیەكی خۆش دەكرد:

**-جێگەی داخە ئەو خوداوەندە بزێوانەی ئاسمانو ئەو خوداوەندە سامناكانەی جیهانی خوارەوە وا بێ ژیان بخرێنە ناو چوار یان بیست دیواری خانوویەك.**

زەردەخەنەكەی دەكشاو وەك كەسێك شتێكی سووك یان بێمانای بینیبێ دوو كونی چاوی باریك دەبوونەوە:

**-مرۆڤ ستەمكارە، بەوە نەوەستاوە باڵندە جوانەكان راو بكاتو بۆ جوانی یان بۆ خۆشی یان بۆ هێلكە بیانخاتە ناو قەفەسەوە بەڵكو خوداكانیشی لەو ئاسمانە راوكردو هەموویانی خستە ناو قەفەسێكی گەورەوە، گەورەتر لە قەفەسی باڵندەو مریشك، بەلام بچووكتر لەشوێنی شیاوی خوداوەند. بۆ ئەوەش كە ئەو كارە نامەردانەیەی بەرامبەر خوداكان كراوە ئاشكرا نەبێ ئەو قەفەسەی بە جوانترین شێوە دروستكردو ناوێكی قەڵەوی لێنا: (ئێ)، (بیتوم)، یان هەر ناوێك بە هەر زمانێك.. ئێ .. واتە خانوو، هەروەكو خانووی خۆم، بەلام ئەو خانووە بووە پەرستگە، فێڵەكەش وردو جوان تێپەڕی، كەسیش لێی نەپرسییەوە.. ئێ..**

پێدەكەنیو زیاتری دەوت:

**-ئێ.. بیتوم.. خانوو. من خانووی خۆم دەناسم بەلام كەس راوی نەكردوومو بەئارەزووی خۆم دەچمە ناوی، بینایەكە پڕ جەستەی خۆمە، لەوە گەورەتر بێ كەنیزەكێكی ترم پێویستە بۆ خاوێن راگرتنی.**

فیستیڤاڵ وەكو ساڵانی پێشوو بەڕێوە دەچێ، ئێستاش گەرمەیەتی، گڕی خڕی كۆنیش هێشتا نەگەیشتبووە ناوەڕاستی بنمیچی گومەزی شین كاتێك خۆشەویست دڵنیا بوو لەوەی پێویستی بە بینینو بیستنی لەوە زیاتر نییە. لەسەر خۆو بێ ئاوڕدانەوە لەدەوروبەر لەو قەرەباڵغییە دووركەوتەوە. بەدەوری شاردا سووڕایەوە، چووە دەشتی دیوەكەی تریو بینی زەویی چۆڵە، چۆڵە لەهەموو شتێك جگە لە باڵندە. كڵاوكوڕە دەفڕینو دەنیشتنەوەو زیكەكەیان شیرین دەهاتە بەرگوێی. چاوی بە چواردەوری خۆیدا گێڕا بەڵكو تارماییەك ببینێ لەو خەڵكە نەچێو ئەوەی پێ بڵێ كە نایزانێو چاوەڕێیەتی، گوێی هەڵخست بەڵكو دەنگێك ببیستێ گڕی دەروونی بكاتە رووناكیو هێمنی. تا ئێوارە مایەوەو هیچ نەبینیو هیچی نەبیست. بەدەستی بەتاڵەوەو بەدڵی شكاوەوە چووە ماڵەوەو بێئاگا لەكاتو خەڵكو پرسیارەكانی باوكیو گومانەكانی چووە ژوورەوە. باوكیشی چیی وت خۆشەویست نەیبیست. شەو ماڵەكە كپ بوو و خۆشەویست چووە سەربانو بەپشتدا رووەوە ئاسمان پاڵكەوت. هەموو شەو لەفێنكایی ئەو شەوەی ئەو وەرزە لەوێدا تەنیا مایەوە. هەر بەپشتدا پاڵكەوتبوو و دەیڕوانییە رەشایی پڕ خاڵی رووناكی بێ ژمارە. رەشاییەكی بێسنوور خاڵی رووناكی زۆری

تێدا دەبرسیکانەوە:

-ئێوە چین؟ چی لەپشتی ئەو رەشاییەدا هەیە؟

# جەنگی گەورەی شیرینئاوا

زرمەیەك، دوان، دەنگ لەسەر یەك، لەسەر یەك لەسەر یەك، کەمێك بێدەنگی، جارێکی تر دەنگ لەسەر یەك.

هێشتا فەرهادیو خانەخوێکەی دەستیان بۆ خواردنەکە نەبردبوو. کەمێك رامان. فەرهادی لە دانیشتنەکەی راست بووەوە. دوو چاوی لەپشت چاویلکە سپییە خڕکانییەوە بریسکەیان تێکەوت، خانەخوێکەی بەنیگەرانییەوە وتی:

–ڕووی دا!

–دەبوا! دەمزانی!

–نیازی چیتە؟

–رۆشتن.

–ئێرە ئەمینترە.

–بۆ ئەمینی ناچم، بۆ ناو شەڕ، بۆ بینینی ئەو ساتە مێژووییەی شیرینئاوا.

–منیش دێم بەڵام با بەپەلە شتێك بخۆین.

–پێویست ناکات، دەتوانین سبەی.. دووسبەی.. مانگێکی تر نان بخۆین.

–کەی؟!

–ئەگەر دێی هەڵسە.

–پێنج دەقیقە.. تەنها پێنج.

–پێنج زۆرە، من دەڕۆم.

فەرهادی هێشتا دوایەمین پیتی نەوتبوو کاتێك گەیشتە دەرگای ژوورەکە، ئاوڕی بۆ خانەخوێکەی دایەوەو چاویلکەکەی داکەندو رایوەشاند:

–ساتی مێژوویی لەم جۆرە هەموو رۆژێك دووبارە نابێتەوە، نانخواردنو کەسانی بێمانای وەکو جەنابت هەموو رۆژێك دووبارە دەبنەوە. دەزانم تێناگەی بەڵام نازانم بۆچی لەناو هەموو عاقڵو داناکانی شیرینئاوا تەنها تۆم بە هاوڕێ راگرتووە هەرچەندە تۆ نیو خوێندەواری.. نیو قەڵەمەوانی.. زۆر دەپرسیو سوود لە وەڵامەکان وەرناگری، تا دەشمری لە یەك شتی شیرینئاوا تێناگەی چونکە هەمیشە لە وانەی مێژوو سفری پوختی بێ مکیاج بەشت بووە.

خانەخوێکەی موحازەرەکەی پێ خۆش بوو چونکە فریا کەوت سێ پاروو بەدوای یەکدا بخاتە ناو دەمییەوە، خێرا هەڵسا، پارووە گەورەکەی جووو پلتەپلتی کرد:

–ئەم جارە.. لەگەڵ تۆ.. یەکەمی پۆل.. دەبم.

زووش هەردوو هاوڕێ گەیشتنە بینایەکی بەرز. فەرهادی چوارچوار بەسەر پلیکانەکاندا دەفڕی، لەسەر سەربانەکەدا نیشت، ماوەیەك قسەی بۆ هاوڕێکەی دەکرد پێش ئەوەی بزانێ هاوڕێکەی هێشتا بەسەر پلیکانەکاندا هەناسە بڕکێیەتی:

–مە.. مە.. منت.. کوشت.

–ئێستا گەیشتی؟ چیم وت بۆت دووبارە ناکەمەوە. بەڵام گوێبگرە: لێرەوە دیمەنێکی تەواوت هەیە بەشێکی ئەم ساتە

مێژووییە ببینی. لام سەیرە چۆن چەكلەشانەكان لەم سەربانە بێئاگان.

–باه.. باشە.. ئاگر.. باه.. رانە، سەهـ.. سەر..داهـ.. دانە.. وێنە.

فەرهادی بەپێوە وەستابوو، دەست لەژێر چەناگەدا، چاویش هەمیشە دەبریسكانەوە، بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە:

–هاوڕێی بەڕێز.. خۆت بدە بە زەویداو نمرەی خوار سفری پوخت لە وانەی مێژوو بێنە. ئەمە بۆ تۆ شوێنی فەتارەتە بەڵام بینینی ئەو ساتە مێژووییە ئەو فەتارەتە دەهێنێ. تەماشا بكە.. یان نەخێر.. هەر خۆت بنووسێنە بە سەربانەكەو گوێ بگرە، یان هەر گوێ مەگرە هیچ فەرق ناكات. شیرینئاوا حەوتی گەورەی تێدایە، ژمارەكە بەسە بۆ شێواندنی هەر وڵاتێك. حەوت گەورە.. بەلای كەمەوە حەوت شەڕ.. حەڤدەی بچووكیش یان وەزع خامۆش دەكەن كە بۆیان ناكرێ، یانیش ئاگرەكە گەرمتر دەكەن، ئەوەشیان ئاسانە. حەوت خراپە، حەوتو حەڤدە زۆر خراپە، بەڵام ژیان بەم شەبەنگەبەڕۆژەوە خۆشە، قەرەباڵغی خۆشە، فرەڕەنگی خۆشە، حەماقەتیش هەبێ هەمەجۆر بێ باشە.

–گوێت لە ویزەی تیری شێت نییە هەوای چواردەورمان كون كون دەكات.. سەر دانەوێنە..ئاخ!

–بەركەوتی؟

–نا.. ترسام.

–دەزانم ترسای.. لەبەر ئەوە دەبێ بۆ خۆمان هەڵبژێرین، فرەڕەنگی یان یەك رەنگ، دەوڵەمەندی یان یەك جۆر خواردن، یەك حەماقەتی دووبارە بوو یان كۆمەڵێ حەماقەتی دووبارە بوو.

–سەر دانەوێنە.

–بەڵام كێ رێگەی هەڵبژاردنمان دەداتێ؟ من دڵم خۆشتر دەبێ كە ژمارەیەك كەر دەبینم نەك یەك دانە. خۆم لەناو كەربازاڕدا دەبینمەوە، حەز دەكەم منیش بزەڕم.. ئا..ئا..ئا..

–بۆ كامیان دەزەڕی؟

–بۆ هەموویان، بۆ كەسیان. مەجووڵێ، هەناسە مەدە، شتێك دەبینم.

–چی؟ ساتێكی مێژوویی تر؟

–نا، چەند رەشاییەك دەبینم بەرەو ئێرە دێن.

–باسی كەری زۆرت كرد، فریا دەكەوی تا نەهاتوون پێم بڵێی لەگەڵ كامیاندای؟

–پرسیاری ناوەخت. با هەڵبێین، لەرێگەدا پێت دەڵێم.

بەپەلە بەسەر پلیكانەكاندا تلبوونەوە، خەڵك لەبەردەمیاندا هەڵدەهاتن. لەناو بیناكەشدا كەسێك هەبوو ئاگری دەگرتە شەقامەكە. گەیشتنە دووەم نهۆمو لەناكاو لەسەرەوە زرمەیەك كاسی كردنو وردە شووشەی كرد بەسەروچاویاندا:

–وای فەرهادی. ئەم ساتە مێژووییە زۆر نزیك بوو.

پێكەوە دانیشتن. فەرهادی چاویلكەكەی داكەند، بەقۆڵی كراسەكەی ناوچەوانی سرییەوە، ئینجا چاویلكەكەی:

–هیچ شتێك نزیك نییە چونكە هیچ شتێك دوور نییە. هەر دوێنێ مێژوو نییە، ئێستاش مێژووە، سبەینێش هەر مێژووە.

–وابزانم ئینجا وڕێنە دەكەی.

–ژیان هەمووی وڕێنەیە، ئەی نەتزانیوە؟ هەندێكی ترت بۆ بكەم؟

هاوڕێكەی وەڵامی نەدایەوەو لەپەنجەرە شووشەشكاوەكەوە سەرەتاتكێی بۆ شەقامەكە دەكرد. فەرهادی لەقسە نەكەوت:

–گوێم لێبگرە. حەز ناكەم وا بتبینم، تۆ شتی بچووك نەبێ بیری لێناكەیتەوە، تا ئەو ساتەی گا هارەكانی خوارەوە

دەگەنە گیانمان چەند دەقیقەیەکمان هەیە شتێکت پێ بڵێم بەکەسی ترم نەوتووە، بەڕاستی تۆ بەختەوەری.

—بەڕاستی بەختەوەرم!

—پێم خۆشە ئەمە بزانی. گوێ بگرە: کاتی خۆی، مەبەستم کاتی هەرزەکاری، هەر لەخەوندا دەژیام، ژیانم خەون بینین بوو. بیرم دەکردەوە بوومەتە فلانە کەس، بیرم دەکردەوە ئەم ئیشە یان ئەو ئیشەی تریانم کردووە کە نەمدەتوانی بیکەم. خەیاڵی سەیرم دەکردەوە کە لەسەر زەویدا نەدەکرا. برادەرێك گوایە رۆشنبیرە قسەی زۆری بۆ دەکردین‌و دوێنێ چیی دەخوێندەوە ئەمڕۆ وەکو شیعر لەبەر بۆی دەوتینەوە. رۆژێك باسی مرۆڤی باڵای بۆ کردین. هەر وتی‌و وتییەوە، پاشان رایگەیاند: ژیانتان بەخەسار چووە چونکە هیچ لەبارەی مرۆڤی باڵاوە نازانن، بچن‌و لەبارەیەوە بخوێننەوە. باسەکانی لەهی رۆشنبیرێك نەدەچوون بۆیە کارەکەی لەسەرم ئەوە بوو چووم چیرۆکە وێنەدارەکانی پاڵەوانێکم خوێندەوە، دواییش زانیم زۆربەی رۆشنبیرانی شیرینئاوا لەچەشنی ئەون، بەهەرحاڵ ئازیزم چیرۆکە وێنەدارەکان زۆر خۆش بوون، خەیاڵێکی زۆر خۆش بوون، هەر زووش چوومە ناو بەرگی ئەو پاڵەوانەو کەوتمە ناو جیهانی بەلەزەتی خەیاڵ. بەبیر دەفڕیم‌و پۆڵای رەقم دەنووشتانەوە، هێزێکی نائاساییم هەبوو و لەسەر دەستی پۆڵاییینم پیاوخراپان کۆتاییان دەهات، لەو پیاوخراپانەش بێگومان هەندێ هاوڕێی خۆم هەبوون کە ئازاریان دەدام، ئەوانە لەکەسانی تر زیاتر لێدانیان بەدەستە رەقەکەم دەخوارد. پێش ئەوەی قسەی ناماقووڵ بکەی‌و داوا بکەی ئەو گا هارانەی خوارەوەت بۆ وردو خاش بکەم کە ئیشی من نییە بۆت دووبارە دەکەمەوە کە ئەوە مەحزی خەیاڵ بوو و هیچی لێ سەوز نەبوو، تەنانەت هانیشی نەدام وەرزش بکەم تا هیچ نەبێ شەقێك لەیەکێك لەو هاوڕێیانەم بدەم.

—باشە پێم بڵێ فەیلەسووف پایە بەرز کە شیرینئاوا بەدرێژایی مێژوویدا بلیمەتێکی وەکو ئەوی نەدیوە ئەو چیرۆکانە چەند کاریان هەبووە لەسەر بیرکردنەوەی ئێستات، یان ئەگەر دروستتر قسە بکەم لەسەر خۆهەڵکێشانی ئەم قۆناغەی ژیانت.

—وەڵامی پرسیاری وا سەخیف نادەمەوە. ئەمە وەکو پرسیارکردنە لە گۆرانیبێژێك: کام گۆرانی کاری تێکردووی. با بۆت تەواو بکەم.. نا، هێشتا تێنەگەیشتووی کە من ئەو شتانە بۆ خۆم دەڵێم نەك بۆ تۆ هەروەك کەسێك ئەلبوومی وێنەکانی جارانی هەڵدەداتەوە تا بزانێ ئەوسا چەند ناشیرین بووەو ئێستا چەند جوانە، بێگومان وەك حاڵی ئێستای خۆم.

—دەزانم خۆت بە شاژنی جوانان ناگۆڕیتەوە، دەی تەواوی بکە.

—وتم بۆ خۆمی دەڵێم، نەشتەوێ هەر تەواوی دەکەم، ئەگەر بشبیستی باشە چونکە ترس زەرنەقی بردووی. یەك لەو کارە سەمەرانەی پاڵەوانەکە ئەوە بوو ژمارەیەك گای هار بەلەسە ببوون‌و ژیانی خەڵکەکەیان خستبووە مەترسی، ئەویش یەك بەیەکی گاکانی گرت‌و بۆ ئاسمان هەڵیدان‌و ماوەیەك وەکو ئەکرۆباتەکان هەڵیدەدانە سەرەوە تا ئەو کاتەی خەڵکەکە تێپەڕین‌و کەسی لێ نەما، برادەرێکی بێ خەیاڵی وەکو تۆش ئەو چیرۆکەی لەگەڵمدا دەخوێندەوەو وتی ئای لەو فشەیە، بەڵام لای من فشە نەبوو چونکە خەونێك بوو حەزم دەکرد ببوایەتە راست. جارێکیان لە قوتابخانە پرسیار لە مامۆستای وانەکە کرا: ((کە شەو خەون دەبینین ئایا بە رۆژ دەبێتە راستی‌و روودەدات؟)). بزەیەك هاتە سەر رووی مامۆستاو دیار بوو شتێکی بیست مایەی دڵخۆشی بێ. مامۆستا هەر بەو بزەیەوە وتی: ((جاری وایە دەبێتە راست، بۆ نموونە یەکێك خەونێك دەبینێ لە کۆشکدایە)). مامۆستا بەهەمان زەردەخەنەوە هەردوو دەستی بەنیشانەی خانووی فراوان جووڵاند و قسەکەی تەواو کرد: ((دوایی دەبێتە راست..)). ئێستاش دەزانم بۆچی مامۆستا زەردەخەنەی خۆشیی بوو، تومەز هەمیشە خەونی بەوە دەبینی خانووی خۆی هەبێ‌و لە زەلیلیی کرێچێتی رزگاری ببێ بۆیە پرسیاری قوتابییەکە لەسەر دڵی لە تیری عاشقان کاریگەرتر بوو.

—زۆرت وت‌و کەمت درکاند، باشە فەیلەسووفی جوان لەم تەڵەزگەیە چۆن رزگارمان دەکەیت؟

—شتێکی کەمم ماوە؛ ئێستا خەون بەوە نابینم ئەو پاڵەوانە بمو هێندەم بەسە لەبارەیەوە بنووسم، من گەیشتمە ئەم

قۆناغەو وام لێرەدا، ئەی تۆ لەکوێی ئەم کەین و بەینەدای؟

–من لەسەر قادرمەیەکم؛ بچمە سەرەوە ئاسمانەو بچمە خوارەوە گای هارە، فەیلەسووفێکیشم لەگەڵدایە قسەی زل زیاتر هیچی تری پیٚ نییە.

–ئارەزووتە لەم پەنجەرەیە کە شووشەکانی شکاون هەموو قسەکانم فرێ بدەیتە خوارەوە، بەڵام شتێکت پیٚ دەڵێم توند بیخەرە بنباخەڵتەوە.

–چییە یەکەم و دوا فەیلەسووفی شار؟

–خەونەکان.. هەموو ئەو خەونانەی دەمبینین تەنها هی خۆم نەبوون، شیرینئاوا هەمووی خەونی دەبینی، هەموو ژیانی خەون بینینە، واقعە تاڵەکەی بەسە بۆ رەواندنی هەموو خەونێك، بەڵام بەپێچەوانەوە؛ شیرینئاوا ئەو واقعە نابینیٚ و تەنها خەون دەبینیٚ، شتێکت بۆ بدرکێنم ئابڕووم نابەی و بۆ کەسی ناگێڕیتەوە؟

–نەخێر.

–ئەی ئەگەر سکت ئاوسا؟

–ئاسانە، بە گوێچکەی کەرێکدا دەچرپێنم.

–قبووڵمە، کەر نهێنیپارێزترین مرۆڤە.. ئەم شەڕەی شیرینئاوا ئاواتێکم بوو.

–خائین!

–پەلە مەکە! بۆیە ئەم شەڕەم پیٚ خۆشە چونکە لەوانەیە لەو خەون و خەیاڵە خۆش و بەتاڵانە بێداریان بکاتەوە.

–خوا بکات فەیلەسووفی شاری بیٚ فەیلەسووف.

–یەك شتی ترت پیٚ دەڵێم و ئارەزووی خۆتە بیگێڕیتەوە یان نا.

–بۆ نا؟ کارمان چییە؟ رۆژێکی پڕ زرموهوڕمان لەبەردەمدایە.

–دە گویٚ بگرە؛ دەنگی سمەکان بەسەر قادرمەکەدا دەبیستم.

–ئەمەت راست بوو، حیلەو زەڕین و بۆڕەو بۆڵەیانە.

هەرای چەکلەشانەکان گەیشتە نهۆمی ناوەڕاست، فەرهادیو هاوڕێکەی بەتەنیا مابوونەوە. زرمەی پێی چەکلەشانەکان و هاوارەکانیان و هەناسەبڕکیٚ و جوێنەکانیان نزیکتر دەبوونەوە. دوانەکە وەکو دز هێواش بەپلیکانەکاندا چوونە خوارەوە، فەرهادی بەدەنگێکی بەرز قسەی کردو ویستی چکلەشان ببیستن:

–کۆترەکانمان هەڵفڕین بەڵام قەید ناکا، ماڵین و دێنەوە لانەکەیان.. بڵێم کولانەکەیان.. بڵێم هێلانەکەیان..

چەکلەشانەکان گەیشتن، خێسەی خوێناوییان لێکردن و چەکەکانیان رووتێکردن. دوانەکە توند خۆیان بەدیوارەکەوە نووساند تا چەکلەشان تێپەڕن. چەکلەشان بەڕاکردن سەرکەوتن، دوانەکەش بەسەر پلیکانەکاندا فڕینە خوارەوەو لەسەر شەقامەکەدا گیرسانەوە، تا توانییان خێرا غاریان دا، باڵیان خێراخێرا دەچووە پێش و دەگەڕایەوە دواوە:

–نەموت وڕێنە دەکەی.. کوتری چی هەڵفڕیوە؟

–پیاوی عاقڵ؛ ویستم بە کەسی بێوەی و ئاساییمان بزانن.

–پیاوی بەئینساف؛ بۆیە کۆنە قاچاخچییەکی بەڕێزی وەکو منت کردە کۆترباز.

–هەرچییەك بووی تازە بووی، ئێستا خۆت رزگار بکە.. پرسیارێکت لەو سەربانە کردبوو بیرت ماوە؟

–بەڵیٚ! وتم پیاوی عاقڵ لەگەڵ کام لەو کەرانەدای.. بڵیٚ تا هەناسەسوار نەبووی.

–ڕاکە.. خێرا راکە.. تەنها لەگەڵ خۆمدام.

–ها..ها.. باشترین.. چاکترین.. منیش بخەرە ریزەکە.

– قبوولّمە، جێگەمان زۆرە، ئەوە تۆ بوویتە ژمارە دوو سەد هەزارو ئەوەندەو ئەوەندە.

ڕایانکرد، تا هەناسەیان مابوو ڕایانکرد، دەترسانو پێدەکەنینو ڕایان دەکرد.

خەڵکەکە دڵنیا بوون گەردەلوولی گڕو دووکەڵ کە پێشتر لەشوێنی تردا بینیبوویان گەیشتە شارەکەیان. نێوان دوانیوەڕۆو ئێوارە هەموو خەڵکی سەرسامی شارەکە بۆ ماڵەوە هەڵهاتبوون، شەقامەکان چۆڵ ببوونو تەنها چەکلەشانیان تێدا دەبینران، وردەوردەش چەکلەشانی زیاتریان تێدا دەڕژان. کوڕانی چەکداری شیرینئاوا لەهەموو لایەکدا بڵاوببوونەوەو چەکی سووکو قورسەکانیان رادەوشاند. کوڕانی شیرینئاوا شپرزو تووڕە بوونو هەر یەك بۆ لایەك رایدەکرد. دەنگو زرمە هەموو سووچەکانی شارەکەی گرتبووەوە. ئەو ڕۆژە هەموو شیرینئاوا گڕی گرتبوو. جەنگی گەورەی شیرینئاوا دەستی پێکرد.

# قەهـــــــار

ئەو کارەی شاخان کردبووی وێنەی کەم بوو. هەرئەوەندە فەرمان بۆ سوپا دەرچوو بەیەك جار دوو سەد هەزار پیاوی شاخان سمتیان رووکردە چیاکانو لەیەك کاتدا بایان بەرەڵا کرد. هەڵمەتی هەوای بۆگەن هێندە چڕ بوو درەختەکان تۆقینو پاشان گەڵا لە لەشیان داڕنران، بەهەزارانیش پیاوو ئافرەتو منداڵ لەپێکەوتن، لەرزیان لێهاتو هەناسەیان لێبڕا، تەنانەت ئاژەڵیش کە بەرگەی بۆنی مرۆڤ دەگرن لەژێر کاریگەریی بۆنەکە گیانیان لەدەست دا. تەوژمە بەهێزەکە کەمێك باری کەشوهەوای گۆڕیو بای ناچار کرد بەپێچەوانەوە هەڵبکات. بای چاوەڕواننەکراو برێك بۆنی گەڕاندەوە بۆ ئەوانەی هێشتا سمتیان روو لەئاسمان بوو. دوایی کۆکەو هەناسەسواریی ئەو پیاوانە بووە دەرفەتێکی باشی دایە هەڵگری شەیپووری شاخان تا جاڕ بەجیهاندا بدات کە دوژمن بوو نەك رۆڵەی مەزنانگە زەویو رووبارو هەوای ژەهراوی کردبوو.

وەکو نەریتی شەڕیش؛ پاش هەر ئاگرپارانێك پێویستە هێرشی پیادە لێی نەوەستێ دەنا سەرکەوتنەکە نیوەناچڵ دەبێ، بۆیە بە دوو جۆر هێزەوە ئەو هەڵمەتە دەستی پێکرد کە ناوێکی سەیری درابوویەو کە تا ئەو کاتە بەکارنەهاتبوو: ((هەڵمەتی مەردانەی پەرستگەی سەرکەوتنی مەزن)). کەسیش نەیدەزانی مەبەست لە چ پەرستگەیەکە چونکە شاخان بەچاوی گومانەوە دەیڕوانییە ئەوانەی زۆر هاتوچۆی پەرستگەکان دەکەنو ئەوانە دەخرانە ژێر چاودێری نەوەکو بەو پەرستگەیەو خاوەنەکەی لەجیاتی شاخانو خێڵەکەی پەیوەست بن. شاخان دڵسۆزیو خۆساغکردنەوەی تەنها بۆ خۆیو خێڵەکەی دەویست، بۆ خۆشی پێش خێڵەکەی.

دوو جۆرە هێزەکەش کە لە هەڵمەتە ناو سەیرەکە بەشدار بوون زۆر لەیەکتر جیاواز بوون: ئەوانە هەبوون کە پێیان دەوترا شەقوەشێن، ئەمانە هەمیشە لووتو روو لەئاسمان بوونو تەنها لەبەردەم ئەستێرەی سەرشان چاویان بۆ کەوشیان شۆڕ دەبووەوە. جۆری دووەمیش کوڕی شیرینئاوا بوونو ناویان لای خەڵکی شیرینئاوا، هەندێ جاریش لای شەقوەشێنەکان کاتێك لێیان بێزار دەبوون، کورتو پڕ واتا بوو: جووتەوەشێن. ئەو جووتەوەشێنانە هەمیشە روو لەزەوی بوون تا بتوانن جووتەپێشووی خۆیان لەزەوی بچەقێنن کاتێك جووتە پاشوویان بۆ جووتەوەشاندن ئامادە دەکەن. جووتەوەشێنەکان دەشتو دۆڵیان پڕکردبوو و لەشەقوەشێنەکان زۆرتر بوون. هەمیشەش لەپێشەوە بوون چونکە بەچکەی ئەو زەوییە بوونو شارەزای کونو قوژبنی بوون، دەیانزانی کام چەم ناوی چییەو کامە بێ ناوە، ناوی نزمترین بەرزاییان لەڕووی دەشتەکەوە دەزانی، تەنانەت باڵندەیان بەناوی باوكو باپیرەوە جیادەکردەوە.

سەرباری زیانی ئەو بۆنەی بۆ شەقوەشێنەکانی شاخان گەڕایەوە هەڵمەتەکە بەڕێوەچوو. هەڵمەتەکەش لەنیوەدا بوو کاتێك شاخانو شەقوەشێنەکانی بینییان مەرگی خێرای بۆندار نەبووە بەشی هەموو خەڵکەکە بۆیە بڕیاریان دا ئەوانەی مابوون مەرگی هێواشیان لە بیابانی بێکۆتادا پێ ببەخشرێ. بڕیارەکە خرایە کار بەڵام دوایی شاخان لە بەڵێنی ئەو مەرگە هێواشە پاشگەزبووەوەو ئەو بەخششەی لێ سەندنەوەو مەرگەکەی کردە خێراو یەکسەری، مەرگێك لەوەی هەوا هەڵیگرتبوو خێراتر، لەویش بەبەزەییتر. بەخششی نوێی شاخان مەرگی بێ هەوای ژێر لمی بیابان بوو. دوا

دیمەنێکی خەڵکی شیرینئاوای ناو بیابانەکەش کە بینییان ئەو جانەوەرە دەنگناخۆشە رووگرژانە بوون کە دووکەڵیان لەپاشەڵ دەردەکردو لمیان دەکرد بەسەریاندا، دوادەنگیش نەڕەی ئەو جانەوەرانەو هاوارو زریکەی خۆیان بوو. دوای ئەوەش هێمنی بۆ بیابان گەڕایەوە.

رۆژانی هەڵمەتی ناو گردو چیاکانی شیرینئاوا کە خاوەنەکانیان نەمابوون جانەوەرە رووگرژەکان شانبەشانی شەقوەشێنو جووتەوەشێن دەکەوتنە ناو خانووە شەقوشڕەکانو بەشاخە گەورەکانیان داریان دەدا بەسەر پەردوویاندا. شەقوەشێنو جووتەوەشێنو جانەوەرەکان بێوچان دەڕۆشتنو کێو و دەشتیان دەماڵیو خاکێکی خامۆشیان لەدوای خۆیاندا جێدەهێشت، هەر بەخامۆشیش دووکەڵی رەشو سپی لەملاو لەولا لەخانووەکان بەرزدەبووەوە. کێو و دەشت خامۆش بوون مەگەر جارجار دەنگێك یان زرمەیەکی دوور کە راهاتبوون ئاوڕی لێنەدەنەوە.

ئێوارەیەو هەوری رەش پێشوەخت شوێنەکە بەرەو تاریکی دەبات، زەوی تا سەرووی قولەپێ قوڕاوییەو بەرد پڕ شوێنەکەیە. پیاوەکان پاشماوەکان هەڵدەگرن، دوو کەس لەو لاوە، هەردوو پێکەوە:

–جۆلانێ.. جۆلانێ.. جۆلانێ..

–تا نیو دەژمێرم؛ کە گەیشتمە چارەك بەریبدەرەوە.

هەردوو پێکەوە:

–جۆلانێ..جۆلانێ..

–چارەك ..

–بۆ شیو.

–یەك لە زۆر.

–کەم لە زۆر.

لاشەکە لەبەرزاییەوە نشتە سەر تاوێرەکانو هەڵبەزییەوەو بەسەریاندا تلبووەوە، گەیشتە سەر نووکێکی تیژی بەردێکی دەرپەڕیو و تێیدا چەقی، بەڵام شوێنەکە بەرز بوو و خێراییەکە زۆرتر بوو و نووکی دەرپەڕیو نەیگرتەوەو تا توانی تلبووەوە. لاشەکە لەکۆتاییدا بەناو قەد بەسەر درەختێکی یاخیی لاپاڵ کووڕەکەدا گیرسایەوە.

–جۆلانێ .. دە لە زۆر .. جۆلانێ..

–تا هیچ دەژمێرم .. بەریبدەوە.

لاشەی دەیەمین نزیکتر کەوت بەڵام هەر تلیدایەوەو گەیشتە تەرمی پێشوو، هەردوو سەر دایان لەیەکو لەگەڵ دەنگدانەوەی تەقەی دوو سەرەکە تەرمەکە خلۆربووەوەو لەگەڵ خۆیدا لاشەی پێشووی راچڵەکاند. چەند گەڵایەکی کەمی درەختەکەی وەراند.

–تەماشا.. سەگبابانە لەچ سەختییەکدا کەوتوون، قەلەڕەشی لەوان سەگباباتر ناتوانێ بگاتە لایانو کفنو دفنیان بکا. ئەو بەردەت بۆ چییە؟

–ئا ئەوە.. ئەو سەگبابە هێشتا هەناسەی تێدایە.. دایکت ..

هەناسەبڕکێو ئەو هێزەی بۆ ئەو بەردە کۆیکربووەوە نەیهێشت جوێنەکەی تەواو بکات. بەردە گەورەکەی بەو سەرە کێشا کە نووزەی تێدا مابوو. شەقێکی لەکەللەی وەشاند، لەقەیەك لەسکی، تفێكو دوان. چڵمو تفی بەقوڵی سڕییەوە:

—سەگبابی ژمارە یانزە، ئەگەر باشم ژماردبێ. سەگبابانە زۆرن، قوڵمان لەبن دەردێ ئەگەر هەموویان هەڵدەین.

فەرمانێك لەدوورەوە بیسترا:

—خێرا خڕبنەوە.. پێش تاریکی بچنەوە سەنگەرەکانتان.

بەبۆڵەوە پرسیاری لەهاوڕێکەی کرد:

—کەرەکەری چییەتی؟

لەگەڵ ئەوەشدا کەلوپەلیان کۆکردەوەو بەدەم فەرمانەکەوە چوون، کاتی ئەوەشیان هەبوو دوایەمین لەقە لە لاشەکان بدەنەوە:

—سەگباب بەختت هەیە، وەکو کەر بەجێمای‌و دەتوانن بتنێژن.

لە لوتکەکە چوونە خوارەوە، شەڕیان لەگەڵ قوڕدا دەکرد، قاچیان دەچەقی، دەخلیسکا، پێڵاوەکەیان سێ ئەوەندەی خۆی قوڕی بەرزەکردەوەو دایدەگرتەوە. هەر یەك روویکردە بەرپرسی پلە یەکی کۆمەڵەکەی، هەمووش دوایی تێکەڵ بەقەرەباڵغییە زۆرەکە بوون‌و دەستیان کرد بەئامادەکردنی سەنگەرەکانیان‌و چاککردنی خێرای ئەو سەنگەرانەی دوژمن چۆڵی کردبوون.

خڕی گرسوور بەسەر ئاسۆدا نیشتەوە، هەورە رەشەکانیش لەنیوەی ئەوبەری ئاسماندا پڕتر بوون. قوڕو بەردەلان‌و ماندوویی شەڕی سەختی رۆژەکەیان نەیاندەهێشت خێرا کار بکەن. دەنگەدەنگ ئاسایی بوو بەلام تارماییەك دەرکەوت یەك لە پیاوەکانی شپرز کرد، خێرا جگەرەی ناوی دەمی تفکردەوە تا هاوار فریای هاوڕێکانی بخات:

—قەهارە.. قەهار هاتووە.. خاوەخاو مەکەن.. ئیش بکەن.

هێندەی چەند چرکەیەك (قەهار سوڵتان) گەیشتە لای پیاوەکان‌و بەدەم دەستخۆشی‌و هاندان‌و سەرزەنشتەوە کەرەسەی بۆ راپۆرتی خۆی ئامادە دەکرد تا زوو بە هەوادا بینێرێ. قەهار سامی خستبووە دڵی پیاوانی خۆی پێش ئەوەی بیخاتە دڵی دوژمن:

—ها کوڕینە .. ئەم شەڕەتان چۆن بوو؟

ستایشی پاڵەوانێتی‌و جوێندان بەدوژمن‌و تانەدان لێی وەکو تەقەی تەرزەی گەورەی سەر سەربانێکی چنکۆ بوو. بزەی رەزامەندیی قەهار پێش تەعلیقەکەی کەوت:

—واتان شکاندن ناوی کۆماری بچووك‌و کۆماری باپیرو هەموو کۆمارەکانی دیکەتان لەیاد بردن.

غەلبەغەلبێك لەجۆرێکی تری غەیری جوێن‌و ستایش پاشقولی لە قسەکەی گرت:

—گەورەم، لەو کەللەپووتانە هەر ئەمانەمان بەزیندوویی دەستکەوت.

هاوارو دەنگی لێدان‌و پاڕانەوە تێکەڵ بەیەك ببوون، یانزە کەسی شێواو لەبەردەم چەکلەشانەکان‌و لەژێر زەبری قایشی کەللەئاسن دەنوشتانەوەو لوول دەبوون، هاواریش بێ ژمارە بوو. قەهار دەستی خستە قایشی کەمەری‌و رووی بەناو چەکلەشانەکانی خۆیدا گێڕا:

—کوڕینە ئەمانە میوانتانن، لەبیرتان نەچێ ئەوانە وەکو ئێوە کوڕی شیرینئاوان. پێخەفتان هەیە بۆ ئەم شەوە ساردو تەڕەیان؟

خۆی بزەیەکی پڕ غەدر گرتبووی‌و چەکلەشانەکانی پێدەکەنین. چاوەڕێی وەلامی چەکلەشانەکانی خۆی بوو. وەلام نەبوو. چەکلەشانێك رووی وەرچەرخاندبوو و لەژێر کلاوەکەیەوە سەری دەخوراند، دەیزانی گاڵتەوگەپی پێش

شەوچەرەیە، یەکێك پاڵتۆ زەیتوونییەکەی لەخۆی توند کردو توندو خێرا لەپی دوو دەستی لەیەك خشاند، یەکێکی تر گێلێتیی دەنواندو تەماشای ئاسمانی دەکرد، فیکەیەکی سەرسوڕمانی لێدا:

**—هەورەکەی چەند بەبارانە.**

قەههار دوو دەستی بەتاڵی پیشاندانو سکاڵای بێدەسەڵاتیی کرد:

**—دەبینن خانەخوێکانتان تەنها بەشی خۆیان پێخەفیان هەیە بۆیە ناتوانن میوان رابگرن.**

یانزەی شێواو رەنگیان زەرد هەڵگەڕابووو چاویان ئەبڵەق ببوو، دەمیان کرابووەوەو هەناسەبڕکێیان بوو:

**—دڵیشمان نایەت لەم چۆڵەوانییە بەرەڵاتان بکەین.. ریز بن بەڵکو خودا دەرگایەکی رەحمەتتان لێبکاتەوە.**

کوڕانی شێواوی شیرینئاوا لەو گەمەیەی کاتی ئێوارەی کوڕانی بەزەوقی شیرینئاوا تێنەگەیشتنو لەشوێنی خۆیان نەجووڵان. قەههار چاوێکی تاکی لە چەکلەشانەکانی داگرت، خێرا ریزکرانو چەکلەشانێك ئامادە بوو، چەکەکەی رووتێکردن. قەههار بەپەنجەیەك ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد، پۆلێك باڵندە دەفڕین:

**—تا.. بە چەکی دەنگ گڕ نا، ئێوارەیەو باڵندەکان دەچنەوە ماڵ، با کاسیان نەکەین، با بەدڵی خۆشەوە بڕۆنەوە، پاشان لەو جۆرە دەنگانەش بێزار بووین، پێویستمان بە گۆڕانکارییە.**

قاچی راستی خستبووە سەر بەردێکی گەورە، سەری بۆ دانەواندو قاچی لابرد، دوو جار نووکی پێڵاوی بەهێواشی بەبەردەکەدا کێشا:

**—بەمە .. بەمە باشترە.. خۆشترە. لەم شوێنەدا زۆری لێیە.**

خۆی بۆ بەردەکە شۆڕکردەوەو بەرزی کردەوە، تەواو بەرزی کردەوە، خێراش چەکلەشانەکان کردیانە هاوارو یانزەی شێواویان بەزەویدا دا، قەههار سوڵتان بەوردی نیشانەی لەنزیکترینان گرتەوەو توند بەردە گەورەکەی کێشا بەسەرو دەموچاوی ترساو و ئەبڵەقی، خێراش بەرد بەرزکرانەوە، لە دە بەرد زیاتر. دەموچاوە تۆقیو و ئەبڵەقەکان رەجم کران.

قەههار پشتی تێکردنو رۆشت، وەستاو ئاوڕی دایەوە. ئەو چوار چەکلەشانەی خۆی بینی کە وەکو قوربانییەکان ئەبڵەق ببوون، بزە ساردو بێباکەکەی بەری نەدابوو:

**—سڵ لەوە دەکەنەوە؟**

ئینجا تەواو وەستاو تەواو رووی تێکردن، هەموو گوێیان لە زرمەی لەسەر یەك بوو لەویەرەوە دەهات، زانییان دیلەکانی خۆیان دەکوژرێن، باڵندەکانیان بینی لەویەرەوە هەڵفڕینو لەشوێنێکی دوورتر نیشتنەوە، ئینجا هەڵفڕینەوەو رۆشتنو نەگەڕانەوە. هەناسەیەکی قووڵی راکێشایە ناو سنگی پانی، سەیری دووری کرد. بزە بێباکەکەی نەمابوو:

**—شەڕ لەهەموو شوێنێکدا هەر شەڕە، هەمووی وەکو یەکە. یەك لەوەی تر خراپترە. ئێوە لەو بەردانە سڵ دەکەنەوە بەڵام ئێمەش و خێڵی کۆمارو باقی خێڵەکانی تریش بەگەورەو بچووکەوە رۆژانێکی لەمە سەختترمان بینیوە. بەرد لەیەك شوێنداو بەر یەك شوێن دەکەوێ، هەموو جارێکیش مەرگی بەدواوە نایەت، بەڵام ئێمەش و ئەوانیش رۆژێکمان بینی چواردەورمان هەمووی مەرگ بوو، چواردەورمان هەمووی بۆن بوو، شەڕی سەختمان دژی شاخان دەکرد، شەڕەکانمان هێندە سەخت بوون ئەمەی دەیبینن لەچاو ئەودا یاری منداڵانە، چەکی ئێمەو خۆڕاگریی خەڵکی شیرینئاوا شاخانی تێگەیاندبوو ئەم زەوییە ئەو دڕکەیە کە بۆی قووت نادرێ. شیرینئاوا ئەو دڕکە بوو لە قورگی ئەو مەزنەی کەس نەیدەتوانی لەڕوویدا بوەستێ، هەمووشی چەند ساڵێکەو هێندە کۆن نەبووە لەبیرمان بچێ، لەبەرئەوە ئیشی بەردکاری**

**لامان ئاساییە، ئێمەش‌و هەموو خێڵەکانی تریش، سەد جار بیستووتانە چۆن خێڵی کۆمار چەکێکی گەورەیان لە تاکە کەسێکدا خەسار کردووە چونکە کەسێکی گەورە بوو.. هێندە دووبارەکراوەتەوە خۆشمان لێی وەڕس بووین.**

ڕۆشت‌و چەکلەشانەکانی جێهێشت، بەهێمنی ڕۆشت‌و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

**–هەموومان وەکو یەکین، یەك لەوی تر خراپترین.**

شەو گەیشت‌و نرکەو ناڵە نەما، هەر قرچەی داری ناو ئاگری چەکلەشانەکان‌و پێکەنینیان‌و هاواری پڕ حەماسەتی ئامێری پەخشی هەواڵ. جاروباریش ئامێرەکە پیرۆزبایی جەمالوددینی دووبارە دەکردەوە بۆ گرتنەوەی چەندەم جارەی لوتکەکەو پاککردنەوەی لە چەکلەشانەکانی کۆمار کە چەند جاری تر گرتبوویان‌و لێی دەرکرابوون.

پاسەوانەکانی سەر لوتکەکە لەپشتی تاریکی‌و تنۆکە بارانە کەمەکانەوە چاویان بۆ خوارەوە بەناو هێڵی مەرگدا دەگێڕاو و ئامادەبوون هاوڕێکانیان لەهێرشی دوژمن‌و هەوڵی گرتنەوەی چەندەم جارەی ئەو لوتکەیە ئاگادار بکەنەوە.

ئەو شەوە خامۆش بوو و تەنها جاروبار دەنگی زرمەیەك یان دوان دەهاتن‌و ئەوانەی ئەمبەرو ئەوبەر تێدەگەیشتن چەکلەشانێکە یان دوان لە زەلیلیی دیلێتی ڕزگاری دەبوو. هەراو غەڵبەغەڵبی ناو سەنگەرەکان بەرەبەرە کز دەبوونەوە، بەڵام ئاگرەکان تا بەیانی نەکوژانەوە، چەکلەشانەکان نوستن‌و وزەی خۆیان بۆ بەیانییەکی تر کۆکردەوە، هەورو باران‌و سەوزایی بەڵێنی بەیانییەکی ساردترو جوانتریان بە باڵندەکان دەدا.

تاریکی بووە فەرمانڕەوای ڕەهاو ڕێگەی بینینی داخست، باران بەردەوام بوو و جووڵەی چەکلەشانەکانی بڕی. لەنێوان سەنگەرەکانی دەشتی بنەوەو بەردەکانی بنی لوتکەکە لاکێشەیەکی ڕەش ڕەق ڕاوەستابوو، دەبوایە لەناو ڕووناکیدا تەماشا بکرایە تا بزانرێ لاکێشەکە سوورەو نووسینی لەسەرە. سێ دێڕی یەکەم مابوون‌و دێڕی چوارەم چەند جارێك بەچەند ڕەنگێك سڕاوەتەوەو لەسەری نووسراوەو دیسان سڕاوەتەوەو چیتر باش ناخوێنرێتەوە:

**((کەپکی قنگەجنۆکە**

**نزیك مەبەرەوە**

**مەرگ چاوەڕێتە))**

# ژوانی خۆشەویست

جۆشو کولآنە، شتێکە لەناخیدا دەکولێ، خۆخواردنەوە گەیشتۆتە ئەوپەڕی، داخران بەسەر خۆدا جۆشی گەیاندە لوتکە، دەرەوە بانگی دەکات، دەرەوە بەلای خۆیدا رایدەکێشێ:

**–کەمێکی تر بمێنمەوە دەبمە هەزار پارچە.. دەبێ بڕۆم.. دەبێ ئەم شوێنە جێبهێڵم.**

هەستی بەهەموو دەمارەکانی دەکرد کەفکوڵیان بۆتە شتێك خەریکە لە لەشی دەربچێ، رەنگە گیانی بێ، رەنگە خۆی بێ لەخۆی دەربچێ، لەمە زیاتر ناخ ناکولێ.

لەماڵ هەڵهات، لەژێر رووناکیی خڕی کۆنی تێکەڵ بە هەور رۆشت. هیچی لەپشتی خۆی نەبینی، هیچ لای راست، هیچ لای چەپ، هەر روو لەپێش، شتێك یەخەی گرتووەو رایدەکێشێ، ئەویش پەرۆشەو جڵەوی لەشو دڵی بۆ شل کردووە.

گەیشتە دەرەوەی شار؛ دەرەوەی شارە، دەشتاییەکەیە.. ئینجا هێمنییە، هێمنییەکی تەواو، ئینجا هەر خۆیو ئەو شتەیە کە یەخەی رادەکێشێ، ئینجا خاوبوونەوەی ترپەی دەمارەکان، ئینجا زمان لەسەر زمانی دڵ دەپرسێ:

**–وام لێرەدا، هاتم کاتێك پەلکێشت کردم. کێیت منت هێنا؟ ناخی جۆشخواردوومی یان بوونەوەرێك لەدەرەوەی خۆم؟ هەرکامیان بی چاوەڕێم دەنگت ببیستم، چاوەڕێم بڵێی شێتی نییە، بڵێی دڵەو ژەنگەکەی فڕێداوەو ئێستا باشترو روونتر دەبینێو دەبیستێ.. ئەوە بڵێ.. بیڵێ.. وام چاوەڕێ دەکەم.. وام دەبیستم.**

ئێستا هێمنییە، لەپڕ هێمنییە، تا چاو بڕ بکات سەوزاییە، لەدەنگی کلآوکوڕە زیاتر نییە، جارجارەش جووتیارێك لەدوورەوە دەنگی دێو هاوار لە گاجووتەکەی دەکات.

هەردوو باڵی کردەوەو هێمن بەدەوری خۆیدا خولایەوە، دووبارەی کردەوەو ئامادە بوو سەدبارەی بکاتەوە، سەری بۆ گومەزی شینی بەهەور بەرز کردەوەو ئامادە بوو تا ئێوارە بەرزی بکاتەوە :

**–وام لێرەدا، هاتم تا بزانم تۆ کێیت. من خۆشەویستی کوڕی ئازەرم، من ناوی خۆم دەزانم، دانیشتووی شارێکم دەزانم ناوی ئورە.. دەمەوێ ناوی تۆش بزانم.. منم.. دەمناسی.. ئەی تۆ؟ تۆ کێیت؟**

لای سەیر بوو، سەری دانەواند:

**–تۆ کێیت؟! چۆن پرسیارێکە؟! شتێك لەبارەتەوە دەزانم.. بەڵی سەیرەو دەزانم، دەزانمو بەلآم.. بەلآم دەمەوێ خۆت.. خۆت خۆت پێم بڵێی.**

ئەمجارەش خولایەوەو خولایەوە، ئەمجارەش باڵەکانی بۆ پێشوازی کردەوە، ئەمجارەش سەری بۆ قۆقزی شینی روو بەهەور بەرزکردەوە، ئەمجارەش دواندی بەڵکو بکەوێتە گۆ:

**–وام هاتووم.. دەمێنمەوە.. دەمێنمەوە تا بزانم.. ناڕۆمەوە تا نەزانم.**

پێکەنینی تێکەڵ بەئازار، ئازارێك دوو پەنجە لەبێئومێدییەوە نزیك:

**–ناڕۆمەوە؟! چەند جار وتوومەو هەروا رۆشتوومەتەوە، بێئومێد، دەستبەتاڵ، بێ هیچ گەڕاومەتەوە، بەتەنیا گەڕاومەتەوە، خۆمو ئازار، خۆمو قوڕگێك دڕکی هەموو بیابانەکان تێیدا گیراون.**

وەستاو باڵەکانی دانایەوە، چاوەکانی بۆ زەوی شۆڕبوونەوەو هەنسکی دا، مایەوەو مایەوە، ئینجا هیوای وەڵامی بۆ گەڕایەوە. سەری بەرزکردەوەو تا توانی سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، قژە درێژەکەی بەسەر شانیدا شۆڕبووەوەو ریشی کەم کەم دەجووڵا. دیار بوو شتێکی بەئەسپایی دەوت، ورد ورد قسەکانی روون دەبوونەوە، لەکۆتاییدا ناوی برد:

–ئیلی.. ئیلی.. ئیلی..

هێشتا رووی لەئاسمان بوو:

–ئیلی شە ئینا ئێلیش.

ورد سەری بۆ ئاسۆی سەوزی قۆقز نەوی کرد. چاوی بە کەوانەی سەوزی ئاسۆدا گێڕا. لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، لەخۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات. هێشتا کڵاوکوڕە دەجریوێنن، جووتیارکە هەر ماوەو جارجارە هاوارکەی لە گاجووتەکەی دوور دەبیستریێ.

جارێکی تر خۆشەویست بێئومێد بوو، پشتی کردە خۆیو ئاواتەکەی، پشتی کردە هەموو شتێکو رووی کردەوە شارو سەری بۆ زەوی نەوی کردەوە، دوو دەستەکەی دوو قۆڵەکەیان گرتو خۆیانو سەرو سنگی خاوەنەکەیان گرموڵەکرد. کەوتەوە رێو خاوخاو کەوتەوە رێ:

–ئیلی.. ئیلی..

شەپۆلی دەریای بیرکردنەوە بەرەو شار پاڵی پێوەدەنا، لەهەموو شتێك دابڕا، پشتی کردە هەموو شتێك شارەکە نەبێ، ئەویشی نەدەبینی، شەپۆلەکانی خەفەت وەکو پارچە تەختەیەکی پاپۆڕێکی شکاو بەرەو شارەکە دەیبەن، خاو، بێ هەستەکان، بێ ئامانج، لەناخیشیدا تەنیا یەك وشەیە، تەنیاو تەنیا، یەکو یەك: ((ئیلی.. ئیلی..)).

هێشتا نیوەی ماوەکەی بۆ شارەکە نەبڕیوەو نیوە زۆرترەکەی تر نەدەبڕایەوە. ویستی هەنگاوی یەکەمی دوای نیوە کەمترەکە هەڵبێنێ.. وەستا، جووڵەی وەستا.. دەستێك لەشوێنێکی نادیارەوە دەرپەڕیوەو یەخەی گرتووە، دیسانەوە دەستەکەیە بەڵام ئەمجارە جووڵەی لێ دەبڕێ گرتنێکە وەکو قورسایی کێوەکان، هەناسەی توند کردووە، ئینجا هەستێك، ئینجا فەرمانێك، فەرمانێك بۆ دڵی، فەرمانی کێیە؟ فەرمانەکە هەستێك بوو، ئینجا دەنگێك، خۆشترین دەنگو ئاواز، خۆشەویستترین دەنگو ئاواز، ئاوازی پڕ لەسۆزو خۆشەویستی، گوێی شل کرد تا یەك وشە نەفەوتێ، دەستە نادیارەکە هەناسەکەی بەرداوە، بەڵام ئێستا خۆی هەناسەی لەخۆی بڕیوە:

–خۆشەویست! ئەمجارەیان بێئومێد ناتگەڕێنینەوە.

بۆ شینی بەهەور سەری بەرزکردەوە خۆشەویست:

–کێ؟ کێ؟ کێیە؟ تۆیت؟ تۆیت.. ئیــ..

دەنگەکە نەیهێشت تەواوی بکات، دەنگەکە یەکسەر لەسۆزەوە بۆ ترس چوو، ترس لەرزاندبووی:

–نا! من نیم.. من نیم.. بێگەرد بێ ناوی.. بێخەوش بێ ناوی.. پیرۆز بێ ناوبردنی.. پیرۆزە.. بێخەوش و بەرزە ئەوەی خاوەنی هەمووانە.

هەناسەبڕکێی خۆشەویست تێکەڵ بەزەردەخەنەی بوو، دوو لێوی رەزامەندی کراونەتەوەو سەری روو لەسەرووە، خۆی دووبارەی کردەوە، بۆ دەنگەکەی دووبارە کردەوە:

–بێگەردو پیرۆزە.

هێز بۆ دەنگە بەسۆزەکە گەڕایەوە، هێزێك لە کێو گەورەتر، هێزو سۆز پێکەوە بۆ دڵوگوێی خۆشەویست:

**–تاکیشە ئەی خۆشەویست، تاکە، تەنیایە، تەنیایی کەسێکی بەهێزو بێهاوتا.. خۆشەویست! خەڵکی تۆ خەریکی چین؟ بۆچی روویان لێ وەرگێڕاوە؟**

هەردوو لەپی دەستی لەیەك ئالاندو لەدەموچاوی نزیکی کردنەوە خۆشەویست، دەموچاو و دوو دەست رووەو ئاسمان بوو خۆشەویست:

**–خەوش ئەوانن، دەنگی ئەوانن، من خۆمم لێ دوورخستوونەتەوە. من وەکو گورگێکی سەرلێشێواوم رێی لێ ونبووە و بەدەشتەکاندا دەسووڕێتەوە، وەکو چەقەڵێك دەخولێمەوە باران کونەکەی رماندووەو لانەی نەماوە. وەکو باڵندەیەك راوچی هێلانەکەی تێکداوەو دەبێ هەموو ئاسمانو زەوی بگەڕێ تا شوێنێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، من لە خەڵکەکەم دوورکەوتوومەتەوە تا ئەو بدۆزمەوە، لەوانیش تەرابووم‌و ئەویشم نەدۆزییەوە، نەخێر.. من..**

دەنگەکە پێی بڕی تا کۆتایی بە ئازارەکانی بێنێ:

**–نەخێر خۆشەویست دۆزیتەوە.. تۆ دۆزیتەوە، دەبێ خەڵکەکەشت بیدۆزنەوە.**

خۆشەویست سەری نەخێری بۆ خەڵکەکەی بادا:

**–نامەوێن، ئەوم بەسە، نامەوێن ئەوانی ئەو نەدیو و ئەو نەناس.**

دەنگەکە زۆرتری بۆ خۆشەویست هەڵگرتبوو، سەرەتای رێگەکەی پیشان بدات تا ئەو کاتەی هەنگاو بەهەنگاو دەستی دەگرێ‌و لەگەڵیدا دەڕوات:

**–نەخێر خۆشەویست، ئەو تۆی بۆ خۆت‌و بۆ خۆیان دەوێ، بچۆرەوە تا فەرمانی گەیاندنی وشەکانیت پێدەدا، لایان دەمێنیتەوە تا رۆژێك فەرمانت پێدەدا وازیان لێ بێنی.. ئێستا هیچیان پێ مەڵێ، ئێستا ئەو تۆی بەتەنیا دەوێ، دەبێ تەنیا بی، دەبێ لەگەڵ خۆتدا بی، لەگەڵ خۆت‌و لەگەڵ ئەودا بی، تۆی خۆشەویست وەکو ئاسکێکت لە هاوڕێیانی دوورکەوتۆتەوەو هێشتا ئێسکی نەرمە، دەبێ لەگەڵ ئەودا ببی تا ئێسکت بۆ رەق بکات، تۆ وەکو باڵندەیەکیت تازە پەڕی دەرکردووەو جووڵەی باڵی لاوازی لەشوێنی خۆی بەرزی ناکاتەوە، دەبێ لەگەڵ ئەودا بی تا فێرت بکات شەقەی باڵت بەناو هەوردا دەنگ بداتەوە. خۆشەویست قسەکان باش ببیستە، گوێ بۆ قسەکان شل بکە، من ئێستا دەڕۆم‌و خۆت‌و خۆت جێدەهێڵم، بەڵام ناهێڵم زۆر خۆت‌و خۆت بمێنیتەوە، دێمەوە لات، چاوەڕوان بە.**

هەموو شتێك لەبەرچاویدا رۆشنایی بوو، تەمێکی زیوین وەکو خەونەکان. لەناو رۆشناییدا کەوتەوە جووڵەو رۆشت، بەرەو شارێکی نوستوو رۆشت. هەموو خەڵك لە خۆشەویست بێئاگا بوون، هەر یەك لەبەزمی خۆیدا بوو، شار سەرقاڵ بوو، کلاوکوڕە دەیجریواند، جووتیارەکە دوور هاواری لە گاجووتەکەی دەکرد. خۆشەویست خۆی‌و ئومێدو خۆشییەکەی گەڕایەوە شار.

# سێبەرێک لە ڕێگەدا

هەموو شتێك لەو دەوروبەرەدا سوور بوو یان سوورباو، خەڵك دەیانوت ئەو زەوییە بەکانزا دەوڵەمەندە، خڕی ئاوابووش کە هێندەی نەمابوو لووت لەزەوی بدات هەموو ڕەنگەکانی کربووە سوورێکی درەوشاوە، هاتوچۆی ڕێبوارەکان رووەو کزی دەچوو، چۆلەکەی تاکوتەراش پێش ئەوەی بگەڕێنەوە هێلانەکانیان دوایەمین جریوەیان جێدەهێشت. دوانزە کەسی سەر هەردوو لای ڕێگەکەش تازە هاتبوونو چاوەڕێی دوانزە کەسی تریان دەکرد:

**—ككـ.. تتـ.. ئەگەر ئەویان لەگەڵدا نەبوو چ بکەین؟**

ئەو پیاوەی وتنی ناوەکەی قورس بوو هیچی نەوت. جگەرەکەی لەدەمی دەرهێناو بەهێمنی چەند هەنگاوێکی خاوی بەسەر شەقامە قیرە رەشەکەدا هەڵهێنا. پێویستی بەنیگەرانی نەدەکرد، ئەو لەگەڵیاندایە، هەواڵەکان وردن، ئەمە شتێك نییە هەڵەی تیا بکرێ پاشان پیاوەکە ناسراوە. پیاوێك لەپێشتر وەستابوو و چاوی لەسەر دوورترین خاڵی شەقامەکە چەقاندبوو. لەپڕ هاواری کرد:

**—هاتن.. هاتن.**

پیاوەکە هاوارەکەی دووبارە کردەوە:

**—هاتن.. ئەوانن.**

زوو شوێنی دیاریکراوی خۆیان گرتو زۆر خێرا هەموو شتێك کرا.. دوانزە کەسەکە کەوتنە ناو ئاگرەکە، یەکسەریش چەند کەسێکیان لەدەست دا.. ئەوانەی تر هێشتا ناکاوەکە بەری نەدابوون.

خوێن لەوێدا مابوو، ڕەنگێکی سووری نوێ بووکەوتە سەر زەویو تێکەڵ بەزەویی پڕکانزاو سوورایی خۆری ئاوابوو بوو. یەك لەو دوانزەیە لەهەموویان لاوتر بوو دەگریا:

**—بهێڵن بڕۆم، قوتابیمو پارەی هاتوچۆم نەبووە، لەگەڵیاندا هاتم چونکە پارەی هاتوچۆم نەبووە.**

گوێی بۆ نەگیرا، بە دوو کەس فڕێیاندایە پشتی وڵاخێکی بێگیان. زرمەی لەشی هات، کتێبو دەفتەرەکانی بەسەر شەقامەکەدا پەرشوبڵاوبوونەوە.

**—ئاااخ.. ئەم قەڵەمە سوورە مەرەکەبی لێ دەتکێ.**

دەنگێك لەپشتەوە بێزارییەکەی پێ بڕی:

**—پێم باشە ئەم نووسینەت ساڵی داهاتوو تەواو بکەی. هەموو ساڵێك یادی بەپیرۆزڕاگرتنی مرۆڤ لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا دێ.**

**—من تەواو، ساڵی داهاتوو جەمالوددین قسە دەکاتەوە یان نا؟ ڕەنگە ئەو کاتە لەسەفەر بێو دەرفەت نەبێ قسە بکات، هەل لەکیس نادەم.**

**—بەڵێ هەلە! هەلێکی بەنرخە، بەڵام ئەو شتانە کۆن نابن. دەتوانی ساڵی داهاتوو ئەمە بنووسی: ((ساڵێك لەمەوبەر جەمالوددین ئەمەو ئەوەی وت)). ئەی بیرت نایەت کاتێك تۆ لە کۆڵاندا یاریت دەکردو پاش بیستوپێنج ساڵ نووسیت جەمالوددین وتارێکی دابوو؟ وەك دەبینی بستوپێنج ساڵە ئەو وتارە کۆن نەبووە.**

پێش ئەوەی قسەکەر بەو قسەیەی خۆی پێبکەنێ کە گوێگر هیچ هۆیەکی پێکەنینی تێدا نەدەبینی دەنگێکی زبر لەدەرگاکە تەنها سەری دەرهێنابوو:

–جەمالۆك! ئێشیان پێتە.

دەنگە زبرەکە رۆشت. جەمالۆك هێشتا نەیزانیبوو هاورێکەی توانجی تێدەگرێ، هاورێکەی دەیزانی جەمالۆکیان بۆچییە:

–جەمالوددین شتێکی بۆ نووسیوینو لەسەر پارچە کاغەزێك بۆی ناردووین، دەیانەوێ بەرلەوەی بچێتە سەر کاغەزە پانەکانی ئێمە شتێکی لەسەر ئامادە بکەین، واتە ستایش.. وەکو هەموو جارێکیش تۆ پیاوی رۆژی کاری قورسی.

ئەمجارەش بێئەوەی بزانێ توانجە:

–لەبارەی چییە؟

–ئاشتی.. زەرورەتی ئاشتیو کوژانەوەی ئاگرەکەی شیرینئاوا. پیاوی رۆژی تەنگانە پێم بڵێ: دواهەواڵت بیست؟

–بەڵێ! دەڵێن کەمێك مووچە زیاد دەکەن.

–بەڵێ زیاد دەبێ، باجو سەرانەش هەروا.. نا گەمژە، هەواڵێکی جیاواز، شتێکی توندوتیژ، کوشتنو بەدیلگرتن و...

–بەڵێ! کارم بەو شتانە نییە، گرنگ نییە، هەموو رازین، توندوتیژی پێویستە، کەس لێرەدا بەهەندی وەرنەگرتووە، منیش هەروا، پێت وتم نووسینەکەم بۆ ساڵی داهاتوو دوابخەم، بۆچی، لەبەر ئەو شتە؟

–نا نا.. هیچ نییە، لەبەر حەسوودی، هیچ نییە تەنها حەسوودی. دڵنیام بابەتەکەت نایابە، بیبە بۆ سەرکاغەزەوان رەنگە خەڵاتت بکات. وتت توندوتیژی پێویستە؟ ئەی مانگی رابوردوو ئەو ناوونیشانەت نەنووسیبوو: نەخێرێکی رەها بۆ توندوتیژی؟

–هەموو رۆژێك قسەی خۆی هەیە.

–راست دەکەی، ئەو رۆژە یان رۆژێك پێشتر جەمالوددین وتبووی توندوتیژی خراپە. ئەمرۆ هەمان بەزمە، سەرکاغەزەوان لەسەر ئاگرەو تامەزرۆی بینینتە. تۆ خێرایت، زۆر خێرایت. حەسوودی بەو خێراییەت دەبەم.

جەمالۆك بەدەم راستکردنەوەی هەڵەکان بۆڵەی دەهات:

–بەڵێ حەسوودییە، دێرێكو دوان.. من تەواو بووم.

پێش ئەوەش هاورێکەی تێبینیەکی تر بڵێ کاغەزەکانی خڕکردەوەو خستنیە بنباخەڵی. ژماردی: یەك.. دوو.. سێ.. وا لەدەرگای سەرکاغەزەوان دەدات.

–ئەی دوای ئەوە؟

–هێندەی لێ دەزانم، بەڵام وتیان ئەوانەی بەزیندوویی مانەوە گیران، هەمووش برانە سەربازگەی سەرڕێگە.. هەمووش کوژران، بە مەحەمدی دارتاشەوە.. لاشەی هەمووش سووتێنران، هەر ئەوەندە.

–جێگە داخە بەڵام توندوتۆڵی جاروبار پێویستە، بەڵکو زۆرجار پێویستە، رەنگە زۆربەی کات.. وەرە ژوور.

نیوەی جەمالۆك لەناو دەرگاکەدا بوو، سەرو نیوەی سنگ، دەستێکیش لەسەر کێلوونی خڕی دەرگاکە:

–نووسینەکەم تەواو.. ئەمە یەك هێندە کاتم لێبیبات، نیو سەعاتی تەواو. دواکەوت بەڵام ویستم مێژوویی بێ.

–کامەیە؟ ئا!!.. راستە.. بێگومان مێژوویی دەبێ، هەڵیگرە بۆ مێژوو، دەرگاکە لەپشت خۆت دابخە.. نەخێر گیان، مەبەستم نەبوو بێیتە ئەمدیو، پشتمان تێبکە ئینجا دایبخە.

–ئەی نووسینەکەم؟

–بۆ ئێستا نابێ، دەزانم خەفەتی بۆ ناخۆی، بە دوو رۆژ بیست وەکو ئەوە دەنووسی. سەرخڕی ژووری تەنیشتم شتی

**دیکەی هەیە پێت بسپێرێ. دەرگاکە دابخە، بەهێواشی تکایە، سوپاس.**

زەوی بۆرە، زەوی تاریکە، بۆنی خوێنی مەییو، دووکەڵی گۆشتی کڕووزاو بەسەر بۆنی خوێن زاڵببوو، پاشماوەی پێڵاو، رەش‌و سووتاو، دووکەڵ بەهێواشی لێی هەڵدەسێ، دووکەڵ بەرەو کزبوون دەچێ، هێشتا دەرگاکان داخراون.

دوانزە پیاوەکە رۆشتن:

**–کک.. تت. ئێمە بڕۆین یا لەگەڵتا بمێنینەوە؟**

ئەوان رۆشتن، ئەو پیاوەی وتنی ناوەکەی قورس بوو و سێ کەس مانەوە ئینجا رۆشتن، بۆ کاتبردنەسەر بەدەم رێگەوە باسی کارە ئاسانەکەی ئەمڕۆیان کرد. دوو جار زەنگی ئامێرە گەورەکەی پشتی وڵاخەکەی بۆ هات. هاوڕێکانی جارێك بیستیان ناوی (یەکەم) دەبات، شتێك تێگەیشتن. دەروازەکە نزیککەوت، بەناو پاسەوانە زۆرەکاندا تێپەڕین، پاسەوانێك تێبینیی کرد:

**–ئەمە دووەم شەوە کک.. تت.. بێتە ئێرە.**

**–شتێکی هەیە.**

**–ئەکیدە.**

لەناو قەڵا بەرزەکەدا چاوەڕوانی دەکرا.

# زامی فەیلەســووف

–دەی (کارە)؛ بگەڕێینەوە سەر بابەتەکەت.

نووسەری لاو بە خوشوعو سەرێکی نەوییەوە دەستنووسەکەی گرتو دەستی پێکردەوە:

–لەناو زەمەنێکیشدا کە هەمیشە لەژێر پەنجەکانمانەوە وەکو مشتێك ئاو دەردەچێ بێگومان چەند دلۆپێك، چەند ساتێك لەو ئەزەلییەتە دەڕۆن‌و دەرکیان پێ ناکەین تا تەجەللا نەکەن بۆ..

پێکەنین‌و کۆکەو دووکەڵی جگەرە لەدەمی فەرهادی دێنەدەرو تێکەڵ بەیەك دەبن:

–چەند ساتێکی ئەزەلییەت؟ ئەمە چییە؟ کوا ئەزەلییەت ساتێکی دیاریکراوی هەیە؟ پاشان وەکو ئاینپەروەران کەوتیتە پاساو هێنانەوە بۆ شتێك تەفسیرێکت بۆی نییە.

–بەڵام بەدەر لە ئاینپەروەران ساتی ئەزەلی هەیە یان نا؟

–هەیە بۆچی نییەتی.. نییە چۆن هەیەتی، هەموو شتێك هەیەو نییە، بەحەزی خۆتە بەڵام ئاگاداربە! وا مەنووسە سەری رستە لەگەڵ کۆتاییەکەی دژ بەیەك بن، ئاگاداری رەخنەگر بە هەرچەندە رەخنەگرمان نییە.. نا.. هەمانە؛ ئەوانەی لە یانەی قەڵەمەوانان چوار سەعات دادەنیشن‌و ئەوەندەی چوار کتێب قسە دەکەن‌و باسی ئەدەبو ئەدەبیات، قەڵەمو قەڵەمەوانان، زیندووان‌و مردووان دەکەن بەڵام بەدرێژایی ئەو هەموو کاتە تەنها یەك قاوە دەخۆنەوە، ئەویش لەوانەیە برادەرێك پارەکەیان بۆی بدات.

–پێم مەڵێ تۆش وا دەنووسی؟!

–واش بنووسم کێ لە شیرینئاوادا پێم دەزانێ؟ پاش هەموو شتێکیش مرۆڤ وردە نهێنیی خۆی هەیە بۆ هەموو کەسێکی نادرکێنێ. نەخێر.. من پێویستم بەوە نییە. ئەوە بۆ ئێوە باشە، هێشتا سەرەتای رێگەکەتان گرتۆتەبەر بەڵام دیارە نیازتانە یەك چەقەنە لێبدەن‌و یەکسەر بگەن.

–کەس موناقەشەی توانای تۆ ناکات. فەسڵی دووەمی باسەکەم بخوێنمەوە؟

فەرهادی لەو کاتەی مژێکی لە جگەرەکە رادەکێشایە ناو سییەکانی سەرێکی بۆ لەقاند. کوڕەکە دەستی پێکردەوە:

–فەسڵی دووەم..

لەگەڵ دواهاتنی ئاوازی دوایەمین پیت، دەنگی دەرگا هات. فەرهادی لەسەر کورسییەکەی رەپ دانیشت، سەیری لای دەرگاکەی کرد:

–وابزانم فەسڵێکی سەخیف دەبێ.

وەك پشیلەیەك مشکی دیبێ گورج لەشی بۆ دەرگاکە هەڵسا، میوانەکە ویستی خۆی بچێ، دەستی پێی وت دانیشێتەوە:

–ئەگەر میوانەکەم بەدڵ نەبێ دەرگای بەڕوودا دادەخەم، تۆ دەرگا بکەیتەوە لەڕوودا دادەمێنی.

چرایەکی هەڵگرت لەزەویدا دانرابوو. دەرگای کردەوەو چراکەی بەرزکردەوەو خستیە نێوان دەموچاوی خۆیو میوانەکە:

**–تۆی؟ هەمان سەخافەت. وەرە کەسێکی تر پێش تۆ هاتووە. وابزانم زۆر خۆشت دەوێ.**

تازەهاتوو بەحەزەرەوە چووە ژوورەوە، کەس لە شتە شاردراوەکانی فەرهادی ئەمین نەبوو. میوانی پێشووتری بینیو هەستەکەی بەدرۆ نەکەوتەوە.. ئەوەتا کەسێکی لێیە بریا لەوێدا نەبوایە.

**–یەکترتان پێ دەناسێنم، فلانی قەڵەمەوان، فلانی قەڵەمەوانی تر، وابزانم زۆر نییە یەکتر دەناسن، شەش ساڵە یان زیاتر، بەڵام هەمووی بەشی چاخواردنەوەیەکە دەستان داوەتە کاغەز. ئێ فلانی قەڵەمەوان بەشی دووەممان بۆ بخوێنەرەوە، تۆش فلانی قەڵەمەوانی تر خزمەتی خۆت بکە، چاکە هێشتا گەرمە.**

رەنگی میوانی یەکەم کوژایەوەو کاغەزەکانی دانا:

**–بەشی دووەم هەڵگرین بۆ کاتێکی تر، (سیرە) بابەتەکەم ببیستێ پێش ئەوەی یەك وشەی لێ بڵاوبکەمەوە رەخنەیەکی لەسەر بڵاودەکاتەوە.**

**–هەقت بە سیرە نەبێ، فەسڵی دووەمم بۆ بخوێنەرەوە، دڵنیام لەوەی پێشووتر سەخیفترە.**

جارێکی تر لەدەرگا درا:

**–وابزانم سەخافەت بەرکەماڵ بووە.**

بەهەمان چالاکیو لەش سووکییەوە هەڵسایەوە بۆ کردنەوەی دەرگا بۆ میوانی نوێ:

**–وەرە ژوورەوە هەرچەندە میوانی ناوەختی.**

بزە دوانەکەی تری گرت کاتێك تازەمیوانیان بینی، یەکێکیان بەزەحمەت پێکەنینەکەی گەڕاندەوە.

**–خزمەتی خۆت بکە.. قوزەڵقوتەکە هێشتا گەرمە.**

میوانی تازەهاتوو لاوێکی تر بوو، لووسێکی قژ بڵاو. توند فایلێکی لە بنباخەڵی نابوو وەك بترسێ کەسێك لێ برفێنێ. فەرهادی چووەوە سەر کورسییەکەی خۆیو پاڵیدایەوە، سووتووی جگەرەکەی راتەکاند:

**–ها.. چیت بەدەستەوەیە بینووسی؟**

**–شت..، شتێکە. نیوەیم تەواو کردووە.**

**–دەزانم شتە، بەڵام نازانم نیوەیت تەواو کردووە یان هەمووی، بزانم باسی چی دەکات.**

**–هێناومە بیخوێنیتەوە..و .. پێشەکیم بۆ بنووسی.**

ئەمەی وتو بەپەشۆکاوییەوە فایلەکەی دایە فەرهادیو تەماشایەکی دوانەکەی تری کرد کە هێشتا زەردەخەنە لەسەر لێویاندا سەرەتاتکێی دەکرد. فەرهادی فایلەکەی وەرگرتو بۆڵەی هات:

**–پێشەکی بنووسم بۆ نیوەی تەواوبوو، ئەی نیوەی تەواونەبوو؟**

بەدانیشتنەوە بەلای راستو چەپ سووڕایەوە تا وشەکان لەبەر رۆشنایی چراکە ببینێ، گۆشەیەکی گونجاوی رووناکیی دەستنەکەوت:

**–وابزانم لەبارەی کوێرەوەرییەکەی شیرینئاوایە.**

لەپشتی دووکەڵی جگەرەکەیەوە ناوونیشانەکەی بینی، بڕوای نەکرد تا دووکەڵەکە نەڕۆشت، ئینجا هاوارو قاقای پێکەنین لاوەکەو دوو هاوڕێ خۆشەویستەکەی راچەڵەکاند:

**–ئەمە چییە؟! فینۆمینۆلۆجیای هەست.. نۆستالژیای نەست..! پەح پەح پەح.**

دوانەکەی تر نەیانزانی پێکەنینەکەی فەرهادی بۆچییە، بەڵام دڵیان خۆش بوو، پێکەنینی پەنگخواردوویان بەرەڵا بوو. فەرهادی کاغەزەکانی فڕێدایە سەر تەپڵەکی تەختەی بەردەمی خۆی:

**—تۆ هێشتا منداڵی. ئەگەر یارییەکت دەستکەوت بزانە چۆن بەکاری بێنی، وەکو ئەو منداڵە مەبە شەقشەقەیان بۆ هێنا چوو کلکەکەی مژی، تۆ کابرایەکم دەخەیتەوە یاد هەمووتان دەیناسن، هەموو کەس ئێستا دەزانێ ئیشی ئەو تەنها لەبەرکردنی وشەکانە دواییش تەنیشت یەك ریزیان دەکات، لە شووتی جوانتر سەفتەیان دەکات، بێ چاوێنی بێ بیرمەندێکی گەورەیە، بەدرێژایی خوێندنەوەی کتێب بیردەکاتەوە چۆن فیکرەکان و وشەکان کۆبکاتەوەو بیانکاتە کتێب، تەنها یەك عەیبی بچووکی هەیە: هەرچییەك دەخوێنێتەوە لێی تێناگات و هەرچییەك دەیڵێ هەڵەیە، بەڵام شایەتیی بۆ دەدەم زمانێکی تیژی هەیە پیرەژنانی شیرینئاوا بە فەیلەسووف دەزانن، خێڵەکەشی نەبوایە وای بۆ نەدەلوا. قەلەڕەشێکی دەم بەقیرەی جەنگ و ریشەکێشکردنە لە خوداوەندی پێشکەوتن و ئازادی زیاتر باسی پێشکەوتن و ئازادی دەکات.**

لاوەکە لەگەڵ هەر توانجێك زیاتر نوقمی کورسییەکەی دەبوو و زانی فەرهادی نیازێتی رەحمی پێنەکات. هەر ئەوەندە توانی فریای خۆی بکەوێو بڵێ:

**—کاتی خۆی شتی لەم جۆرەت نەدەنووسی؟**

فەرهادی بەفیزەوە سەرێکی لەقاندو دووکەڵی جگەرەکەی بەرەوڕووی هەڵدا. جگەرەکەی لەتەواوبووندا بوو، بۆ ئاستی چاوی بەرزی کردەوە، ئینجا بە تەپڵەکێکی رەش کە کاتی خۆی سپییەکی زیوین بوو و پڕ لە قنگەجگەرەی فلیقاو بوو کۆتایی پێهێناو وەك سەری کەسێك پان بکاتەوە فلیقاندی:

**—قەت لەم شتە قۆڕانە خۆم نزیك نەدەکردەوە، دەمتوانی شتی وا بکەم بەڵام یەك وشەم بۆ یەك شوێن بۆ بڵاوکردنەوە نەنارد تا نەگەیشتمە ئەو ئاستەی بتوانم گاڵتە بەهەرچی کاغەزەوان و سەرکاغەزەوان و قەڵەمەوان و سەرقەڵەمەوان و دارو بەرد بکەم.**

دوو میوانی یەکەم ئەم شەڕەیان پێخۆش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سۆزی میوانی یەکەم کەمێك بۆ میوانی تازە جووڵا، دەرفەتیش ئێستا گونجاوترە توانج بگرێتە ئەو بورکانی گاڵتەجاڕییەی لەبەردەمیاندا تەقیوەتەوە. رووناکی بۆ ژوورەکە گەڕایەوەو فەرهادی بۆ کزکردنی چراکە هەڵسا. سێ لاوەکە چاویان هەڵگلۆفت. خەریك بوو خۆشیی رۆشناییەکە توانجەکە لەبیر ئەو لاوە بەرێتەوە، بەڵام وریابووەوەو زانی رەنگە بەم زووانە دەرفەتی لەوجۆرە نەیەتە بەر دەرگای. فەرهادی خەریکی کزکردنی رووناکییە کزەکەی ئەو ئامێرە بوو کە هەزاران ساڵ بوو داهێنرابوو و لەو رۆژانەدا لای شیرینئاوا ببووە داهێنانێکی مەزن. پشتی بۆ کزکردنی ئەو ئامێرە مەزنە کۆم کردبوو کاتێك ئەو لاوە لەپشتەوە وشە سیحرییەکەی وتو بەردی سەر کونی بورکانەکە لابرد. ئەوەی وت کە بەدەگمەن کەس دەیوێرا رووبەڕوو بیخستایەتەوە یادی:

**—بەڵام خەڵکی باسی جارانت دەکەن، باسی یەکەم شیعرت دەکەن کە لەئاهەنگێکدا پێشکەش کردت..و.. دەزانی دەڵێم چی.**

بەرلەوەی پشتی رێك بێتەوەو ئاوڕبداتەوەو زەردەخەنەی سەرکەوتنی میوانەکە ببینێ قسەکە بووە هەزاران خەنجەر لەپشتەوە دەرپەڕینو شوێنی نینۆکێکیان لە لەشیدا بێ برین نەهێشتەوە، خەنجەرە تیژو ژەهراوییەکان لەشییان لەپشتەوە بڕیو لەپێشەوە دەرچوون. وەك کەسێکیش ئازارێکی لەناکاو گیانی ببچڕێ پشتی خاو و بەزەحمەت راست بووەوە، هەردوو کونی چاوی بچووك بوونەوە، پاشەوپاش گەڕایەوە سەر کورسییەکەی. وێنەکان خێراخێرا دەهاتنە پێش چاوی، لەناخیشیدا هاوار هەڵسابوو: زام.. زام.. زام..

چەند چرکەیەکی بێدەنگی وەك قورسایی چیایەك هەناسەی لەو چوار کەسە بڕیبوو.. ئێستا نا نەختێکی تر دەتەقێتەوە، بەڵام چرکەکان تێپەڕینو تەنها دەنگی ددانجیڕکردنەوە دەبیسترا، پاشان دەنگێکی تری وەك هی

ئاژەڵە دڕندەکانی پێش پەلاماردان:

**–من وەکو تۆ خۆم کەر نەکردبوو.. من ئیشم دەکرد.. بێ پشوو ئیشم دەکرد. بەدرێژایی نۆ ساڵ هێندەی ئێسترێك بارم لەخۆ دەنا، دەزانی نۆ ساڵ چەندە؟ بەدرێژایی نۆ ساڵ شتم دەخوێندەوە، شەوو رۆژ حەڤدە سەعات.. ئێوەی کەریش تا دەمرن رۆژی حەڤدە سەعات یان نوستوون یان قسەی حیز دەکەن یان خۆتان بۆ کچان جوان دەکەن، زلتریش لە کەللەسەری بچووکی خۆتان شت دەنووسن.**

لاوەکە بەری زمانی خۆی بینییەوەو ویستی دۆستانە قسە بکات لەو کاتەی پڵنگە زامدارەکە جگەرەیەکی تری وەك شمشێر لە کالآ دەردەهێنا:

**–زۆر لێکی مەدەرەوە، شتێکی بچووك بوو تێپەڕی، بەسەر هەمووماندا هاتووەو...**

بەدەنگی لوورەی سیمرخ پێش هاویشتنی ئاگرەکەی قسەکەی پێ بڕی:

**–بچووکە بۆ ئێوەی بچووك.. ئێوەی زۆر بچووك.**

فەرهادی چەرخەکەی توند لەنێوان دوو پەنجەکانیدا گوشیو ئاگری بەردایە هەموو جیهان. لاوەکە رای گۆڕیو کەللەڕەقیی نواند:

**–خۆ نابێ مرۆڤ هەمیشە سەرکەوتوو بێ، ئەسپ غار دەکاتو دەگلێ، مرۆڤی سەرکەوتووش لەژیانیدا شت لەخوارووی سەرکەوتن دەبینێ، تەنانەت خراپتریش، بیستوومە.. دەڵێن.. ببوورە.. شت زۆرە.. قسەیان لەسەر بکرێ..**

جگەرە تازەداگیرساوەکەی لەنێوان دوو پەنجەکەیدا قرتا، چاوێکی پڕ پریشکی بەهەر سێ لاوەکەدا گێڕا، چیای ئارامیی خستە سەر کۆڵی ئینجا توانی خۆی پێ بگیرێ، جیرەی ددانی قورسایی چیاکەی راگرتبوو، لەناوەوەش بورکان قوڵپی دەدا:

**–وەڕینی وا هەمیشە پیشەی بێبەهرەکان بووە، ئێوەی لەوان بێبەهرەتریش وەڕینو زەڕینتان پێ خۆشەو بۆیان دەسەننەوە.**

جگەرەیەکی تری دەرهێناو شپرزەیی دەستی دەرکەوت کاتێك کێشای بە پاکەتە جگەرەکە. خستییە ناو دەمیو دەنگی هێشتا لە ددانجیڕکردنەوەی ئاژەڵە دڕندەکان دەچوو:

**–چاکە سارد بۆتەوە، کاتیش درەنگە. بچنەوەماڵەوە، دایکتان بەدواتاندا دەگەڕێ.**

لاوەکان بەکەیفەوە دەرچوون، دەرگایان بەسووکی داخستەوە، فەرهادی لەشوێنی خۆی نەجوولآ. رووناکییەکە جارێکی تر کوژایەوەو لەناو تاریکیی چرا کزکراوەکەدا تەنها مایەوە. تا درەنگ لەسەر کورسییەکەیدا بێجووڵە دانیشت، لەناخیشیدا هاواری زام کاسی کردبوو. لەکۆتاییدا بەلەشێکی سەد تەنییەوە هەڵسا، پێی لەزەوی خشاند، چووە جێگەو پاڵکەوت، دانیشتەوە، پاڵکەوتەوە، ئینجا تەواو هەڵسایەوەو گڕی بێتوانای چراکەی بەرزکردەوە. کتێبی لەبەردەم خۆیدا ریز کرد، تا دوای گزنگ پەڕەی هەڵدەدایەوە.

# لەتبـــــــوون

**-بڕواناکەم! هەتا چاویلکەکەش؟ هەتا زەردەخەنەش؟**

لەپڕ تووڕەییەکەی نەماو تا توانی قاقای پێکەنینی بەرزکردەوە:

**-یەك لە هەزار! یەك لە دە هەزار!**

شتێکی سەیر بوو، هەروەکو براکەی: هەمان باڵا، هەمان دەموچاو، جلوبەرگ، راوەستان، تەنانەت چاویلکەکانیش، هەمان شێوە؛ شووشەی خڕو چوارچێوەی بچووك، هەمان زەردەخەنەی نەبڕاوە:

**-بۆیان باسکردبووم بەڵام نەمزانی بەم ئەندازەیەیە، وامزانی وەکو هەموو جارێکی تر فشە دەکەن. هەموو رۆژێك دەموت بانگت دەکەم. زەردەخەنەتە؟ پێدەکەنی؟ دەزانی براکەت چ بەڵایەکی بەسەرتا هێناوە؟ هێشتا زەردەخەنەتە؟ براکەشت هەروا بووە، خەفەتیشی هەبوایە هەر پێدەکەنی، وابزانم ماسوولکەی خەفەتو گریانتان لەدەموچاودا نییە بۆیە ئەگەر بتانەوێ بگرین زەردەخەنەکەتان گەورەتر دەبێ، گەورەترو پانتر.**

پاڵی دایەوە سەر کورسییەکە، تەسبیحەکە بەسەر ورگیدا شۆڕبووەوەو بەخێرایی دەنکە خڕە گەورەکانی دەژمارد:

**-هەر یەکتان ناوێکی ئاڵۆزو قورسی هەبووە، هەر ناوەکەتان لەیەکتر نەدەچوو، دەیانوت گوێزێکن کراون بە دوو کەرتەوە، دوو کەرتی رێكو یەکسان، ئێستا دڵنیا بوومو چاوەڕێ دەکەم بەچاوێکی نووقاوەوە شوێنی براکەت بکەوی.**

هاتەوە پێشەوەو ورگی نووساندەوە بەمێزەکەی بەردەمی‌و هەردوو دەستە خڕەکەی خستە سەر:

**-پێم بڵێ کەی تۆش دەڕۆی؟ براکەت چ شتێکی کەم بوو لای من؟**

هێشتا زەردەخەنەیەتی. جەمالوددین پەڕەکانی بەردەمی بەخێرایی هەڵدایەوە، گوێچکەی خوراندو بێئەوەی سەر بەرز بکاتەوە وتی:

**-راپۆرتەکان هیچی خراپ لەبارەتەوە ناڵێن؛ ئەمە کەمێك لەزۆری راپۆرتەکەیان: ((ناومان ناوە (یەکەمی تر)، کارەکانی بەبێدەنگی دەکات، کەمدووە، نهێنی پارێزە.. تادوا.. تادوا)).**

وازی لە پەڕەکان هێناو رووی تێکردەوە:

**-بەڵام هیچی خراپیش لەبارەی براکەتەوە نەوترابوو کەچی هەر رۆشت. گەورەترین گوناهی ئەوە بوو لەبن دەستی مندا ئیشی دەکرد کەچی رۆشت.**

بەخێرایی چاوی بەپەڕەکاندا گێڕایەوە، پەڕەکانی هەڵدایەوە، لەبەرخۆیەوە دەیوت: ((کوا زانیارییەکانی (یەکەم)؟)). زانیارییەکانی نەدۆزییەوە. دیسان پاڵی دایەوە:

**-لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتێکت هەیە.. تەنها یەك دەرفەت، هیچ نەبێ هێندەت دەهێڵمەوە گومان لە (یەکەم)ی برات بکەن، چاویشم لێت غافڵ ناکەم. ئەوە بزانە کە براکەت لێهاتوو بوو بۆیە لەمنەوە نزیك بوو. تۆ لەشوێنی خۆتدا مایتەوە؛ لەسووچێکی چەپەکی نزیك دەروازەی قەڵا، شیاوترت دەستنەکەوت.**

ئەوەی جەمالوددین چاوەڕێی دەکرد روویدا. ئاهەنگێکی گەورە بۆ چەند کەسێك کە خاوەن زەردەخەنەی بەردەوام یەکێکیان بوو، هەموو ئەمانە لە جەمالوددینەوە نزیك بوون بۆیە کۆمار خۆی هاتبوو.

کۆمار بەدەنگێکی پڕ سەرکەوتن ئاهەنگی پێشوازی کردن لەو تاقمەی دەستپێکرد:

**-كۆماری گەورە، باپیری مەزنمان باوكێكی بەوەفا بوو بۆ هەموو رۆڵەكانی، ئێمەش لەسەر هەمان رێبازی باپیرەگەورەمان باوەش بۆ هەموو كەسێك دەگرینەوە خێڵی خیانەتو بێوەفایی جێبهێڵێ، ئەویش وەكو ئەو پۆلەی لەڕیزی ئەواندا بوونو ئێستا گەڕانەوە لانەی وەفا. ئێمە لێبوردەین، كۆماری گەورە ئامادە بوو تەنانەت لەسەری بێوەفاییش ببوورێ، ئێمەش لاریمان نییە ئەگەر سەری خیانەت بەخۆیدا بچێتەوە هەرچەندە نزیكەی سی ساڵ لەمەوبەر گەورەترین بێوەفایی نواندو دەستی خستە دەستە خوێناوییەكەی دوژمنی ئێمە، دوژمنی شیریناوا.**

پیاوێكی ریزی دووەم خۆی لاركردەوە بۆ ریزی پێشەوەو بەگوێی خاوەنی زەردەخەنەی بەردەوامدا چرپاندی:

**-ئامۆزای بێوەفام! ئەوسا كە لەوێ بووی چیتان دەوت كاتێك قسەكانی كۆمارتان دەبیست؟**

ئامۆزا چرپەكەی بە چرپەیەك گەڕاندەوەو پرسیارەكەی بە پرسیارێك وەڵام دایەوە، ئینجا وەڵامی ئەو وەڵامە لەگەڵ تكایەكی برایانە:

**-ئێمە؟ ئێمە دەمانژمارد چەند جار دەڵێ كۆماری گەورە. نەیگێڕیتەوە!**

داواش نەكات هەر ناوێرێ بیگێڕێتەوە. ئامۆزگارییە زێڕینەكە ئەو ترسەو هەموو شتێكی تر روون دەكاتەوە:

**-دەزانیو پێویست ناكات بیرت بخەمەوە: كۆماری گەورەو هەموو كۆمارەكان پیرۆز راگرە، ئەمە بكە ئینجا چی بكەی ناچیتە جەهەننەم.**

زانیارییەكی كۆنەو سوپاسكردنی ناوێ:

**-رۆڵەی بەوەفای شیریناوا ئەمە دەزانێ. مەترسە! سەری ئامۆزا بەرزدەكەمەوە.**

ئامۆزا دڵی ئامۆزای خۆش كرد، دەربڕینی هەستیش هاندانە بۆ گرتنەبەری رێگەی راست:

**-پێم خۆشە.**

كۆماری كەمدوو زۆری مابوو بیڵێ، دوانەكە وس بوون، چاویان گوشیو گوێیان هەڵخست. كۆمار دەستی خستە ناو پشتێنی كەمەریو بەلای راستو چەپدا وەرچەرخا:

**-ئێمە مێژووین، دواڕۆژیش هەر ئێمەین.**

ئامۆزا جارێكی تر خۆی بۆ لای سەری ئامۆزا لار كردەوە، ئەمجارەش چرپەیەك پێویست بوو:

**-ئامۆزای دێرترین مێژووم، تێدەگەیو پێویست ناكات بۆت روون بكەمەوە.**

ئامۆزای وریا جارێكی تر توانای خۆی سەلماند:

**-حەوت پشت لەوسەرو حەوت پشت لەسەرەكەی تر.. مێژوو و دواڕۆژ پێكەوە گرێدەدەن.**

ئامۆزای دڵسۆز سەری رەزامەندیی لەقاند هەرچەندە لەژمارەكە دڵنیا نەبوو چونكە نەیدەزانی كۆمارەكان بەو ژمارەیە رازی دەبن یان كەمەو زۆركردنی دەوێ. ئامۆزای تازە هاتوو دوو رستەی مابوو، نەیهێشت سەری ئامۆزا بگەڕێتەوە دواوەو وتنی، رستەی یەكەم بەچرپەو دووەم پلیكانەیەك خوارتر لە چرپە:

**-حەفتا هەزار كەسیش.. چاوڕێهەڵگرتنیمەسین...**

ئەمجارەش هەر وس بوون چونكە كۆمار دەستی پێكردەوە. كۆمار دەستی پێكردەوەو بەردەوام بوو و ئەوان بەتەواوەتی وس بوون. چەند چاوێك تێبینییان كرد كاتی قسەكردنی كۆمار قسە دەكەنو نابیستن.. خێسە چاوەكانیانیشان بینیو سەری رەزامەندییان بۆ قسەكان لەقاند.

پاش ئەوەی نەوەدو هەشت جار ناوی كۆماری گەورەو كۆمارەكانی تروتران كاتی هەڵگرتنی ئاهەنگەكە نزیكە بگاتە جێ.

ئاهەنگەكە بەشی دوو چەپڵەی مابوو كاتێك هەواڵێك هاتو بەنهێنی بەكۆمار وترا: سێ لەگەورەكان چوونە لای جەمالوددین، لەبەرئەوەش كە مقۆمقۆی پێشتری ئەو هەواڵە شتێكی نوێی نەخستە سەر زانیارییەكانی كۆمار، پێویستی نەدەكرد خۆشیی ئاهەنگەكە تێكبدرێ. كەمێك مۆنی بەڕووی كۆماردا دەركەوت بەڵام رۆژێكی درێژ لەچاوەڕێیە تا بەو هەواڵە نیگەران بێ. كۆمار نەوەدونۆیەم جار ناوەكەی وتەوە:((**نەمری بۆ كۆماری گەورە**)).

هەموو شوێنەكە دەنگی دایەوەو سەدو یەك دەنكە تەسبیحەكەیان تەواو كرد:

–**نەمری بۆ كۆماری گەورە، سەركەوتن بۆ كۆمار**.

# بنبەستی شیرینئاوا

بارودۆخی شیرینئاوا بەرەو ئاڵۆزییەکی زۆرتر دەچوو. هەمووان دژی هەمووان شەڕیان دەکرد، ئێستاش هەمووان تینوون بەخوێنی هەمووان. دروشمی ئەو رۆژانەش سادەو پرواتا بوو: ئەوەی لەگەڵ من نییە دژ بە منە. حەوتی گەورە وەلائی تەواوەتییان لە خەڵکەکەو لە حەڤدەی بچووک دەویست: یان لەگەڵ منی یان دوژمنی منی. هەر جووڵەیەکیش، هەر نارەزاییەکیش دەستە.. پیلانە.

ئەو بچووکانەی حەڤدەی بچووک کە بەشەڕی حەوتی گەورە تێوەنەگلابوون بێسوود دەیانویست بۆ ئەو حەوتە بسەلمێنن تەنها نەخۆشەکان هەموو شتێك بەدەستەو پیلان دەزانن، ویستیان بۆ گەورەکانی بسەلمێنن کە جگە لەملاو لەولا ناوەڕاستیش هەیە، جگەلە شۆستەکان جادەیەکی پانوبەرین هەیە، بەڵام حەوتی گەورە وتەی پیاوێکی گەورەی سووری بەستەڵەکستانی ئەوسایان دووبارە دەکردەوە: **((ئەوەی بەناوەڕاستی شەقامەکەدا دەڕوات وڵاخ دەیکات بەژێرەوە))**. ئەوانەی حەڤدەی بچووک کە لەدوورەوە وەستابوون دەیانوت: **((دەزانن و کەس نەماوە نەزانێ سووری بەستەڵەکستان لەسەر جادە نەڕۆشت و ئەو یەکێك بوو لە دوو شۆستەکە، دەزانن و کەسیش نەماوە نەزانێ وڵاخ بۆ ئەو سوورە زەبەلەحە چووە سەر ئەو شۆستەیەو کردی بەژێر سمەکانییەوە))**.

لاوەکە تەماشای چیای مازووی کرد، لەدوورەوە سوور دەینواند، تەماشای شەقامەکەی کرد: **((جێگەی چەند دەبێتەوە؟ من.. هاوڕێکانم.. کوا؟ کام لا؟ جێگەمان؟ شۆستە؟ ناوەڕاست؟ یان بستێك؟ یان باڵای دێوێك؟))**.

هاوڕێکانی شەڕیان کرد، ئاشتییان کرد، خۆیان لەهەموو شەڕێك دوورخستەوە، هاتن و رۆشتن تا خۆیان بسەلمێنن، بەڵام هەر بچووك مانەوە، بچووکتر لەو رابوردووەی باسیان دەکرد: **((دووبارەی دەکەنەوە زۆر.. دووبارەی زۆر.. واتە سەدویەك بارە.. من خوێندم.. تەواو بووم.. ئەی دوایی؟ شێر مشکی لێ بوو؟ شێر بێ نینۆك؟ دانا بێ دانایی؟ عەقڵ عەقڵ.. نینۆك نینۆك.. ئاخ پشتم شوێن نینۆکی پێوەیە.. دەستم.. کەڵبە.. قاچم.. کەڵبە.. سەرم کوای؟))**.

حەوت بەردی لەدڵەوە هەڵگرت و گرتنیە بێدەسەڵاتیی خۆی و پشتی کردە شیرینئاوای دایك. خۆر ئاوا ببوو و رەنگی چیای مازوو سوور هەڵگەڕابوو ، کاتی چوونە سەر چیاکە نییە.. بۆ ئەو کاتی چوونە. چیاکە بانگی دەکرد ئەویش گوێڕایەڵ بوو. رۆشت. هێشتا لەناو شاردایەو تەماشای شەقامەکانی دەکات، لاوی زۆری دەبینی، لاوی نەدەبینی. شار نەگۆڕاوە، دەستی گۆڕان لێوەی زۆر دوورە. شار سەرقاڵی شتی ترە؛ ژیان، کولەمەرگی، تەماشای حەوتی گەورەو شەڕەکانیان، بەشداری لەو شەڕانە، لاوەکان جارێ لەدایك نەبوون. چاوی زۆر گێڕا، بۆ لاوێك دەگەڕا، هیچی لێ نەدەویست تەنها لاو بێ، با لەگەڵیشیدا ناکۆك بێ، با دوژمنیشی بێ، تەنها لاو بێ، دەیزانی هەن، بەڵام کەمن، پەرشوبڵاوی شارەکەن. گومان کەوتە دڵییەوە: تۆ بڵێی پڕ بەو شارە نەبن و خۆی هەڵە نەبێ؟

گەیشتە چیاکە، دارستانە چۆڵەکە چۆڵتر بوو، چۆلەکەیەك نەبوو بجریوێنێ. سەرکەوت، تا چاوی بەردەمی خۆی دەبینی سەرکەوت، ئینجا وەستا. وەرچەرخاو روویکردەوە شیرینئاوای دایك، دانیشت:

**–ئێستا شۆستە نیم، بەڵام ئەگەر بوومە شوستەیەك دەهێڵم کەس بەناوەڕاستی جادەکەدا بڕوات؟**

خێرا خەیاڵەکەی لەمێشکی خۆی دەرکرد، دەیزانی بیر لە دواڕۆژێك دەکات بیری لێنەکراوەتەوە، یان بەجیددی بیری لێنەکراوەتەوە:

**–برادەرانم تەنانەت بەشەرمیشەوە بەناوەڕاستی جادەکەدا دەڕۆن، جاریێکیش خۆیان بەم شۆستەیە دەکێشن و جارێك بەوەی تر. هەرگیز نابنە یەکێکیان، ئەگەر موعجیزەیەکیش روو بدات و بوون، ئەو کاتە ئەژنۆیان دەشکێ و دەڵێن: هاوار! تۆ بڵێی بۆم بەڕێوەبچێ؟**

تەماشای هەموو شیرینئاوای کرد، سوپاسی ئەو پاڵەی کرد کە بەرەو چیاکە هێنای، ئەوە دەبینێ کە ساتەکانی ناو شارەکە نەیدەبینی:

**–حەوتەکەش بۆیان بەڕێوە ناچێ، بەلام ئەژنۆیان لەهەموو شکانێك بەهێزترە. بۆیان بەڕێوە ناچێ و شەرمی لێناکەن.**

چاوی بە شارە خەوتووەکەی دێرزەماندا گێڕا:

**–هەمووتان وان لەبەرچاومدا، لاوازیی هەمووتان، تیشکی لاوازیت شیرینئاوا دەیداتەوە لەچاوی خۆم، دەمەوێ بەهێز بم. ئێوەی هاوڕێشم بەهێز بن.. خەتای کێیە؟ من و ئێوەو حەوتی گەورەو هەموو.**

وێنە گشتییەکە لەبەرچاویدا کاڵ بووەوەو ئەو سەعاتەی خۆی و شیرینئاوا تێیدا دەژین لەگوێیدا زرنگایەوە:

**–حەوتی گەورە ماوەیەکە قوڕەکە خەستتر دەشێلن.**

وێنەی یەك لەحەوتی گەورە کەوتە نێوان دوو چاوی و شارە ئاوابووەکە، لەئامێزی شیرینئاوای دایکدا پیاوە گەورەکەی بەشێوەیەکی ئاسایی، یان نیمچە ئاسایی دەبینی، بەڵام ئێستا بێ ئارایشت لێوەی دیارە:

**–یەك لەحەوتی گەورەم بیست دەیوت: ململانەکە لەگرێژەنە دەرچووە، شەمەندەفەرێکی شێتەو بەخێرایی لە سکەکەی دەرچووە، ئێستا هەموو شتێك رێگەی پێدراوە، تەنانەت خۆفرۆشی، گرنگ کۆتایی گەشتەکەیە نەك رێگەکە.**

تەنیا بوو، خۆی و دارستان و ترسەکەی، ترسەکەی زۆری خایاند، بێدەنگی کردبوو، کە قسەشی کردەوە شارەکە نوقمی شەو ببوو:

**–دەمێکە کەسانێك لە شیرینئاوای دایك شتیان ون کردووە، شتی جوانی زۆر. دەترسم پاساو بۆ هەموو شتە ناشیرینەکان بهێنرێتەوە، هەر ئەوەندەش خەڵك پاساوەکانیان قبووڵ کرد، یان بەلای کەمەوە گوێیان نەدانێ، ئیدی هەرچی پیسی هەیە دەبێتە بەڵگە لەسەر وریایی و زۆرزانی، خیانەتیش ئەگەر بەئاکام بگات و بەروبوومی بخورێ دەبێتە دانایی و سیاسەتی دووربین و وردبین.**

حەوت بەردی هەڵگرت و گرتنیە رووناکییەکانی شیرینئاوا:

**–بەڵام پاش هەموو بیرێکی خراپ سنوورێك هەیە نابەزێنرێ. تەنانەت خیانەتیش سنووری هەیە، خەنجەر لەیەکتر دەدەن بەڵام خەنجەری شاخان و غەیری شاخان لەیەکتر هەڵناکێشن. هێندە بێدەسەڵاتن ئەوەشیان پێناکرێ. کاتی تر، زۆر پێشتر، کردبوویان، بەڵام رۆشت و بڕایەوە.**

تەواو تاریك بوو و رووناکییەکانی شیرینئاوا جوانتر خۆیان نواند. ئێستا دەرکەوتن؛ لایەکی شیرینئاوا رووناکە، لایەکی تاریکە، ئینجا لای رووناك تاریك دەبوو و لا تاریکەکە رووناکیی بۆ دەگەڕایەوە. حەوت بەردی گرتە بێدەسەڵاتیی شیرینئاواو حەوتی گەورە:

**–ناتوانن هەمووی رووناك بکەنەوە؟**

چاوی بەشارەکەی بەرپێیدا گێڕا:

**–بەڵێ دەتوانن و کردوویانە، سەدان و هەزاران رووناکی دەنگیان گوێ کاس دەکات، بۆ چرکەیەك یان دوان دەردەکەون و**

**دیار نامێنن، یەکێك دەکوژن یان دەردەپەڕێن‌و هیچ ناپێکن. ئەمە ڕۆشناییەکەی کوڕانی شیرینئاوایە.**

حەوت بەردی گرتە بێدەسەڵاتیی خەڵکی شیرینئاواو خۆی‌و نەیویست لەوە زیاتر بمێنێتەوە. هەڵساو بەحەزەرەوە لەنێوان تاریکیی زەویی شیرینئاواو بێ ڕووناکیی ئاسمانەکەی چووە خوارەوە، مانگی هاوڕێی دیار نەبوو: (( **زۆری ماوە لەپشت چیای مازووەوە دەربکەوێ، ئەم ڕۆژانە بچووکترە ، شەرم دەکات زوو دەربکەوێ**)).

بەسەر وردە چەو و گیای وشکدا زۆر خزا، ئینجا گەیشتە بنی دۆڵەکە. دۆڵەکەی بڕی‌و پێی خستە سەر جادەکە. جادەکەی بڕی‌و چووە ناو شارەکە. کاتێکیش گەیشتە ماڵ‌و خۆی فڕێدایە سەر جێگەو دوو چاوی بۆ سبەینێی نەزانراوی شیرینئاوا نووقاند مانگ لەسەرخۆ لەپشتی چیای مازووەوە دەردەکەوت.

# خۆشەویست لەناو شاردا

خۆشەویست بەهێمنی بەناو شارەکەدا دەگەڕا، بەدوای قەرەباڵغیدا دەگەڕا تا پەیامی خۆی بگەیەنێ. خۆشەویست ئەمجارە شتێکی جیاوازتر دەڵێ. ئاپۆڕەیەك لەدەوری ئور–نینای شاعیر کۆببوونەوەو پێدەکەنین. ئور–نینا خۆشەویستی بینی بەناو خەڵکدا دەگەڕاو قسەی بۆ دەکردن. ئور–نینا سەرنجی بۆ ئەو لایە راکێشان:

**–بەختتانە! ئەگەر فریا نەکەوتم ئاهەنگەکەم تەواو بکەم کوڕی ئازەر بۆم تەواو دەکات.**

ئاوڕیان دایەوە، یەکێك پرسیاری کرد:

**–کوڕی ئازەر چیی تازەی پێ بێ؟**

یەکێکی تر:

**–لاوێکی سەیرەو نەگاڵت! تا دوێنێ پرسیاری لەبارەی خوداوەندەکان دەکرد کەچی لەپڕ هەموویانی خستەلاوەو زوهرەی کردە خودای تاکی خۆی.. خودای تاك! ئیشتاری بەرزی کچی ئانوی بەرز.. بەڵێ بەرزە بەڵام ئەمە شتێکە نەمانبیستبوو.**

**–زوهرە؟ زانیارییەکانت کۆنن. ئێستا دەڵێ مانگ.**

**–سین؟ خوداوەند سین؟**

**–نازانم سینی مەبەستە یان مانگی ناو ئاسمان بەتەنیا یان هەردوو مانگو سین.. کێ دەزانێ مەبەستی چییە؟**

**–چۆن وا رای گۆڕی؟**

**–وەك بیستومە وتی زوهرە زوو دەردەکەوێو زوو نامێنێ، مانگ گەورەترەو زۆرتر دەمێنێتەوە.**

یەك لە قسەکەرەکان کاهنێکی بچووك بوو:

**–بۆچوونەکانی سەیرن! دەترسم خوداکان توورە بن. ئێمە لەپەرستگەدا باشتر خوداکان دەناسینو دەزانین توورەبوونیان چەند سەختە.. ئێمە....**

ئور–نینا دەستی پێکردەوە:

**–لو–نینگیشزیدای بەڕێز! ئێوە لەپەرستگەدا لەهەموو کەس لە خوداکان دوورترن.**

کاهنی بچووك ویستی رێگەی موناقەشەی ئاینو بیروباوەڕی لێ بگرێ:

**–ئور–نینا، تۆ شاعیریتو ئاین کاری شاعیران نییە.**

**–بەڵێ لو–نینگیشزیدای بەڕێز راست دەکەی، ئاین ئیشی شاعیران نییە، ئیشی کاهنەکانیش نییە. پاشان بۆچی هێندە نیگەرانی؟ ئەگەر وەکو من شەش مانگ لەپەرستگە کار بکەیو دوایی وازبهێنی.. ببورە: هەڵبێی، ئەو کاتە دەزانی ئاساییە کێ لەبارەی ئاینەوە چی بڵێ.**

**–بۆچی باسی هەڵهاتن دەکەی؟ بۆ ناڵێی کاهنێکی فاشل بووم؟**

**–ئەگەر خوداناسی بەراستی لەناو پەرستگەدا هەبێ ئەو کاتە فاشل بووم، بەڵام دەزانم خوداناسی لەپەرستگەدا نییە بۆیە دەڵێم فاسق بوومو بەس، دواییش زانیم کە بۆ رێزی خۆم باشترە لەدەرەوەی پەرستگە فاسق بم نەك لەناوەوەی، دوور لە خوداکان نەك نزیکیان.**

**–پێم خۆشە بەزمانی خۆت وەسفی خۆت دەکەی.**

—بەرێز هەردووکمان فاسقین، بەڵام تۆ فاسقی بەپۆشاکی رەسمییەوە. پێت نەوتم بۆچی قسەکانی کوڕی ئازەرت پێ ناخۆشە؟ خۆ بەشی جۆو خورماو بیرەکەت لەپەرستگە کەم ناکاتەوە.

—کەم دەکاتەوە، بەڵێ کەم دەکاتەوە.

ئەم دەنگەیان هاوارێك بوو لەقووڵایی گەدەوە دەرچووبوو؛ بەرپرسی چێشتخانەی پەرستگەی خوداوەندی مانگ بوو، گردێك لەگۆشتو بەزی خستبووە پێش خۆی، گۆشتو بەز لەناو پۆشاکەکەدا دەلەرینەوە:

—ئور—نینای شاعیر! نازانی ئەگەر خەڵك شوێنی قسەکانی کوڕی ئازەر بکەون داهاتی پەرستگە چەند کەم دەکاتەوە؟

ئور—نینا بەبزەی گاڵتەجاڕیی خۆییەوە روانییە ورگە قەدکراوە لەریوەکە:

—تۆش قسەی تیا دەکەی؟! تۆی بەرپرس لە تێرکردنی خوداوەندی تێرنەخۆری سین.

کێو گەیشتو وەستاو بوومەلەرزەکەی نیشتەوە، شاعیریش چووە تەنیشتیو وەستا. دەستی خستە سەر سکی خۆی ئینجا بەرێکی بۆ ورگی کاهنەکە:

—ئەمەندەی زیایە، ئەو گەزوبەزە بەشی خوداکانەو رێگەی لێ تێکچووە.

ئینجا گوێی بەورگی کاهنەکەوە نا:

—وس! گوێم لە هاوارو ناڵەیە، خوداکانن هاوار دەکەن.

پاشان راست بووەوە:

—کەواتە پێت وایە کوڕی ئازەر نانت دەبڕێ؟ ناهەقت ناگرم کاهنی خوداخۆر.

ئور—نینا لەناو ئەو ئاپۆرەیەی قریوەی پێکەنینیان بوو بەهێواشی سووڕایەوە:

—من سەرم لەشتێك دەسوڕمێ. بیستوومانە زەمانی زوو (ئێن)ـەکان حوکمیان دەکرد، دڵنیام ئەوانیش و باقی کاهنەکانیش وەکو من لەڕو لاواز بوون. سەیرە! پادشاو کاهن یەك کەس بوو، (ئێن) کاهنو پادشاش بوو، دەسەڵات هی کاهنەکان بوو کەچی وەکو کاهنەکانی ئەمڕۆ قەڵەو نەبوون.

چێشتلێنەرەکە پێکەنی:

—کێ دەڵێ؟ باشە دانای بلیمەت چی کاهنەکانی قەڵەو کرد.

ئور—نینا دەستی خستە ژێر چەناگەیو لاسایی حەکیمەکانی کرد:

—کاتێك پادشا لە کاهن جیابووەوەو هەر یەك خەریکی کاری خۆی بوو کاهن لەجیاتی فەرمانڕەوایی خووی بەورگییەوە گرت، ئینجا کە پادشاکان بوونە خوداوەند کاهنەکان رسوا بوونو تەنها خواردنو خواردنەوەیان بۆ مایەوە.

—ناشێ خەون بەسەردەمی (ئێن)ـەکانەوە ببینی؟

شاعیرەکە لەنێوان دوو پیاوی بەتەمەندا وەستابوو، دوو دەستی خستە سەر شانیان:

—لەخەڵکی شارەکەت بپرسە.. هەرچی سەردەمی کۆن هەیە لایان سەردەمێکی زێڕینە.

—وادیارە تۆی کەمباوەڕ بەهەموو شتێك ئێستا بوویتە کەسێکی کۆنەویست.

—من لە کۆنینە بەهێزترم. تەنانەت ئەو رۆژەش بگەڕێتەوە جێگەی خۆم دەکەمەوە بەڵام ئایا جێگەی تۆ دەبێتەوە؟

—ئەمەت نەپێکا، ئەگەر ئەو رۆژانە بگەڕێنەوە زوو ئاشکرا دەبیو بەردەباران دەکرێی، دیاریشە حەسوودییە بەئێمە وات لێدەکات بەرامبەر قسەکانی کوڕی ئازەر بێباك بی.

—ئەی بۆ بیکەمە کێشەی خۆم؟ ئەوە نییە خوداکان بێباکن؟

ئور—نینا لەپێ دوو دەستی لەیەك ئاڵاندو هەدووکیانی خستە سەر سنگی خۆی. هەردوو چاوی زەق کردو زەردەخەنەی بێ دەلالەتی بتەکانی لاسایی کردەوە، لەبتەکان دەچوو بەڵام بێ ریشو سمێڵ. بێ ئەوەی خۆی تێك

بدات بەحاڵ لێوی جوولاند:

**-لە خوداکان ناچم؟ هەمیشە وا نایانبینن؟ یەکێکتان بینی رۆژێك لەرقی کاهنی خوداخۆر وا بکا.**

ڕووی گرژ کرد، خەڵکەکەش بە کەمتەقواییان نەزانی ئەگەر پێبکەنن.. پێکەنین. شانۆییەکە مابووی کاتێك خۆشەویست گەیشتە لایانو دەنگی هات:

**-خەڵکینە گوێم لێبگرن.**

نزیکتر کەوتەوە لەو ئاپۆڕەیەی پێدەکەنینو لەپڕ پێکەنینیان بە بینینی نەما:

**-چەند وشەیەکە دەیانڵێم.**

یەکێك پێی بڕی:

**-دەزانم باسی مانگمان بۆ دەکەی کە تاکە خوداوەندە، ئور-نینا قسەکانت تەواو بکە.**

وەك بڵێی هیچی نەبیستبێ، ئور-نینا خۆی لە داواکە گێل کردو تەماشای ئاسمانی کرد، قسەی کابراش ڕێگەی بۆ خۆشەویست کورت کردەوەو وازی لە پێشەکییەکە هێنا:

**-شایەتی بدەن من تەنها یەك خودا، یەكو تەنها یەك خودا دەپەرستم.. خۆر، خۆری ناو ئاسمان.**

ئەمەیان نوێ بوو. یەکێك لەبری هەموویان سەرسوڕمانی دەربڕی:

**-کوڕی ئازەر، ئەی مانگت چی لێکرد؟**

پرسیارێکی تر ڕەخنە بوو:

**-لەوەتەی هەین دەزانین خوداوەندی خۆر کوڕی خوداوەندی مانگە، چییە کوڕ بەوەفای باوکی خۆی؟ کوڕت لە باوکی خۆی یاخی کرد؟**

ئەمە پرسیاری بەتوانای لو-نینگیشزیدای کاهن بوو و زوو وەڵامەکەی وەرگرت:

**-باوەڕە کۆنەکان دژ بەهەموو عەقڵێك بوون. مانگ بچووکە، خۆر گەورەترە، کوڕ هیچی لە باوك زەوت نەکردووە چونکە کوڕەکە ئەسڵەن نەبووە، یەكو تەنها یەك هەبوو، خۆرو تەنها خۆر.**

یەکێکی تر لەهەموویان بەتەمەنتر بوو، لەهەموویان دڵگەرمتر بوو:

**-دەتەوێ بڵێی باپیران هەموویان هەڵە بوونو تەنها تۆی لاو ڕاستی؟**

خۆشەویست بەردەوام بەڵگەی پێبوو:

**-من لە باپیران ناپرسم، باپیرانێك کە نازانم ئەوان عاقڵترن یان ئێوە، من لەخۆت دەپرسم، ڕێزیشم بۆ تەمەنت هەیە؛ کامە لای تۆ گەورەترە، ئێنلیلی ناو (ئێکور)ی شاری نیپپور یان بتە بچووکەکەی ناو تاقی ژوورەکەت؟**

پیاوەکە بەدوودڵییەوە وەڵامی ئەو شتەی دایەوە کە لێی دڵنیا بوو، لە تەڵەیەکی خۆشەویست دەترسا:

**-ئێنلیل گەورەترە بەڵام هەردوو لام گرنگن.**

**-هەردوو لات گرنگن! خەڵکی فێرن شت لەخۆیان کۆبکەنەوە، دڵیان نایەت دەستبەرداری شەخەڵ بن. خۆری مەزنتان خستۆتە ڕیزی ئەوانەی بێ خۆر ناژین، لەیادتتان چووە هیچ بێ خۆر ناژی، لە زریان دەترسنو خوداوەندێکتان بۆ تاشیوە بەڵام ئەگەر زریان خۆتانو ماڵەکەتانو بتی ناو تاقی ژوورەکەتان بەرێ هیچ لەسەر ئەم زەوییە ناگۆڕێ، ژیان هەر بەردەوام دەبێ چونکە خۆر ماوە. خۆر ژیانە بەڵام ئەوەتا ئەو ڕاستییە ساکارە نابینن.**

مقۆمقۆ دەستی پێکرد، هەر یەك لەشوێنی خۆیەوە قسەی دەکرد، تەنها شاعیرەکە بەبزەیەکی گاڵتەپێکردنی لاتەنیشتی دەمییەوە سەیری ئەو نمایشە نوێیەی دەکرد کە کۆتایی بەوەی خۆی هێنا.

هێشتا مقۆمقۆیان بوو کاتێك خۆشەویست بەجێی هێشتن‌و لەبەر خۆیەوە دەیوت:

–گەمەکە ماویەتی خەڵکی ئور، چاوەڕوان بن، گەمەکە ماویەتی.. هەرچەندە گەمە نییە.

# وەلائی پیاوانی شیرینئاوا

ململانە گەیشتبووە ترۆپك، بەڵام بەرە لەهەموو لایەکەوە خامۆش بوو.

بێزارییەك لەودیو هێڵەکانی بەرەوە هەبوو. لەبندەستی جەمالوددیندا ژمارەیەك مامۆستا ورتەورتیان بوو. باری ژیان هێندە سەخت بوو تەنانەت ژمارەیەك هەواداری جەمالوددینیش کەوتبوونە قسە. لەشوێنەکانی تریشدا کە شەشی گەورە ببوونە ئاغایان ورتەورت هەبوو. حەوتی گەورە زۆر لە بەرەی ناوەوە دەترسان. پێویستی دەکرد مشتێکی پۆڵایین پیشانی خەڵکی شیرینئاوا بدرێ تا ئەو کەمە نووزەیەیان ببڕێ. ئەو رۆژە رۆژێکی تری گاڵتەجارییەکانی فەرهادی بوو:

—ئامێری قیمەکردنی گۆشت.. نۆرەی قیمەکردنی وشەکانە!

قەههار سوڵتان لەئامێری پەخشی وێنەو قسەی بەسوودو بێسوودەوە قسەی بۆ مامۆستاکان دەکرد، جەمالوددین هەرچییەك پەیوەندیی بەمامۆستاو قوتابییەوە هەیە بەقەههاری سپاردبوو:

—تا ئێستا قەههارمان بەجلوبەرگی چەکلەشانەکان بینیوە، ئێستا بۆتە ئەفەندییەکی پاکوخاوێن، سوێند دەخۆم حەفتا جار بۆینباخەکەیان بۆ راستکردۆتەوە، لەژیانیشمدا نەمبینیوە چاویلکە بکاتە چاوی، ئەوەتا وەکو پزیشکێك یان پرۆفیسۆرێك چاویلکەی خستۆتە سەر لووتی، گوێش لە قسەکانی بگرن، وشەکان وردورد دەڵێ وەك بڵێی وانەیەکی فەلسەفە دەڵێتەوە. سەرنجی دەمیشی بدەن؛ وردە بزەکەی دەبینن؟ ئەوە زەردەخەنەی کەسێکە گاڵتەی بەقسەکانی خۆیو بەو دەورەی دەیبینێ دێ، جارجارەش لەگەڵ رستەکاندا سەرێکی بۆ بادەدا، ئەمە تا بزەکەی نەبێتە پێکەنین.

هاورێیانی لە قەههار وردبوونەوە، فەرهادی دواتێبینیی خۆی وت:

—شیرینئاوا هەمووی کاری هەرەمەکییە.. بیژمێرن چەند کەس لەچەند شوێنی بەرزدا دانراون لەبەر بەهرەیەك پەیوەندیی بەو کارەوە نییە، کاتێکیش ئەو ئیشە نوێیەیان پێ دەسپێردرێ بەهرەکەیان وەك بڵقی سەر ئاوی تەشتێکی کون دەتەقێ، ئەگەر ئێمەیان بە کەر نەزانیایە ئەویان دانەدەنا.. قەههارو مامۆستا؟! برادەرینە حوکمی هەرەمەکی لە شیرینئاوادا بەرکەماڵ بووە.

قەههار پاش تەواوکردنی ئەو ئەرکە بێتامە بەپێکەنینەوە چووە قەڵاکەی جەمالوددین. لەرێگەدا بەهاورێکانی دەوت: ((قورسترین ئیشم بوو، گووی تێ بێ)).

لەناو قەڵاکەدا خاوەنی زەردەخەنەی بەردەوامی بینی لەژوورەکەی جەمالوددینەوە دەچووە دەرەوە:

—هەلەو مستەر (یەکەمی تر)! دەڵێی ماویو نەچوویتە لای (یەکەم)ی برات؟

خاوەنی زەردەخەنەی بەردەوام سەرێکی نەخێری بادا:

—قوربان، یەکەمی تر نیم، یەکەمم.

رووی قەههار گۆڕا:

—راست دەکەی یان درۆ؟ هەر کامیان بێ ئەمرۆ دەتهاڕم. نەڕۆی!

جەمالوددین چاوەڕێی قەههار نەبوو. جەمالوددین رووی قەههاری بینیو بێزاریی لەو کارە نوێیەی تێدا خوێندەوە،

ماوەیەکە قەههار لەزۆر شت بێزارە. جەمالوددین هەوڵی دا هێوری بکاتەوە:

**–ئەو رۆژە دوعای سەرکەوتنم بۆ کردی، دیارە پێویستت بە دوعای ترە!**

هەردوو باڵی قەههار لە لەشی دوورکەوتبوونەوە وەك بلێی دەمانچەی لاتەنیشتی دەربخات یان دوو بار داری بە بنباخەڵ هەڵگرتبێ، لچی دابوو بەیەکا:

**–دوعای چاکترین پیاوی شیرینئاوا بێ!**

جەمالوددین زانی لە دوعا زیاتری پێویستە، ویستی بۆشی بکاتەوە:

**–دیارە لەو کارە بێزاری.**

**–لەوەو لە شتی تر. ئەو هاوارە چییە؟**

دەنگی پیاوێك بوو لەژوورێکی تەنیشتدا هاواری دەکرد. رووی جەمالوددین گرژ بوو:

**–جارێ دانیشە تا بنشێیتەوە. ئەوە کتێب فرۆشێکە کتێبێکی لای کۆمارەوە هێنابوو قسەی ناشیرین، زۆر ناشیرینم پێ دەڵێ.**

قەههار دانیشت. ویستی بۆینباخە راستەکەی، کە پێی رانەهاتبوو، راست بکاتەوە، لاری کردەوە:

**–وەکو شالیارێکی تایبەت بە پیشەیەکی بەحورمەتی جەنابتان دەڵێم ئەو لێدانە دژ بە مافی زیندەوەرانە.**

هەردوو پێکەنین. جەمالوددین زەنگێکی لێدا، پیاوێك لەناو دەرگاکەدا دەرکەوت بەرچنەیەك سمێڵی بە لووت هەڵگرتبوو. جەمالوددین لێی تووڕە بوو:

**–ئەو زەلامە بەسێتی.**

روویکردەوە قەههار:

**–کەم شتی وا دەکەین، وەك دەبینی ئێمە رێزمان بۆ کتێب زۆرە، کتێبەکە قسەی بە کۆمارێکی ناو بێشکە بوتایە دەخرایە توورەکەیەك و لەقەراغ شاردا فڕێدەدرا.**

**–کتێبەکە؟**

**–گاڵتەی بێتام! لەکاری تازەت بێزاری؟ حەز دەکەم بڵێی نەخێر.**

قەههار بێدڵیی نەکرد:

**–نەخێر! لێی بێزارم! لەو و لەشتی تر.. ئەو ئەبلەهەی هەمیشە پێدەکەنێ لەدەرەوەیە، دەڵێ یەکەمە، ئەوە یان نا؟**

جەمالوددین پاڵی دایەوەو ورگی دەرپەڕی:

**–خۆیەتی، هاتەوەو وەرمگرتەوە.**

**–واتە وای بەباش دەزانی وەربگیرێتەوە لەجیاتی ئەوەی لە توورەکەیەکدا بۆ پشیلەو سەگە برسییەکانی قەراغ شار فڕێبدرێ؟ دیارە شتێکی هەیە وات لێدەکات لێی دڵنیا بی.**

جەمالوددین کە نەیدەتوانی بەیەك بار زۆر دابنیشێ چووەوە پێشەوەو ورگی بەمێزەکەوە نووساند:

**–لەکێ دڵنیا بم؟ ئایا لە تۆ دڵنیام؟ ناتوانم یەك کەس وەرنەگرمەوە. ئەمڕۆ ژمارەیەکی تر هاتنەوە...**

قەههار پێی بڕی:

**–هەر ئەمڕۆش ژمارەیەکی تر رۆشتن.**

**–دێن و دەڕۆن و دێنەوە. هەیانە دەستی چۆتە گۆشت و خوێنی پیاوانمان بەڵام هەر وەریاندەگرمەوە، وا نەکەم شەشەکەی تر بەهێز دەبن. هەیانە بەهۆی ئیشە قۆڕەکانمان دڵیان دەشکێ و دەڕۆن، زۆریشیان زێری زەرد و کورسیی رەش دەیانهێنێ و دەیانبەن. لەیادیشت نەچێ، هەموو پیاوانمان وا نین، هەموویان ئەمبەروئەوبەر ناکەن، ئەو جۆرە کەسە**

**عاقڵانەی ناو خێڵەکانی حەوتی گەورەو حەڤدەی بچووك کە بەدوای نانی ئەستووردا دەگەڕێن کەمن، ئەوانەی بەدڵگەرمییەوە تا خاڵی خۆبەخت کردن دڵسۆز دەمێننەوە زۆرترن، ئەوانە دەمێننەوە تا ژیانیان دەتلیسێ، شانی ئەوانە نانی حەوتی گەورەی هەڵگرتووە. ئەو رۆژانە رۆشتن کە چەکدارەکانمان پێیان دەوترا گیانبەخش‌و بەڕاستی گیانبەخش بوون.. لای کەس باسی نەکەی.**

ئەو فەلسەفەیە بۆ قەههار نوێ نەبوو بەڵام حەزی دەکرد موجادەلە بکات:

**—تا دە ساڵی تریش کەسمان ئەوی تر بەزەویدا نادا، حەوتی گەورە دەبێ هەر حەوت بمێننەوە، ئەو رۆژەش نابینین یەکێکمان بمێنێتەوە. شەڕەکە رابگرین باشترە. با هەموو یەکێکیش لەشوێنی خۆیدا بێ، (یەکەم) بۆ ئەوان‌و (یەکەمی تر) بۆ ئێمە.**

جەمالوددین دەیزانی راست ناکات‌و رابواردنە. قسەکانی بە هیچ وەرگرت. گوێچکەی خوراندو بەدەم تەماشاکردنی راپۆرتەکانی بەردەمیەوە لێی پرسییەوە:

**—قسەت نەکرد؛ کاری نوێت چۆنە؟**

قەههار ئۆفێکی کرد:

**—گـ..**

بەر لەوەی تەواوی بکات‌و بۆن بەربداتە ژوورەکە هەڵسا:

**—قسە بێسوودە، جێگرەکەم راپۆرتی تەواوت بۆ دەنووسێ. ئەوەندە عەقڵم هەیە بزانم شیرینئاوا چەند هەڕەمەکی بەڕێوەدەبرێ. پێش ئەوەی بۆ ئەو ئیشە قۆڕە دامبنێی کۆمار کەسێکی بۆ کاروباری تەختەو دار دانابوو ئاسنی لە تەلاشەدار جیانەدەکردەوە، هەموو حەوتی گەورە وا دەکەن.**

لەژێر لێوەوە بۆڵەی هات: ((گوویان تێ بێ)). بێ خواحافیزی‌و چاوەڕێی وەڵام دەرچوو. چاوی گێڕاو خاوەن زەردەخەنەی بەردەوامی نەبینی. پاش چەند دالانێك لەنزیك دەرگای دەرەوەی قەڵاکە بینییەوە، لەژوورێکدا لەسەر مێزێك خەریکی رێکخستنەوەی سەفتەیەك کاغەز بوو:

**—ها.. یەکەم! دەبینم ماوی‌و لەم چەند دەقیقەیەدا نەڕۆشتیتەوە بۆ لای کۆمار؟**

خاوەنی زەردەخەنەی بەردەوام دیار نەبوو پێدەکەنی یان سیما ئاساییەکەی دەموچاوی بوو:

**—قوربان یەکەم نیم، یەکەمی ترم، یەکەم تازە هاتۆتەوە، چۆن وا زوو دەچێتەوە؟**

قەههار سەری باداو بەخۆی پێکەنی:

**—دەبوایە بمزانیایە، تەنها ئەمە جیایان دەکاتەوە، چەند جار هاتووم ئەو یەکەمی ترە لەهەمان ژوور، لەسەر هەمان مێز، هەمان کار دەکات، لەهەمان ژوورو لەسەر هەمان مێز، رەنگە لەکاتی هەمان کاردا رۆحی بفلیقێ. گووت تێ بێ یەکەم، بۆ ئێمە باش بووی نەك بۆ کۆمار.**

لە دەروازەکە تێپەڕی، تۆزی کرد بەسەروچاوی پاسەوانانی دەروازە. پاسەوانەکان دەستی خواحافیزییان توند بۆ راوەشاند، دەستی لەسەرخۆ بۆ ئاستی ناوچەوانی بەرزکردەوە، تێپەڕی‌و بەهێمنی وەڵامی سڵاوە گەرمەکەی دایەوە: **((گووتان تێ بێ)).**

تەنها چەند رۆژێك پاش ئەوە (یەکەم) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی گەڕایەوە لای کۆمار. گەیشتنە کەپکی قنگەجنۆکەو بەدەوریدا سووڕانەوە. ژمارەیەك درۆیان بۆ پاسەوانەکانی سنووری نێوان ئەوان‌و دوژمن کردو تێپەڕین. بەلای چەند کەسێك لایان دا کە دووەم جاریانە بگەڕێنەوە لای جەمالوددین. دەیانویست بەدیوەکەی تری کەپکەکە بسووڕێنەوە.

(یەکەم) بە ئەنیشکی ڕاستی هانی ڕیخۆڵەی چەپی هاوڕێکەی تەنیشتی دا بۆ خاوەنی بزریکێنیٚ گوێی لیٚ بگریٚ:

**–دەمبیست زۆر دڵیان بەوە خۆشە زەوی خڕە، ئێستا من دڵم بەوە خۆشترە کەپکەکەمان خڕترە، هەموو دەسووڕێینەوەو دەسووڕێینەوە، دەچینە ئەوبەر یان دەگەڕێینەوە. گەورەکانیشمان بەدەوریدا تەواف دەکەن، تا بۆیان بکریٚ خەڵك بە کوشت دەدەن بۆ ئەوەی بگەنە سەرەوەو دەست لە بەردە ڕەشەکەی لوتکەکە بدەن، بەڵام ئەم پیڕەی ئێمە لەهەموو کەس عاقڵترە.**

(یەکەم) هاواری نارد بۆ پیڕەکەی ئەولا کە بەرەو جەمالوددین دەگەڕانەوە:

**–براکەم دەبینن لەهەمان ژووردا بیٚدەنگ کاری خۆی دەکات، سەلامی..**

پەشیمان بووەوەو نزمتر بۆ هاوڕێکانی درکاند:

**–یان نەخێر! ڕەنگە هەمووی ماوەیەکی کەمی تر بچمەوەو خۆم سەلامی لیٚ بکەم.. چاو تیژ! ئەو پیاوە چی دەخوێنێتەوە؟**

سیخورمەیەکی تری بەخشی بەریخۆڵەی هاوڕێکەی‌و هەڵیبەزاندەوە. هاوڕێکەی سەری بۆ ئەو کەسەی ناو چوار پیاوی بەرامبەری وەرگێڕا. پیاوەکە چاویلکەیەکی خستبووە سەر لووتی‌و شتێکی دەخوێندەوە:

**–نازانم، نەخێر ئەوەتا؛ کتێبێکە لەسەری نووسراوە.. نووسراوە.**

**–چی چاو تیژ؟**

پیتەکانی کۆکردەوە:

**–ج.. جە.. جەنگی.. بەها.. جەنگی بەهاکان. جەنگی بەهاکان چییە؟**

(یەکەم) شتێکی لەویارەیەوە خوێندبووەوە، گۆڤارێك لەژوورێکی قەڵاکەی جەمالوددیندا فریٚ درابوو و ڕۆژێك کاتێك بۆ وێنەی ئافرەتی لەپۆشاك بێزار دەگەڕا تەماشایەکی کردبوو:

**–جەنگەو دەیزانین؛ پیشەی ڕۆژانەی شیرینئاوایە. بەهاکان واتە دوو بەها بەرەو ژوور، گرنگ نییە چەند زۆر بن، گرنگ ئەوەیە لە دوان کەمتر نەبن، لە زمانی تریشدا لە سیٚ کەمتر قبووڵ نییە، بەهاش نرخە. دیارە ئەو پیاوە جل خاوێنە دەیەویٚ بازرگانی بکات‌و کاڵایەکی هەیە بۆ فرۆشتن‌و حەز دەکات بزانیٚ چەند دەکات.**

هاوڕێکەی گومانی هەبوو:

**–لە بازرگان ناچیٚ، لە قەڵەمەوان‌و کاغەزەوان‌و لەو جۆرە بەزمە قۆڕانە دەچیٚ.**

(یەکەم) دوو جار دەستی سووك بە پشتەملی هاوڕێکەیدا کێشا:

**–فەرق چییە؟ هەمووی بۆتە بازرگانییە، هەمووی بۆتە بازرگان، ئەی پیشەی من‌و تۆ چییە؟**

دوو کۆمەڵەکە تێپەڕین.. هەر یەك بە لایەکدا. لەو ماوەیەداو پێشترو دواتر کاروانەکانی نێوان حەوتی گەورە بەردەوام لە هاتوچۆدابوون..

بەرە هێشتا خامۆشە.

# گوڵخاتـــر

شڵەژاو چنگێك بازنی لەدەست کەوتە خوارەوە، ویستی بەپەلە دەرگای کەنتۆرەکە دابخات بەڵام دەرگاکەی بەسەر دەستی خۆیدا داخستو ئازارێکی مزر تەزووی بەدڵە پەشۆکاوەکەیدا هێنا. هەوڵی دا پێش ئەوەی مێردەکەی پێی بزانێ بازنەکان کۆبکاتەوە بەڵام شاخان هەموو شتێکی بینی. بەبزەی مێردێك نهێنییەکی بچووکی ژنەکەی زانیوە پێی وت:

–مەترسە بۆت ناژمێرم.. بڵێم بۆت ناکێشم.

هەرچۆنێك بێ شتەکانی خستەوە ناو کەنتۆرەکەو دەرگاکەی داخست، دەستە ئاوساوەکەی بە دەستە شپرزەکەی هەڵدەگلۆفت:

–کەمێك زێڕ بوو لە قوژبنێکی ئەم کەنتۆرەدا لێم ون ببوو...و دۆزیمەوە.

شاخان سەری ((گوێی مەدەرێ))ی بۆ لەقاند. هەردوو دەستی خستە ناو قایشی پۆشاکە زەیتوونییەکەی‌و بۆ لای بالکۆنەکە جووڵا. تەنیشت مەحاجەرەکە وەستا، تەماشای باخە رازاوەکەی ژێر پێکانی کرد. دەستی لە قایش دەرکردو ئەنیشکی خستە سەر مەحاجەرە مەرمەڕە سەوزەکەی لەرەنگی پۆشاکە شەقوەشێنەکەی بوو و بەتایبەت لە شاری (رۆملوس)وە بۆی نێردرابوو. ئەستێرەکانی سەرشانی بەسەر مەحاجەرەکەدا شۆڕببوونەوە. رۆژەکەی بیرکەوتەوە کە هەمان دیمەنی لەهەمان ژووردا بینیبوو، هەمان بایەخ بەشتی بچووك: ((زێڕ بۆ تاریکییەکانی ناو گەنجینەکان، زێڕ بۆ کۆکردنەوە)). ئەو رۆژە بەچاوێکی سووکەوە تەماشای پارچە زێڕەکانی کرد کە کەوتبوونە سەر زەویی هەمان ژوور، ئەو رۆژە چاوی لەو زێڕە نەپۆشیبوو:

–منیش حەزم لە زێڕە، لە تۆ زیاتر، بەڵام تەنها بۆ یەك شت؛ بۆ دامەزراندن‌و گەورەکردنی شکۆمەندیی خۆم، لەوە بەدوا زێڕ لای من وەکو خۆڵەمێش بێنرخە.. لەو بێنرختر.

هەر ئەو رۆژەی ئەو ساڵەی جەنگە سەختەکە بوو کە بۆ مەبەستێك چووبووە ژوورەکەو نەیدەزانی ژنەکەی لەناکاو دەبات. ئەو قسەیەی پێ وتو مەبەستی هاتنەکەی بۆ ئاشکرا کرد:

–رەنگە قەدەرێکی خودایی بێ ئەو زێڕە لەو کاتەدا ببینم. من دەمویست باسی پارەو زێڕت لەگەڵدا بکەم.

گوڵخاتر ترسابوو، ئەوەی چاوەڕێی دەکرد بەڕێوەیە. ئەنیشکی شاخان لەسەر مەحاجەرەکە بوو و ئەستێرەکانی سەرشانی بەسەریدا شۆڕببوونەوە. بەدەم تەماشاکردنی باخەکانی دیمەنە سەوزەکەی خوارەوەو بێئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە بەردەوام بوو:

–دەبینی رۆڵەکانی ئەم وڵاتە بەهەزاران لەمەیدانی جەنگی بەرەی رۆژهەڵاتماندا دەکەون، منیش بەگاڵتە ناڵێم ئەمانە دیفاع لەناموسی ئافرەتەکانمان دەکەن، ئەوەی توانای شەڕی هەیە دەیبەینە جەنگو تا دەکوژرێ دەمێنێتەوە، ئەوەشی پارەدارە پارەی لێ دەسەنین. تۆ دەزانی پێویستمان بە پارەی خەڵکەکە نییە، ئەوەی خەڵکی مەزنانگە لەساڵێکدا دەیبەخشن هاوڕێکانمان لە یەك رۆژدا بەقەرزو بە بەخشش بۆمان دەنێرن چونکە من شەڕ بۆ ئەوانیش دەکەم، من دەمەوێ هەموو کەسێکی ئەم وڵاتە فێری بەخشش بێ، بەگیان بۆی نەکرێ بەگیرفان، پاش هەموو شتێکیش زۆر لەمانە لەسایەی مندا دەوڵەمەند بوون، زۆر لەوانە پێ خاوس بوون‌و ئەمڕۆ پێویستە بزانن نۆرەی ئەوانە ببەخشن.

–من... باوکم...

وەستاو تەواوی نەکرد. بێدەنگی بڕێك لە کاتەکەی برد:

– تەواوی بکە، تۆ چی؟

–....

هەر تەماشای خوارەوەی دەکردو ئاوڕی لێ نەداوەتەوە:

–من بۆت تەواو دەکەم؛ دەتەوێ بڵێی باوکم دەوڵەمەند بووە، منیش خاوەنی پرۆژەمو پارەکەم وەکو کەروێشك زاوزێ دەکات. ڕاست دەکەی؛ باوکت زۆری هەبوو، تۆش کچی باوکتی، بەڵام کە بوویتە ژنی شاخان، یا با بڵێم مێردت بووە ئەم شاخانەی ئێستا ئەوەی هەتبووە بووە چەند؟ کەمی کردەوە؟ وەکو خۆی مایەوە؟ یان زیادی کرد؟ خانم! زۆر زیادی کرد. ئێستاش بڕیارێکەو داومە، ژنی شاخان دەبێ ببەخشێ، لەهەموو کەسێکی تر زیاتر. چەند تەن زێڕت هەیە؟

–تەن؟! تۆ دەزانی من...

ڕاست بووەوەو چنگی کرد بە مەحاجەرەکە:

–موناقەشەی ناوێ، من بەتەقریبی دەزانم، چل کیلۆ زێڕ ئامادە بکە، ئەمڕۆ لەگەڵ خەڵکدا وێنەکەت دەردەکەوێ و هەواڵەکە بەم جۆرە دەبێ: ئەم هاولاتییە بەشەرەفانە پارەیان بۆ شەڕی ڕەوامان بەخشی، فلان ئەوەندە، فلان ئەوەندەی تر، گوڵخاتر چل کیلۆ ئاڵتوون.. نەخێر! ناوت دەخەمە پێشەوە چونکە دەبێ پێشەوا بی، لەهەموویان زیاتر ببەخشی.

گوڵخاتر یاخی بوو:

–شتی وا ناکەی، من بەدرێژایی ژیان کۆیاندەکەمەوە.

شاخان باڵکۆنەکەی جێهێشتو هەردوو دەستی خستەوە ناو قایشی پانتۆڵەکەی و چووەوە ناو ژوورەکە، ڕووی لە دەرگاکە بوو:

–چل کیلۆ، کەمیان نییە، دەزانم سەد ئەوەندەت هەیە، سوپاسم بکە باسی کارگەو بازاڕو باخ و باقی پرۆژەکانتم نەکردووە.

–نایدەم، چل زۆرە.

–چل.. زۆرتر بێ قسە ناکەم بەڵام کەمتر نییە.

گوڵخاتر هاواری دەکردو شاخان هێواش ژوورەکەی بۆ ژنە تووڕە هەڵچووەکە جێدەهێشت:

–نایدەم، لێشم بسەنی پاش وێنەگرتنی هەواڵەکە دەیانبەمەوە.. دەیانبەمەوە.. گوێت لێ بوو؟

ئینجا هەناسەی قینی لە سییەکانی دەرکردو لەهاوار کەوت. دەنگە زبرەکەی شاخان بیست لە نهۆمەکەی خوارەوە بەبڕیارەوە، بەڵام هێمن، دەهات:

–بیرت دەخەمەوە، چل کیلۆ، هەر ئەمڕۆ.

وێنەکان لەبەرچاوی شاخاندا کاڵبوونەوەو دەنگە هێمنەکەی ژنەکەی بیست لەپشتەوە دەهات، دەنگێکی هێمن بەڵام پڕ گومان بوو کۆتاییی بەدوا دیمەنی جاران هێنا:

–بۆچی وا بێدەنگی؟

شاخان گومانێکی کۆنی لای ژنەکەی زیندووکردەوە کاتێك دەنگی لەدوورەوە هات. هێشتا ئەنیشکی لەسەر مەحاجەرەکە بوو و لەپشتی چاویلکە ڕەشەکانییەوە تەماشای باخەکەی ژێرەوەی دەکرد:

–مرۆڤی گەورە ژنێکی گەورەی دەوێ لەپشتەوەی بێ، بەڵام کاتێك ژنەکە خەریکی شتی بچووك بێ وەك کۆکردنەوەی خشڵ و زێڕ پێویستە ئەو مرۆڤە بگەڕێ بۆ.....

قسەکەی تەواو نەکردو ئەنیشکی لەسەر مەحاجەرەی بالکۆنەکە لابردو راست بووەوە، لەسەرخۆ بەناو ژوورەکەدا بەرەو دەرگاکە رۆشتو گوڵخاترو گومانەکانی جێهێشت.

گوڵخاتر گوێی لە تەقەی هەردوو پێڵاو و پلیکانەکانی قادرمەکە بوو. دەنگ دوورتر کەوتەوە تا نەما. گوڵخاتر لەشوێنی خۆی نەجووڵابوو. نەیزانی مێردەکەی ئاماژەی بۆ هەواڵە کۆنەکە کرد یان دەیەوێ تێبیگەیەنێ ئەوی ژنی کۆنو جاران لە ئاواتو خەمەکانی دوورکەوتۆتەوەو بڕیاری ژنهێنانی پێشەوەخت پێ دەڵێ.

بەرامبەر ئاوێنەی کەنتۆرەکە وەستابوو، تەماشای خۆی کردو چرچییەکانی بن ملی بینی. دڵی پێی وت: ((**بڕوا دەکەم، سەد جار بڕوا بەو هەواڵە دەکەم، هەواڵ بێ یان نیاز.. هەرکامیان بێ شاخان لەهەموو شتێك تێر بووەو تەنها ئەوەی ماوە ژنی دووەم تاقی بکاتەوە، ژنی دووەمی گەنج.. کردوویەتی یان بەتەمایە؟ هاکە مێشکم تەقی**)).

گوڵخاتر بەتەنیا لەگەڵ ئەو خەمو کێشە گەورەیەیدا مایەوە.

# بتەکانی ئازەر

**–خۆشەویست! کاتێتی. ئێستا بچۆ بۆ لای خەڵکەکەت، کاتی ئاشکراکردنی راستییەکانە.**

فەرمانەکە لەژێر خۆرێکی رووگەشی تێکەڵ بە هەوایەکی فێنکەوە گەیشت. ئاسوی سەوز بەچواردەوریدا دەخولایەوەو دەیوت: برۆ.. برۆ.. رۆژانی تەنیاییو چاوەڕوانی تەواو بوون. هەموو شتێکی چواردەوری خۆشەویست پێدەکەنیو چاوەڕێی گەڕانەوەی بوو لە دەشتەوە بۆ شار.

وادەی فەرمانەکە چاوەڕوانکراو بوو. دەبوا لە زوهرەوە بۆ مانگو لەمانگەوە بۆ خۆرو لەخۆرەوە بۆ ئیلوم تەنها چەند رۆژێك بخایەنێ. ئێستاش وادەی ئیلومە. دەبێ خێرا بگاتەوە ناوشار. دەبێ هەموو خەڵکی ئور ئەو راستییە ببیستن.

بەڵام ئایا رێگە لەبەرپێی ئەوی چاوەڕوان دەبڕێتەوەو ئارامی دەبێ ئەو رێگەیە ببڕێ؟ بڕیاری داوە، بڕیار هی خۆی نییە بەڵام، ویستی یەکسەر بڕوات، فەرمانێکی تر مابوو بەڵام، ویستی یەکسەر بچێتە ناو بازاڕو یانەکانی شارەکەو هاوار بۆ ئەو راستییە بکات، فەرمانەکە پێشتر شتێکی دیکەی بۆ دانابوو بەڵام، دەبێ راستییەکان بگەنە بەرگوێی خەڵکەکە، پێش هەموو کەسێکیش باوکی خۆی بەڵام. دەنگەکە پێی وت بڕوات، بۆ لای باوکی پێش شارەکە بەڵام، باوکی بۆ ئەو لە شارەکە نزیکترە:

**–سەرەتا باوکت، سەرەتا کەسە نزیکەکانت، شانت نەتوانێ باری ئەرکی ئەوان هەڵگرێ کەسی ترت لا گرنگ نابێ، بچۆ و بزانە بەچی وەڵام دەداتەوە.**

((**بەچی وەڵام دەداتەوە؟**)).. باوکی جگەلە گوێگرتنو سەرلەقاندن چیی تر دەکات؟ ئەی ئەو خۆشەویستی باوکی خۆی نییە؟ ئەی ئەو تاکە هیوای نییە؟ خێرا بچێتەوە ناوشارو بگاتەوە ماڵ بەڵکو لەپێشوازیی باوکیدا بێ. ئازەر وەکو گیانی خۆی کوڕەکەی خۆش دەوێ: ((**خۆشەویست! کەس هێندەی تۆ لەگەڵمدا بەسۆز نییە، تۆ ئەو کوڕەی کە هەموو باوکێك داوا لە خوداوەندەکان دەکات لەجیاتی یەك دەی لەو جۆرە هەبێ. براکەت زوو مردو تەنها تۆم ماوە، تۆشم بەتەنیا هەبێ باکم نییە؛ کاتێك دەمرمو دەچمە جیهانی خوارەوە، ئەو زەوییەی مرۆڤ بۆی چوو ناگەڕێتەوە، بەختەوەر دەبم، من ئەو پیاوە نابم کە لەجیهانی خوارەوەدا لەبنی دیوارەکە کەوتووەو بەکوڵ دەگری چونکە یەك کوڕی هەیە لەجیاتی سیانو چوارو دە هەموویان قوربانیی بۆ بکەن. لەجیهانی خوارەوەدا لەناو مردوواندا شانازیت پێوە دەکەم**)).

نەجارێکو نەدوان ئەمەی لە ئازەری باوکی بیستبوو، ئێستاش دڵنیایە باوکی حساب بۆ یەك بەیەکی وشەکانی دەکات. لەناو رووناکیو جریوەی چۆلەکەو کلاوکوڕەو خۆشییەك یەکەم جارە لەو شێوەیە ببینێ بەرەو شار گەڕایەوە، بەدیارییەك بۆ لای باوکی گەڕایەوە. ئێستا لەشارە، ئێستا لەماڵە. باوکی جارێ نەگەیشتووەو ئەو لەسەر کوورەی ئاگری سەبر دانیشتووەو چاوەڕێ دەکات. فەرمانەکە بۆ باوکێتی، ناتوانێ سەرپێچی بکاتو هیچ بە دایکی بڵێ، نۆرەی ئەویش دێ، تا ئەو کاتە قەید ناکاتو با هەر بە سەرسامییەوە تەماشای ئەو پەرۆشییەی بکاتو لێی تێنەگات، هەر ئەو رۆژە ئەویش هەموو شتێك دەزانێ، بەرگەی کەمێك چاوەڕوانی دەگرێ، سارای ژنیشی ئاگای لەهەموو شتێکەو تا ئەو کاتە بەقسە دایکی دەخڵافێنێ.

دەنگی دەرگایە پاڵی پێوە دەنرێ، وس! ئەمە باوکێتی.

دەنگی ئازەر ماندوو بوو بەڵام ویستی رووی گەش بێ، زەردەخەنەکەی بۆر بوو بەڵام ویستی تەڕ بێ:

–خۆشەویستی هەمیشە لەبەرچاواندا ونبوو! دەبینم ئەو خووەی ماوەیەکە بۆتە هاوڕێی گیانی بەگیانیت گۆڕاوە. ئەمرۆ پێش من گەیشتوویتەماڵەوە.

جوولا بۆ کڵاوە لبادە نیوە تۆپەکەی باوکی تا بۆی داکەنێ دەستی چەپی، درێژیش بووەوە بۆ داکەندنی پۆشاکی سەرشان دەستی راستی:

–هەرچەندە پەلەمە پێت بڵێم بەڵام حەز دەکەم پێشەکی پشوویەك بدەی. با یارمەتیت بدەم.

باوکی خۆی بەدەستەوە دا:

–دڵم هەواڵی دامێ نیازتە واز لەکەللەرەقی بێنیو ئەو تاکە شتە بۆ باوکت بکەی کە بۆت جێبەجێ نەکردووە. ئەگەر ئەوە بێ باشترین مژدەیە بە باوکتی دەدەی. دەمێکە دەڵێم ئەگەر ئەزموونی پزیشك نەیتوانی تاکە منداڵێك بە سارا بدات پێویستە قوربانییەکی قورس بۆ خوداوەندەکان بکەی. لەخۆم بپرسی دەڵێم حەز دەکەم لەجیاتی منداڵێك سارا دە منداڵی ببێ هەموو لەتۆ بچن.

–بەڵێن بێ جارێکی تر پرس بە پزیشك بکەم، بەزووترین کات، بەڵام ئێستا شتێکی دیکەم پێیە، شتێکی گرنگتر. با ئاو بێنم قاچەکانت بۆ بشۆم.

–واز لە پێ شتن بێنە، ئەمجارە خۆم دەیانشۆمو تۆ پێم بڵێ چیت لەژێر سەردایە. لەتەنیشتم دانیشە، بۆم باس بکە.

لەسەر سەکۆیەك دانیشت باوکیو لەسەر ئەژنۆ بەرامبەری چۆکی دادا خۆشەویست. سەری داخست کوڕەکەیو هەناسەیەکی هەڵکێشا. ویستی هەناسەیەکی قووڵ بێ بەڵام نەیتوانی:

–باوکە! لەناو مرۆڤەکانداو لەسەر ئەم زەوییە کەسم لەتۆ لەلا خۆشەویستتر نییە.

–دەزانم، لەم وڵاتەو وڵاتانی دەوروبەر، وڵاتی ئیلامو مارتوو سوو گوتیومو وڵاتانی باشووری دەریای خواروو و تەنانەت (دیلمون)یش کەس نییە وەکو تۆ بۆ باوکی خۆی بەو ئەندازەیە بەسۆز بێ. هەموو ئەوانە دەزانم، راست شتەکەی خۆتم پێ بڵێ.

هەناسەیەکی تر، ئەمجارە قووڵ:

–بەڵام کەسێك هەیە پێویستە زۆرترین خۆشەویستیی بدەینیو زۆرتر گوێڕایەڵیی پێشکەش بکەین، کەسێك پێویستی بەو خۆشەویستییەو بەو گوێڕایەڵییە نییە بەڵکو ئێمەین دەمانەوێ، ئێمە سوودمەند دەبین.

–سەیرە! دەبێ ئەو کەسە کێ بێ؟ خوداوەندەکانیش وا نین. تۆ دەزانی خوداوەندەکان پێویستیان تەنانەت بە کاری ئێمە هەیە تا هێندە شتمان هەبن بیانکەینە قوربانی بۆیان. نازانم ئەگەر ئەو خوداوەندانە ئێمەیان نەبێ لەکوێوە نان پەیدا دەکەن، رەنگە بوونەوەرێکی تر دروست بکەن. دەزانی کە خوداوەندە بچووکەکان خۆراکیان بۆ خوداوەندە گەورەکان پەیدا دەکرد، کاتێکیش ئەو خوداوەندە بچووکانە لەکارکردن بێزار بوونو یاخی بوون خوداوەندە گەورەکان مرۆڤیان دروست کرد بۆ ئەوەی ئەو کارانە بکات. دەبینی تەنانەت خوداوەندەکانیش پێویستیان بە ئێمەیە وەك چۆن ئێمە زۆرتر پێویستمان بەوان هەیە. نازانم بۆچی هەموو ئەمەت بۆ دەڕێسم لەکاتێکدا یەك جار نییە بیبیستیو هەرچەندە دەبینم لەمنداڵییەوە بڕوات بەو شتانە لەقەو لەم ماوەیەشدا شتی سەیر لەبارەتەوە دەبیستمەوە.

ئازەر بێئەوەی بزانێ پێشەکییەکی بۆ کوڕەکەی داڕشتو زۆر لەکارەکەی ئەوی ئاسان کرد، ئێستاش خۆشەویست دەتوانێ یەکسەر بچێتە سەر مەبەستەکەی:

–بەڵام ئەمە چۆن خوداوەندێکە پێویستی بە کاری دروستکراوێکی خۆی هەیە؟ بۆچی بەدوای ئەو خوداوەندە نەگەڕێین

**کە پێویستی بە کەس نییەو هەموو کەس پێویستی پێیەتی؟ ئایا کەسێکی وا زیاترشایەنی خوداوەندێتی نییە؟**

پێش ئەوەش باوکی هەناسەی سەرسوڕمان رابگرێ خۆشەویست زۆرتر رۆشت:

**–باوکە! حەز دەکەی کەسێك بێتە ئەم ماڵەتو ببێتە هاوبەشت؟ من کە دەزانم چەندم خۆش دەوێی، پێت خۆشە داوابکەم بەپاڵ تۆوە ببمە ئاغای ماڵەکەو وەکو تۆ فەرمان بدەمو داواکاریت رەت بکەمەوە؟**

سەرسوڕمانی باوکی هێندە گەورە بوو پرسیارەکە وا زەق نەبوایە نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە:

**–بێگومان نەخێر، ئەگەر ئەوە بکەی کوڕی خۆم نیت، بەلای کەمەوە ئەو کوڕە نیت کە دەمناسی، تۆ خۆشەویستی منی چونکە بەم جۆرەی ئێستای.**

شتەکانی بۆ ئاسان دەکرد باوکی. ئینجا نۆرەیەتی خۆشەویست:

**–کەواتە باوکە چۆن ئەو خوداوەندانە رازی بوون یەك‌و دوان نەبن‌و بەپڕی ئەم جیهانە خوداوەند هەبن؟ ئایا خوداوەندێك پێویستی بە کاری من هەبێ‌و بەشەریکایەتی رازی بێ شایەنی ناوو نازناوی خوداوەندێتییە؟**

ئەو قسانە شتێکی تازە بوون. ئازەر توند هەستایە سەر پێ‌و چاوێکی تیژو پڕ گومان لە مێشکییەوە بۆ کوڕەکەی هاویشت. ئێستا دڵنیا بووە ئەو شتانەی لەبارەی خۆشەویستەوە دەیانبیستێ بێ بناغە نین، قسەی کەسانی حەسوود نین، قسەی کەسانی حەسوودن بەڵام راست دەرچوون. قسەکان لێڵ دەگەیشتنە بەرگوێی‌و جێگەی گومان بوون بەڵام ئێستا بۆ بەدبەختیی خۆی لە گومان دەرچوون:

**–هەر زوو دەموت جادوو لێی داوی‌و خۆم بەدرۆ دەخستەوە، قەناعەتیشم هەبوو چاوی حەسوودە چونکە پیاوی زۆرم دەبینی کوڕی لاسارو بەڵایان هەیەو حەسوودیم پێ دەبەن، ئێستاش دڵنیا بووم، جادووە، چاوی پیسە، هەموو شتێکی خراپە. خۆشەویست! پێم وتی بچیتە لای لو–نیدابا چارەسەری تۆی لایە بەڵام هەمیشە دەتوت لو–نیدابا خڵەفاوە، ئێستا ئەو سەلماندی کە لە هەردووکمان داناترە.**

خۆشەویست هێمن هەڵساو بەرێزەوە بەرامبەر باوکی وەستا، هەردوو دەستی لەژێر ناوکییەوە لێك ئاڵاندو سەری داخست:

**–باوکە من راستیت پێ دەڵێم، من نەخۆش نیم، جادووم لێنەکراوە، چاوی پیسیش لێی نەداوم، خاوەنەکەم پێی وتووم جەنگ دژی درۆ بگێڕم، راستی بە نەزانەکان بڵێم. باوکە من ئەوەم بینیوە کە نەتانبینیوە، ئەوەم زانیوە کە کەستان نەتانزانیوە .**

باوکی سەر بادا وەك بڵێ: واز لەم قسانە بێنە. تووڕەبوون جارێ ماویەتی:

**–سەدان ساڵە باپیرانمان راستییەکانیان پێ وتووین. ئێمە خوداوەندەکانمان دەبینین‌و دەیانناسین.**

**–بەڵام دڵنیان باشتان ناسیون؟**

ئازەر هەردوو قۆڵی کوڕەکەی گرت، چاوی تێبڕی. وەکو یەکەم جاری بێ ئەو کوڕەی ببینێ:

**–کێیە ئەوەی وا عەقڵ‌و هەستی لێ سەندووی؟ ئەگەر یەکێکە لە خوداوەندەکانی ئێمە بێ من لێی دەپاڕێمەوە چاکت بکاتەوە، ئەگەر خوداوەندی یەکێکیشە لە وڵاتە بێگانەکان خوداوەندەکانی خۆمانی بەگژدا دەکەم.**

خۆشەویست چاوی تیژی باوکی بە چاوێکی پڕ میهرەبانی وەڵام دایەوە. خۆشویستنی خوداکەی‌و خۆشویستنی باوکی لەناو چاویدا تێکەڵ بەیەك ببوون، ئازەر فرمێسکی ناو ئەو چاوانەی بینی:

**–باوکە خوداوەندی ئێمەشەو هەموو وڵاتەکان‌و هەموو جیهانەکانە .**

دوو قۆڵی توند راوەشاند:

**–کێیە؟ ناوی چییە؟**

خۆشەویست سەری بۆ بنمیچی ژوورەکە بەرز کردەوە، دەمی کەمێك کردەوەو ئازەر زەردەخەنەی خۆشویستنی تێدا بینی:

**–ئیلوم.. ئیلومە باوکە.**

**–ئیلوم؟ بەڵام خوداوەندەکان هەموو ئیلومن. ئیلوم واتە خوداوەند، ئیتر بۆچی یەکێکیانت جیاکردۆتەوە؟ ئەمە دەبینی؟ ئەمە...**

ئازەر قۆڵی کوڕەکەی بەردا، چاوی بۆ شتێك گێڕاو بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە. تاقی ژوورەکەی دۆزییەوە کە بۆی دەگەڕا. چووە لای تاقەکەو پەیکەرێکی بچووك، هێندەی لەپی دەستی، لێ هەڵگرتو خستیە بەردەم دەموچاوی کوڕەکەی:

**–ئەمە دەبینی؟ ئەمە ئیلە؟ ئەمە خوداوەندی تایبەتو پارێزەری خۆمە. ئەمە ئیلە، ئەوەی تۆ هیچی لەم دەچێ؟**

بەزەیی بەسەر دەنگی خۆشەویستدا زاڵ بوو:

**–باوکە! ئیلومێك بە لەپی دەستت بیگری چۆن دەتپارێزێ؟ تاقی بکەرەوەو بەریبدەرە خوارەوە، بزانە دەتوانێ خۆی بپارێزێ؟ کە شکاش چی دەکەی؟ بێگومان دەچی لە بازاڕ یەکێکی تر دەکڕی یان داوا لە پەیکەرتاش دەکەی لەو قوڕەی بەردەستی یەکێك لە شێوەی ئەوت بۆ دروست بکات.**

ئازەر ئەوەی نەبیست چونکە وەڵامی نەبوو. پەنجەی گرژی خستە سەر پەیکەرەکە، چاوی زەق ببوو، دوو جار سەری پەنجەکەی پێدا کێشا:

**–ئەمە ئیلە، دەیبینی؟ ئەمە ئیلە.. ئیلەکەی تۆ چییە؟**

**–باوکە! دەزانی ئیل وشەیەکە بۆ خودا دەوترێ بەڵام لادەرانی مرۆڤایەتی ئەو ناوەیان بۆ شتی تر زەوت کرد، بۆ شتانێك وجوودیان نییە. باوکە! ریم سین نەبۆتە ئیل؟ کێ کردیە ئیل؟ ئەو ئیلە رۆژی چەند جار دەچێ ناوسکی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە؟ وەك چۆنیش ئەو بووە خوداوەندێکی ساختە وەهاش یان رەنگە بەشێوەیەکی تر، خوداوەندە ساختەکانی تر دروست بوون.**

ئازەر زۆر خێرا گەیشتە بیابانی بێئارامیو دوو قاچی لە دڕکەکانی گیران. دەنگەکەی ئاوازی هەڕەشەیەکی گڕاویی هەڵگرتبوو، تووڕەبوونەکەشی گەرمتر دادەهات:

**–کوڕی ئازەر! ئەو ئاگرەی یاریی پێدەکەی شارێك دەسووتێنێ، پێش شارەکەش خۆت دەسووتێنێ. نامەوێ شتی لەم جۆرە ببیستمەوە.**

**–بەڵام باوکە!**

**–تەواو! هیچ نەبیستم.**

ئازەر بیریکەوتەوە هێشتا ئەو خوداوەندە تایبەتەی لەناو لەپی دەستیدا ماوە، تا ئاستی دەموچاوی خۆی بەرزی کردەوەو تەماشای کرد، چاوەکانی زەق ببوون. دیار نەبوو بیری لەچی دەکردەوە، بەڵام خۆشەویست لەجاران زیاتر خوداوەندی ناو لەپی دەستی لا بچووك ببووەوە، بەزەییشی بەباوکیدا هاتەوە ئەو مشتە قوڕە وشکەی لەناودەستدا هەڵگرتووە. ئازەر بەتۆڕەییەوە مشتە قوڕەکەی خستەوە ناو تاقەکە. نیوەی لەشی رووکردەوە کوڕەکەیو پەنجەکەی توند بەرەورووی راوەشاند:

**–کوڕی ئازەر! دەبێ هەر ئەمڕۆ ئەم شێتییە بەرت بدا. کوڕی ئازەر! ئەگەر واز نەهێنی ئازەر بەدەستی خۆی خۆی دەکاتە باوکی بێ کوڕ، تا ئەو کاتەش یەك وشەت لێ نەبیستم.. نەشتبینم.**

پڕ بەکینەی هەموو زیندەوەران خێسەی لەکوڕەکەی کرد، تەواو پشتی تێکردو مۆن ژوورەکەی جێهێشت. خۆشەویست بەتەنیا مایەوە، باوەڕی نەدەکرد باوکی وا وەڵامی داوەتەوە. رۆژێکی ماتەمینیی بردە سەر. شەو داهاتو هەر باوەڕی نەکردبوو. نەیویست کەس ببینێ، چووە سەربانیماڵەکەو سەرەڕای شەوی سەرماو خەفەت بەدرێژایی ئەو شەوە دوعای بۆ باوکی دەکرد.

# خوداوەند لە ماڵەکەیدا

خوداوەندێتیی شاخان ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی سەخت بووەوە. شاخان درکاندی ژنی دووەمی دەویست، نەشدەزانرا هێناویەتی یان نا. گوڵخاتر کە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بوو گەورەترین کۆسپ بوو بەڵام شاخان فێر نەببوو پێی بوترێ نەخێر. لەکۆتاییشدا گوڵخاتر دوای هەمووان زانی، بەڵام کەمێك گومانی هەر مابوو، ویستی دڵنیا بێ. پەنجەی خستە سەر ژێی سۆزی باوکانە، بەڵام لە کاریگەریی ئەو ئاوازە دڵنیا نەبوو:

**–ژن دەهێنیی و برایەکی تر دەکەیتە شەریکی کوڕەکانت. بە چ دڵێکەوە ژن دەهێنی.. نەتکردبێ؟**

ئەو جۆرە قسانە کاریان لە شاخان نەدەکرد. پشتی کردە ژنەکەی و هێواش بەرەو بالکۆنەکە ڕۆشت. هەردوو دەستی خستە سەر مەحاجەرە مەڕمەڕە سەوزەکەو خۆی بەسەر ئەو مەحاجەرەیە شۆڕ کردەوەو چاوی بە سەوزاییو درەختەکانی لای ڕاستو لای چەپی گێڕا. ساڵانێکە ئەم ژوورە دەمەقاڵە بەخۆوە دەبینێ. چاویلکە ڕەشەکە هێندە تاریك بوو نەیدەهێشت هیچ ڕازێکی چاوەکانی بچنە دەرەوە، بەڵام دەنگی ئەو ئاوازەی تێدا بوو کە بۆ گوڵخاتر بەس بوو بۆ زانینی ناخی دڵی پێش زانینی دروستیی هەواڵەکە:

**–چیم ویستووە کردوومە.**

بەڵام زووش ناودڵی خۆی ئاشکرا کرد:

**–کاتێك قسەت کرد بڕیارەکەم خستبووە کار. بەڵێ کردوومە، هیچ ناڕەزاییەکت هەیە؟**

گوڵخاتر ئێستا دڵنیابووە، ئینجا ویستی جارێکی تر لەسەر ئاوازی سۆزی باوکێتی بخوێنێ پێش ئەوەی کەڵبەکانی ژنێکی دڕ دەربخات:

**–چەندە باوکێکی دڵڕەقی!**

شاخان لەشوێنی خۆی نەجووڵا:

**–هیچت خوێندۆتەوە لەبارەی ئیمپراتۆرییەکانو هەرەسهێنانیان؟**

وەڵامی گوڵخاتر خاو و درۆ بوو:

**–بەڵێ.. خوێندوومەتەوە، یەك لە هۆکانی پادشاکەیە کە هاوسەری خەباتی لەیاد دەچێو وەکو هەرزەکارێك حەز لە کچێکی منداڵ دەکاتو ئەو کچە دووبەرەکی دەخاتە ناو بنەماڵەی فەرمانڕەوا.**

گوڵخاتر ئەمجارە نەیزانی شاخان هەست بە چی دەکات، دەنگی شاخان هیچی لێ نەدەخوێنرایەوە:

**–چیرۆك هەڵبەستن مێژوو نییە.**

شاخانیش درۆی دەکرد، ئەو شتی لەو جۆرە خوێندبووەوە. زۆر لەسەری نەڕۆشتو ڕوویکردە جێی مەبەست:

**–زۆر لە ئیمپراتۆرییەکان بۆیە هەرەسیان هێنا چونکە ئافرەت ببووە پادشا یان دەستی هەبوو لەکاری پادشایەتی، وەك ئەوەی دایکی پادشا یان ژنەکەی یان هەر شتێکی تری پادشا قەناعەت بە پلەکەی نەکاتو پەل بۆ گەورەتر ببات وەك دەستوەردان لەکاروباری وڵات. پێچەوانەکەش ڕاستە؛ ڕۆژگاری لاوازیو داڕمانی ئیمپراتۆرییەکان ڕێگە بۆ ئافرەت خۆش دەکات دەست بخاتە ناو ڕیخۆڵەی دەوڵەت.**

وازی لە مەحاجەرەکە هێناو روویکردەوە گوڵخاتر، رێك بەرامبەری راوەستا، چاویلکەکەی داکەند، بەدەستی راستی مەچەکی دەستی چەپی خۆی گرت کە چاویلەکەی گرتبوو، یاریی بە سەعاتەکەی دەستی چەپی کرد. ساتێك سەری بەرزکردەوەو لەژێر لووتەوە تەماشای ژنەکەی کرد، ئینجا چاوی دەرپەڕیوی داگرتەوە خوارەوەو بڕییە چاوە لەرزۆکەکەی. گوڵخاتر نەیتوانی بەرگەی ئەو چاوانە بگرێ، سەری بۆ لای راستو چەپو خوارەوە دەجووڵاو چاوەکانی هەڵدەبەزینەوە، ئینجا بڕیاری دا بەرگری بکات. هەموو هێزو توانای کۆکردەوەو تەماشای چاوە زەقەکانی کرد:

—چیتر شوێنی بڕیارەکانت ناکەوم، نەخێر! شوێنی ئارەزووەکانت ناکەوم.

شاخان چاویلکەکەی کردەوە چاو و دەستی راستی خستە ناو قایشی پانتۆڵە زەیتوونییەکەی، هێواش رۆشتو گوڵخاتری بەتەنیا لەژوورەکەدا جێهێشت. شاخان کوڕە گەورەکەی لەسەر قادرمەکان بینی بە تەپەتەپ سەردەکەوت. کوڕەکە بەدەنگە بڵەکەی لێی پرسی:

—دایك لەسەرەوەیە؟

بێئەوەی بوەستێ بەسەر ئاماژەی بۆ ژوورەکە کرد، کوڕەکەشی سەرکەوت، گەیشتە دەرگاو گوێی لە دەنگی باوکی بوو لەخوارەوە دەهات:

—هیوادارم دایك عاقڵ بکەی.

کوڕەکە وەستاو ئاوڕی دایەوە، زانی شتێك روویداوە، وەکو رەشەبا خۆی کردە ژوورەوە:

—باوك لەچی توورەیە؟

گوڵخاتر ویستی بەدزیی ئەوەوە فرمێسکەکانی بسڕێتەوە، هەنسکێکی تەڕی دا:

—باوك.. باوك بە بڕیارێك رابوردووی خێزانەکەی سڕییەوە.

نۆبەرەکە گومانی نەمابوو:

—زانیت؟

گوڵخاتر دەستەسڕەکەی بۆ لووتی بەرزکردەوەو فنگەیەکی تێکرد، فرمێسك لەناو چاوەکانیدا مابوون و شەپۆلیان دەدا:

—کوڕی بەوەفا ئێوەن.

هەرچەند کوڕەکە درەنگ لەشتەکان تێدەگەیشت، یان شتەکان بەو شێوەیە تێدەگەیشت کە خۆی دەیویست بەڵام ئاوازی لۆمەی دایکی ناسییەوە:

—زووتر ویستمان خۆمان چارەسەری بکەین. ئێستاش پاش ئەوەی زانیت، ئەگەر حەز دەکەی وەك مریشکێك سەری دەبڕم یان وەکو پشیلەیەك دەیخەمە توورەکەیەكو فڕێی دەدەمە روبارەکەی بەرامبەرت.

گوڵخاتر تۆقی:

—باوك؟

دەنگە بڵەکەی کوڕەکە وەکو هەناسەو بڵقەبڵقی ژێر ئاوی لێهات:

—نااااا.. ژنەکەی.. ژنە تازەکەی.

فیکرەکە زۆر بەدڵی گوڵخاتر نەبوو، کە شاخان لەژوورەکەدا بوو نەیتوانی کەڵبەکانی دەربخات، ئێستا بێتواناترە:

—ئەمە چارەسەر نییە، با ئەو بێئابڕووە نەبێتە مایەی نانەوەی ئاژاوە لەناو بنەماڵەکە. رێگەی تر هەیە.

–بچۆ بۆ ماڵی باپیرم، مەیەرەوە تا باوك پەشیمان دەبێتەوە، من بەکارەساتی دەزانم ئەو ژنە منداڵێکی هیچ نەدیو هیچ نەزانمان بۆ دەرپەڕێنیٚ باوك بیکاتە هاوبەشمان. من بەحالٚ قبووڵی برا بچووکەکەی خۆم کردووە.

–وسبە! باسی براکەت مەکە! زۆر دەترسم ببیتە مایەی هەڵوەشانی بنەماڵەکە.

–مەترسە، لە فاڵچییە ددان زەردەکەی باوکم پرسیبوو بەدەستی کیٚ دەکوژرێم وتی بەدەستی کەسوکاری خۆت نابیٚ.

–خۆت بۆ کوژران داناوە؟

–کوڕی شاخان حەیفە مردنێکی ئاسایی بمریٚ. نابینی مردن لەچواردەورماندایە؟ مەرگ گەمەی ئێمەیە، ئێمە پێغەمبەرانی مەرگین!

–باوکیشتان خوداوەندەکەیە! ئەم قسانە چییە؟ بەهەر حالٚ ئەگەر باوك خوداوەند بیٚ ئەوا حەزی لە کێیە دەیهێنیٚ.. هێناشی.

کوڕەکە دەستی راوەشاندو تووڕەبوون قسەکانی کردە پڵتەپڵت:

–منیش حەزم لەچییە دەیکەم، منیش دەتوانم ببمە خوداوەند.

–ئاگادار بە!

–ئاگاداری بۆ ترسنۆكو بێدەسەلاٚتانە، من رۆشتم.

ئەو رۆشتو دایکیو ئازارەکانی بەتەنیا جێهێلا.

# ئازارەکانی خۆشەویست

هەموو خۆشییەکەی خۆشەویست رەوییەوە. ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد بەرەورووی بووەوە. دڵنیابوونەکەشی بووە گومان لەهەموو کەسێك، تازە بەچ دڵێك خەڵکی ئور بۆ باوەڕی نوێ بانگ بکات؟

ئازاری خۆشەویست ئەمجارە جیاوازە. ئەوسا بەئازاری نەدۆزینەوەی ئەوەی بەدوایدا دەگەڕا دەتلایەوە، کە دۆزیشییەوە خەفەتی نەدەزانی، بەڵام ئێستا خەمێکی تر لەجۆرێکی تری هەیە، خەفەتی پشتهەڵکردن و لالووت بوون لە خۆشەویستترین کەسەوە.

پەیوەندیی خۆشەویستو باوکی نموونەی لەشارەکەدا لەنێوان باوکان و کوڕاندا نەبوو ، باوکان حەسوودییان بە ئازەر دەبردو ئەو خۆشەویستییەی خۆشەویست بۆ باوکی هەیبوو ئەوەی لەبیر خەڵکەکە بردبوو کە ئازەر تەنها ئەو منداڵەی هەیەو ئەوە بەپێی بیروباوەڕی باوە شتێکی باش نەبوو.

باوەڕهێنانی سارای ژنی و لوتومی برازای دڵنەوایییەك بوو بۆ خۆشەویست بەڵام زامی پشتهەڵکردنی باوکی زۆر لەوە قووڵتر بوو بەو زووانە لەبیربکرێ. خۆشەویست ئەو رۆژانە ئەو یادانەی منداڵیی بیردەکەوتەوە کە ساڵانێکی دووروودرێژ بوو لەمێشکی سڕابوونەوە. فەرمانەکەی باوکی لەناو سەریدا دەنگی دەدایەوە، فەرمانێك بوو بۆ دایکی خۆشەویست: **((ناوچەوانی تەڕ بکە با تاکە نەیکوژێ، بەردەوام تەڕی بکە تا خوداوەندەکە لە تاقەکە دەهێنم و دەیخەمە تەنیشت سەری تا شەیتانەکە دەربچێ))**. ئینجا رۆژێکی ترو لوولبوونی لەناو باوەشی باوکیدا کاتێك بەهەڵەداوان بۆ لو–نیدابای پزیشك بردی تا برینی قاچی بپێچێتەوەو بەربوونی خوێنی گەشی بوەستێنێ کە سەرەڕمێك بەکەمتەرخەمی لەسەر زەویی حەوشەکە فڕێدرابوو تەقاندبووی. خۆشەویست دیمەنی زللەکەی باوکیی وەك بروسکە هاتە پێش چاو. خۆشەویست هەر منداڵ بوو کاتێك بەزریکەی خۆشییەوە لەگەڵ هاوڕێکانی شوێنی گوێدرێژێك کەوتبوون و یارییان بە ریخەکەی دەکردو دەیانگرتە یەکتر. باوکی زللەیەکی لێداو پێی وت کە ئەو بۆ شتی گەورە ئامادەی دەکات نەك بۆ یاریی بێمانا. دواییش ناردی بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە نووسینە مێخییە ئاڵۆزەکە.

خۆشەویست پاش ئەو پشتهەڵکردنەی باوکی ویستی شتێك بزانێ، پرسیارێك بوو بەدەنگێکی بریندارەوە:

**–بۆچی پێتان نەوتم؟ پێم وترا بچۆ بۆ لای باوکت و با یەکەم کەس بێ بانگی دەکەی، بەڵام پێم نەوترا وەڵامی ئاوا دەبێ.**

وەڵامەکە هەمیشە بەسۆز بوو، لەپشتەوەی سۆزیش وانەی گەورەو رێنمایی بۆ ساڵانی تەمەنی داهاتوو:

**–خۆشەویست! ئەی نەمانوت خەڵك پشتهەڵدەکەن، تۆش رێگەی سەخت دەگریتە بەر؟ ئەوە ئەزموونێکی بەنرخە بۆ تۆ، بزانەو لەیادت نەچێ! خاوەنەکەت خاوەنی دڵەکانەو چەند لەدەوروبەرت رابیینی بەدەمتەوە بێن کاری تۆ تەنها گەیاندنی وشەکانی خاوەنەکەتە، ئەنجامیش لەدووتوێی زانینی ئەودا شاردراوەتەوە.**

خۆشەویست پەلەی بوو خەڵك وشەکانی خاوەنەکەی وەربگرن:

**–تا چەند چاوەڕێ بکەم؟ منی مرۆڤی لاواز سەرکەوتن هێزێك بە دەروونم دەبەخشێ.**

دەنگەکە ئینجا بووە ئاوازی هێزو سووربوون:

**–خاوەنەکەت نایەوێ لاواز بی، تۆ لەم جیهانەدا دەگمەنی، تۆ لەناو مرۆڤایەتیدا دەگمەنی. خۆشەویست! باش گوێ لەم**

قسانە بگرەو هەرگیز رۆژێك لەبیرت نەچن: خۆشەویست! رۆژانێك دێن خەڵكی بە هەزارانو دەیان هەزار باوەڕ بە خاوەنەکەت دەهێنن، ئەوانە ماسیی ناو دەریایەکی هێمن دەبن، بەڵام ئێستا تۆ درەختێکی ناو بیابانێکی بێ کۆتاییت، خۆڕاگرتن بۆ ئەوان ئاسانترە بەڵام خۆڕاگرتنی تۆی تەنیا لەناو بیابانی بێئاگاکاندا کە هاکە بوونە دوژمنت نموونەی لەمرۆڤایەتیدا دەگمەنە، تەنیا تۆی، تەنیا تۆو هاوشێوەکانت کە خاوەنەکەت هەر ماوەیەك لەشوێنێکدا هەڵیاندەبژێرێ. ئێوەی هەڵبژاردەی ئیل لەهەموو پشتهەڵکردنێك بەهێزترن، لەژمارەی زۆر بەتواناترن، هێز دەنوشتێتەوەو ئێوە نابێ بنوشتێنەوە، ژمارە دەبەزێو ئێوە نابەزن، خۆشەویست! هەڵبژاردەی ئیلوم! رێگەکەت سەختە چونکە رێگەی جەنگە دژی درۆ بەڵام ئیختیارت نییە جگەلە گرتنەبەری ئەو رێگەیە.

خۆشەویست بڕیارەکەی دووبارە کردەوە کە رێگەکە دەگرێتەبەر:

—تا دوا ترپەی دڵم ئەمە رێگەمە، دەمێنمەوە ئەگەر تەنیاش بم، دژی درۆ دەجەنگمو ناچەمێمەوە.

هێزو سووربوونی ئاوازی دەنگەکە زیاتر بوو:

—کاربکەو ماندوو مەبە، رۆژی پشوو زۆری ماوە، رۆژی پشوو هەر دێ، خەڵك لەدەوری ئیلوم کۆبکەرەوە، ئەو خەڵکە دەبنە هێزێکی تر بۆ تۆو هاوەڵانت، ئەوەش بزانە ئەگەر تەنیایی لاوازت نەکات هەموو هاوەڵانت بەرگەی تەنیایی ناگرن، بچۆ بۆ لای خەڵكو بانگیان بکە با هاوەڵانت تەنیا نەبن، تۆ لەژمارە گەورەتری بەڵام ژمارەش بۆ تۆو هاوڕێکانت هێزە. خەڵك بگۆڕن، خەڵكی سادەو فەرمانڕەوایان، رەنگە بڵێی ئێمە بەهێزین و باکمان نییە تەنیا بین، بەڵام بەهێزیش بن دەبێ لەدواڕۆژی وەچەکانتان بترسن، دەبێ بترسن ژمارەی زۆر نوقمیان بکات. خۆشەویست! رۆژانی چاوەڕوانی تەواو! خۆشەویست ئێستا وادەی دەرچوونتە بۆ خەڵك.

دەنگەکە نەماو هێمنی بەسەر گیانی خۆشەویستدا وەکو نمەی سەرەتای باران دابەزی. سەری بۆ فەرمانەکە دانەواندو خۆی بۆ سبەینێی شارەکە ئامادەکرد.

# وەرزی خوێن

**-واااخ.. وریا بە!**

**-لە کلکی گەڕایەوە.**

بەچاوترووکانێك یەکتریان ناسییەوە، ئەو پیاوەی وتنی ناوی قورس بوو ئەو پیاوەی ناسییەوە کە رۆژێکیان زانیبووی پیاوی خاڵ لەمەچەك تازە بۆ ناو پیشەوەرانی قەسابی هێناویەتی. ئەو قەسابە نوێیە چوار کەسی دیکەی لەگەڵدایە بەسواری ئەو وڵاخە دێزەی بەردەمیان کە کەمێکی مابوو وڵاخە بۆرەکەی خۆیان خۆی لێ بدات. کەم تا زۆریش بەدەموچاوی چوار کەسەکەی تر ئاشنایە.

بینینی ئەو پیاوەی وتنی ناوی قورس بوو لەگەڵ سێ کەسی تر پێنج پیاوەکەی سەر وڵاخە دێزەکەی پەشۆکان. ئەوان پەلەیان لە وڵاخە دێزەکەی خۆیان کردبوو لەو کۆڵانە دەربچێو گوێیان نەدایە ئەوەی لە شەقامە گشتییەکە وڵاخی تر دەڕوات. گرنگ نەبوو کەسێك بکەنە ژێرەوە یان خۆیان لە وڵاخێکی تر بدەن، بەڵام ئەوەی چاوەڕێیان نەدەکرد ئەمانە بێنە بەردەمیان. لێخوڕی وڵاخە بۆرەکە تێبینییەکی بەجێی هەبوو بیڵێ:

**-کککـ.. تتتـ.. خاڵ لەمەچەکیان لەگەڵدا نییە.**

ئەو پیاوەی وتنی ناوی قورس بوو تەماشای کۆڵانەکەی دەکرد، لەکۆتایی کۆڵانەدا قەرەباڵغییەکی دەبینی:

**-دیارە ئیشی تری هەیە، یان ئەمڕۆ پشوویەتی.**

ئینجا لەپی دەستی بۆ وڵاخە دێزە گیرخواردووەکەی بەردەمی جووڵاند بەنیشانەی ((**فەرموون بڕۆن**)). پیاوەکەی بەرامبەریشی بە زەردەخەنەیەکی دیپلۆماسییەوە دەستی بۆ جووڵاند بەواتای ((**سوپاس**)).

**-کککـ.. تتتـ.. نەیانکوژین؟ زۆریان لە ئێمە کوشتووە.**

جارێکی تر سەیری کۆڵانەکەی کرد:

**-فەرمانمان پێ نییە.**

پرسیارێکی تریان لەو پیاوە ناوقورسە کرد کە وایان دەزانی هەمو شتێك دەزانێ:

**-گەڕانێکی ئاساییانە یان کاریان هەیە؟**

**-رەنگە کاریان هەبووبێ، ئەم رۆژانە ئیش زۆرە، مەهێڵە لەبەر چاوت ون بن، شوێنیان بکەوە.**

**-نیازت چییە؟**

**-برۆ، لەیەکەم دەرفەت بەتەنیشت وڵاخەکەیاندا برۆ.**

لێخوڕەکە خێرا وڵاخەکەی تاوداو گامێشە هارەکەی بەناو شەقامەکەدا تێوەیدەژەنی، گەیشتە نزیکیان بەڵام هێشتا لەپشتەوە بوو، یەکێك لەوانەی ناو وڵاخە دێزەکەی پێشەوە دەستی بردە دەرەوە کە تێنەپەڕن بەڵام ئەوان هەر تێپەڕین. دوو وڵاخەکە چوونە تەنیشت یەکترو هارو شێت دەڕۆشتن. پیاوانی وڵاخە دێزەکە چەکەکانیان ئامادە کرد، یەك جووڵەو دەیخەنە کار. ئەو پیاوەی وتنی ناوی قورس بوو هاواری لێکردن:

**-سڵاوم بۆ خاڵ لەمەچەك هەیە.**

پیاوەکەی تر قۆڵی بردە دەرەوەو سەری بەفیزەوە بۆ سەرەوە راتەکاند:

**–فت! کەس نەماوە بەناوی خاڵ لەمەچەك.**

هەواڵەکە چاوەڕوان کراو نەبوو:

**–نەما؟ تۆ کردت؟**

**–من یان یەکێکی تر، ئەنجام یەکە.**

**–خیانەت؟**

**–زۆری دەزانی، زۆرتر لەپێویست.**

ولاخێك هاتە بەردەم ولاخە بۆرەکەو ئەگەر ئەم پەلە نەکات خۆی پیادا دەکێشێ، بەحاڵ دەرچوو، پیاوی ناو قورس هێندە فریاکەوت هاوار بکات:

**–کەی تۆش هێندەی خاڵ لەمەچەك شت دەزانی؟**

ولاخە بۆرەکە ناڵەی کردو بۆی دەرچوو و تۆزی بەدوای خۆیدا ورووژاند. گوێی لەوەلامەکە نەبوو: **((هەوڵ بدە خۆت نەگەیتە خاڵی زانینی زۆر)).**

ولاخەکە خێرا دەڕۆشتو بەلای چەپو راستدا دەکەوت تا ئەو کاتەی پیاوە ناو قورسەکە وتی بوەستێ:

**–بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی خەریك بوو تێیدا لەیەك بدەین.**

لووتی ولاخەکەیان باداو گەڕانەوە دواوە. پێش ئەوەی بگەنەوە کۆڵانەکە گوێیان لەو ئامێرە بوو کە ئەو رۆژانە هەواڵێکی سپیی پێ نەبوو: **((شاخان زاواکەی خۆی کوشت.. وەك زانراوە مێردی کچە بچووکەکەی شاخان هەڵهاتبوو و دوایی پەشیمان بووەوەو بەهۆی بەڵێنێکی شاخان کە دەستی لێنەدا گەڕایەوە)).** سووچێکی تری ئامێرەکە: **((ئێمەی دەستەی ژنانی شیرینئاوا نەمانتوانی ژنانی ئەم شارە بپارێزین، هیچمان بۆ نەکرا بۆ نەجاتی عززەددین کە چەکلەشانەکانی خۆمان بە بەرچاوی خەڵکەوە لەو فەرمانگەیەی ئیشی تێدا دەکرد بە قژ بردیانە دەرەوەو دوای چەند رۆژێك تیربارانیان کرد)).** یەکێکی تر: **((کۆنەویستان بەناوی نامووسەوە پەپوولەکان دەکوژن چونکە رقیان لە جوانییە، رقیان لە پێشکەوتنە.. کۆنەویستان هێندە بێتوانان لەجیاتی قەڵەم بە تیر وەلامیان دایەوە)).**.

لێخوڕەکە ویستی گەمە بکات:

**–خوێن دەبارێ، پیاوخراپان خراپیان بەسەر دونیادا هێناوە.**

قسەکە سادە وترا، پیاوە ناو قورسەکە دەیتوانی قووڵتر باسی بکات، هێندەی قووڵی فەلسەفە:

**–هەمووی بۆتە هەڕەمەکی، کوشتنیش هەڕەمەکییە.**

پیاوێکی گەورەی بیرکەوتەوە:

**–قەههار سوڵتان زۆر بەرز بووەوە، بەلام شەپۆلێکی هەڕەمەکی بردی‌و خستی، بەتووڕەبوونێك تیا چوو.**

گەیشتنەوە کۆڵانەکە. کەمێك قەرەباڵغی مابوو. لەسەرخۆ نزیککەوتنو وشەکانی دوو پیاویان بیست کە لەوێدا وەستابوون، هیچ حاڵی نەبوون بۆیە پرسیار کارێکی ناچاری بوو:

**–بەڕێز چی روویداوە؟**

ئەو کەسەی پرسیارەکەی لێکرا پشتی لێیان بوو و هەر قسەی دەکرد، هاوڕێکەی وەلامی دایەوە:

**–ئەو نەگریسانە..**

**–کێ؟**

ئینجا پیاوەکەی پشتی تێکردبوون ئاوڕیدایەوە:

**–نەگریسەکان کوشتیان.**

پرسیاری بکوژەکانی نەکرد، زۆر نییە ئەوانی بینیوە:

**–کێ؟**

**–شکۆ، شکۆی حەمەلاو.**

ناوەکە لای پیاوە ناو قورسەکە ئاشنا نەبوو، دیار بوو کەسێکی ئاسایی بوو بەڵام بۆچی کوشتیان، نەیویست بپرسێ:

**–با برۆین، لە گۆشت خواردن وەڕس بووم. ڕەنگە ئەو شکۆیە مامۆستایەکی بچووک بووبێ هەر وەك ئەوەی ئەمڕۆ لەخزمەتماندا بوو.**

تا لەوکەمە قەرەباڵغییەی مابوو دەرچوون چەند وشەیەکیان بیست: ((**کوشتیان.. هونەرمەندان.. شێوەکار.. خێزانی پیرۆز.. چونکە قسەی بە خێزانەکە دەوت، قسە چییە؟ چۆن! دەیان ساڵە خۆیان بە پیرۆزترین بوونەوەر دەزانن**))..

لە کۆڵانەکە دەرچوون. یەك دوانێك بەرەوماڵەکە دەچوونو قسەیان دەکرد. چوار پیاوەکە ئێستا شتێك زیاتر تێگەیشتوون، یەکێکی پشتەوە ویستی بە پیاوە ناوقورسەکە پیشان بدات زۆری زانیوە:

**–دیارە بەهەڵەدا چووینو کەسێکی ئاسایی نەبوو، بیستتان؟ وتیان هونەرمەندە .**

لێخوڕەکە ئاوڕی دایەوە:

**–واتە کوڕی پیشەکەمانە، ئێمەش هونەرمەندین. تۆ بڵێی لەخێڵی خۆمان نەبووبێ؟**

شتی تر لەناو سەری پیاوە ناو قورسەکەدا دەخولایەوە. لەکۆڵانێکی ترەوە وەڵامی دایەوە:

**–نازانم.. ڕەنگە.. بینیتان کێ کوشتی.**

وشەکان لەمێشکیدا دەزرنگانەوە: ((**زۆری دەزانی**))، خۆی وەڵامی سەداکەی دایەوە: ((**ئەو کەسەش کە زۆر دەزانێ دەبێ کێشە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا دروست نەکات**)).

قسەی هاوڕێی تەنیشتی بیرەکانی کردە دوو لەتەوە:

**–خەڵك وا دەزانن قسە خۆڕاییە بەڵام وا نییە، قسە نرخی هەیە، هەر قسەیەكو نرخێك، کەم بێ یان زۆر، ئێمە خودای سەر ئەم زەوییەین، لەسەر قسە لەخەڵك دەپرسینەوە، ئارەزووشمان بێ لێیان خۆش دەبین.**

ئەوەی وتی فەلسەفە نەبوو بەڵکو بەرنامەی کاری ئەو ڕۆژە بوو. هەر ئەو ڕۆژە ئەو چوار کەسە چووبوونە ماڵی مامۆستایەکی قوتابخانە کە لە ئامێری پەخشی هەواڵی ئاساییو تووڕەوە قسەی بە خێڵ وتبوو و زوو بڕیاری بۆ دەرچووبوو. پیاوە ناو قورسەکە لێخوڕەکەو دوو قوتابیی ژێر ڕاهێنانی لەگەڵ خۆیدا برد. مامۆستاکە بابەتێکی ئاسان بوو بۆ فێربوون. پیاوە ناو قورسەکە کارەکەی بەو دوانە راسپاردو مامۆستاکە لەبەردەمیاندا لەناو چوار منداڵەکەیدا بەدەما کەوت. تیرەکان خراپ نێردرانو مامۆستاکە نەیزانی دەست بەکوێیەوە بگرێ. چوار کەسەکە ڕۆشتنو کاروباری پرسەو پێشوازی لە خەڵکیان بە خێزانەکە سپارد. کوڕە گەورە دوانزە ساڵانەکە بەگریانەوە خۆی دا بەپشتی باوکییەوەو کوڕو دوو کچە بچووکەکە بەزریکەوە خۆیان دا بەسەر پشتی باوکیانو برا گەورەکەیان. ژنەکەش چەند چرکەیەك تێنەگەیشت ئینجا بەسەر ئەو پێنجە بەقیژەوە کەوت. تا پیاوە ناو قورسەکەو هاوڕێیانی کۆڵانەکەیان جێهێشت قیژەو گریان لەگوێیاندا دەزرنگانەوە، ئێستاش کە زریکەو گریانی ژنەکەی شکۆ و منداڵەکانی دەبیستن وا دەزانن هەر لە کۆڵانی ماڵی مامۆستاکەدانو هەر ئەوانن هاوار دەکەنو دەگرین. پیاوە ناو قورسەکە دوو لەتی پچڕاوی

بیرکردنەوەکەی پێکەوە گرێدایەوە: ((دەبێ کەی و لەکوێ پیاوانی خێڵەکەم بۆسەم بۆ دابنێن یان ببنە میوانی ماڵەکەم، شت دەزانمو قسەم کردووە، بەدەستی خێڵی دوژمن یان هی خۆم هەر دەبێ بڕۆم. بۆچی لە یەك ڕۆژدا بۆ کوشتنی مامۆستاکەو بۆ هەڕەشە لە (یەکەم) ناردوویانم؟ مامۆستای بێ چەكو یەکەمی ناو دەستەیەك چەکدار؟ کوشتنی مامۆستای بەردەستو تێگەیاندنی (یەکەم) کە دەمەوێ بیکوژم؟)).

هەستی بە خاوبوونەوەی غاردانی وڵاخەکە کرد، وریا بووەوە:

–بۆ خاوت کردەوە؟

وشەکان لە قوڕگی لێخوڕەکە گیریان خواردبوو:

–ڕێگە گیراوە.. تەماشا بکە.

کەمێك خۆی بەرزکردەوەو لەبان شانی لێخوڕەکەوە تەماشای کرد، سێ وڵاخ لەسەر ڕێگە وەستابوون؛ یەکێکیان بەپانی شەقامەکەی گرتبوو، دوانی تریش لەولاتر بە لاری وەستابوونو لووتیان لەسەر شەقامەکە بوو و پاشەڵیان لەسەر شەقامەکەی تر بووکە شەقامەکەی خۆیانی بڕیبوو. دوو بەرگ ڕەش لەپێشەوە وەستابوون، سەروشانی چواری تر لەپشتەوە دیاربوون، لەپشتی خانووەکانەوە دیار نەبوو چەندی تر خۆیان شاردۆتەوە. نزیکتر کەوتنو لێخوڕەکە دوانەکەی پێشەوەی ناسییەوە، لێخوڕەکە خۆی بۆ وەستان ئامادە کرد:

–لەخۆمانن.

دەنگی ئەو پیاوەی وتنی ناوی قورس بوو وەکو هاوارێکی خنکاوی دووری ناو بیرێك بوو:

–لەخۆمان بوون، لەو کەسە بترسە کە دەیناسی.

پێش ئەوەی لێخوڕەکە داوای ڕوونکردنەوەی ئەو قسەیە بکات ڕووناکیو زرمەو تیر لەبەردەمیاندا وەکو بروسکەو گرمەی هەورێکی تووڕە هاتن. کاتی بیرکردنەوە لە دەربازبوون نەبوو، جگەلە پیاوە ناو قورسەکە کاتی سەرسوڕمانیشیان نەبوو، کاتی هیچیان نەمابوو و بێجووڵە کەوتبوون. دوو بەرگ ڕەشەکە چوونە پێشەوەو کەللەو هەردوو قۆڵی پیاوەکەیان گرت، بۆ لای خۆیان ڕایانکێشاو لە وڵاخەکە خستیانە خوارەوە، ڕایانکێشایە ناوەڕاستی شەقامەکە، لەشی کونکونی هێڵێکی سووری پانی لەدوای خۆیدا جێهێشت. هێشتا گیانی تێدا مابوو و ددانی بەئازارەکانی خۆیدا گرتبوو:

–تەنها بزانم بە فەرمانی کێیە.

بەپشتدا بەسەر شەقامەکەدا کەوتبوو و ڕووی لە یەك لە دوو پیاوە بەرگ ڕەشەکە بوو کە تەورێکی بەدەستەوە بوو:

–خۆت دەزانی ڕووت لە کێ گرژ کردبوو، ئینجا زۆریش دەزانی، زۆرتر لەپێویست.

–بڕیاری هەر ئەو بوو یان هی هەموویان؟

–هەموویان.. نەخێر..لەوانەیە.. نازانم..

ئازارەکان زاڵ بوونو ناڵەی بەرەڵا بوو:

–وااخ براڕۆ، بریا ڕۆژی.. کوژرانی.. مەحەمەدی دارتاش بکوژرابام.. نەك بەدەستی.. خێڵەکەم.

پیاوە تەور بەدەستەکە دڵنیای کردەوە:

–خەم مەخۆ، سبەی وەك پاڵەوانێك باست دەکەن، ئەمە شتی نێوان خۆمانەو نابێ بچێتە دەرەوە.

زامدارەکە هەموو هێزی بۆ یەك ئامۆژگاری کۆکردەوە:

–تەورەکەت دەسەڵاتی.. دەسـ.. دەستە، بەڵام نەتـ..خەڵەتێنێ..و.. ڕووت لەهەموو.. کەس.. گرژ بکا، چەندیشت..

زانی.. خۆت.. وەك گێل.. پیشان دە، وااای، تەور رۆژێك و دوانە.. شمشێر دوایی.. دەیـ..باتەوە.

تەور بەرزکرایەوە:

–سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکەت.

توند هاتە خوارەوە، ملەکەی نەپێکاو سەری کردە دوو کەرتەوە، خەتێکی لار دروست بوو و هەر لەتێکی چاوێکی زەقی دەرپەڕیوی بەرکەوت، خوێنی شیوەکە بەسەر دوو چاوەکە هاتە خوارەوەو داپۆشین، تەور بـەرز کرایـەوەو دووەم جار ملەکەی پێکاو کەمێك ئیسکی بەو ملە هێشتەوە. لێدانێکی پێویست نەبوو بەڵام دەبێ لـە راپۆرتەکـەدا بنووسرێ.

ئەو رۆژە دوانزە کەس کۆتاییان پێهاتبوو، هەموو حەوتی گەورەو نیوەی حەڤدەی بچووك کەوشەکانیان خوێنی کوڕانی شیرینئاوای پێوە بوو. شیرینئاوا ئەو رۆژە رووی گرژی خۆی نیشان دا، هەناسەکانی بۆنی گۆڕستانێکی گۆڕهەڵدراوی گرتبوو.

# کۆچی نەوەیەک

چەند ساڵێکی تر چوونە سەر تەمەنی کاوەی بچووکو پێی نایە سەرەتای پیاوەتی. ڕۆژێك وەکو جاران شوێنی باوکی کەوت. چوونە ناو وەردە وشکەکەیان. کڵۆسمی ناڕێکی خۆڵ لەژێر پێیاندا ورد دەبووەوە. زەوی ناڵەی بوو. کوڕەکە دەستی بۆ دەستە زبرە ماندووەکەی باوکی بردو گرتی:

**–باوکە (نەرە) ڕۆشت.**

**–بەگوێی نەکردی.**

**–باوکە بۆ بەرەی شەڕ دژی شەشە گەورەکەی تر ڕۆشت.**

**–بەگوێی نەکردی.**

**–باوکە (نەرە) دەکوژرێ.**

**–بەگوێی بکردیتایە.**

**–باوکە بۆچی بکوژرێ؟**

**–بەگوێی تەنها خۆی کردووە.**

**–باوکە بەگوێی گەورەکانیشی کردووە.**

جەنگەکە هیوای کاوەی بچووك بە گەورەکانی شیرینئاوا لەق کرد. خۆی لەو گەورانەو خێڵەکانیان نەدەبینییەوە. کڵۆسمی خۆڵە وشەکەکە لەژێر پێیاندا شایەت بوو. باوکەکە ڕەشبینتر بوو بەڵام هەوڵی دەدا بە وشەی سادە باسی بکات:

**–ساڵێکی وشکە.**

کاوەی بچووك ئەودیوی وشکبوونی دەبینی:

**–باوکە مەڵێ وشکە، تۆ لەژیانتا وشکیی وەکو ئەوەت نەبینیوە، خۆت باست کردبوو، ئەمە ساڵێکی سووتاوە، چەند ساڵێکی سووتاون و کەس نازانێ کەی دەبڕێنەوە، کەس نازانێ دەڕۆن یان دەماندەنە دەستی گۆڕ.**

**–کوڕم نەك تەنها شیرینئاوا؛ وڵاتی شاخانیش هەر سووتاوە، گرانیو برسێتی هەموو بستێکی گرتۆتەوە.**

دەنگی سیمرخ هات، سیمرخ زۆر بەرز دەفڕی، دووکەڵێکی سپیی پاش خۆی جێهێشتبوو، سەریان بۆ سەرەوە بەرزکردەوە، باوك:

**–ئەوانەن لەدەستی شاخان دەمانپارێزن، هەر ئەوانیشن ساڵانێکە مەزنانگەو شیرینئاوایان برسی کردووە.**

چەند ساڵێك پاش ئەوەی شاخان پەلاماری دراوسێ باشوورییەکەی داو لێی دەرپەڕێنرا عەمالیقاو هاوڕێکانی تەوقی گرانیو برسێتییان بەسەر مەزنانگە دابوو و تەوقەکە شیرینئاواشی گرتبووەوە، ئەوان لەهەمان کاتدا شیرینئاوایان لە پەلاماری شاخان دەپاراست. باوك ویستی بە تەماشای هێڵی دووکەڵی سیمرخی پارێزەر خۆیو کاوەی بچووك بخڵافێنێ. کاوەی بچووك ئەوەی زانی، ئەوەشی دەزانی کە نەختێکی تر سیمرخو دووکەڵەکەی نامێننو خۆخڵەفاندن تەواو دەبێ. دووکەڵ دوورکەوتەوەو نەما، نۆرەی کاوەی بچووك بوو:

**–ساڵێکی سووتاوە.. چەند ساڵێکی سووتاون. هیچی باش دیار نییە. باوکە بڕیارم داوەو مەڵێ نەخێر؛ وەکو (بەخە)**

بچووک دەچمە دەرەوە.

کوڕ باوکی لەناکاو نەبرد، ماوەیەکە باوک مێشکی کاوەی بچووک دەخوێنێتەوە، وەڵامەکەی دەمێك بوو ئامادە بوو:

–رێگەیەکی سەختە کوڕم.

سووربوونی کوڕەکەشی هەر لا سەیر نەبوو، کاوەی بچووک لەسەر رۆشتن سوور بوو، ماوەیەکی زۆرە خەون نابینێ، ماوەیەکی زۆرە تەنا یەك خەونی ماوە:

–سەختە، بەڵام کە گەیشتم پشوو دەدەم، ئێوەش لەگەڵمدا دەحەسێنەوە. دەستکەوتی یەك ساڵی ئێرەت بە یەك مانگ بۆت دەنێرم.

بێدەنگ بوونەوە. کاوەی بچووک هاوڕێکانی بیرکەوتەوە کە رێگە سەختەکەی کۆچیان گرتبووەبەرو پاش ئەوە حەسانەوە، وای بیستبووو وا بۆی باسکرابوو. ئێستا لەسەر ئەو خۆڵە سووتاوە هەستیان پێدەکات لەو شوێنەی خۆر بەسەر ئەودیویدا شۆڕبۆتەوەو بەشی گەرمکردنی ناکات ژیانێکی ئاسایی دەبەنە سەر؛ نە شەڕ، نە گرتنو لێدان، نە گومان بەئەندازەی نەخۆشی، نە بازگە بەژمارەی چاوە مۆنەکان. خاکێکە خۆرکەمتر تێیدا دەبینرێ بەڵام خاکێکە خۆر هەمیشە دەبینێ. خاکێکە ئاغای تا ئەبەد ناناسێ، خاکێکە خوداو سوڵتان تێیدا بەئاسانی لەیەك جیادەکرێنەوە. خێزانە پیرۆزەکانیش تەنها لەناو حیکایەتی منداڵەکاندا ماون. شەپۆلی ناڕەزایی لەوانەی بوونەتە هۆی ژیانی کولەمەرگیو مردنی خێراو خاوی شیرینئاوا ورووژا:

–باوکە حەوتەکە خودان؟

–نازانم.

–باوکە کۆمار خوداوەندە؟

–..

–باوکە جەمالوددین خوداوەندە؟

–..

باوکەکە ویستی ببێتە گەشبینی ئەو ساڵە سووتاوە:

–کوڕم خوداوەندیش بن زۆر لە شاخان جیاوازن. بیرت دێ کە شاخە شکاوەکانی شاخانمان لەخەودا بینی؟ بیرت دێ چەند دڵمان خۆش بوو؟

تازە هەموو بەڵگەکانی جیهان نەیاندەتوانی قەناعەت بەوی لاو بکەن، تێر دۆڕانو فەشەلو بێدەسەڵاتیی خواردووەو لەوە زیاتری بۆ قووت نادرێ:

–رەنگە راست بێ، با راست بێ، زۆر راستە، بەڵام ئەمە بۆ هێشتنەوەم لەناو دۆزەخدا بەس نییە.

–ئەی ئەگەر لەناو دۆزەخی شاخاندا بژیایتایە؟

–دەموت لە خۆمان نییە. چەکم هەڵدەگرت، لەدڵمدا نەفرەتم لێدەکرد.

–رەنگە تۆ راست بکەی.

–باوکە! شاخان چۆتە سێبەرەوە، شاخان بۆتە سێبەر، بۆتە نموونە. ئەوانەی تر وێنەیەکن لێی، نموونەیەکی بچووکن، ئەهوەنترن، زۆر ئەهوەنترن، بەڵام لەکۆتاییدا وێنەی ئەون.

–رەنگە تۆ راست بکەی، بەڵام شیرینئاوا دایکە. حەوتی گەورەش بۆ ئێمە لە شاخان باشترن. من هەر ئەوەم پێیە باوەڕی پێبکەمو بیڵێم.

کوڕەکە لەوە زیاتر نەڕۆشت. باوك جێیهێشتبوو، دەڕۆشتو نەدەوەستا. کوڕەکە هاواری بۆ کرد:

**—باوکە!**

باوک هەر دەڕۆشت:

**—مەوەستە کوڕم، وەستان مردنە.**

**—باوکە شیرینئاوا وەستاوە. شیرینئاوا هەموو شتێکی مردنە.**

دەڕۆشتو ئاوڕی بۆ نەدەدایەوە:

**—کوڕم شیرینئاوا دایکە.**

**—باوکە نامەوێ شیرینی ئیفلیج ببێتە دایکم، نامەوێ منیش ئیفلیج بم. نامەوێ بە خراپ رازی بم لەبەر ئەوەی خراپتر هەیە. دەچمە شوێنێك نە شاخانی لێیەو نە حەوتی گەورەی شیرینئاوا، نە سیخوڕو نە پیاوانی مەرایی.**

ئینجا باوك وەستاو رووی تێکرد:

**—ئەمە شوێنتە، جێی مەهێڵە، ون دەبی.**

کوڕەکە پشتی کردو دەستی خواحافیزیو ناڕەزایی بەرزکردەوە:

**—شیرینئاوا شوێنی منی تێدا نابێتەوە، جێی دەهێڵم بۆ خوداوەندەکانی ناو کۆشکە بەرزەکانو هۆزەکانیانو خزمەکانیانو پیاوەکانیان. با تا سك دڕان تێری لیٚ بخۆن، خۆیانو خزمانیانو پیاوانیان. با شیرینئاوا هەر بۆ ئەوان بیٚ. من هیچم لێی ناویٚ.**

تەواو پشتی کردە باوکی، باوکیشی پشتی تێکرد. باوك کەوتەوە جووڵەو گەشتەکەی دەستپێکردەوە. بەئەسەفێکەوە، ئەسەفێکی کەم نەك قووڵ، ڕۆشتو حەزی کرد بەدەم ڕۆشتنەوە قسە بکات. کاوەی بچووکی لەگەڵدا نەبوو، لەجیاتی کاوەی بچوك چۆلەکەکانی دواندو لەبارەی کوڕەکەیو هیوا کۆنەکانەوە قسەی بۆ کردن، سڵاوی نارد بۆ ئەو باڵندانەی بەخۆشییەوەو بیٚ خەفەت کۆچەکەیان بەرەو کوێستان دەستپێکردبوو، چاوەکانی شوێنی هێڵی فڕینی خێراو بەزەوقو پێچاوپێچی پەڕەسێلکەکان کەوت. باوك لە وەردی وشکەوە گەیشتە بنی لوتکەکەو سەری بۆ ئەو لوتکەیە بەرزکردەوە. ئاسنە لاکێشەکە هەر لەشوێنی خۆیدا مابوو، نەیانهێشتبوو ڕەنگەکەی بچێتەوە؛ ڕەنگە سوورەکەیان بەردەوام تازە دەکردەوەو نووسینەکەیان لەسەری دووبارە دەنووسییەوە: ناوی کەپکی قنگەجنۆکە.. رستەی فەرمانی کورتو زبری نزیك نەکەوتن.. بەڵێنی مەرگی چاوەڕوان. وەردی وشکی جێهێشتو بەدەوری لوتکەکە سووڕایەوەو گەیشتە بەیار. چنگێك خۆڵی هەڵگرتو تەماشای کرد، سەری بۆ ئاسۆی هەڵقرچاو هەڵبڕیو خۆڵەکە لەدەستی شۆڕ بووەوەو بەئازارەوە گەڕایەوە زەوی، بڕیاری کوڕەکەی بیرکەوتەوەو مستی توند گوشرا:

**—بردیانەوە، ئەمجارەش حەوتی گەورە بردیانەوە.**

# تۆڵەی شاخان

هەراکە نەیشڵەژاند، چاوەکانی لەپشتی چاویلکە رەشەکەییەوە نەدەبینران، بەڵام دەموچاوی مۆن ببوو. دەستی خستە سەر دەستی ژنە لاوەکەی تەنیشتی ئینجا بۆ سەر کۆرپەلەکەی باوەشی:

**–خۆشیی ئەمڕۆیان لێ تێکدام. قەدەری خۆمە بۆ دوو رۆژیش نەتوانم پشوو بدەم.**

فەرمانی دا بگەڕێنەوە کۆشکەکەیو نەیزانی چەندەم جاری ژیانێتی ئەو قسەیە دەکات:

**–ئەوە دەکەم کە زەعیمی یەکەم نەیکردبوو، زەعیمی یەکەم وتبووی خودا لەکاری رابوردوو خۆش بێ، خۆی لەبەردەم خودادا بچووك دەبینییەوە.**

لەگەڕانەوەیدا گوێی لە زرمەکان نەبوو، پاسەوانەکەی چەکەکەی رادەوشاندو هاواری دەکرد:

**–ئەوەی دەستدرێژی لەسەر ژیانی پادشا بکات لە باوکی خۆی نەبووە.**

بەپەنجەیەك بێدەنگی کرد، هاوارەکان پەتی بیری رابوردوویان دەپچڕاند. پاڵیدایەوەو تەماشای دەشتەکەی دەرەوەی کرد کە خۆیو درەختەکانیو گردە بلاوەکانی بۆ دواوە رایان دەکرد. دیمەنەکانی هێنایەوە پێش چاوی:

یەکەم دەستدرێژی نەبوو لەسەری بکرێ. دەستدرێژییەکان لەسەر هەیبەتی دەکران پێش ئەوەی لەسەر ژیانی بکرێن، نەویستنی شاخان لەسەر زەویی شاخاندا کوفرێکی گەورە بوو، کوفرێك بوو تەنها دۆزەخی تۆڵە دەیتوانی پاکی بکاتەوە. گوندێکی شیرینئاوا کاتی خۆی ئەو کوفرەی تێدا کرابوو.

خەڵکی شیرینئاوا، جگەلە جووتەوەشێنەکان، لەکۆنەوە ئاشکرایان کردبوو شاخانیان ناوێ. هەڵمەتی بۆنو ژەهراوی کردنی هەواو ئاو و خاکو هەزاران کوڕو کچی شیرینئاوا یەکێك بوو لە هەڵچوونەکانی خوداوەندی تۆڵە.

زۆر لەوەش پێشتر خەڵکی شیرینئاوا، جگەلە جووتەوەشێنەکان، شوێنی کۆماری گەورە کەوتبوون کە سەری بۆ شاخانو زەعیمەکانی پێش خۆی دانەنەواندبوو. کۆماری گەورە یادێکی دڕکاویی ناو سەری مەزنی مەزنانگە بوو، لەگەرمەی جەنگی ئەو دوو پیاوەشدا مەزنی مەزنانگە دەیزانی دژی هاوشانێکی خۆی شەڕ دەکات، بەڵام شاخان هێندەی مەرگ رقی لەو فیکرەیە بوو کەسێك هاوشانی بێ. لە تۆڵەی ئەو یادە دڕکاوییەش هەزاران خزمی کۆماری گەورەی کۆکردەوەو رەوانەی ئەو بیابانەی کردن کە دوو رێگەیان هەبوو؛ رێگەی رۆشتنو رێگەی مەرگ.

کۆمارە بچووکەکان بەردەوام داوای خزمەکانیان دەکردەوە، بەڵام شاخان گاڵتەی بەوە دەهات چونکە وای بۆ چووبوو کە ئەوەیان تەنها لەبەردەمی خەڵکی شیرینئاوا باس دەکردو ئەوەیان تەنها بۆ ئەوە دەوت تا خەڵکی شیرینئاوا تا مردنی دواکۆمار قەرزاریان بنو بیر لە کەسی تر نەکەنەوە.

شاخان پێشدەکەنی چونکە لەو کاتەی باسی خزمە ونکراوەکانیان بۆ شیرینئاوا دەکرد ئامادە نەبوون بەینی خۆیان لەگەڵ بکوژی خزمانیان تێکبدەن. شاخان زۆرتریشی دەزانیو باسی نەدەکرد. کۆمارەکان لەیەك کاتدا پەیوەندییان لەگەڵ ئەو دوژمنە کۆنەی کۆماری گەورە هەبوو و لەهەمان کاتدا یادی کۆماری گەورەیان هێندە بەرز راگرتبوو کە رەخنە لە پێغەمبەران بەئاسانی تێدەپەڕی بەڵام تەنانەت خەتەرەیەکی دڵیش بەرامبەر کۆماری گەورە بە کوفر دەزانرا.

دوای تۆڵەش لەو گوندە کۆمارەکانو باقی حەوتەکەی شیرینئاوا هیچیان نەکرد، هیچ جگەلە چەند قسەیەکی سەر کاغەز بۆ دڵی شیرینئاواو بۆ گوێی جیهانێك بایەخ بەو قسانە نادات.

لەرێگەدا بۆ کۆشکەکەی ئەو شارۆچکەیەی لێوەی هات ئەو تۆڵە گەورەیەشی بیرکەوتەوە کە پێویستە هەموو مەزنێك ئەگەر بۆ یەك جاری ژیانیشی بێ بیری لێبکاتەوە. شاخان گەشتێکی باکووریی هەیە، کەسانێکیش ئامادە بوون ئەو گەشتەی لێ تێك بدەن. شاخان لەگەڵ خەیاڵدا دەڕوات، خۆیو یادی تۆڵەکەی لەو گوندەی شیرینئاوا:

گوندەکە ئاشکرا رایدەگەیەنێ شاخانی ناوێ. شاخان خۆی بەوەڵامی یەکسەری خەریك ناکات. فەرمانی گەڕانەوە بۆ نزیکترین شارۆچکە دەدات. لەڕێگەدا بۆ چەندەم جار زەعیمی یەکەمی بیردەکەوێتەوە: **((بەڵام من ئەوە دەکەم کە زەعیمی یەکەم نەیکردبوو، زەعیمی یەکەم وتبووی خودا لەکاری رابوردوو خۆش بێ، ئەوەی وتبوو بەڵام ئێمە وازمان نەهێنا؛ دوای دوو ساڵ گورزمان وەشاندو چیتر نەیتوانی نە ئەوە بڵێو نە بڕیاری تۆڵە بدات)).**

ئەوەی وتبوو و رۆژی شەقامە تەسکەکەی بیرکەوتەوە. لەکۆتایی رۆژەکەوە دەستی پێکرد.

گوێی لە دەرگاکە بوو بە دەستە گەورەکەی توند لێی دەدرا. کەسێك لەژوورەوە چاوەڕێی دەکردو خێرا دەرگای بۆ کردەوە:

**–خۆتی؟ ها؟ چیت کرد؟**

پاڵتۆکەی کردەوەو لوولەیەکی ئاسنی رەشی کورتی دەرهێنا. ژوورەکە بۆنی باروودی تێکەوت، دایە دەستی هاوڕێکەی:

**–کردم.**

**–کوژرا؟**

**–نازانم، ئەوەی دەیزانم بەرکەوت. دەمەوێ بنووم.**

چووە نزیکترین ژوور، پاڵتۆکەی داکەندو توند فڕێیدایە لایەکی ژوورەکە، چووە سەر دۆشەکێکی باریكو بەدەما خۆی خست. دەموچاوی خستە ناو سەرینە بچووکە باریکەکە. چەند چرکەیەكو پرخەی لێ هەڵسا. هاوڕێکەی دوایی بۆی گێڕایەوە:

**–لام سەیر بوو و دەموت چۆن خەوی لێ دەکەوێ؟ نەك پادشا، ئەگەر زرمەم لە پشیلەیەك هەڵسانایە ماوەیەك دەنگەکە لە مێشکمدا دەزرنگایەوەو خەوم لێنەدەکەوت.**

هاوڕێکەی بیری کەوتەوە رادیۆیەك لە ماڵەکەدا هەیە، باوەڕی نەبوو هیچ هەواڵێك بوترێ، بەڵام وترا:

**–ئەمڕۆ چەند تاوانبارێکی دوژمن بە گەلو نیشتیمان دەستدرێژییان کردە سەر ژیانی زەعیمی خۆشەویست، بەڵام دەستی قودرەتی ئیلاهی زەعیمی پاراست تا نیشتیمان بەرەو پێشکەوتن بەرێو گەل لە کۆیلایەتی بۆ دوژمنە جیهانییەکان بپارێزێ.**

کە خەبەریشی بووەوە هاوڕێکەی بۆی باس کرد چۆن بینی بێخەم نووستووە، تێبینیشی کردبوو چەند باڵای بەرزە، سەری لای دیوارێکی ژوورەکە بوو و بستێك مابوو قاچەکانی بگەنە دیواری ئەوبەری. ئەو چیرۆکەشی بیرکەوتەوە کە هەمیشە ئەو لاوە چاونەترسە بۆی دەگێڕایەوەو دەیوت لەشوێنێکدا خوێندبوویەوە، بەڵام ئەو هاوڕێیە گومانی بۆ دروست ببوو و پێ وتبوو:

**–دڵنیام خۆت دروستتکردووە، وێنەیەکە بۆ خۆتت کێشاوە.**

جار نەبوو شاخان ئەو چیرۆکە بۆ برادەرانی نەگێڕێتەوە:

**((پادشایەك هەبوو وێنەی نەبوو، پادشاکە خاوەنی هەزار کۆشك بوو، هەر کۆشکێك بە هەزار ژوور، هەر ژوورەی‌و هەزار ئاوێنە، خوداوەند دەبێ لەهەموو حاڵەکاندا تەجەللای خۆی ببینێ. بەپاڵ ئەمانەشەوە خاوەنی هەزار ناو بوو. مەردوخی خوداوەندی بابل ناوی کەمتری هەبوو، تەنیا پەنجا، بەڵام چونکە وڵات بەدرێژایی ژیانی وەکو ئەو داناو بلیمەتی نەدیوە ناوو نازناوی هەموو پادشاکانی پێش خۆی کۆکردبووەوە. پادشاکە دوا بلیمەتی وڵات بوو و لوتکەی پادشایانی ئەو وڵاتە بوو کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ پادشایانی مەزنی بەخشیبوو. هەموو شتێکیش لەدەوری ئەودا مەزنێتیبەخش بوو تەنیا یاوەرانی نەبێ کە هەموویان بۆ خزمەتکردنی هەڵبژێردرابوون. پادشاکە خاوەنی هیممەت بوو. هەر شتێك لە مەزنێتی دووری بخستایەوە نەیدەویست‌و بەدوژمنی دەزانی)).**

لەو ماوەیەی نوستبوو چەند کەسێکی تر گەیشتنە ماڵەکە. هەموو قسەیان دەکردو چاوەڕێیان دەکرد خەوی لاوە رەشتاڵە کەڵەگەتەکە تەواو بێ. لەکۆتاییدا چاوی کردەوەو لەسەر جێگەکەدا دانیشت. زەردەخەنەکەیان بینی‌و یەکەم پرسیاریان لێکرد:

**–بەچی پێدەکەنی؟ بە ئیشە گەورەکەت یان خەوێکی خۆشت بینیوە؟**

چاوی هەڵگلۆفت:

**–ئیشەکە گەورە نەبوو، بەدرێژایی ژیانیشم خەونم نەبینیوە، حەزم لەچی کردبێ بەچاوێکی کراوەوە بیرم لێ کردۆتەوە ئینجا ئیشم بۆ کردووە. خێڵ دەڵێ چی؟**

**–لای خێڵ دەنگی داوەتەوە.**

راستی وتبوو. کە نوستبوو ئەوەی دەیبینی خەون نەبوو بەڵکو تۆمارێکی راستەقینەی چەند ساڵێکی ژیانی، خۆی بەمنداڵی، گوندەکەی خۆی؛ (لارە) کە کەس ناوی نەبیستووەو بڕیاری داوە هێندەی پایتەختی مەزنانگە ناوداری بکات، دایکی‌و براکانی، ئامۆزا دەوڵەمەندەکەی، ئینجا قوتابخانەکەی‌و ئەو مامۆستایەی قەناعەتی بە وەڵامەکەی نەبوو:

**–لەدواڕۆژدا حەز دەکەی ببیتە چی؟ وەڵامەکەی ئەو رۆژە مەڵێرەوە.**

بەڵام وەڵامەکە هەر ئەو یەکە بوو، نەدەگۆڕا:

**–مامۆستا.. وەڵامی ترم نییە، گرنگ نییە هەرچییەك بم! گرنگ ئەوەیە شتێکی گەورە بم.**

وێنەکان بوونە تەم‌و تەم پاش کەمێك رەوییەوە. وشەی ((گەورە)) لەبەردەم چاویدا هەڵدەبەزییەوە کاتێك گەیشتنە شارۆچکەکە. هەواڵ‌و فەرمان پێش خۆی گەیشتبوونە کۆشکە تایبەتەکەی. پۆشاکە سادەکەی فرێداو پۆشاکی بەڵەکی سەوزی شەقوەشێنەکانی کردەبەر، خودەیەکی پۆڵای کردە سەرو چەکی لەخۆی بەست، وەکو شەقوەشێنێکی بەرەی جەنگی لێهات.

پێش سەدان شەقوەشێنی ناو کۆشەکەکەی کەوتو لە دووڕیانی نێوان شارۆچکەکەو پایتەختدا سەدانی تر پێی گەیشتن. هێرشەکە بۆ سەر گوندەکە خێرا بوو. هەر لەدوورەوەو بەرلەوەی پێ بخاتە ناو سنوورەکەی ئاگری تێگرت. لە شەڕی بەرەکاندا ئاگربارانەکە زۆری دەخایاند، جاری وا بوو چەند رۆژێك پێش ئەوەی هێرشی پیادە دەست پێبکات، بەڵام ئەمجارە شاخان ئارامی نەبوو ئاگرباران زۆر بخایەنێ‌و هەر زوو فەرمانی هێرشی پیادەی دا.

شەڕەکە زۆر کورت بوو، شەڕ هەر نەبوو، تەنها شەقوەشێنەکانی شاخان بوون تیرەکانیان دەگرتە خانووەکانی گوندەکە. پاش کەمێك گوندەکە داگیر کراو هەموو لاوەکانی گیران. شاخان بەچنگو بێ ژماردن لەشوێنی گرتندا

ڕەوانەی مەرگی کردن. ئەو کەسانە تەواو بوون بەڵام شاخان بینی تەنها نیوەی تۆڵەکەی سەندۆتەوە. فەرمانێکی نوێی بە یاوەرەکەی دا، شاخان بەچاویلکە ڕەشەکەی‌و هەردوو دەستی لەناو قایشەکەیدا، سەری بەرەو ژمارەیەك گوندنشین لەقاند، دوو ریزی درێژ بوون هەر یەکەیان دەستی خستبووە سەر شانی ئەوەی پێش خۆی. شەقوەشێنەکانی تێیان دەسرەواندن، لێیان دەدان بە دارو بە شتێکی تر پادشاو ڕەعیەت پێی دەڵێن قامچی‌و لەکۆنەوە بۆ ئاژەڵ بەکاردەهات تا ئەو ڕۆژەی داهێنەرێکی گەورەی مرۆڤایەتی کە ناوی فەوتاوە بۆی دەرکەوت بۆ مرۆڤ کاریگەرترە: ((**ڕەوانەی زیندانەکانیان بکەن‌و بە دڵۆپ مەرگیان بدەنێ. ژنان‌و منداڵانیش ڕەوانەی زیندانێکی تر بکەن‌و تا خۆم باسیان نەکەم کەس بیرم نەخاتەوە ئەمانە هەن**)).

سەرێکی تری بۆ یاوەرێکی تری لەقاند. خێراش جانەوەری دەنگ گڕ کەوتنە ناو خانووەکانی گوندو دەستیان کرد بە تەختکردنیان: ((**خۆڵ‌و پاشماوەکان بۆ دوورترین زۆنگاو بنێرن تا نوقمی ئاو بکرێن، درەختەکان بڕنەوە و ئەو قەدانەی ڕەگیان لەزەوییەکە داکوتیوە بسووتێنن، پاشان جارێکی تر زەوییەکەی تەخت بکەن با لەوەبەدوا کەس تێبینیی نەکات نیشتەجێیەك هەرگیز لەوێدا هەبووبێ، زەوییەکە هێندە تەخت بکەن لایەکی زەوییەکە بستێك لەلاکەی تر بەرزتر نەبێ. تەنها دوو ڕۆژتان هەیە، نەخێر یەك ڕۆژ**)).

شاخان هەستی کرد تووڕەییەکەی کەمێك دامرکاوەتەوەو گەڕایەوە کۆشکی ناو شارۆچکە باکوورییەکە، گەیشتە نیوەی ڕێگەو بەسەر پردی سەر ڕووبارێکی بچووکدا پەڕییەوە، تەماشای ڕووبارەکە ژێرەوەوی کردو چیرۆکێکی کۆنی کەوتەوە یاد. چیرۆکەکە هی پادشایەکی کۆنی مەزنانگە بوو و باسی داگیرکردنی خاکی دوژمنە کۆن‌و سەرسەختە ڕۆژهەڵاتییەکەی عیلامی دەکرد. پادشا مەزنەکە پاش سەرکەوتنە مەزنەکە گۆڕی پادشاکانی عیلامی هەڵدایەوەو ئێسکەکانی بۆ وڵاتی خۆی برد تا سێبەرەکانیان نەحەسێنەوەو قوربانییەکانی خۆراك‌و خواردنەوەیان پێشکەش نەکرێن، تا چاویش بڕ دەکات وڵاتەکەی وێران کردو خوێ‌و دڕکی بەسەردا بڵاوکردەوە تا هیچی لێ نەڕوێ.

شاخان گەڕایەوەو فەرمانی دا پێش گەیشتنی ئەو بۆ ئەو زەوییەی پێش کەمێك گوندێکی ئاوەدان بوو وڵاخی بارهەڵگر خوێ‌و دڕك بار بکەن‌و پێش ئەو بگەنە گوندەکە. وڵاخەکان تازە خوێ‌و دڕکیان بار دەکرد کاتێك شاخان گەیشتە جێ، کاتێکیش لێخوڕەکان درەنگ گەیشتن لەو شوێنەی وڵاخەکانیان ڕاگرتبوو ئەو لێخوڕانەی تیرباران کرد. هەڵمەتی خوێکردن‌و دڕککردنی زەوی دەستی پێکرد، شاخان وەستاو تا چاوی بڕی دەکرد تەماشای دەوروبەری خۆی کردو بینی ئەو ماوەیە سنووری گوندەکە تێدەپەڕێنێ‌و دە گوندی ترو ئەو شارۆچکەیەی لێوەی هات دەخاتە ناو بازنەکە. بڕیارەکەی شاخان ڕەتکردنەوەی نەبوو؛ شارۆچکەکە، بەکۆشکەکەی خۆیەوەو دە گوندەکە بەتۆمەتی دراوسێتی وێران‌و تەخت کران‌و خوێ‌و دڕك بەسەر زەوییەکەیاندا کران.

لەخۆشبەختیی ئەو دەوروبەش، شاخان چیرۆکەکەی باش بیر نەمابوو، پادشا کۆنەکەی مەزنانگە بەدرێژی‌و پانیی مانگێك‌و بیستوپێنج ڕۆژ ڕێکردن بەپێ خاکەکەی وێران کردبوو، شاخان بیری بکەوتایە دەبوا پایتەختەکەی خۆشی تەخت بکردایەو تا (ماگان)و (دیلمون)یش نەوەستایەتەوە.

لەو ماوەیەدا چەند لاوێکی گوندە لێقەوماوەکە دەرکەوتن‌و خۆیان دا بەدەستەوەو برانە بەردەمی شاخان کە قینەکەی دامرکابووەوە، شاخان ئینجا میهری نواند: ((**ئێوە بەختەوەرن کە یەکەم ڕۆژ نەگیران دەنا لەشوێنی خۆتاندا دەکوژران، ئێستاش دەتانبەنە زیندان**))، شاخان دارەکەی دەستی بەرزکردەوەو خستیە سەرشانی نزیکترینیان‌و بەسووکی دوو جار بەسەر ئەو شانەیدا کێشای‌و میهری گەیشتە ئاسمان: ((**ژیانتان پێ بەخشرا**)).

هەڵبەزێکی وڵاخەکە هاوکاتی کۆتایی یادی گوندەکە بوو. هەڵبەزەکە وریای کردەوە. تەماشای کێوەکان لای چەپی کرد دوورو جێگیر وەستابوونو دەشتو گردەکانی نزیك خۆی وەکو باڵندە دەفڕین:

**–ئەوەی ویستم پێی گەیشتم، هێشتا شتیشم ماوە بیگەمێ، وەکو زەعیمی یەکەمیش دەست لە مەزنێتی هەڵناگرم، لەبەر هەستی دەروون لاوازان، مرۆڤایەتی!! ئەی مەزنێتی بچێتە کوێ؟ ئەو هەڵەیەکی کردو تی خودا لەکاری رابوردوو خۆش بێو بەرەڵای کردم.**

چاوی نووقاندو دەستی خستە سەر دەستی ئەو کچە لاوەی تەنیشتی، دەستی هێنا بەسەر پاشەبەرەکەی کە چاوەکانی نوقمی خەوێکی قووڵ بوون:

**–بەسەر باڵی هەوادا دەتاننێرمەوە پایتەخت، پشووی دوو رۆژی ناو چەمی گردەکانو باخی هەڵواسراو بۆ کاتێکی تر هەڵدەگرین.**

جارێکی تر ئەو دوانەی تەنیشتی لەبیری چووەوە، لەدوورەوە ئەو چیایەی بینی کە سیمرخەکانی عەمالیقاو هاوڕێیانی ناهێڵن توخنی بکەوێ. لەپشتی ئەو کێوانەوە شیرینئاوا دوورەدەست دەژی. تەنها وێنەی کەرامەتی چەندبارە رووشاوی لە گوندێکی باکووریدا بینی:

**–وەکو ئەو ناکەم.. هەرگیز وەکو ئەوم نەکردووە. دەبێ تۆڵەیەك بێ وەکو جاران سمێڵی نێرترین پیاو بخاتە لەرزە.**

ناتوانێ وا لێکینەداتەوە، هەموو جارێك وای لێکداوەتەوە: تیربارانەکە دەستدرێژی بوو لەسەر پیرۆزییەکەی بەرلەوەی هەوڵی کوشتنی بووبێ. شاخان وتاری یەکێك لە نەیارەکانی بیرکەوتەوە کە لەوڵاتی عەمالیقادا دابووی: **((شاخانی پیرۆز کە هەموو خەسڵەتەکانی پادشا خوداوەندەکان ئیددیعا دەکات، ناو و نازناوی خوداوەندی لێ دەرچێ، لەکەس و لەهیچ سڵ ناکاتەوە، تەنانەت لەخودی خۆشی کاتێك دەبینێ چۆن ئەو شتانە دەکات کە تەنها بیرکردنەوە لێیا ن ئەژنۆی خەڵکی دەشکاند. لەکاتی ئەوپەڕی تووڕەبوونیشیدا لەجاران نێرتر دەبێ، پاشانیش کە هێمن دەبێتەوەو دەزانێ چ حەماقەتێکی کردووە پەشیمان نابێتەوە چونکە دەزانێ پێشەوایەتی ساتەکانی ئەوپەڕی شێتیشی تێدایەو حوکمکردنی خەڵك پێویستی بەو جۆرە ساتانە هەیە؛ شێتیی ساتێکی پادشا عەقڵو ترسی ساڵێك بە رەعیەت دەدا)).**

ژنە تازە لاوەکەی تەنیشتی زەردەخەنەکەی بینی، دەستی گوشیو رایوەشاند. ئاوڕێکی هێمنی بۆ دایەوە:

**–زۆربەی کات دەڵێم خەڵك، ئەوەی خۆشم دەوێو ئەوەی بەخوێنم تینووە، بەهەڵە لێم تێدەگەن. زۆر جار نرخی ئەو بەهەڵە تێگەیشتنە مەرگیان دەبێ، بەڵام جاری وایە زیادەڕەوی دەکەنو دەیپێکن.**

کچەکە لەلایەکی قسەکەی تێگەیشت:

**–مەبەستت ئەو پیاوەی لێت نزیك بوو بەڵام کردت بە خۆراکی سەگەکانی کۆشك؟**

شاخان گوڵخاتری بیرکەوتەوە کە تەمەنێکی لەگەڵدا بردبووەسەرو باشتر لێی تێدەگەیشت:

**–ئەوەو خەڵکی تر.**

**بەشێکی تری قسەکەی نەیارەکەی بیرکەوتەوە: ((شاخان وەسفو ناوێکە بۆ نیعمەتێك بەسەر ئەوانەی نزیکی خۆیدا دەڕژێ، بەڵام زۆر جار دەبێتە بەڵا ئەویش کاتێك بەخوڕ دەبارێو دەبێتە لافاوێکی شێتو سەری نزیکترین کەسی ناو دەربار لەگەڵ خۆیدا دەبات. (لارە)ی گوندی خۆی بەخششی زۆری بردووە. لارە کە کەس ناوی نەبیستبوو لەسایەی ئەودا بووەتە شارۆچکەیەکی نوێ شارە گەورەکان حەسوودیی پێ دەبەن، بەڵام جاروبار ئەو کوڕە بەوەفایە سەرزەنشتی دەکات کاتێك دەبینێ تەنها خانووەکانی گۆڕاونو خەڵکەکەی وەکو جاران ماونەتەوە)).**

دەروونی هەڵچوو، رۆژانی هەیبەتی کۆن بانگی دەکەنەوە:

**–ئەمڕۆ مێژووی رابوردووی مەزن زیندوو دەکەمەوە، ئەمڕۆ ئەو مێژووە زیندوو دەکەمەوە.**

گەیشتنە شارۆچکەکەو کۆشکەکەی. وەکو جاران پۆشاکی بەڵەکی شەقوەشێنانی کردەبەرو خودیەکی ئاسنی کردە سەر. ژنو منداڵەکەی ناردەوە پایتەختو خۆی پێش سەدان شەقوەشێن کەوت. ئەمجارە یادی مەزنێتی، بەپاڵ تۆڵەوە، بانگی دەکرد بۆیە بێ ئاگربارانی پێشەکیو وەکو گەردەلوول چووە ناو گوندەکە. فەرمانی دا هەرچییەك بجوولێ بکوژرێ تەنانەت سەگو پشیلەکان. ئەوەی لەدەرەوە بوو کوژرا یان بۆ ناو گردەکان هەڵهات، ئەوانەی تر خزانە ناو ماڵەکان، کاتێکیش ئاژەڵی زیندووش نەما شاخان فەرمانی دا نیشانە لە باڵندەکانی ئاسمان بگرنەوە. شەو خۆیو شەقوەشێنەکانی وەکو جەنگاوەرانی زەمانی زوو ئاگریان کردەوەو لەدەوریدا کۆبوونەوە.

شەو لەدەشتەکەدا مایەوە تا بیسەلمێنێ کوڕەکەی جارانە. ئاژەڵی بەختەوەر کە رۆژەکە نەکەوتبوونە بەرچاو و نەکوژرابوون کۆکرانەوەو بوونە خواردنی جەنگاوەرانی دەوری ئاگر. بۆنی سووتانی گۆشتو هاوارو پێکەنینی شاخانو پیاوەکانی لەچواردەوری ئاگردا چووە ناو هەموو ماڵەکان کە خەڵکی گوندەکە تێیاندا خزابوونو چاوەڕێی سبەینێی مەرگیان دەکرد.

بۆ بەیانی پیاوەکانی شاخان خەڵکەکەیان کردە دەرەوەو بەخششی مەرگی خێراو مەرگی هێواشو ژیان دابەشکران. لەکۆتاییشدا گوندەکەو چەند دراوسێیەکی تەختی زەوی کران. شاخان رۆژێکی تری دانا بۆ گەڕان بەناو ئەو گوندانەی منەتی مانەوەیان بەسەردا کرا.

هەڵمەتی تۆڵەو وانەی رێزو یادکردنەوەی رۆژانی لوتکەی مەزنێتی رۆژی هێرشەکەو دوو رۆژەکەی دوایی خایاند، شاخان هەر لەوێدا بوو کاتێك هەواڵێکی نۆبەرەکەی بیست بەڵام لەبەر یادی مەزنێتی گوێی نەدایە. رۆژی چوارەمیش شاخان تێری خواردبوو و بڕیاری دا بگەڕێتەوە پایتەختو بەزەوقێکی ترەوە ژنە تازە لاوەکەیو پاشەبەرەکەی هەڵگرێتەوەو بەرەو ناو چەمی گردەکانو باخی هەڵواسراو بیانبات. شاخان بەو کەیفەوە گەیشتە پایتەخت، بەڵام نەیدەزانی هەواڵێکی جەرگبڕ چاوەڕێی دەکات.. پاشەبەرەکەی بە رووداوێکی نادیار گیانی لەدەستدابوو.

# خەفەتەكانی قەقنەس

لەگەڵ خۆری نوێدا گەشتی نوێی ڕۆژانەی باڵندەكە دەستی پێكرد. باڵندەكە پێش هەمووان خۆری بینی، باكە پێش هەمووان دای لە پەڕەكانی. لەو شوێنە بەرزیەوە خۆری بینی. باڵەكانی بۆ با كردەوەو هێلانەكەی جێهێشت، خولێكی بەدەوری كێوەكەدا تەواو كردو خولی دووەمی دەست پێكردەوە. خولی دووەمی تەواو كردو دووركەوتەوە. بەرەو باكوور ڕۆشت، لەسەر چیایەك نیشتەوەو چاوی بەدەوری خۆیدا گێڕا، باڵندەی تری نەبینی. هەردوو باڵی كردەوەو لەشوێنی خۆیدا بەدەوری خۆیدا خولایەوە، خولایەوەو ئاوازەكەی وت، ئاوازەكەی وتو دەنگی بەرزكردەوە.

باڵندەیەك بیستی، بوونە دوانو هاتن، هاواریان بۆ باڵندەی تر كرد. دەوری قەقنەس پڕ بوو لە باڵندە، قەقنەس خێراترو خێراتر خولایەوە، چاوی باڵندەكان خولانەوە، قەقنەس چاوی لەسەر باڵندەیەك چەقاند، لەپڕ وەستاو دەنووكی لێوە نزیك كرد، خولایەوەو چركەیەك وەستاو دەنووكی بە دەنووكی نووساندو خولایەوە. جارێكی تر وەستا، ئەمجارە زیاترو باڵندەكەی بە دەنووك گرتو قووتی دا، جارێكی تر خاو خولایەوەو باڵندەكان لەئاكامی هاوڕێكەیان بێئاگا بوون، ئەمجارەش خێراتر خولایەوە، چاوی خستە سەر باڵندەیەكی تر، وەكو ئەوەی تردەنووكی لێگرتو قووتی دا.

قەقنەس چەند باڵندەیەكی تەواو كرد، ئینجا باڵندەكان هەستیان كردو هەڵفڕین، قەقنەس پێویستی بەنێچیری تر نەماو ئەویش هەڵفڕی. خولێكی لەدەوری ئەو چیایە تەواو كرد، خولێكی ترو گەڕایەوە كێوەكەی خۆی. لەسەر هێلانەكەی وەستا، تەماشای دەوروبەری كرد. لەپڕ هەستی كرد پێویستە تەماشای هێلانەكەی بكات. هێلانەكە بەتاڵ بوو بەڵام شتێكی لەناودا بینی، تارماییەك، پێشبینییەك، نەیزانی. بینی بێچوویەكی خۆی ئازار بەدەوری خۆیدا دەیخولێنێتەوە، بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوەو هاواری ئازارێتی، بێچووەكە گڕی تێبەربوو، بێچووەكەی لەبەرچاویدا دەسووتا. قەقنەس دیمەنەكەی تا كۆتا بینیو لە ڕاوی سبەینێی پەشیمان نەبووەوە.

# خێزانی پیرۆز

دووەم رۆژی دەستپێکردنی هەڵمەتی تۆڵە دژی گوندی تاوانبار نۆبەرەکەی شاخان بڕیاری دابوو چالاکییەك لەجۆرێکی تر بنوێنێ. نۆبەرەکەی شاخان پێی پڕشەرمەزاری بوو لەو کاتەی باوکی خەریکی پاراستنی هەیبەتی خۆیو شەرەفی خێزانەکەی بێ ئەو بەتەمبەڵی دابنیشێو بەرامبەر شکاندنی هەیبەتی خێزانەکە کەمتەرخەم بێ. کوڕە گەورەکەی شاخان چەند پاسەوانی تایبەتی قەبارە زلی لەگەڵ خۆیدا بردو هەموو پێکەوە دایان بەسەر ماڵی ژنە تازە گەنجەکەی باوکی کە رۆژێك پێشتر گەڕابووەوە. پاسەوانەکانی بەردەرگای ماڵی ژنەکە ویستیان دەست بکەونەوە بەڵام کوڕەکەی شاخان خێرا لەوڵاخەکەی دابەزیو بە جوێن لەشی کردن بە بێژنگی شڕ. پاسەوانەکان چەکەکانیان فڕێدایە بەرقاچەکانی کوڕە تووڕەکەو لەسەر ئەژنۆ چۆکیان دادا.

ژنەکە لەپشتی پەنجەرەوە هەموو شتێکی بینی، بە زەرنەقی رۆشتووەوە هاواری بۆ براکەی کردو پێی وت خێرا پاشەبەرەکەی شاخان بکاتە باوەشیو پێکەوە دەرباز بن.

خاڵی پاشەبەرەکە خۆی دوانەخستو خۆیو مەلۆتکەی باوەشی لەدەرگای پشتەوە چووە حەوشەی پشتەوەو سواری پەرژینی پشتەوە بوو و خۆی فڕێدایە خانووی پشتەوە کە ئەویشو هەموو خانووەکانی پشتەوەو دەوروبەر هی ماڵە خەزوورانی شاخان بوون. دەرچوونی خاڵۆ پاشەبەرەکە وەکو هاتنە ژوورەوەی نۆبەرەکە ئاسان بوو. نۆبەرەکە چووە ژوورەوەو پشکنینی بە پیاوە زلەکان سپاردو خێسەکردن بە خۆی. کەسیان کەسی دەستنەکەوتو نۆبەرەکە مایەپووچ دەرچوو. لەحاڵەتی واشدا هەڕەشە بێدەسەڵاتترین کاری بوو. ژنەکە تۆقیبوو، ئەویش پەستو تووڕە: **((باوکم ئەمە ببیستێ حەوت وەچەی حەوتەم باپیرە گەورەت بژمێرە، هیچیان لەسەر ئەم زەوییەی خۆمو باوکم بە زیندوویی ناهێڵم))**. نۆبەرەکە بیری نەکردەوە قسەکەی تا چەند لەڕووی مەنتقو مێژوو و زمانەوانییەوە تەواوە، تەنها ویستی کەڵبە تیژەکانی گورگێکی بێ نێچیر پیشانی شەریکەکەی دایکی بدات.

بەحەسرەتەوە بۆ ئەو راوەی سەرینەگرت لەماڵەکە چووە دەرەوە. بەخەفەتیشەوە سواری وڵاخەکەی بوو، بەرلەوەش بکەوێتە رێ بەپاسەوانەکانی وت: **((یەکێکم بۆ بدۆزنەوە لەجیاتی ئەو زەرنەقووتەیە پێستی کەوڵ بکەم))**. پاسەوانەکان چاویان گێڕا. کۆڵانەکە چۆڵ بوو، ئینجا دوو کەس لەسەری کۆڵانەکەوە دەرکەوتن، پیاوێکی بەتەمەنو کوڕێکی لاو. پاسەوانەکان زوو فڕینو بەسەر ئەو دوو بەختەوەرەی گەڕەك نیشتنەوە، دەستیان بەستنەوەو بۆ بەردەم نۆبەرەکە کێشیان کردن. دووی بێئاگا لەو خواستەی کە دەبێ بەجێبهێنرێ سواری وڵاخ کرانو پێش ئەوەی لەهیچ تێبگەن کەژاوەکە گەیشتە کەناری روبارەکە. گڕی کوڕەکەی شاخان دامرکابووەوە، بەڵام تازە بڕیارەکەی دابوو. وەکو مامۆستایەك لەوانەکەیدا بەپیاوەکەی وت:

**—لە کوڕو باوکێك دەچن، پێویست ناکات بڵێی بەڵێ یان نەخێر چونکە ئەمە پەیوەندیی بە کێشەکەی منەوە نییە، پێویستیش ناکات بپرسی بۆچی ئێوەمان بەستووە چونکە ئەمە پەیوەندیی بە تۆوە نییە. تۆ ئامێرێکی قەدەری**

ئیلاهیت بۆ بەجێهێنانی خواستێکی من کە هیچم لە پێغەمبەرانی ئەو خودایە کەمتر نییە. وەکو پێغەمبەرێکی شاخانیش پێت دەڵێم پرسیار قەدەغەیەو تێگەیشتن مەحاڵە، بشکرێن بێسوودە. لات سەیر نەبێ، لەم چەند چرکەیەی کوڕەکەت لەژیاندا ماوە ساڵانی تەمەنت بێنەرەوە یادو ئەو شتانە بژمێرە کە روویانداوە بێ ئەوەی بزانی بۆچی روویانداوە، کە حسابەکەشت تەواو کرد دەزانی ئەو شتانە چەند زۆرن، ئەوە تاکە شتە کە بۆت هەیە بیزانی.

پاش ئەوەی فەلسەفەکەی تەواو کرد کە کاتی خۆی لەباوکی بیستبووی‌و بەئارەزووی خۆی تێکیدابوو، بەپاسەوانەکانی وت دەستیان بکەنەوە. جارێکی تر قسەکانی ئاڕاستەی پیاوەکە کرد:

–بەداخەوە! ژیان خۆشە بەڵام لەکۆتاییدا دەبێ هەموومان بمرین. ئێستا مەرگ بەشی کوڕەکەت دەبێ، ژیانیش بە تۆ دەبەخشم.

پێویستی نەدەکرد کوڕەکەی شاخان فەرمانەکە بدات، پاسەوانەکان هەموو شتێکیان بیست، هیچ لەو وانەیە تێنەگەیشتن بەڵام زانییان بڕیارەکە چییە. خێرا کوڕەکەیان تیرباران کردو لاشەکەیان فڕێدایە روبارەکە. بەرلەوەی سووراییی خوێنی لاوەکەش بەسەر لێڵیی ئاوی روبارەکەدا زاڵ بێ‌و پێش ئەوەی گوێیان لە شڵپەی ئاوەکە بێ کە باوکەکە خۆی تێدا فڕێدابوو سواری وڵاخەکانیان بوون‌و تۆزو غوبار لەدوای خۆیاندا جێهێشت، هاوارو گریانی باوکەکەیان دوور دەبیست.

نۆبەرەکەی شاخان هەمان رۆژ چووە شارێك لەباکوور، ئەو رۆژە خۆی خلافاند، شەویش بەسەرخۆشی لەیانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ هاوڕێ‌و پاسەوانەکانیدا دانیشتبوو، مەی سەری نۆبەرەکەی دەسووڕاندەوەو دەنگەکەی بڵێر کردبوو کاتێك بە پاسەوانەکانی وت:

–دەتوانم خەڵك سزا بدەم لەسەر هیچ، دەشتوانم لەسەر هیچ پاداشتیان بکەم.

چاوی بەدەوری خۆیدا گێڕا، لەسەر مێزێکی تردا پیاوێکی بینی، زۆر تەماشای کرد ئینجا بیریکەوتەوە ئەمە راهێنەری یاریی باسکەیەو سەرەتای شەو بەخێرهاتنی کردبوو. چەناگەی بۆ ئەو لایە لەقاند:

–ئەمەم بۆ بانگ بکەن، داوای چیم لێ بکات پێی دەبەخشم، ئەمشەو پێغەمبەر لە خوداوەند بەخشندەتر دەبێ.

پاسەوانێك هەڵساو چووە بەردەمی راهێنەرەکە، بەدەنگێکی گڕەوە فەرمانی پێدا: ((هەڵسە! مامۆستا تۆی دەوێ)).

راچڵەکینی راهێنەرەکە پەرداخێك رووناکیی رشتە سەر مێزەکە، بەسوار دوو قاچی وەك شەقشەقەی دەستی منداڵ بەدەم فەرمانەکەوە رۆشت. لەبەردەمیدا وەستا، ویستی بڵێ: ((خێرە مامۆستا)) بەڵام وشەکان لەناوقوڕگیدا کڕەکڕیان کرد. مەی یاریی بەدوو چاو و کەللەسەری نۆبەرەکەی دەکردو دەیخولاندنەوە، راهێنەرەکە لەبەرچاویدا ببووە چەرخ‌و فەلەك. بەدەنگە بڵەکەیەوە پێیوت: ((حەزت لەچییە؟)). راهێنەرەکە زیاتر لەرزی‌و داواکارییەکی کرد باوەڕی نەبوو لەو شەوە رەشەدا دەستی بکەوێ: ((م..مام..ۆ..ستا.. دەم..مە..وێ ببب..چمە..وەوەوە ماڵی خخخخ..خۆمان)). کوڕەکەی شاخان هیچ حاڵی نەبوو، سەری خولایەوەو روویکردە پاسەوانەکەی:((ئەمە بڵقەبڵقی چی دەکات؟)). پاسەوانێك وتی: ((دەیەوێ بچێتەوە ناو ماڵ‌و منداڵی)). کوڕەکەی شاخان جارێکی تر سەری خولایەوە، دەستی راوەشاند بەواتای ((بڕۆ)) ئینجا بەزمان تەئکیدی بەخششەکەی کرد: ((بڕۆ بۆ ماڵی خۆتان)). راهێنەرەکە بڕوای نەکرد، بەپەلە دەرباز بوو.

پاشەبەرەکەی شاخان هەرچۆنێك بێ رۆژێك دوای ئەوە مرد، خۆی‌و خاڵەکەی بە رووداوێك تیاچوون، وترا لە وڵاخ بەربوونە خوارەوە، کوڕی گەورەی شاخان لە شارە باکوورییەکەدا مابووەوە، شاخانیش لە هەڵمەتی تەمێکردنەکە

گەڕایەوە.

شاخان هێشتا لەدەوروبەری گوندەکەدا بوو مەرگو وێرانیی دەچاندو هەیبەتو سامی دەدروو کاتێك بیستبووی نۆبەرەکەی هێرشی کردە سەر ماڵی ژنە تازەکەیو هیچی دەستگیر نەبوو. لەگەڕانەوەشیدا مەرگی پاشەبەرەکەی بیست، کاتێکیش تەواو دڵنیابوو کوڕە گەورەکەی رۆژی مەرگی پاشەبەرەکەو خاڵەکەی لەشارێکی دوور بوو باوەڕەکەی بووە گومان، حەزیشی نەکرد لەو گومانە دڵنیابێ چونکە دەیزانی پرسیارو دڵنیابوون لەو شتە مەرگی خێزانەکەی بەدواوەیە.

خێزانەکە ژیانی رۆژانەیان وەکو جاران دەبردە سەر، بەڵام ژیانێکی ناو بەستەڵەکو تاریکیی گومان. شاخان باسی مەرگی پاشەبەرەکەی نەکرد، گوڵخاتریش باسی نەکرد، کوڕە بچووکەکەیو کچە گەورەکەی دەهاتنو دەچوون وەك هیچ رووی نەدابێ، خەفەتیان نیشانی باوکیان دەدا یان بەڕاستی خەفەتیان بۆ ئازارەکانی باوکیان دەخوارد بەڵام دەیانزانی ئەو خەفەتە کەمترین قوربانییە بۆ هێشتنەوە خێزانەکە بەپتەوی. کچە بچووکەکە پاش مەرگی مێردە یاخیبووەکەی لەسەر دەستی پیاوانی باوکی لەو ماڵە دوورکەوتبووەوە، نۆبەرەکەش دوور بوو لە پایتەختو تا یادی چلەی پاشەبەرەکە دەرنەکەوتەوە، رۆژی چلەکە نزیککەوتەوەو شاخان بڕیاری دابوو بیکاتە ئاهەنگێکی گەورە.

## مریشکەکان دەگەڕێنەوە کولانەی خۆیان

بنبەستی شیرینئاوا بووە گرێکوێرەو حەوتی گەورە خەنجەری رۆژی تەنگانەیان وەشاند. جەمالوددین دەستی دراوسێی رۆژهەلاتی گوشیو کۆمار دەستی دراوسێی رۆژئاوای گوشیو خستییە سەردڵی.

رۆژی بیستویەکی مانگی تۆزوغوبار چەکلەشانەکانی کۆمار تۆڵەی خزمەکانی کۆماری گەورەیان لەیادچوو و بەسواری ولاخە زرێدراوە ژەنگاوییەکانی شاخانەوە گەرەکی دێرینی شیرینئاوایان گرت کە جەمالوددین پێشتر بەنیمچە کودێتایەك گرتبووی. جەمالوددین هەڵهات، کۆمارو شەقوەشێنە رووتو سکبەتاڵەکان شاخانیش شوێنی کەوتن. چەکلەشانەکانی کۆمار کەپکی قنگەجنۆکەیان ئاسان گرتو ئاسانتر پێشرەوییان کردو جەمالوددینو چەکلەشانەکانیان گسك لێدا. هێزی جەمالوددین وەك بەفری بەرخۆری هاوین توایەوەو جەمالوددین بەگریانەوە لەسەر چیای مازوو ماڵئاوایی لەخەڵكو دۆستانیو رۆژانی دەسەلاتی کرد، چەکلەشانەکانیشی چەکە گرانبەهاکانیان بەهەرزانتر لەپیاز فرۆشت تا دەست کۆمار نەکەون. کەوتنەکە هێندە خێراو ئاسانو چاوەڕێنەکراو بوو شیرینئاوای ورو سەرسام کرد. شیرینئاوا وڕی جارێکی تر لاوازییەکەی خۆی بێئارایشت دەبینی.

## بانگەوازی خۆشەویست

خەڵکی ئور بەهەڵوێستی جۆراوجۆر پێشوازییان لە قسە نوێکانی خۆشەویست کرد. زۆر هەبوون لەو بانگەوازە بۆ (ئیلوم)ێکی تاك سەریان سوڕمابوو، ئەوان دەیانبینی هەر شارێك پڕە لە ئیلـەکان، ئینجـا بـەژمارەی پایتەختـەکان ئیلی بەشەری هەن. زۆر لەخەڵکی ئور گوێیان نەدابوویە بانگەوازەکە. پەرستگەش لەهەمووان زیاتر بێتاقەت بوو. چەند جارێکیش کاهنەکان قسەیان لەگەڵ ئازەر کردبوو کە ئەگەر کوڕەکەی چارەسـەری پەرسـتگەی بـەدڵ نـەبێ بیباتە لای یەکێك لە پزیشکە ناسراوەکانی شار، مەرجیش نییە لو—نیدابای پیر بێ کە خۆشەویست کردبوویە نموونە بۆ ئەو کەسەی کارێك دەکات خۆشی لەئاکامەکانی بەگومانە.

بانگەوازەکەی خۆشەویست وەکو ورەور گەیشتبووە گوێی پادشا لارسا کە کاروباری شەڕو دۆستایەتی لەگـەڵ دەوروبەردا هێندە زۆر بوون قسەی نەفەرێکی شارێکی تری مەملەکەتەکەی لەچاویاندا ئاوڕدانەوەی وای نەدەویست.

ئەو رۆژەی خۆشەویست بانگهێشتی بۆ ئیلی تاك کردبوو ریم سین نوقمی سەرقاڵی بوو. ریم سین سەردانی ئوری دابوو و جگەلە بەسەرکردنەوەی پرۆژەکانی ئاودێریو چاککردنەوەو تازەکردنەوەی پەرستگەکان چاوەڕێی گەیشتنی پەیامبەری پادشای سیمورروی دەکرد کە ماوەیەکی کەم بوو سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر وڵاتی ناوارو گوتییە هاوپەیمانەکانی دەستکەوتبوو. تا ئەو پەیامبەرەش دەگات ماوە هەبوو بۆ بیستنی راپۆرتەکان:

((بۆ ئاغام، خوداوەندی وڵات، سین ئیشمێ ئاننیی خزمەتکارت وا دەڵێ:

**پیاوەکانی پادشای بابل رێگەیان بە بازرگانەکانی ئێشنوننا گرت و نەیانهێشت گەشتەکەیان بۆ لارسا تەواو بکەن. ئەو بیانووەیان پێگرتن گوایە سیخوڕن بۆیە رەوانەی ئێشنوننایان کردنەوە. من وای دەبینم ئاغام لەوەڵامدا سەرباز بنێرێو چەند بازرگانێکی بابل دەستگیر بکات)).**

پاش چەند نامەو راپۆرتێکیش پەیامبەری وڵاتە باکوورییەکەی سیمورروم هەر نەگەیشتووە:

**—رەنگە لەچیاکانەوە تا ئور نەنوستبێو ئێستا بەدەرفەتی زانیوە ماندوویەتیی ئەو سەفەرە دەربکات.**

**—گەورەم هەواڵەکانی سیخوڕەکانمان لەوە دڵنیامان دەکەنەوە کە لە ئێشنوننا لایداوەو پاشان هەر بەرێگەی روباری (دورول)ـەوە شۆڕبۆتەوەو ئینجا رێگەی روباری ئیدیگلاتی گرتۆتەبەرو ئێستا بەڕێوەیە، رەنگە کەمێك لە لارسا لابدات ئینجا هێندەی پێناچێ بگاتە بەردەمتان.**

مێشو بێزاری دەورەی پادشایان دابوو:

**—هیوادارم راپۆرتەکەیان وەکو هەواڵی لەشکرکێشییەکەی مالگیئوم نەبێ. سیخوڕەکانمان هەندێ جار هەواڵیان دەستناکەوێو بۆ ئەوەی نەوترێ بێ ئیشن لەخۆیانەوە شت دەڵێن، کاتێکیش راستی ئاشکرا دەبێ دەڵێن دوژمن رای گۆڕیوەو لەپلانەکەی پاشگەز بۆتەوە. خۆزگە شتێك دەبوو توانای جیاکردنەوەی راستیی لە درۆ هەبوایە.**

**—گەورەم، تەنها خوداوەندەکان توانایان هەیە ناخی مرۆڤەکان بزانن.**

بەرلەوەی خوداوەندی لارسا دەرك بەو خەوشە بکات کە بەزمانی خۆی تووشی زاتە ئیلاهییەکەی خۆی کردبوو پێی وترا پەیامبەرێکی تر چاوەڕوانیی دەکات:

–با بێتە ژوورەوە، بەلای کەمەوە ئەم مێشە زۆرەم لەبیر بەرێتەوە.

پەیامبەرەکە لەناوچەیەکی بچووکی چەپەکی شاخاوییەوە هاتبوو. پەیامبەرەکە بەبڕوابەخۆبوونێکی بێپاساوەوە خۆی کردە ژوورەوە، بەڵام بینینی پادشا بەس بۆ ڕەواندنەوەی ئەو خەیاڵەی دابووی لە کەللەی. ریم سین ئەنیشکی خستبووە سەر دەسکی عەرشەکەی‌و دەستی خستبووە ژێر ڕوومەتی. پەیامی پادشای ئەو وڵاتە چەپەکەی بیستو گوێی لەناوی پادشاکە بوو: خوداوەند (زازی). ریم سین لەژێر لێوەوە بۆڵەی قێزکردنەوەی بوو: ((خوداوەند زازی!! کۆتایی درۆ کەی دێ؟ هەر ئەمانە ماون نازناوی خوداوەندەکان هەڵبگرن، سبەینێ شوانێك بیست مەڕ دەداتە پێش خۆی، ڕەنگە گوێدرێژێکی سێ لاقیش، شان‌و باڵ با دەدات‌و دەچێتە سەر لوتکەی شاخێك‌و دەڵێ من پادشای ئەو شاخەم.. خوداوەندیشم، کێ ناڵێ داوای کڕنووشیشمان لێ ناکات؟)).

ریم سین بێزاریی خۆی نەشاردەوە کاتێك گوێی لە پەیامەکە دەگرت، وەڵامێکی تەمومژاویشی خستە بوخچەی پەیامبەرەکە، ئەویش قەناعەتی بە شتێك لەوە کەمتر هەبوو. پەیامبەرەکە ئەوەندەی پێ ناچێ دەگاتەوە لای پادشاکەی خۆی‌و ئەمیان خۆی هەڵدەکێشێ‌و دەڵێ پەیامبەرم بۆ پادشای لارسا ناردووە.

کاروباری تری وڵات مابوون باس بکرێن. ئینجا پەیامبەرەکەی سیمورروم گەیشت. پەیامبەرەکە نامەیەکی پادشای خوداوەندی پێبوو:

((بۆ ریم سین، پادشا لارسا، وەها پادشای سیمورروومی برات قسە دەکات. وەك دەزانی پاش ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی خوداوەندەکان کردیانە خەڵاتمان‌و چۆك پێدادانی وڵاتی ناوارو بەزاندنی ئەو گوتییانەی هاتبوونە هانای، پادشای ناوار هەڵهات‌و شوێنێك نەبوو بیگرێتە خۆی. سەرەتا چووە لای پادشای ئێشنوننا بەڵام کە پادشای ئێشنوننا زانی ئێمە داوای دەکەین داڵدەی نەدا، پاشان چووە لای پادشای بابل‌و ئێمە نامەمان بۆ نارد کە بماندات‌ەوە. ئێستاش پادشای هەڵهاتوو هاتۆتە لای ئێوە، ئێمەش بەناوی دۆستایەتیمان لەگەڵتاندا داوا دەکەین ئەومان تەسلیم بکەن. خۆتان دەزانن لەکاتی باپیرمانەوە دۆستایەتیمان هەبووەو باپیرمان دۆستی باوکتان بوو لەو کاتەوەی باوکتان لە (ئێموتبال)ـەوە فەرمانڕەوایی دەکردو خوداوەندەکان دەستیان گرت‌و لارسایان پێبەخشی، لەو کاتەوەش کە (کودور مابوك)ی باوکتان پادشای ئێموتبال بوو و براتان پادشای لارسا بوو و تا ئێستا دۆستایەتیمان بەردەوامە. منیش بەناوی ئەو دۆستایەتییە داواتان لێدەکەم پادشای ناوارم بدەنەوە دەست. بەدەستی پەیامبەرەکەشم دیاریی گرانبەهام بۆ ناردوون)).

لیستی دیارییەکان خوێنرانەوەو کاتی دانیشتن‌و وەرگرتنی وەڵامە. ریم سین پەیامبەرەکەی لەوە دڵنیا کردەوە کە هەواڵی هاتنی پادشای هەڵهاتوو درۆیە. پێشی وت هەواڵێکیان هەیە بەڵام لێی دڵنیا نین ئەویش پادشاکە لە بابلەوە خۆی گەیاندۆتەوە کوێستانەکان. ریم سین ئەوەی خستەوە یادی پەیامبەرەکە کە ئەوان هێشتا (ناواریتوم)یان لەیاد نەچووە، ئەو ژنەپادشا گوتییەی دە هەزار سەربازی لەدژی لارسا ناردبوو.

قسە لەناو کۆشکدا دۆستانەیە و پەیمان‌و دۆستایەتی تازە کرانەوە، ئینجا نۆرەی باسکردنی هەواڵی جۆراوجۆری وڵاتان‌و پادشایانە.

خۆشەویست لەو کاتەدا بەناو شاردا دەگەڕاو شتی نەوتراوی دەوت. هەواڵی گەیشتنی پەیامبەرەکەی سیمورروم لەناو شاردا بیسترابوو. خۆشەویست کردبوویە دەرفەت:

–درۆ مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، تەنها یەك درۆ بەسە بۆ ئەوەی زنجیرەی درۆ بەدوایدا بێ. ئەی نابیذین خەڵك بە خوداوەندی خۆرو مانگ‌و زریان‌و دەیان خوداوەندی لەو چەشنە نەوەستان‌و خوداوەندی بەشەرییان بۆ خۆیان داهێنا؟

**نابینین زۆریی ژمارەی خوداوەندەکان لەئاستێکدا ناوەستیٚ و هەر ئەوەندە خودای تاکت کردە دووان باقی خوداوەندەکان وەکو قارچك هەڵدەتۆقێن؟**

هەرچییەك خۆشەویست دەیوت لەدەرەوەی بیستراو و بینراو و زانراوی خەڵکی ئور بوو. خۆشەویست لـەبازاڕی شارەکەدا بوو و قسەی بۆ کەسانێك دەکـردو بەتـەمابوو کەسـی تریـان پێـوە بنیشـنەوە. ژنـەکاهنێکی پەرسـتگە لەجۆری (قادیشتوم) بەچەند پیاوێك دەورە درابوو و بەبزەیـەکی حـەزەوە چـاوە رەشـەکەی کـە بـەجۆرەها بۆیـە گـەورەی کردبـوو بڕیبـووە خۆشەویسـت. (قادیشـتوم)ــەکە ئەنیشـکی راسـتی خسـتبووە سەرشـانی لاوێـك لـەو قەرەباڵغییەو بە ددان یاریی بەنینۆکەکانی ئەو دەستەی دەکرد. ئاهێکی بۆ خۆشەویست ناردو ویستی خۆشەویست بوروژێنیٚ تا روو بکاتە خۆیو بەتایبەت ئەو بدوێنیٚ:

**–تۆ..ئاخ تۆ! تۆ دژ بەهەموو ئەو شتانە قسە دەکەی کە باپیران دەیانزانی، دژ بەو هەموو پیرۆزییانەی کە هێندەی گەردوون کۆنن.. خۆشەویست!**

خۆشەویست بەهێمنیو بێئەوەی ئاوڕ لەو ئافرەتە بداتەوە کە ئـاوازی ئـارەزووی دەنگـی چـەند پیـاوێکی تـری لەدەوردا کۆکردەوە وەڵامەکەی بەو و ئەوانەی تر کە گوێیان دەگرت بەخشی:

**–پەنابردن بۆ باوکانو باپیران پیشەی بێدەسەڵاتانە. باسی کۆنت کرد؛ ئایا نەتزانیوە (ئانو) لە باوەڕی پیاوە هەرە کۆنەکان گەورە خوداوەند بوو بەڵام دوایی ئێنلیل ئەو پایە بەرزەی لیٚ زەوت کرد؟ باسی کۆنت کرد؛ ئایا (قادیشتوم)ەکان هێندەی گەردوون کۆنن؟ قادیشتوم داهێنراوە ئیدی بۆچی خوداوەندە زۆرەکان داهێنراو نەبن؟ دەتانەویٚ بە چیرۆك بەرەوڕووی راستییە سادەکە بوەستنەوە؟**

مێشکی قادیشتومەکە لای قسەکانی خۆشەویست نەبوو، بەحەزێکی زیاترەوە چـاوی تێـبڕی، دەنگـی بـەهێزی خۆشەویست ئاوازێك بوو ئارەزووی ئافرەتەکەی زیاتر دەورووژاند:

**–تۆ پیاوێکی چاوت بە لەزەتەکانی ئەم جیهانە هەڵنایەت. مردوویو تەنانەت ژنانی بەتواناو پڕ ژیان ناتوانن کارت تێبکەن.. خۆشەویست! ئاه!**

خۆشەویست رووی لەولاوە بوو. حەزی قادیشتومەکە بەزەیی ئەو لاوەی زیاتر دەجووڵاند. نـەیتوانی دۆسـتانە لەگەڵیدا نەدویٚ:

**–دەزانم چەند بەتوانان بۆیە ئەگەر یەکێك لەئێوە شوو بە خوداوەندێك بکات ئەو خوداوەندە بێکارەیە دەحەسێتەوە!**

قادیشتومەکە پێکەنی، هەر تەماشای دەکردو بەددان گازی لە نینۆکەکانی دەکرد. (ئـەویلوم) بەوێدا تێپـەڕی. کەسێك بانگی کرد بۆ گوێگرتن. پیاوەکە نزیککەوت، گوێی لەقسەکان نەبوو بەڵام زانی موناقەشەی خۆشەویستو قادیشتومەکە. بۆچوونی خۆی دەربڕی:

**–کوڕی ئازەر! کاتی خۆی لەگەڵ قادیشتومەکان بەخەسار مەدە.**

خۆشەویست بەڕێزەوە روانییە پیاوە بەویقارە تەمەن پەنجا ساڵەکە کە خۆشەویست هەمیشە دەیـوت عـەقڵی ئورەو بەتەنیا لەناو ئەو شارەدا دەژی:

**–ئەویلوم لەمن زیاتر ژیانی بردۆتە سەرو خەڵك باشتر دەناسیٚ بەڵام من فەرمانم پێیە کەس لە پەیامەکەم بێبەش نەکەم.**

قادیشتومەکە هێشتا ئەنیشکی راستی لەسەر شانی لاوەکە بوو، پەنجەی ئەو دەستەی هەر لەناو دەمیدا بوو و بەدەستەکەی تری یاریی بەتاڵێك مووی قژی دەکرد. بەبیٚ ئەوەی چاو لەسەر خۆشەویست لابەریٚ:

**–هەقە ئەویلوم سەری خۆشەویست نەرم بکات، خۆشەویست رێزی زۆری لێدەگریٚ ئەویش پشتگیری قسە سەیرەکانی**

دەکات، نازانم ئەویلوم باوەڕی بە خوداوەندەکان ماوە یان شوێنی عەقڵی خۆشەویست کەوتووە.

ئەویلوم رووی لەو نەبوو، سەیری ئاپۆرەکەی دەکرد:

–ئێوە دەزانن زمانی مرۆڤ بۆ قسەکردن دروستکراوە بەڵام حەز دەکەن تەنها بۆ ئەو شتانە بەکاری بێنیٚ کە خۆتان پێتان خۆشە، کەسێك شتێك بڵیٚو ئێوە حەزی لێنەکەن مەسەلەکە بەبارێکی تردا دەبەن. تۆ دەتەویٚ رقم هەڵسیٚ یان بترسمو بڵێم منی دونیادیتە چۆن شوێنی قسەکانی لاوێك دەکەوم ئینجا بۆ دوژمنایەتی پەلکێشم بکەی؟ ئارەزووتە بەڵام لەترسی زمانتان واز لەو شتە ناهێنم کە باوەڕم پێیەتی؛ من باوەڕم بەهەر هەموو خوداوەندەکانە بەڵام باوەڕیشم وایە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە گومان لەهەر هەموویان بکات. زۆر راستە! قادیشتومەکان بەتوانان، من ئامۆژگاریی کوڕی ئازەرم کرد کەچی وا خۆم کاتی خۆم لەگەڵ تۆدا بەخەسار دەبەم.

قادیشتومەکە چاوی لەسەر خۆشەویستی لاو لانەبردبوو، ئەنیشکی لەسەر شانی لاوەکەی تەنیشتی لابردو لەپی دەستی خستە سەر هەمان شان، نقورچێکی لە سمتی لاوی لای چەپی گرتو هەڵیبەزاندەوە، ئینجا چەناگەی خستە سەر ئەو دەستەی خۆی کە لەسەر شانی لاوەکە پشووی دابوو، گازی لە نینۆکەکانی دەستەکەی تری دەگرتو بەچاوی حەزەوە تەماشای خۆشەویستی کرد. رووی قسەکانی کردەوە ئەویلوم:

–کەواتە لات ئاساییە قسە بە خوداوەندەکان بوتریٚ؟ کاتێك مرۆڤ باوەڕی بەشتێك نەبیٚ باسیشی دەکات، کە باسیشی کرد لەوانەیە قسەشی پیٚ بڵیٚ. ئەی خۆشییەکان ژیان؟ پێت راستە خۆشەویست وەك ئێمەی ژنەکاهنی پەرستگە پشتیا ن تێبکات؟

ئەویلوم ویستی بەکورتی بیبڕێنێتەوە:

–هەر یەك خۆشی لەشتێکدا دەبینیٚ، هەر کەس باوەڕی بەچییە با بیڵیٚ.

ئەو لاوەی ئافرەتەکە دەستو چەناگەی خستبووە سەر شانی زانی کاتێتی بەگوێیدا بچرپێنیٚ:

–چیت لە کوڕی ئازەر داوە؟ تەنیا نێرێکی چوار شاخی وەکو من قەدرت دەزانیٚ. لای پەرستگەش باسی ناکەم.

ئافرەتەکە لچی بۆ هەڵقورتاندو لەتێکی نینۆکی ناو دەمی بەڕوویدا تف کردەوە:

–تۆ بێدەنگ بی باشترە، تۆم لە خوداوەندە مردووە ناشیرینەکانی ناو پەرستگە زیاتر بینیوە، لەهەمووتان وەڕسم.

ئافرەتەکە بەدەنگێکی لاوی تر وریا بووەوە. دەنگێك بوو بەگاڵتەجارییەوە خۆی هەڵقورتاندو وەڵامی ئەویلومی دایەوە:

–رەنگە زۆربەمان بڵێین کیٚ باوەڕی بەچییە با بیڵیٚ، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەر هەموومان درۆ دەکەین.. ببوورە ئەویلوم.. تەنانەت گومانم لەتۆش هەیە.

دەنگە تازەکە شاعیری لاو بوو. ئور–نینا لەگەڵ هاوڕێکانی بەتەوسەوە نزیککەوت. چاوێکی پڕ یادی جارانی لە قادیشتومەکە داگرت:

–شەرمو حەیا زمانی کوڕی ئازەریان بەستۆتەوە! قسەی لەگەڵ (نادیتوم)ێك بکردایە باشتر دەبوو نەك لەگەڵ قادیشتوم. نادیتوم پلە هەرە بەرزەکەیە، بەڵام قادیشتوم....

قادیشتومەکە وەکو ئافرەتێك پیاوێکی لەلا کۆن بووبیٚو چیتر هەستی نەدەبزواند رووی لیٚ وەرچەرخاند، ئور–نینا بەردەوام بوو:

–سەیرە! وشەی قادیشتوم دەگەڕێتەوە سەر وشەی (پاك)، بەڵام نەخێر سەیر نییە! من فەردەیەك قادیشتومو چەند نادیتومێکی بەرزو بەڕێزیش دەناسم، چەند جۆرێکیش لەو بەینەدا. من دەڵێم  هەرچی ژنەکاهنی پایە بەرز هەیە رواڵەتیان پاکییەو ناواخنیان سۆزانێتییە، ئیتر سڵاو لە قادیشتومەکان.

خێرا جێگەیان بۆ کردەوە، بەدەم ئاوڕەوە بۆ ئەو قادیشتومەی رووی لێوەرچەرخاندبوو بەناویاندا رۆشت:

**–پاش ئەوەی خوداوەندەکان سەریان لێشێواندمو بوومە کاهنی گۆرانبێژی پەرستگە ئافرەتی زۆری پەرستگەم لەو دوو جۆرە ناسی، لەجۆرەکانی تریش بێگومان، تا ئێستاش دەیانناسم، تا ژنەکاهنە بەرزەکانو هاوڕێ قادیشتومەکانیان هەبن قسە لەگەڵ ئافرەتی ئاسایی ناکەم. ئافرەتی ئاساییم بۆچییە؟ پەرستگەی پیرۆز کارێکی سۆزانیی تایبەت بە خۆیو خوداوەندەکانی بۆ زۆر لە ژنەکاهنەکان داناوە، کارێکی سۆزانی کە ناوی پیرۆزی لێ ناوە.**

نێوان دوو لاو وەستاو دوو دەستی خستە سەرشانیان:

**–کێ دەزانی ناوم چییە؟ کێ دەزانێ ناوم واتای چییە؟**

یەك لەو دوانە خێرا بەتوانجەوە وەڵامی دایەوە:

**–زیرەکی شار کێ نایزانێ؟ ئور–نینا.. خزمەتکاری نینا، خزمەتکاری ئینائنا، خزمەتکاری ئیشتار.**

ئور–نینا بەزەردەخەنەوە سەری بۆ لەقاند:

**–زیرەکی تەویلەی ماڵی باوکی راست دەکەی.**

پشتی تێکردنو رووی کردە ئاپۆرەکە:

**–من خزمەتکاری ئیشتارم، نەخێر من نێری ئیشتارم، ئیتر قادیشتومەکانو ژنەکاهنە گەورەترەکان چۆن لەدەستم دەردەچن؟**

بۆ زەوی شۆڕبووەوەو چنگێك خۆڵی هەڵگرت، تەماشای کردو سووك بەریدایە خوارەوە:

**–ئێمەی خەڵکی ئەم خاکە پیرۆزە بەختەوەرین کە جۆرەها ژنەکاهن و سۆزانیمان هەیە. منیشو ژنەکاهنەکانیش پاش کاروباری پەرستگە ئیشمان هەبوو پێکەوە بیکەین!**

خەڵکێکی زیاتر لەدەوریدا کۆبوونەوە، دەمیان کردەوەو چاوەڕێی درکاندنی نهێنییەکی بەلەزەتیان کرد، ئور–نینا دەستی خستە سەرشانی نزیکترینیان، پیاوێکی چڵکن بوو دەمە کراوەکەی بێدەنگ پێدەکەنیو بۆنی دەگرتە رووی شاعیرەکە. ئور–نینا بە دوو پەنجە لووتی خۆی گرتو دەنگی بووە واکواکی مراوی:

**–خناپ تێبەگەن، دەبەتەقێو بیلوڵا گۆلینەوە هیچی تلێ!!**

لووتی بەرداو دوو قۆڵی پیاوە چڵکنە بۆندارەکەی گرتو سووڕاندیەوە، پشتی تێکردو بەناو ئەو ئاپۆرەیەی پێدەکەنی لەسەرخۆ کەوتە جووڵە:

**–وەکو کۆنە کاهنێك رێگەی درۆو ساختەکاریی بۆ تەواو نەکرا لەهەمووتان زیاتر ئاگام لەکاروباری پەرستگە هەیە بۆیە پێموایە ئەگەر ئافرەت بوومایە لە پەرستگە هەڵنەدەهاتمو نەدەبوومە ئەو شاعیرەی بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی لە یادە بێماناکاندا چیرۆکە بێماناکانی لاواندنەوەی شاری ئور بۆ خەڵك دەڵێتەوە، شتی لەوە قەڵبتریش بۆ خەڵکێك، مەبەستم ئێوەی بەڕێزە، دەڵێتەوە کە کاتێك نرخی وربوونو قوڕگ وشکبوونم پێدەدەن وا دەزانن پەڕیان بە موکێش دەردەکێشرێ.**

گەیشتە لای قادیشتومەکە. موویەکی لە ریشی پیاوێکی تەنیشتی دەرکێشاو وەکو گوڵێکی پێشکەش بکات لە دەموچاوی ئافرەتەکەی نزیك کردەوە. ژنەکاهنەکە دوو لچی نارەزاییو قێزی بەیەکا داو رووی وەرچەرخاند. شاعیرەکە بینی دیارییەکەی بەهەند وەرنەگیرا، مووەکەی بە دوو پەنجەکە بۆ سەر زەوی هەڵوەراندو دووپەنجەکەی بەجلەکانییەوە سڕی. ئینجا دەنگی گۆڕاو هەردوو قۆڵی بەرزکردەوەو هێواش بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە، سووڕایەوەو سووڕایەوە، ئینجا وەستا:

**–خەڵکی ئور گوێ بگرن! ئێوە دەتانەوێ خۆشی وەربگرن بێئەوەی هیچ بدەن، من باشتان دەناسم، دەشزانم کاتێك دێن**

بۆ بیستنی چیرۆکە قۆڕەکان تێر ئاخوڕی سکتان سیروپیاز دەخۆن‌و بە بۆنی دەمتان ورو کاسم دەکەن بۆیە زۆر جار داوا لە خوداکان دەکەم، ئەگەر ئەو خودا گوێقورسانە دەمبیستن، جارێکی تر ئور وێران بکەن.

–ئور–نینا!

یەکەم جار بوو خۆشەویست رووبکاتە شاعیرەکە، رووی تێکردو تەماشای نەدەکرد:

–ئور–نینا! با خەڵکەکە سیروپیاز بخۆن‌و دەمیان بۆگەن بکات بەڵام با دڵیان پاکبکەنەوە.

رووی بەناو خەڵکەکە گێرا، دوو چاوی لەسەر دوو چاوی یەکێکیان دەگیرسایەوەو لەسەری لادەچوو و دەچووە سەر دوو چاوی ئەوەی تەنیشتی. تەماشای هەموویانی کردو تەنها قادیشتومەکەی پەڕاند. قسەی دەکردو تەماشای دەکردن:

–کەی دڵتان رادەتەکێ‌و ژەنگی سەری هەڵدەوەرێ؟ تاکەی چاوتان تەنها ئەم ژیانە دەبینێ؟ تاکەی دەڵێن: چەندم هەیە.. چەندی هەیە؟ ئێوە هەر دەزانن بڵێن بێنە، ئەوەتا لەمن داوا بکەن‌و ئەوەتا هەموو گیان‌و دڵی خۆمتان دەدەمێ. ببەخشە با پێت ببەخشرێ، بەڵام بەرلەوەی فێری بەخشینی دەست بن فێربن دڵ ببەخشن، ئێوە تەنها ئەم خاکەی ژێرپێتان دەناسن، وا دەزانن ئەمە کۆتایی جیهانە، ئێوە ژیانێك جگە لەم ژیانە ناناسن، خودایەك غەیری ئەو بتە زۆرانە ناناسن، تەنها جیهانێکیش دەیناسن ئەم جیهانەیە لەگەڵ جیهانێك ناوتان ناوە جیهانی خوارەوە، جیهانی سێبەرەکان کە نازانن سێبەرێکی تاریکی ناو مێشکتانە.

خۆشەویست کەوتە جووڵەو بەهێمنی بەناویاندا رۆشت، باڵای بەرزی‌و لەشی پتەوی رۆشتنەکەی قەشەنگترو بەهێزتر کردبوو. جارێکی تر لە دەموچاوەکان وردبووەوە، بەناویاندا رۆشت‌و گەیشتە قادیشتومەکە، لەلای راستی راوەستابوو. قادیشتومەکە ویستی پەنجە لە دەم دەربکات‌و پێی بڵێ: ((بۆ یەك جار رووم تێبکە، بۆ یەك ساتی تۆ شەق لەو خوداوەندانە هەڵدەدەم)) بەڵام خۆشەویست کەوتەوە جووڵە، هێمن دەڕۆشت، هێمن‌و بەهێز قسەی دەکرد:

–دەزانن ئەمڕۆ پەیامبەری چەند پادشا بوونە میوانی پادشاکەتان؟ هەریەك لەو پادشایانە خۆی کردۆتە خوداوەند، هەر وڵاتێکیش لەوانە پڕێتی لە خوداوەندی جۆراو جۆر.. دەزانن زۆرن بەڵام نازانن چەند بێدەسەڵاتن. ئێوە هەر فێرن بڵێن بێنە بۆیە بەدوای شتدا دەگەڕێن لای ئەو کەسەی کە نیەتی، داوا لە خوداکان دەکەن بەڵام ئەوان قوربانییەکانتان دەبەن بێئەوەی هیچتان بدەنێ، خۆشیان قوربانییەکان نابەن، بەشی زۆریان دەچنەوە لای پەرستگەو کاهنەکانی. کەی فێر دەبن بەو کەسە بڵێن بێنە کە هەیەتی؟ پادشاکەشتان هەموو ئەو شتانەی نییە کە ئێوە داوایان دەکەن، ئێوە هەر بۆ بێنە دەژین بەڵام تەنانەت بۆ ئەوەش نازانن چۆن بژین، ئێوە نە بۆ ئەم ژیانەتان دەژین‌و نە بۆ ژیانەکەی تر بۆیە دە ئەوەندەی دەستان دەکەوێ لێتان دەسەنرێتەوە.

ئاپۆڕەکە بێدەنگەو گوێدەگرێ، خۆشەویست قسەکانی گەرمتر دەڵێ، ئاپۆڕەکە بێدەنگ بووەو گوێدەگرێ:

–یەك شتم هەیە داوای بکەم: کۆیلە بن تا ئازاد بن.. کۆیلەی ئیلوم بن ئازاد دەبن، بەڵام ئەوەتا خۆتان دەبینن نەك تەنها کۆیلەی ئەو بتانەن کە خاوەنی هیچ نین، ئێوە بوونەتە کۆیلەی ئەو پادشایەی دەیەوێ خاوەنی هەموو شتێك بێ، سبەی کە پاشا خوداوەندەکەشتان مرد کوڕێکی دەچێتە جێگەی‌و بێ گرێبەست دەتانکاتەوە بە کۆیلە، گوێتان لێیە؟ بێ گرێبەست. ئێوە قەرز دەکەن‌و دەینووسن بەڵام دەیان هەزار کەس بێ یەك دێڕ نووسین دەبنە کۆیلەی کوڕی پادشا کە رەنگە کوڕێکی گەورەی پادشا نەبێ بەڵکو شیرەخۆرەیەك بێ خزمەتکارانی کۆشك ئێستا پیساییەکەی بۆ پاکبکەنەوە.. خەم مەخۆن! رەنگە سبەی کە بووە ئاغاتان خۆتان پیساییەکەی بۆ پاك بکەنەوە.

خۆشەویست بەردەوام بوو، قسەکانیشی تا دەهات مەترسیدارتر دەبوون، گەرمیی قسەکانیشی دەروازەی ناڕەزایی بەستبووەوە، قادیشتومەکەش پەنجەی لەدەمی دەرهێنابوو و سەرسامبوون چاوە گەورەکەی گەورەتر

کردبوو، ئەمجارە بەترسەوە دەیپروانییە خۆشەویست. ئور—نیناش هەستی کرد بازاڕی نەما، بەخۆبادانـەوەو بێبـاك لەوەی بەسەر پادشاو خوداوەندەکان هاتووە رۆشتو هاورێکانی شوێنی کەوتن.

باسی خوداوەندە بەشەرییەکانو کوڕەکانیان بەئاسانی تێنەدەپـەڕی، کەسـێك لـەو شـارەدا هـەبووە قسـەکان بگەیەنێتە کۆشکی پادشای سەرقاڵ.

# پەیوەستەکانی شیرینئاوا

خامۆشیی بەرە پاش شەڕی بێکۆتا درێژەی کێشاو تارمایی ئاشتی لەدوورەوە دەرکەوت. ململانە گەیشتبووە لوتکەو خەنجەرەکانی حەوتی گەورە پێشینەیەکی پرمەترسییان بۆ شیرینئاوای سەردەمی نوێ دامەزراند. خەنجەری دوژمنی دەرەوە سەردەمانی پێش‌و دوای شەریفەددینی هەکاریی هێنایەوە یاد. دوژمنایەتییە گەورە کۆنەکانی کاتی پێش‌و دوای رۆژگاری میرەکان زیندووببوونەوە. دوژمنایەتی لەوە گەورەتر نابێ.

پاش هەڵهاتنی جەمالوددین بەرامبەر کۆمارو وڵاخە زرێدراوە ژەنگاوییەکانی شاخان دراوسێ رۆژهەڵاتییەکەی شیرینئاوا لە حەوتی گەورە هێمنتر دەیڕوانییە بارودۆخە نوێکەی دراوسێکەی‌و بەوپەڕی بێباکییەوە بە جەمالوددینی وت جەنگ نە کۆتایی هاتووەو نە کۆتایی دێ. نەخشەیەکی جوگرافیی پیشانی جەمالوددین‌و جەنەڕاڵە هەڵهاتووە بێبڕوانامەکانی دا. جەمالوددین‌و جەنەڕاڵەکانی یەکەم جاریان بوو ورد تەماشای نەخشەکەی شیرینئاوا بکەن. دراوسێ لەهەموو لایەکدا هەیەو ئەوان تەنیا نین، ئینجا سنوورێکی دووروودرێژی نەبڕاوەی سەختی پڕ دۆڵ‌و چەم‌و دارستان، یەکەم جاریانە بەو چاوە چیای مازوو ببینن. ئەو کاتەش بیریان کەوتەوە کە تەنانەت شاخان، خوداوەندی مەزنانگە، تەنانەت ئەو کاتەی وڵاخە زرێدراوەکانی دەبریسکانەوەو شەقوەشێنەکانی تێرو پۆشتە بوون، تەنانەت کاتێك هاوڕێی زۆر بوون، تەنانەت ئەو رۆژانەی ژەهری هەبوو، تەنانەت ئەو رۆژانەی کوڕانی شیرینئاوا لەناو دۆڵەکاندا دەستیان لە شەڕی شاخان هەڵگرتبوو و یەکتریان دەکوشت نەیدەتوانی دەست بەسەر ئەو سنوورەدا بگرێ.

دراوسێکە ئەوەی باش بیرمابوو بەڵام جەنەڕاڵەکانی جەمالوددین کە کوڕی چیای مازوون ئەو چیایەیان لەبیر چووبوو. لەبیرچوونەوە دەردی کوشندەی شیرینئاوا بوو. جەمالوددین‌و جەنەڕاڵەکانی ئەو کاتە زانییان چیای مازوو لاوازییەکی دیکەی شیرینئاوایە، هێزێکی دیکەیە بۆ کەسانی تری شیرینئاوا.

ئەو دراوسێیە جەمالوددین‌و جەنەڕاڵە بێبڕوانامەکانی تێگەیاند کە ئەوان‌و باقی حەوتی گەورەی شیرینئاوا وەك شارەزای جوگرافیا نین لە وانەی مێژووش کۆڵەوارن. دراوسێکە رۆژانی پێش‌و دوای شەریفەددینی هەکاریی بیرخستنەوە کە لەکتێبێکدا باسکراون کە پڕ بازاڕەکانی شیرینئاوایە. لەو سەردەمە کۆنەوە شەریفەددینی هەکاری باسی کردبوو چۆن هیچ کات کوڕانی شیرینئاوا یەك نەبوون‌و وەك یەکیش نەبوون‌و وەك دوژمنی یەك بوون کەسیان نەیتوانیبوو بەتەنیا بیخوات.

دراوسێکە بۆی دووبارەو دووبارە کردنەوە: ((**کەستان ناتوانن بەتەنیا بیخۆن**)). جەمالوددین‌و جەنەڕاڵەکانی‌و هەموو حەوتی گەورە وانەی مێژوویان بیر نەچووبوو چونکە ئەو وانەیەیان نەدەزانی تا لەبیریان بچێتەوە.

دراوسێکە رێگەی نەدەدا کۆمار بەتەنیا بیخوات، جەمالوددینیشی ئاگادارکردەوە: ((**وەك چۆن بە شەو و رۆژێك جێتهێڵا، وەهاش بە شەو و رۆژێك دەتبەینەوە، حەز دەکەین شیرینئاوا هەمووی هی تۆ بێ بەو مەرجەی گوێڕایەڵ بی بەڵام هێندە بێعەقڵ نین ئەو راستییە نەزانین کە تۆش ناتوانی بەتەنیا بیخۆی‌و هەر بە شەو و رۆژێك جێی دەهێڵیتەوە، ئەوەش ئەگەر خۆمان خەڵەتاندو بڕوامان کرد گوێڕایەڵ دەبی**)).

هەرچییەك جەمالوددین پێویستی پێی بوو دراوسێکەی خستییە بەردەستیو دوا ئامۆژگاریی کرد: ((**پێش هەر هەنگاوێك تەماشای نەخشەکە بکە**)). ئینجا پاڵی بەجەمالوددینەوە نا، ئەویش وەکو گەردەلوول لەچیای مازووەوە بۆ گەڕاندنەوەی زەویو ئابڕووی تکاوی چووە خوارەوەو گەڕایەوە شیرینئاوا. چەکلەشانەکانی کۆمار هەڵهاتنو هاوسەنگی بۆ شیرینئاوا گەڕایەوە. کەپکی قنگەجنۆکە وەکو جاران خۆی لەنێوان ئاغاکانی شیرینئاوادا خۆی قوت کردەوەو پارچە ئاسنە سوورە لاکێشەکە، کە کۆمار لایبردبوو و وایزانی بۆ تا هەتا لایبردووە، بەخۆیو دوو ئێسقانو کەللەسەرو نووسینەکەیەوە گەڕایەوە شوێنی کۆنی خۆی.

حەوتی گەورە ئەو رۆژە تێگەیشتن ئەوان ئاورنگی سەرگیای بەیانییەکی ساردنو یەکەم هەوای گەرم مەرگیانە. بێدەسەڵاتیی حەوتی گەورە لەجاران زیاتر بۆ خۆیانو بۆ خەڵکی شیرینئاوا دەرکەوتبوو، کۆماری لێ دەرچێ کە وای دەزانی وانەکە تەنها بۆ جەمالوددینە. کۆمار لەخۆی بایی ببوو چونکە دەیزانی دەستی خستۆتە سەر گەنجینەیەکی هێزی بەهێز: وڵاخە زرێدراوەکانی شاخان.

شیرینئاوای ئەو رۆژانە هەمووی لەپەیوەندیدا بوو، ئاو و هەوای، بازرگانییەکەی، حەوتی گەورەو حەڤدەی بچووکی، خۆیو یەك دوو گەورەی حەوتی گەورەی تەڕاییو وشکایی، خۆیو دراوسێی رۆژهەڵاتو رۆژئاواو باکوور. هەموو شتێکی شیرینئاوا پەیوەندی بوو بەڵام شیرینئاوا کەمتر دەرکی بەوە دەکرد. شتەکانی شیرینئاوا پچڕپچڕ بوون، لاشەی تەنیا تەنیا، رووداوی زۆر، یەك گەورە، یەك بچووك، کەسیش نەبوو پێکەوە گرێیان بدات، دوو وشە بۆ رووداوی گەورە، قسەی زۆر بۆ رووداوی بچووك. فەوزاو ناڕێکی، پیاوی هەڕەمەکی لەشوێنی هەڕەمەکی، زەحمەت بوو زنجیرەیەك رووداوی رێك لەو پەرشوبڵاوییە دروست بکرێ.

لەو رۆژانەدا سوێندی قورس خورابوو کە تاسەر جەنگ بکرێ بەڵام کتوپڕ باسی ئاشتی کرا.

بڕیار درا نوێنەرانی حەوتی گەورە کۆببنەوە، بۆ دوورخستنەوەی لۆمەش ئەگەر ئاشتی سەرنەگرێ، حەڤدەی بچووکیشیان بانگ کرد. پاش زیاد لە پێنج ساڵ شەڕو ململانەش هەمووان بۆ یەکەم جار لەسەر خوانێك کۆبوونەوە. گۆڕەپانی (شیرینئاوای سەروەر)و جەماوەرەکەی ئامادە بوون بۆ بینینی ئەو بیستوچوارە.. شتەکانیش گۆڕابوون:

**–هەر ئالآیان دروست دەکردو بەرزیان دەکردنەوە تا شیرینئاوایان کردە خانەی خوێن و فەوزا.**

**–مەوعیزە دەبیستم! حەزت لە ئالآی زۆر بوو، بەساردییەوە تەماشای خوێنو ئاژاوەت دەکرد، خوێنو ئاژاوە لای تۆ بابەتی لاواندنەوە نەبوون بەڵکو فەلسەفەلێدانو قەڵەمکاری.**

فەرهادی دوو قۆڵی لەسەر سنگی لێك ئالآند:

**–ئەوەی لەهەموو تەمەنمدا فێری نەببووم، حەوتی گەورە لە پێنج ساڵدا فێریان کردم. من فێر دەبم ئازیزم بەڵام تۆ نەك تەنها خاوەنی نمرەی سفری بەردەوامی لەمێژوو بەڵکو لە ئێستاشدا سفر نمرەی شیاوتە. بەڵام تا ئێستا کوڕەکەی جارانم ئازیزم. با تا دەستیان ماندوو دەبێ لەیەکتر بکوژن، شتێکم هەیە قسەی لەسەر بکەم. جارێ نەبوومەتە کەسێکی ئاسایی وەك بەڕێزت تا بەخەفەتەوە باسی خوێنو ئاژاوە بکەم.**

**–وس بە! چوونە سەر سەکۆکە.**

**–قسەکانیانم لەبەرە، یەك وشەم لەبیر نەچۆتەوە.. هەموویت پێ بڵێمو یەك پیت نەپەڕێنم؟**

**–با ئەوان بیڵێن، نۆرەی تۆ نەهاتووە، کە هات شتی خۆتم پێ بڵێ نەك هی ئەوان.**

حەوت نوێنەری حەوتە گەورەکە بەیەك ریز چوونە ناو بالکۆنە بەرزەکەی جاران، حەڤدەی بچووکیش بەدوایاندا

چوونو ریزی دووەمی پشتەوەیان دروست کرد. قسە بۆ جەماوەر دەست پێکرا، هەر وشەیەك دەوترا فەرهادی لەبەرخۆیەوە پێش ئەوان دیوت، ئینجا خۆی پێ نەگیراو بەرزتر گاڵتەجارییەکەی وت:

–چەند جوانن! خڕو بچکۆلە، بچکۆلەو خڕ، ئەمانەن رووی گەشی شیرینئاوا پیشانی جیهان دەدەن.

–مەیکەرە مەسخەرە، ژیانو مردنی شیرینئاوا لەدەستی ئەمانەدایە.

فەرهادی لچی هەڵقورتاند:

–دڵنیای؟ رەنگە مردن، بێگومان نەخێر بۆ ژیان، تەنانەت گومانم لەمردنیش هەیە، ئەمانە....

فەرهادی تەواوی نەکردو وازی لەهاورێکەی هێنا بێ تەشویش تەماشا بکاتو ببیستێ.

خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە بەڵام هێندەی دوائاهەنگی گشتیی گۆڕەپانەکە نەبوون. حەوتی گەورە نوێنەریان ناردبوو، فەرهادی دەیزانی گەورەکان نەهاتن تا تووشی ئیحراجیی تەوقەکردن نەبنو ئەو ئیشە نەگریسەیان بە نوێنەرەکانیان سپارد. گەورەکانی حەڤدەی بچووکیش بۆ خۆیان هاتبوون، زۆرکەم دەرفەتی وایان بۆ دەرەخسێ.

–ئەو دوانە.. رقم لەو دوانەیە.

–خۆت نەگرت؟ کامیان؟ خۆ کەسیان لەوەی تر جیاناکرێتەوە.

–وایە، دەبوا ئەو دوانە زۆر جیابوونایە، ئەو دوانەی ریزی پشتەوە، تەنها سەریان دیارەو لەخۆشیا یان نازانم لەچیدا پێدەکەنن.

فەرهادی دڵی خۆش بوو برادەرەکەی بە دووبارە قسەکردنی کەمێك بێزار بوو نەك زۆر، وەکو منداڵێکیش مۆڵەت لە برا گەورەکەی وەربگرێ بەشەرمەوە لێی پرسی:

–قسە بکەم؟ لێت تێك ناچێ؟

هاورێکەی هەر تەماشای پێشەوەی دەکرد:

–نەخێر! بۆ نایکەی؟

ئینجا قوڵپی بورکانی کولاَوی گاڵتەجاری:

–بەدەست خۆم بوایە ئەو دوانەم لەو سەکۆ بەرزەوە فرێدەدایە خوارەوە تا بزانم دەتوانن دوای ئەوە پێبکەنن.

–دەزانم تۆ بایەخێکی کەمت بە حەڤدەی بچووك داوە بەڵام دیارە لەبەر بیروباوەڕ رقت لەو دوو بچووکەیە.

–نەخێر! لەبەر بیروباوەڕ نا، بەڵکو لەبەر بیروباوەڕ!

–کاتو شوێنی مەتەڵ نییە، روونی نەکەیتەوە بیری لێناکەمەوە.

–کاتت نییە، عەقڵیشت یارمەتیت نادات. گوێ بگرە، ئەو دوانە وەکو رەشو سپی لەیەك دوورن ، بگرە دوژمنی یەکتریشن، لەوانەیە.. نازانم.. بەڵام هەردووکیان یەك قسە دەکەن، هەردوکیان دەڵێن: رۆژێك بوو بیروباوەڕەکەمان لایەکی جیهانی لەژێردەستدا بوو.

–وایە.

–وەڵام مەدەرەوە، دەزانم وایە، تەنها گوێگرتنم لە تۆ دەوێ. پاڵ مەنێ، نابینی ئەم زەلامەی کە منی لە تۆ بەرێزترە لەبەردەمتدا وەستاوە؟

–پاڵم نەناوە.

–تۆ نا ئازیزم، یەکێك لەو پۆلە گامێشەی پشتمان، پاڵەپەستۆ دەکات بۆ بینینی بیستوچوار خڕی بچووکی سەر سەکۆ.

–تەواوی بکە.

–چەند باسی بکەین تەواو نابێ بەڵام دەبێ هەوڵ بدەین. ئەو دوانەی ریزی پشتەوە کە بەپشتەوەی نوێنەرانی حەوتی

گەورە دڵیان خۆشە دەڵێن، بێگومان لە کات و شوێنی تردا چونکە کات و شوێنی ئەم کات و شوێنە بەکەڵکی ئەو قسەیە نایەن.. سەری دەزووەکەم ون کرد، کەمێك چاوەڕێ بە تا دەیهێنمەوە.. ئێ! ئەوانە دەڵێن رۆژێك بوو ئاڵاکەمان بەسەر لایەکی جیهاندا دەشەکایەوە بەلآم دەبینی ئێستا چەند بچووکن.

–بچووکن.

–نەك تەنیا بچووکن.. زۆر بچووکن.

–زۆر بچووکن.

–بەلآم بۆچی؟

–بۆچی؟

–چونکە هەر ئەوەندەیان پێدەکرێ.

–هەر ئەوەندەیان پێدەکرێ.

–بەلآم بۆچی هەر ئەوەندەیان پێدەکرێ؟

–بۆچی هەر ئەوەندەیان پێدەکرێ؟

–پاڵ مەنێ.

–پاڵم نەناوە.. ببوورە، تەواو.. زانیم.

–بەلآم من نازانم، رەنگە خۆشیان نەزانن، رەنگە حەز ناکەن زوو گەورە بن، رەنگە شەرم بێ، رەنگە ترس بێ. تاقەتت لەو کەربازاڕە نەچووە؟ من هیچم بۆ نووسین هەڵنەکڕاند، چەندساڵێکە کەریەتییەکان دووبارە دەبنەوە، منیش حەز ناکەم نووسینەکانم دووبارە بکەمەوە. تۆ کە پاڵ دەنێی، وەرە جێگەکەم، شایەنی بەرێزتە.

ئاوڕیدایەوە:

–پاڵ دەدەی تۆ؟ دەدەی پاڵ بۆچی؟ پاڵ با.. ش.. نیـ.. .. یە..

–بجووڵێ با پاڵ نەنێم.

–پاڵەپەستۆش؟ بۆ کێ؟ کێی بینیوە چاوت؟ چاوی تیژت.. مەسیحی دەججال؟ بیستوچواری خڕ.. بچووك، پیرۆزە.. بۆ تۆ.. هەموویان.. ٢٤.

بەپەنجە ژمارەکەی لەسەر سنگی ئەو کەسەی نووسی کە پاڵی پێوە دەنا. لەشوێنەکەی ترازا تا رێگەی پێبدات بچێتە پێشتر:

–خڕی بچووك.. وەستاون.. حەڤدەی بچووك.. خڕ.. پشت نوێنەرانی حەوتەکە.. حەوتی خڕی بچووکی حەوتی خڕی بچووکی گەورە! بێدەسەلآتی تۆیت.. بەرجەستەیە.. دەیبینم..پێدەکەنی؟ سەکۆ سەکۆ.. ئەو سەکۆیە نا.. تەنیا تەنیا.. لەوبەرەوە.. هاوار هاوار.. هاوار بێ: وام لێرە لێرە.. جیهانم هەژاندبوو.. ئەوسا.. ئەوسا بوو.. ئێستاش منم.. هەر منم.. کوڕی جاران.

دەیزانی وا ناکاتو هەر لەڕیزی پشتەوە دەمێنێتەوە:

–بۆیە دەچمەوە.. ذا بۆ ناو شار.. بۆ چیا.. بۆ چیا.. مازوو مازوو.. چیا چیا.. حەوت بەرد.. دەیانگرمە تۆ.. لەدوورەوە.. دەیانگرمە تۆ.. خۆم.

پێکەوەو لەیەك کاتدا، هەر یەك لەلایەکی گۆڕەپانەکەوە پشتیان کردە سەکۆکەو قەرەباڵغییەکەیان بۆ خاوەنەکانی جێهێلآ. کەسیان کاغەزی پێ نەبوو، ئەوی تریان کاغەزەکانی بیرکەوتەوە: راپۆرتی سیخوڕی پادشایەك ((**پادشایەك** نییە بەتەنیا خۆی بەهێز بێ. دە یان پانزە پادشا شوێنی حامورابی، پادشای بابل، کەوتوون. هەمان ژمارە شوێنی ریم سین، پادشای لارسا، کەوتوون. هەمان ژمارە شوێنی ئیبال پی ئێل، پادشای ئێشنوننا، کەوتوون..))، راپۆرتەکە

**درێژترە، هەمووی بیر نەکەوتەوە: ((ناویان ماوە.. تەنیا گەورەکان.. تەنیا حامورابی.. ریم سین.. بچووکەکانیش رەنگە.. ناڵێ راپۆرتەکە.. چییە ناویان؟ ناڵێ.. کەی دەیڵێ؟ گەورە بن.. گەورە بن.. با بیڵێ)).**

رۆشتو سەرکەوت. لەسەر چیای مازووەوە تەماشای شارەکەی کردو بیری لە پیاوی سەر سەکۆکە کردەوە کە ناتوانێ بەلای کەمەوە یەك لە گەورەکان بێ.

دوو ساڵ بەسەر رۆژی بیستویەکی مانگی تۆزوغوباردا رۆشتووەو چەند مانگێکە شەڕ وەستاوەو ئومێدی وەستانێکی درێژتری هەیە، لاوەکەش ئومێدی لاوازتر دەبێ بە پیاوە بچووکەکەی سەر سەکۆکە، بەڵام نەیتوانی نەفرەتی لێبکات، نەیدەتوانی نەفرەت لەخۆی بکات. لاوەکە رووی دەکردە سەرەوەو دەپاڕایەوە، پاش هەر پاڕانەوەیەکیش نەیدەتوانی نەگری، ئینجا سەری لە چاڵی نێوان دوو ئەژنۆیدا ونە، زەوی تێری لە فرمێسکەکانی خوارد.

# چلەی پاشەبەرەکەی شاخان

وەفدەکان بەسەر پایتەختی شاخاندا دادەبارین. وەفدی وڵاتان هەواڵەکەیان وا بیست: ((**رووداوێکی سەر ڕێگە پاشەبەرەکەی شاخانی بردەوە**)). سیخورەکانیشیان وردتر هەواڵەکەیان بۆ ناردن: ((**کۆرپەلەکە لەگەڵ خاڵە سەرخۆشەکەیدا بوو. خاڵەکەش کچێکی لەباخەڵدا بوو**))، بەڵام چیرۆکە رەسمییەکەی شاخان پڕ شکۆمەندی بوو؛ پاشەبەرەکەی شاخان‌و خاڵەکەی بوونە قوربانیی خاکی پیرۆزی مەزنانگە.

شاخان بڕیاری دا ماتەمینییەکی گەورە ساز بداتو بۆ خێزانەکەی بسەلمێنێ کە دەتوانێ هەواڵی ژنهێنانی دووەمی بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بکات.

لەڕێگە بۆ کۆشکی پادشایانە، وەفدەکان هەزاران پەڕۆی رەشی خەفەتو حەسرەتیان دەبینی، هەندێ لەو وەفدانە بەو خۆشەویستییەی خەڵك بۆ شاخانەکەیان سەرسام ببوون‌و ددانیان لە خەڵکەکەی خۆیان جیڕ دەکردەوە کە هێندە رقیان لە پادشاکانیانە ئەمان ناتوانن تەنانەت بە شمشێریش خۆشەویستییان بەسەردا بسەپێنن. بێگومان هەندێکی تر لەو وەفدانە دەیانزانی بەشی هەرە زۆری ئەو پەڕۆ رەشانە لەسەر نووکی شمشێرو کوتەك هەڵواسراون.

شاخان یەك یەك پێشوازیی لە وەفدەکان دەکرد، هەر یەك لەمانەش توێژاڵێکی ئەستووری تەوازوعی بەسەر رووی شاخانەوە دەبینی‌و وای دەزانی ئەمە لە خەفەتی کوڕەکەیەتی، بۆیە دیمەنێکی سەیر نەبوو کاتێك بینرا شاخانی خاوەن بەهرەی پێشەوایەتیکردنی مەزن بەتەوازوعەوە هەڵدەسێو پێشوازیی لەو پادشایە دەکات کە لووتی گەیشتبووە بنی ئاسمان، شتێکش لەوە سەرووتر.

ناوی وڵاتی ئەو پادشایە کورتو ئاسان بوو و بۆ لەبەرکردنی پێویست بە خۆماندووکردنێکی زۆر نەبوو، ناوی وڵاتەکە (نومیدیا) بوو. وڵاتی نومیدیا رۆژێکیان لەمێژوودا دەورێکی هەبوو، ئەگەرچی گەورە نەبوو.

پادشای نومیدیا وای باوەڕ بوو ئەو ناوە بۆ ئەو ناوبانگە شتێکی بچووکە بەتایبەت لەو رۆژەوەی ئەم بووە پادشاو وڵاتەکە لەسایەی ئەودا گەیشتە کەشکەلانی فەلەکی بنتەبەقی عەرشی خودای ئاسمان، بۆیە بڕیاری دا ناوی گونجاو بنێ لەو وڵاتەی بە خوداوەندە سەرزەوییەکەیەوە بەختەوەرە. لە رۆژی ئەو بڕیارە مەزنەشەوە ناوەکە لە نومیدیای رووتو بێواتاوە بووە (شانشینی هەلگری رێبازی ئالۆگۆڕکردن‌و گەلخوازی دادخوازی پێشکەتنخوازی مەزنی نومیدیا). دەشبوایە لە بۆنە رەسمییەکان، وەك ئەوەی ئێستا وەفدەکان بۆی کۆبوونەتەوە، ناوی تەواوی وڵاتەکە بوترایە؛ ناوی تەواو بێ بچووکترین هەڵە یان پەڕاندن. جارێك بێژەری وڵاتێك کە هێندەی نومیدیا بەختەوەر نییە وشەی دادخوازی لەبیرچووبوو، پادشای نومیدیاش نامەیەکی هەڕەشەی ناردو ناونەبردنی دادخواز بە نیشانەی گومانکردن لەهەبوونی دادپەروەری لە وڵاتەکە زانی، زیاد لە شەش مانگیشی ویست تا پەیوەندیی خراپی نێوان دوو وڵاتەکە ئاسایی بکرێتەوە.

لەو وڵاتانەدا دیپلۆماسییە قەڵەو و لاوازەکان دەیانزانی کە دەبێ ورد حساب بۆ وشەکان‌و تەعبیرەکان بکرێ‌و جاری وا بووە هەڵەیەکی بچووك کارەساتێکی گەورەی بەدواوە دەهات، لەبەر ئەوەش بوو کاری بێژەری زۆر قورس

بوو و بێژەران زەحمەتێکی زۆریان دەبینیو دەبوایە زۆر ئاگاداری وشەکانو ئاوازی وتنەکەو زەردەخەنەو رووگرژکردنو بەرزکردنەوەی سمت بۆ پشووی بڕبڕەی پشت بوونایە.

بێژەرانی وڵاتی نومیدیا لەهەمووان نارەحەتتر بوون چونکە ئەوان لەجەرگەی ململانێی وشەکاندا بوون. دەبوا لە هەواڵەکاندا بەردەوام ناوی تەواو بڵێن: شای رێزداری وڵات، جەنەراڵی تەمەندرێژ، شای شانشینی هەڵگری رێبازی ئاڵوگۆڕکردنو گەلخوازی دادخوازی پێشکەتنخوازی مەزنی نومیدیا نامەیەکی وەرگرت لە شا فلانی وڵاتی فلان بەبۆنەی شۆڕشە مەزنەکەی سیویەکی مانگی رەزو میوە. جەنەراڵی تەمەندرێژ، شای شانشینی هەڵگری رێبازی ئاڵوگۆڕکردنو گەلخوازی دادخوازی پێشکەتنخوازی مەزنی نومیدیا ئەم نامەیەی لەرێگەی نێردراوی وڵاتەکەوە وەرگرتو نێردراوەکە سڵاوی شاکەی گەیاند بە جەنەراڵی تەمەندرێژو ئاواتەخواز بوو شانشینی هەڵگری رێبازی ئاڵوگۆڕکردنو گەلخوازی دادخوازی پێشکەتنخوازی مەزنی نومیدیاو گەلەکەی هەر لەخۆشیو پێشەوکەوتندا بن.. تا کۆتایی ئەو هەواڵەی عەزابی وتنەکەی کۆتایی نەدەهات.

شاخان بەشێوازێکی گونجا پێشوازیی لەو پادشایە کرد هەرچەندە لەناخیدا بەو پیاوە بچووکەی بەردەمی پێدەکەنی کە ئاوا لووتی رووەو ئاسمانە. شاخان فێر ببوو بەدەستی خۆی خزمەتی شای دەوڵەتێکی هەژار بکات کاتێ بەمیوانی دەهات، خۆی دەبووە لێخوڕی ولاخی، خۆی خواردنو خواردنەوەی بۆ دەگێڕا، دەشیزانی ئەو شایە تێدەگات ئەمە رێزو چاکەی شای دەسەلاتدارە نەك خۆبەکەمزانین، بەلام لەگەڵ شای مەملەکەتی دەوڵەمەندو بەهێز بچووکترین سنووری رێورەسمی نەدەشکاندو رێگەی نەدەدا شای دەوڵەمەند چەواشە بیو خۆی بەگەورەتر بزانێ. شاخان حەزی دەکرد ئەو خووە بشکێنێو ئەو پادشا سەیرە بێ خزمەت بمێنێتەوە، بەلام مەزنی مەزنانگە ئەمجارە لەخوار کەمەرەوە لێیدرابوو و بارودۆخەکە بۆ ئەو جۆرە تۆڵانە نالەبار بوو.

شاخان پادشاکانی بۆ گۆڕەپانی سەرکەوتنی مەزن بردو رێگەشی بەخەڵکەکە دا ئامادە بن. شاخان مەبەستی بوو وەفدەکان خۆشەویستیی گەل بۆ پادشاکەی ببینن.

جەماوەر گۆڕپانەکەی پڕ کردبوو، پاسەوانەکان داریان تێدەسرەواندن تا لەسەکۆی پادشایان دووریان بخەنەوە، ئەوان دووردەکەوتنەوەو دەگەڕانەوە. شانو پاشەڵی زۆر لێدران لەو کاتەی شاخانو میوانەکانی چاوەڕێی دەستپێکردنی رێورەسمی ئاهەنگەکە بوون. چەند خولەکێك مابوو کاتێك غەڵبەغەڵبێکی زۆر لەلایەکی لەبیرکراوی گۆڕەپانەکەوە هات، شاخان سەرێکی بۆ پاسەوانێکی لەقاند کە بچێ بزانێ چی قەوماوە. غەڵبەغەڵب بەردەوام بوو پێشو دوای رۆشتنی پاسەوانەکە. ئەو گەڕایەوەو گوێی شاخان بۆ چرپەکەی ئامادە بوو. شاخان بیستیو بەئەسپایی بڕیارێکی کورتی ئاسایی دا: ((با بێت)). شاخان ئاوڕی بۆ میوانەکانی دایەوەو بۆی روونکردنەوە:

**–ئەم هەرایە پیاوێکی خەفەتبار ناویەتی، چەند ساڵێك لەمەوبەر کوڕەکەی لە بەرەدا ببووە یەکێك لە گیانبەخشەکانو ئێستا دەیەوێ نزیکمان بوەستێ منیش رێگەم پێ دا.**

هەنسکێك لە شاخان دەرچوو و هەموو میوانەکان بە یەك زمانو یەك دڵ لەناو دڵیاندا وتیان دەستکردە. هەندێکیان لە یادە جۆراوجۆرەکاندا هەنسکی زۆریان لەو جۆرە هەڵکێشابوو. شاخان بەردەوام بوو:

**–ئەمە کەمترین وەفایە بۆ گیانبەخشەکانمان نیشانی بدەین، من هەست بە ئازارەکانی باوکانی گیانبەخشانی میللەت دەکەم بۆیە هەستی باوکێکم هەیە کوڕەکەی چۆتە ریزی گیانبەخشان.**

میوانە زیرەکەکان زانییان دەبوایە قسەکە بەپێچەوانەوە بوایە بەڵام زەرووڕەتی خۆنواندن وای پێویست کرد شاخان قسەکەی وا بهۆنێتەوە. ئەو میوانانەی گوێڕایەڵییە ناچارییەکەی رەعیەت دەبەنگی کردبوون لە هەڵەکەی شاخان تێنەگەیشتن‌و لەتێگەیشتنی میوانە زیرەکەکانیش بێئاگا بوون. یەك لەو میوانانەی زیرەکییان مامناوەندی بوو خۆی بەسەر گوێچکەی هاوڕێکەیدا لار کردەوە، ویستی دەمی زۆر نزیك بکاتەوە تا کەس گوێی لێ نەبێ، خەریك بوو گاز لەگوێچکەی بگرێ، فریای ددانەکانی کەوتو لەجیاتی ئەوە دوو کەوچك تفی تێکرد:

**–پیپیپ... هەر شایەك لەئێمە پێویستی بە مردنی رۆڵەیەکی هەیە تا هەست بە ئازارەکانی میللەت بکات.**

لەزەتی تێبینییەکە تەڕاییەکەی لەبیر ئەو هاوڕێیە برد، بۆ خاوەن چرپەکەی راستکردەوە:

**–مردنی رووت نا، چوونە ناو ریزی گیانبەخشان! لەبیرت نەچێ کوڕەکەی شاخان نەمردووە، چۆتە ریزی گیانبەخشان!**

دوو پادشاکە راست بوونەوەو بێدەنگ بوون، وەکو باقی شاکانی تریش دەستی چەپیان بەدەستی راست گرتو هەردوو دەستیان خستە نێوان بەرو ناوکەوە. بێدەنگییەکی تەواو بوو؛ رێوڕەسمە پڕشکۆکە دەستپێکرد. دەنگێکی بەرز وەکو شەپووری زیندووکردنەوەی مردووان سەکۆی پادشایانی لەرزاند. دەنگەکە داوای لەهەموو کرد، هەموو بێ جیاوازی، دەقیقەیەك بۆ گیانی ئەو گیانبەخشانە بوەستن کە لەمەیدانی شەڕەفدا کەوتبوون.

لەو کاتەدا کوڕی گەورەی شاخان گەیشت، کوڕی شاخان تەماشای باوکە خەفەتبارەکەی کردو نەیتوانی بزەی پێخۆشبوون بشارێتەوە. شاخان بەلاچاو تەماشای کرد، بزە بێئابڕووەکەی بینی. گومان پێش خەفەت کوشتبووی:

**–تۆ بڵێی ئەوان بووبن؟ بەڵگەم نییە، بەڵام تۆ بڵێی ئەوان نەبووبن؟ هەر کەسی تر بوایە جگەلەوان بەبێ بەڵگەو دادگا گۆڕەکانی تا حەوت پشتم هەڵدەدانەوەو تا حەوت وەچە زیندەبەچاڵم دەکردن.. تەنها بە یەك گومان، بەڵام ئەمانە میراتگری خۆمان.. میراتگری خۆم.. وەیوۆوۆوووویییییی..**

نەیزانی بە چ زمانێك ئەو وشەیەی حەسرەتی وت، وتی لەوانەیە زمانی پڵنگەکان بێ. ئەو رۆژانە ناڵەی پڵنگی بریندار ببووە پەردەیەکی دەنگ بۆ پشتی ئەو وێنانەی دەهاتنە پێش چاوی.

تەرمی کۆرپەلەکە لەسەر جادەکە کەوتبوو، تەرمی کچێکی لاوو لێخوڕەکەش لەتەنیشتی، بەڵام خاڵەکە دیار نەمابوو. خەڵکی گوندە نزیکەکە بە دەستو قاچ بەستراوەوە بۆ لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوە بران. ئەوانەی ئەو سێ کەسیان بینی بە گوندەکەدا تێدەپەڕین هیچیان نەدەزانی. هەندێکیان وتیان خاڵەکەیان بینی باوەشی بە کچەکەدا کردبوو. خەڵکی گوندەکە لە زینداندا بەهەڵواسراوی ژەمە نارێكو ناوەختەکانی لێدانیان دەخوارد کاتێك تەرمی خاڵەکە دۆزرایەوە. تەرمەکە لەناو توورەکەیەکی سپیدا لە روبارەکەدا دۆزرایەوە. خەڵکی گوندێکی خوارتر تەرمەکەیان دۆزییەوەو چاوەڕێی خەڵات بوون بەڵام شاخان بیستوچوار لاوی گرتن، بیستوچوار بە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی خاڵەکەو بەبەرچاوی بەختەوەرانی گوندەکە کە ژیانیان پێ بەخشرا تیربارانی کردن.

هەرچی تۆڵە هەبوو نەیدەتوانی خەفەتی ئەو گومانە بڕەوێنێتەوە. حەزی دەکرد پەنجە گەورەکانی لە قوڕگی کوڕەکەیدا بچەقێنێ‌و هاواری لێ بکات: ((**کاتێك بۆ هەیبەتی خۆم‌و خۆتان خەریکی جەنگ بووم منداڵێکی دەستکردی منت کوشت**)).

نۆبەرەکە جێگەی بۆ کرایەوەو ئامۆزایەکی ویستی دەوری چاکەخواز ببینێ، ئەگەر نەشکرا ئاژاوەگێڕ:

**–پادشا هەواڵتی دەپرسی، لەم رۆژەدا باوك پێویستی پێت بوو.**

نۆبەرکە لووتی بردە حەوا لەگەڵ زەردەخەنەیەکی سەرکەوتن، زمانی لەناو دەمیدا جووڵاند وەك پاشماوەی

خواردن بەو زمانە لابەرێ:

**–کارێکی پێویستترم هەبوو، هەندێ وەرزشەوان هەبوون بۆ مەزنانگەم تەمێ کردن.**

ئامۆزا تێنەگەیشت، وایزانی بە هێما قسە دەکات، بەڵام نۆبەرەکە نەیدەزانی زمانی هێما چییە، هیچ کاتێکیش پێویستی بەوە نەبوو بە هێما قسە بکات. نۆبەرەکە روونتری کردەوەو ویستی ئامۆزاکەی ماسولکەکانی جوانتر ببینێ:

**–دەزانی ئەو گەوادانە یارییەکەیان بە وڵاتێکی گەرو نابووت دۆڕاند، منیش مووی سەری هەموویانم تەختی پێست کرد. بۆ یەك مانگ لە ژێرزەمینێکدا دیانهێڵمەوە، بۆ یەك مانگ دەبێ رۆژانە شەق لە تۆپێکی بەرد هەڵبدەن، ئەو کەسەش خاوەخاو بکات قامچیی یاساوڵ قوڕمیشی دەکاتەوە.**

ئامۆزاکە هەستی کرد گەیشتۆتە زەوییەکی پڕ تەقەمەنی، لەوە زیاتر نەیدواند. هەردوو بێدەنگ وەستان‌و تەماشای پێشەوەیان کرد.

وەفدەکان هەموو بەپێوە وەستاون، جووڵە سفرە، بێدەنگییەکی بێخەوشە، پانزە چرکە تێپەڕیوە. لەناکاو پرمەی پێکەنینی وەفدەکان کەشوهەوای بێ هەوای شێواند. رەنگی شاخان رەشتتر بوو و میوانەکان شەرمەزاریی خۆیان خواردەوە. شاخان چاوی گێڕاو هۆی پێکەنینەکەی دۆزییەوە. پیاوە خەفەتبارەکەی بینی بە لاری وەستاوە، دەستی راستی بۆ خوارەوە شۆڕ کردبووەوەو ئەژنۆی راستی نووشتاندبووو زمانی شۆڕ ببووەوەو لە دەمی هاتبووە دەر. ئامێرەکانی پەخشی رەنگودەنگ ئەو دیمەنەیان وەکو خۆی نەقڵ کردبوو، دەبوا شتێك بکرایە بۆ گەڕاندنەوەی ئابڕووی تکاو. شاخان هاواری لێکرد غار بدات، کابرا بە لەقەلەق پەلەی کردو گەیشتە بەرامبەر شاخان:

**–بۆچی ئاوا دەوەستی؟ ئاوا رێز لە گیانبەخشان دەگری؟ ئاوا رێز لە کوڕەکەت دەگری؟**

ئامێری پەخشی دەنگورەنگ هەموو شتێکیان بەئەمانەتی گێلەکانەوە گەیاندە خەڵك. خەڵك بیستی‌و بینی، پیاوە گەورەکانی کۆمەڵەی میراتگرانی مەزنانگەش کە ئەو کاتە میوانی شیرینئاوا بوون بینییان‌و بیستیان، پیاوەکەشیان بیست کە وەڵامی دایەوە:

**–ببوورە پادشا، بەڵام ئەمە وەستانە گونجاوەکەیە.**

هەر خۆی‌و ئەو پیاوە بوونایە کێشە نەدەبوو؛ بێ وتنی یەك وشە دەیکردە بەشی ژەمی چێشتەنگاوی سەگەکانی کۆشك، بەڵام ئێستا نیوەی جیهان لەو شوێنەدایە، ئامێری پەخشی هەواڵیش بەدەست ئەوانەوەیە کە بێ فەرمانی شاخان ناتوانن پیشاندانی کارەساتەکە بوەستێنن، نەشیاندەزانی کارەساتە؛ رەنگە نمایشێك بێ لە ئامادەکردنی شاخان، بەڵام لای شاخان وا نەبوو؛ ئابڕووچوونێکی بێ غەلوغەش بوو. سەرەڕای توورەبوون شاخان بەچاو لە پیاوەکە پاڕایەوە تا لەبەردەم میوان‌و خەڵکدا بڵێ شێتم، خەریك بوو بەدەم لێی بپاڕێتەوە، پیاوەکە زمانی چاوی نەدەزانی، شاخانیش ددانی بەخۆیدا گرت، قسەیەکی پێ بوو زانی لەوەوە دەربچێ بێهێزە، بەڵام هەر وتی:

**–شێت بووی؟ بەڕاستی شێتی، عاقڵ ناڵێ ئەوە وەستانی گونجاوە.**

**–پادشای بەڕێز شێتی بەهرەیە، شێتەکان دەزانن کە تۆ باسی گیانبەخشانی میللەت دەکەی بەڵام کەسانێك هەن مردنی ئاسایی مردوون، بۆ نموونە لە ولاخ بەربوونەوە....**

شاخان زانی ئەو پیاوە پیسابییە، خۆیشی نەزانە چلکە بەدەستەکەیە، چلکەکەی فڕێداو تا لەوە زیاتر نەیشێوێنێ هاواری کرد:

**—بێدەنگ بە!**

**—پادشا..**

کەڵکی نەما، کەڵبەکان دەرنەکەون مێژوو قسەکانی پیاوەکە دەکاتە وتەی نەمر:

**—وتم بێدەنگ دەنا زمانت لەبنَدا دەردەهێنم.**

**—پادشای بەڕێز! من باسی کوڕی خۆم دەکەم، کوڕەکەم بە ڕووداوێکی ئاسایی گیانی لەدەست دا، وەستانە لارەکەم لەبەر ئەو بوو، لا خوارو شۆڕبووەکەی لەشم بۆ کوڕەکەم بووو لا قنجو ڕاستەکەم بۆ کۆڕەکەی تۆو خاڵەکەی بوو. پادشا من وەك ئەو خەڵکەی ناو گۆڕپانەکە قسە ناکەم، دەزانی ئەوان دەڵێن چی؟**

شاخان هاواری کردەوە:

**—نەخێر نامەوێ بزانم.**

لەناو دڵیدا پاڕایەوە: ((**توخوا!**)). پیاوە جەرگسووتاوەکە تەنها دەنگی دڵی خۆی دەبیستو سوور بوو ئاغاکەی بزانێ:

**—ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی جوانەمەرگ کوڕی شاخانە دەبێ مردنە ئاساییەکەی بکرێتە گیانبەخشین هەتا ئەگەر زەرنەقووتەش بێ، ئەوان خراپتریش دەڵێن، گوایە دەبێ هەموو لەخزمەتی شاخانە بچووکەکان بێنو تا حەوت سەدەی شاخانی مەسینە هەڵگریان بێن، ئای چەند نەگریسو مونافیقن!**

دەموچاوی شاخان بووە ئاسمانێکی پڕ هەوری شەڕانگێز، کاتی گونجاوی تەرزەبارین بوو، بەڵام خراپترین شوێنی بوو، تاریکیو بروسکە زۆر بەردەوام بوون، لەکۆتاییشدا تەرزەکە لەناو هەورە ڕەشەکاندا گیری خوارد. جەژنی میوانە حەسوودەکان بوو، میوانەکان بەزەحمەت زەردەخەنەکەیان بۆ شاردرایەوە، هەندێکیان دەستەسڕەکەیان دەرهێناو کون نەما لە دەموچاویان بەپاککردنەوەی خۆیان پێ مەشغووڵ نەکەن، هەندێکی تر تەماشای ئاسمانیان دەکردو سەرسوڕمانی خۆیان لەگەرمایی ئەو ڕۆژە دەردەبڕی کە وایانزانیبوو ڕۆژێکی ساردە.

کۆمەڵەی میراتگرانی مەزنانگە چەپڵەیان لێدا، ئاگاشایان لەو تۆپبارانە نەبوو کە لەلوتکەکانی ئەوبەرەوە دەستی پێکردبوو و ئاراستەی سنووری شیرینئاوا دەکرا، لەناو شارەکانی مەزنانگەشدا کە هەمیشە پاسەوانەکانی شاخان بەناویاندا دەگەڕان نەیارانی شاخان هێندەی متمانەیان بەیەکتر هەبوو هەرای خۆشیو چەپڵەیان بوو، فەرهادی یەکێکی خەڵکی شیرینئاوای بینی گەرمتر لەوانی تر چەپڵە لێدەدات، فەرهادی لەدەفتەرەکەیدا نووسی:

**—جوانە! جوانە شێتە گیان، ئەمڕۆ پڕ شیرینئاوا پاڵەوانە، ڕۆژێك دێ پرسەو چلەو ساڵانە دەبینی بۆ پاڵەوانانێك کە هەموویان پاڵەوان نین، بەڵام لەکوێ شێتێك بهێنین وەکو شێتەکەی شاخان بە لاری بوەستێ؟**

# تۆڵەی فەیلەسووف

ماوەیەکی زۆر بوو بێنەوا نەچووبووە سەر شانۆ. ئەمجارە بانگ کراو فەرهادی بەتایبەتی لەبەر ئەو ئامادە بوو. هاتنی بێنەوا خوێی ئاهەنگی پێشکەشکردنی چەند بەهرەیەکی نوێی دونیای شیعری شیرینئاوا بوو. بێنەوا توانی وەکو جاران هۆڵەکە بخرۆشێنێ بەڵام تەنها فەرهادی هەستی بەوە کرد دەموچاوەکان گۆڕاون، جۆری ئامادەبووان جیاواز بوو لەوەی سالانی پێشوو. زوو لاوانێك دەهاتنو خۆیان بە بیستن گەرم دەکرد، ئەوانە ئێستا لەدەرەوەی هۆڵەکەدا زۆرانبازی لەگەڵ سەختیی ژیاندا دەکەن. زۆر لەوانە چوونەتە ئەو خاکەی خۆر کەم دەبینێ. جیهانێك گۆڕاوە بەڵام بێنەوا هەر خۆیەتی. ئامادەبووان لەجاران کەمتر بوون ، شیعر نەیدەتوانی ژمارەی جاران لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە: **((خەڵك لەدونیای شیعر دەرچوون بەڵام هێشتا نەچوونەتە دونیای فیکر، لەو بەینەدا دەڕۆنو لەوە ناچێ پەلەیان بێ))**.

فەرهادی لەسالانی دواییدا ئەوەی زۆر دەوتەوە، کاتێکیش هاوڕێیانی ئەو هەموو نووسینانەیان دەخستەوە یاد کە فیکریان کردبووە بابەت لچێکی هەڵدەقورتاندو دەیوت: **((هەموو بڵقی سەر ئاوی تەشتێکی گەورەی حەمامێکی دەرگا قەپاتن، دووبارەکردنەوەی ئەو قسانەن کە خەڵکی تر دەمێکە وتوویانەو ڕەنگە خۆیان ئێستا لەبیریان چووبێتەوە، سەرباری بڵقو فڵقیش هەمووی سەقەتکراوو وەرگەڕاو، وەرگەڕاوو سەقەتکراو. ئەوانە باسی نێرەپیاوانی فیکرمان بۆ ناکەن، ئەوانە دەیانخەسێنن پاشان بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ئەتکیان دەکەن))**.

تا بێنەوا لەشیعرەکەی تەواو بوو فەرهادی گوێی بە گوێگرتن نەدەداو خۆی بە کاغەز باوەشێن دەکرد. شتەکانی ئامادە بوونو پێویستی بەوە نەبوو گوێ بگرێ. کاتێکیش بێنەوا دەستی ڕادەوەشاندو سیبەکانی دەگوشی بۆ ئەوەی وشەکانی بەهێزو پڕ زرمەو سەدا دەرچنو دەینەڕاند: **((تنۆك.. تنۆك.. تنۆك))**، فەرهادی لەژێر لێوەوە دەنگی دەدایەوە: **((پشقل.. پشقل.. پشقل.. سالانێکە زۆرە ئەو پیاوە دەبیستم پشقل دەژمێرێ))**.

بێنەوا تەواوبوو و چووە خوارەوە. فەرهادی تێبینیی کرد بێنەوا وەکو جاران دڵۆپێك ئاوی لە دۆلکەی سەر سەکۆکە نەهێشت، فەرهادی هەمیشە دەیوت: **((ئەو پیاوە نازانێ چی دەخوێنێتەوەو چی دەخواتەوە))**. هاوڕێکانی فەرهادی پێیان دەوت: **((تۆ موبالەغە دەکەیو ئەو ڕەقیبەت بەرامبەر بێنەوا بێپاساوە))**. فەرهادی نەیدەتوانی ڕقی خۆی لە بێنەوا بشارێتەوە، پاساویشی بۆ ئەو کینەیە نەدەدۆزییەوە، ئەو ڕقو کینەیەش هێندە گەورە بوونەیدەهێشت داسی گاڵتەجاڕییەکەی درەوی خۆی بکات. هاوڕێکانی هەستیان بەوە کردبوو.

نۆرەی بەهرە نوێکان هاتو ئارامیی فەرهادی کەمتر بووەوە، ئێستا نە هیچ دەبیستێو نە کەس دەبینێ. نەیتوانی بێزارییەکەی بشارێتەوە، کەوتە بۆڵەکردن، ئینجا کەوتە توانجدان لەو لاوە تازەپێگەشتووانە. هیچی نەدەبیستو هەر ئەوەندەی دەزانی کە هێندە بۆ گوێگرتن لەشتی بێمانا کە ناتوانێ گوێیان لێبگرێ دانیشتووە لەشی تێکشکاوە. جارێك پالی دەدایەوە، جارێك تر خۆی بەسەر دەسکی ڕاستی کورسییەکەدا دەدا، جارێکی تر بەسەر دەسکی چەپ.

لاوەکان تەواو بوونو نۆرەی قسەکردن لەسەر ئەو لاوانەو شیعرەکانیان هات، فەرهادی یەکەم کەس بوو بانگ کرا، یەکەم کەسیش نەبوایە خۆی هەڵدەدایە سەر شانۆو خۆی دەکردە یەکەم.

گورج هەڵساو بەرەو سەکۆکە رۆشت، گوێی لە ورتەورتی ئیعجابی ئامادەبووان بوو، لەو چەند چرکە کەمەی رێگەکەشی بۆ سەر سەکۆکە کاتی ئەوەی هەبوو رووبان تێبکاتو دەستێکی دۆستانەیان بۆ راوەشێنێو زەردەخەنەیەکی هاوڕێیانەیان پێشکەش بکات. گورجترو بێترس لەوەی پێی لەهیچ بگیرێ بەسەر سێ پلیکانەکەدا سەرکەوت، ئێستاش لەسەر شانۆکەدایە، هێندەی باڵای سێ پیاوی بەدەما کەوتوو لەلای دەستی چەپی مێزێکی درێژی نزم دانرابوو و سێ کەس لەپشتەوەی دانیشتبوون. فەرهادی رووی لە ئامادەبووانە، لەریزی یەکەمیشدا بێنەوا دانیشتووەو دووکەڵی جگەرەی فڕێدەداو رووی لەلایەکی تری هۆڵەکەیە: ((**بمزانیایە بیر لەچی دەکەیتەوە! نەخێر دەزانم، بیر لەهیچ ناکەیتەوە، گێژ گێژ تەماشای لای راست دەکەی‌و مێشکت لەهەموو شتێك بەتاڵە، پەڕەیەکی سپییە مەشرووبی خەست شتوویەتی، تەماشا چۆن پاڵی بەو کورسییە داوەتەوە، لووتی لە بنمیچەکەیە، بەدەستی راستی جگەرەکەی گرتووەو دەستی چەپی خستۆتە سەر دەسکی کورسییەکەو ئەنیشکی خەریکە دەچێتە ناو پەراسووەکانی کابرای تەنیشتی، بنباخەڵی کراوەتەوەو وەك قەلەموون هەوای تێچووە. قەحبایەتیشم کردبێ هەر دەبێ فشت بکەمەوە**)).

بەشی فوویەکی قایمی شەیپووری جەنگ سییەکانی لە هەوا پڕ کرد، فووی یەکەمی پیادا کرد:

–**لە شیرینئاوادا شتی سەیر دەبینین‌و شتی سەیرتر دەبیستین**.

ئامادەبووان زانییان فەرهادی شتێك دەڵێ وەکو شتەکان نییە، رەنگە بۆمبایەك بێ، هەناسەیان لەخۆیان بڕی‌و چاویان زەق کرد، لەشیان رەپ وەستاو گوێچکەیان شل کرد. فەرهادی هێزی ئامادە کرد بۆ شەڕێکی دەستەویەخە کە دەیزانی ئێستا روونادات چونکە لەگەڵ ئەو کەسەدایە کە فەرهادی دەیزانی ماوەیەکی دەوێ تا ئەو ژەمە هەرس بکات:

–**یەك لە شتە سەیرەکانی شیرینئاوا ئەوەیە لەو کاتەی قسە لەسەر گەورە کۆنەکان نەکراوە بەهرەی نوێی بچووك دەدۆزرێنەوە. ئایا وەکو پێویست قسەمان لەسەر گەورە کۆنەکان کردووە تا بزانین بەڕاستی ئەوانە هێندەی کۆنن ئەوەندەش گەورەن؟ بەڵام بۆچی گەورەکان یاخود گوایە گەورەکان بەم جۆرە بایەخ بە بەهرەی نوێ دەدەن؟ ئایا تا بیسەلمێنن بەپەرۆشن بۆ ئەو بەهرانە؟ ئایا تا بیسەلمێنن خۆپەرست نین؟ نەخێر! ئەو بەڕێزە گەورە کۆنانە دەست بەسەر شانی بەهرە نوێکان دەهێنن تا ئەو وەهمە بە خەڵك ببەخشن کە ئەوان وەکو کۆنیشن هەورەها گەورەن بۆیە بایەخ بەو بچووکانە دەدەن. بۆ سەلماندنی هەبوونی گەورە دەبێ بچووك هەبێ، ئەو بەڕێزانە بۆ ئەم مەبەستە نەك تەنها بچووکەکان دەدۆزنەوە بەڵکو دروستیشیان دەکەن**.

کەمێك وەستا تا هەناسەیەکی قووڵتر بداتو بوار بۆ غەڵبەغەڵبی ئامادەبووان خۆش بکات کە خۆشترین ئاوازی بوو. تەماشای بێنەوای کردەوە کە هێشتا رووی لەلایەکی تر هۆڵەکە بوو، سەری بۆ بنمیچ بەرز بوو: ((**ئێستا کاتی پەڕوباڵکردنتە**)). دەستی پێکردەوە:

–**حەز دەکەم ئێستا باسی یەك لە کۆنە گەورەکان بکەم.. کارم بە نوێ بچووکەکان نییە، یان لەوانەیە ئەگەر زۆرتر وردبینەوە دەبینین هەموو بە گەورەو بچووکەوە هەر بچووکن. با لەگەڵ یەك لەو گوایە گەورانەدا بمێنمەوە، مەبەستم ئەو بەڕێزەی گوایە گەورەیەو پێش نوێکان شتی خۆی وت.. بەڕێز بێنەوا**.

هۆڵەکە کپ بوو، بۆ سێیەم جار تەماشای بێنەوای کردەوە، ئێستا بێنەوا ئاوڕی بۆ داوەتەوە: ((**تەماشا! ئێستا کە ناوم برد ئاوڕی دایەوە، هیچ لەدانیشتنەکەی نەگۆڕاوەو تەنها ئاوڕی داوەتەوە، هێشتا پاڵی داوەتەوەو سەری بەرزکردۆتەوەو بەدەستی راستی جگەرەکەی گرتووە، دەستی چەپی خستۆتە سەر دەسکی کورسییەکەو ئەنیشکی خەریکە دەچێتە پەراسووی ئەوەی تەنیشتی. تەماشام دەکەی؟ ئاوڕت داوەتەوە؟ سوێند دەخۆم ئاگات لەهیچ نییە**)).

فەرهادی لەسەری رۆشت:

**–بێنەوای بەڕێز باسی شتی زۆر دەکات، باسی ئازادی دەکات، باسی دوژمنانی ئازادی دەکات، وەسفی پەپوولە دەکاتو وەسفی جانەوەر دەکات، بەڵام لەهەموو ئەو وەسفو باسانە نەمانبیست شاعیری گەورەی شیرینئاوا باسی کوژرانی مەحەمەدی دارتاش یان شکۆی حەمەلاو بکات، بەڵام نەخێر! بێنەوامان بیست شکۆ شکۆمەند دەکات بەڵام لەهەمان کاتدا نازناوی پاڵەوان بە بکوژی مەحەمەدی دارتاش دەبەخشێ گوایە خەباتکاری دێرزەمانە. بێنەوا لەگەڵ ئازادیدایەو لەگەڵ خێڵدایە، لەگەڵ قەڵەمەواناندایەو لەگەڵ سیخوڕەکانی خێڵدایە، بێنەوا نموونەیەکی گەورەیە بۆ هەموو گەورەکانو بچووکەکان.. ببوورە بەڕێز بێنەوا؛ بڕوا بە قسەکانت ناکەم، شیعرەکانیشت کارم تێناکەن، مەگەر کارێکی خراپ.**

واقوڕماوەکان کە یەکەم جارە هێرشێکی وای فەرهادی بۆ سەر بێنەوا ببیستن چاوەڕێیان کرد فەرهادی لە سەکۆکە بێتە خوارەوە، بەڵام فەرهادی هێشتا مابووی. فەرهادی شتی مابوو بۆ ئارەزووی پێستکەوڵکردنی ئاشکرا کە هەستێکی جەماوەری بوو کەم کەس وەکو فەرهادی دەیتوانی لێزانانە تێری بکات. لاوەکە کە چاو و چاویلکەی دەبریسکانەوە هەناسەیەکی دا بۆ هێرشێکی تر:

**–بەڕێز بێنەوا! تۆ شاعیری هەموو مەجلیسێکی، منداڵێك دەتوانێ بتورووژێنێو شیعرێکی گڕاوی دژی فڵانت پێ بهۆنێتەوە، هەمان منداڵیش دەتوانێ پاش چەند ڕۆژێك بۆ خۆشەویستیی ئەو فڵانە بتجووڵێنێ. بەڕێز بێنەوا! بەکورتی خۆت بە خێڵ فرۆشتووە دەنا بۆچی ڕۆژێك بوو دەتوت بەسە مرۆڤ پەرستن کەچی ئەمڕۆ پێمان ناڵێی مونافەسەی حەوتی گەورە گەیشتۆتە مونافەسەی نازناو و وێنە هەڵواسین؟ بەڕێز بێنەوا! گوایە ئاگات لێ نییە حەوتی گەورە لە بچووکترین ژووری بچووکترین دیوانی شیرینئاوا وێنەی خۆیان داناوە تا خەڵك بەردەوام ئاغاکانیان لەیاد بێ. حەوتی گەورە مونافەسەی بتە کۆنەکان دەکەنو لێیان بردوونەتەوە، خوداوەندە کۆنەکان یەکی پەیکەرێکیان لەهەر شارێکدا هەبووە، تۆ بڵێ هەر پەرستگەی شارێك پەیکەرێك، بڵێ دوو، بڵێ سێ، بەڵام گەورەکانی ئێمە دیوانەکانی شیرینئاوایان بە وێنە پڕ کردووە. من قسەی خۆم وتو حەز ناکەم وەك چۆن لە خێڵو بکوژەکانی و سیخوڕەکانی بێدەنگ بووی لەمنیش بێدەنگ بی.**

ویستی بڵێ: ((**خێڵ پارەی چڕو کحوولی خەستو کاری بێ ماندووبوونت بۆ دابین دەکات ئیتر بۆچی ئاگات لەجیهانی دەوروبەر بێو بۆچی قسە بکەی**)) بەڵام توند زمانی بە مەڵاشوویەوە نووساندو خۆشی نەیزانی چۆن نەیوت. چووە خوارەوەو حەزی نەکرد تەماشای کەس بکات. هەستی بەهیچ لەزەتێك نەکرد، ئاگاشی لە جەماوەرو تەعلیقەکانی نەبوو. پەست چووەوە شوێنەکەی خۆی. دانیشتو گوێی لە هاوڕێکەی بوو بەگوێیدا دەچرپێنێو سووکە سەرزەنشتی دەکات:

**–ڕەق بووی، زۆر ڕەق بووی.. ئێستا دەزانم! تومەز لەکۆنەوە حەسوودیی پێ دەبەی خێڵ بەو جۆرە خزمەتی دەکات..ئێستا دڵنیام حەسوودییە.**

فەرهادی دوو باڵی لەسەر سنگی لێکئالاند. چاوە بزێوەکانی وڕ ببوونو تەماشای دوورترین شوێنی شانۆکەیان دەکرد، وەك لەگەڵ خۆیدا قسە بکاتو بێئاگا لەوەی هاوڕێکەی گوێی لێدەگرێ وەڵامی دایەوە:

**–ڕۆژێکە لەیاد دەرناچێ، ڕۆژێك بوو ئەو گەورە بوو.. گەورە، منیش لە بچووکە نوێکان بچووکتر، ئێستا تۆڵەی خۆمم سەندەوە.. نازانم تۆڵەم سەندەوە یان نا، گرنگ ئەوەیە هەست دەکەم ئەوەم وت کە دەمێك بوو دەمویست بیڵێم، هەست دەکەم ئەمە تۆڵەی خۆم بوو، تۆڵەی خۆم لەو، بەڵام پێش ئەوە تۆڵەی خۆم لەخۆم، لە بچووکیی ئەو ڕۆژەم.. لەشتی تریش، زۆری تر.**

# خۆشەویست لە کۆشکدا

**–ئیلومی جیهانەکان! ئەو بوونەوەرە کەی بەهۆش خۆیدا دێتەوە؟**

بەسەر لای راستیدا بەسەر خۆڵی دەشتەکەدا پاڵکەوتبوو و دەیڕوانییە ئەو ئەستێرە تاکو تەرایانەی رووناکیی مانگی چواردە داینەپۆشیبوون. روانییە زەویی تەختی دەوروبەری کە رەنگی زیوینی مانگی گرتبوو:

**–لەزەوییە خامۆشەکە دەچێ، لەزەویی ساتەکانی پێش بێداربوونەوەی مردووان دەچێ، هاکە چەند ساتێکی تر دەنگ وهاوارو قەرەباڵغی پڕ بەم زەوییە بێ. ئیلی! کەی ئەو بوونەوەرە بەهۆش خۆیدا دێتەوە؟**

کاتی لەدایکبوونەوەیەکی نوێی کازیوەی ئاسمان نزیك بۆتەوەو خۆشەویست هێشتا نەنوستووە. ئەم بەیانییە وادەی لای پادشایە، دەبێ بۆ قسە ئامادەبێ، بەڵام پادشا چیی بۆ دەکرێ؟ ئەو فەرمانەکانی پادشایەکی گەورەتر بەجێ دەهێنێ.

خۆشەویست لەدەرەوەی شارەکەدا شەوی بردە سەر. ویستی لە باوکو دایکییەوە دوور بێ نەوەکو هەواڵەکەیان بیستبێ ئەویش ناچار بێ درۆ بکات، کە بۆی ناکرێ. ماوەیەکیشە باوکی تەواو رووی لێوەرچەرخاندووە ئێستاش نۆرەی توورەبوونی پادشایە. خۆشەویست دەستی لە باوکی هەڵنەگرتبوو، بەڵام باوکی خراپتر وەڵامی دەدایەوە تا گەیشتە ئەوەی هەڕەشەی لێبکات بەدەستی خۆی بەردەبارانی بکات، پێشی وت دڵی لێی رەش بووە بۆیە نایەوێ چیتر چاوەکانی ببینن. ئەگەر باوکی باوەڕی بهێنایە وادەی پادشای خوداوەند ئەهوەنتر دەبوو.

یەکەم رووناکی نەگەیشتووەو تەنها گوێی لە دەنگی سەگو چەقەڵو کەمتیارە لەو دەشتەدا دەسووڕێنەوە.

ویستی ئەو شەوە تەنیا بێ بەڵام دەنگی ئاژەڵەکان تەنیاییەکەیان لێشێواند. ئەو دەنگە بەسۆزەی هەموو جارێك دەهاتو گیانی بۆ سەرەوە بەرز دەکردەوەو دڵی پڕ لە خۆشەویستی دەکرد ئەو شەوە بزر بوو. پرسیاری لەخۆی کرد، وەڵامیشی نەبوو. بیری کردەوە: ((**چ شتێك دوایخستووە، تۆ بڵێی هەر بێت؟**)).

گومانەکانی خۆشەویست لەجێی خۆیاندا نەبوون.. دەنگە بەسۆزەکەی بیستەوە. سەرەتا وەك ئاوازێکی دوور، ئینجا نزیکتر کەوتەوە، ئاوازی پیرۆزکردنی خاوەنە شکۆدارەکە بوو، وشەکانی پیرۆزیو بێگەردی. دەنگەکە نزیکتر کەوتەوە تا لەناو دڵیدا بیستی، چووە ناو دڵییەوە، لەگەڵ خوێنیدا سووڕایەوە ئینجا بەگوێیدا چرپاندی، دواتر بووە دەنگێکی ئاشکراو دواندی، ئاشکرا بوو وەکو خۆر، بەهێز بوو وەکو کێو، لە ئاویش نەرمتر:

**–خۆشەویست! بینینی پادشا نیگەرانی کردووی؟**

هێمنی بووە رۆشناییەك لە دڵی خۆشەویستدا:

**–چاوەڕێم دەکردی.. زۆر چاوەڕێم کردو ئومێدم نەما.**

دەنگەکە بیری خستەوە:

**–بەڵام من کێم خۆشەویست؟ من کێم؟ من تەنها وشە بێگەردەکانی خاوەنەکەت دەگەیەنم. خۆشەویست! چاوەڕێت نەکردایەو خاوەنەکەت بەس بوایە. خۆشەویست! نەتدەزانی خاوەنەکەت بەسە؟ تەنها خۆتو خاوەنەکەت بەو کەسی**

**دیکەت نەویێ. خۆشەویست! لەگەڵ ئەوەشدا هەر هاتم، هاتمەوەو ئەمجارە شتێکی نوێم پێیە.**

خۆشەویست خۆی بەدەستەوە داو چاوەڕێی کرد. دەنگەکە پەلی گرتو پێی وت خۆی بۆ بینینی شکۆو مەزنێتیو جوانی ئامادە بکات. پەلی راکێشاو بردیە سەرەوە، بەرزی کردەوەو ئەستێرەکانی پیشان دا، لە مانگ نزیکی کردەوە، بەسەر باخێکدا فرینو بۆنو بەرامە گەیشتە سییەکانی، سەری بۆی شۆڕکردەوەو هەناسە فێنکەکەی بیست، لەدوورەوە ئاگرێکی پیشان درا ناڵەی دەهاتو پەنای بۆ خاوەنەکەی خۆی لەخۆی دەبرد. بەو مەلەکووتەدا گێڕای تا کەسو هیچ لەناو دڵیدا نەما.. ئاغاکەی نەبێ، ئاغاکەیو بەس. دڵی وەکو خۆری لیهات، ویستی زیاتر بگەڕێ، بەڵام دەنگەکە دڵی بردەوە سەر زەوییە تەختەکەو دوا وتەی پێوت:

**–خۆشەویست! بەشێکی بچووکی مەلەکووتی ئاغای هەموو زەویو ئاسمانت بینی. خۆشەویست! وادەی لای ئاغای بێدەسەڵاتی زەوییە بچووکەکەیە.. بڕۆو هیچ لەمانەت لەیاد نەچێ.**

خۆشەویست تەماشای دەوروبەری خۆی کرد؛ سەرەتای رۆشنبوونەوەیەو زریکەی یەکەمی کازیوەیە. خۆی بینی بەپێوە وەستاوە؛ هاکە خرِی ئاسمان گورج هەڵگەڕێو سەر دەربهێنێ. خۆی لە خۆڵی زەوی تەکاندو بۆ بەیانیی شارو ئاغا بچووکەکەی ئامادەبوو، بۆ بینینی ئەو پیاوە ئامادە بوو کە ئەو شەوەی رابورد لەبەرچاویدا ئەژدیهای ژیانو مەرگ بوو، بۆ بینینی ئەو ئاغا بچووکە رۆشت.

خۆشەویست دەڕۆشتو رووی لەدەروازەی باکووری شار بوو، دەرگاکەی بینی دەکرێتەوەو پاسەوانەکان دەردەکەون، لەپشتی ئەو دەرگاو شوورایەشەوە هەزاران خەولێکەوتوو دەژین، دەژینو رازین بە ئاغایەتیو خوداوەندێتیی مرۆڤێکی وەکو خۆیان، مرۆڤێکە هەر وەکو خۆیان گۆشتو خوێنە تەنها ئەوە نەبێ رۆژێکیان بێ ئەوەی ئاگای لەهیچ بێ لەدایك بوو و چاوی کردەوەو بینی کوڕە پادشایە، ئێستاش کوڕەکانی خۆی بۆ خولێکی دیکەی ئاغایەتیو خوداوەندێتی پاش خۆی ئامادە دەکات، دوای ئەوانیش کوڕەکانیان، ئینجا کوڕەزاکانیان.. خەو لەوە قورستترو قووڵتر نابێ.

خۆشەویست حەزی نەکرد تا ئەو کاتەی وادەی پادشا دەگاتە جێ لەناو شارو خەڵکەکەیو بازاڕەکەیدا بێ. بەدەوری شارەکەدا سووڕایەوەو بەدەم تەماشای زەویو سەوزاییەکەیو ئاسمانو شینایییەکەی گەیشتە دەروازەی باشووری شار، ئینجا چۆن گەیشت وەها گەڕایەوەو گەیشتەوە دەروازەی باکوور. جارێکو دوانی تر بەدەوری شاردا خولایەوە، ئینجا کاتێتی دەروازەکە ببڕێو بەرەو جەنگ بچێ. دەروازەکەی بڕی، ئینجا نیوەی شارەکەو ئەوەتا لە کۆشکدا چاوەڕێیە.

ئەو پەنجاوهەشت ساڵەی فەرمانڕەوایی ریم سین کاری چاویەستیان لەسەریدا هەبوو. سەرەڕای لەدەستدانی چەند ناوچەیەکو بچووکبوونەوەی سنووری مەملەکەتەکەی؛ پادشاکە باوەڕێکی پتەوی بەخۆوە مابوو. دەبوا لەترسی ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراوی موناقەشەکە هەر خۆیو خۆشەویست بوونایە. پادشا ئەمەی نەکردو پیاوانی دەرباریشی لەگەڵدا بوون. پادشا بەتەماشایەکی سووکو بەپرسیارێك دەستی پێکرد:

**–دەی کوڕی ئازەر، بزانم کێ مێشکی تێك داویو دەتەوێ مێشکی خەڵکی ئەم شارەش تێك بدەی.**

خۆشەویست لەبەردەمی پادشادا هێمنو بێترس وەستابوو:

**–ئەگەر مێشکم تێك چووبێ ئەوا ئیلومی تاکو تەنیا تێکی داوە بەڵام ئەو مێشك تێك نادات، ئەو مێشكو دڵ دەکاتەوە، درۆ مێشك تێك دەدات.**

**–کوڕی ئازەر! کەس وەکو تۆ زیانی بەخەڵکی ئەم شارەو بەهەموو جیهان نەگەیاندووە. تۆ دژ بەهەموو پیرۆزییەکی ئەو خەڵکەی. تۆ دوژمنی ئەو خەڵکەی. بیستم شتی خراپتریش بەناو خەڵکدا بلاْودەکەیتەوە. دەڵێن بەگومانەوە دەڕوانیتە خوداوەندێتیی ئێمە.**

هەموو خۆشەویست هێمنییە، چاوی رووکردۆتە بنمیچی هۆڵەکە، بە دڵ مەملەکەتی ئاسمانی دەبینی:

**–هێشتا قسەم ماوە لەسەر شێتی بیکەم. تۆ بەشێتم دەزانی، خەڵکیش هەروا، کەسیش یەك نیشانەی شێتیی تێدا نەبینیوم جگەلەوەی کە من دژ بە شتە باوەکانی ئەم جیهانە قسە دەکەم، بەلاْم چەندین کەس هەبوون خەڵکی سەردەمی خۆیان بەشێتیان دەزانین و سەردەمانی دواتر دەرکەوت داانای سەردەمی خۆیان بوون.**

سەری هێنایە خوارەوەو روویکردەوە پادشا:

**–جووتیارەکان لەکاتی زەوی کێڵاندا لەوحێکی قوڕیان دۆزییەوەو پیشانی منیان دا. بینیم هی کاتی (ئەمار سین) بوو و پسووڵەی فرۆشتنی چوار گای (لو–ساگ) ناوێك بوو و باوکی ئەو لو–ساگە فرۆشتبوونی. لو–ساگ ماوەیەك بوو تێکچووبوو و بەشارەکەدا دەگەڕاو دەیوت ئور تێك دەشکێ و لە پادشا خوداوەندەکانی تەنها یادەکانیان دەمێنێتەوە. لەوحەکە وای وتووەو لو–ساگی بە شێت ناوبردووە، بەلاْم لو–ساگ راستی کردبوو یان نا؟ ئێستاش دەڵێم من شێت نیم، من خاوەن باوەڕم، من دڵنیام تۆ خودا نیت.**

پادشایان تەنها بۆ ستایش رێگە بەقسەی هێندە دووورودرێژ دەدەن، پادشا خەریکە پێ دەنێتە سنوورەکانی تووڕەبوون:

**–باشە شێت مەبە، بەلاْم لەهەموو حاڵەتێکدا تاوانەکەت گەورەیە. من دەتوانم بۆتی بسەلمێنم کە خودام، بەڵگەی پڕ ئازارم هەیە، پێم بڵێ ئەو خودایەی تۆ چۆنە؟ لەچی دروستکراوە؟ ئیشی چییە؟**

خۆشەویست دیسان رووی کردە بنمیچی هۆڵەکە:

**–خودای من ئەو شتانەی هەیە کە نیتانە: ئەو تاکە بەلاْم درۆی خەڵك بوو شارو وڵاتی بە خوداوەندی زۆرو ساختە قەرەباڵغ کرد. خەڵك بەوەش نەوەستان و هەر پایتەختێك و خوداوەندێکی مرۆڤیان تێدا دانا. خودای من بەتوانایە بەلاْم توانای ئێوە سنووردارە، ئێوە دەمرن، ئەو نامرێ، ژیان و مردنیش بەدەست ئەوە.**

وشەکانی خۆشەویست وەکو فڕینی کتوپڕی باڵندە ریم سینیان بە یەك هەناسە بەرەو کەناری شێتی برد. تازە هەڵەیەك بوو و پادشا کردی، پیاوانی دەربار ئامادەن و ئابڕووچوون و دۆڕاندنە ئەگەر لە موناقەشەوە بۆ سزادان پاشەکشە بکات، تازە نابێ باسی سزای پڕ ئازار بکاتەوە. رستەی دوایەمینی خۆشەویست قەرەبوویەکی تێدایە. لە عەرشەکەی چووە خوارەوەو رووی کردە پیاوانی دەربار، بەپەنجەیەکی رەپی تیژەوە ئاماژەی بۆ خۆشەویست کرد:

**–دەبینن کوڕی ئازەر خوداکەی خۆی رووبەڕووی من دەکاتەوە؟ ئێستا بۆی دەسەلمێنم کە هێندە نەفامە نەفامییەکەی گەیشتۆتە رادەی نەخۆشی.**

هاواری بۆ پاسەوانی ئەمدیو دەرگای هۆڵەکە کرد. پێویستی بە هاوار نەدەکرد، پاسەوانەکە دەنگەکەی دەبیست:

**–ئەو دوو پیاوە بێنن کە لەبەر دزینی کەلوپەلی پەرستگەو کوشتنی دوو کاهن فەرمانی کوشتنیان درا.**

پادشا رووی کردەوە پیاوانی دەربارو وەکو کەسێك بەزەویدا درابێ و بە جلە تۆزاوییەکەیەوە هەڵسابێتەوەو لە تۆڵە دڵنیابێ:

**–بۆی دەسەلمێنم.. هەر ئێستا بۆی دەسەلمێنم.**

دوو پیاوەکە بەباڵی بەستراوەوە بۆ ناو هۆڵەکە پاڵیان پێوە نرا. دوو پاسەوانەکە لەپشتەوە کرنووشیان پێبردن و پەنجەکانیان لەملیان توند کردن. پادشا پەنجەی بۆ یەکێکیان درێژ کردەوە:

–تۆ.. تۆ کێیت‌و چیت کردووە؟

–من ناوم (میگیر–ئەدەد)ـە ، کەلوپەلی پەرستگەم دزیوە. تاوانبارم‌و حاشای لێناکەم، بەڵام کەسم نەکوشتووە، بەزەییم دەوێ پادشای مەزن.. بەزەیی.

ئەوانە بۆ ریم سین قسەی زیادەن، پرسیاری لەوەی تر کرد:

–ئەی تۆ؟

–من ناوم(بونوو–ئەددو)ـە. پێکەوە لەگەڵ ئەو پیاوەدا گیراین، دەڵێن دزیمان کردووەو خەڵکمان کوشتووە، نە کەسم کوشتووە و نە شتم دزیوە. من پیاوێکی ئاموریم، دوو رۆژ دوای ئەو رووداوە لە (مارتو)وە گەیشتبووم.

کێ تاوانبارەو کێ ئاگای لەهیچ نەبووە شتێکی لاوەکییەو دوورە لە مەبەست. پادشا سەری بۆ پیاوانی دەربار بەرزکردەوە:

–ئێستا وەك دەبینن دوو تاوانبار حوکمی کوشتنیان بەسەردا دراوە، دەبێ هەردووکیان بمرن، کوڕی ئازەر دەڵێ خوداکەی خۆی مرۆڤ دەژیێنێ‌و دەیمرێنێ، منیش دەڵێم خوداکەی ئەو سێبەرێکە لەمێشکیدا بەڵام من ئەوەتام: راستییەکم لەبەردەمتاندا وەستاوم، دەشیسەلمێنم کە من دەژیێنم‌و دەمرێنم.

پەنجە رەپەکەی بەرەورووی خۆشەویست راوەشاند:

–بەڵام دەبێ تۆش بیسەلمێنێ خوداکەت دەژیێنێ‌و دەمرێنێ، گەر نەتوانی تۆش دەمری.

رووی کردەوە دوو تاوانبارەکە. ریم سین بێباك بوو کام لەو دوانە لە مردن رزگاری بێ:

–تۆ.. نا تۆ.. نا نا تۆ. تۆ وتت ناوت (میگیر–ئەدەد)ـە.. برۆ.. برۆ، تۆم لە مردن رزگار کرد، تۆم ژیاند، تۆش.. وابزانم وتت ناوت (بونوو–ئەددو)ـە.. تۆ دەکوژرێی.

دوو پیاوەکە راکێشران‌و پادشا بە نیوەقەناعەتێك بەوەی کردی هەردوو باڵی سەرکەوتنی کردەوە. رووی بۆ خۆشەویست وەرچەرخاند، ئینجا بۆ پیاوانی دەربار کە قسەکەی پادشا قسەی تری نەدەویست تا لێی تێبگەن. پیاوانی دەربار تێگەیشتبوون‌و سەرسام بوون، لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێی پاشکۆیەك بوون تا سەرسامبوون بە دەنگ رابگەیەنن. پیاوانی دەربار نەیاندەزانی نمایشەکە بۆ ئەوان بوو، بەڵام ئەوان هەموو نمایشێکی ئاغاکەیان قبووڵە:

–ئەوەتا دەبینن من خەڵك دەژیێنم وخەڵك دەمرێنم.

ناو هۆڵەکە غەڵبەغەڵبی رەزامەندیی تێدا بەرزبووەوە. ریم سین بزەیەکی رەزامەندیی هاوشێوەی تێگرتن، پشتی لە خۆشەویست بوو و قاچەکانی بەتەوسێکی دەستکردەوە بەرەو پیلکانەکانی عەرشەکە دەیانبرد. سەرکەوتو دانیشتەوە، دوو دەستی خستە سەر دوو دەسکی عەرشەکە، بە نیوە دڵنیاییەك لە بەڵگە بێهێزەکەی داوای تەعلیقی لە خۆشەویست کرد:

–ها.. کوڕی ئازەر دەڵێی چی؟

پاشماوەی غەڵبەغەڵبی رەزامەندی مابوو، ئەو درێژەیە دەستکرد بوو و وەك زەروورەتێکی پرۆتۆکۆلەکانی بەرپێی پادشایان بوو. چاوبەستە ساکارەکە کاری لە خۆشەویست نەکردبوو و چاوەڕێی هێمنبوونەوەی هۆڵەکە بوو:

–پادشای وڵات! تۆ لەسەر کەناری زانیندا وەستاوی، ئەگەر ئەو خودایەت بناسیایە وەك من ناسیومە ئەمەت بۆ نەدەکردمە نموونە، من ئەمە دەکەمە نموونە لەسەر ئەوەی پادشاکان زۆر شت بەئارەزووی خۆیان دەکەن تەنانەت ئەگەر مەسەلەش ژیان‌و مردنی رەعیەت بێ. خودای من هەڕەمەکی کار ناکات، من دەتوانم لەوەڵامدا بڵێم ئەگەر دەتەوێ بۆم بسەلمێنی توانای ژیانبەخشین‌و ژیان لێسەندنەوەت هەیە بۆم بسەلمێنە کە دەتوانی خۆت لەمەرگ بپارێزی.

خۆشەویست چرکەیەك بۆ هەناسە وەستا، چرکەیەك بەس بوو بۆ پادشا بیر لەو قسەیەی ئەو لاوە بکاتەوەو بزانێ بەڵگەکەی چەند لەق بوو. وەستانەکە بۆ پیاوانی دەرباریش بەس بوو. لەخۆشبەختیی پادشا خۆشەویست لەسەری نەڕۆشت:

**–بەڵام ئەمە ناڵێمو لەجیاتی ئەوە شتێکیٚ تر دەکەمە نموونە؛ پادشای وڵات! خۆر لەکوێوە هەڵدێ؟**

پادشا هەموو پرسیارێکی چاوەڕێ بکردایە ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرد. ریم سین سەرەتا نەیزانی پرسیارێکە لەو دەکرێ، کە زانیشی نیگەران بوو، نەیزانی خۆشەویست بەتەمای چییە. کەمێك وەستا ئینجا گاڵتەکردن بەعەقڵی خۆشەویست بەسەریدا زاڵ بوو. باڵی بۆ لای رۆژئاوا راکێشا، ورتەورتی پیاوانی دەربار هەڵەکەی پیٚ وت، تێك چوو بەڵام خۆی بەدیواری ئەزموونی پەنجاوهەشت ساڵ فەرمانڕەوایی گرتەوە، دەستە راکێشراوەکەی لەرۆژئاواوە بە نیوە بازنەیەکی خاوەوە بۆ رۆژهەڵات برد:

**–قسەی شێتەکان دەکەی. خۆر پاش ئەوەی لەخۆرئاوادا بزر دەبیٚ لەخۆرهەڵاتەوە دەبینرێتەوەو ژیان بەجیهان دەبەخشێتەوە.**

باسی ژیانبەخشین بەڵگە بێهێزەکەی خستەوە یادی، دەنگی تێکچوو و نەفرەتی لەخۆی کرد کە هێشتی لەبەردەمی پیاوانی دەربارداا ئەو دەمەتەقێیە بکرێ کە یەکەمی ئەو پەنجاوهەشت ساڵی فەرمانڕەواییە بوو. تێکچوونەکە پێی وت: زیادەیەك بڵێ بۆ شاردنەوەم. ئەمجارە قسەکەی بەشێوەیەکی ترو بیٚ باسکردنی ژیانو مردن وتەوە. باڵی بە بازنەیەکی تەواو سووڕاند:

**–کە زەوی خولی خۆی تەواو دەکات، لەرۆژهەڵاتەوە خەڵك بە بنینی ئەو خۆرە شاد دەبن.**

جارێکی تر ورتەورتی پیاوەکان تێیگەیاند هەڵەیەکەی کردووەو زەوی نییە کە دەخولێتەوە بەڵکو خۆرە. ریم سین پاشگەز نەبووەوەو هەڵەکەی راست نەکردەوە، کەسیش نەیزانی پادشا قسەیەکی وتووە پاش زیاتر لە سیٚ هەزار ساڵو پاش ژانێکی زۆرەوە راست دەردەچیٚ. خۆشەویست هەر بەهێمنیو بیٚ خۆخەریك کردن بە شتی دوور لەمەبەست چووە سەر خاڵی بکوژ:

**–لەبەردەم راستیدا هەموو زمانەکان لەگۆ دەکەون، راستیم پیٚ ببەخشە باوەڕت پێدەکەم. پادشای وڵات! بەفەرمانی خودای من خۆر لەخۆرهەڵاتەوە دیٚ، ئەگەر تۆ بەڕاستی خودایت فەرمان بدە با لەخۆرئاواوە دەربچیٚ.**

دوایەمین وشە تەواو بوو و چەند چرکەیەك بۆ ریم سینو پیاوەکانی پێویست بوون تا بزانن ئەو بەردەی بە تەوقی سەریاندا کەوتووە چەند گەورە بوو. پادشاو پیاوانی دەربار وەکو بتەکانی ناو پەرستگە لەجووڵە کەوتبوون. خۆشەویست سەری سوڕما، نیمەنێکە یەکەم جارە بیبینیٚ، رەنگە دووەم بیٚ یان سێیەم. نیمەنێکی منداڵیی بیرکەوتەوە؛ ئەو جارە کەمانەی باوکی بۆ پەرستگە دەیبردو بتەکانی دەبینی دەمارێکیان نییە بجووڵیٚ، چاوی بەناو ئەبڵەقبوونی ناو هۆڵی کپدا گێڕا:

**–سەیرە! رێك وەکو بتەکان! بتن وەکو ئەو بتانە!**

پێش ئەوان هاتەوە هۆش خۆی:

**–ئەگەر بتەکان بایی بیستنی یەك پرسیار عەقڵیان هەبوایە، ئەگەر بایی شەرم لەو شتەی شایەنی شەرمە هەستیان هەبوایە، دەموت وەکو ئەمان واقیان وڕماوە کە چۆن ئەو بوونەوەرە بەرێزەی ناوی مرۆڤە وا بەرێزەوە دەڕوانێتە ئەوانی بێجووڵەو بێدەسەڵاتو کڕنووشیان بۆ دەبات. چەند سەیرن! وەکو بتەکان وەستاون، بەردن وەکو ئەو بەردانە، تەختەن**

لەو تەختانە رەقتر.

خۆشەویست وتی دەرِوەو کەس نەیوت بوەستە. خۆشەویست بیٚ زیان لە کۆشك چووە دەر. وریوونی ریم سین خۆشەویستی رزگار کرد، کاتێکیش خۆشەویست لەبەردەمیدا نەماو بیریکەوتەوە هەموو دەریاکانی جیهان ئەو خەوشە پاك ناکەنەوە کە تووشی هەیبەتی ئیلاهیی خۆی بووە قەناعەتی بەخۆی کرد دەست لە خۆشەویست نەدات. پرسیارەکانی خەڵك لە مەرگی خۆشەویست ئەو وەڵامەیان بەدواوە دەبیٚ کە حەزی لێناکات، ژیانی خۆشەویست واتای مردنی بێدەنگی ئەو قسانەیە کە لە کۆشکدا کران.

پادشا قەناعەتی بەوە کردو شەرمی کرد بە پیاوانی دەربار بڵیٚ هیچ نەگێرِنەوە بۆیە هەمان رۆژ ئەو پیاوە دڵسۆزانەی دەربار بەئەمانەتەوە دەمەتەقیٚ سەیرەکەیان گێرِایەوە. بەناو هەموو خەڵکی ئوردا چاوبەستەکەی پادشاو وەڵامەکەی خۆشەویست بڵاوبووەوە. ریم سین پێش تەواوکردنی کارەکانی لە ئوردا بۆ لارسا گەرِایەوە، کاتێکیش گەیشتە کۆشکەکەی بینی هەواڵەکە وەکو پەتا پێش خۆی گەیشتۆتە لارساو شارەکانی تر. پەیامبەرانی وڵاتانیش بیستبوویان.

# ڕێبەرو ڕێباز

بەئازارێکی زۆرەوە دەرشایەوە، چی لەناوسکیدا هەبوو هاتەدەر، بۆنی کحوول حەمامەکەی پڕکردبوو. هێشتا مابوو لە گەدەیەوە بێتەدەر بەڵام نەیهێشت، حەزی کرد برێك لەو مەشرووبە بمێنێتەوە تا زیاتر قڕقێنەی کحوولەکە بداتەوە. پیاوە قەڵەوە کەڵەگەتە ئەسمەرەکە گەڕایەوە ژوورەکەو وەکو کەژاوەی سەر پشتی حوشتر بەملاو بەولادا دەهات. کێشای بە پشتەملی خزمەتکارەکەیداو بەزمانێکی قورسەوە گاڵتەی لەگەڵدا کرد:

—ژیانت بەهەدەر چووە کە شەرابی مێشکپڕوونکردنەوە ناخۆیتەوە.

خزمەتکار بە بۆنی کحوولەکە هەناسەسوار ببوو:

—شەرابەن تەهوورەن ئینشائەڵڵا.

گەیشتە ژوورەکەو بە پێڵاوەوە چووە سەر ئەو فەرشە کاشانییە گرانبەهایەی خزمەتکارێکی دڵسۆز لەودیو سنوورەوە کردبوویە دیاری، ڕشانەوەی سەر پێڵاوەکەی بە فەرشەکە سڕییەوەو بەدەما خۆی دا بەسەر دۆشەکە نەرمەکەو تێیدا نوقم بوو، دەموچاوی لەناو سەرینێکی بەرزی نەرمدا ون کردو هۆشی لێبڕا. خزمەتکارێکی تر چووە ژوور، بینی بەدما نوستووەو غەڵبەغەڵبی خەویێتی، بێدەنگ پاشەوپاش گەڕایەوە. لەگەڕانەوەیەدا خۆی بەقەراغی دەرگاکەدا کێشا، خۆی بەدرەگاکە گرتەوەو کەمێك پێکەوە سەمایان کرد ئینجا هەردوو پێکەوە کەوتن. زرمەکە بەس بوو بۆ بەخەبەرهێنانەوەی پیاوە کەڵەگەتە کەوتووەکە. چاوی بەنیوەیی کردەوەو دەموچاوی هێشتا لەناو سەرینە بەرزە نەرمەکەدا نوقم ببوو. بێئەوەی سەری بجووڵێنێ بەزمانێکی قورسەوە ویردی جوێندانی دەستپێکرد:

—ئەحمەقی قوڕمساغ، ئەو جووتەوەشاندنەت لەچییە؟ ناڵی کەرەکەم تۆ کامیانی؟

خزمەتکار بە لمۆزو تەویڵی سوورەوە لێی نزیککەوت، باسکی هەڵدەگڵۆفت:

—ڕۆحم قوربانت بێ، خەڵەفی خزمەتکارت، نەمویست خەوت لێ تێکبدەم. بنوورەوە قوربان، بنوورەوە.

—کورتانی کەرەکەم ئەوە نەتویستووە خەوم لێ تێك بدەی؟ دەی چیت پێیە بیڵێ و زوو وەل بە.

—قوربان؛ ئەفسەرێکی دەرەجەدار لەبەردەگایە، دەڵێ ماوەیەکە بۆ ئێرە هەڵهاتووم، ئێستاش تا نەیەمە خزمەتتان باوەڕ ناکەم کە تەشریفتان بۆ ئەم شارە هێناوە. ئەو ئەفسەرە دەرەجەدارە چاوەڕێی مەرحەمەتتانە بیکەمە خزمەتتان.

هەر بەدەما کەتبوو و دەنگی هەر قورس بوو:

—ئەحمەق! پاش حەوسەد ساڵ ژیان نازانی قسە بکەی. تەپاڵەی کەرەکەم دەرەجەدار یەعنی چی؟ پلەی چییە؟

—قوربان نازانم، هەرئەوەندە دەزانم سەری شانی دوو شمشێر لەیەکیان داوەو داڵێك هەیە خەریکە دەفڕیٚ و شریتێکی سووریشی لەسەرە، قوربان ئەوە پێی دەڵێن چی؟

—سمی کەرەکەم ئەوە پێی دەڵێن ماکەر ڕوکن، با بێتە ژوورەوە ناڵی بکەم.

—قوربان ئەمر دەکەن، هەر ئێستا.

خزمەتکار دیسان پاشەوپاش گەڕایەوەو ئەمجارە ئاوڕیدایەوە نەوەك بەموعجیزەیەك دەرگاکە چووبێتەوە شوێنی خۆیو ئەمجارە خۆی لێبداتەوە. ئەفسەرەکە لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو کاتێك خزمەتکار گەیشتە لای، ڕێگەی پێ دا

بچێتە ژوورەوە ئەویش بەسکەخشە بۆی کشا، هەر بەسکەخشە رۆشت تا گەیشتە نزیك قاچی ئەو پیاوە قەڵەوەی بەدەما کەوتبوو، پێڵاوەکەی ماچ کردو رشانەوەکەی لستەوە. پیاوە کەوتووەکە پێڵاوەکەی تریشی خستە نزیك دەمی، دەموچاوی هەر نوقمی سەرینە بەرزە نەرمەکە بوو:

—ها.. انت منو؟

—آني خادمکم مولانا.

—شترید؟

—رضاکم سیدنا.

—خلص رضینا وبعد؟

—هاي هيّە، رضاکم وبس مولانا.

ئەفسەرەکە برێك پارەی خستە ژێر سەرینەکە:

—هاذە مبلغ صغیّر لمصاریف المکان، ادعولنا مولانا.

—یللە روح، راح ادعولك.. ئۆۆۆع.

ئەفسەرەکە جارێکی تر جووتە پێڵاوە پڕ رشانەوەکەی لستەوەو بەپاشەوپاشو بەسکەخشە گەڕایەوە دواوە.

پیاوە قەڵەوەکە هەموو عەسرو شەو وا مایەوەو کاتی هیچ نوێژێك نەما. بەیانی هۆشی هاتەوە خۆیو بیری نەمابوو دوێنێ چی روویدابوو. دانیشتو پڕ بەدەمی هەموو مرۆڤەکانی جیهان باوێشکی دا، بەرلەوەش بیر لە نوێژە فەوتاوەکانی بکات هاواری کرد:

—خەڵەف! خەڵەڤ خەڵەفاو!

بەجارێ چوار چوونە ژوورەوە:

—بێ ئەوەندە بێ مەعریفەتن؟ نازانن حەوت شەو بەسەر نانی بەیانیم تێپەڕیوە؟

چوارەکە پێشبڕکێی خزمەتکارییان بوو:

—رۆحمان قوربانت بێ نەمانویست ئیسراحەتت لێ تێکبدەین، خواردن ئامادەیە، یەك دەقیقەو دێتە بەردەمتان.

—دەی خێرا، پاشەڵتان نەبینم.

پاشەوپاش گەڕانەوەو هەر ئەوەندە وەرچەرخان هەموو شتێك ئامادەکرا. پیاوە زلەکە چوار نانی گەورەو دوانزە هێلکەو نیو سەتڵ ماستو برێکی دیارینەکراوی کەرەو پەنیری لە گەدەیدا بزر کرد. پیاوەکە وزەیەکی زۆری پێویست بوو بۆ ئیشەکانی ئەو رۆژەی، لەگەڵ ئەوەشدا بەشی نیو مەڕی برژاو بەپاشکۆکانییەوە بۆ ژەمی نیوەڕۆ هێشتەوە. کاتی ئەوەش هاتووە پێشوازی لە خزمەتکارانی دەرەوەی خانووەکەی بکات کە چەند مانگێکە رۆژانە دێنو پابەندبوونی خۆیان نوێ دەکەنەوە.

ژمارەیەك لەوانە گەیشتن. هەر یەك بەپێی پەرۆشییەکەی بۆ ئاغاکە رێزی خۆی پیشان دا؛ بە کڕنووشو سکەخشەو سەری نەوییەوەو دەستو قاچ ماچکردنو دەستسڕینەوە بە شانو عەباکەیدا چوونە خزمەتی. مەجلیسەکە دامەزراو ئامادەبووان بەخێرهاتنیان لە کوڕی دێرینی شیرینئاوا کرد کە ماوەیەکی زۆر بوو دیار نەمابوو و وا بڵاوکرابووەوە لەدەریا نوقم ببوو، ئێستاش بە ساغی دەیبیننەوە.

باسی مەجلیسەکە گەرم بوو و پیاوەکان سەرسوڕمانی خۆیان لە چیرۆکی رزگاربوونی ئاغاکەیان دەربڕیو چەند جارێك دووبارەیان دەکردەوە، هەر یەك بەشێوازێك. ئاغاکەیان کە ئێستا لەخزمەتی گۆشتو بەزییەوە دانیشتوون

لەدەریای سەوزی مەزنی بێسنووردا نوقم ببوو بەڵام هەمووی چەند وشەیەك بوو ئاغا وتنیو ئەو نەهەنگەی پێغەمبەرایەتیی پێغەمبەرەکەی نەینەوای نەخوێندەوەو قووتی دا گەیشتە جیّو بۆ ئاغا موسەخخەر کرا. نەهەنگ بە ملکەچییەوە ئاغای خستە سەر پشتی خۆیو گەیاندییە نزیکترین کەناری سپیی دەریای سەوز.

پیاوەکە بێدەنگو بە زەردەخنە رەزامەندیی لە باوەڕو سەرسوڕمانی باوەڕدارانی دەربڕیو ئاگای لە وردە ناڕێکی لە گێڕانەوە جیاکان نەبوو. زەردەخەنەکەی زۆری نەخایاندبوو کاتێك لەو مەجلیسەدا دوو چاوی فاسقی بەدی کرد، دوو چاو لەپشتی چاویلکەیەکی سپیی خڕەوە هەڵدەبەزینەوە. کحوولی دوێنێ ئامێری پێشبینیی پیاوەکەی لەکار خستبوو بۆیە ویستی بە پرسیارو وەڵام بزانێ، روویکردە فاسقەکە:

**—ئەم بەڕێزەم نەناسییەوە.**

ئەو بەڕێزە فەرهادی بوو بە خۆیو گاڵتەجارییەکەیەوە، فەرهادی دەستی لە چاویلکەکەی دا، لەسەر لووتی بەرزی کردەوەو دایگرتەوە سەر لووتی:

**—من؟ من کەسێکی ئاساییم، پێم دەڵێن فەرهادی بەڵام خۆم ناوێکم ترم هەبووە لەبیرم چووە.**

دەرفەتی پیاوەکەش بوو بەپێی هەستەکەی سزای ئەو لاوە بدات:

**—سەیرە! خەڵکی ئەم زەمانە زاکیرەیان سواوە، چۆن دەکرێ ناوی ئەسڵیی خۆت لەبیر بچێ؟**

فەرهادی دانیشتنەکەی خۆی رێك کردەوە، یەخەی کراسەکەی چاك کرد:

**—شتی وا دەبێ، بەتایبەت ئەگەر کەسێك بیەوێ رابوردووی خۆی لەبیر بچێتەوە.**

**—دیارە رابوردووی بەڕێزتان شایستەی شانازی نییە.**

فەرهادی وەك نوکتەیەك بڵێو بەتەما بێ بۆ پێکەنینی ئامادەبووان بشێ وتەیەکی گشتگیری پێشکەش کرد:

**—هەموومان شت هەیە لەرابوردووماندا لێی شەرمەزار بین.**

وشەی ((هەموومان)) رەنگی پیاوە قەڵەوە ئەسمەرەکەی کردە سوورێکی چەوەندەری، تەزووی کارەبا بە خوێنی هەموو پیاوانی مەجلیسدا چوو، کەس هەناسەی نەما، ئەو لاوە دەمڕووتە پیاوەکەی خستە ریزی خۆیو کردیە خاوەن هەڵە، ئەوپەڕی شکاندنی عیسمەتو پاکییە. فەرهادی بۆی دەرکەوت ئەوەی وتی نوکتە نەبوو بەڵکو مەسخەرە، رەنگی دەموچاوەکانیش پێی وت هەمووی چەند دەقیقەیەکی ترەو بەپاڵ دەکرێتە دەرەوە.فەرهادی هەلەکەی لەدەست نەدا:

**—پرسیارێك بۆ جەنابتان هەیە.**

رەنگی سووری چەوەندەری رووی پیاوەکەی بەرنەدابوو، رووی کردە لاکەی ترو بە لچێکی هەڵقورتاوەوە فەرمووی لێکرد:

**—ئادەی.**

فەرهادی چاویلکەکەی داکەندو وەکو پرۆفیسۆرێك رایوەشاند:

**—ئەگەر یەکێك لەشوێنکەوتە هەرە دڵسۆزەکانت خەونێکی بەتۆوە بینی.. بەڕێزیشتان دەزانن خەون بەدەستی مرۆڤ نییە.. دەڵێم ئەگەر خەونێکی بینیو تۆی لەو خەونەدا لەوەزعێکی نەشیاودا بینی، چی بەو دڵسۆزە دەڵێی؟**

بەرلەوەی رەنگی چەوەندەریی پیاوەکە ببێتە مۆری باینجانی، فەرهادی لەدڵی خۆیدا پرتەپرتی کرد: **((فریای وەڵامی ئەمەش ناکەوم، هەر ئێستا وەکو سەگ دەردەکرێم)).**

هەناسەیەکی قووڵ لەسنگی پیاوەکەدا گیری خوارد، هەناسەکە دەرنەچوو، هەوا لەسییەکانیو لەگوپیدا پەنگی خوارد تا گوپەکانی وەکو تۆپیان لێهات، ئینجا وەکو رەشەبا هەناسەکەی بەرەڵا کرد:

—فووووو.. پێشتر.. کەسێك.. خەونێکی.. وای بینی..

ماوەیەك بێدەنگ بوو تا هەناسەکەی ئاسایی بێتەوەو ئەو بێئابڕووەی بەرامبەری تێبگەیەنێ:

**—پیاوەکە بۆ لێبوردن هات بەڵام وتم یەك مانگ نەتبینم، یەك مانگ لەئازاردا دەژیا، ئێستاش شتی زۆر دەکات بۆ ئەوەی پاك بێتەوە.. ئەو راستییە بزانە؛ خەون تیشکدانەوەی بیرکردنەوەیە.**

فەرهادی بڕیاری دا دوا بەرد بهاوێو رابکات. چاویلکەکەی کردەوە چاوی تا ئەگەر دەرکردنەکە بەپاڵ بوو لەدەستی نەدا:

**—تێگەیشتم، مەبەستتان ئەوەیە شتێك لەناخی ئەو کابرایەدا هەبوو، هەستی پێکردبێ یان پێنەکردبێ، ئەو خەونەش دەربڕی ئەو هەستەیە. جوانە! تەفسیرێکی جوانە، هەقی بەرائەی ئیختراعی هەیە، کاتی خۆی شتێکی وا لەگەڵ شاخاندا روویدابوو ئیتر ئەو زەلامەیان هێنا، شاخانیش پاش ئەوەی حەفتا داری دا لە.. ببوورن.. پاشڵی.. پاسەوانی خستە سەر خەونەکانی خەڵکی وڵات، چۆنە؟ حیکایەتێکی خۆش نییە؟**

تێهەڵدانەکە نزیکە بۆیە پەنابردن بۆ ئاین پێویستە ئەگەر بیەوێ بە ئێسکی ساغەوە بۆی دەربچێ:

**—بەیارمەتیی ئێوە دەمەوێ بچم دەستنوێژی شەونوێژەکەم تازە بکەمەوەو فریای نوێژی نیوەڕۆ بکەوم تا کاتەکەی بەسەرنەچووە.**

خێرا هەڵسا، مەجلیسەکەش چاوی بۆ سەعاتی سەر دیوارەکە هەڵبڕی، فەرهادی سەری بەرزکردەوە، ئەویش کاتەکەی بینی، پینەکە لەبەرچاویدا هەڵتەقی: ((**ترحێو ئەفەندی، هێشتا سەعات زیاتر ماوە بۆ کاتی نوێژی نیوەڕۆ! راکە تا تاکە نەعل لەپشتەوە نەفڕیوەتە سەر پشتەملتو بەملی خوارەوە بتباتە کۆڕی ئەم دوانیوەڕۆیە**)).

فەرهادی خێرا رۆشت، لەناو حەوشە گەورەکەی خانووە گەورەکەدا جوێنی دەدا:

**—زمان بۆ واز ناهێنی؟ بۆ یەك شت هاتبووی، ویستت دەسەڵاتی پیرۆزی پیاوی سەر پشتی نەهەنگ بکەیتە خوێی ناو کۆڕی قۆڕی ئەمڕۆ، ویستت شتێك بڵێی کەس نەیوتووە، خەریکە تێهەڵدانێك دەخۆی کەس نەیخواردووە، بزانە هاتنەکەت بە چ بارێکدا برد.. وەحە!**

گەیشتە دەروازەی دەرەوەو خزمەتکارانی بینی، نەوەکو شتێکیشیان بیستبێو تێهەڵدانەکە مسۆگەر بووبێ ویستی خۆی وەکو شێت پیشان بدات:

**—قوربان نزیکترین فرۆکەخانە لێرەوە چەند دوورە.**

خزمەتکاران تەماشای یەکتریان کرد ئەویش بۆی دەرچوو. لەودیو دەرگاوە خۆی کێشا بە پۆلێك پیاو پۆشاکو روویان لە پیاوە کەڵەگەتە رەشتاڵەکە دەچوون. هەموو تووڕەو رووگرژ بوون. دەستی بۆ سەرەوە بەرزکردەوە بەنیشانەی تەسلیم بوون بەڵام پیاوەکان هەستیان پێنەکردو ئاوڕیان بۆ نەدایەوەو بەرەو دەروازەکە رۆشتن. گوێی لێیان بوو هەڕەشە دەکەنو پیاوە کەڵەگەتەکە بە لادەر ناودەبەن :((**ئابڕووی رێبازەکەی بردووین، دەبێ ئەمڕۆ لەگەڵیدا یەکلایی بکەینەوە**)).

پیاوە تووڕەکان مابوویان بگەنە ژوورەوەو رەنگی پیاوە کەڵەگەتەکە هێشتا مۆری باینجانی بوو کاتێك زەنگێکی بۆ لێدرا، پیاوێکی گەورەی سەر بە یەکێك لە حەوتی گەورە بوو:

**—قوربان کەی بێمە خزمەتتان؟**

# پادشایانی کوێستان

-جەنگ لێرەوە کۆتایی پێهات.

پیاوانی کۆشکو سەرکردەکان چواردەوری پادشاکەیان دابوو کە تەورەکەی بە دەستی راست گرتبوو و کەوانەکەی بە شانی چەپ هەڵواسیبوو. پادشاو پیاوەکان بەپێوە لە هۆڵی کۆشکدا وەستابوون، روویان بە پێکەنین گەشابووەوە. پادشا روویکردە سەکۆی عەرشو چەند هەنگاوێکی چالاکانەی هەڵهێنا، بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت، گەیشتە سەرەوەو بۆ پیاوەکانی ناو هۆڵەکە وەرچەرخا، کەوانەکەی لە شان لابردو بەدەستی چەپی گرت، هەردوو باڵی بە کەوانو تەورەکە بەرزکردەوەو بەروویەکی ئافتاوییەوە هاواری کردەوە:

-**جەنگ لێرەوە کۆتایی پێهات. دوژمنان تا سەر شکان، شکۆمەند بێ خوداوەند نیشبا، شکۆمەند بن هەموو خوداکان.**

پیاوەکان بەهاواری بەرزتر وەڵامیان دایەوە:

-**شکۆمەند بن خوداکان، شکۆمەند بێ پادشای سیموررووم.**

سەرکەوتنەکەی پادشای سیموررووم گەورە بوو، وڵاتی ناوار لەکێوەکانی باشووردا پەیمانی بەستبوو لەگەڵ گوتییەکان کە لەباشوورو رۆژئاوادا بوون. سیموررووم کە کەوتبووە ناو زنجیرەیەك بەرزایی دەستپێشخەریی کردودوو هاوپەیمانەکەی لەناکاو برد. دوو هاوپەیمانەکە خراپ شکانو سەربازانی سیموررووم لەشکری هەڵهاتوویان راو ناو ناچاریان کرد بۆ ناوچە سەختەکان پەنا بەرێ. پادشای سیموررووم لە قەدپاڵەکانی کێوە بەرزەکاندا سێ سەد گاو دوو هەزار سەرەمەڕ لە تاڵانییەکانی کردە قوربانی بۆ خوداوەند نیشباو باقی خوداوەندەکان، کە گەڕاشەوە بڕیاری دابوو هێندەی تر لە سیمورروومدا بکاتە قوربانی. پادشا دڵنیا بوو کە تا ماوەیەکی زۆری تر دوژمن ناتوانێ لەوکێوانە دەربچێتەوە.

پادشای ناوار بۆ ئێشنوننا هەڵهاتو پادشای سیموررووم خێرا پەیامبەری بۆ داواکردنی نارد. پادشا چەند رۆژێك پشووی داو لەهەمان کاتدا سۆراغی پادشا هەڵهاتووەکەی دەکرد، کە بیستیشی چۆتە لارسا لەوە دڵنیا بوو کە دەستی دەکەوێتەوە. پەیامبەرکەی بۆ لارسا ناردو ئاهەنگی قوربانی پێشکەشکردنی ئامادە کرد.

بەیانیی رۆژی ئاهەنگ پادشا لەگەڵ پیاوە گەورەکان لە کۆشك چووە دەرەوە. پادشا بۆ سوپاسی خوداکان بەپێی خاوسو سەری رووتەوە پێشیان کەوتبوو. کاهنەکان پێش هەموویان کەوتبوونو خەڵکی دوو لای راستو چەپی مەوکبەکە لەسەر شەقامی بەردڕێژکراوی نێوان کۆشكو پەرستگە راوەستابوون.

کەژاوەکە گەیشتە ناو پەرستکە، لەو گۆڕەپانە کە بۆ قوربانی ئامادە کرابوو و بەشێك لە ئاژەڵەکانی تێدا خنرابوون تێپەڕیو چووە ناو بیناکان. گەیشتە ناو حەرمی نیشباو پادشا لەدوای دوو کاهنەوە بەسەرڕێکی نەوییەوە نزیککەوت. دوو کاهنەکە پێکانی نیشبایان ماچ کردو هەڵسانەوەو لای راستو چەپی پەیکەرەکەیان گرت. پادشا کەوتە سەر پێکانی نیشباو ماچی کردن. پادشا هەڵساو پاشەوپاش گەڕایەوە دواوەو نۆرەی دایە گەورەپیاوانی مەملەکەت.

پادشاو پیاوە گەورەکان چوونە ناو گۆڕەپانە گەورە سەربەتاڵەکەی پەرستگەو یەکەم گەورەترین گا لە پادشا نزیك خرا. خێرا چوارپەلی بەسترانەوەو درا بە زەویدا. بۆڕەی گاکە تێکەڵ بە بۆڕەی گاکانی ترو باڕەی مەڕەکانو هاواری خەڵکەکە بۆ خوداوەندەکانو پادشاکە بوو. پادشا یەکەم گای سەربڕیو کشایە دواوە، ئینجا نۆرەی کەسانی تر بوو قوربانییەکان سەربڕن.

بەشێکی قوربانییەکانی ناو گۆڕەپانەکەو هەموو ئەوانەی دەرەوەی پەرستگەکە مابوون کاتێك پیاوێك لە باشووری مەملەکەتەوە گەیشتو هەواڵێکی پێ بوو مەبەستی بوو خێرا بیداتە دەستی پادشا. پیاوەکە پاسەوانەکانی تێگەیاندو رێگەیان پێ دا لە پادشاوە نزیك بێتەوە. پیاوەکە چووە لایو داوای قسەکردنی لەگەڵدا کرد. پادشای بەکەیف جگەلە باسکردنی ئاهەنگەکە حەزی لە قسەکردن نەبوو، بە پەیامبەرەکەی وت چاوەڕێی کۆتایی ئاهەنگەکە بێ. پەیامبەرەکە پاشەوپاش گەڕایەوە دواوەو لەبەرخۆیەوە دەیبۆڵاند: ((**بەڵام هەواڵەکە لەبارەی گوتییەکانەوەیە**)).

# کەوتنی فەرهادی

یەکەم جار بوو لەشیرینئاوادا ئاهەنگی وا بگێڕدرێ. کتێب بەلێشاو دەنووسران، کەمێکیان زۆر دەخوێنرانەوە، پاش ماوەیەك لەیادی خەڵکەکە دەسڕانەوە. کتێبە نوێکەی فەرهادی ڕووداوێکی دەگمەن بوو و لەو جۆرە کتێبانە بوو کە پێنج ساڵ یەك دانەیان دەنووسرا. هەرئەوەندەش کتێبەکە لەبازاڕدا بینرا بووە بابەتی قسەو باسی قەڵەمەوانانو خوێنەران. بۆ یەکەم جاریش بوو لەمێژووی شیرینئاوادا کتێبێك شایەنی ئاهەنگێك بێت.

هۆڵەکە پڕ ببوو و هەناسەیەکی پاکی تێدا نەمابوو، هەمووش چاوەڕێی هاتنی بەهرەی پرشنگداری شیرینئاوا بوون. ماوەیەك چاوەڕێیان کردو فەیلەسووفی شارەکە خۆیو هاوەڵانی دەرکەوتن. هێشتا لەدەرگای هۆڵەکەدا بوو زرمەی چەپڵە ئەو هۆڵەی لەراندەوە، بەچەپڵەو هەیتو هاوارەوە فەرهادی لەناو قەرەباڵغییەکەدا گەیەنرایە سەر سەکۆی شانۆ. ماوەیەکی زۆری ویست تا هۆڵەکە نیمچە هێمنییەك بەخۆوە ببینێ.

فەرهادیو هاوڕێیانی لەسەر کورسییەکانی سەر سەکۆکە دانیشتن، مێزێکی درێژیان لەبەردەمدا بوو، چەند ئامێرێکی گواستنەوەی دەنگیان بۆ دانرابوون، تەنها ئەوە ماوە یەکێك ڕێگە بۆ قسەکردنی فەرهادی خۆش بکات. ئەو یەکە ئامادە بوو و کاغەزەکانی وەکو کاغەزی قومار سەفتە کردو دەستی پێکرد.

لەو کاتەی ئەو کەسە قسەی بۆ قەرەباڵغییەکە دەکرد: **((ئامادەبووانی بەڕێز. ئەم ئێوارەیە ئاهەنگ بۆ شاکارێکی فەیلەسووفی گەورەی شیرینئاوا دەگێڕین، ئەم ئێوارەیە..))**، لەو کاتەدا فەرهادی کەسێکی بێدەنگو بێجووڵەی لەناو ریزی یەکەمی قەرەباڵغییەکەدا بینی. فەرهادی بەگوێی هاوڕێکەیدا چرپاندی: **((ئەو زەلامە نییە کە ئەو قسە قۆڕانەی کردبوو؟))**. هاوڕێکەی چاوی گێڕا: **((کامیان؟ ئەوانەی ئەم ڕۆژانە قسەی قۆڕ دەکەن زۆرن))**. فەرهادی چاویلکەکەی لەسەر لووتی جووڵاند بەئاراستەی ئەو کەسە. هاوڕێکەی لێی وردبووەوە ئینجا چرپاندی: **((خۆیەتی.. بۆچی هاتووە؟ فەرهادی! بەراستی پێم بڵێ قسەکانی کاریان تێکردووی؟))**.

فەرهادی سەری زمانی دەرهێنا:

**–کار؟ ئەو یەکەم کەر نەبووە بڵێ فەرهادی فیکرەکانی لەخەڵکی ترەوە دزیوە، کەرێکی تر پێش خۆی هەبووە.**

هاوڕێکەی قەناعەتی نەبوو:

**–بەلأم ئەو بەبەڵگەوە قسەی کردووە، فەرهادی! زۆر لە قەڵەمەوانان قەناعەتیان بەبەڵگەکانی هەبووە، وەڵامی تۆش هێندە لاواز بوو بەڵگەکانی ئەوی بەهێزکرد.**

فەرهادی بەپشکنینی کاغەزو هەڵدانەوەیان خۆی خڵەفاند:

**–کاتی وەڵامێکی تێری ئەو کەرەم نەبووە.**

بەلاچاو تەماشای هاوڕێکەی کرد ئینجا وتی:

**–تەنها پرسیارێکم لێ کردی؛ ئەوە یان نا، نەك دادگایەکەم لەم کەربازاڕەدا بۆ دامەزرێنی.**

هاورێکەی سوور بوو:

–فەرهادی! کاتمان بەدەستەوە ماوە. تا (خۆرە رەش)ی سەماکەری هەموو ئاهەنگێك ئەو فڵتەفڵتەی پێشەکی تەواو دەکات کاتی ئەوە هەیە وەڵام بدەیتەوە، فەرهادی، من کۆنترین هاورێتم. بیری رۆژی سەربانەکەت ماوە؟ ئەمرۆ دەمەوێ مێژووەکەت هەڵبدەمەوەو لەجیاتی سفری رووتی وانەی مێژوو ببمە یەکەمی هەموو شیرینئاوا.

فەرهادی وازی لە کاغەزەکانی هێناو تەماشای دەرگای هۆڵەکەی کردو وەکو خەواڵوویەك وتی:

–خەتای خۆمە پرسیارم کرد، دیارە نیازتە خۆشیی ئەم ئاهەنگەم لێ تێك بدەی کە هەر ئەوەندەی بازاڕی باڵندەو کەروێشك خۆشە، بەهەرحاڵ چیت بۆ باس بکەم؟! بەڵێ قسەکانی کاریان تێکردبووم بەڵام دڵی خۆم بەوە خۆش کردبوو شیرینئاوا رابوردووی لا گرنگ نییە، ئەوەتا دەبینم کۆنە جووتەوەشێن بەسمێڵی بابڕیانەوە لەبەردەممدا دانیشتوون، ئێستا کەس لەرابوردوویان ناپرسێتەوە، دوێنێ لەسەر سەکۆی پەرستگەی شاخاندا قوربانییەکانیان پێشکەش دەکرد، ئەمڕۆش خۆیان دەکەنە قوربانی ئەو پیاوە گەورەیەی شیرینئاوا کە لەسەر خوانەکەی کۆبووینەتەوەو پیساییەکەی دەخۆینەوە. قسە قۆڕەکانی ئەو زەلامە راستیش بووبن خەڵك ئامادەن خۆیان بخڵافێنن.

بەزەیی هاورێکەی کەمتر بووەوە:

–واتە هەست ناکەی قسەکانی دەتخەن؟

فەرهادی سەری راوەشاندو دووکەڵی جگەرەکەی کردە دەرەوە:

–نەخێر! کەسی شیرینئاوا بەو شتانە نەکەوتووە، کەس بەو شتانە ناکەوێ. شیرینئاوا ئەوەندە بێدەسەڵاتە ناتوانێ دادگایی بۆ کەسانی هاوجۆری من دابنێ بۆیە وەك دەبینی هێشتا فرۆفیشاڵم زۆرە، ئەی مەسەلەی پرۆفیسۆری کاڵەك خۆرت نەبیستووە؟ زۆربەی قەڵەمەواڕانی شیرینئاوا ئەوە دەکەن بۆیە چاو لەیەکتر دەپۆشن، ئەوەش ئەگەر بەو چەتەگەرییە بزانن. بێدەسەڵاتی ناچاریان دەکات دزی لە قەڵەمەوانی دەرەوەی شیرینئاوا بکەن، هەر بێدەسەڵاتیشە وایان لێدەکات چەپڵە بۆ فلانی قەڵەمەوانی شیرینئاوا لێبدەن تا ئەو رۆژەی دەزانن چەپڵەیان بۆ چەتەی کاغەز بەسەفتە کردبوو.

هاورێکەی فشارەکەی توند کرد:

–پێم مەڵێ لەژیانتا لەهیچ نەترساوی؟

ئەو دەستەی جگەرەکەی گرتبوو کەمێك لەرزی، تەماشای شوێنی ئەو کەسەی کردو بینی کورسییەکە چۆڵە:

–ئەوەی لێی دەترسام یەك شت بوو، تەنها یەك شت، ئەو شتەی بەردەوام لەدەوروبەری خۆمدا دەمبینی، یەك شت: فەشەل. هەر جارێك یەکەم ئەزموونم بیردەکەوتەوە یان بیرم دەخرایەوە زام گیانی ئەنجن ئەنجن دەکردم، من شەرمم لەو ئەزموونە نەبووە، ئەوە قسەیەکی قۆڕ بووو رۆشت، زۆر کەس تووشیان بووە، من لەشتێکی تر دەترسام؛ دەترسام فەرهادیی سەرکەوتوو رۆژێك تووشی فەشەل بێ‌و ببێتە قەڵەمەوانی ئاسایی، ئەو ئەزموونە یەکەمە ئەو راستییەی دەخستمەوە یادم کە لەژیاندا شتێك هەیە ناوی فەشەلە، ئەو شتەی لەمردن زیاتر لێی دەترسام. ئەو شتەی لەهەموو دەوروبەرمدا دەیبینم بەڵام کەس نابینم لێی بترسێ، بگرە کراوەتە بابەتی نوکتە، لەکەسێکی ئاساییەوە تا حەوتی گەورە، حەوتی گەورە لە کەسی ئاسایی زیاتر.

هاورێکەی چەقۆکەی لەملی توندتر کرد، وەکو فەرهادی تەماشای کورسییەکەی ئەو کەسەی کردو بینی چۆڵە:

–هەر زوو هەستم بەشتێك دەکرد، نەمدەتوانی هەموو تاڵەدەزووەکان کۆبکەمەوە، ئێستا هەموو شتێکت بۆ روونکردمەوە. لە فەشەل دەترسای بەڵام توانیت لەو حاڵەتە گشتییەی شیرینئاوا، حاڵەتی فەشەلی بەردەوام، دەرباز بی. هەستم بەشتێك دەکردو جاروبار موعاناتم لەڕووتدا دەبینی، بەڵام هەستەکەم وەکو ئێستا نەدەبووە زانین.

فەرهادی سەری باداو زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕیی تێکەڵ بە ئازار دەمی لار کردەوە:

–گاڵتەم بە وشەی موعانات دەهات، یەك شتیش لەزۆربەی شیرینئاواییەکان نزیکی دەکردمەوە، خەڵك وایاندەزانی موعاناتی فیکریم هەبووە، پەح! ئازارەکانی من بۆ گەیشتن بوو بە قەڵەمەوانە گەورەکان کە دوایی بۆم دەرکەوت نە

گەورەن‌و نە تەڕەماش، ئەوانە تەنها سەفتەچیی وشەن، هەندێکی باشیان تێدایە، ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم، زۆربەیان چەتەو بێبەهرەو بێتوانان‌و تەنها لەچاو بێتوانایی شیرینئاوا گەورەن.

–ئەی ئێستا؟ ئەو کتێبە؟ ئەم کوڕە؟ بیرت لەوە نەکردۆتەوە بۆ بەخششێکی یەك لە گەورەکانی شیرینئاوا هەموو شتێکت لەدەست دا؟ هەست ناکەی کەوتووی؟ هەست ناکەی بێنەوا کە بێبەزەییانە نیشتیتە سەری لەتۆ باشترە ؟ بەلای کەمەوە لەکۆنەوە پیاوی خێڵە. هەست ناکەی ئەو کتێبە خستووتی ؟

ئەو دوو پەنجەیەی جگەرەکانی گرتبوو زیاتر لەرزین، ئینجا لەرزەکەیان وەستاو توند جگەرەکەیان گرت، تەماشای ئەو کورسییەی کرد کە پێش کەمێك ئەو کەسەی لێبوو و ئێستا چۆڵە، گومانی بۆ دروست بوو ئەگەر ئەو کورسییە کەسی لەسەر دانیشتبێ، کورسییەکە تەواو شکاو بوو و بەکەڵکی دانیشتن نەدەهات:

–بۆچی خستوومی؟

هاوڕێکەی دەستی لێبەرداو ئەمجارە خۆی تەماشای دەرگاکەی کردو ئەمجارە خۆی بەدەنگێکی خەواڵووەوە وتی:

–ئارەزووتە، بەڵام بڕوام پێبکە، بڕواش ناکەی هەر ئارەزووتە، هەر لەم ژوورە چوویتە دەرەوە تۆ ئەو فەرهادییە نیت کە خەڵك دەیناسی. سەرنج بدە؛ چەندت باسی خۆت کرد هەر بەفرمانی رابوردوو بوو: ((دەترسام.. کاریان تێکردم.. گاڵتەم دەهات)).. فەرهادی! رابوردوو.. فەرهادی! بوویتە رابوردوو.

ئەو پیاوە دەنگێرەی فەرهادیی بۆ قەرباڵغییەکە پێشکەش دەکرد گەیشتبووە کۆتایی پێشەکییەکەو رستەکانی دوایەمینی بەهەمان دەنگی نێر هەڵدەڕژاند:

–ئەم بەرهەمە بەنرخەی ئێستا ئاهەنگی بۆ دەگێڕین زادەی ماندووبوونێکی پاڵەوانانەی فەرهادییە.

*–هیچ بووم ئینجا بوومە شتێك.*

–گێڕانەوەی ئەدەبییانەی مێژووی پرشنگداری پاڵەوانێکی گەورەی حەوتی گەورەی شیرینئاوا، باوکێکی مەزنی شیرینئاوای دایك.

*–بەڕاست گەیشتبم یان بەدرۆ؟ تۆ بڵێی بزانم؟*

–بەناوی ئێوەش دۆستانی پێشەواکەی شیرینئاوا دەستخۆشییەکی بێوێنە لەخاوەنی شاکارەکە دەکەم.

*–دەرگا داخراوەکانم کردەوە.*

–بەناوی ئێوەوە داوای لێدەکەم ئەزموونی ئەو رۆژانەیمان بۆ باس بکات کە لەگەڵ لاپەڕەکانی ئەم کتێبە بێوێنەیە بردنیە سەر.

*–بەرزبوومەوە، بەرزبوومەوە.*

–ئەستێرەی درەوشاوەی شیرینئاوا کاکە فەرهادی با بفەرموێ.

*–بەڵام دەبێ بڵێم کەوتم، دەیزانم‌و بۆ کەسی نادرکێنم.*

* * * * *

کەوتنی فەرهادی وەکو هاڕەی هەرەسی شاخێك بوو، پێشتریش ئەو کەمە قسانەی لەبارەیەوە دەکران‌و بەشێکی شیرینئاوا قەناعەتیان پێبوو درزێکیان کردبووە وێنەکەی، بەڵام ئەمجارە هەرەس پاش ستایشی گەورەی یەك لە حەوتی گەورەی شیرینئاوا هات، شیرینئاوا ئامادە بوو خۆی بخەڵەتێنێ‌و چاو لە درزەکە بپۆشێ بەڵام نەیتوانی خۆی لەو کەوتنە بێئاگا بکات.

کەوتنی فەرهادی قسەی ئەو قەڵەمەوانەی سەلماند کە قەڵەمەوانەکانی شیرینئاوا وەکو قسەیەکی ساکار تەماشایان کردبوو، حەزیشیان نەدەکرد بیبیستن: ((قەڵەمەوانانی شیرینئاوا زوو بەرز دەبنەوە بەڵام خێراش دەکەون، کەوتنیشیان

**شتێکی بێمانای لەپشتەوەیە؛ لاواز بوون بەرامبەر ئەو کەسەی ڕۆژێك پێشتر بە پێشەوایەکی نەخوێندەواریان دەزانی. گەورە دەبن ئینجا دەکەونە باوەشی گەورەیەکی شیرینئاواو بچووك دەبنەوە. شیرینئاوا! بۆچی لەسەر بچووکی بەخێوت کردووین؟ خەتای تۆیە یان تۆش وەکو ئێمە قوربانیت؟ قوربانیی دوژمنەکان؟ کام دوژمن؟ ئەوانەی پشت سنوور یان ئەوانەی ناو سنوور؟ تۆش‌و ئێمەیش قوربانین، ئەوانەی ئێمەیان لەسەر بچووکی بەخێوکردووە زۆرن، حەوتی گەورەی هەمیشەیی، حەوتی گەورە کە هەر یەك خۆی کردۆتە باوك.. حەڤدەی بچووکی تۆش هەروا لەناویاندا بەدی دەکەم..)).**

ماوەیەکی کەم تێپەڕی‌و دڵگەرمیی خێڵ بۆ فەرهادی کەمبووەوە، هەندێ قەڵەمەوانی خێڵ سەرەتا حەسوودییان پێ دەبرد کە دەیانبینی خێڵ بایەخی پێداوە، دوایی لایان بووە قەڵەمەوانی ئاسایی. فەرهادی ڕۆژانی دواتری ئەوەی لەژوورێکی ناو دەزگایەکی سەر بە خێڵ دەبردە سەر، بریسکەی چاوەکانی نامەی چاوێك بوو چاوەڕێی بەخششێکە، زۆر جار سەیری دەرگای دەکرد ئینجا دەگەڕایەوە سەر کاغەزەکانی‌و بەخەون خۆی وەکو فەرهادییەکەی جاران دەبینی، هەر دەینووسی‌و دەینووسی، بەڵام هەر لاپەڕەیەکی دەنووسی بە چەند رستەیەك کۆتایی پێدەهێنا، ئەو رستانەی دەنووسی‌و پاشان رەشی دەکردنەوە، توند بەقەڵەمەکەی رەشی دەکردنەوە تا شوێنەکەیان دەدڕا: ((**هەر کەسێکم لەگەڵ زەویدا تەخت دەکرد دەموت دوژمنێك رۆشت، نەمزانی گەورەترین دوژمن هەیە، نزیکترین دوژمن هەیە، دوژمنێکە خۆی مت کردووە تا بمدات بەزەویدا. دوژمنێکە رۆژێکیان بینیم.. بۆم دەرپەڕی‌و دەستەکانم لەرزین.. خۆم بووم**)).

ڕۆژانی بەرزبوونەوەی فەرهادی دەوترا شیرینئاوا تەنها یەك فەرهادیی هەیە، بەڵام ئایا راستە کەوتنی فەرهادی شیرینئاوای کاس‌و سەرسام کرد؟ راستە لە شیرینئاوادا کەسێك هەبووە مردنی لا خۆشتر بووبێ لە فەشەل؟ قەت کەسێك لە شیرینئاوادا هەبووە ناوی فەرهادی بووبێ؟

# گرێکانی شیرینئاوا

**–ئەی خورافەت؟**

**–ئاساییە.. خورافەت لەهەموو شوێنێکدا هەیە، لەهەموو زەمەنێکدا هەبووە.**

**هەڵبەزودابەزی ولاخەکە دانیشتنەکەی لارکردەوە، خۆی راستکردەوەو دووبارەی کردەوە:**

**–خورافەت شوێنو کاتی نییە، بەلام سوودی هەیە، زۆرجار سوودی لەحەقیقەت زیاترە.**

**هەڵبەزودابەزی ولاخەکە هاورێ چاوشینەکەشی لار کردەوە، ئەویش خۆی راستکردەوە:**

**–دەزانم، ئێمە کە پێشکەوتووترین ولاتمان پێدەڵێن هێندەمان خورافەت زۆرە رەنگە خەڵکی ولاتی ئێوە باوەڕ نەکەن. سالانی دوورودرێژی ژیانت لە عەمالیقا ئەوەی فێر کردووی، بەلام ئاگادار بە؛ لەیەک کاتدا باسی خورافەتو پێشکەوتن پێکەوە مەکە.**

کوڕی شیرینئاوا ناوچەوانی سرییەوە:

**–کابرایەکت خستەوە یادم، فەیلەسووفو قەڵەمەوانێکی بەتوانا تا ئەوپەڕی توانایی، ئەستێرەی درەوشاوەی شیرینئاوایە، ئامۆژگارییەکەی تۆی جێبەجێ دەکرد، کە گەشتەکەمان تەواو کرد بیرم بخەرەوە بۆت باس بکەم، چیرۆکێکی هەیە.**

دوو پیاوەکە قسەیان مابوو بیکەن بەلام وا گەیشتنە جێ. خۆیانو ئەو قەرەباڵغییەی لەگەڵیاندا هاتبوو تۆزیان لەو شوێنە هەڵساندو ئەو پیاوانەی لەچاوەڕوانیدا بە دوو ریز بەپێوە لەم دیو دەروازە گەورەکەدا راوەستابوون لەناو گەردەلوولی خۆڵو تۆزدا دیار نەمان.

تۆز نیازی نەبوو زوو بڕەوێتەوە کاتێك دوو پیاوەکەو چەکلەشانەکانیان لەولاخەکانیان دابەزین. دوو پیاوەکە پێشکەوتنو چەکلەشان لەدواوە بوون. ویستیان خێرا تێپەڕن بەلام دەستدرێژیکردنی یەکێك لەپیاوانی چاوەڕوانیو پێشوازی تا پێش هەمووان تەوقە بکات نەخشەکەی پووچەڵ کردەوەو ناچاری کردن تەوقە لەگەڵ دوو ریزەکە بکەن. کوڕی شیرینئاوا ئاوڕێکی پۆزشی بۆ پیاوە عەمالیقییەکە دایەوە.

دوو پیاوەکە بەدەم تەوقەی ناچاریو زەردەخەنەی دەستکردی بێگانەو خۆمالییەوە رۆشتنو چەند کەسێکیان پەڕاند. گەیشتنە دەروازەی ناوەوە کە لەهەیوانەکەیدا پیاوە کەڵەگەتە ئەسمەرەکەیان بینی لەگەڵ چەند پیاوێکی تردا چاوەڕوانن. کوڕی شیرینئاوا پیاوە کەڵەگەتەکەی ناسییەوە، پیاوەکانی تر جۆراوجۆر بوون، بەگوێی هاوڕێ عەمالیقییە چاوشینەکەی چرپاند:

**–کەڵەگەتەکەیان ئەو پیاوەیە کە بۆلای هاتووین، ئەوانەی تر چین؟ ئەوانە هەمان تایپن بەلام شتێکیان تێدا دەبینم دەڵێ ئەوانە جیاوازن.**

**هاوڕێ چاوشینەکەی وەلامی نەبوو:**

**–ئەوەم نەبینی کە تۆ بینیت، تۆ کوڕی ئەم ولاتەی. ئێمەی خەڵکی عەمالیقا ئەو شێوانە لەیەکتر جیاناکەینەوە.**

**–بەلام من دەیکەم.**

لەبەردەم دەروازەی ناوەوە دەرزەنێك تەوقەی گەرمو شلەتێن کرانو دەستەکان توندو سووك راوەشێنران. چوونە

ژوورەوەو پیاوە کەڵەگەتەکە بۆ ئەوەی فێری پێڵاو داکەندنیان بکات پێشیانکەوت، لەناو دەرگاکەدا ئاگاداری کردنەوە:

**–قوربان وریای ئەم دەرگایە بن، دەرگایەکی لەقە، چیرۆکێکی هەیە.**

کوڕی شیرینئاوا ئاگادارکردنەوەکەو بەڵێنی گێڕانەوەی چیرۆکێکی سەیری ئەو دەرگایەی بۆ هاوڕێکەی کردە عەمالیقی. دوو میوانەکە دەرگا لەقەکەیان لەخۆیان پاراستو چوونە ناو ئەو هۆڵەی تێکەڵەیەکی بۆنی تێدا زاڵ ببوو و ئۆکسیجینی ساغی تێدا نەمابوو؛ بۆنی عەتری هەرزانبەهاو جگەرەی جۆری باشو خراپو بۆنی خواردنی بەیانی لەگەڵ بۆنێکی تر لە کحوول دەچوو.

کوڕەکەی شیرینئاوا ماوەیەکی زۆر لەعەمالیقادا ژیابوو، بەڵام دەیتوانی خۆی لەسەر جاران رابێنێتەوە، ئەوە بۆ هاوڕێ عەمالیقییەکەی زەحمەت بوو؛ ئەو نە بەرگەی ئەو بۆنانەی دەگرتو نەدەیتوانی قاچەکانی بەیەك باردا دابنێ کاتێك ویستی دەست بەچاوییەوە بگرێو وەکو ئەوانەی تر بە چوارمشقی لەسەر فەرشە کاشانییەکە دابنیشێ.

بەخێرهاتنەکە کۆتایی نەبوو، هەموو پێکەوە بەخێرهاتنی میوانەکانیان کرد، هەر یەك بەجیا بەخێرهاتنی یەك بەیەکی میوانەکانی دەکرد، ئینجا جارێکی تر بەخێرهاتنکردن، ئەحواڵ پرسین ئینجا خولێکی دیکەی بەخێرهاتنکردن، دوعای خۆشیو سەرکەوتنو ژەمێکی تر بەخێرهاتنکردن. کوڕەکەی شیرینئاوا کە لەعەمالیقادا ژیابوو ناچار بوو وەڵامی هەموو ئەو زیادەمەسرەفە بکات، هاوڕێ عەمالیقییەکەشی کەسی نەدیبوو هێندە کاتی لێ زیاد بێ ئەو ژمارە بەخێرهاتنە بکات، ئەوە بەشی ساڵێکی هەر کەسێکی عەمالیقایە. پیاوە عەمالیقییەکە تێنەدەگەیشت، بەگوێی هاوڕێکەیدا چرپاند:

**–وای بۆ دەچم خەڵکی ئەم وڵاتە گوێیان گرانە، وا دەزانن ئێمەش گوێمان گرانەو دەیانەوێ دڵنیا بن گوێمان لێبووە .**

بەخێرهاتنەکە نیعمەتێك بوو چونکە کوڕەکەی شیرینئاوا نەیدەزانی چۆن دەست پێبکات، چاوەڕێی قسەیەکی ئەو پیاوانە بوو کە نەیدەزانی کێنو پەیوەندییان بە پیاوە کەڵەگەتەکەوە چییە. چاوەڕێی چاولێداگرتنەوەیەکی پیاوە کەڵەگەتەکە بوو بە بەڵێ یان نەخێر بەڵام هیچ نەهات، ئەویش ناچار بابەتێکی دامەزراند:

**–شتەکان چیرۆکیان هەیە، هەر شتێكو چیرۆکێك، بەڵام نەمانزانی چیرۆکی ئەو دەرگایە چییە .**

پیاوە کەڵەگەتەکە ئاوڕی بۆ پیاوێکی بچووکی بەتەمەن دایەوە کە لەلایەکی دووری هۆڵەکە نزیك دەرگاکە دانیشتبوو، لایەکی سمتی لەسەر فەرشە کاشانییەکە بوو و لاکەی تر لەسەر زەوی، قۆپچەکانی سەرەوەی کراسە سپییە بۆرە زەردهەڵگەڕاوەکەشی کرابوونەوەو دەغڵێك مووی لوولی سپی سەری دەرکردبوو. پیاوە بەتەمەنەکە قیت بووەوەو لەسەر ئەژنۆ دانیشت:

**–قوربان، شتێکی عاجباتی بوو، نەیبینی بڕوا ناکەی شتی وا رووبدات.**

پیاوە بەتەمەنەکە مۆڵەتی میوانەکانی دا هەناسەیەکی قووڵ ئامادە بکەن بۆ بیستنی ئەو شتە سەیرەی بەڕێوەیە بوترێ. کوڕەکەی شیرینئاوا دەیزانی چیرۆکەکە چ جۆرێکە بەڵام چیرۆکەکە خۆی چییە؟ نەیدەزانی. پیاوە چاوشینەکەی عەمالیقاش کە ئەو رستەیەی بۆ وەرگێڕدرا نەیتوانی هیچ بخەملێنێ، پێشبینیکردنی ئەوەی وا ئێستا دەوترێ لەدەرەوەی ئاستی مێشکی خۆیو شتە سەیرەکانی عەمالیقا بوو. عەقڵی پێی وت بۆچی بیری لێبکەیتەوە، خۆ هەر ئێستا چیرۆکەکە دەوترێ. پیاوە بەتەمەنەکە دوانەکەوت:

**–قوربان! پێش هاتنتان ئافرەتێکی بێئەدەبی جل رووتی سەر رووتی لنگ رووتی دەم رووت لەجیاتی رێزو ئیحتیرام قسەی دوور لەڕووتان هەلەقومەلەقی لەم مەجلیسەدا کرد، دەرگا خۆی نەگرتو هەموو مەجلیسەکە گوێی لە تەقەتەقو**

**ناڵەی بوو ئینجا یەکپارچە بەعەرزا کەوت وەڵلا. ئێمە ئاسنگەرێکمان لەم نزیکانە بۆ هێنا و تا کەمێك پێش تەشریف هێنانتان خەریکی بوو کەچی نەچووەوە جێگەی خۆی وەڵلا. ئاسنگەر وتی لەژیانما دەرگای وام نەدیوە حەز نەکات بچێتەوە جێگەی خۆی وەڵلا.**

کوڕەکەی شیرینئاوا دڵنیا نەبوو پیاوەکە چیرۆکێك دەگێڕێتەوە بەچاوی خۆی بینیویەتی یان لەکەسانی ترەوە بیستوویەتیو ئێستا خۆی کردۆتە خاوەنی. دلگەرمیی گێڕانەوەکە هی کەسێك بوو چاوی لەکەوتنەکە بووەو زرمەکە تا ئێستا لەگوێیدا دەزرنگێتەوە. دوو چاوی پیاوە چاوشینەکە بەردەوام دەکرانەوەو گەورە دەبوون کاتێك گوێی لەوەرگێڕانی چیرۆکەکە دەبوو. هیچ تەعلیقێك نەیدەتوانی بگاتە ئاستی ئەو چیرۆکە، بەڵام ئەو هێندە دانا بوو ئامۆژگاریی کوڕی شیرینئاوای کرد:

**–بێگومان چیرۆکێکی هیچە، گەر مەبەستیانە ماسولکەکانیان ببینین چیرۆکێکی مەعقوولتریان بهۆنایەوە باشتر دەبوو، بەڵام خەم مەخۆ، باش دەزانی کە لەو چیرۆکە زۆر سەخیفتر لە سینەماکانماندا نمایش دەکرێن، ئەوەی ئەو پیاوە بەتەمەنە وتی لەچاو تەکنیکی دواکەوتووتان هونەرێکی بەرزە. وا خۆت پیشان بدە بڕوات کردووەو بەبایەخەوە دەڕوانیتە ئەو موعجیزەیە.**

کوڕی شیرینئاوا بەقسەی کرد، زەردەخەنەیەکی بێتامو بێواتای پێشکەش بەپیاوە بەتەمەنەکە کرد:

**–چیرۆکێکی سەیرە! شتی زۆر لەم جیهانەدا هەن نایانزانین.**

ئینجا چاوی گێڕاو تەماشای نزیکترین کەسی کرد، پیاوێك بوو لەوانەی نەیدەزانی کێن. تۆپەکەی خستە باوەشیەوە:

**–ئەی بەڕێزتان دەڵێن چی؟ شتی سەیر لەم جیهانەدا زۆر نییە؟**

پیاوەکە بەخششەکەی پێخۆش نەبوو، کورت بڕانیەوەو تۆپەکەی توند خستە بنباخەڵیەوەو بۆی تەقاندەوە:

**–هەیە.**

گەیشتنی ئاو کە زۆر دواکەوتبوو رزگاریی بەدواوە بوو. ئاوی سەر سینی بۆ دوو میوانەکە بارانی پاش ساڵێکی وشكو بێفەڕ بوو. کوڕی شیرینئاوا پشوویەکی دا لە وتنو بیستنی ئەو قسە بێمانایانەی لەوە نەدەچوو بەم زووانە تەواو بن. ئاو گێڕدراو خورایەوەو هێشتا نازانرێ ئەوانەی لەگەڵ پیاوە کەڵەگەتەکەدان بەکەڵکی ئەوە دێن نهێنی لەبەردەمیاندا بدرکێنرێ یان نا.

چاوەڕوانی درێژەی کێشاو بۆشایی بەینەکەش بە چای گەرمو شلەمەنیی لەوە ساردترو جاروبار بە دووبارەکردنەوە **((یاخوا بەخێر بێن))** پڕکرایەوە، ئینجا ئەو پیاوەی بۆچوونی خۆی بەکورتی لەسەر شتە سەیرەکان پاش پرسیارێکی لەناکاوی میوانێکی ناوەخت دەربڕی شتێکی زیادەی هەبوو بیڵێ، وەکو یەکێکیش پاش تەواوبوونی دەهۆڵو زوڕنا بیری بکەوێتەوە هەڵپەڕێ پیاوەکە بەدەم تەپاوتل پێکردنی تەسبیحەکەی قسە پێشووەکەی تەواو کرد، بۆ چرکەیەك رووی کردە پیاوە کەڵەگەتەکەو دیسان رووی لێ وەرچەرخاند:

**–جاری واشە دەرگا لەخەفەتا دەکەوێ، خەفەت لەشتی ناڕاست.**

ویستی ئەوەش بڵێ: **((درۆ هەڵبەستن بۆ بەرزکردنەوەی پیاوی درۆزن))** بەڵام گازێکی لەزمانی خۆی گرتو قسەکەی گەڕاندەوە. رووی زیاتر وەرگێڕا وەك بڵێ: **((دەبخۆ دەی!))**. پیاوە کەڵەگەتەکە نەیهێشت بەسەریەوە بچێو قسەکە کۆن ببێ، لوولەکەی پڕ کرد لە باروودو ئاگرێکی پڕ ساچمەی پێوە نا:

**–خەفەت نەك تەنها دەرگا دەخات، زۆر جار دڵیش دەتەقێنێ، ئەویش ئەگەر ئەو دڵە هەبێ.**

ئەویش رووی بەلاکەی تردا وەرچەرخاند. پیاوە چاوشینەکە تێگەیشت بارودۆخ نائاساییە، بەگوێی هاوڕێکەیدا چرپاندی:

—بێ ئەوەی دەموچاوت تێك بچیو ئەو خەڵکە بخەملێنن هەستم بەهیچ کردووە، من بۆنی شتێك دەکەم.

کوڕەکەی شیرینئاوا دەقاودەق قسەکەی وەرگرتو نەیویست لەسەر بارودۆخێك قسە بکات نازانێ چییەو بەچی دەگات:

—لووتت بەم جۆرە بۆنانە ئاشنا نەبووە، بۆنێکی تیژی هەرزانبەها، دووکەڵی جگەرە هێندەی دووکەڵی بیرە نەوتەکانی ویلایەتی (تاکسی ئاس)ی خۆتان، کەمێك بۆنی پیازو نانی سووتاو، رەنگە کحوولیش.

—ئەمانە دوو حزبن، قسەکردن پێویستی بەوریاییە.

ورەی کوڕی شیرینئاوا رووخابوو:

—دڵم بۆمبایەکی تێدایەو هاکە تەقییەوە، لەوە زیاتر ئارامم نەما، حاڵی لاقی درێژتو ئەژنۆو رانی خرپنت بەدانیشتنی چوارمشقی چۆنە؟

—خراپترە لەوانەی تۆ. نازانم خوێنەکە ئێستا لەکوێدایە بەڵام دەزانم وەستاوە. نۆرەی تۆیە، دەی بیتەقێنەرەوە.

کوڕی شیرینئاوا رووی تێکردنو وەك بڵێ ((بەسە ئیتر بیبڕنەوە)) پێی وتن:

—باسی شتی گرنگ بکەین باشترە.

قسەکان زۆر خێرا کران. کوڕە عەمالیقییەکەی شیرینئاوا وتی ئەو تروسکاییەی ئاشتی کە دەرکەوتبوو زوو کوژایەوەو جەنگە گەورەکە، جەنگی هەموان دژی هەموان، دەستی پێکردۆتەوەو کۆتاییەکەی بەدی ناکرێ. وتیشی بەرژەوەندییەکی هاوبەش هەیە نێوان خێڵەکەی خۆی کە یەکێکە لە حەوتی گەورەی شیرینئاواو پیاوەکەو داوای کرد ئەو پیاوە پشتگیریی خێڵەکەی بکات، بە شەڕ ئەگەر شەڕ بەردەوام بێ، بە شتی تریش ئەگەر ئاشتی بگەڕێتەوە. لەبیریشی نەچوو ستایشی ئەو هێزە جەماوەرییەی پیاوە کەڵەگەتەکە هەیەتی بکات. پیاوەکە هیچی نەوت، نە بەڵێو نە نەخێر.

پیاوەکانی تر شتیان هەبوو بیڵێن. بە دوو وشە مۆڵەتی وەرگرتنی جڵەوی قسەیان وەرگرتو لەپڕ پێکەوەو لەیەك کاتدا کەوتنە تیربارانکردنی پیاوە کەڵەگەتەکە: ((لادەرو ئابڕووبەری ڕێبازی بەرزو خاوێن)). پیاوە کەڵەگەتەکەش چووە پشتی قەڵغانێکی کۆنەوەو پەلی بۆ تیردانەکەی هاویشتو چنگێك تیری دەرکردو بەیەك جار هاویشتنی: ((یاخیبوو و حەسوودن)). هۆڵەکە بووە گۆڕەپانی جەنگو تۆمەتبارکردنی یەکتر. پیاوەکانی تر بڕیاری خۆیان خستە دەستی پیاوە کەڵەگەتەکە: لەبەر پابەندنەبوونی بەرێبازەکە شەرعیەتی نەماوەو ئەوتەنها خۆی سەپاندووە، ئەوەشی دەیکات کەسی زەویو ئاسمان پێی خۆش نییە. ئەو پیاوەی گازی لەزمانی خۆی گرتبوو زۆرتری هەبوو بیڵێ: ((ئەو هەموو کشوفشە چییە؟ کاتێك خۆشەویستی زەویو ئاسمان ئەوەی پێوترا کە پێیوترا تۆ لەسەر خوانی ئەوانە بووی کە پشتی دوژمنانی ئەو خۆشەویستەو ئوممەتەکەیان گرتبوو)). شەڕ بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی هەردوو لا بیریان کەوتەوە لەژوورەکەدا تەنیا نین، ئینجا بەرەی رەفزو نارەزایی روویکردە پیاوە عەمالیقییەکەی شیرینئاواو دوا وتەی پێگەیاند: ((ئەگەر بەدڵتە بیبە بۆ خۆت، ئێمە ناچینە ریزی تۆ، هەر رێککەوتنێکیش لەگەڵیدا دەیکەی بێسوودە چونکە پێمان وتووە لەکوێوە هاتووە بڕواتەوە ئەوێ، با بچێتەوە سەر پشتی نەهەنگەکەی)).

کوڕەکەی شیرینئاوا قسەکەی بۆ هاوڕێ چاوشینەکەی کردە عەمالیقی. هاوڕێکەی لەژێر لێوەوەو بەدەم شێلانی دوو

لاقی سڕبوو و پڕ دەرزییەکانییەوە سەرسوڕمانی لەو ڕۆژەی وا دیارە شتە سەیرەکانی نابڕێنەوە بۆ کوڕی شیرینئاوا دەربڕی:

**–نەهەنگ؟ ئەمە چیرۆکێکی ترە نەمانبیستووە، ئەمە ڕۆژی خەڵکی سەیرو چیرۆکی سەیرترە، چیرۆکی فەیلەسووفەکەی شیرینئاوا کە بەڵێنت دا بۆم باس بکەی فریام نەکەویٚ ئەمرۆ عەقڵ بەتەواوەتی لەدەست دەدەم.**

کوڕی شیرینئاوا بینی زەوی لەوە سەختترە کە لەدوورەوە تەماشای کردبوو، گونجی قەناعەتی بەسەلامەتتر زانیو شتەکەی نەبڕانەوەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شەرعیەتو پابەندبوون جێیهێشتن. دوو میوانەکە هەڵسانو خواحافیزی بەئاوازی شەڕ بەدوایاندا چوو. پیاوە کەڵەگەتەکە تا دەروازەی دەرەوە لەگەڵیاندا چوو و بەدەم خواحافیزییەوە پۆپنەکەی ڕاستدەکردەوە کە شەڕەکە لاری کردبوو و چاڵەکانی پەڕی لێکراوی‌و شوێنی پارچەی هەیبەتی هەڵوەریویی دادەپۆشی. هەر ئەوەندەش پیاوە چاوشینەکە سواری ولاخەکە بوو سەرسوڕمانی پەنگخواردووی بەسەر کوڕی شیرینئاوادا پرژاند:

**–کاتێکی زۆر بەقسەی توڕڕەهاتو زیادو بێسوودو بێبەرهەم سەرف کرا، بەلاٌم کاتێك کار گەیشتە شتی جددی‌و بەسوود زوو مەجلیسەکە هەڵگیرا، شەڕیش لەسەر شتێك کرا نازانم لاتان گرنگە یان نا.. تەنها ئەمانە وان یان هەموو ئێوەی خەڵکی شیرینئاوا بەم جۆرەن؟**

کوڕی شیرینئاوا خۆی لەوەلامەکە دزییەوە:

**–هەیە بەم جۆرەیەو هەیە باشترە، خراپتریش هەیە. من بەناچاری یەکێکم لەو خەڵکە، بەدەستی خۆم نەبوو کە شیرینئاوا دایکم بوو.. تۆ دایکی خۆتت هەڵبژاردووە؟**

کوڕی شیرینئاوا پاڵی دایەوەو بۆ ئەوەی پیاوی عەمالیقا هیچی تری لیٚ نەپرسیٚ چاوی بۆ نوستن نووقاند. پیاوی عەمالیقاش پاڵی دایەوە، تەماشای هاوڕیٚ شیرینئاواییەکەی کردو پرسیاری لەخۆی دەکرد:

**–ئەگەر وەکو خۆیانی لێبکەن ئەو کاتە لەعەمالیقا بەهێزترن.. بۆ نا؟ فەوزا هەمیشە بەهێزترە.**

نەیتوانی بنویٚ. پەنجەی چەقاندە کەللەی هاوڕیٚ شیرینئاواییەکەی‌و وریای کردەوە:

**–باسی فەیلەسووفە مەزنەکەی شیرینئاوات بۆ نەکردم.**

کوڕی شیرینئاوا خاو چاوی کردەوە:

**–کام؟**

**–ئەوەی وتت ئامۆژگارییەکەی منی پیادە کردووە. ئێوە پێویستتان بە فەیلەسووفی زۆری وا هەیە، منیش پاش ئەو ژەمە چیرۆکە سەیرە پێویستم بە چیرۆکێك هەیە عەقڵی تێدابیٚ تا هاوسەنگیی مێشکم بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.**

کوڕی شیرینئاوا باشتر پاڵی دایەوە، چاوی نیوەنووقاو بوو، هەڵبەزینی ولاخەکە بەسەر چاڵەکانی شەقامەکە دوو چاوی دەکردنەوە بەلاٌم زوو دەینووقاندنەوە:

**–بیرت خستمەوە. فەرهادی دەڵێی. ئەوانە هەبن باشە، نەشبن هیچ لەوەزع ناگۆڕیٚ. ئەوانە ناتوانن دە یەکی ئەو خەڵکەمان بۆ کۆبکەنەوە کە شوێنی ئەو پیاوە کەوتوون کە ئێستا لای بووین. ئەو پیاوە کەڵەگەتە یەکێکە لە پیرۆزەکانی شارەکەمان، مەبەستم لای ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی.**

**–فەلسەفەیەکی عەمەلییە.**

**–بۆ نا؟ ساڵانی ژیانم لەعەمالیقادا وایان لێکردووم جگە لەو فەلسەفەیە نرخ بۆ هیچ فەلسەفەیەکی تر دانەنێم.**

**–بەلاٌم نابینی ئەو فەلسەفەیەت تێکداوە؟ نابینی باوەڕەکانی پیاوە زلەکە ئەگەر لەگەڵ کارەکانیدا بەراورد بکرێن وەکو**

نێوان ئاسمان و زێراب وان؟ هەستت نەکرد ئەو کەسانەی لای بوون بە ڕێبەری خۆیانیان نەدەزانی و ڕەنگە کارێکی خراپ لەدژی بکەن و ڕەنگە ئێوە لەجیاتی قازانج زەرەر بکەن؟

—ئارەزووی خۆیانە، هەوڵ دەدەین لەگەڵ هەموو جۆرەکاندا خۆمان بگونجێنین، نازانم چەند سەرکەوتوو دەبین. بۆ ئێمەش باشترە ئەو پیاوە وا سەقەت بێ، کەسی خاوێن بەکەڵکمان نایەت. ئێوەش وان، ڕەنگە چیرۆکی جەنەڕاڵ خۆزێ فێرناندۆی دراوسێتان و مۆزەکەیەت بیر مابێ.

پیاوە چاوشینەکە جارێکی تر پاڵی دایەوە، دەستی خستە پشتی سەری و تەماشای سەرەوەی کرد:

—ساڵانی سەرەتای گەنجیت بیرخستمەوە. من سەرەتای کاری حکومیم بوو کاتێك (جۆن بڵەفەر) سەرۆکمان بوو. وەزیری دەرەوە (جیم بلاکمەیل) پێشوازییەکی گەرمی لە فێرناندۆ، قەسابی وڵاتی ئەلڤۆنسیا، کردو مەدالیای پاراستنی ئازادیی پێدا. فێرناندۆ هەفتەیەك پێش ئەوە سەدان هاووڵاتیی خۆی کردبووە ژێر وڵاخە زرێدارەکانی و شاعیرێکی ناوداری لەسێدارە دابوو. ئەو مەدالیایە یەکێك بوو لە خورافەتەکانمان. فێرناندۆ بەرژەوەندییەکانی خۆمان لە کێڵگەکانی مۆزی ئەلڤۆنسیا دەپاراست، بلاکمەیڵ و فیرناندۆ لەبەشی زۆری ئەو کێڵگانە برابەشی خۆشەویستی یەکتر بوون.

چاوشین بێئەوەی دەست لەژێر سەرییەوە دەربکات ئاوڕی بۆ هاوڕێکەی دایەوە:

—پێت نەوتم، ئەو فەیلەسووفە سەر بە خێڵەکەتانە؟

—نەخێر.

—هەوڵتان لەگەڵیدا نەداوە؟

—بۆچی هەوڵ بدەین؟ خۆ ئەو کەسە هەر نەبووە.. هیچ کەسێك نەبووە ناوی فەرهادی بێ.

—سەرم لێدەشێوێنی..چۆن؟

—ئازیزم، ئەوە وەهمێکە وا دەزانین هەیە بەڵام قەت نەبووە. ئەی پێشتر نەموت خورافەت سوودی هەیە؟ کەسێك لە شیرینئاوادا نەبووە و نەژیاوە ناوی فەرهادی بێ.. ئەوە وەهمێکە. جگەلە فەرهادی وەهمی تر هەن، هەر یەك بەناوێکەوە. خەڵکی شیرینئاوا لەهەندێ وردەکاریی ئەو وەهمانە ناکۆکن و هەندێکی تریان بەهەڵە داڕشتووە، بەڵام هێڵە گشتییەکانی ئەو وەهمانە یەکن. خەڵکی شیرینئاوا ئەو شیرینە پەککەوتەیەیە کە پێویستە ڕزگارکەرەوەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام وەك دەبینی لەو چیرۆکەی شیرین کە تا ڕادەی وەڕسبوونی هەردووکمان بۆم گێڕابوویتەوە ڕزگارکەرەوەکە فەرهادە کە بەتوانایە، ئەشکەوت دەبڕێ بەڵام ناگاتە ئامانج، هەموو وەهمەکان...

هاوڕێ عەمالیقییەکەی پێی بڕی:

—لێرەدا بوەستە! بەدرێژایی کات هەڵتدەخەڵەتاندم. من چیرۆکەکەی شیرینم خوێندەوەو بینیم بەو جۆرە نییە کە بەدرێژایی ساڵێك بۆت دەگێڕامەوە. شیرینە حەزلێکراوە شۆخ و شەنگەکەی چیرۆکەکەت کردە دایکێکی ئیفلیج، دایکێکی ئیفلیج چاوەڕێی ڕزگارکەرەوەیە کە لە چیرۆکەکە نە فەرهادەو نە هیچ کەسێکی ترە. چارەنووسی فەرهادیش جیاوازە، چیرۆکەکە...

ئەمجارە ئەو پێی بڕی:

—شیرینەکەی ئێمە ئەوەیە کە هەموو جارێك لەمنت دەبیست، ئەی چاوەڕێ دەکەی چی بێ؟ حەزلێکراوێکی شۆخ و شەنگ؟ ئەی نەتدەزانی ئێمە چەند لەو جیهانە جیاین؟

—تەواوی بکە! یەك وشە مەپەڕێنە، فەرهادییە فەیلەسووفەکەت لەیاد نەچێ.

– فەرهادییە فەیلەسووفەکەی خۆمان یەکێکە لە وەهمەکان، وەهمێکە لەبواری خۆیدا. تەنها یەك شتیشی ڕاستەقینەیە؛ کەوتنەکەی. لەهەموو شوێنێکدا دەتوانی ئەو کەوتنە ببینی، هەرچەندە ئەو کەوتنانە هێندە بوونەتە ئاسایی وشەی کەوتن بۆیان گەورەیە. بەکورتی خەڵك ئەو وەهمانە دروست دەکەن، بەڵام هەر زوو هەرەسەکەیان دەبینن.. چارەی ڕەش

تەنانەت وەهمیش بۆ شیرینئاوا بەڕەوا نازانێ.

—سەرم دەخولێتەوە.

—هێشتا کەمت بیستووە ئازیزم، شیرینئاوا لەوەهمێکی تردا دەژی؛ سەرکەوتن، لەهەمان کاتیشدا ترس لە دواڕۆژ لەدڵیدا ڕەگی داکوتیوە چونکە نەهامەتیی زۆری بینیوە، وەهمی سەرکەوتنەکەشی تەنها بەهۆی پەیمانێکەوە پێی دەدرێ کە زۆربەی کات، ئەگەر هەموو کات نەبێ، پەیمانێکی درۆیە.. کێ پەیمانی ڕاست بەکەسێکی لاواز دەدات؟ شیرین حەوت فەرهادی بۆ دەرپەڕی، بەڵکو لە حەوت فەرهاد زیاتر، هەموویان دەڵێن ڕزگارکەرەوەین، شیرینیش وەکو خۆیەتی بگرە خراپتری بەسەردا هاتووە. فەرهادی چیرۆکەکە هونەرمەندێکی بەتوانایە بەڵام حەوتەکەی خۆمان تا ئەوپەڕی سنوور لێنەهاتوون.. هونەرمەندی وێرانیو ئیفلیجین. ئەمانە نهێنیی نێوان منو تۆن، ئەگەر باسیشت کردن ناوم مەبە، دەزانی خۆم یەکێکم لە یاریکەرەکان.

کوڕی شیرینئاوا هاوڕێ عەمالیقییەکەی خستە گێژاوێکو جارێکی تر لەپرسیاری تر خۆی دزییەوەو چاوی نووقاندو نوستنی نواند، بەڵام پیاوی عەمالیقا وازی لێنەهێنا، پەنجەیەکی تێوەژەنو قوڵی کون کرد:

—چیرۆکەکە لەنیوەدا جێمەهێڵە.

چاوی کردەوەو زانی قەرزەکە گەورە بووەو دەبێ تا دوا پووش بەهاوڕێکەی بداتەوە:

—فەرهاد هەواڵێکی درۆی پێدەگات گوایە ئەو شیرینە شۆخو شەنگەی حەزی لێکردبوو مردووە ئەویش خۆی دەکوژێ. فەرهادەکانی خۆشمان خۆیان دەکوژن بەڵام بەشێوەیەکی تر، فەرهادەکانی خۆمان بە کارە خراپەکانیان خۆیان دەکوژن، لەبەر شیرینی دایك نا بەڵکو لەبەر قازانجی تایبەتیی خۆیان، جگەلەوەش کەس هەواڵی درۆیان بۆ ناهێنێ کە شیرینی دایك ئیفلیج بووە چونکە ئەو هەواڵە باش دەزانن.. خۆیان بەشی گەورەی ئیفلیجییەکەنو هەر خۆیان هەواڵی درۆ بە خەڵکەکە دەدەن گوایە شیرینی دایك ساغەو عەیبی نییە.

—ئەی فەرهادییە فەیلەسووفەکە؟

—تا ئێستا وا دەزانی کەسی وا لە شیرینئاوادا هەبووە! بەهەرحاڵ ئەویش لەشێوەی ئەوانە ئەوە نەبێ کە بەتوانایە بەڵام مەخابن ئەو کەسە وەهمە. هەڵەی گەورەی شیرینئاواش ئەوەیە دەبوایە ئەو وەهمەیان ناو بنایە (فەرەیدوونی) چونکە فەرەیدوون سەرکەوتووە ڕزگارکەرەوەکەیە نەك فەرهاد، فەرهادی بێچارە، فەرهادی بێچارەی ئەم پارچە زەوییەی خۆرهەڵاتی مەزنو هاوشێوەکانی. لە شیرینئاوادا چیرۆکی فەرهاد حوکم دەکات بەڵام گێڕانەوەی چیرۆکی کاوە زاڵە.

—ئێستا سەرم زیاتر دەخولێتەوە.

—شتێکی دیکەت پێ بڵێم سەرت لەوەش زیاتر بخولێنێتەوە؟ گوێ بگرە! وتم هەڵەیان کردووە کاتێك وەهمەکەیان ناو نابوو فەرهادی، بەڵام ئەوان بێئەوەی بزانن پێکایان چونکە ڕۆژانە ئاکامی فەرهاد دەبینن نەك فەرەیدوون، فەرەیدوونی سەرکەوتوو و ڕزگارکەرەوە.

چاوە شینەکانی زەق ببوونەوە، وازی لێهێناو جارێکی تر پاڵی دایەوەو ویستی بنوێ بەڵام نەیتوانی. گرێکان پێچەبەدەورەیەك بوون نەیدەهێشت میشکی لەیەك شوێندا بوەستێ، مەتەڵی دوایەمین بووە قەراغی پێچەبەدەورەکەو خێراترین شوێنی. شیرینئاواو پیاوەکانی وەکو چیرۆکێکی هەزارو یەك شەو هاتنە پێش چاوی. کردنەوەی گرێکانی بۆ کاتی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی خۆی هەڵگرت. کەمێك چاوی داخست، ئینجا خەوی لێکەوت. پیاوێکی بینیو ناسییەوە، فەرەیدوونە. فەرەیدوون وەستاوە تا ئەو کاتەی کاوە سەری پادشای ئەژدیها لێدەکاتەوە ئینجا لەپشتەوە دەچێتە سەر تەخت. فەرەیدوون بەرزدەبێتەوەو لەپڕ دیارنامێنێ. شیرینی ئیفلیجی بینی، دیمەنی فەرهاد هاتە پێش چاوی، فەرهاد پاچ لە بەردە ڕەقەکە دەوەشێنێو ئەشکەوتەکە دەنگی هاواری بێئومێدیی دەداتەوە، عەلی بابا خەنجەرێکی

هەڵگرتووەو لەپشتی چل دزەکەوە دەڕوات ئینجا دەردەکەوێ خۆی سەرۆکیانە، دێوەکان بەشەڕ دێنو زەویو ئاسمان هەراسان دەکەن دوایی هەموو دەبنە مشكو بڵاودەبنەوە، بەڕەیەك بەئاسماندا دەفڕێ ئینجا بەیەك وشە خۆیو خاوەنەکەی بەردەبنە خوارەوە، کوڕی شیرینئاوا کە لەعەمالیقادا ژیاوە بێدەکەنێو بێباکە لەنەخۆشییەکەی شیرینی دایکی، حەوت پیاوی بچووکی خڕ لەچواردەوری شیریندا بەشەڕ دێنو یەکتر راو دەنێنو دایکی ئیفلیج دەخەنە گریان.. هەناسەبڕکێ وریای کردەوە:

**-نازانم چییە.. لێی تێناگەم.. ئەم شارە یەکێکە لە شتە سەیرەکانی جیهان. بەدبەخت تۆی شیرینئاواو هاوشێوەکانت لەخۆرهەڵاتی مەزن.**

# پەڕاگەندە

ئەو بەلەمە باریکەی نووکێکی تیژی هەلگەڕاوەی لەهەردوو لاوە هەبوو بەهێمنی ڕێگەی خۆی بەناو زۆنگاوەکەدا دەبڕی.

دەنگی سەولّ تێکەلّ بە قریوەی باڵندەکان ببوو، لەهەموو لایەکیشدا بەهەزاران قامیش دوو هێندەو سێ هێندەی باڵای مرۆڤ لەڕووی ئاوەکەوە بەرزببوونەوە.

پیاوە کورتە سەرو دەموچاو بێ مووەکە ماندوو ببوو، بەپێوە وەستابووو سەوڵی لێدەدا:

—**هیچ شتێك کۆتایی نایەت، نە دوژمنایەتییەکان، نە هەڵهاتنمان، نە ئاوی زۆنگاو و نە قامیشی ناو ئاو.**

هاوڕێکەشی سەوڵی لێدەدا بەڵام هێمنتر بوو، بۆی تەواو کرد:

—**نە خوداوەندی ساختەو نە درۆ.. بەڵام پاش ئەو هەموو درۆیانە مردن کۆتایی هەموو شتەکانە ئازیزم.**

پیاوە کورتەکە هێشتا بێزارە، بەڵام سەوڵەکەی بەردەوام دەجووڵێ:

—**با مردن بێ! بەڵام لەم زۆنگاوە نا. دەزانم لەجیهانی خوارەوەشدا پشوو نادەم، یەك منداڵم نییە قوربانی پێشکەش بەسێبەرەکەم بکات، نە منو نە تۆ نێمانە، ئەوەی یەك منداڵی لێ جێدەمێنێ لەجیهانی خوارەوەدا خەفەتبارە، ئەی ئێمە کە تەنانەت نەمانزانیوە ئافرەت چییە؟**

وا زیاد لە حەفتاو پێنج ساڵە بەسەر ئور—نینورتای کاهنی گەورەو لو—ناننای کاهنی دڵسۆزی پاش هەڵهاتنیان لە ئیسین تێپەڕیون، ئێستاش زۆنگاوەکانیان بۆ چەندەمین جار وەك پەناگە هەڵبژاردۆتەوە.

وەکو هەموو پیلانێکیش لەو جۆرە؛ پیلانی کاهنە کۆنەویستەکانی ئیسین لەیەکەم هەنگاوەوە سەرینەگرت، تەنها یەك هەڵەی بچووك بوو، هەڵەیەکی بچووك بەڵام کوشندە: پاسەوانێکیان دانەنابوو ئاگای لەدەرەوە بێ. پادشا پیلانەکەی زانیو کاهنەکان پەرتەوازە بوون، دواییش یەك یەك گیرانو کوژران، تەنها ئور—نینورتا بۆی دەرچوو، لو—ناننای کاهنی دڵسۆزیشی نەیهێشت بەتەنیا بڕواتو شوێنی کەوت. ئور—نینورتا باوەڕێکی پتەوی بە مەسەلەکەی هەبوو، باوەڕەکەشی قایمتر بوو پاش ئەوەی لەمەرگ ڕزگاری بوو، خوداوەندەکان ئەویان هێشتۆتەوە تا لەپێناویاندا بجەنگێ، لەو زۆنگاوانەشدا کە دەستی قودرەتی خوداوەندەکانی بینی سوێندێکی قورسی خوارد کە تا کۆتایین ساتی ژیانی لەو پێناوەدا بجەنگێ، قامیشەکانی زۆنگاوەکانو باڵندەکانو ماسییەکانی لەسەر ئەو سوێندە کردە شایەت، تەنانەت کوللەکانو مێشوولەکانیش. وازیشی لە هاوڕێ دڵسۆزەکەی خۆشی نەهێناو سوێندی پێخوارد.

سێ ساڵ لە زۆنگاوەکاندا مانەوە پاشان زانییان هیچیان بۆ ناکرێ بۆیە ڕوویان کردە شاری بابلو هیوایەکیان بەو بەست چونکە شارەکە لەکاتی پادشای دووەمیدا (سومو—لائیل) دەسەڵاتێکی باشی بەخۆوە بینیبوو، بەڵام پادشای بابل هیچ دڵگەرمییەکی بۆ پرۆژەکەیان نەنواندو ئور—نینورتا زانی ژیانی لە بابلدا بێسوود دەباتەسەر، بەرلەوەش بڕیار بدات بابل جێبهێڵێ پادشا لەهەمان ساڵدا دەمرێو کوڕەکەی دەچێتە جێگەی. دوو کاهنەکە دوو ساڵی بێسوودی تر دەبەنە سەر ئینجا ڕوودەکەنە باکوور، ئینجا ڕۆژهەڵات. چەند وڵاتێك دەکەن، تەنانەت پەنا بۆ پادشاکانی وڵاتە

کوێستانییەکان دەبەن، لەهیچ شوێنێکیشدا کەسێکیان نەدەبینی پرۆژەکەیان بەشتێکی جیددی تەماشا بکات. پاش گەڕانی دوانزە ساڵ گوێیان لەهەناسەی زۆنگاوەکان بوو بانگیان دەکەن‌و باوەشیان بۆ دەکەنەوە.

دوو هاوڕێکە جارێکی تر ساڵانێك لەزۆنگاوەکاندا دەبەنە سەر، ئینجا جارێکی تر بەوڵاتاندا دەگەڕێن. جارێك دەچنە لای ریم سین، پادشای لارسا، بەڵام دەبینن پادشایەکە خۆبەخوداوەندزانین لەلای بۆتە نەخۆشی. ژیانی ئور–نینورتا لە لارسادا هێندە تاڵ دەبێ بڕیار دەدات بچێتەوە بابل کە حامورابی، مونافسەکەی ریم سین، ماوەیەکی کەم بوو پایەی لەنێوان پادشا زۆرەکاندا بەرزببووەوە.

ئور–نینورتا لەدووەم جاری لەبابلدا نموونەیەکی دیکەی پادشایان دەبینێ. ئور–نینورتا بینی حامورابی هێندە پەرۆشی سەرکەوتن بوو بەسەر پادشایاندا چارەکی ئەوە پەرۆشی نیوە جەنگێك لەپیناوی خوداوەندەکاندا نەبوو. ئەو دەستکەوتانەی لەپرۆژەی کۆنە کاهنی گەورە چاوەڕێ دەکران نەك تەنها جێگەی گومانی حامورابی بوون، بەڵکو تەنانەت بیرکردنەوەش لێیان بە پیشەی شێتەکانی دەزانی. ئور–نینورتا لەیەکەم چوونی بۆ دەرباری حامورابی بینی پادشایەکە دەسەڵاتی ئاینیی لاواز کردووەو هەستی بەوە کرد ئەو پادشایە تەنها ئەو کاتە ڕێگە بەئاین دەدات کە پاشکۆی خۆی بێ. ئەوەی لای حامورابی گرنگ بوو پرۆژە سیاسییەکانی بوو.

حامورابی بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەکردنەوە بە پادشا بەهێزەکەی لارسا کە خۆی کردۆتە خوداوەند لەکۆنە کاهنی گەورەی پرسی: ((**پادشای ئێموتبال خەریکی چییە؟**)). شتێکی باوی ئەو کاتەش بوو بەمەبەستی سووکایەتی پێکردن ناوێك لە نەیارەکانیان بنێن. هەرچەندە هەردوو ریم سین‌و براکەی کە پێش ئەو حوکمی کردبوو ناوێکی ئەکەدییان لەخۆیان نابوو بەڵام کودور–مابوکی باوکیان خاوەن ناوێکی ئێلامی بوو و لەناوچەی (ئێموتبال)دا فەرمانڕەوا بوو و توانی لارسا بگرێ‌و (وەرەد سین)ی کوڕی بکاتە پادشای. لەمەوە بنەماڵەکە بە بێگانە تەماشا دەکرا، بەڵام ریم سین هەوڵی تەواوی دەدا تا وەکو پادشایەکی خۆماڵی تەماشا بکرێ. پادشایانیش ئەو هەلەیان لەدەست نەدەداو جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەو پادشایە کەسێکی ئێلامییەو کەس لەباوکانی پادشای لارسا نەبووە. حامورابی بۆچوونی خۆی بە ئور–نینورتا وت: ((**کاتێك ڕەچەڵەکی مرۆڤ یارمەتیی نادات ناچار دەبێ پەنا بۆ شتی دیکە ببات، وەك پادشاکەی ئێموتبال کە خۆی کردۆتە خوداوەند**)).

گاڵتەجارییەکەی حامورابی لەخۆڕا نەبوو. لە ساڵانی یەکەمیدا توانی زەبرێك لە ریم سین بداتو شاری (ئیسین)ی لێ زەوت بکات کە ریم سین هەشت ساڵ پێش ئەوە گرتبووی، دوای ئەوەش ناوچەی ئێموتبالی گرت کە لانکی باوکی ریم سین بوو. ئەو کاتەش کە ئور–نینورتا گەیشتە بابل چەند ساڵێك بوو حامورابی دەستی لەکاری سەربازی هەڵگرتبوو و خەریکی کاروباری ناوخۆ بوو، بەڵام ئاشکرا بوو پادشای بابل چاوی لەدوژمنانی غافڵ نەکردبوو.

ئور–نینورتا کاری بەهیچ لەو شتانە نەبوو، نە بەموناف‌ەسەی پادشایان‌و نە بەپرۆژەکانی داگیرکردن، ئەو کە پیاوی فرتوفێڵ‌و پیلانی سیاسی نەبوو ئەرکێکی ئاینیی لەپێش چاودا بوو و لای گرنگ نەبوو کێ بەئەنجامی دەگەیەنێ. ئەوەشی لای حامورابی بینی ئومێدبڕاوی کرد. حامورابی تەنها ئەو جارە کاهنەکەی بینی، ئیتر لەوە بەدوا پشتگوێی خست. کاتێکیش ئور–نینورتا تەواو دڵنیا بوو حامورابی ئەو پادشایە نییە پشتی پێوە ببەستێ بابلی جێهێشت‌و چووە (ئێشنوننا) پاشان جارێکی تر بۆ پادشانشینانی کوێستان، پاشان بۆ ڕۆژئاوا ئینجا زۆنگاوەکان بانگیان کردەوە.

لەو گەشتەشیدا بەردەوام قسەی بە حامورابی دەوت، هەر کە لێیان دەپرسی دەیوت پادشایەکە نموونەی نیفاق،

لەلایەك دەسەڵاتی ئاینیی لاواز کردووەو لەلایەك بەناوی خوداکانەوە قسە دەکات. پەرستگە دروست دەکاتو خۆی بەنموونەی خوداناسی پێشان دەدات کەچی کۆشەکەکانی لەپەرستگەکان گەورەتر دەکات. ئور–نینورتا ئەو شتەی لەهەموو پادشانشینێکدا دەبینی، بەڵام گیانی نوێی سەردەمەکەی بەڕوونی لە حامورابیدا دەبینی؛ زاڵبوونی کۆشك بەسەر پەرستگەدا.

ئور–نینورتا بەگاڵتەکردن بەو نیفاقە نەوەستایەوەو گاڵتەی بەو فێڵە بابلییە دەکرد کە خەریکە (مەردوك) لەخوداوەندێکی ئاساییەوە دەکاتە خوداوەندێکی گەورەو بۆ ئەو مەبەستە ئانو و ئێنلیل ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی ئەو پلەیەی پێ ببەخشنو بەم جۆرە ئەمڕۆ یان سبەی گەورەیی مەردوك بەسەر هەموو خوداوەندەکانو گەورەیی بابل بەسەر هەموو شارەکانو دەوڵەتەکاندا قبووڵ دەکرێ.

ئور–نینورتا زیاد لە حەفتاو پێنج ساڵ بەوڵاتاندا گەڕا، زیاد لە حەفتاو پێنج ساڵ بەدوای خەونێکدا دەگەڕا کە وەکو خۆری نیوەڕۆی هاوین بەحەقیقەتی دەزانی.

تەمەنی ئور–نینورتا گەیشتبووە سەدو بیستوپێنج ساڵ، هاوڕێکەی هەشت ساڵ لەو کەمتر بوو بەڵام زۆر لەو پیرتر. ئور–نینورتا ئەو باوەڕەی بۆ دروست ببوو خوداوەندەکان ئەو تەمەنە درێژەیان پێبەخشیوە تا لەپێناویاندا بجەنگێ. باوەڕی تەواوی هەبوو لەکۆتاییدا سەردەکەوێ دەنا خوداوەندەکان زووتر دەیانفەوتاند. باوەڕەکەشی پتەوتر دەبوو کاتێك دەیبینی خوداوەندەکان ژیانی هاوڕێ دڵسۆزەکەشییان پاراستووە. جاروبار دەستی دەخستە سەر شانی هاوڕێکەیو بەبزەیەکەوە پێی دەوت، بزەیەك بەدەگمەن هاوڕێکەی دەیبینی: ((**قەت بینیوتە هاوڕێی ئازیزم دوو کەس سەرەڕای گەڕانو مەینەتی پێکەوە سەد ساڵ تەمەن تێپەڕ بکەن؟ ئەگەر خواستی خوداوەندەکان نەبێ چۆن شتی وا ڕێك دەکەوێ؟ ئازیزم، ئەمە ئاماژەیەکە لە خوداوەندەکان کە لەکۆتاییدا سەرکەوتن هەر دەبینین، هەردوو پێکەوە دەیبینین**)).

هاوڕێکەشی زەردەخەنەیەکی پێدەبەخشی، زەردەخەنەی پیرێکی ماندوو کە هەرچەندە ئەوەندەی نەماوە ماڵئاوایی لەژیان بکات وا پیشانی لاوێکی بەرامبەری دەدات کە خەونەکانیو پرۆژەکانی جێگەی بایەخپێدانی ئەون.

ئور–نینورتا بۆ ساتێکیش لاواز نەببوو، بەڵام دەشیزانی کە ئەو تەنیا نییەو ئەو کەسەی لەگەڵیدایە لەو برۆنزە دروست نەکراوە کە ئەو لێی دروستکرابوو، ئور–نینورتا ویستی موعاناتی هاوڕێکەی کەمکاتەوە، توند سەوڵەکەی بەئاوەکەدا کێشا:

–**چی دەڵێی لو–نانا ئەگەر جارێکی تر لەم زۆنگاوە ڕزگارت بکەم.**

بێئومێدی لو–ناننای کردبووە خێوێك بەڵام بەئارامەوە قسەی دەکرد:

–**جگە لە بەڵێ چیی دیکەت لێ بیستووم؟**

ئور–نینورتا توندتر سەوڵەکەی لێدا:

–**بەڕاستمە لو–نانا، دەتوانم ڕزگارت بکەم، دەزانم ناتوانی جێم بهێڵی، لەبەرئەوە هەردوو پێکەوە دەڕۆین. دەچینە شاری ئور.**

قسەکانی کاهنی گەورە کاریان نەبوو:

–**لەیەکەم ڕۆژەوە دەمانتوانی لەهەر شوێنێك بێ بگیرسێینەوەو بژین، زەوی هێندە فراوانە لەشوێنێکدا جێمان هەر دەبووەوە، بستێك لەودیو سنووری ئیسین ئازاد بووین بەڵام هەموو جارێك پاش گەڕان بەوڵاتاندا و شەڕکردن لەگەڵ پادشایاندا زۆنگاومان بۆ خۆمان هەڵدەبژارد.**

کاهنی گەورە لەسەوڵ لێدان کەوت، لەناو بەلەمەکەدا دانیشت:

**—لەیەکەم رۆژەوە ئەو راستییەم پێ وتبووی: راستە شوێن زۆرە، راستە زەوی فراوانە، بەڵام روو دەکەینە هەر شوێنێك درۆ دەبینین، پادشایەك دەبینین خۆی خستۆتە ریزی خوداوەندەکان، یان ئەگەر ئەوەش نەکات کەمتەرخەمە بە شەڕکردن دژی ئەو جۆرە پادشایانە، لو—ناننا! ئەگەر واز لە پادشا بهێنین ئەو وازمان لێ دێنێ؟ لێت قبووڵ دەکات نەپیەرستی و قوربانی پێشکەش بەپەیکەرەکانی نەکەی؟ ئەگەر هێشتیشی بۆ خۆتی قبووڵ دەکەی ناڕاستی ببینی و بێدەنگ بی؟**

لو—ناننا سەوڵەکەی داناو دانیشت. پشتی لەکاهنی گەورە بوو:

**—بەڵام شاری ئور کە دەتەوێ بۆی بچین لەژێر دەستی پادشای لارسایە، ئایا دەچین و لەوێش بێدەنگ نابین یان ئەم جارە قبووڵی ناهەقی دەکەین؟**

کاهنی گەورە هەڵسایەوە، بەدەست سێبەری بۆ چاوی دروستکردو تەماشای دووری کرد:

**—جەنگ ناوەستێ ئازیزم، جەنگ ناوەستێ، کە چووشی دەزانی.**

لو—ناننا هێشتا گومانی هەبوو، لەدڵی خۆیدا گلەمادی: ((**بەڵام ئایا خۆی دەزانی؟**)).

ئەوەی کاهنی گەورە تەماشای دەکرد بەلەمێکی تر بوو لەئاسۆدا دیاربوو. بەلەمەکە ورد نزیك دەکەوتەوە، پارچەیەك قامیشی چڕ هاتە بەردەمی، ونبوو و دوایی دەرکەوتەوە، بەدەوری پارچە قامیشەکە سووڕایەوە، هێندە نزیککەوتەوە کاهنی گەورە زانی ئەوەیە کە چاوەڕێی دەکات، هاواری کرد:

**—( سین ئیلیشو).. چیت هێناوە؟**

**—چاوەڕێ بکە با نزیك بمەوە.**

بەلەمەکە هاتە نزیك و لووتی دای لە لووتی بەلەمی دوو پیاوەکە:

**—سڵاو لە ئور—نینورتا، سڵاو لە لو—ناننا.**

ئور—نینورتا جارێکی پەنابردنی بۆ زۆنگاوەکانی کەوتەوە یاد، نەیزانی چەندەم جار بوو، رەنگە یەکەم جار بووبێ. پیاوێك بوو رەنگە تاکە کوڕەزایەکیشی ئێستا لەژیاندا نەمابێ، بەسواری بەلەمێکەوە هاتو هەواڵێکی بۆ هێنان:

**—سڵاو لە ئور—نینورتا، سڵاو لە لو—ناننا. هەواڵی نوێم پێیە، ئەمە سێیەم پادشایە دوای ئێنلیل بانی بمرێ.**

**—سێ پادشا! هەر پادشایەك دووساڵ و سێ ساڵ حوکم دەکات، ئیسین بەرەو تیاچوون دەچێ! کێ بووە پادشا؟**

**—سین ماگیر، کەسێك بەناوی سین ماگیر.**

کاهنی گەورە گلەمادی:

**—پادشایەك دەڕوات و یەکی تر دێ، ئیسین بەرەو تیا چوون دەچێ.**

هەلێك بوو بۆ لو—نانای دڵسۆز:

**—کەواتە ناچینە بابل، دەگەڕێینەوە ئیسین.**

کاهنی گەورە نەیهێشت لەوە زیاتر خەیاڵ بکاتەوە:

**—پەلەمەکە لو—ناننا! ئێمە چاوەڕێی مردنی ئێنلیل بانی بووین بەڵام شتێك لەناخمدا دەیوت پەلەمەکە، ئەوەتا چوار پادشا بەدوای یەکدا هاتن، چوار لەماوەیەکی کەمدا. ئیسین بەرەو تیاچوون دەچێ، من تۆوی خۆم لەشارێکی تیاچوودا ناچێنم. هەر دەچینە بابل. کۆچ بەرەو بابل دەکەم.**

چیرۆکێکی کۆن بوو و زۆر لە وردەکارییەکانی لەمێشکیدا فەوتابوون. ئەمجارە (سین—ئیلیشو) هاتووە، پیاوێکی ترە، رەنگە یەکێك بێ لەوەچەکانی ئەو پیاوە کۆنەی ناوەکەی بیر نەماوە:

—هەواڵێکی نوێم پێ نییە، بەداخەوە ئەمە دەڵێم، دەزانم چاوەڕێن.

چاوەڕێیان دەکرد، چاوەڕێی هەرچی جۆرە هەواڵێکیان دەکرد؛ باش بێ یان خراپ، گرنگ ئەوەیە هەواڵێك بێ.

—ئەی هەواڵی شەڕی پادشانشینەکان؟

—دەزانم بایەخی پێنادەن بۆیە باسم نەکرد، بەهەرحاڵ شەڕی پادشانشینەکان بەردەوامە، لەم مانگەشدا تەنها یەك گۆڕانکاری روویداوە کە پەیوەندیی بەوڵاتەکانی کوێستانەوەیەو باوەڕ ناکەم بەلاتانەوە گرنگ بێ.

—هەر بزانین باشە، بەلای کەمەوە بزانین نەمردووین و هێشتا سەر بەم جیهانەین.

—ئەگەر حەز بکەن. کەمێك پاش سەرکەوتنەکەی پادشای سیمورروم بەسەر وڵاتی ناوارو گوتییەکان، ئەو گوتییانە هێزەکانیان کۆکردەوەو نەك تەنها سیمورڕومیان شکاند بەڵکو لەشکرەکەشیان راماڵی و هەموو وڵاتەکەیان گرت، پادشای سیمورڕومیش هەڵهات. هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە سیمورڕوم لاواز بووە بەڵام کەوتنی دەنگی داوەتەوە. وەك بیستووشمە ریم سین پەیوەندیی لەگەڵ گوتییەکان دژ بە حامورابی پتەو کردووە، ئەگەر ئەوەش درۆ بێ ئۆباڵی بەئەستۆی ئەو کەسەیە کە بۆی گێڕامەوە.

ئور—نینورتا ئاوڕی بۆ لو—نانناى هاوڕێی دایەوە:

—جیهان لەگۆڕاندایە ئازیزم، جیهان گۆڕاوە. ئەو مەملەکەتە دێرینە وا کتوپڕ کەوت. نابێ لەوە زیاتر بمێنینەوە، چیتر پشت بەنەبوونی هەواڵەکان نابەستین، چیتر نامێنینەوە ئازیزم، دەڕۆین. ئەمجارە بۆ شاری ئور.

بەرلەوەی هاوڕێکەی بەهەڵە تێبگات ئەوان بۆ پشوو دەچن قسەکەی تەواو کرد:

—شەڕی دووەمم دژی پادشای لارسا دەگێڕم. شەڕی دووەمم دژی ریم سین لە ئورەوە دەست پێدەکەمەوە.

هەڵساو دەستی دایەوە سەوڵەکەی:

—دەچم بۆ ئور، ئوری دێرین.

سەوڵی سوپاسو خواحافیزیی بۆ پیاوەکەو بەلەمەکەی راوەشاندو دەستی کردەوە بەسەوڵ لێدان، ئەمجارە گەرموگوڕتر.

# جەنگی دووەمی جانپۆلا

جارێکی تر شەیپووری جەنگ فووی پیا کرا. چەکلەشانەکان بەدرێژایی بەرزاییەکان ریز ببوون. جـەنگێکی تـرە رووی کردۆتە شیرینئاوا لەو کاتەی جەنگە گەورەکە، جەنگی هەمووان دژی هەمووان، گەرم بوو و باسی ئاشتی تەنها مقۆمقۆیەکی شەرمنانە بوو.

جانپۆلا وەکو جاران دەهاتە بەردەم خەڵکو وتە دووردرێژەکانی پێشکەش دەکردن، وەکو جارانیش هەڕەشەی لەو خۆفرۆشانە دەکرد کە دەستێکی گەرمیان خستۆتە ناو دەستی ساردی دوژمنان.

هێرشی پیاوانی جانپۆلا کتوپڕ بوو، بەئاسانی هێڵەکانی بەرەیان بڕیو گەیشتنە قووڵایی ئەو بەشەی شیرینئاوا کە لەدەستی کۆماردا بوو. بەئاسانی دەستیان بەسەر چەند شوێنێکدا گرتو چەکلەشانەکانی کۆمار هەڵهاتن.

سەرکەوتنەکانی جانپۆلا بەئاهەنگی گەورەو هەزاران ئاڵا لەلایەن هەوادارانییەوە وەڵام درانەوە. جانپۆلا مـەزنتر بوو و کۆمار خزایە ناو گۆشەیەکی بچووکەوە. هەیبەتی هەموو کۆمارەکان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدا بوو، خەڵکەکەش پرسیاریان لە ئیدیعا گەورەکانی کۆمار دەکرد کە بەرگەی ئیدیعاکانی جانپۆلایان نەگرت.

**((دەیانبەزێنین))!!**

ئەوە قسەی بەردەوامی کۆمار بوو بەڵام کەس نەیدەزانی چۆنیان دەبەزێنێ.

کۆمار کەوتبووە نێوان دوو ئاگرەوە، لەباشووری شیرینئاوادا جەمالوددین خۆی بـۆ دەرفـەتێك مـەڵاس دابـوو، لەباکوریشەوە جانپۆلا زەبری خۆی دەوەشاند. دەستپێشخەری لەدەستی کۆماردا نـەمابوو. زرێکـانی شـاخانیش نەدەگەیشتنە شوێنەکانی جانپۆلا، بەڵام بەدەر لەوە پەیوەندییەکی ئاشـکرا لـەنێوان شـاخانو جـانپۆلادا هـەبوو، شاخان ئەو شەڕەی بۆ کۆمار نەدەکرد.

ئەو رۆژانە (کۆمارۆك) تووشی سەرقاڵییەکی زۆر ببوو، پەیتاپەیتا شتی دژ بە جانپۆلا دەنووسی، کۆتایی هەر نووسراوێکیش ستایشێکی کۆمارو حیکمەتەکەی بوو: **((کۆمار کوڕی کۆماری ناوەنجی کوڕی کۆماری گەورە لەو تازە دەرپەڕیوانە کۆنترو گەورەترو باڵابەرزترە))**.

جەنگە نوێکەی جانپۆلا چەند هەفتەیەکی برد بەڵام کۆتاییەکەی وەکو سەرەتاکەی نەبوو. کۆمار توانی سۆزو هەستی خەڵکی ئەو بەشەی شیرینئاوا کە کەوتبووە ژێر دەستی جانپۆلا ببزوێنێ. پیاوانی کۆمار قسەیان لەناو خەڵکدا بڵاوکردەوە: **((جانپۆلا ئاژاوەی ناوەتەوە، جانپۆلا شوێنەکەی شێواندووە، جانپۆلاو شوێنکەوتووانی گوێ بە رەوشتو دابونەریت نادەن، پیاوانیان پیاوکوژنو ژنیان بۆ خۆشیو کەیفی پیاوەکان هاتوون))**.

هۆزەکانی ئەو بەشە، کە لەکۆنەوە کەیفیان بە کۆمار نەدەهاتو تەنها بەناچاری ملیان بۆ سەرەوەریو پیرۆزیی هۆزەکەی کەچ کردبوو، ئەمجارە بینییان شەڕەکە بۆتە شەڕی خۆیان. قسەکانی پیاوانی کۆمار کاریگەرییان لەسەر هەندێ هۆز هەبووە.

کۆمارۆك لەو رۆژانەدا بووە نووسەری هۆزەکان. وەکو هەموو جارێکیش کۆمارۆك سیویەك کاغەزی دەنووسیو تەنها

دوو یان سێ وشە خەتی بەسەردا دەهێنان، پێویستی بەهیچ دوودڵییەك نەبوو، وشەکان وەکو ئاوی تاڤگە شۆڕ دەبوونەوە، کۆتایی ئەو کاغەزانەش بەردەوام هاندان بوو:((**پیاوە مەردەکانی هۆزەکان، پیاوانی بەشەرەفی بەشکیو مەشکیو دەشکی، ئەمڕۆ ڕۆژی پاراستنی شەرەفو ناموستانە**)).

نەدەزانرا چەند لەپیاوانی هۆزەکانی بەشکیو مەشکیو دەشکی کاغەزەکانی کۆمارۆکیان دەخوێندەوە، کۆمارۆك خۆی دڵنیا نەبوو لەوەی کەسێك ئەوانە دەخوێنێتەوە، گرنگ لای ئەو کۆمار بوو؛ کومار بیانخوێنێتـەوە بەسـێتی، ئەگەر کۆماریش کاتی نەبێ کەسێك بۆی بگێڕێتەوە.

پیاوانی کۆمار بە هۆزەکانیان وت سەر بۆ ئێمەو ماڵ بۆ ئێوە. چەند هۆزێکیش کەوتنە جووڵەو هێزەکەیان خستە پاڵ هێزی کۆمارو جانپۆلایان ناچار کرد پاشەکشە بکاتو بەرەبەرە جانپۆلا شەڕەکەی دەدۆڕاند، لەکۆتاییشدا تەواو دۆڕاندی. هەمووشی کەمێك بوو و پیاوانی جەمالوددین گەیشتنە لای جانپۆلاو پێشنیارەکەی جەمالوددینیان خستە بەردەم جانپۆلا: ((**جەمالوددین شوێنێکی بۆ داناوی بتوانی لێوەی درێژە بەخەباتی ڕەوات دژی کۆمار بدەی**)).

پێشنیارەکە لەکاتو شوێنی خۆیدا بوو، جانپۆلا ئەوەی کەوتەوە یاد کـە لەجـەنگی یەکەمدا چەکلەشـانەکانی جەمالوددین بەگەرمی شەڕیان نەدەکرد بەڵکو خۆشیان لەو شەڕە دەدزییەوە. جانپۆلا پێشنیارەکەی قبوڵ کردو ئامادەباشی کرا بۆ چوونە ئەو شوێنەی کە جەمالوددین نەیدەزانی دواتر بۆی دەبێتە کێشەیەکی نوێ.

پاش سەرکەوتنی کۆمار، ڕۆژی کۆمارۆك بوو بەهاوڕێکانی بڵێ: ((**نەموت کۆمار دانایە؟**)). کۆمارۆك زیاتر مەبەستی بوو پاساو بۆ ئەو هەموو ستایشەکردنە بێنێتەوە، پاساوەکانیشی بەئەزموونی خۆی بەهێزتر دەکرد: ((**کاتی خۆی لە شانە شۆڕشگێڕەکەماندا دەمانخوێند کە جەنگی چەوساوان بۆ دادپەروەیی ئابووری دەبێ جەنگێکی میللی بێ**، قسەکانی **پێشەوا (ئابریشمی)ی نەمرمان وەکو وشەکانی خودا لەبەرکردبوو بەڵام خۆمان ئەو جەنگە میللییەمان بەچاوی خۆمان نەدەبینی، ئێستاش وەك دەبینن کۆمار ئەو جەنگە میللەییەی بەڕێوەبرد**)).

دەبوایە کۆمارۆك لەو خاڵەدا بابەتەکەی بگۆڕایە چونکە دوو وشەی تری بوتایە پرسیار لەمێشکی گوێگران دروست دەبوو، پرسیارێك لەمێشك نەك لەسەر زمان: چۆن کۆمارۆك ئەو شتە نارێکانەی لەخۆ کۆکردۆتەوە. کۆمارۆك جارێك تر دەیوت: ((**من چیتر کوڕی شانە شۆڕشگێڕەکەی دادپەروەریی ئابووری نیم، من کوڕی شۆڕشە مەزنەکەی کۆماری گەورەی مەزنم**)).

کۆمار بەردەوام شتی دژ بە جانپۆلاو شەشە گەورەکـەی شـیرینئاواو بەشـێك لـە حەڤـدەی بچـوك دەنووسـی. کۆمارۆك ڕۆژانە شانە شۆڕشگێڕییەکەی بیردەکەوتەوە کە فەرمانەکەی لە سووری بەستەڵەکستانی ئەوسا بەتەنها چەند وشەیەك وەرگرتبوو: ((**شەڕی کۆماری گەورە دژی شاخان شـەڕی کۆنەویستانەی دژی بەرەی پێشکەوتنخوازە. دەبێ بچنە ڕیزی شاخان**)). کۆمـارۆك چـەندین جـار بینرابـوو چـەکی شـاخانی هـەڵگرتبوو و لـە بارەگـای شـانە شۆڕشگێڕییەکە، کە خەڵکی شیرینئاوا پێیان دەوت بارەگای جووتەوەشێنان، قسەی بە کۆماری گەورە دەوتو بە سەرۆکی هۆزە دواکەوتووەکان ناوی دەبرد. کۆمارۆك پاش ئەوەی هیدایەتی وەرگرت هەزاران جار بە کاغەزو قەڵەم دەیویست وسڵی خۆی دەربکات بەڵام هەموو جارێك بنو بێخی پێستەکەی دەردەکردو هێشتا هەستی دەکرد لەشی پیسەو پاك نەبۆتەوە.

سەرباری ئەو هەموو هاتوچۆیە بۆ حەوزی پەرستگەکە کۆمارۆك هێشتا نەیدەتوانی وەڵامی کۆنە کوڕانی خێڵی کۆمار بداتەوە کە چۆن تا ئێستا هەندێ تڵپەی ڕۆژانی شـانە شۆڕشـگێڕەکەی تێدا مـاوە. کـەس ئـەو پرسـیارەی

نەدەکرد بەڵام کاغەزەوانەکانی شەشە گەورەکەی تر ئەوەیان دەوت. دەشیانوت نارێکییەکە زۆر لەوە گەورەترە؛ نارێکییە گەورەکە لەسەرەوەدا هەیە، لەناوی کۆمارەکان خۆیان، لەکۆمارەوە بۆ کۆمار بۆ کۆمار بەڵام وشەی کۆمار لەکۆندا شۆڕشێك بوو دژی میراتگری.

جەمالۆك شتێکی لەو جۆرە نووسیبوو، بەڵام خۆی لە باسی هەڵگرتنی چەکی شاخان لەسەر شانی کوڕانی شیرینئاوا دەدزییەوە چونکە ئەو باسە مێژووەکەی کاتی کۆماری گەورەی زیندوو دەکردەوە کە چۆن رێگەکانی بەردەم جەمالوددین داخران تەنها یەك رێگە نەبێ: رێگەی پایتەختی مەزنانگەو هەڵگرتنی چەکی زەعیمەکانی.

جەمالۆك کاغەزەکانی نووسیو پیشانی هاوڕێیانی دا. هاوڕێکانی پێیان وت یەکەم جارە شتێك بنووسێ واتادار بێ، ناوونیشانێکی جوانیشی بۆ هەڵبژاردبوو: ((**زێڕی کۆمار، کۆماری زێڕ، دەستەیەکیش کۆمارۆك**)). جەمالۆك جارێکو دوو جارو دە جار تەماشای ئەو نووسینەی دەکردەوەو بەحەسرەتەوە بە هاوڕێکانی دەوت: ((**شیرینئاوا بەئاراستەیەکی تردا دەڕوات، مقۆمقۆی ئاشتییەکی حەوتی گەورەتان بیستووە؟ پێیان وتم نووسینەکە بۆ ئەو ئاشتییە باش نییە.. داخەکەم**)).

## پەنجەی پیگی

جەمالوددین لەگەڵ شەش گەورەکەی تری شیرینئاوا بۆ وڵاتی عەمالیقا بانگکرابوو. مقۆمقۆی ئاشتی بووە فەرمانێکی عەمالیقا بۆ حەوتەکە کە بەزووترین کات خۆیان بگەیەننە هاملتن و لەو شارەدا حەرامە گەورەکە بکەن؛ حەرامی تەوقەکردن لەگەڵ یەکتر. عەمالیقا هەڕەشەیەکی کورتی نارد: زوو نەگەن خراپتان بەسەر دێ و دەستی شاخان بەرەلا دەکەین تێتان بسرەوێنێ.

لەڕێگەی بۆ ئەو وڵاتە دوورە جەمالوددین سەردانی وڵاتی دراوسێی قەلەموونی دا، ئەو وڵاتەی کە جانپۆلا لەسەر گرنگترین شت، پاش هەواو ئاو، بەردەوام کێشەی لەگەڵدا هەبووە. جەمالوددین لەبەردەم خەڵکێکی زۆردا ستایشی ئەو وڵاتەی کردو وتی ئەگەر شاخان وەکو پیاوانی وڵاتی قەلەموون نەرم وڵاتەکەی حوکم بکردایە هەرگیز تیرێکمان تێنەدەگرت.

جانپۆلا ئەو قسانەی بیستو تووڕە بوو. گوێی نەدایە ئەوەی بەشێك لەپیاوانی خۆی لەژێر سایەی جەمالوددیندا دەحەسێنەوە. خێرا داوای ئامێرەکانی گرتنی وێنەو دەنگی کرد تا قسە بۆ خەڵکەکە بکات. جانپۆلا بۆ دوو سەعات قسەی کرد. جانپۆلا وتی حەوتی گەورە هەموو جۆرە خیانەتێکیان لێ دەوەشێتەوەو بۆ رازیکردنی دراوسێیانی دەوروبەر ئامادەن دایکی خۆشیان بفرۆشن. جانپۆلا داوای لە جەمالوددین کرد بۆ یەك رۆژ لەو دۆزەخەدا بژی کە ناوی نابوو بەهەشتی ناوچەکە، ئەو بەهەشتەی نەیدەهێشت خەڵکەکە تەنانەت بەزمانی دایكو باوکەوە قسە بکەن. لەکۆتاییشدا بە چ شتێك گوێچکەی جەمالوددین سوور دەبێتەوە جانپۆلا ئەوەی پێوت، زیادەیەکیشی پێبەخشی نەوەکو گوێچکەکانی باش قسەکانیان نەبیستبێ.

هەڕەشەکانی جانپۆلا زۆر بیسترابوون و جەمالوددین بێئەوەی هیچ شوێنێکی لەشی سووربێتەوە گەشتەکەی گەیاندە عەمالیقا. جەمالوددین یەکەم بوو و دوای خۆی شەش گەورەکەی تری شیرینئاوا گەیشتن. حەوتەکە هەموو گەیشتنە وڵاتی پانوبەرینی عەمالیقا کە خەڵکی هەموو وشکاییو تەڕایی بەگەورەترین و بەهێزترین و دەوڵەمەندترین خاکیان دەزانی. حەوتەکە لە دەروازەکەدا پەیکەری ئافرەتێك بەباڵای دێوێکیان بینی مەشخەڵێکی بەرز کردۆتەوەو لە بنی پێیدا تابلۆیەکی درێژ دانرابوو: ((گەد گایدد نیو ئەمالیك هۆردز ئن ذي دێزێرت ئاند تێرند ئت ئنتو ئە پەرەداین)). کەس لەحەوتی گەورە (بیبلیۆبوك)ی نەخوێندبووەوەو ناوی (ئەمالیك)ی تێدا نەبینیبوو. گەورەکانی شیرینئاوا وایان دەزانی پیرەژنانی نەخوێندەواری شیرینئاوا بوون بەو وڵاتەیان دەوت عەمالیقا.

وڵاتی عەمالیقا کە حەوتی شیرینئاوا میوانی ناچاریی بوون پڕیبوو لەپیاو و تەنها دوو ئافرەتی تێدابوو، سەیریش ئەوە بوو هەردوو ژنەکە لەدەرەوەی عەمالیقاوە هاتبوون. (لایبیریا)و (پیگی) دوو هێمای دیاری عەمالیقا بوون. لایبیریا ئافرەتە جوانە دەموچاو رەقهەڵاتووەکەیە کە لەژیانیدا لەشوێنی خۆی نەجووڵاوە. لایبیریا دیاریی وڵاتی کەڵەشێرەکان بوو بۆ خەڵکی عەمالیقاو نیشانەی بەهایەکی زۆر بەنرخ بوو کە پێی دەوترا ((کۆت مەکەرە دەستمەوە)). خەڵکی عەمالیقاش پاش ئەوەی دیارییەکەیان وەرگرت تێگەیشتن، یان راستتر هەندێکیان تێگەیشتن، کە کاری ئەوان لەجیهاندا

بریتییە لەوەی جیهان وشەکانی لایبیریا ببیستێ، ئەو لایبیریایەی ڕۆژێك وشەیەکی نەوتبوو.

پیگی، هێمای دووەمی عەمالیقا، شتێکی کاتی بوو و تازە سەریهەڵدابوو. پیگی وەکو لایبیریا لەدەرەوەی عەمالیقا، لە وڵاتی (ڤاکلۆڤاکیا)وە، هاتبوو. ژنە پەنجاوپێنج ساڵەکە ناوی (مارلین مۆنرایت) بوو، یان ڕاستتر ئەو ناوەی لەخۆی نابوو چونکە ناوە ڤاکلۆڤاکییە ئەسڵییەکەی دووروودرێژو ئاڵۆز بوو و لای خەڵکی عەمالیقا، کە حەز دەکەن شتی ناعەمالیقی تەنها لەدەرەوەی عەمالیقادا ببینن، ناوێکی ڕووتاڵ بوو.

وڵاتی ئەو ژنە دەرفەتی کەمتری تێدا هەبوو بەهرەکانی خۆی پیشان بدات، بەڵام پیگی بەخۆیو ئەو بەهرانەیەوە خێرا جێگەی خۆی لەعەمالیقادا کردەوە. پیگی ئافرەتێك بوو لەگۆشتو بەز، بەزیش لەگۆشت زۆرتر، بەهۆی شێوەی دەرەوەیو بەهرەی خۆسەپاندنی کاغەزەوانێکی عەمالیقیی نەیاری ناوی پیگیی لێنابوو. کەس جگە لەو کاغەزەوانە بیری لەوە نەکردبووەوە چەند لە بووکەشووشەی بەرنامەی منداڵان دەچێ، کچەبەرازێکی قەڵەو حەز لەکوڕە بۆقێك دەکات، بەڵام دڵی ئەم بۆ ئەو لێی نەدەدا.

پیگی زۆر لەو کچە بەرازەی ناو فلمەکان دەچوو، هەمان شێوەی لەش، قاچی کورتی قەڵەو، لەشیش سەرتاخوار بەیەك ئەندازە قەڵەو و بێ کەمەر، دەموچاوێکی گەورە، لووتو لێویش هەر گەورە، هێندەش لەو کچەبەرازە دەچوو گەورەیەکی ئەو دیندارانەی پەڕی حەرامکردنیان گرتبوو فەتوای دابوو تەماشاکردنی حەرام نییە چونکە بێبەشە لە مەرجەکانی ئافرەت، مەحرەم بێ یان نامەحرەم. بێگومان پیاوەکە هەڵەی کردبوو چونکە پیگی شتی زۆری هەبوو لەئافرەت نزیکی بخەنەوە، بۆ نموونە ئەو ملوانکە دەنك خڕەی کە دەوری ئەو ملە خڕەی دابوو کە هەبوو و نەبوو و توند گرتبووی.

لەعەمالیقادا تەنها ئەو دوانە ئافرەت بوون، ئەوانی تر پیاوی زبر بوون، پیاوی زۆر زبر، بەڵام وەکو زبریی منداڵێکی شەڕانگێز کە نازی زۆر گەندەڵی کردبوو، ئەو منداڵە دەیزانی چۆن تا ئەوپەڕی سنوور زبر بێ.

پیگی حەوتەکەی شیرینئاوای لەکۆشکە خۆڵەمێشییەکەی هاملتندا کۆکردەوە. بەپیاوێکی خۆی وت قسەکانی وەربگێڕێ، پێی وت وەرگێڕانەکە هەمان ئاوازی حەزمو جەزمو تووڕەبوونی هەبێ. هەندێ لەحەوتی شیرینئاوا زمانی عەمالیقییان دەزانیو لە قسەکەی پیگی تێگەیشتن، ئەوانەش کە عەمالیقییان نەدەزانی دەنگو ئاوازی پیگییان بیستو ئەوانیش تێگەیشتن. هەموو زانییان مەسەلەکە گاڵتە نییە، بەڵام هەمووش پێشتر بڕیاریان دابوو بە قنگەخشکێش بێ بیکەنە گاڵتەو ریسی پیرەژنەکەی عەمالیقا بکەنە خوری، ئەگەر بشکرێ خورییەکە بگەڕێننەوە سەر پێستی مەڕەکە. لە شیرینئاوا زۆری وایان کردووەو زۆریش سەرکەوتوو بوون.

پیگی دەستی پێکردو وەکو هەموو جارێك حەزی لەراوەڕێوی نەبوو:

**–ئێوەی حەوتی شیرینئاوا یاری بەئاگر دەکەن، هەر یەك لەئێوە گەمەی خۆی دەکات، بەڵام ئاگادارتان دەکەمەوە.**

کۆمار بەفیزەوە وەڵامی دایەوە:

**–کەس هۆکاری هێزی خۆی لەدەست نادات، باپیرم مەزنێتیی بۆ دروستکردین، منیش بە هاوپەیمانەکانم بەهێزم ئیتر بۆچی لەدەستیان بدەم؟**

دەموچاوی پیگی تێکەڵەیەك بوو لەتووڕەبوونو پێکەنین:

**–هاوپەیمان؟!!**

کۆمار زانی پێشوەخت خۆی بەناو بازنەی ئاگری پیگی هەڵدابوو. ویستی باسەکە بگۆڕێ تا وەزع قۆڕتر نەبووە، دەنگی بەرزکردەوە:

**–هەمووی خەتای جەمالوددینە، جەمالوددین شەڕەکەی هەڵگیرساند.**

یەك لەحەوتی گەورە پێی لە زەوی خشاندو نەڕاندی:

**–بەڵێ! خەتای جەمالوددیینە! جەمالوددین بەوە نەوەستاو یاساکانی گەمەکەی شکاند.**

کۆمار دووبارەی کردەوە، ئەمجارە بەهێمنیو بەفیزو ئاوازی سەرکەوتنەوە:

**–بەڵی یاساکانی گەمەکەی شکاند.**

ئەو یەکەی پێشتر نەڕاندی جارێکی تر دەنگی نەڕەی بیسترایەوە:

**–بەڵام کۆمار لەو تاوانبارترە، ئەو بوو شتەکانی ئاڵۆز کرد.**

سیانی تر هێرشیان کردە سەر کۆمارو فیزی ئەو بوو بەهەڵەو دەستپێشخەرییەکە لەدەستی دەرچوو. غەڵبەغەڵب دەستپێکردو هەر حەوتەکە قسەیان دەکردو نەڕەیان دەکرد. هەر یەك ئەوی تری تاوانبار دەکرد. هەر یەك چووە پشتی کورسییەکەو ئەوانەی تری تیرباران کرد. ژووری کۆشکە خۆڵەمێشییەکەی هاملێتن بووە هێڵی مەرگی کەپکی قنگەجنۆکە. حەوتەکە تیری زۆریان مابوو بیگرنە یەکترو پیگی زانی نۆرەی ئەوە بنەڕێنێ:

**–بێدەنگ بن! وا دەزانن لەکوێن؟**

چاوێکی گەورەی پڕ خێسەی بەناو هەموویاندا گێڕا:

**–کەس ئەوەی تر تاوانبار نەکات. ئێوە حەوتی فەرمانڕەوای شیرینئاوانو لەشارەکەی خۆتاندا هەمووتان وەکو یەك بەهێزن، دەزانن لەعەمالیقادا ئەگەر حەوت کەسی ناکۆکی بەهێزی هاوهێزی وەکو ئێوە هەبن وڵاتەکەمان چیی لێدێ؟**

حەوتەکە یەك یەك لەپشتی کورسییەکانەوە هاتنەوە دەرەوە، کەوانەکانیان کردەوە شانو تیرەکانیان گەڕاندەوە تیردان، بەڵام تەنیا یەك کەسی قسەیەکی تر بکات دووبارەی دەکەنەوەو چی دەبێ با ببێ، خواش حەز بکات دوژمن بەدەستو لاقی ساغەوە لەو کۆشکەی هاملێتنەوە دەرناچێ. لەدەوری پیگی وەستانەوەو هێشتا دووکەڵ لەلووتیان دەهاتە دەرەوە، یەکێکیان تیریکی لەدەستدا مابوو و پێی حەیف بوو بیگەڕێنێتەوە تیردان. قنگی بە ژێی کەوانەکە نووساندو هێواش بۆ دواوە تا نیوە رایکێشا، ددانەکانیش جیڕدەکردەوە:

**–ئێمەی حەوتی گەورە....**

پیگی پێی بڕی، پەنجەی توند راوەشاند:

**–وریا بە! کە قسە دەکەی قەیدی شوێنت لەیاد نەچێ. نامەوێ فەلسەفەتان فێر بکەم، خۆتان دەبێ ئەو راستییە بزانن، گەورەیی خۆتان بەرەهایی باس مەکەن، ئێوە تەنها لەشیرینئاوادا گەورەن، تەنانەت لەشیرینئاواشدا گەورە نین. گەر واز لەتەنها یەك دراوسێتان بێنین بە یەك پەنجە داتاندەپلۆسێنێ، هیچیش نەکات سنوورتان لەسەر دادەخاتو دەتانخنکێنێ.. ئێوە تەنها بۆ خەڵکی خۆتان گەورەن.**

موحازەرەکەی پێگی پیاوەکەی لەو نیازە خراپە گەڕاندەوەو ئەوانی تری تەواو بێدەنگ کرد، بێدەنگیش نەبوونایە ئەو هەر بەردەوام دەبوو:

**–لەشیرینئاوادا هەر یەکێکتان هێندەی ئەوەی تر هێزو دەسەڵاتو پیاو و ژنی هەیە، دەبێ هەر مێشکی خۆتان ئەو خەیاڵە دەربکات کە دەتوانن یەکتر دەربپەڕێنن.. یەك قسە: واز لەموغامەرەکانی خۆتان بێنن.**

کۆمار ویستی ناڕاستەوخۆ باسی دراوسێکانی بکات، سەری باداو بۆ جاری دووەم وەرەقەی خۆی خستە سەر

مێزەکە:

–راستە ئێمە هاوتای یەکترین، بەڵام هەمیشە هۆکارێك هەیە ئەو هاوسەنگییە بشێوێنێ.

جەمالوددین پێکەنی:

–کۆمار راست دەکات خاتوو مۆنرایت، هۆکار هەیە.

پیگی پەنجەکەی راوەشاندەوە:

–بۆ ئەمە ئێوەم کۆکردۆتەوە، ئەمە بە دوایەمین ئاگاداری بزانن، ئەو دەستەی بۆ وڵاتێکی دەرەوە بۆ شکاندنی ئەو هاوسەنگییە رابکێشرێ من دەیبڕمەوە.

پەنجەکەی توندتر راوەشاند، ئینجا بەدەنگی فەرمانی جەنەراڵێك:

–وەرن!

پیگی وەرگێڕەکەی پێش خۆی نارد تا شوێنەکەو ئامێری وێنەو دەنگ ئامادە بکات. جانتا خڕە بچووکەکەی هەڵگرت کە جگەلە چارەنووسی شیرینئاوا کاغەزی چارەنووسی چەند وڵاتێکی تێدابوو. حەوتی گەورەی شیرینئاوا بەو جانتا خڕە بچووکەی پیگی کە لەخۆی دەچوو پێکەنین، پیگیش بەوانو بەهەموو شیرینئاوا پێکەنی.

ژنەکە پێشیانکەوت. بەپەنجە ئاماژەیەکی بۆ دواوە دا: ((شوێنم کەون!)). حەوتەکە شەڕیان بوو لەسەر یەکەمی ناو ریز. پیگی بە ئاوڕێکی ئاگراوی هێمنی کردنەوە، چۆنیش ئەو کاتە وەستابوون وا ریز بوونو ئەوەی زیاتر پاڵەپەستۆی کردبوو براوە بوو. کۆمار خۆی بە برا گەورە دانابوو و شوێنی یەکەمی ناو ریزەکەی دەستکەوت، جەمالوددین بەدووەم رازی بوو و رازی نەبوو، پێنجەکەش مشتومڕیان بوو. کەژاوەکە بەناو دالانەکانی کۆشکی خۆڵەمێشیدا کەوتە رێ؛ پیگی لەپێشەوەو حەوتەکە بەریز بەدوایەوە. لەبەرازێکی خڕی بچووك دەچوو حەوت جووچکی گەورە شوێنی کەوتوون. بەدالانێکیدا تێپەڕین، لاوێك تازە لە کۆشکەکەدا جێگەی خۆی کربووەوە سەری بۆ لەقاند:

–گودمۆرنینگ مسز مۆنرایت.

–گود مۆرنینگ کیدی.

ئینجا دالانێکی ترو کچێك:

–هێڵۆ مارلین.

–هێڵۆ کیوت پوسی کات.

ئەوانە تێپەڕین، هەندێکیان ئاوڕیان دەدایەوەو تەماشای ئەو دیمەنە سەیرەیان دەکرد. بزە دوو پیاوی عەمالیقیی گرتبوو، ئاوڕیان دایەوە، یەکێکیان وەکو پیگی بەئەسڵ خەڵکی ڤاکلۆڤاکیا بوو، بەزمانی ڤاکلۆڤاکی لێی پرسی:

–مارلین! ئەو سەنفورانە بۆ کوێ دەبەی؟!

پیگی چاوی نووقاندبوو و لووتی لەحەوا بوو، بەزەردەخەنەو رۆشتنی یاساوڵێکەوە:

–هارییان کردووە.. کەمێ تەمێ.. کەمێ گوێبادان.

پیگی گەیشتە ژوورێکی درێژ مێزێکی هەشت کورسیی تێدابوو، حەوتی گەورەی شیرینئاوا بەدوایدا بوون. وەرگێڕەکەو چەند ئامێرێکی وێنە لەچاوەڕێدا بوون. لەدەوری مێزەکە راوەستان، پیگی جانتا خڕە بچووکەکەی کردەوەو فایلێکی دەرکرد. ناوونیشانەکەی خوێندەوە: ((یۆگۆسلۆڤاکیا))، خستیەوە جانتاکەی: ((نەخێر، ئەوە نا))، سووچی فایلێکی تری گرتو پێش ئەوەی دەرییکات گەڕاندیەوە جانتاکە: ((باکتریاو خوڕاسان.. نەخێر)). فایلەکەی

شیرینئاوای دۆزییەوەو دەریکرد، فایلێك لەهەموویان بچووکتر. چاویلکەکەی خستە سەر لووتیو بەدەنگێکی نزم فایلەکەی خوێندەوە. بێئەوەی سەر بەرزبکاتەوە فەرمانەکەی پێوتن:

**–وەکو وتم ئەمە دوایەمین ئاگادارییە، ئێستا هەمووتان لەسەر ئەم رێککەوتننامەیە ئیمزا بکەن. وێنە ئامادە بە.**

سەری بەسەر فایلەکەدا شۆڕکردبوو، تەنها چاوی بەرزکردەوەو لەسەر چاویلکەکەوە بینی حەوتەکە بەڕووی یەکتردا دەنەڕێنن، بەزبری فەرمانی دا:

**–بێدەنگی!**

بڕگەکانی رێککەوتننامەکەی بۆ خوێندنەوەو دیسان بەفەرمانە زبرکە:

**–ئیمزا بکەن!**

ویستیان مل نەدەن، پیگی پەنجەی راوەشاند. هەموو ئیمزایان کرد. نۆرەی تەوقە هات، ئامێری وێنە ئامادەبوو، ویستیان خۆیان لەوە بدزنەوە، پەنجەی پیگیش ئامادەبوو، پیگی پەنجەکەی بەخێرایی لەنێوانیاندا راوەشاند بەواتای: دەی تەوقە بکەن!

کۆمار لەشوێنی خۆیدا رەقببوو، قسەکەی بیرکەوتەوە کە وتبووی قەت دەست ناخەمە دەستی جەمالوددین، جەمالوددینیش حەزی نەدەکردو رووی هەوری مۆن بوو، بەڵام ئەو بەپێی پێویست ئامادەبوو دەست بخاتە دەستی بکوژی باوکیشی. پێنجەکەی تر حەزیان نەدەکرد دەست بخەنە دەستی کۆمارو جەمالوددینو دەست بخەنە دەستی یەکتر. هەموو شیرینئاوا لەو کاتەدا لەو ژوورەی پیگی لەحاڵەتی جەنگدا بوو بەڵام پەنجەی پیگی ئاشتییەکەی سەپاند. هەموو بەنابەدڵییەوە تەوقەیان لەگەڵ یەکتردا کردو شەڕ بڕایەوە. پیگی بەزەردەخەنەی رەزامەندیی مامۆستایەك لەچەند قوتابییەك دەستیان لەخوێندن بەرداوە و گوێ نادەنە دوارۆژی خۆیان بەڵام ئێستا عاقڵ بوون پێی وتن ئیشیان لەوێدا نەماوەو دەتوانن بڕۆنەوە، پەنجەکەی توند راوەشاندو ئەمجارە بێئەوەی رووی گرژ بکات ئامۆژگارییەکەی بۆ دووبارە کردنەوە: ((**ئاگاداربن!**)).

حەوتەکە لەناو دڵو لەسەر زمان پیگییان بەهەموو شتێك، باشو خراپ، سپاردو خۆیان بۆ گێڕانەوەی هەواڵەکە بۆ شیرینئاوا ئامادە کردو رۆشتن.

بەرلەوەی لە هاملّتنیش بترازێن بڕیاریان دا ڕوویەکی پڕ پێکەنینی دەستکرد لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بەرلەوەی لە هاملّتنیش بترازێن بڕیاریان دا ئاشتییەکەی ژووری پیگی وەك دەستکەوتێکی خۆیان ناوبەرن. بەرلەوەی لە هاملّتنیش بترازێن بڕیاریان دا وا بۆ دوارۆژ باسی رۆشتنەکەیان بۆ هاملّتنو رێککەوتنەکە بکەن وەك چۆن خۆیان بێ بانگهێشت رۆشتبنو بێ فەرمانی کەس دەستیان خستبێتە ناو دەستی یەك. زۆریش نابات پەنجەی پیگی لەمێژووی شیرینئاوا دەسڕێتەوە، زۆریش نابات باسی رێککەوتنی هاملّتن بێ پیگی دەکرێ زۆریش نابات لەبیر شیرینئاوا دەچێ ئەو عەمالیقایەی کە بەینی وڵاتی زۆری تێکداوە کوڕانی وڵاتی ئەوانی ئاشتکردەوە، زۆریش نابات شیرینئاوا لەبیری دەچێ پەنجەی پیگی شمشێرەکانی کوڕانی شاری گەڕاندەوە کالاّ... بەڵام ئەو رۆژەی ئیمزاکان کرانو حەوتی گەورە گەڕانەوە شیرینئاوا باسەکەیان تەنها پیگی بوو، هەر یەك لەحەوتەکە وەکو گەشبینێکی ناو تیپێکی وەرزشیی دۆڕاودا قەناعەتی بەخۆی دەکرد ئاشتییەکەی کۆشکە خۆڵەمێشییەکەی هاملّتن بۆ خۆیو شیرینئاوا باشە، ئەو رۆژە هەموویان فەرمانەکەیان قبووڵ کردبوو و سەریان لەو بەهرە بەرزەی عەمالیقا سوڕمابوو:

-ئەو پەنجەیە ئەوەی پێکردین کە هەموو شیرینئاوا پێی نەکردین، ئافەرین نێرەژن، حەیتەکەی ولاتی عەمالیقا.

# كاهنی گەورە لە ئورڕا

جگە لە مەرگی لو–ناننا، ساڵی یەكەمی ئور–نینورتا لەشاری ئوری ژێر دەستی پادشای لارسا بێ رووداو تێپەڕی. ئور–نینورتا بەسووربوونێكی سەیرەوە دژایەتیی خۆی بۆ پادشا خوداوەندەكان درێژە پێدابوو. خەڵكەكە لەقسەكانی تێدەگەیشتن بەڵام نەیاندەزانی بۆچی وا لەسەر مەسەلەیەك سوورە كە لای ئەوان ئەو بایەخەی نییە. ئەوانەی گوێیان لەقسەكانی دەگرت ئەوی تەمەن لە سەدو بیستوپێنج ساڵ زیاتر وەكو لاوێكی خوێنگەرم تەماشا دەكرد. چالاكیو بزێوییەكەی هەموو ماندووبوونێكی دەبەزاند. ئور–نینورتا لەهەر كۆڕێكداو لەیەكەم دەرفەتدا فەلسەفەكەی خۆی دەخستەڕوو:

**–لەكەیەوە ئەو درۆیە هەڵبەسترا؟ لەكەیەوە پادشاكان بوونە خوداوەند؟**

زۆرجار چاوەڕێی دەرفەتی نەدەكردو بەگێڕانەوەیەكی رۆژانی رابوردوو دەستی پێدەكرد، بۆ ئەو خەڵكەی باس دەكرد چۆن مرۆڤ بۆ خزمەتی خوداوەندەكان دروست بووە نەك بۆ ئەوەی لەكۆتاییدا بچێتە ریزی ئەوانەوە:

**–ئەگەر پادشا فلانو پادشا فیسار ببنە خوداوەند، تۆش و منیش سبەینێ داوای خوداوەندێتی دەكەین بەتایبەت كە دەبینین دەسەڵاتی زۆر لەو پادشا خوداوەندانە لەشارەكەی خۆیان تێپەڕی نەدەكرد، پادشاشمان بینی دوێنێ خوداوەند بوو و بۆ رۆژی دوایی بووە دیلی دوژمن.. ئەی بەسەرهاتی (ئیببی سین)تان نەبیستووە؟**

ئینجا چیرۆكی دوایەمین پادشای ئوری دووبارە دەكردەوە. ئور–نینورتا بۆی باس دەكردن چۆن نازناوی خوداوەندێتی كە ئیببی سین بەناهەق هەڵیگرتبوو لەدۆڕان رزگار نەكرد، ئاكامەكەش ئەوە بوو كە لاواندنەوەی شاری ئور دەیگێڕێتەوە: بووە دیلی دەستی ئێلامییەكان.

**–كە دەشزانن ئەمە ئاكامی پادشا خوداوەندەكانە چۆن رێگە بەعەقڵی خۆتان دەدەن مرۆڤێك لەو جۆرە بەخوداوەند بزانن؟**

چیرۆكی ئیببی سین بەڵگەیەكی بەهێز بوو بەدەستی ئور–نینورتاوە، بەڵام گوێگران لێیان دەپرسی: ((**خۆ باوكانو باپیرانی ئیببی سین وەكو ئەو خۆیان بەخوداوەند دەزانی كەچی وەكو ئەویان بەسەردا نەهات**)) وەڵامی ئەویش دوودڵیی تێدا نەبوو: ((**مەرج نییە تۆڵەی خوداوەندەكان بۆ یەك بەیەكی پادشایانی خۆبەخوداوەندزان بێ، مەسەلەش تەنها تۆڵە نییە، مەبەستی من ئەوەیە ئەگەر ئیببی سین خوداوەند بوایە چۆن بەدیل دەبرا**)).

بەكاهنەكەیان دەوت: ((**خوداوەندە كۆنەكانیش جاروبار بەدیل دەبرێن، ئەوە گەورەترین سووكایەتییە پێیان بگات**)). نموونەی دوو خوداوەندیشیان بۆ دەهێنا كە گوتییەكان پاش داگیركردنی سومەرو ئەكەد بردیانن بۆ (ئارراپخا)ی پایتەختیان. زەردەخەنەی كاهنەكە یەكێك لەجارە كەمەكانی پێكەنینی بوو كە بەڕوویەوە دەبینرا. ئور–نینورتا دەیوت: ((**بەڵی بەدیل دەبرێن، بەڵام ئەو كەسەی ئەوە بەرامبەر خوداوەندەكان، خوداوەندە راستەقینەكان نەك ساختەكان، دەكات دەبێ خۆی بۆ تۆڵەی ئەو خوداوەندانە ئامادە بكات، ئەی كێ تۆڵەی خوداوەندی ساختەی بەدیلبراو دەكاتەوە؟ خوداوەندی ساختەی بەدیلبراویش لەو شوێنەدا ناپەرسترێ، بەڵام ئەو دوو خوداوەندەی باستان كردن ئێستا لە ئارراپخادا دەپەرسترێن، رەنگە باشتر لە شوێنی ئەسڵیی خۆیان**)).

ئور–نینورتا بەڵگەی تری هەبوو لەدژی پادشا خۆبەخوداوەندزانەکان؛ ئەو دەیوت: ((**تەماشای ئاکامی پادشا خۆبەخوداوەندزانەکانی تر بکەن: تەماشای ئاکامی نەرام سین بکەن، چۆن ئەو دەسەڵاتە گەورەیەی تێکشکا**)). ئینجا دەیوت: ((**پاشان ئەگەر هەر هەمووشیان بەخۆشی بژین کۆتاییان هەر مەرگە، خوداوەند چۆن دەمریٚ؟**)).

ئور–نینورتا بەتەنیا مابووەوە، ساڵێك پاش رۆشتنیان بۆ ئور لو–ناننای دڵسۆز هێزی ژیانو بەرگەگرتنی لێبڕابوو و لەئامێزی سەرۆکەکەیدا گیانی لەدەست دا. بۆ یەکەم جاریش بوو ئور–نینورتا زانی رێگەگرتنەبەر بەتەنیا چەند زەحمەتەو تامەکەی لەناو دەمدا چەند تفتە. لو–ناننای پیر بەدەم زەردەخەنەیەکی بۆر بە رەنگی خاك گیانی لەدەست دەدا، سەری لەکۆشی هاوڕێو سەرۆکیدا بوو:

**–گەورەم رۆژانی زۆنگاوەکانت بیر ماوە؟**

ئور–نینورتا هەردوو قۆڵی لەسەری لو–ناننا ئاڵاند، سنگی بەسەریدا شۆڕ کردەوە، ویستی بیخاتە ناو دڵییەوە:

**–بیر لەهیچ مەکەرەوە لو–ناننای خۆشەویست، بیر لەهیچ مەکەرەوە، پشوو بدە هاوڕێکەم.**

لو–ناننا هەر زەردەخەنەی بوو، زەردەخەنەکەی رەنگی گۆڕستانێکی چۆڵی ناو بیابانی گرت، گۆڕستانێك یەك گۆڕی تەنیاو تەریکی تێدایە. قسەکانی خاو دەبوونەوە:

**–رۆژانی ژیانم خەفەتی ئەوەم دەخوارد کەسمان منداڵمان نییە دوای خۆمان قوربانی بۆ سێبەرەکەمان لە جیهانی خوارەوە پێشکەش بکات.**

**–بیری لیٚ مەکەرەوە هاوڕێکەم.. پشوو بدە هاوڕێی دڵسۆزم.**

هەناسەی لو–ناننا قورستر بوو بەڵام هەر زەردەخەنەی بوو. بایەك بەسەر گۆڕستانی ناو بیابانەکە هەڵیکردووە، لوورەی دیٚو خۆڵو لمی لەگەڵ خۆیدا هێناوە :

**–ژیانمان بۆ شتێك تەرخان کرد، دەڕۆمو ئەو شتە نابینم، ژیان کۆتایی پێهاتو تاریکی داهات، بۆ ساتێکیش ئەو شتەم نەبینی.**

پێش ئەوەی سەرۆکەکەی وابزانیٚ ئەمە پەشیمانییە لەو ژیانەی لەو رێگەیەدا بردبوویە سەر قسەکەی تەواو کرد:

**–من ئێستا خەفەتی یەك شت دەخۆم: وا دەمرمو نابینم گەورەم دڵی بەهاتنەدیی ئاواتەکەی شاد بیٚ. چاوەڕێی ئەو رۆژەم دەکرد کە تۆ بەدڵخۆشی ببینم، جیهان بەو شێوەیەی حەزت لێیە بگۆڕیو لەوەبەدوا لەگەڵ ئەو جیهانەدا کۆك بی .**

پەلی هاویشتو بۆ دەستی سەرۆکەکەی گەڕا، دۆزییەوەو گرتی. بەدەستێکی لەرزۆکەوە نزیکی کردەوە لەدەمی، ئەو دەستەی ماچ کرد. سەرۆکەکەی بەسەریدا شۆڕ بووەو سەری ماچ کرد. فرمێسك لەچاوی ئور–نینورتا بەسەر دەموچاوی لو–نانادا تکا، ئور–نینورتا دڵۆپەکانی لەو سەرە سرییەوە. لو–ناننای بەوەفا دەستی لەرزۆکی بۆ دەموچاوی سەرۆکەکەی بەرزکردەوە، دەموچاوی سڕی:

**–یەکەم جارە ئەم چاوانە ببینم فرمێسکیان لێدەرچیٚ.**

ئور–نینورتا توندتر سەری هاوڕێکەی خستە ناو باوەشیەوە، ئینجا گریا، بەکوڵ گریا، یەکەم جار بوو وا ببینریٚ:

**–لو–ناننای هاوڕێم، لو–ناننای کۆنە هاوڕێم، یەکەم جارم نییە، لو–ناننای خۆشەویست، دەیانو سەدان جار گریاوم، لو–ناننای هاوڕێم گریانە دەموچاوی مۆن کردووم.**

زیاترو بەکوڵتر گریا، خۆی بەرەڵا کرد بۆ ئەو بەشە کەمەی هەستە مرۆییەکان کە لەبنێکی قووڵی دڵیدا لە خەڵکی شاردبوویەوە، تەنانەت لەنزیکترین کەسی خۆی. فرمێسکەکانی تەنها لەبەردەمی خوداکانیدا هەڵدەڕشت، ئێستاش لەبەردەم هاوڕێی کۆنی کە ئەوەندەی نەماوە ئەو نهێنییە لەگەڵ خۆیدا بۆ جیهانە نادیارەکەی چاوەڕێیەتی

ببات.

* * * * *

ئەو رۆژەی لو–ناننا مرد ریم سین زیاتر لە پەنجا ساڵ پادشای لارسا بوو. ئەو ماوە حوکمە زۆرەش خوداوەندێتییەکەی پتەوتر کردبوو و جەنگی ئور–نینورتا دەبوا سەختر بوایە.

ساڵێکی تر تێپەڕیو ئور–نینورتا بانگەوازی خۆی دەکرد، کەللەی رەقیو ئیرادەی پۆڵایینی بەخەمساردیی خەڵکەکە وەڵام دەدرایەوە. خەڵکەکە بەلایانەوە گرنگ نەبوو پادشا پیاوێکی ئاسایی بێ یان خوداوەند، ئور–نینورتا دەیبینی تۆوی خۆی لەزەوییەکی شۆردا دەچێنێ، خەڵکەکە وەکو پیاوێکی سەردەمێکی زۆر دێرین تەماشایان دەکرد، پادشاش کە جاروبار قسەکانی لەسیخوڕەکانەوە دەبیست وەکو کاهنێکی لێکەوتە تەماشای دەکرد، کاهنێکی پیر پلەو پایەی لەدەست دەرچووی هەرگیز نایەنەوە دەست. پادشاو رەعیەتەکەی کاهنەکەیان وادەبینی، کاهنی پیریش خۆی وەك نێردراوێکی خوداوەندەکان دەبینیو نەدەنوشتایەوە.

سەردانێکی ریم سین بۆ لارسا بەبۆنەی نوێکردنەوەی پەرستگەیەکی ناوچەی پەرستگەکانی خوداوەندی مانگ دەرفەت بوو بۆ بینینی ئور–نینورتا. ئەو بینینەش بەس بوو بۆ پادشای خۆبەخوداوەندزان کۆنە کاهنی بکەوێتەوە بیر کە ساڵانێکی دوورودرێژی پێشتر لە لارسا بینیبوویو قسەکانی لەبارەی مرۆڤە پیرۆزەکانەوە بیستبوو.

ئور–نینورتا لەبەر چاوی ریم سین زۆر نەگۆڕابوو بەڵام وەکو هەڕەشە تەماشای نەدەکرد. ریم سین بینی کە هەرچەندە ئەو پیاوە وەکو جاران بەگوڕەو سوورە لەسەر بیروباوەڕەکانی بەڵام ژیانی دەربەدەری نەیهێشتبوو کەس لەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، لەوەش نەدەچوو ئەو توانا نائاساییەی جارانی مابێ، مردنی پادشا کۆنەکەی ئیسینیش ببووە چیرۆکێکی زۆر کۆن. جگەلەوەش ئور–نینورتا مونافەسەی کەسی لە چینی کاهنەکان نەدەکرد. شاری ئوریش مەڵبەندی پەرستگەی خوداوەندی مانگ بوو و کاهنەکانی مانگ ئافرەت بوون. لە ئوردا کاهنێك نەبوو ئور–نینورتا بۆ پلەوپایەی خۆی بەهەڕەشە بزانێ، بۆیە هەر زوو کاهنانو پیاوانی دەربارو پێش هەموویان خوشکی ریم سین، کە ژنەکاهنی گەورەی ژنەکاهنەکانی خوداوەندی مانگ بوو، ئامۆژگاریی پادشایان کردبوو کۆنە کاهنی گەورە وەکو خێوێکی سەرگەردانی زەمانی چیرۆکە کۆنەکان تەماشا بکات، بەم جۆرەش ئور–نینورتا توانی بۆ چەند ساڵێکی تر بانگەوازی خۆی بەهێمنی بکات.

ساڵانی دواییو پاش بانگەوازێکی بێماندووبوونی کاهنەکە گۆڕانکارییەك رووی دا، ئور–نینورتا توانی لەکۆتاییداو لەو ساڵانەدا لەو زەوییە شۆرەدا تۆوەکەی خۆی بچێنێ، بەڵام درەوەکەی شتێکی تر بوو، شتێك بوو پێچەوانەی خواستی خۆی. گومانەکانی ئور–نینورتا لە خوداوەندێتیی پادشایان لەگەڵ ئەو رووداوانەی خەڵك دەیانبینیو دەیانبیست یەکیان گرتبوو؛ خەڵکەکە دەیانبینی پادشانشینی دێرزەمان لەپڕ دەکەوێتە دەستی پادشانشینێکی تر، پادشا دەمرێو هەرچییەك بینای کردبوو تێك دەشکێ، ئەوەی بچووکە گەورە دەبێو ئەوەی گەورەیە بچووك دەبێ یان نامێنێ. مەملەکەتەکەی ریم سینی خۆیان ئەو فراوانەی جاران نییە. ئەو جیهانەی گۆڕانکارییە سەیرەکانی بەخۆوە دەبینی پشتگیریی گومانەکانی ئور–نینورتای دەکردو پێکەوە لەجیاتی دروستکردنی نەوەیەکی خوداناس هەویری نەوەیەکیان دەشێلا گومان لەزۆر شتی دەوروبەری بکات. دەسەڵاتی خوداوەندەکان بەسەر مرۆڤەکانو شتەکاندا کەم ببووەوە. باوەڕێکیش لەو رۆژگارەدا برەوی سەندو لاوەکان باوەشیان بۆ گرتەوە: یەك چرکەی ژیان

بەخەسار نەدرێو تا بتوانرێ خۆشی لەژیان ببینرێ.. ئەوە درەوی ئور—نینورتاو ڕووداوەکانی سەردەمەکەی بوو، درەوێك بوو کاهنە پیرەکە لەگەرمەی جەنگەکەیدا دژی پادشا خوداوەندەکان نەیدەبینیو نەیدەزانی لەهەموولایەك دەورەی داوە.

# گرتنی جانپۆلا

شۆستە گەرمەکە لەژێر پێڵاوەکانیاندا تەقەی دەهات، دوو پیاوەکە بەرەو جادە لاوەکییەکەی ئەوبەر رایاندەکرد، جارێك بەدەم راکردنەوەوە ئاوڕیان دەدایەوە، جارێك بۆ چرکەیەك دەوەستان تا بزانن بەردەوام بن یان رێگەکەیان بگۆڕن. یەکێکیان گلاو کەوت بەڵام هەڵسایەوەو دەستی کردەوە بە راکردن. چوار پیاوی دەمامك لەدەموچاو کە شوێنیان کەوتبوون نزیکتر دەکەوتنەوە، دەنگی تەقەی پێڵاوەکان تێکەڵ بەیەك بوونو تا دەهات دەنگەکان ناڕێکترو بەرزتر دەبوونەوە. یەك لە دوو هەڵهاتووەکە دەستی بۆ لایەك درێژ کردەوەو هاواری کرد: ((**دڤێرەڕا.. دڤێرەڕا..**)).

ئەوەی هاواری کرد بۆ ناو جادەیەکی لای چەپ وەرچەرخا، هاوڕێکەی شوێنی کەوت، هەردوو ملیان ناو گەیشتنە سەری کۆڵانێك. چوارکەسەکە چرکەیەك وەستان، کارەکەیان ئامادەکرابوو و دەیانزانی دوای ئەوە چی بکەن. دوانیان جیابوونەوەو چوونە کۆڵانەکانی پشتەوە. دوانە هەڵهاتووەکە هێشتا هەناسەیان تێدا مابوو، خۆیان کرد بە کۆڵانێکی تردا. چۆڵیی کووچەو کۆڵانەکان لەقازانجیان نەبوو، بەدوای جادەیەکی قەرەباڵغدا دەگەڕان خۆیان تێیدا ون بکەن. چوار کەسەکە دەیانزانی لەکوێدان بۆیە تا دەهات کۆڵانەکان چۆڵتر دەبوون. ئێستا ئەوان لەجەرگەی گەڕەکێکی راقیی باڵیۆزخانەکانی ئەو پایتەختەن کە گڕی خۆرە نزیکەکە لەو زستانەدا قرچاندبووی.

دوو لەو چوار پیاوە بەدوای دوو پیاوە هەڵهاتووەکەدا بوون، نزیکتر بوونەوە، خێراتر غاریان دا، تەقەی پێڵاوەکانیان تیژترو خێراتر بوو. ئێستا نزیکترن، نزیکەکەیان گەیشتە ئەو پیاوەی کەمێك لەهاوڕێکەی دواکەوتبوو. ئەنیشکی گەیاندە ملی، لێی توندکرد، توندتری کردو هاواری کرد: ((**گرتم.. ئەوم گرت**)).

ئەوەی وتو پاڵێکی پێوە ناو هەردوو پێکەوە کەوتنە سەر قیرەکە. هاوڕێی هەڵهاتووی وستاو ئاوڕیدایەوە، گەڕایەوە بۆ یارمەتی، پێش ئەوەی بگاتە لایان دوانەکەی تر لەسەری کۆڵانەکەوە دەرکەوتنو گەیشتنە سەری، پێکەوە خۆیان فڕێدایە سەریو لەژێر خۆیاندا فلیقاندیان. کەسی چوارەم گەیشتو خێرا دوو کۆتی لەگیرفانی دەرهێناو کردنیە دەستی دوانەکە، دوانەکە بەدیل گیران، پیاوەکە دوو سرنجی دەرهێنا، هەر یەك بۆ لەشی دیلێكو خەوێکی بێ ئازاری دانێ.

دوو دیلەکە ئامادە بوون ببرێن، هەمووشی ماوەی چەند هەناسەیەك بوو ولاخێکی سەرتاپا رەش گەیشتە جێ، دوانەکە سەرخرانو هێندەی چوار باوێشك بوو ولاخەکە گەڕەکەکەی جێهێشتو بەرەو ئەو شوێنە رۆشت کە خانووەکانی بەرەبەرە کەم دەبوونەوە.

چوار کەسەکە دووە خەولێکەوتووەکەیان سوار ولاخێکی باڵدار کردو تێی خوڕین، پێ خڕەکانی باڵدارەکە زەوییەکەیان جێهێشتو دەنووکەکەی روویکردە ئاسمان، بەرز بووەوە، بەرز بووەوە، لەسەر باڵی هەوادا گیرسایەوە.

چوار پیاوەکە دەمامکەکانیان لێکردەوەو هەناسەیەکیان هەڵکێشا. لەپی دەستیان کێشا بە هی دەستی یەکتر:

-**دەستخۆش!**

–دەستخۆش!

بالدار بەرزبووەو لەناو هەوردا ون بوو.

* * * * *

کاتێك حەوتی گەورە زانییان هەشتەمی قەرەبالغ دەستگیرکرا هەموو یەك قسەیان هەبوو: ((**ئەو کەوت نەك ئێمە**))، بەلام هەوالی دەستگیرکردنی جانپۆلا بۆ هەوادارانی وەکو بوون بەژێر شەمەنەدەفەرێکی خێراوە بوو. واقورمانێك رووی تێکردنو بۆ ماوەیەك ئیفلیج بوون، ئینجا وریا بوونەوەو رژانە سەر شەقامەکانو هاواریان دژی دوژمنان، دژی هەموو خۆفرۆشان، کرد. ژمارەیەکیان خۆیان سووتاند. خەلکێکی زۆری شیرینئاوا گرتنی جانپۆلایان بەسووك تەماشاکردنی خۆیان دەزانی.

رۆژانی دوای دەستگیرکردنەکە وردەکارییەکانی هەوالەکە هاتن: وەك پێشتر خەملێندرا کاری ولاتی قەلەموون بوو، دوو پیاوی ئەو ولاتە بەهاوکاریی پیاوێکی عەمالیقاو ئیسحاقییەك جانپۆلایان رفاند، شای ئەو مەملەکەتە گەرمەش کە خەلکەکەی ناوی شیرینئاوایان نەبیستبوو بەئاسانکردنی کارەکە تاوانبار کرا.. تاوانبار کرا بەلام هیچ شانشینێك نەیدا لەرووی.. کورانی شیرینئاوا باوکێکیان نەبوو مووی بۆ سووکایەتییەکە گرژ بێ. لەو کاتەی کۆمارو ولاتی قەلەموون ئاهەنگیان دەگێرا عەمالیقاو ئیسحاقییەکانو شای شانشینی گەرم بێ ترسو خەفەتو هەست کردن بە تاوانباری شەوان خەویان لێکەوت.

حەوتی گەورە دەستگیرکردنی جانپۆلایان بۆ دووبارەکردنەوەی تیۆرەکەیان بەکارهێنا: ((**جانپۆلا لەدەرەوەی رەوتی رووداوەکاندا گەمەی دەکرد. ئەو دژ بە هێزێك شەڕی دەکرد کە بالای بەرزی عەمالیقا لەپشتەوەی دیارە. مرۆڤ دەبێ بزانێ با لەکوێوە هەلێ دەکات تا شەنی خۆی بکات**)). بەلام کە ئەوەشیان دەوت وێنەیەك دەهاتە پێش چاویان: دەموچاوی جانپۆلا گۆڕاوەو بووە بە دەموچاوی خۆیان. ئەو وێنەیە لەپێش چاویاندا وەکو بروسکەیەکی درێژخایەن دەهاتو تەزووی ترس لەدوارۆژ بەهەموو لەشەیاندا دەگەرا، بەلام خێرا روویان دەکردە ئەو لاوەو دەیانوت: ((**ئێمە جیاین، ئێمە شەنی خۆمانو بای خەلك دەزانین**)).

کۆمار لەهەموویان پێی خۆشتر بوو، ئەو هێشتا تامی ئەو ژەهرەی لەقوڕگدا مابوو کە بەدەستی جانپۆلا نۆشیکردبوو. ئاهەنگی کۆمارو ولاتی قەلەموون لەیەك رۆژدا بوو.

# مرۆڤەکان و خوداوەندەکان

خۆشەویست لەماڵ چووەدەرو چاوی بۆ دوو کەس گێڕا. لەناوەڕاستی شارەکەدا یەکەمیانی بینی. ئور–نینای شاعیر وەکو هەموو جارێکی تر بەچەند کەسێك دەورە درابوو، زۆربەیان لاو بوون. خۆشەویست ئور–نینای بۆ دواتر دەویست، خۆی لاداو شاعیرە لاوەکە چاوی لێبوو بەدوای شتێکدا دەگەڕێ، ئور–نینا زانی زەرەر ناکات ئەگەر پێشبینییەك بڵێ:

**–ریخی هەموو خوداوەندەکانم خواردبێ ئەگەر کوڕی ئازەر ئەمڕۆ شتێکی نوێی پێ نەبێ.**

خۆشەویست گەڕاو چاوی گێڕا تا کەسی دووەمی بینی، کەسی مەبەست. خۆشەویست خۆی گەیاندە پیاوەکە:

**–سڵاو پیرە (وەرەد شەرریم)! ڕۆژانە چەندت لەم کارە دەست دەکەوێ؟**

پیاوی پیری پشت چەماو چاوە ماندووەکانی بەرز کردەوە:

**–نەمزانی ڕۆژێك دێ کەسێك حەسوودی بەحەماڵێك بەرێ.. کوڕی ئازەر تۆی؟**

خۆشەویست دووبارەی کردەوە:

**–پێم بڵێ، ئەمڕۆ زەرەر ناکەی.**

پیاوەکە تا مۆخی ئێسك پیر بوو. پشتە کۆمەکەی سەرە سپیو پڕ چرچییەکەی ناچار کربوو بۆ زەوی نەوی بێ، چرچییەکی ئاڵۆزی تریش چواردەوری چاوەکانی دابوو و پێڵووەکانی نیوەی سەرەوەی ئەو دوو چاوەیان داپۆشیبوو و وەکو دوو چاوی کەسێکی خەواڵوویان لێکردبوون. خۆشەویست دەستی گرتو بردی. پیاوەکە شوێنی کەوت. بەپشتێکی کۆمەوە وەکو گومەز دەستێکی لەناو دەستی خۆشەویست بوو و دەستەکەی تری زەمیلەیەکی گەڵای دارەخورمای گرتبوو.

**–ناتوانم بڵێم ئەمڕۆ پارەی حەماڵیی هەموو ژیانت دەدەمێ، تەنها پادشا ئەمە دەتوانێ، بەڵام دەتوانم لە کاری ڕۆژێك زۆرترت بدەمێ، نازانم چەندت دەست دەکەوێ، ڕەنگە تۆش نەزانی، بەڵام من قورسایی دوو شیقلم زیوت دەدەمێ، دوو شیقل زیو بەرامبەر ماوەی چەند ساتێك چاوەڕوانیو گوێگرتن.. ڕازیت؟**

پیاوەکە تێنەدەگەیشت، بێدەنگ وازی لە خۆشەویست هێنابوو دەستی رابکێشێ. پێکەوە گەیشتنە لای ئەو لاوانەی دەورەی ئور–نینای شاعیریان دابوو. ئور–نینا بەئاوازی سەرکەوتنەوە دەنگەکەی هەڵدەبەزییەوە:

**–نەموت کوڕی ئازەر ئەمڕۆ شتێکی نوێی پێیە؟ تەماشا چۆن پیرە وەرەد شەرریمی حەماڵی بۆ نمایشێك پەلکێش کردووە.**

خۆشەویستو حەماڵەکە نزیکتر کەوتن، ئور–نینا بەردەوام بوو:

**–هیوادارم نمایشێکی خۆش بێ. ئەوەتا وەرەد شەرریم دێ؛ ناودارترینو کۆنترین حەماڵی هەموو جیهان، ئەو تەنانەت لە خوداوەندەکانیش کۆنترە.**

دوانەکە گەیشتنە لای قەرەباڵغییەکە، خۆشەویست وەستاو بواری قسەی پێشەکیو توانجو پرسیاری ئەوانی نەدا:

**–خەڵکی ئور، قەت نارێکییەکتان وەك ئەوەی ئێستا لەدەوروبەری خۆتاندا بینیوە؟ زۆرمان لاوین، ئەو پیاوەش کاتی خۆی لاو بوو.**

پێکەنینی لاوەکان قسەکەی پێ بڕی. ئەو لاوانە قەت بیریان لەوە نەکردبووەوە وەرەد شەرریم ڕۆژێك لاو بووبێ.

خۆشەویست پێنەکەنی، قسەکانی تەواو کرد:

–بەڵێ لاو بووە، بەڵام ئێستا سێ ئەوەندە تەمەنی ئێمەی هەیە، پادشا لە کۆشکەکەیدایەو لەناو خۆشیدا دەگەوزێ، ئەم پیاوەش هەموو تەمەنی حەماڵ بووە.

لاوێك لەهەموویان بەتەمەنتر بوو پێی بڕی:

–ڕاست دەکەی، ژیان هەر وا ڕۆشتووە.

لاوێکی تر:

–گومان نییە.. خوداوەندەکان ناو دڵیان خوێندۆتەوەو زانیویانە شایەنی ئەوەیە تەمەنی لە حەماڵیدا سەرف بکات.

خۆشەویست راما. هەموو ئەوانەی بیرکەوتەوە کە تەمەنی خۆیان لەهیچدا سەرف دەکەن. لاوی سێیەم کردییە گاڵتەوگەپ:

–ڕەنگە دایکی دوعای لێ کردبێ.. بەڕاست! وەرەد شەرریم قەت دایکت هەبووە؟

لاوێکی تر دەیزانی مەبەستی خۆشەویست چییە:

–ڕەنگە بڵێی خەتای خوداوەندەکانمانە بۆیە خوداوەندەکانمان ڕاست نین چونکە ئەگەر ڕاست بوونایە ڕێگەیان بەو نادادپەروەرییە نەدەدا، بەڵام ئەگەر خوداکەی تۆ هەبێ هەر ئەو نییە ڕێگەی پێداوە؟

پۆلەکە بەدڵیان بوو:

–همممممممممم.

زەردەخەنەیەکی خۆشەویست ئینجا وەڵام:

–نەمویستووە ئەوە بڵێمو ناشیڵێم.

بەرلەوەی پرسیارێکی تر بوترێ مەبەستەکەی ڕوون کردەوە:

–دەمەوێ بپرسم: ئەگەر خوداوەندەکانتان ڕاست بن چۆن ڕێگە دەدەن وەرەد شەرریمو ریم سین لەمردندا وەکو یەك بن؟ ئەگەر یەکسان بن نادادپەروەرییە، بەڵام من لەوەش خراپتر دەبینم. من دەبینم خۆشگوزەرانیی مردووان لە ئاراللودا پەیوەستە تەنها بەو قوربانییانەی کوڕانی مردووەکە پێشکەش بەسێبەرەکەی دەکەن، لەمەشدا تەنها دەوڵەمەند بەختەوەرە چونکە تەنها ئەوە دەتوانێ منداڵی زۆر بەخێو بکات، پاش مردنیشی هەر ئەوە کە سامانێکی وا جێدەهێڵێ بۆ قوربانی کردن بشێ، ئینجا کە کوڕەکە دەمرێ کەس نامێنێ قوربانی پێشکەش بەو مردووە بکاتو هەمووان یەکسان دەبن، بەڵام یەکسانییەك لەهیچ، وەکو ئێوەش قسە بکەم؛ یەکسانییەك لەنەهامەتی.

ئاپۆڕەکە بێدەنگ بوو، وەڵامیان نەبوو و تەماشای ئور–نینایان کرد. شاعیرەکە پێش ئەوان هەستی بەئەرکی سەر شانی کردبوو بەڵام خۆی لێدزیبووەوە؛ پەنجەکانی دوو دەستی لەسەر سنگی لێك ئاڵاندبوو و تەماشای ئاسمانی دەکرد، ئەوەی تەنیشتی فووی بەگوێیدا کرد:

–چییە؟ خوداوەندەکان هیچیان پێ نەوتی؟

شاعیرەکە بێئەوەی خۆی تێکبدات وەڵامی چرپەکەی دایەوە، هەر تەماشای ئاسمانی دەکرد:

–کەس پێی وتووی من کاهنم؟

هاوڕێکەی چرپاندییەوە:

–ئەی کاتی خۆی نەبووی؟

ئۆر—نینا هەر تەماشای ئاسمانی دەکرد:

**—بوومو تەواو بووم، کوڕی ئازەر باسی ژیانی مردووان دەکات، من مردوو نیم، باوکیشم فێری کردبووم خۆم لەژیانی کەس هەڵنەقورتێنم.**

ئەو لاوەی لەهەموویان بەتەمەنتر بوو ویستی تیرەکە بگرێتەوە خۆشەویست، چاوێکی زەقکردەوەو ئەوەی تری نووقاند، هەناسەی لەخۆی بڕیو ژێی کەوانەکەی بەردا:

**—ڕاستە، بەڵام ئایا خوداوەندەکەی تۆ هەمان یەکسانیی لەنەهامەتی بە خەڵك نەبەخشیوە؟**

خۆشەویست چاوەڕێی دەکرد ئۆر—نینا ئەوە بڵێ، خۆشەویست بۆ ئەو شوێنە هاتبوو چونکە دەیزانی تەعلیقەکانی شاعیر بۆ کارەکەی بەسوودن، بەڵام وا شاعیرەکە خۆی لێ دزیوەتەوەو کەسێکی تر ئەو کارە دەکات:

**—نەخێر! خوداوەندی من جیهانی سێبەری دانەناوە بەڵکو ژیانێکی ڕاستەقینە، یان باخ یان دۆزەخ، خوداوەندی من جگەلەوە خۆشیی ئەو ژیانەی تری نەبەستۆتەوە بەو شتانەی لەتوانای مرۆڤدا نییە. خودای من دەڵێ: چاکە بکە دەیدۆزیتەوە، یەکەم چاکەش ناسینی ئەوە. پاشان چاکە لەگەڵ ئەوانی تر، لەباوك و دایکەوە تا دەگاتە دوورترین مرۆڤی جیهان. کوڕێکت هەبێ لەدوای خۆت چاکەت بۆ پێشکەش بکات یان لە خودا بۆت بپاڕێتەوە باشترە بەڵام نەشبێ زیان ناتگاتێ چونکە پێشتر کاری چاکەی خۆتت کردووە.**

لاوەکە قسەیەکی پێشتری هاوڕێیەکی بیرکەوتەوە، کەمێك چەکوشکاریی تیا کردو کردی بەهی خۆی. بەدەم پاشەکشەکردنەوە چنگێك تیری لە کالا دەرهێناو هێرشێکی بەرفراوانی دەستپێکرد، هێرشێك لەسەر خوداوەندەکانی خۆیو ئەوەی خۆشەویستیش:

**—خوداکەت زیرەکە ئەگەر وا بیربکاتەوە، بەڵام خوداکەی تۆشو ئەوانەی ئێمەش ڕێگەیان بە نادادپەروەری داوە؛ هەموویان بڕیاریان داوە وەرەد شەرریم هەر حەماڵ بێو ریم سین هەر پادشا بێ، ئەوان تەنانەت ناوەکانیشیان بۆ هەڵبژاردوون؛ حەماڵەکە ناوی (کۆیلەی پادشا) بێو پادشاکە دەبێتە (گای کێویی خوداوەند سین).**

قسەکان کۆتایی ڕێگەکە بوون، کەس ناتوانێ لەوە بەدوا یەك هەنگاو بڕوات، بەڵام ئەوە لای خۆشەویست تەنها ڕواڵەتی شتەکانە. پەیامی ئەو ڕواڵەتەکانی تێدەپەڕاند. خۆشەویست ڕاستیی پشتی ئەو ڕواڵەتانەی پیشان دا:

**—بەڵام لەکۆتاییدا هەردوو دەمرن، لەو ڕۆژەش کە مردووان بێدار دەبنەوە نە پادشایەتیی گای کێوی بەکەڵك دێ ئەگەر بتپەرست بێو نە حەماڵیی کۆیلەکەی پادشا زیانی پێ دەگەیەنێ ئەگەر ئیلوم پەرست بێ. ژیانە خۆشەکەی ریم سینیش لەچاو ئەو ژیانە دووەمە نەبڕاوەیە کە دەبێتە بەشی دۆستی ئیلوم تەنیا ساتێکە.. چاوترووکاندنێکە.**

خۆشەویست بیریشی خستنەوە چەند ستەم لەخۆیانو لەیەکتر دەکەن:

**—ئەگەر هەر یەکێکتان بیر لەژیانی خۆی بکاتەوە دەزانێ چەند زوڵمی لەبراکەی کردووە، ئەوەی تووشتان دێ بەرهەمی دەستی خۆتانە. ئێوە نە ئاوڕ بۆ ئیلومو ژیانی دووەم دەدەنەوەو نە چاککردنی ئەم ژیانەی ئێستاشتان لا مەبەستە.**

قسە لەسەر دادپەروەری درێژەی کێشاو هەر یەك شتێکی وت، لەکۆتاییشدا دوو کەس بێزار بوون، شاعیرەکەو حەماڵەکە. ئۆر—نینا دەستی کرد بە قۆڵی وەرەد شەرریمداو لەگەڵ خۆیدا بردی:

**—مام وەرەد شەرریم! با لێرە بڕۆین، ئەمانە هەموو شێتن.**

حەماڵەکە دوو جار بەخاوی سەری بۆ سەرو خوار لەقاند:

**—ڕاست دەکەی کوڕم، هەموو شێتن.**

ئۆر—نینا ویستی ئەو ڕۆژە پڕ ئامۆژگارییەی لەبیر بچێتەوەو کەمێك بۆ خۆشییەکانی ژیان پێبکەنێ:

–مام وەرەد شەرریم! با ئەوان بۆ خۆیان قسە بکەن‌و من‌و تۆ دەچینە لای نزیکترین سۆزانی.

حەماڵەکە چاوە خەواڵووەکانی هەڵبڕی:

–ئەو کەسەی دەیڵێی دوو شیقلومەکەم دەداتیٚ؟ کوڕی ئازەر وتی وەرەو دوو شیقلوم زیوتت دەدەمیٚ.

ئور–نینا دەستی بەرداو جێیهێشت:

–بچۆرەوە بۆ لای شێتەکان، هەر ئەوان زیو بۆ گوێگرتن لە قسە دەدەن.

حەماڵەکەی بەتەنیا جێهێشت، خۆشەویستیش گەیشتە لایو پارچەیەك زیوی خستە ناو دەستییەوە:

–وەرەد شەرریم! ئەو قسانە بۆ تۆش بوون. وەرەد شەرریم! بازرگانییەکی تر دەکەی؟ دڵی خۆت بە ئیلوم دەبەخشی تا زۆر لەو زیوە زیاترت پیٚ ببەخشیٚ؟

# كەللەڕەقیی كاهینێكی پیر

دەبوایە لەكۆتاییدا پادشا توورە بووایە! سەردانێكی نوێی ریم سین بۆ ئور كلَپەی جەنگێكی نوێی بۆ ئور–نینورتا هێنا.

كاهنەكانو گەورەپیاوانی ئور زۆر دوور لەو شارە لەپێشوازی پادشادا بوون. وەكو بیانوویەكی ئەو پادشایانەش كە هەست دەكەن وەكو پێویست رێزیان نەگیراوە ریم سین پرسیاری ئور–نینورتای كرد، ریم سین بەمێشكیدا هات تەمێی ئەو پیاوە بكات كە كاتی خۆی كاهنی گەورە بوو و مێژوویەكی دوورودرێژی دوژمنایەتیی پادشایانی هەیەو ئێستا سوورە لەسەر ئەوەو بۆ پێشوازی ئامادە نەبووە. كاهنەكانو گەورەپیاوانو پێش هەموویان خوشكەكەی ریم سین، ژنەكاهنی خوداوەندی مانگ، ویستیان بۆ جارێكی تر لەشایەنی كاهنە پیرەكە كەمبكەنەوە، بەلاَم كاتێك پادشا بیانوو دەگرێ قسەی دانایان بەتالْ دەبێتەوە. بەفەرمانێكی زبر كاهنی گەورە چووە كۆشكەكەی پادشا لە ئور:

**–دەبینم بۆ پێشوازی ئامادە نەبووی، دیارە تەمەنی دوورودرێژت كەللەی نەرم نەكردووی، كەللەت هێشتا بەردە، بەردیش نەرم نابیَ، بەرد شكاندنی پێویستە.**

ئور–نینورتا وەكو جاران دەموچاوێكی تاشراوی مۆنی هەبوو، برۆ سپییەكانو چرچییەكانی ملو ژێر چەناگەی نیشانەی تەمەنێك بوون زیاتر لەو تەمەنەی دەموچاوە مۆنەكە دیاری دەكرد.

ئور–نینورتا چاوێكی مۆنی بەو پیاواندا گێڕا كە بەرپێی عەرشەكە لەسەر كورسیی نزمتر لە عەرشو سەكۆكەی دانیشتبوون، دەموچاوەكان نویَ بوون، تەنها خوشكی ریم سینی ناسییەوە، یەك دوو كاهنی تری لێبوو دلْنیا نەبوو دەیانناسیَ یان نا. تەنها ئەو كاتە بۆی دەركەوت چەند لەو جیهانەوە دوورە. لەبەرخۆیەوە تفێكی لەجیهانی پادشایانو دەربارەكەیان كرد. دەموچاوەكان ئێستا نوێن، نایانناسێتەوە بەلاَم بەدرێژایی تەمەنی لەو جۆرانەی زۆر بینیوە. پادشاكە بەو قسەیە وەكو پیاوێكی بێكارو بەتالْ هاتە پێش چاوی كاهنەكە. لەدلْی خۆیدا سەیری لەو بەهانەیە دەهات: ((وا نەشهاتم! كوێی جیهان بەو نەچوونەم وێران بوو؟)). ویستی ئاغای كۆشك تێبگەیەنیَ كەسیان پێویستی بەوی تر نییە:

**–پادشا منی بۆچییە؟ من پیاوێكم بەبۆچوونی ئێوە پەیوەندیم بەو جیهانەی ئێوەوە نەماوە.**

پادشا نەیزانی كاهنەكە باسی بۆچوونی ئەوان دەكات. پادشا قسەكەی رەتكردەوە:

**–ئەگەر پەیوەندیت بەم جیهانەوە نەمابیَ ئەی ئەو قسانەت لەبارەی پادشایانی كۆنو نوێوە چین؟**

ئاوازی هەڕەشەی پادشا كاری تێنەكرد:

**–مەملەكەت هەمووی باس پادشایانی كۆنو نویَ دەكات.**

ریم سین هەلْساو لەپلیكانەكانی عەرشەكەی هاتە خوارەوە، قسەی نەكردو چاوەڕێی كرد تا گەیشتە بەردەمی كاهنەكە ئینجا شتەكەی خۆی وت:

**–قسەكانی تۆ جیاوازن، سەیرن. تۆ هەر خۆت لەكابرایەكی سەیر دەچی. ئەگەر راست دەكەی مرۆڤ نابێتە خوداوەند ئەی چی بۆ ئەو پالْەوانە دەلْیَی كە نەوەكانی ئەم خاكە یەك لەدوای یەك چیرۆكەكەی دەگێڕنەوە؟ خۆت دەزانی گلگامێش**

**سێ دووی خوداوەند بوو و ئەوەی تری مرۆڤ؟ کامتان حەقیقەتن؛ گلگامێشی پاڵەوان یان تۆی پیری خەڵەفاو؟**

زەردەخەنە بۆرەکەی ئور–نینورتا رێگەی بۆ وەڵامەکەی خۆش کرد، زەردەخەنەیەك بوو بۆ قسە نامەنتیقییەکان هەڵیگرتبوو کە لەوەتەی فامی کردووە لەو جۆرە قسانە زۆر دەبیستێ:

**–رەنگە گلگامێش لەمن حەقیقیتر بێ، بەڵام کامەی لەپێشتر بوو؟ سێیەکی مرۆڤانەی یان سی دووی خوداوەندانەی؟ تا ئێستاش کەسمان نەدیوە بۆمان بسەلمێنی هاوتای گلگامێشە. پادشای وڵات! باوەڕت وایە شولگی، پادشای کۆنی ئور برای گلگامێش بووبێ؟ ئەو وای دەوت، منیش دەڵێم هەرچەندە پادشایەکی بەتوانا بوو بەڵام لەمەدا خۆی هەڵدەکێشا. قسەکردن بەناوی گلگامێشی مردووەوە ئاسانترە لەقسە هەڵبەستن بۆ هەژارترین پیاوی زیندووی ئەم شارە.**

کاهنە پیرەکە بەدرێژایی تەمەنی بیری لە گلگامێش نەکردبوو، کەسیش بۆی باس نەکردبوو، وا ئێستاش بڕیاری داوە بیخاتە ریزی ئەفسانەکان، دەبێ ئەفسانە بێ چونکە نابێ مرۆڤ هیچ شتێکی خوداوەندەکانی تێدا هەبێ:

**–پاش هەموو شتێکیش گلگامێش تەنها ئەفسانەیە، نەخێر، کەسێك بوو وەکو هەموو مرۆڤێك، پادشایەکی ئوروك بوو بەڵام خەڵکەکە کردیانە ئەفسانە. خەڵك بەزەحمەت راستی بەدڵیاندا دەچێ‌و بێ کێشە شوێنی ئەفسانەو درۆ دەکەون.**

ریم سین بە یەك چاو و نیو خێسەی لێکرد؛ برۆیەك لەسەرەوەو برۆیەك لەخوارەوە. پشتی تێکردو گەڕایەوە سەر عەرشەکە. پیاوانی دەربار لەگەڵ هاتن‌و رۆشتنی پادشاکە هەڵسان‌و دانیشتن‌و کڕنووشیان بوو. ریم سین بابەتەکەی گۆڕی، بەڵگەی ئەوانەی هێنایەوە کە بەڵگەیان نەماوەو پەنا بەر شتی تر دەبەن:

**–تا ئێستا بەهۆی حیلمی پادشایانەوە هێندە ژیاوی.. هەر تۆ بووی پیلانت لەدژی ئیرا–ئیمیتتیی پادشای خۆت گێڕاو باخەوانەکەت خستە جێگەی، هەر تۆش بووی لەو باخەوانە هەڵگەڕای. دوژمنایەتیت بۆ پادشایان بۆتە نەخۆشی‌و تەنها مەرگ رزگاریتە لێی. ئەوەش بزانە؛ هەرچەندە ئەو دوانزە پادشای شارە دوژمنەکەمان بوون بەڵام ئێمەی پادشایان قێزمان لەو کەسانە دێتەوە کە پیلانگێڕان دژی پادشاکان پیشەیانە. ئێستاش نامەوی چیتر بتبینم.. بڕۆ!**

**–دەڕۆم،.. بۆ نا؟ من بەئارەزووی خۆم نەهاتووم.**

**–وتم بڕۆ!**

کاهنەکە پشتی تێکردو سێ هەنگاو رۆشت ئینجا پادشا نەڕاندییەوە:

**–بوەستە!**

ئور–نینورتا وەستا، روویکردەوە پادشای تووڕەو خۆی بۆ بروسکەو گرمەیەکی تر ئامادە کرد. ریم سین جارێکی تر لەعەرش هاتە خوارەوە. پیاوانی دەربار هەڵسانەوە، چاوەڕێی گەڕانەوەیەکی تری پادشا بوون بۆ دانیشتنەوە. ریم سین گەیشتە ئاستی کاهنەکەو لەلای چەپی وەستا، هەر یەکێکیان رووی لەلایەك بوو:

**–هێشتا ماومە. راستە وتووتە کاهن لەپادشا گەورەترەو گوێڕایەڵیی کاهن لەپێشترە؟**

وشەی ((پیلان)) لەپێش چاوی ئور–نینورتادا دەرپەڕی، وشەکە لەمێشکیدا زرنگایەوە، بەڵام زوو دەریکرد؛ ئێستا کاتی ئێنلیل بانیی ئیسین نییەو هیچ کاهنێکی ئور لەو پیلانە سوودمەند نابێ، ئەو دەمێك بوو رایگەیاندبوو کە نیازی هیچ پلەیەکی هیچ پەرستگەیەکی نییە. ئور–نینورتا دەیویست خۆی بۆ جەنگی پادشاکان یەکلایی بکاتەوە. ئور–نینورتا ئاهی حەسرەتی هەڵکێشاو ئاواتەخواز بوو وازی لە فیکرەی هەڵگەڕانەوە بەسەر پادشایاندا نەهێنایەو جارێکی تر پیلانی لەدژی پادشاکان بکردایە: ((**زووتر دەسەڵاتم لەو جۆرە پادشایانە زەوت بکردبا جیهان بەشێوەیەکی تر دەبوو، بەڵام ئێستا تەواو؛ تەنها قسەکردنم ماوە، قسەکردن بۆ مردووان**)).

بێدەنگیی کاهنەکە لەوە زیاتر درێژەی کێشا کە لەحوزووری پادشایاندا قبوول دەکرێ. پادشا بزواندی:

**—وتووتە یا نا؟**

ئەمجارە ئەو کەسانەی کەوتەوە یاد کە تەنها بۆ خۆنزیککردنەوە لەپادشایان چاڵ لەڕێگەی خەڵکدا هەڵدەکەنن، تەنانەت ئەگەر کێشەشیان لەگەڵیاندا نەبێ:

**—پادشای وڵات! ئەگەر وتبێتم حاشای لێناکەم، ئەگەر وتبێتم بەشانازییەوە دووبارەی دەکەمەوە. نەخێر نەموتووە. ئەوەی هەمیشە باسی دەکەم ئەوەیە ئاین لە فەرمانڕەوا گرنگترە، ئاین نەك کاهن. فەرقیش ناکات کاهن ببێتە پادشا یان پادشا ببێتە کاهن و وەك پارێزەری ئاین کار بکات، گرنگ بەرزتر ڕاگرتنی ئاینە. ئەگەر پادشاش ئەوە نەکات پێویستە لەسەر کاهن بیگەڕێنێتەوە ڕێی ڕاست، هەر ئەوەم وتووەو دووبارەشی دەکەمەوە.**

سەرەڕای حاشاکردن ئەو فەلسەفەیە بەدڵی پادشا نەبوو. پیاوێکی دەربار ویستی فەلسەفەیەکی بەهێزتر فڕێ بدات، زارەکانی توند ڕاوەشاندو توندتر هەڵیدان:

**—پادشای خوداوەندمان مۆڵەت بدات؛ من بە ئور—نینورتا دەڵێم ئاین پاکە، لەوە پاکترە بە کاروباری دەسەڵات پیس بکرێ.**

پیاوانی دەربار ڕەزامەند بوون، بەڵام تەنها ریم سین زانی قسەکە چەند هەڵەیە. هەردوو برۆی ریم سین دایان لەیەکو ئاوڕێکی ئاگراویی بۆ پیاوەکە دایەوە کە وەك چاوەڕێی وەرگرتنی مۆڵەتی قسەکردنی نەکرد نەشیزانی قسە بکاتو وەك نەشیزانی قسە بکات چاوەڕێی خەڵات بوو. پیاوەکە پەشۆکاو وردەوردە پیاوانی دەربار تێگەیشتن: پادشا خوداوەندەو ئاینو دەسەڵاتی تێکەڵ بەیەك کردووە، کابراش بێئەوەی بزانێ ڕەخنەی لەپادشا گرتووە. ئور—نینورتا زووتر تێگەیشتبوو بەڵام ئەو دوورتر ڕۆشتبوو؛ ئەو باوەڕی نەبوو کارەکەی پادشا تێکەڵکردنی ئاینو دەسەڵاتە بەڵکو ئەوە تێکەڵکردنی کوفرو دەسەڵاتە:

**—هەرچییەك بڵێن دژ بە خۆتانە؛ ئەگەر ئەوەش ڕاست بێ ئاین لەوە پاکترە بەکاروباری دەسەڵات پیس بکرێ کەواتە دەتانەوێ بڵێن: ئاین پاکەو دەسەڵات پیسە، ئاین بەپاکی ڕابگرن و دووری بخەنەوە لەدەسەڵات، وەرن شوێنی ئێمەی دەسەڵاتداری پیس بکەون.**

ئارامیی ریم سین گەیشتە بنی دۆڵ، وشەکانی تێکەڵ بەیەك ببوون، دۆو دۆشاوی تێکەڵاو ڕژانە سەر زەویی هۆڵەکە:

**—پیری خەڵەفاو! شووڵت لێهەڵکێشاوەو زمانت بەرداوەتە ئاغاکەت، ماوەی یەك هەناسەی تر بمێنیتەوە کۆتایی بەهەموو هەناسەکانت دەهێنم و زمانت دەکەمە خۆراکی کرمو جانەوەری زەوی، لاشەشت بۆ سەگەکانی کۆشك.**

ئور—نینورتا نەیدەتوانی بیژمێرێ چەند جار پێش ئەم کاتە بەسەگەکانی کۆشك ترسێنرابێ، تەنها ئەوەی دەزانی کە زۆر بیستوویەتی. قسەکردن لەوە زیاتر لەگەڵ پادشای تووڕەدا بێسوود بوو. پاش هەڕەشەکەش کاهنی گەورە بەسەلامەتی لەدەرەوەی کۆشکدا خۆی بینییەوە. لەڕێگەدا چەند پیاوێکی بینی پەرۆشی زوو چوونە ناو کۆشك بوون. ئور—نینورتا لەبەرخۆیەوە بێزاریی سەدان ساڵی مرۆڤە خاوەن بیروباوەڕەکان دەربڕی: ((**ئەمانەن ئەو پەیەنەی قەدی درەختی درۆ ئەستوور دەکات، ئەوانەن ئەو پەیەنەی دەبێتە سووتەمەنی بۆ شکۆی ملهوڕێکی وەك ریم سین**)). یەکێکیانی بینی ناوی هاوڕێکەی دەبات: ((**ریم سین ئیلی**)). دوو برۆی کاهنەکە دایان لەیەك: ((**واز لەو هەموو خوداوەندە دەهێنن و کوڕەکانیان ناو دەنێن: (ریم سین خوداوەندمە). ئەو پیاوە کەرە ئەگەر خۆی ئەو ناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێ، ئەگەر باوکیشی ئەو ناوەی لێ نابێ هەردووکیان کەرن**)).

کاهنەکە کەمێك لەکۆشك دوورکەوتبووەوە کاتێك دەنگێکی هێمنی لاوی لەپشتەوە بیست:

**—ئەگەر دەتەوێ بژی دەبێ وەکو زیندەوەرانی تر بکەی. ئەگەر نەیاریشی خۆت بۆ جەنگ ئامادە بکە. تۆ بانگ کرای بۆ**

**کۆشک بەڵام من پێش تۆ.. من قسەی خۆم کرد ئەی تۆ؟**

کاهنی گەورە مۆنتر بوو کاتێك بینی قسەکەر خۆشەویستە. کاهنی گەورە پشتی تێکردەوەو لەبەرخۆیەوە ناڕەزایی دەربڕی:

**–لەسەر ئەم زەوییە تەنها ئەمە شتێکی پێیە بیڵێ لەقسەکانی خۆم نزیك بێ. ئەم لاوە نزیکە بەڵام زۆریش دوورە. ئەم لاوە زیادەڕەوی دەکات، دەیەوێ تەڕو وشك پێکەوە بسووتێنێ.. ڕاستو ناڕاست بەیەك دەست فڕێ بداتە ناو دەریا.**

ئور–نینورتا گوێی لەدوا قسەی خۆشەویست بوو:

**–ڕاستگۆ بمێنەرەوە، منیش ڕۆژێك لەسەر ڕێگەکەمدا دەتبینم.**

ئور–نینورتا نەیویست وەڵامی بداتەوەو کە دوورکەوتەوە لەبەرخۆیەوە سوور بوو: ((هەرگیز)). ئاوڕی بۆ خۆشەویست نەدایەوەو بەرەو نزیکترین پەرستگە رۆشت، پەرستگەیەکی چەپەکی ژنەخوداوەندێکی بچووك بوو. ژنەخوداوەندی ئەو پەرستگەیە بە بەجێهێنانی نیازە بچووکەکانی ئافرەتان ناسرابوو. دوو کچ بەرامبەر بتە بچووکەکە کڕنووشیان بردبوو، کاهنەکەیان بینیو ڕێگەیان بۆ چۆڵ کرد. کاهنەکە لەسەر ئەژنۆ کڕنووشی بۆ ژنەخوداوەندە بچووکەکە برد، بەدەنگێك دوو کچەکە گوێیان لێبوو پێی وت: ((**بەو بچووکییەتەوە لای من زۆر لە ریم–سینو هەموو پادشانشینەکەی گەورەتری، تۆ بۆ من زۆر شتی، ئەویش بۆ من هیچ**)).

دوو کچەکە پاشەوپاش بەرەو دەرگاکە گەڕانەوە دواوە، دوو لاو لەدەرەوە هاواریان بۆ کردبوون. بەپێکەنینەوە بەرەو هاوارەکە چوون، چوونە کەلاوەیەکی چۆڵی پشتی پەرستگە بچووکەکە. ئور–نینورتا بەتەنیا بەرامبەر ژنەخوداوەندە بچووکەکەی پەرستگە بچووکەکە مایەوە.

# گەڕانەوەی کاوەی بچووک

کاوەی بچووك چووە خاکی هیواو لەوڵاتی گرەیت گرەیتندا گیرسایەوە. تا دوای چەند ساڵێك نەگەڕایەوە، کە گەڕاشەوە تەنها بۆ سەردانی مانگێك بوو، کە مانگەکەش تەواو بوو بەڵینی بە باوکی دا ساڵی جارێك سەربداتەوە.

بینینی یەکەم جار پاش ئەو ساڵانە لەئامێزنانێکی گەرمی بەدواوە بوو. دوو دەستی دایکی ماچ کردو وازی لێهێنا سەرو شانو روومەتی ماچ بکات. دەستی باوکیشی ماچ کردو ئامێزی بۆ ئەویش کردەوە. باوکیش هێندە توند خستیە دڵییەوە کاغەزەکانی کوڕ کەوتن، باوکی بۆی هەڵگرتنەوە. هێندەی خێرایی چاوترووکاندنێك ناوەکەی بینی، ناوی کوڕەکەی لەسەر کاغەزەکاندا کاوەی بچووك نەبوو، لێی وردبووەوە. باوکەکە توند کاغەزەکەی گرتو ناوەکەی حونجە کرد: (ئێن.ئەی.کەی.ئەی.ئێم).

**هەمووی چرکەیەك بوو ئینجا راستییەکە ئاسایی بووەوە: ((دەمزانی وای لێ دێ. کاوە قەت گەورە نابێ، کاوە رەنگە هەر نەیەت ئیشی کاوەی یەکەم تەواو بکات.. حەوتی گەورە کاوەیان کوشت)).**

باوك ماوەیەك بوو پاش رزگاربوونی شیرینئاوا دووبارەکردنەوەی کارەکەی کاوەی یەکەمی بە کەم دەزانی، ئەو خەونی بە شتێك لەوە گەورەتر دەبینی، خەونی دەبینی کاوەی بچووکی خۆی ئەو کارەی کاوە بکات کە نەیکربوو و تا ئەو کاتە کەسی تر نەیتوانیبوو بیکات، زۆربەی کوڕانی شیرینئاواش بیریان لێ نەکردبووەوە. باوك دەیزانی لەناوچوونی پادشای ئەژدیها تەنها سەرەتای رێگەیە.

کاوەی بچووکی ئەوسا لە باوەشو ماچ تەواو بوو و لەناو خێزانەکەیدا دانیشت. حیکایەتی زۆری هەبوو بیانگێڕێتەوە؛ حیکایەتی شەقامە جوانە پاکەکان، حیکایەتی رووناکیی بەردەوامو ئاوی بەردەوام، حیکایەتی ئەو منداڵەی لە فلمێکدا چرایەکی نەوتی بینیو نەیزانی چییەو لەباوکی پرسی. کاوەی بچووکی ئەوسا زۆری هەبوو لەبارەی خەڵکەکەوە باسی بکات. خەڵکێکی جیاواز لەخەڵکی رۆژهەڵاتی مەزن، زۆر جیاوازتر لەخەڵکی شیرینئاوا:

**–خەڵکی ئەوێ دەزانن کاتە ژیانەو بەفیرۆی نادەن، جیددی کار دەکەن، سەد شتیان لێ بکرەو لەیەك درۆیان مەترسە. چۆنو بۆ کوێ دەچی کەس لێت ناپرسێتەوە، نە خەڵك نە پۆلیس. بژیو بهێڵە خەڵك بژین. ئەو دەستە ئافرەتە بێکارانەش نابینی کە من لەو ساتەی هاتمە ژوورەوە بینیمن تیژتیژ چاویان دەبڕییە خۆمو جانتاکانمو سەدو پرسیاریان لەیەکتر دەکرد. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر شتێکە با کەمێك گوێ لەئێوە بگرم ئینجا پێتان دەڵێم.**

خەفەت بەسەر رووی باوکدا نیشت:

**–هیچمان نییە بیڵێین. رەقیش مەبە بەرامبەر شیرینئاوا. شیرینئاوا وا فێر بووە.. یان وا فێر کراوە.. نازانم، بەڵام ئێمە چەند تاوانبارین لەوە زیاتر قوربانین.**

کاوەی بچووکی جاران سەری بەڵێی لەقاند:

**–دەزانمو شیرینئاوام هەر بیر ماوە. خەتای هەمووانە، بەڵام باوەپیارەکان لەهەموویان تاوانبارترن.**

باوك خەڵکێکی باشی بیرکەوتەوە:

**–بەڵام هەموو باوە پیارەیەك خراپ نییە.**

ئەمجارەش سەری بۆ باوك لەقاند:

**–دەزانم، باسی باوە پیارە باشەکەی ماڵی تەنیشتمان دەکەی. من لەویش باشتر دەناسم، تۆش دەیناسیو رۆژ نییە هەواڵی نەبیستی. تەماشا چۆن ئیسحاقییەکان لەناو زەویدا پەرتەوازە بوون بەڵام چەند باوەپیارەیەکی دڵسۆزیان هەبوو، ئێستاش دەبینی حەزیان لەچییە دەیکەن چونکە باوەپیارەکەیان بەهێزترینو گەورەترینە لەهەموو جیهان، هێندەی گەورەیییەکەشی نازیان دەداتێ. حەوتی گەورەی ئێمەش باوەپیارەمانن، بەزۆریش دەیانەوێ تێمانگەیەنن ئەوان باوکی راستەقینەن.**

باوك ویستی باسەکە بگۆڕێو باسێکی خۆش بێتە سەر خوان، نەیزانی لەوە تاڵتر دەخوات:

**–واز لەوە بێنەو بۆم باس بکە هاتنەوەت چۆن بوو.**

کوڕەکە ئاوازی خۆی نەگۆڕی، لەو کاتەوەی پێی ناوەتە شیرینئاوا دەنگەکەی تەنها یەك ئاوازی هەڵگرتبوو:

**–چی بڵێم؟ لەو خاکە دوورانەدا بازگە نەبوو، بشبوایە بەرێزەوە داوای پێناسیان دەکرد، هەر گەیشتمە ئێرە بەژمارەی هەموو شارەکانی ئەوێ بازگە هەبوون، هەمووش رووگرژو پڕ گومان، تا گەیشتمە ئێرەش دەستم لەناو گیرفاندا بوو و فێری بەخشش بووم، بەخشش بێ بەرامبەر جگەلەوەی ئازارت نەدەن.**

باوك زانی بێسوودەو باسی خۆش تەنها ئەوانەی خاکە دوورەکەن:

**–پێمان بڵێ ئەو شتە هەرە گرنگەی ئەو خاکە چییە کە باسەکەیت هەڵگرتبوو بۆ دوایی.**

**–من گوێم لێنەگرتن، هەر ئێوە پرسیارتان کرد. بەهەرحاڵ ئەو شتە گرنگەی ئەو خاکە ئەوەیە بەهەر لایەکدا بچی خەڵکێك دەبینی بەسەربەرزیو بەکەرامەتەوە دێنو دەڕۆن.**

باوك تەواو بێئومێد بوو و بەباشتری زانی قسەکان بۆ کاتێکی تر هەڵبگرێ، کوڕەکە رازی بوو بەڵام باوك درۆی کرد چونکە نیازی نەبوو جارێکی تر باسەکە بورووژێنێ.

# تاوانێک لە پەرستگەدا

دووبارەی کردەوە:

—هەست بە ناساغی دەکەم.

پشتی لێی بوو باوکی. بێئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە ئاهێکی هەڵکێشا:

—دیارە پیاوێکی پیری خەڵەفاوم کە چەند ڕۆژێکە هەوڵت لەگەڵدا دەدەم، تۆ خوداوەندەکانی ئێمەت ناوێ، ناچیتە جەژنەکانمان، ڕاستە! پیاوێکی پیری خەڵەفاوم کە داوات لێدەکەم بچیتە جەژنەکە.

سەری باداو ژوورەکەی جێهێشت ئازەر. ماوەیەکەو بەهۆی ئەو نەرمییەی خۆشەویست بەرامبەر باوکی دەینواند باوکی دەیبینیو قسەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام پەیوەندیی نێوانیان سەرەڕای سۆزبەخشینەکەی خۆشەویست هیچ کات نەدەگەیشتە پلە گەرمەکەی جاران.

خۆشەویست ڕاستی کرد کە نەخۆش بوو؛ نەخۆشییەك لەشێوەیەکی تر. لەجێی خۆی هەڵنەسا هەتا دوادەنگ لەو دەورووبەرەدا نەما. لەسەرخۆ بەڵام بە لەشێکی سووکەوە هەڵسا. بۆ لای دەرگای دەرەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانێك کەوتە جووڵە، گورجتر بوو لەهەموو جارێکی تر.

نیوەی لەشی لەناو درەگاکەدا بوو کاتێك ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە. تەورێکی بچووکی لەو داڵانە بچووکەدا بینی بە پەتێك بەدیوارەکەدا هەڵواسراو بوو:

—چۆن بیرم لێنەکردۆتەوە؟ باوکم بۆ کاری زۆر بەکاریهێناوە، ئەمجارە کارێك دەکات باوکم هەرگیز بیری لێنەکردبێتەوە.

دەستی دایەو لەژێر جلەکانیدا شاردیەوە. کۆڵانەکە خۆی بۆ دەرخست. پێی خستە سەر یەکەم بستی کۆڵانەکە. ئێستا خۆیو شارەکەیە.

تیشکی بزێوی خۆری بەیانی بەخانووە تێکترنجاوەکان سێبەرێکی هێمنی بۆ کۆڵانە باریکەکە دروست کردبوو. بەختی پیلانەکەی خۆی شار لەجەژنەکانی تر خامۆشترە. جگەلە چەند پاسەوانێکی دوور کە لەپشتی دەیان کۆڵان بوونو جگەلە یەك یان دوو کەسی بەجێماو تاکوترا زیندەوەرێك دەبینرا. بەپەنا دیوارەکاندا ڕۆشت تا ئەو کەسە تاکوتەرایانە نەیبینن. هەر ئەوەندە ببینرێو شایەتی لەسەر هەبێ پیلانەکە سەرناگرێ.

کۆڵانەکان دیسان لە مرۆڤ چۆڵبوونەوە، ئاژەڵیش دەگمەن بوون. پشیلەیەك لەسەربانیماڵێکەو خۆی گرمۆڵە کردووەو ئامادەیە بۆ بازدان، سەگێك زمانی دەرهاتووەو بەکلك بادانەوە لەسەری کۆڵانێکەوە دەرکەوت. گەڕان بەو شارە چۆڵەدا لەزەتێکی گەورەی هەیە. ماڵەکان بێدەنگنو دەرگاکان داخراون. پشیلەکە بازی داو سەگەکە تێپەڕی، خۆشەویست پیلانەکەی هۆنییەوە.

گەیشتە نزیك ناوچەی گەورەی پەرستگەکان. لەپشتی شووراکەوە پەرستگەکانو کۆشکەکان دیاربوون. لەهەموویان بەرزتر زەققوورەکەی ئورنامموو کە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو. زەققوورەکە سێ چین بوو، ئەوەی خوارەوە بەرزترو فراوانتر، دووەم کەمتر، سێیەم کەمتر، دیوارەکانی هەرسێکیشیان لارن، بنەوەی هەر چینێك

لەسەرەوەی پانترە. لەسەر چینی سێیەمیش ژوورێکە بۆ پەیکەرێکی سین، یان ناننا وەك سومەرییەکان پێیان دەوت. خەڵکەکە باوەڕیان وابوو ئەو خوداوەندە کە لەئاسمان دێتە خوارەوە دەچێتە ئەو ژوورە. زەققوورەکە پەیوەستی نێوان زەویو ئاسمان بوو. قادرمەیەك لەبنەوە تا ژوورەکەی سەرەوە سەردەکەوێ، دوو قادرمەش لای راستو چەپی چینی یەکەم بەدیوارەکانەوە نووساونو دەگەنە چینی دووەم.

لەدەروازەی شووراکەوە چووە ژوورەوە، کەسی لێ نییە. بەناو گۆڕەپانە گەورەکەیدا رۆشت. گۆڕپانەکە رۆژانی ئاسایی بە خەڵكو ئاژەڵ پڕ دەبوو، ئەوانەی قوربانی بۆ خوداوەندەکان دەهێنن، ئەوانەی مامەڵەی کڕینو فرۆشتن لەگەڵ پەرستگەدا دەکەن، تەنانەت خەڵکەکەش لەنێوان خۆیاندا کڕینو فرۆشتن دەکەن. ئاهەنگو سرووتی ئایینیش لەسەر ئاوازی ئامێرەکان رۆژانە دەکرێن. هیچ لەوانە ئێستا ناکرێنو گۆڕەپانەکە لەناو کپییەکی بێخەوشدا نوقم بووە.

لای چەپی گۆڕەپانەکە ئەو پەرستگەیە هەبوو کە کاتی خۆی بۆ شولگی کوڕی ئورناممو تەرخان کرابوو. لای راستی پاشماوەی چەند گۆڕستانێکی پادشایانی دێرینی ئور هەبوون، دوای ئەوان تالآن کرابوون؛ گۆڕەکانی ئورناممو، شولگی، ئەمار سین.. کەمێکی تر رۆشتو کەوتە نێوان دوو بینا، لای راست کۆشکی ئورناممووکوڕەکەی، لای چەپیش کۆشکی گەورە ژنەکاهنەکانی سینە، خوداوەندی مانگ. ئینجا ئێستا دەروازەیەکی تری لەبەردەمدایە. لەپشتی دیوارەکانەوە زەققوورەکە کەوتبووە بەرامبەری، ئەو نیوەی لێوەی دیاربوو لە خۆر بوو، نیوەکەی تر لە سێبەر. رووی لە زەققوورەکە وەرچەرخاند، جارێ ئیشی پێی نییە. هەر بەرامبەر خۆی بینای (ئێ نون ماخ) هەبوو، کاری بەو بینایەش نییە.

روویکردە (ئێ گی پارکو)، کۆشکی گەورەی ژنەکاهنەکانی خوداوەندی مانگ کە لەهەمان کاتدا پەرستگەی نینگال، ژنی سین، بوو. چووە ژوورەوە. ژوورەکان نەدەبڕانەوە، ژوورێك ئینجا داڵانێك ئینجا ژوورێك ئینجا داڵانێکی تر. چەند جارێك رێگەی لێ ونبوو، لەکۆتاییشدا گەیشتە نزیك حەرەمی حەرەمەکان. دیوارە ئەستوورەکان شوێنەکەیان کپ کردبوو.

تەپەی دڵی لەسنگی دەداو بەرزی دەکردەوە، هەستی بەو هەژانە نەکرد تا نەگەیشتە داڵانی بەردەم ژووری پێش حەرەمی حەرمەکان. جگەلە ترپەی دڵی، دەوروبەر بێدەنگییەکی تەواوە. دەنگی هەواش نەمابوو.

خۆشەویست هەر لەسەرخۆ دەڕۆشت، پەلەی نەبوو، دەیزانی ماوەیەکی دوورودرێژی لەبەردەستدایە تاوانەکەی تێدا ئەنجام بدات.

داڵانەکەی بڕیو چووە ناو ژووری پێش حەرەمی حەرەمەکان. بینینی ژوورەکە خوێنەکەی لە دەمارەکانیدا سڕ کرد. ژمارەیەکی زۆری تارمایی بینی بەپێوە وەستاون، وەکو چەند خێوێك یان تەرمی چەند مردوویەك بوون لە گۆڕ هاتوونەتە دەرەوەو بەرەورووی دێن. ویستی قاچی بجووڵێنێ، ویستی دەستی بەرزبکاتەوە، ویستی هاوار بکاتوبڵێ بوەستن، هیچیانی بۆ نەکرا. ئینجا بیریکەوتەوە؛ ئەمانە بتەکانی ناو ژووری پێش بتە گەورەکەن. بتی گەورەی کۆشکەکە؛ نینگال، ژنی سین، لەژوورەکەی دوای ئەوەیە، لەژووری حەرەمی حەرەمەکانداتە.

ئینجا بە دڵو بڕیارەوە کەوتەوە جووڵە. بەناو بتەکاندا رۆشتو تەماشای لای راستو لای چەپی کرد. بتی جۆراوجۆر بوون، هەموو، ژنو پیاو، دوو لەپی دەستیان لەسەر سنگیان لێك ئاڵاندبوو. چاوە خڕە گەورەکانیان

لەحەوادا بوون، خوداوەندی گەورەو بچووك. ئەوانەی بۆ دوایی هێشتەوە. گەیشتە دەرگای حەرەمی حەرەمەکان، ژوورەکەی نینگال، پیلانەکەی تەواو و ئامادە بوو. پاڵێکی بەدەرگاکەوە نا. جیڕەی دەرگا تەختە قورسەکە هێمنیی شوێنەکەی شێواند. پاشان بێدەنگییەکی تەواو.

حەرەمی حەرەمەکان تاریکتر بوو. کەمێك وەستا ئینجا چاوی بەو تاریکییە راهات. ئێستا دەتوانیّ روونـاکیو سێبەری ناو ژوورەکە جیابکاتەوە، ئێستا باشتر دەبینیّ. نینگال لەبەردەمیدا راوەستاوە، پەیکەرەکە بەتەنیا بوو، پێش ئەوەی خەڵکەکە بچنە جەژنەکەی خۆیان بتی تری لا هەبووە یان نا؟ خۆشەویست نەیدەزانی. خۆشەویست ئەو پیاوە غەریبەیە کە بۆ کارێکی خراپ بۆتە میوان. پەیکەرەکە لەوانەی دەرەوە گەورەتر بوو، لایەکی لەرووناکیی کپی کڵاوڕۆژنە بەرزو دوورەکەو لایەکی لەتاریکی. لێی نزیککەوتەوە، بینی ئەویش دوو لەپی دەستی بچووکی لەسەر سنگی لێك ئاڵاندووە:

**–کەواتە ئەوە تۆی خاتوو نینگال! خاتووی مەزن! ژنی سین کە جێیهێشتووەو بۆ جەژنەکە بەتەنیا رۆشتووە.**

ورد تەماشای کرد:

**–دەمێکە نەمبینیوی، خۆشم بیرم نەماوە، رەنگە تۆم هەر نەدیبیّ. ئەم ژوورەت بۆ خەڵکی ئاسایی قەدەغە بوو. من منداڵ بووم باوکم نەیدەهێشت بێمە پەرستگە تا پرسیاری نابەجیّ نەکەم، لەوەش بەدوا خۆم نەدەهاتم، ئێستاش نازانم ئەم پەرستگەیە بوو یان یەکێکی تر.**

ناو دەروونی خامۆش بوو:

**–کە منداڵ بووم رقم لێتان نەبوو، خۆشیشم نەدەویستن. من تەنها پرسیارم لەبارەتانەوە هەبوو، بەڵام ئێستا کە وەڵامەکانم زانیوە بەدوژمنتان دەزانم چونکە جەنگم دژی درۆ راگەیاندووە، رقم لێتانە چونکە رقم لەدرۆیە. ئێوە زۆر بچووكو بێمانان، بەڵام لەوە بێماناتر ئەوەیە جیهان باوەڕێکی کوێری پێتان هەیە، بەئێوەو بەهاوشێوەکانتان لەوڵاتاندا. ئێوە درۆیەکی لەقن لەمێشکی خاوەن مێشکدا بەڵام تا دوورترین شوێنی تاریك رەگتان لە دڵە کوێرەکاندا داکوتیوە. یەك وشە وەسفتان دەکات: درۆ! ئەمڕۆش دەمەویّ خەڵکی ئور ئەم راستییە بزانن.**

دوو چاوی خڕی گەورەی نینگال رووپانکردبووە حەوا. قژی درێژی بەلای راستو چەپدا هاتبوووە خوارەوە. لە کەیبانوویەکی هێمنو گوێڕایەڵ دەچوو. دەستەکانی بچووك بوون وەکو دەستی خوداوەندەکانی تر، وەکو دەستی کەیبانووی بنەماڵەیەکی نازدار، زۆر لەوەش بچووکتر.

خۆشەویست ویستی زیاتر بیدوێنیّ:

**–بڕوا ناکەم پەیکەرتاشەکان هێندە نەشارەزا بووبن نەیازانیبیّ ئەو دەستە بچووکانە لەگەڵ قەبارەی لەشت ناگونجێن. نەخێر! پەیکەرتاشەکان مەبەستیان بوو. لەمنداڵییەوە فێرکراوین کە ئێوەی بەرزو بەڕێز بۆیە ئێمەی مرۆڤتان هێناوەتەوە بوون تا خوداوەندە بچووکەکان لە ئەرکی کارکردنو نان پەیداکردن بۆتان رزگاریان ببیّ. تۆمەز هەرگیز کارتان نەکردووە بۆیە دەستتان وا بچووکە.**

تەورەکەی لەباخەڵ دەرهێنا:

**–بەڵام منی مرۆڤ کە بۆ کارکردنو نان پەیداکردن بۆ ئێوە دروستکراوم دەبیّ دەستم گەورەو زبر بیّ.**

تەورەکەی رووتێکردو سووك رایوەشاند:

**–نەترسان رۆژێك منی دەست زبر وردوخاشتان بکەم؟**

تەورەکەی داگرتەوە خوارەوە:

**–نازانم کامتان ئەو فیکرەیەی لەوەی تر دزی.. ئێوە یان پادشاکان؟ دەزانم.. نەخێر نازانم بەڵکو تەنها بۆچوونێکەو هەمە؛ پادشاکان ویستیان بە خەڵك بڵێن کە ئەوانی پایە بەرز لەوە بەرێزترن دەست بدەنە داس یان شوێنی گاسن بکەونو ئەمە کارێکە ئێوەی رەعیەت بۆی دروستکراون بۆیە ئەو ئەفسانەیەیان دروست کرد کە خوداوەندە بچووکەکان لە خزمەتکردنی خوداوەندە گەورەکان بێزار بوونو لەو خزمەتە یاخی بوون، ئێوەی گەورەش مرۆڤتان بۆ ئەو خزمەتە دروست کردو خوداوەندە بچووکەکان لەو ئەرکە رزگاریان بوو. من وای دەچم.. بەڵام با بپرسم: ئەی ئێوە چۆن دروست بوون؟**

زیاتر لە پەیکەرەکە ورد بووەوە:

**–لەخوداپەرستێك دەچی، بێوەی دیاری.. کێ دەزانێ؟ رەنگە کەسێك تۆی لەسەر شێوەی پەیکەرێکی کۆنی خوداپەرستێك تاشیبێ، نەخێر! تۆ نوێتری، پەیکەری خوداپەرستەکە زۆر کۆنترە، نموونە یەکەمەکان پێش لەدایکبوونی پیاوە نامۆکەی خاوەن پاپۆرەکە بوو، لافاو ئەوانی برد، بەڵام دواتر پەیدابوونەوە.**

خۆشەویست ئەو باوەڕەی هەبوو کە بتە یەکەمەکان هی ئـەو خوداپەرسـتانە بـوون کـە پـاش مردنیـان چـەند خوداپەرستێکی نەزان بۆ یادکردنەوە دروستیان کردبوون، دواتریش یادەکان لەیادکرانو دەسەڵاتێکی تایبەت بـەو پەیکەرانە بەخشرا. خۆشەویست نەیدەزانی پەیکـەری یەکـەم کـێ بـووە، نەشـیدەزانی چـەند نموونـە لەسـەر ئـەو پەیکەرە کران تا گەیشتە ئەو ژمارە پەیکەرانەی رۆژگاری خۆی. مێژووەکە هێندە دوور بوو ئەسڵەکە ون ببوو.

دووبارەی کردەوە:

**–بەڵێ! خوداپەرستێکی نەزان لەگەرمەی حەماسەتی بۆ ئەو خوداپەرستە مردووە نموونەی یەکەمی تاشی.. تاوانباری یەکەم.**

تەورەکەی راوەشاندەوە:

**–بەڵام ئێوە نموونەی دوایەمینن. بەلای کەمەوە خەڵکەکە ناتوانن ئەو پەیکەرە تازانەی لەسبەی بەدواوە دەیانتاشن دەقاودەق دروستبکەنەوە.**

تەورەکەی رێکی دەموچاوی خۆی درێژکردەوەو روویکردە لووتە تیژەکەی گەورەی چاو لەحەوا:

**–بەتۆوە دەست پێبکەم، تۆ.. نینگال، ئاغاژنی گەورە.**

تەورەکەی رووکردە ژنەکەو لە ملی گیری کرد:

**–تۆ لەمێردەکەت زەوت دەکەم.**

پەیکەرەکەی کەمێك بۆ لای راست راکێشا، کەمێکی تر ئینجا زۆر و.. گەڕایەوە دواوەو بەدەما خسـتی. زرمـەی کەوتنەکە لە حەرەمدا دەنگی لەناو هەناوی خۆشەویستدا دایەوە. سەرەکە خۆی لێبووەوە. میوانـە تەعداکارەکـە کاری مابوو لەو ژوورەدا بیکات. نۆرەی دەستو قاچ هات، ئینجا باقیی لەش هەموو لەت لەت کران. پەیکەرەکە بووە شارایەك بەرد:

**–خەڵکەکە لە کێڵگەکە شارایەکت بۆ جیادەکەنەوە.. دەڵێن ئەمە بۆ خوداکەمانە، تۆ نەمای، دەبێ کێ ئێستا بەشەکەت بخوات؟**

ژوورە بەسامو بەهەیبەتەکەی حەرەمی حەرەمەکان بووە ژوورێکی بێمانا. چووە دەرەوە، بتە زۆرەکانی ژووری پێش حەرەمی حەرەمەکان پشتیان تێکردبوو. گەیشتە ناوەڕاستی ژوورەکـە. وەسـتا، وەرچـەرخا، بـە بـت دەوورە دراوە، رووی لێیانە، رووی قسەی لێیانە:

**—دەبینم کاهنەکانی درۆ بەرلەوەی بچنە جەژنەکە خواردنی قوربانییان بۆ داناون. بۆ خاتووی گەورە، خاتوو نینگالیش دایاننابوو بەلام دەستی بۆ نەبردبوو. ڕێزتان بۆی هەیە؟ چاوەڕێن ئەو دەست پێبکات تا ئێوەش نانەکەتان بخۆن؟ بەلام خاتوو نینگال هیچی نەخواردو تازە ناتوانێ هیچ بخوات، لەبەرئەوە باشترە خێرا فریای دواخوانتان بکەون.**

جوولە نەبوو، وەلام نەبوو:

**—دیارە ئەو مەرگەی چاوەڕێتانە دڵی گرتوون، تەنانەت وەلامیشتان بۆ نادرێتەوە. منیش کارم زۆرە. کەواتە بەکامتان دەست پێبکەم؟**

چاوی بەناویاندا گێڕا، هەموو لەلای وەکو یەک بوون:

**—بە کوڕی سین دەست پێبکەم، (ئوتو)، (شەمەش)، یان هەر ناوێکی تر، خوداوەندی خۆرو دادپەروەریو شتی تر، بەتۆوە دوو لەخێزانی پیرۆز بەرەو مەرگ پێشدەکەون.**

تەورەکەی بەلووتییەوە نا:

**—ئەم ستەمە قبووڵ مەکە.**

پالی پێوە ناو بەدواوە کەوت. زرمەی کەوتنەکە بەسامتر بوو، کەوتنێك بوو لەبەرچاوی ئەوانی ترو زرمەیەك بوو لەپاڵ گوێیاندا. نۆرەی سێیەم بوو، پالی بەویشەوە ناو ئەو سێیەمە چوارەمی لەتەختە دروستکراوی لەگەڵ خۆیدا خست. خستنی هەموویان کاتی برد. هەموو خوداوەندە بەردو تەختەکان کەوتنو تەنها چەند بەردێك مانەوە نووسینیان لەسەرە:

**—دەبێ چی بن؟ یادو بەسەرهاتی پادشایانی کۆنو نوێ، پێشکەشی خوداکانیان کردوون. هەرچەندە بەشێکیان درۆ و خۆهەڵکێشانن بەلام کارم پێیان نییە، کارم بە درۆی پوخت هەیە.**

کارێکی گرانتر ماوەتەوە؛ لەتلەت کردنی بتە کەوتووەکان، پیلانەکە بێ ئەوە دەکرێ، بەلام بەوەوە مەحکەمترە. بێ پەلە ئەوەی کردو ژوورەکە وەکو گوندێکی لێهات زریانێك بەناویدا تێپەڕیبێ:

**—وا لەبەردەممدا شێواون نازانم کامتان (ئەدەد)ی خوداوەندی زریانە، بەلام هەرکامتان بێ لێی دەپرسم: زریانێکی هێندە گەورەت بۆ خەڵك ناردووە؟**

چاوەڕێی وەلامی نەکرد، پشتی کردە ئەو کۆمەلە بەردو تەختە هەڵچنراوە:

**—تەمەنتان زۆر درێژ بوو، هێندە تەمەنی درۆیەکی گەورە دەیان نەوە باوەڕیان پێ کردبێ.**

تەورەکەی خستەوە باخەلیو چووە دەرەوەی حەرەم. پەرستگەکەی لەدەرگاکەی ئەوبەرەوە جێهێشت. بەو دالانە باریکەدا ڕۆشت کە لەنێوان دیواری دەرەوەی پەرستگەکەو شوورای زەققوورەکەدا بوو. گەیشتە دەروازەکە، چەند ژوورێكو دالانێکی بڕی ئینجا خۆی لەناو گۆڕەپانی دەوری زەققوورەکەدا بینی. بەهێواشی بەناو گۆڕەپانە سەربەتاڵەکە دەڕۆشتو ڕووناکیی شینی کۆنی بینییەوە. زەققوورەکە وردەوردە لێی نزیکتر دەبووەوە، نزیکترو گەورەتر. بەدەوریدا سووڕایەوەو بەرامبەر قادرمەکە وەستا. سەری بۆ سەرەوە هەڵبڕی:

**—ئێ تێمێن نی گور.. زەققوورەکە! ئورنامو گەورەو شۆخ دروستی کردووەو شولگیی کوڕی بەوەفای بۆی تەواو کرد. لەخشتی قوڕی کاڵو بە خشتی قوڕی سوورەوەکراو ڕووکەشی کردووە، لەخشت بۆ بەردێکی دروستیکردووە، بۆ خوداوەندێکی بەردین. پەیکەرەکەی سین ئێستا لەژوورەکەی سەرەوەدایە.**

سەری بۆ لای ڕاست وەرچەرخاند:

**—تەنیشتی زەققوورەکە بینایەکی ترە، مەزاری سینە، پەیکەرێکی دیکەی سینی تێدایە، ئەویان بۆ کەیفو ڕابواردنی**

جەژنەکە بردووە. هەموو شتێك بەشەریکی، تەنانەت رابواردن، ئەمجارە سین لەگەڵ خۆیدا شەریکە.

بەهێمنیو وەکو گەشتێکی خۆش بەسەر قادرمەکەدا سەرکەوت. دەیان پلیکانەی بڕی، بێزاری دەرنەبڕی. گەیشتە نزیك کۆتایی چینی یەکەم، بەژێر تاقی ژێر قادرمەکەدا رۆشت، گەیشتە چینی دووەم، کەمێك بەسەریدا رۆشت ئینجا قادرمەکەی تر، چینی سێیەمو قادرمەی سێیەم. ئێستا لەبەردەم ژوورەکەی سەرەوەدایە، ژوورەکەی سین.. ناننا.

کەمێك هەناسەسوار ببوو. ویستی کەمیکیش پشوو بدات. بەسەر دیواری چواردەوری چینی سێیەمدا دانیشتو قاچەکانی بەسەر دیوارە لارەکەی چواردەوری چینەکەدا شۆڕ کردەوە. ئێستا رووی لەرۆژهەڵاتەو دەتوانێ هەموو شارەکە ببینێ. شارەکە بە خانووە تێکچڕژاوەکانی، شوورا دووورودرێژو بەرزەکەی دەوری شارەکە، روباری مەزنی (پوراتوم) لەبەردەمیدا هێڵێکی شینی دێژە وەکو مارێکی سەماکەر سکی چەند قەدێك نوشتاوەتەوە. خەڵکەکەی بینی، ژمارەیەکی زۆر بەوردی دیارن. لەم شوێندا خامۆشییە، لەوبەریش قریوەو ئاوازو پێکەنینە، دەنگەکان بەحاڵ دەگەن بەڵام پێشتر جەژنەکەی بینیبوو و ئەو دەنگانەی لەناو مێشکدا مابوون.

هۆشی بۆ گەڕایەوەو بیریکەوتەوە ئەو بۆ رابواردنو کات بردنەسەر نەهاتووە. هەڵساو چووە ناو ژوورەکە. سینی بینی بەپێوە وەستاوە، هەردوو دەستی لەیەك ئاڵاندووە، وەکو ئەوانەی تر دەستی بچووك، رووشی لەئاسمان بوو.

—سین! ناننا! نیازمە تۆ بهێڵمەوە، تۆ دەڵێی چی؟

پێش ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێ:

—دەتوانم سەد ساڵ جێتبێڵمو دوایی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بگەڕێمەوە.. بەڵام من کاتم بەدەستەوە نییە.

تەورەکەی دەرهێنایەوە. نزیك کەتەوە لێی، تەواو نزیککەوتەوە. سەری تەورەکەی خستە سەر لووتی:

—سەری تەورەکە لەسەر لووتم نەیترساندمایە ختووکەی دەدام، ئەوە ئەگەر من بوومایە، بەڵام دیارە تۆ بەهێزتری، هێشتا رووت لەحەوایە.

سەری تەورەکەی دوورخستەوە، ئینجا جارێکی تر هێواش خستیەوە سەری لووتی پەیکەرکە:

—وتم نیازمە بتهێڵمەوە، دەتهێڵمەوە بۆ وەڵامی پرسیارێك، بۆ گێڕانەوەی رووداوێك، هێندە ئیشم پێتە. ئاگات لێبوو چی بەسەر ژنەکەت هات؟ نازانم ژنی تۆیە یان ژنی ئەو سینەیە کە بۆ جەژنەکە برا یان هی هەردووکتانە.. ئەی هاوەڵانت؟ ئاگات لێ نەبووبێ کێشەیە چونکە خەوشە بۆ خوداوەندێتیت ئاگات لەشتەکان نەبێ. ئەگەر زانیویشتە کارەساتە، یان رەنگە خیانەتە، بەهانای کەسیان نەهاتی، تەنانەت ژنەکەی خۆشت.

تیغی تەورەکەی خستە سەر ملی پەیکەرەکە:

—وا من پێم وتیو وا تۆش زانیت.

ئینجا بە ملی هەڵیواسی:

—هێندە پیاو نەبووی بەرگری لە ژنەکەی خۆت بکەی، بەڵام هێندە پیاو بە کاتێك هاتن راستیی رووداوەکەیان پێ بڵێی، گێژ مەوەستە چاو رووبکەیتە حەوا، گەر لەمن بپرسن بوختانت بۆ دەکەمو دەڵێم تۆ کردووتە، تەوری ملیشت شایەتمە.

پشتی تێکردو وەك چۆن سەرکەوت چووە خوارەوە، هێواشو هێمن. گەیشتە دوایەمین پلیکانەی زەققوورەکە. پشتی لێی بوو و رووی لەتیشکی زیوینی خۆری ئەو رۆژە بوو، کەسێکی ئور لەوێدا بوایە خۆشەویستی زۆر بچووك دەبینیو زەققوورەکە بەرز لەپشتەوە، بەرز وەکو داڵێك تەماشای دەکرد. بەخۆیو تاوانو کوفرە گەورەکەیەوە ناوچە گەورەکەی پەرستەگەکانی جێهێشت.

# دواخوانی خێزانی پیرۆز

هەرەشەی عەمالیقا جارێکی تر خێزانەکەی کۆکردەوە. شاخان هەرەشەی چەند پیاوێکی عەمالیقیی کردبووە بەهانە بۆ کۆکردنەوەی ئەو دڵانەی بەهیچ شتێك جگە لە مەترسیی گەورە کۆ نەدەبوونەوە. نۆبەرەکەی شاخان گەڕایەوە لای باوکی‌و باوکی وەریگرتەوە. هەردووش بڕیاریان دا هیچ شتێکی رابوردوو نەورووژێننەوە. بۆ یەکەم جاریش پاش دابڕانێکی زۆر خێزانەکە لەسەر یەك خوان کۆبووەوە.

شاخان ویستی لەسەر خوانەکە دەوری باوکی دڵسۆز ببینێتەوە، لەسەر کورسیی لای سەرەوەی مێزەکە دانیشت‌و گوڵخاتری لەتەنیشت خۆی دانیشاند. بەدەنگێك ویستی پڕ سۆزی باوکانە بێ، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو دەنگەکە هیچ جۆرە هەستێکی تێدا نەبیسترا، فەرمووی لەمنداڵەکانی کرد دابنیشن.

کوڕی بچووك ویستی پێش ئەوانی تر دابنیشێ، بەڵام باوکی خێرا بەچاو پاشگەزی کردەوەو ئەو چاوە پشتە چەماوەکەی بۆ رێك کردەوە. نۆبەرەکە نیوەدانیشتنەکەی براکەی‌و چارەکە خێسەکەی باوکی‌و لەپڕ هەڵسانەوەی بینی. کورسییەکەی راکێشایە دواوەو دوو لێوی یارییان لەسەر یەکتر دەکرد، بزەی گاڵتە بە برا بچووکەکەی بەئاسانی لە دەموچاویدا بینرا. باوکی خۆی لێ غافڵ کردو ویستی ئەو سەرەتا خراپە خێرا تێپەڕێ. تێپەڕی‌و هەموو ئەندامانی خێزانەکە لەدەوری مێزەکەدا گیرسانەوە؛ دوو کوڕەکەی شاخان‌و دوو ژنەکەیان، نۆبەرەکە تەنیشت دایکی، برا بچووکەکە تەنیشت باوکی، ئینجا دوو کچەکەی، یەکێك لەگەڵ مێردەکەی‌و دوو منداڵی تەنیشت برا بچووکەکە، کچە بچووکەکەشی، خۆی‌و دوو منداڵی دوورترین شوێنیان گرتبوو. کچەکە کورسییەکی بە بەتاڵی تەنیشت خۆی جێهێشتبوو، خۆی کەوتبووە نێوان کورسییە بەتاڵەکەی‌و دوو منداڵەکەی. چاوی شاخان بۆ ساتێك نیشتە سەر کورسییە بێ خاوەنەکە. چاوی خێرا لابردو قسەی میهرەبانی باوکانەی لەگەڵ ئەو کچەدا دەست پێکرد:

**–حەزم کرد بێیتە نزیکتر.**

وەڵامی کچەکە هیچ جۆرە هەستێکی نەدرکاند، نە باش نە خراپ، کەس نەیزانی لەکام شوێنی دڵییەوە دەرچووە:

**–شوێنەکەم باشە.. سوپاس.**

بۆ رێگەگرتنیش لەهەر قسەیەکی تری باوکی، خۆی لەگەڵ منداڵەکەی تەنیشتی خەریك کرد، دانیشتنەکەی بۆ رێك کردەوەو یەخەکەی بۆ چاك کرد، چەند شتێکی بێماناى تریشی کرد. شاخان زانی گەرمایی دەستناکەوێ، زانیشی هەڵە بوو لەو کچەیەوە دەست پێبکات کە گومانی نەبوو ئەو باوکە بووە پاش گەڕانەوەی پەشیمانبوونی مێردەکەی خەڵکی ناردبێتە سەری‌و ئەو بووە فەرمانی کوشتنی دابێ. کچەکە دەیزانی باوکی لەهەموو شتێك خۆش بێ لەخیانەت خۆش نابێ، لەوەش زیاتر لەکارێك هەڵوەشاندنی خێزانەکەی بەدواوە بێ.

شاخان بەلاچاو تەماشای نۆبەرەکەی کردو بینی چۆن بەبزەیەکی بێئابڕووانە تەماشای خوشکەکەی دەکات وەك بڵێ: ((**دەستت خۆش، منیش هەقم بۆ کردیتەوە**)). خوشکەکەشی دوو چاوی پڕ کینەی تێدەگرت: ((**بکوژی بێئابڕوو!**

تەماشام مەکە!)). خوشکەکەی باوەڕی هەبوو گەورەی خێزانەکە تۆڵەی شەرەفی هۆزو مەزنانگەی بە براکەی سپاردبوو، ئەویش فەرمانەکە لەگەڵ کۆنە قینێکی لەگەڵ زاواکە پێکەوە گرێدابوو و چەند پیاوێکی زبرو گوێڕایەڵی هۆزی بۆ کوشتنی مێردەکەی هەڵبژاردبوو.

شاخان پاش وەڵامە ساردەکەی کچەکەی هیچی نەوت، شاخان ئەو رۆژە ئامادە بوو هەموو ژەهرێك قووت بدات، بەڵام زانیشی ماویەتی ناچاری ئەو ژەهرە ببێ؛ پێش ژەمی ژەهر شتی زۆری تر هەن تامیان بکرێو تاقی بکرێنەوە. رووی کردە زاواکەی؛ زاوا ناتوانێ وەڵامی ساردو بێباك بداتەوە، زاوا هەمیشە وەڵامی گونجاوی بارودۆخە جیاوازەکانی هەیە. لەناو هەموو زاواکانی جیهانیش دوانەکەی شاخان گەورەترین ئەرکیان کەوتبووە سەر شان. زاواکەی فەوتاوەکە خۆڕاگرترینی جیهان بوو بەڵام پێشبڕکێکەی پێ تەواو نەکراو سووکایەتییەکانی نۆبەرەکەی سەری خێزانەکە گوریسی ئەستووری سەبرەکەیان لە دە لاوە بۆ قرتاند، ئێستاش ئەو زاوایەی بەسەلامەتی ماوە توند باوەشی بەو گوریسە کردووەو لە نۆبەرەکەی شاردۆتەوە.

زاوای خۆڕاگرتر گوێی بۆ خەزوور شل کردبوو. نامەی دوو تویێی ئاوازی دەنگی خەزوور هێندە ئاشکرا بوو ئابڕووبەرە بوو:

**–کارەکانت باش دەڕۆن، راپۆرتەکان دڵخۆشکەرەوەن.**

پێویستی نەدەکرد زاوای بەختەوەر زەرفی نامەکە بکاتەوە، نامەکە خێراو بە کراوەیی گەیشت، بەڵام بارودۆخی هەنووکەیی پێی وت لەو ستایشە دڵنیا نەبێ. زاوا دەیزانی ئەوە قسەی ئەم ساتەی سەری خێزانێکە دەیەوێ هەرچۆنێك بێ لە هەڵوەشان بیپارێزێ. هەر ئەو خەزوورە بوو بەدرێژایی هەفتەی رابوردوو، کەم دوو رۆژی ئاسایی، بەردەوام سەرزەنشتی دەکرد لەبەر خاویو لێنەهاتوویی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زاواکە دەرفەتی لەوە رەخساوتری دەستنەدەکەوت بۆ سڕینەوەی شوێنەواری کۆنی ئەو سستیو لێنەهاتوویییە. زاوا نیشانی خەزووری دا کە خوێندەوارێکی باشەو هێندە بە سەلیقەیە دەزانێ پێویستە نامەکە لەگەڵ عەترێكو چەپکێك گوڵ بۆی بگەڕێنێتەوە. ئەمە هەروەها بۆ زاوا دەرفەتە بیسەلمێنێ کە دەتوانێ دەوری برینپێچی خێزانەکە ببینێ:

**–باوکی مەزنو بەڕێزمان! دڵخۆشیتانو رەزامەندیتان ئاواتی گەورەمانە، هەموو بە گیانو لەگیان خۆشەویستتر دەبینە قوربانی ئەم باوکە مەزنە.**

خەزووری مەزن بەو قسانە کەمێك دڵی شکاوی یەکی گرتەوە، بەڵام هیچ شتێك جێگەی منداڵەکانی نەدەگرتەوە، تەنانەت زاوایەکی دڵسۆزیش.

نانی نیوەڕۆی ئەو رۆژە ساردی تەواو بوو، جگە لەو قسەیەو جگە لەچەند رستەیەکی دوو وشەییو سێ وشەیی وەك ((**ئاوەکەت لا نزیکە؟**))، ((**گۆشتی پۆڕەکە لەخۆت نزیککەرەوە**))، ((**سوپاس، گۆشتەکەم زۆرە**))، قسەی تر نەکران. لەو بێدەنگییە دەنگی کەوچك بەسەر قاپەکاندا زۆرترو بەرزتر دەبیسترا.

خێزانەکە پاش تەواو بوون لەو نانخواردنەی ئەرکێکی بێتام بوو وەکو ئامێرێكو بێ پێوتن چوونە ژوورەکەی تەنیشتو چاوەڕێی هێنانی چایان کرد. چا خواردنەوەکە لە نانخواردنەکە ساردتر بوو، بەڵام شاخان نەیویست وا بمێنێتەوە چونکە کەمێکی تر چاکە دەخورێتەوە، بەپەلەش دەخورێتەوە، هەر یەکێکیش دەچێتەوە شوێنەکەی خۆی. سەری خێزانەکە مەسەلەیەکی گەورەی خستە بەردەمیان:

**–نەمویست کاتی نانخواردن ئەوە باس بکەم، ئێستا باسی دەکەم.**

خێزانەکە ترسا باسی کاروباری خێزانەکە بکات، ئەوان لەو باسە خۆیان دەدزییەوە، بەڵام ترسەکەشیان زۆر نەبوو چونکە ئەوەیان ئەگەرێکی دوور بوو. گەورەی خێزانەکە پێش ئەوەی قسەکەی تەواو بکات دەیزانی لەوجۆرە باسانە دەترسن، خۆیشی لەوە دەترسا. شاخان گومانەکەی تەواو ڕەواندەوە، مەبەستی بوو یەکسەر ئەو ترسە نەهێڵێ، یەکەم وشەشی بۆ ئەو مەبەستە بوو:

**–عەمالیقا گۆڕاوە. عەمالیقا بەرەو گۆڕان دەچێ. دەزانن مارلین مۆنرایت چەند زبر بوو، بەڵام دەشزانن کە مارلین بەو زبریی خۆیەوە لە خەڵکی تری عەمالیقا نەرمترە. مارلین نەماو پێویستە خۆمان بۆ خراپتر ئامادە بکەین. پیاوەکانمان لەناوەوەو دەرەوەی مەزنانگە دەڵێن زۆر کەس هەن بێ ماندووبوون کار لەدژمان دەکەن. بێگومان گوێتان لە هەڕەشەکانی هەندێ پیاوی گەورەی عەمالیقا بووە، ئەوانە کەسانێکی ئاسایی نین، ئەوانە کاریگەرییان زۆرە، ئەوانە هەمیشە مەزنانگە وەکو بابلی نەبوخەدنەسەر باس دەکەن، ئەو بابلەی دووجار ئیسحاقییەکانی بەکۆمەڵ بەدیل برد، بیبلیۆبوک نەفرەتی لە بابل کردووە، ئەوانەش دەیانەوێ بابل لەناوبەرن، شەڕەکەش دەکەنە شەڕی بیبلیۆبوکو بابل.**

خێزانەکە بەیەك گوێچکە گوێیان لەو قسانە دەگرت، ئەوان هەڕەشەی ئەو پیاوانەی عەمالیقایان بیستبوو بەڵام بەهەندیان وەرنەگرتبوو چونکە یەکەم جارنەبوو هەڕەشەی وا بکرێ. خێزانەکە دەیزانی باوك لەهیچ ناترسێ ترسی ئەو زیاتر لە هەڵوەشانی خێزانەکەیە. لەمنداڵییەوە لە شاخانی قوتابیی مێژوویان دەبیست چۆن ناکۆکیی نێوان خێزانە فەرمانڕەواکان هۆیەکی سەرەکیی لەدەستدانی دەسەڵاتەکەیان بووە. بەردەوام چیرۆکەکانی مێژووی بۆ دەگێڕانەوە، هەموو چیرۆکەکانیان لەبەر کردبوو، لەو ماوەیەی دواییشدا ئەو تکایەیان لەچاوەکانی باوکیاندا دەخوێندەوە کە خێزانەکەی خۆی بەدەردی خێزانەکانی مێژوو نەبەن، بەڵام بەرامبەر بەو پەرۆشییەی باوکیان کەسیان، جگەلە گوڵخاتر، ئەویش بەر لە مردنی پاشەبەرەکە، نەیاندەوێرا بەرەوڕوو ژنهێنانی دووەمی سەری خێزانەکە وەك نموونەیەك بهێننەوە. خێزانەکە هەموو عەیبەکانی خۆی دەشاردەوەو هەڵوەشانەوەکەی دەخستە ئەستۆی ژنی دووەم، بەڵام باسی ئەو ژنە لەپاش مەرگی پاشەبەرەکەوە کوژایەوەو خێزانەکە وەکو نەبوو تەماشای دەکرد.

دانیشتنەکەو باسی هەڕەشەکانی عەمالیقاو چی بکرێ بۆ بەرەنگاربوونەوە درێژەیان کێشا، سەرەتا هەر شاخان قسەی دەکردو ئەوان بە وشەیەك یان دوان تەعلیقیان دەوت، زاواکە ویستی جڵەوی قسە بگرێتە دەست، بەڵام شاخان زوو تێیگەیاند ئەو زیاتر مەبەستێتی منداڵەکانی خۆی قسە بکەن، لەکۆتاییشدا دڵگەرمی بەسەر نۆبەرەکەدا سەرکەوتو بەدەنگە بڵەکەی کەوتە هەڕەشە کردن لەهەر کەسێك لە مەزنانگە نزیك بێتەوە، هەندێ پێشنیاریشی کرد، هەموو بۆنی خوێنیان لێدەهات، کەمێکیان عەقڵیان تێدا هەبوو، بەڵام گەورەی خێزانەکە هەموویان، بەعەقڵو خوێنەوە، پەسەند کرد. برا بچووکەکەش نەیویست لەو بەبەزەییتر بێو پێشنیاری لەهەمان جۆر کرد. پێشنیارەکان بەکۆی دەنگە گەرمو ساردەکان پەسەند کرانو خۆشییەکی کەم بەدڵی شاخاندا هات.

دانیشتنی خێزانەکە بە نیوە سەرکەوتنێکی شاخان کۆتایی پێهات، لەئێستاش بەدواوە دەتوانێ پەنجە لە ژێی مەترسیی عەمالیقا بداتو خێزانەکە لەدەوری ئەو ئاوازدا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەوەی شاخان نەیدەزانی ئەوە بوو خێزانەکە فریای خوانێکی تر ناکەونو ئەو قسانەی کە تەنها لەبەر کۆکردنەوەی خێزانەکە وتبوونی راستییەك بوونو لەناو عەمالیقادا جموجووڵ گەرم بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەی گورگی گۆشی باوك ئەنجامی نەدابوو. ئەوەی شاخان

نەیدەزانی ئەوە بوو لەناو عەمالیقادا چەند خوداوەندێکی جەنگو مەرگ لەهەمان چەشنی خۆی دەهاتنو دەچوونو قسەیان دەکردو نەخشەیان دەکێشاو ئەوەندەی پێناچێ نەخشەکە دەبێتە کار.. لەناو عەمالیقادا ئاشێکی گەورە بۆ مەزنانگەو پیاوە مەزنەکەی دەگێڕدرا.

# کەوتنی پیگی

پێگی وەهم نەبوو، نە بەرزبوونەوەی، نە کەوتنی.

هەروەکو نەریتی وڵاتی عەمالیقاو هاوشێوەکانی نەدەبوا پیگی بۆ هەتاهەتا لەو شوێنەیدا بمایەوە. پیگی بێ زرموهوڕ کەوتو گورگی گۆشی کوڕ چووە جێگەی. ئەو رۆژەش پیگی کەوت حەوتی گەورەی شیرینئاوا دەیانپرسی: داخۆ پیگی چ کارێك دوای ئەوە بکات؟ هەریەکێکیشیان وەڵامێکی هەبوو بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون پیگی کارێکی تر دەکات چونکە کەوتنی ئەو وەکو کەوتنی ئەوان نییە کە ئەگەر بکەون رێك بۆ ناو زبڵدانی ژووری عەرش دەچن.

گورگیی بچووك ماوەیەك لەسەر رەوتی پیگی دەڕۆشت هەرچەندە دە یەکی ئەو شارەزای ئەو جیهانە نەبوو کە عەمالیقا بە گەورەترین وڵاتی زانرابوو. ئەو پیاوە بەوە ناسرابوو کە هێندە لەجیهانی دەرەوەی عەمالیقا بێئاگا بوو ناوی شای وڵاتێکی نزیکی نەدەزانی، بەڵام خۆشبەختییەکەی لەوەدا بوو چەند کەسێکی زۆر شارەزای لەدەوردا هەبوون ئەو شتانەیان پێ دەوت کە نەیدەزانین. ئەو شارەزایانە کارێکی گرنگتریان بە گورگی هەبوو؛ ئەوانە هانیان دەدا کەڵبەو نینۆکەکانی باشتر دەربخات، کەڵبە لەدوژمن بچەقێنێ، زێڕی بن زەویش بە نینۆکەکانی دەربێنێ.

ئەو کەسانە رۆژانە ئاوازی هێزو سەروەرییان بەگوێی گورگیی بچووکدا دەخوێند، ئەویش دەیبیستو دەیبیست بەڵام نەیدەتوانی تا مەودای ئەوان غار بدات. چواردەوری گورگی هەر ئاواز بوو و خۆیشی هەر گوێچکە مایەوە تا ئەو رۆژەی ئەسپسوارانی باکتریاو خوڕاسان لەناکاودا لەدەریا پەڕینەوەو دایان بەسەر هەردوو (هاملتن)و (نیوکارتاگ)و گورزێکیان وەشاند هەزارانی خست. لەوەبەدوا گوێچکەی گورگیو دڵەکەی بوونە یەکو کەوتە غاردان لەگەڵ خوداوەندەکانی جەنگو مەرگو زێڕی عەمالیقا، وازیشی نەهێنا تا نەبووە سەرپێڕی ئەو خوداوەندانە، ئەوانیش ئەوەیان دەویستو شوێنی کەسی یەکەمیان بۆ چۆڵ کرد.

لەدوای هێرشە ناکاوەکەی ئەسپسوارانی باکتریاو خوڕاسانیش گورگی لەژێر گومەزی کۆشکە خۆڵەمێشییەکەی شاری هاملتنەوە بەردەوام رایدەگەیاند کە جیهانێکی نوێ بەڕێوەیەو خۆی بنیاتنەری ئەو جیهانە دەبێ وەك چۆن گورگی گۆشی باوکی جیهانێکی نوێی رایگەیاندبوو. نیازیشی بوو کۆشکی خۆڵەمەیشی بکاتە رەنگێکی تر، رەش.. سپی.. سوور.. هەرچییەك بێ خۆڵەمێشی نەبێ، بەڵام بۆی نەکرا؛ تەڕاییو وشکایی پڕ لە وڵاتان بوونو رەنگی تاکی ئاشکرا لەگەڵ هەموویاندا نەدەگونجا.

راوێژکارە شارەزاکانی گورگی هانیان دەدا پەلاماری مەزنانگەو شاخانەکەی بداتو ئەوەیان بەگوێیدا دەخوێند کە ئەسپسوارانی باکتریاو خوڕاسان پەیوەندییان بەشاخانەوە هەیەو پێویستە پێشتر پەلاماری ئەو بدرێ. ئەو راوێژکارانە بەردەوام بیبلیۆبوکیان پێشان دەداو دەیانوت: ((**بابل لەناوبەرە.. بابل نەفرەتی لێکراوە.. بابل لەپێشترە**)). بیبلیۆبوکیان لەبەردەمیدا لەسەر (ئیشعیا) دەکردەوەو هەموو نەفرەتەکانی ئاڕاستەی بابلیان بۆ دەخوێندەوە، پێشیان دەوت

دێڕەکانی ئاکامی بابل دەکرێ‌و دەبێ دووباره ببنەوە. لەکۆتایی دێڕەکانی بیبلیۆبوکیش ئاماری زێڕی بن زەویی مەزنانگەیان دەخستە بەردەمی، بە ژمارەو بە رێژەو بە چارتی پسپۆڕان. ئەو شارەزایانە لەو کاتەی بیبلیۆبوکیان پیشان دەدا بەدەستو پەنجەکانیان ئەو دێڕانەیان دەشاردەوە کە خودای ئیشعیا تێیاندا سەرزەنشتی ئیسحاقییەکانی دەکرد کە لەو خودایە یاخی ببوون، سەرزەنشتییەکی تریش بۆ قەشەو قازییەکانیان کە زێڕیان کردبووە خوداوەندی دووەمو هەژارانیان رەتاندبووەوە. شارەزاکان خوێنی بێزاریی ئیشعیا کە لێی دەتکا بەو دەستو پەنجانە دەسڕییەوەو نەیاندەهێشت گورگی ببینێ، ئەوەندەشی پێ ناچێ گورگی لەوانەوە فێری هونەری هەڵبژاردنی وشەکانو رستەکانو شاردنەوەی ئەوانەی تر دەبێ .

گورگی گوێی گرتو تێگەیشت، دڵی دا بەدەستەوەو شوێنیان کەوت، بەڵام هێشتا لەسەر بڕیارەکەی خۆی سوور بوو: ((**نەخێر! سەرەتا باکتریاو خوڕاسان، دواییش نۆرەی مەزنانگەو کێی تر حەز بکەن**)).

گورگی شەبپوورێکی هەڵگرتو بە شەقوەشێنەکانی وت خۆیان بۆ بیستنی هاوارەکەی ئامادە بکەن، گورگی نەیویست وەکو پیگی چاوەڕێی بکات، بۆیە پاش چەند مانگێك خۆ ئامادەکردن فووی بە شەبپوورەکەیدا کردو هەزاران شەقوەشێن گەشتی پێچەوانەی دەریایان بۆ باکتریاو خوڕاسان کرد.

شاخان تەماشای ئەو جیهانە نوێیەی دەکردو نەیدەتوانی هیچ بخەملێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕەکەی باکتریاو خوڕاسان دەرفەت بوو تا لەبەردەمی خێزانەکەیدا راستی زانیارییەکانی بسەلمێنێ، کاتێکیش شەڕەکە تەواو بوو و وڵاتەکە کەوتو ئاراستەی قسەکانی گورگی بەرەو مەزنانگە گۆڕان شاخان هەستی کرد کاتی گەمە نەما. گورگی دەیزانی سەرەتای رێگەیەتیو مەزنانگە ئەو شوێنە دەبێ ئەسپەکانی جەنگ بۆ ماوەیەك تێیدا ببەسترێنەوە.. ئەوەشیان کەوتنی دووەمی پیگی بوو.

گورگی بەرنامەی جیهانە نوێیکەی دووبارەکردەوە: ((**پیگیی توندوتۆڵ هێشتا زۆر نەرم بوو و بەهەڵەدا چووبوو کاتێك وایزانیبوو دەتوانێ بەهێواشی شاخانو هاوشێوەکانی بکوژێ**)). گورگی ئەمجارە شەبپوورێکی بچووکی جەنگی هەڵگرتو بە یەك فوو جاڕی جیهانە نوێکەی گەیاندە مەزنانگە:

—**مژدە بۆ خەڵکی وڵاتی شاخان، مەزنانگەیەکی نوێ بەڕێوەیە.**

گورگی ئەمجارە گاڵتەی زیاتری بە توندوتۆڵیو زبریی پیگی دەهات. گورگی وتارێکی پێشکەش کرد لە کۆلێجی زانستی مرۆڤدۆستیی زانکۆی (ئاشتی ببەخشە) بەبۆنەی تێپەڕبوونی پەنجاوشەش ساڵ بەسەر بەخشینی مەدالیای ئاشتی بە دوو شاری وڵاتی (نیپۆن) لەلایەن سەرۆك کۆنی عەمالیقا (ئەتیلا ترومان)ـەوە. گورگی فەلسەفەکەی لەو وتارە سەعاتییەدا بەکورتی خستەڕوو:

—**خاتوو مۆنرایت بۆ لەناوبردنی شاخانو هاوشێوەکانی درێژترین رێگەی گرتبووەبەر. خاتوو مۆنرایت یەك شتی بۆ دەکرا؛ جاروبار چەند ئاگرهاوێژێکی بۆ مەزنانگە دەنارد بەڵکو شاخان بەربکەوێ‌و تیابچێ.. بەڵکو.. بەڵکو.. بەڵام ئەو بەڵکووەی مۆنرایت تەمەنی شاخانی درێژتر کرد.**

گورگی لەوتارێکی تردا لەبەردەم نوێنەرانی وڵاتان بەبۆنەی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی پێکەوە ژیانی میللەتان وێنەی دوارۆژی جیهانی لەدیدێکی عەمالیقیی خۆیەوە نەخشاند کە ویستی دیدی هەموو عەمالیقا بێ:

—**ئێمە هەینو جیهانێك لەدەورماندا هەیە، ئێمە نەوەی هاملتنو جەیکۆبسنو رۆبرتسنو باقی باوکە دامەزرێنەرەکانین، ئێمەی هەڵگری وشەکانی خاتوو لاییبریای مەزنین کە مەشخەڵەکەی جیهانی رۆشن کردۆتەوە، بەڵام جیهانی**

**چواردەورمان شێواوەو پێویستی بە ڕێکخستنەوەیە، خوداش ئێمەی هەڵبژاردووە بۆ ڕێکخستنەوەی جیهانو ڕاونانی پیاو خراپانو ڕەوانە کردنی وشەکانی لایبیریا بۆ هەموو گەلان.**

گورگی لەو پەیامەی خۆی دوودڵ نەبوو، لەپێناویشدا بێوچان بەناو عەمالیقادا دەسووڕایەوەو لەناو کوڕەکاندا بانگەشەی بۆ فەلسەفەکەی دەکرد. زۆر جار بیبلیۆبوکی هەڵدەگرتو دەیکردەوەو ڕایدەوەشاندو بەڵگەکانی پەیامەکەی تێدا دەدۆزییەوە. بەڵام هەر لەناو عەمالیقادا کەسانێك هەبوون دەیانوت کاتێك گورگی وشەکانی خودا دەڵێتەوە بەشتێکی خراپی نازانیٚ چاو ببڕێتە زێڕەکەی مەزنانگە. گومانیشیان لە دەستی هەڵگری بیبلیۆبوك هەبوو و دەیانوت گورگی لە پێنج پەنجە تەنها بە دوان ئاماژە بۆ دێڕەکانی مەبەستی خۆی دەکاتو سیٚ پەنجەکەی تر دێڕەکانی نەفرەت لە زێڕپەرستانیان دەشاردەوە. ئەو کەسانە دەیانوت بیبلیۆبوك بەسەر گورگی زاڵترە بەڵام دڵی ژوورێکی گەورەی زێڕی تێدایە، چنگێك زێڕیشی خستۆتە گیرفانی تەنیشت دڵی تا دڵنیاتر بیٚ بیبلیۆبوك زۆر دوور لەگەڵ خۆیدا نابیات،. ئەو کەسانەی قسەی لەم جۆرەیان دەکرد زۆر کەم بوونو کەم کەس گوێیان لێدەگرتن.

خستنی شاخان پرۆژەیەکی گرنگی گورگی بوو. ئەو قەناعەتی تەواوی هەبوو کە دەبوایە گورگیی باوکی ئەمەی بکردایە بۆیە ئەنجامی شەڕی یەکەمی دژی شاخان نیوەناچڵ بوو. واش بڵاوبوو باوکی گورگی ئەوەی دەزانی بۆیە هانی دەدا کارەکە بگەیەنێتە ئەنجامە سروشتییەکە. گورگی پلانەکەی لەرستەیەکی بچووکدا کورت کردبووەوە: ((ئازادکردنی ڕەعیەتی شاخان لەڕێگەی داگیرکردنی وڵاتەکەیان)). گورگی باوەڕی وابوو داگیرکردن کورتترین ڕێگەیە بۆ ئازادی.

حەوتی گەورەی شیرینئاوا باوەڕی تەواویان هەبوو کە ئەم جارە پرۆژەکە جددییەو گورگی واز لەبەرازە کێوییەکە ناهێنی تا نەیدات بەزەویدا. گورگی متمانەی بە حەوتی گەورەی شیرینئاواو کۆمەڵەی میراتگرانی وڵاتی شاخان کەم بوو و نیازی نەبوو لەهیچ شتێك بەشداریان بکات. گورگی هەروەها کارێکی هەبوو پاش ئەوەی شاخان بدات بەزەویداو نەیدەویست کەس لەکۆمەڵەی میراتگران لەهیچ بەروبوومێك بەشدار بکات؛ لەو زێڕەی کە بیبلیۆبوك دەیوت چڵکی دەستە.

شاخان هەوڵی زۆری دا خۆی لەو شەڕە بپارێزی بەڵام بێسوود بوو چونکە وەك چۆن ڕۆژێکیان شاخان بێئەوەی تیرێك بهاویٚ لە ڕوباری (ڕوبیکۆن) پەڕییەوە گورگیش تیرەکەی نەهاویشتو ڕوبارەکەی بڕی. تازە گورگی بڕیاری دابوو، گورگی بیری لەگەڕانەوە نەدەکردو تاکە ئیشی ژماردنی ئەو ڕۆژانە بوو کە بۆ وەشاندنی یەکەم گورز ماون.

ڕۆژەکان تەواو بوونو گورگی فووی بە شەیپوورە بچووکەکەیدا کرد:

**–شەڕەکەمان زۆر ئاسانە، گەشتێکی سەربازیی کورتە. خەڵکی مەزنانگە بۆ ڕزگاریتان هاتین، تا دە بژمێرن و چیتر شاخان نابینن.**

هاواری گورگی تەواو بوو و سیمرخەکان هەوایان کون کردو بەسەر مەزنانگەدا داباریـن. گورگی ئەو شەڕەی دەستپێکرد کە ناوێکی لێنابوو لەو جۆرەی حەزی لێدەکات: ((شەڕی پیرۆزی عەمالیقاو هاوپەیمانانی لەپێناوی ئازادکردنی وڵاتی ژێر ستەمی شاخانو بەدیهێنانی دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ خەڵکەکەی)). کەس لەجیهان نەیدەتوانی بزانیٚ گورگی درۆ دەکات یان قەناعەتی بەو قسانەی خۆی هەبووە، ملیۆنەها باوەڕیان وابوو گورگی یەکەم درۆزنی جیهانە. کەم کەسیش تێبینیی ئەوەیان کرد کە ئەو ناوە زۆر لە ناوە زلو قورسەکانی ئەو شەڕانە دەچوو کە شاخان

هەڵیدەگرساندن. حەوتی گەورە ناوەکەیان باش لەبەرکردو بەردەوام بەکاریان دەهێنا، حەوتی گەورە ناوێکی تریان نەبوو.

* * * * *

پیگی پاش کەوتنی کاتێکی کەمی هەبوو بۆ بەدواداچوونی جەنگەکە، کاتەکەی پڕ مەشغەڵەت بوو، لەلایەك وانە وتنەوە لەبەرزترین زانکۆی عەمالیقا، لەلایەك نووسین بۆ ناودارترین گۆڤاری ئەو وڵاتە، بەڕێوەبەری فەخریی چەند کۆمپانیایەکیش بوو. لەرۆژانی یەکەمی جەنگەکە بۆ زانکۆیەك بانگ کرا تا لەبارەی ئەو شەڕەوە بدوێ. پیگی بەرۆشتنی یاساوڵانەی جارانییەوە چووە ناو هۆڵەکە، قوتابیی زۆر چاوەڕوان بوون. سەرۆکی زانکۆ پێشەکییەکەی وتو سوپاسی میوانەکەی کرد کە لەگەرمەی سەرقاڵییەکەیدا کاتێکی بۆ ئەو قوتابییانە تەرخان کردووە. یەکەم پرسیار لەبارەی شاخانەوە بوو:

**–مسز مۆنرایت، زۆر بەکورتی وەسفی شاخانمان بۆ بکە.**

پیگی لەپەنجەرەکەوە روانییە دەرەوە. پەنجەرەکە رووی لەرۆژئاوا بوو بەڵام شاخان لەلای رۆژهەڵاتەوە بوو، ئەوە لای پیگی گرنگ نەبوو چونکە دەیزانی زەوی خڕەو تیشکی چاوی بەدەوریدا دەسووڕێتەوەو دەگاتە خاکەکانی رۆژهەڵاتی مەزن. دەشیزانی هیچ هێزێك بەرامبەر سیمرخەکانی وڵاتەکەی ناوەستێ‌و ئەو باڵندە سامناکانە پێش تیشکی چاوی دەگەنە جێ. پیگی زەردەخەنەی بوو، قوتابییەکان نەیانزانی بۆچی، رەنگە رۆژانی خۆی لەکۆشکی خۆڵەمێشیدا کەوتبێتەوە یاد، رەنگە دڵی بە پرۆژەکەی گورگی خۆش بێ، رەنگە گاڵتەی بەو پرۆژەیە دێ. قسەکەی پیگی ئەو زەردەخەنەیەی بۆ قوتابییەکان روون نەکردەوە:

**–شاخان دۆستو دوژمنی زۆر بوو، هەر یەکەش بەجۆرێك دەیڕوانییە ئەو پیاوە سەیرەی کە مێژوو نموونەی لەو سەیرتری هەیە، بەڵام هەموو دۆستەکانو هەموو دوژمنەکان یەك را بوون کە چاونەترسە بۆیە هەموویان بە یەکانە دەیانشوبهاند.**

حەوتی گەورەی شیرینئاوا لە پیگی بێئاگا بوون بەڵام جاروبار هەواڵیان دەپرسی، کە هەواڵیشیان دەزانی زبڵدانی ژووری عەرشیان دەکەوتەوە یاد کە بۆیان ئامادەیە ئەگەر بکەون، ئەویش ئەگەر زبڵدانەکە بۆیان بەڕەوا بزانرێ‌و کەس بۆ تۆڵەی هەقێکی کۆن زەفەریان پێ نەبات. ئەو یەك دووکەسەشیان دەبینی کە زبڵدانەکە نەبووە چارەنووسیان بەڵام دەیانزانی ئەمانە زیاد ناکەن‌و لە شیرینئاوادا نموونەیەکی دەگمەنن. بەڵام حەوتی گەورە فێری ئەوەش ببوون ئاوڕ بۆ دواوە نەدەنەوەو خەڵکی شیرینئاوایشیان وا فێر کردبوو، بۆیە بەحەماسەتەوە شوێنی شەقوەشێنەکانی عەمالیقا کەوتن، هەرچەندە هەندێکیان نیگەران بوون‌و هێشتا متمانەیان بە عەمالیقا نەبوو و دەترسان ئەمجارەش واز لە شاخان دەهێنێ.

شیرینئاوا ئاگای لەدڵی حەوتەکە نەبوو و تەنها رواڵەتی دەخوێندەوە، لەهەموو حاڵەتێکیشدا ئەو شوێنکەوتنەی عەمالیقای پێخۆش بوو چونکە ئەو جەنگە دوا هیوای رزگاربوونی لەو شاخانە بوو کە وەکو دێوێکی چاوسوور لەودیو سنوورەوە خۆی مەڵاس داوەو بۆی هەبوو هەر رۆژێك بێ لێی قیت بێتەوەو تۆڵەی بەرو دوای لێبکاتەوە.

شیرینئاوا سیمرخەکانی گورگییان دەبینی ئاگر بەسەر مەزنانگەدا دەبارێنێ. ئەو رۆژانە هەموو مەزنانگە ببووە یەك پارچە گڕو دەنگ، شیرینئاواش وەکو هەموو جارێك چاوەڕوان بوو.

# گڕگرتنی شاری ئور

شار گڕی تێبەربیوو، ئاگر لەهەموو شوێنێکەوە هەڵسابوو:

**—بیسووتێنن وەك چۆن ئەم شارەی سووتاند!**

لەرزەیەکی گەورە بوو دای لە ئور خۆشیی جەژنەکەی لەچەند چرکەیەکی کەمدا رەواندەوە، چەند چـرکەیەکی کەم، تەنها بەشی بیرکردنەوە لەهەواڵەکە.

خەڵکەکە بەکەیفەوە گەڕابوونەوە، کەمیّ حەسرەتیشیان بۆ کۆتایی رۆژەکـە هـەبوو بـەڵام ئـەوەی چـاوەڕێی دەکردن چاوەڕێنەکراو بوو. ئەو هاوارەی لەپەرستگە هەڵسا زوو لەناو شارەکەدا دەنگیدایـەوەو خـەڵك بەرلـەوەی بچنەوە ماڵەکانیان بیستیان، ئەوەشی چووبووە ماڵەوە زوو لەسەر دەنگی هاتوهـاوارەوە هاتـەوە دەرەوە، هـەر ئەوەندەش هەواڵەکەی دەبیست بەغار بەرەو ناوچەی پەرستگەکان دەچوو.

خەڵکەکە چوونە بەشی باکووری شارەکە کە گەورەترین ناوچەی پەرستگەکانی لێبوو. چوونە ناوچەکەو بەرامبەر (ئیّ گی پارکو) وەستابوونو دەیانویست خوداوەندەکان ببیـنن. کاهنـەکان رێگـەیان بەکـەس نـەدەدا، کەرامـەتی خوداوەندەکان هێندە شـکابوو کارەسـاتەکە گـەورەتر دەبـوو ئەگـەر ئـەو خوداوەندانـە بـەو شـێوەیە ببینرانایـە. لەکۆتاییدا درۆ لەگـەڵ خەڵکەکـە کـراو پێیـان وتـرا ژنـەکاهنی گـەورەو فەرمانڕەواکـە لـە گۆڕەپـانی بـەردەمی زەققوورەکەدانو هەموو قسەیەك لەوێدا دەکریّ. خەڵکەکە بەپەلە بۆ گرتنی شوێن رۆشتن.

هاواری تۆڵەو کوشتنو سووتاندن لەهەموو لایەکی گۆڕەپانەکەوە بەرزبیووەوە، لەکۆتاییشدا چەند ژنەکاهنێکی سین هاتنە دەرەوەو داوایان لێکردن بڵاوەی لێبکەنو تا بەیانی چاوەڕیّ بکەن.

وەکو تاوانبارێکیش بیەویّ لەتاوانەکەی دڵنیا بیّ خۆشەویست لەوێدا بـوو، ئینجـا لەگـەڵ خەڵکەکـە گەڕایـەوە ماڵەوەو لەرێگەدا باوکی بینی سەدان هەزار نەفرەتی بۆ ئەو تاوانبارە دەناردو داوای سووتاندنی دەکرد.

ژنەکاهنی گەورەی ژنەکاهنەکانی سینو ژنەکاهنەکانی ترو کاهنە پیاوەکانو فەرمانڕەواو گەورەپیاوانی سـوپاو شار لەناو بیناکەدا مابوونەوە. لە داڵانی بەردەم ژووری پێش حەرەمی حەرەمەکاندا وەستابوونو ژنەکاهنی گەورەی سین دەرگای ژوورەکەی بەسەر تەرمی خوداوەندەکان داخستبوو کە وەك چەند مردوویەك بوون چاوەڕێی ناشتن بن.

**—خاتووی پایەبەرز، ئەگەر ئەرك نەبیّ بفەرموون بەوردی بۆم باسبکەن چیتان بینی.**

فەرمانڕەوای شار چاوەڕیّ نەبوو شتێکی زیادە لەوەی بیستبووی ببیستیّ، بەڵام ئەوەی وەك سەلماندنی ئەرکی لیکۆڵینەوەکردن بە خوشکەکەی ریم سین وت. ژنەکاهنی گەورە رووی کردە هەموو ئامادەبووان:

**—دیمەنەکە لەناکاوی بردینو هەمو شتێکی لەبیربردینەوە. پێش ئەوەی خوداوەندی گەورەی شارەکەمان ببەینە مەزارەکەی خۆی ئێوە بەجێتانهێشتین. ئێمەش گەڕاینەوە (ئیّ گی پارکو)و لەژووری پێش حەرەمی حەرەمەکان کارەساتەکەمان بینی.**

فەرمانڕەواکە ئاوازی تاوانبارکردن بەکەمتەرخەمی لەو قسەیەی ژنەکاهنەکەی ناسییەوە. دەیزانی کە نەدەبولیە

پێش بردنی سین بۆ ناو مەزارەکە بۆ خاتری پشووی خۆی ئەوانی جێهێشتایە، فەرمانڕەواکە ویستی قسەکان بەو بارەدا نەچن، دەبوایە هەر ئەوشەوە تاوانبارێك دەستگیر بکرایە، مەرجیش نییە بەڵگەکان بەهێز بن:

**-ئەم کارە کەسێك کردوویەتی، خوداوەندەکان لەخۆیانەوە ناشکێن، گومانتان لەکێیە؟ یەك ناو بڵێن و لەم کێشەیە رزگارمان دەبێ.**

تازە رستەی ((رزگاربوون لە کێشە)) لەزمانی دەرچووبوو بەڵام کاهنەکان تێنەگەیشتن. کاهنەکان تەماشای یەکتریان کرد، ژنەکاهنی گەورە وەڵامی نەبوو:

**-بمانزانیایە کەسێك جورئەتی کارێکی وای هەیە نەماندەهێشت یەك هەناسەی بدات بەرلەوەی ئەوە بکات.**

فەرمانڕەواکە قسەیەکی سادەی کرد، دەبوایە شتێکی هەر بوتایە:

**-دەزانم کارێکی هێندە گەورەیە تەنها شێتێك یان تاوانبارێکی زۆر گەورە دەیکات.**

**-یان کەسێك خۆی بەدانا بزانێ.**

ئەوەیان دەنگی کەسێکی تر بوو لەناو دەرگای داڵانەکەدا وەستابوو. ئور-نینورتا وەکو خێوێك ناو دەرگاکەی گرتبوو، فەرمانڕەواو کاهنەکان ئەو خێوەیان نەناسییەوە تا لەشوێنی خۆی نەجووڵا. بەهێواشی نزیککەوت:

**-دەمەوێ بیانبینم.**

دەنگی ژنەکاهنی گەورەی سین نەرمیی تێدا بوو:

**-ناکرێ.**

ئور-نینورتا گوێی نەدایەو بەرەو دەرگای ژووری پێش حەرەمی حەرەمەکان رۆشت. ژنەکاهنی گەورە پێشیکەوتو بەردەمی دەرگاکەی گرت:

**-ناکرێ کەس بیانبینێ.**

دەموچاوی مۆنی ئور-نینورتا مۆنتر بوو:

**-هەموو ژیانم بۆ خزمەتی خوداوەندەکان تەرخان کردووە، ئێستاش دەبێ ئاغاکانم ببینم.**

بەنەرمی دەستی خوشکەکەی ریم سینی لەسەر دەسکی دەرگاکە لابرد. ژنەکاهنی گەورە نەیتوانی لەوە زیاتر رێگەی لێ بگرێ. ئور-نینورتا چووە ژوورەوە، قاچەکانی دەلەرزین. کاتێك لە کۆمەڵە تەختەو بەردەکان نزیکتر کەوتەوە کەوتە سەر ئەژنۆو ناوچەوانی خستە ناو نزیکترین کۆمەڵیان. نەیتوانی زۆر بمێنێتەوەو نینگال نەبینێ. بەقاچێکی لەرزۆکەوە بەرەو ژوورەکەی رۆشت. پاڵی بەدەرگاکەوە نا، مەلۆی بەردی پاش زریانی بینی. بڕوای نەکرد ئەوە نینگالە. نەیتوانی بگاتە ژنەبەردە هەڵچنراوەکەو لەشوێنی خۆیدا لەسەر ئەژنۆ چۆکی دادا.

فەرمانڕەواو کاهنەکانو گەورەپیاوان هێشتا پرسیاریان لە بکەری تاوانبارەکە دەکرد کاتێك ئور-نینورتا بەڕوویەکی زەردهەڵگەڕاوەوە قاچی بەسەر زەوییەکەدا دەخشاند، بەدەنگێکی گڕی نزم بەتامی مەرگ سەرزەنشتی ئەو پیاو و ژنانەی کرد:

**-چیتان نیازە؟ تا بەیانی لێرەدا بمێننەوەو بپرسن کێ ئەمەی کردووە؟**

فەرمانڕەواکە دۆستانە لێی پرسی، دیار بوو ئور-نینورتا شتێکی دەزانی، کاهنە پیرەکە لەو کاتەدا بووە تاکە هیوای:

**-وتت لەوانەیە کەسێك ئەمەی کردبێ خۆی بەدانا بزانێ.. گومانت لەکام دانای ئەم شارەیە؟**

بەرلەوەی وەڵام بداتەوە، ژنەکاهنێکی سپی خۆبەخشانە پێشنیاری کرد:

**–ئور–نینای شاعیر هەموو ژیانی بەرامبەر خوداکان کەم رێز بووە.**

ژنەکاهنەکە کۆنە قینی لەو لاوە هەبوو. ئور–نینورتا پێشنیارەکەی بەهیچ زانی:

**–ئەو کەسەی جرت بۆ خۆی لێدەدا ناوێرێ خوداوەندەکان بشکێنێ.**

ژنەکاهنەکە شانی راتەکاند وەك بڵێ ((**ویستم سوودبەخش بم**))، ئاهێکی حەسرەتیشی بۆ رۆژانی رابوردووی بەدزیی پەرستگە لەگەڵ شاعیری بێوەفادا کە ئێستا ئاوری لێناداتەوە هەڵکێشاو وتی:

**–کێ ناڵێ ئەمە گەمەیەکی تری ئەو شاعیرە نییە.**

ئور–نینورتا وەك هیچی نەبیستبێ تەماشای دەموچاوی هەموویانی کرد:

**–گوایە نازانن پێویستە پێش هەموو کەسێك گومان لەکێ بکەین؟ گوایە نەتانبیستووە کوڕی ئازەر بەردەوام گومان دەخاتە خوداوەندێتیی خوداکانمان؟ کێتان بیستووە ئەم شتانە بڵێ کوڕی ئازەر نەبێ؟**

رووی فەرمانڕەواکە گەشایەوە، ئێستا مەترسییەکانی لەدەستدانی پلەوپایەکەی، رەنگە ژیانەکەشی، رەوینەوەو کەسێك هەیە شایستەی هەڵگرتنی تاوانەکە بێ:

**–کوڕی ئازەر... منیش دەڵێم کوڕی ئازەرە! سوپاس بۆ هەموو خوداکان دۆزیمانەوە، سوپاس بۆ تۆ ئور–نینورتا.**

ئاهێکی پشووی دەروونی دایەوە. ژنەکاهنێك کەوتە باوەشی حەماسەتەوە:

**–سبەی، هەر سبەی دەبێ بیهێنین‌و لەبەردەمی هەموو خەڵکی شارەکە ددان بەتاوانەکەیدا بنێ! دەبێ بکوژرێ، سبەی، هەر سبەی.**

ئور–نینورتا چاوێکی سووکی تێگرت ئینجا چاوێکی سوورو تووڕە لەهەموویان:

**–نەخێر! ئەمشەو ! هەر ئەمشەو! هەموو خەڵکەکەش ئاگادار بکەنەوە، با هەموو خەڵکەکە بێن.**

ئور–نینورتا موزایەدەی خودناسیی نەدەکرد بەڵام قسەکانی وەکو موزایەدە تەماشا کران، ئیتر مەسەلەکە لەو دەرچوو کەس رای پێچەوانەی هەبێ. زوو بڕیاردراو هاوار بۆ سەربازەکان کرا، ئینجا هاوارێك‌و دەیان هاوار بۆ خەڵکی شار، هەر زووش سەدان مەشخەڵ تاریکیی شەوی ئوریان کردە یەك پارچە کڵپەو شەوق.

ئازەر سەربازەکانی بینی کوڕەکەی راپێچ دەکەن‌و بینی دەیان کەسی ئەو گەڕەکە شوێنی خۆشەویستو سەربازەکان دەکەون، وێڕای سەرسوڕمان‌و باوەڕنەکردن خێسەی لەژنەکەی کردو هەڕەشەی تۆڵەی کرد:

**–دیارە کوڕەکەت کەتنەکەی ناوەتەوە.. گەورەترین کەتن، سوێند بەهەموو ئەو خوداوەندانەی ئاوا سووکایەتییان پێکرا ئەگەر ئەمە راست بێ خۆت پێش کوڕەکەت بکوژم.**

ئینجا شوێنی قەرەباڵغییەکە کەوت.

ئەوانەی شوێنی خۆشەویستو سەربازەکان کەوتبوون بوونە سەدان، پاشان هەزاران. ئەوانەی زوو چووبوون گەیشتبوونە ناوەوەترو لە گۆڕەپانی بەردەمی زەققوورەکەو مەزاری سینی تەنیشت زەققوورەکەدا کۆببوونەوە، ئەوانی تر لە گۆڕەپانی سیندا پاڵەپەستۆیان دەکرد بۆ چوونە پێشترو بیستن‌و بینین. سەدان مەشخەڵ رەنگی دیوارەکانی زەققوورەکەیان کردبووە پارچەیەك سوورایی. زەققوورەکە لەبەر رۆشنایی مەشخەڵەکان بەتووڕەیی هەڵدەبەزییەوە.

خۆشەویست بۆلای فەرمانڕەواو کاهنەکان پەلکێش کرا، ئازەریش پاڵەپەستۆی کرد تا گەیشتە شوێنێك کوڕەکەی

لێوە ببینێ، جیرەی ددانەکانی گەیشتبووە هەناوی:

**–کافری لادەر! ئەگەر خۆی کردبێتی بەدەستی خۆم دەیکوژم.**

بەزەحمەتێکی زۆرەوە فەرمانڕەواکە توانی خەڵکەکە بێدەنگ بکات. پێش ئەوەی قسە بکات تەنها دەنگی خرمەی سووتانی قیرو دارەکان دەبیسترا. فەرمانڕەوا پرسیاری یەکەمی کردو دڵنیا بوو وەلامەکەی بەڵێ دەبێ بێئەوەی لەخۆی بپرسێ بۆچی وا دڵنیایە:

**–کوڕی ئازەر! یەك شتمان پێبڵێ: تۆ ئەو تاوانە گەورەیەت کردووە؟**

وەلامی خۆشەویست مستەکۆڵەیەك بوو لەسەر گورچیلەی فەرمانڕەواکە:

**–نەخێر من نەمکردووە.**

فەرمانڕەوا راما، ماوەیەك زمانی لەبەردەمی قوڕگیدا لوول ببوو. تەماشای ژنەکاهنەکانی کرد ئینجا دیسان بۆلای خۆشەویست:

**–دڵنیای؟ ئاگات لە وەلامەکەتە؟ باشە ئەگەر تۆ نەبووی کێی ترە؟ هەموو خەڵکی ئور تۆیان بیستووە دوژمنایەتیی خوداکانمان دەکەی.**

ویستی لە خۆشەویست بپاڕێتەوە تا بڵێ من کردوومە یان من بکەر دەناسم، خۆشەویست بەهانایەوە چوو:

**–من هێشتا نیوەی وەلامەکەم داوەتەوە، ئەوەی کردی دیارە من دەیناسم، دەبوایە ئێوەش بتانناسیبا.**

فەرمانڕەواکە تفەکەی قووت دا:

**–کێیە؟ کێیە ئەوەی هێندە لێی بێئاگاین؟**

خۆشەویست سەری بۆ سەرەوە راتەکاند:

**–ئەوەتا لەسەرەوەیە، بچن دایگرنە خوارەوەو بیگرن.**

خەڵکەکە تەماشای یەکتریان کرد: دەبێ کەسی سەرەوە کێ بێ؟ کەس وەلامی نەبوو بۆیە روویانکردەوە خۆشەویست. فەرمانڕەواکە تەماشای سەرەوەی کردو ژوورە بچووکەکەی سەر زەققوورەکەی بینی. ماوەیەکیشی ویست تا فەرمانڕەوا بیری بکەوێتەوە کە لەبارودۆخێکی وەهادا پێویستە بنەڕێنێ:

**–کوڕی ئازەررر! ئەگەر مەبەستت ژووری سەرەوەی زەققوورەکەیە، هەموو دەزانین جگەلە خوداوەند سین کەسی تری تێدا نییە.**

ئەوەش بوو کە خۆشەویست دەیویست:

**–دەزانم.. دەزانم ئەوە، مەبەستیشم هەر لەوە.**

فەرمانڕەوا نەڕەکەی زیادکرد تا لەگەڵ وەلامی خۆشەویستدا بگونجێ:

**–ئاگات لەخۆتە چ وڕێنەیەك دەکەی؟**

جڵەو لەدەستی خۆشەویستدایە:

**–بەڵێ ئاگام لەخۆمە، وڕێنەش ناکەم، ئێوەن کە وڕ بوون و ناتوانن بیری لێبکەنەوە. بەڵێ! تاوانبار ئەوەی سەرەوەیە، تاوانبار گەورەکەیانە. ئەی نابینن هەر خۆی ماوە؟ ئەی نابینن پاش ئەوەی لەکۆشکەکەی هاتە خوارەوەو ئیشەکەی کرد گەڕایەوە سەرەوەو تەورەکەی بەملی خۆیدا هەڵواسی؟ ئەی ئەو خوداوەند نییە؟ چۆن دەگونجێ حاشا لەکارەکانی بکات و تەورەکەی بشارێتەوە؟**

ئەوەی خۆشەویست دەیوت سەد فەرسەخ لەولای عەقڵیان بوو:

**–ئێستا دڵنیا بووم وڕێنە دەکەی.**

جڵەو بە خواستی خۆشەویست دەجووڵێ:

**–بۆچی بەقسەی ڕاست دەڵێن وڕێنە؟ پاشان بۆچی لەمن دەپرسن، بۆچی لەخۆی ناپرسن؟ بۆچی لەو خوداوەندانە ناپرسن کێ وای بەسەر هێنان؟ بۆچی ناپرسن لەبەرچی سینی مەزن هەمووتانی وردوخاش کرد؟**

شتەکان لە فەرمانڕەوا تێکەڵ ببوون:

**–کوڕی ئازەر! گەمەی بێتامان لەگەڵدا مەکە، ئێمە لەتۆ دەپرسین نەك وەڵامی پرسیار دەدەینەوە. باشە قەید ناکات، ئەو خوداوەندە لەبەرچی ژنە خۆشەویستەکەی خۆی شکاند؟ بۆچی خۆی شکاند؟**

خۆشەویست وشە هەڵفڕیوەکانی فەرمانڕەواکەی بەمشت گرت:

**–هاوەڵان! ئەوەتا خۆت ناوت بردن، ئەو خوداوەندە حەزی بە هاوەڵان نییە، خوداوەند ئەگەر بەڕاستی خوداوەند بێ حەز بە هاوەڵ و هاوتا ناکات تەنانەت ئەگەر ژنێکی جوانیش بێ. ئەو خوداوەندە کە بینی بە خوداوەندی ساختە چواردەورتان داوە غیرەتی قبووڵی نەکرد و تێپانکەوت و وردوخاشی کردن، ئێستاش ئێنلیل بدەنە تەنیشت سین دەبینن چۆن غیرەتی ئێنلیل قبووڵی ناکات و دەڵێ بۆچی سین هاوەڵی نەویست و من بمەوێ، ئینجا دەبینن چۆن لەوانەی تر خراپتری بەسەر دێنێ. (ئانو)ش دوایی دەچێتە ریزو ئێنلیلی کوڕی دەکاتە هەزار پارچە. بەگوێشم بکەن سینی دووەم کە بۆ جەژنەکە بردبووتان بشارنەوە نەوەك سینی ژوورەکەی سەرەوە بیشکێنێ، سین شەریکایەتیی پێ خۆش نییە تەنانەت لەگەڵ خودی خۆشیدا.**

قسەکانی خۆشەویست زللەیەك بوو هەموویانی شێت کرد. کاهنە پیاوەکان کەوتنە نەڕەکردن، ژنەکاهنەکانیش زریکاندیان، فەرمانڕەوا دەستی توند راوەشاند:

**–ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە بەسە! ئەمشەو وڕێنەمان زۆر بیست.**

خۆشەویست ئەو بەردەی هەڵگرتەوە کە پێشتر وەشاندبووی و جارێکی تر هەڵیدایەوە:

**–واز لە قسەی من بێنن، من لەدیدی ئێوەدا کەسێکی شێت و وڕێنەچیم، بەڵام بۆچی لەخۆیان ناپرسن؟ لەخۆیان بپرسن وەڵامتان دەدەنەوە و ئەو کاتە ناتوانن بڵێن ئەوانە درۆزنن، بۆچی لێیان ناپرسن؟**

هەڵچوونی فەرمانڕەوا لەدڵەوە نەبوو بۆیە زوو دامرکایەوە. نزیکتر کەوتەوە لە خۆشەویست، چاوی رووی لەزەوی بوو، نەیتوانی ئاوازی شەرمەزاری بشارێتەوە:

**–نەموت گەمەمان لەگەڵدا مەکە؟ تۆ دەزانی ئەمانە قسە ناکەن؟**

ئەو هەلە بوو کە خۆشەویست چاوەڕێی دەکرد. تا ئێستا فەرمانڕەوا خۆبەخشانە لەخزمەتی ئەودا بوو و ئیتر ئیشی پێی نەما. پشتی تێکردو رووی کردە ئاپۆڕەکەو هاواری کرد:

**–ئەوەتا خۆتان دەڵێن ئەمانە قسە ناکەن، کوا عەقڵتان؟ بەردێك یان تەختەیەك دەپەرستن نەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات؟ پاش ئەوەی شکاو رسواش بوو نەیتوانی بەزمانیش بەرگری لەخۆی بکات و بڵێ کێ شکاندمی؟ ئەی سین؟ با بچینە بەردەمی و با بکەوێتە زمان و بڵێ خۆشەویست بوختانم بۆ دەکات، با نەیهێشتایە تەورەکە بکەمە ملی و تاوانەکە بخەمە ئەستۆی؟**

خۆشەویست توانی ناکۆکی بخاتە نێوانیان، فەرمانڕەوا روویکردە کاهنەکان و ئەمجارە وێرای بێپەردە سەرزەنشتیان بکات، بەڵام رووی لە ژنەکاهنی گەورە نەبوو، پلەو پایەو ژیان و مردنی لەدەستی خوشکەکەی ریم سیندا بوو:

**–خەتای ئێوەیە، هەموو شوێنەکە هی ئێوەیە، چۆن خوداوەندەکان بێ پاسەوان دەهێڵنەوە؟**

ترسی فەرمانڕەوا لە تیاچوونی پایەکەی نەیهێشت بزانێ خەوشێکی تری خستۆتە پاڵ خوداوەندەکان، خەوشێك خۆشەویست نەیهێشت بەئاسانی بڕوات. خۆشەویست نەیدەزانی وا زوو ئیشی بە فەرمانڕەواکە دەکەوێتەوە، ئێستاش دیارە تا بەیانی لەخزمەتیدا دەبێ، بەهێمنیو وەك چۆن هەرایەکی نەنابێتەوە رووی قسەی کردە گەورەکانو رووی دەموچاوی لە ئاپۆڕەکە بوو:

**–بەڵێ خەتای خۆتانە! بۆچی پاسەوانتان بۆ ئەو خوداوەندانە دانەنا تا بەرگرییان لێبکەن؟! ئەوەتا بینیتان چۆن نەیانتوانی پەنجەیەك بۆ بەرگری لەخۆیان بوەشێنن.**

ژنەکاهنی گەورە تیرەکەی قووت داو خۆی بە فەرمانڕەواکە مەشغووڵ کرد:

**–ئەگەر کەموکورتییەك هەبێ لەتۆدایە پێش ئەوەی لەئێمە بێ، ئەی پاسەوانەکانی تۆ لەکوێی شارەکەدا نوستبوون؟ یان لەیادتان چووە درەنگ بۆ بردنی خوداوەند هاتیو زوو لەکاتی بردنەوەی رۆشتیتەوە؟**

ژنەکاهنی گەورەش تاوانبارکردنەکەی بەئاشکرایی وت، فەرمانڕەوا ویستی پینەی بکاتو خۆشەویست، نەك خۆی، ببێتە قوربانییەکەی دوا دیمەن:

**–با ئەم وردە شتانە لەمەبەستی سەرەکی دوورمان نەخەنەوە، با کوڕی ئازەر ناکۆکی نەخاتە نێوانمان.**

بەڵام کوڕی ئازەر پەلەی نەبوو، هەموو شەو هی خۆی بوو، بەقسەکانیشیان دیارە سبەینێش هی خۆیەتی، رەنگە زیاتریش ئەگەر بمێنێ. خۆشەویست داکۆکیی لەسەر ئەو خاڵە کرد:

**–بەڵێ دەبوا پاسەوانتان بۆ ئەو بەردو تەختانە دابنابا، کەمتەرخەمو کەمتەقوان! تا ئێستاش هەر کەمتەرخەمن، ئێوە وا خۆتان پیشانی خەڵك داوە کە خواستەکانی خوداوەندەکان دەزانن، ئەی بۆچی ناچن بیاندوێنن؟ بۆچی خۆتان بە قسەی لاوەکییەوە مەشغووڵ کردووە؟**

خۆشەویستو فەرمانڕەواکەو کاهنەکان نەیاندەزانی گوێی خەڵکەکە تەواو بۆ قسەکان شل بووەو بێدەنگی بەسەر شوێنەکەدا دابەزیوە، تا لە قسەش نەکەوتن نەیانزانی تەنها خۆیانن قسە دەکەن، تەنها دەنگی خۆیانو دەنگی قرچەی مەشخەڵەکان. کاهنەکانو فەرمانڕەواکە زانییان بوونەتە نمایش بۆ خەڵکێکی واقوڕماو، نمایشێك بە خواستی کوڕی ئازەر.

ئور–نینورتا یەکەم کەس بوو هەستی بەو بێدەنگییەو زیانەکانی بۆ بیرکردنەوەو بیروباوەڕی خەڵکەکە کردو نەیهێشت لەوە زیاتر درێژە بکێشێ؛ مەشخەڵێکی لەدەستی پیاوێکی تەنیشتی رفاندو بەگورجی خۆی کردە ناو ئاپۆڕەکە. مەشخەڵی بەرزکردەوەو بەوزەو لەش سووکیی لاوێکی بیست ساڵان بەناویاندا هاتو رۆشت.. هاواری کرد:

**–ئەم قسە پڕ بریسکەی درۆو ساختانە فریوتان نەدەن.. ئەمشەو شەوی قسەو گفتوگۆ نییە.. ئەمشەو شەوی ئاگرە.. شەوی تۆڵەی خوداوەندەکانە.**

توندترو بەقینتر هاواری کرد:

**–بیسووتێنن، بیسووتێنن، کافرەکە بسووتێنن.**

مێشکو دەروونی ئاپۆڕەکە لەو حاڵەدا نەبوو یەکسەر شوێنی حەماسەت بکەون، سەرەتا چەند دەنگێك بەخاوی هاواری کۆنە کاهنی گەورەیان دووبارە کردەوە، یەك لەوانەو لەوان بەرزتر فەرمانڕەوای شارەکە بوو، پاشان دەنگەکان زیاتر بوون، ئینجا هەموو ئاپۆڕەکە زانییان پێویستە هاوار بکرێ؛ هەموو مەشخەڵەکانیان بەرزکردەوەو

رایانوەشاندن:

—بیسووتێنن، بیسووتێنن.

خۆشەویست تەماشای رەشایی بێسنووری کرد کە ئێستا سوور هەڵگەڕاوەو دووکەڵی تووڕە بەرەوڕوویدا بەزر دەبێتەوە:

—ئیلومی خۆمو هەمووان! رازیت؟ ئیلی! خۆڕاگرم بکە.

لەدەرەوەی هێمنیی خۆشەویستدا ساتە عەقلەکەی ئاپۆڕەکە کە پێش کەمێك بێدەنگی کردبوو و وای لێکردبوو گوێبگرێ رەوییەوەو بەردەمی پەرستگە بووە جووڵەی گڕی مەشخەڵو هاواری قورگ.

مندالانی زۆر بچووك نەیاندەزانی مەسەلە چییە بەلام پڕ بەدەم پێدەکەنینو هاواریان دەکردو دەستیان توند بۆ سەرەوە رادەتەکاند. ئەوان قەرەباڵغییەکەیان لەلا وەك سەیرانێك یان تەواوکردنی ئاهەنگی رۆژەکە بوو، کە قەرەباڵغییەکەشیان بینی دڵخۆش بوون بە تازەبوونەوەی یارییەکان، کە پێشیان وترا بتەکان شکێنران وایان زانی ئەمە یارییەکی ترە. مندالی لەوەش گەورەتر کەمێك هەستیان بەو تاوانە دەکردو کەمتر رووداوەکە سەرسامی کردبوون، لەکۆتاییشدا کە بینییان باوكو برای گەورەو دراوسێ وا بەدلگەرمییەوە هاوار دەکەن ئەوانیش هاواریان کردو یەکسەر رقێکیان بۆ خۆشەویست دروستبوو، رقێك بوو زەحمەت بوو تەفسیر بکرێ، مەگەر بەوەی کە باوکانو برایانیان بەو شێوە تووڕەیە بینیوە.

لەناو ئاپۆڕەکەدا دوو کەس هەستی جیایان هەبوو، ئور—نینای شاعیرو ئەویلوم. ئور—نینا، کە جاروبار وەکو خەڵکەکەی تر هاواری دەکرد، هاوارەکەی تێکەڵ بەپێکەنینو وردەجڕت بۆ ئاپۆڕەکە دەکرد، وەکو مندالە هەرە بچووکەکانیش قەرەباڵغییەکەی وەکو یارییەك تەماشا دەکردو حەزی بەدوو شت بوو، حەزی دەکرد ببوایەوە بە مندالەکەی جاران تا هەموو مندالەکان بخرۆشێنێو کۆبوونەوەکە بکاتە کەرنەڤاڵێکی تەواو، حەزیشی دەکرد ئەو نمایشە پێشتر بوایە نەك ئەو کاتە درەنگە کە کاتی نوستنەو رۆژەکە خۆیو خەڵکەکەی ماندوو کردووە. ئور—نینا لەبەرخۆیەوە دەیوت: ((**دەمزانی هاوشارییەکانم کەرن بەلام نەك بەو رادەیە! تەماشا! پاش ئەو رۆژە پڕ ماندووییە چۆن هێزیان هەیە وەکو کەر بزەڕێنن! ئافەرین کوڕی ئازەر مەعدەنی ئەسڵیی ئەو خەڵکەت ئاشکرا کرد! ئەگەر کەر نەبوونایە دەیانزانی هەر خۆیان سەبەی دەچنە لای (ئیددین سین)ی پەیکەرتاش تا لەو پەیکەرانە جوانتریان بۆ بتاشێ، ئەگەر فریاش نەکەوت رەنگە پەنا بۆ موشکینومی پینەچی بەرێ تا یارمەتیی بدا! ئافەرین کوڕی ئازەر!**)).

ئەویلومیش لەدوورەوە دەیڕوانییە ئەو شێتییەی بەسەر خەڵکەکەدا بارییوو. ئەویلوم هێمن بوو، دەیویست بیربکاتەوە کوڕی ئازەر ئەو کارەی بۆچی کردووە، عەقلی لەمشتیدا بوو و لەمێشکی خۆیدا دووبارەی دەکردەوە: ((**کوڕی ئازەر بۆچی ئەمەی کرد؟ نەدەبوا نەیکردایە؟ کارێکی خراپە.. زۆر خراپ. بەڵێ! بەلام هەقە زیاتر قسەی لەگەڵدا بکرێ**)).

ئەویلوم بەهێمنی لە ئور—نینورتای کاهنی گرگرتوو نزیککەوتو ئەو دەستەی گرت کە مەشخەڵەکەی هەلگرتبوو و رایدەوەشاند:

—**ئور—نینورتا! ئەگەر بڕیاری خێرای سووتاندن بەڕاست دەزانی ئەوەش بەڕاست بزانە کەسی دووەمی سووتێنراو تۆ بی! لەیادتە تۆ دەیان ساڵە چی دەڵێی؟**

ئور—نینورتا بەچاوێکی پڕ بریسکەی خێسەی قین ئاوڕی بۆ دایەوە، کەمێك بەو چاوە گڕاوییە تەماشای کرد،

ئینجا دەستی توند راتەکاندو بەرەلاّی کرد، پشتی تێکردو روویکردە لایەکی تر گۆڕەپانەکەو وەك ئەوەی هیچی نەبیستبێ دەستی کردەوە بەهاوارەکانی خۆی. دەنگێکی پڕ سەرزەنشتکردن لەپشتەوە لەگەلّ ئەویلومی بوو، ئەویلوم دەنگەکەی ناسییەوە بەلاّم بیرینەکەوتەوە کێیە:

**–ئەوە کوڕی ئازەرە کە دەتوت بهێڵن قسە بکات.. ئەوەتا کردیشی!**

سەرزەنشتەکە کاری لە ئەویلوم نەکرد، ئاوڕی بۆ نەدایەوە:

**–سبەی ئەگەر ویستت قسەی بکەی بەرگری لەتۆش دەکەم تەنانەت ئەگەر بشزانم ئاکامەکەت سووتاندن بێ.**

ئەویش وەکو کۆنە کاهنی گەورە پشتی تێکرد بەلاّم راستییەکی درکاند:

**–زۆرن ئەوانەی وەکو تۆ بیردەکەنەوەو لەکاتی تاقیکردنەوەدا دەردەکەون.**

راستییەکی تری وتو لێیداو رۆشت:

**–زۆرن ئەوانەی وەکو تۆ قسە دەکەن، کەمن ئەوانەی راست دەکەن، نەك تەنها کەم! تەنها یەك کەس، ئەویش تۆیتو بەس!**

خەلّکە خرۆشاوەکە زۆرتر لەوێدا مایەوە، زەققوورەکە لەبەر رۆشنایی مەشخەلّکانیان جارێك سەمای خۆشیی بینینی ئەو دلّسۆزانەی دەکرد، جارێکیش سەمای مەرگی خۆشەویست. لەکۆتاییدا بە خەلّکەکە وترا بچنەوەو بۆ رۆژی سووتاندنی کوڕی ئازەر ئامادە بن. هەموو بەهاواری تۆلّەو سووتاندن گەڕانەوە، ژوورێکی پەرستگەکەی ژنەکاهنەکانیش بووە زیندانی ئەو شەوەی خۆشەویست.

# دواکۆچی جەنگاوەرێک

جانپۆلاو چوار کەسەکە بەسواری شەمەندەفەرێکەوە رێگەکەیان بۆ شوێنێکی نادیار دەبڕی. شەمەندەفەرەکە خێرا دەڕۆشت تا ئەو شوێنە جێبهێڵێ کە یارانی جانپۆلا تێیدا کۆببوونەوە. یارانی جانپۆلا لەو شوێنەدا لەدەوری سەکۆیەکی ئاگردا خرۆشابوون. چەند لاوێك خۆیان ئامادە دەکرد، دەنگێکی بەرز نزیك سەکۆکە هات: ((**خۆسووتاندن کەمترین نارەزایی پیشاندانە**)). چوار پیاوەکە گوێیان لێنەبوو، گوێشیان لێبوایە تێنەدەگەیشتن، کەس لە خەڵکی شیرینئاوا تێدەگەیشتن.

چوار کەسی لەگەڵ جانپۆلا نیگەران بوون، خەریکە سرنجەکە لەسەر جانپۆلای چاوو دەستو قاچ بەستراو نامێنێو ئێستا کەوتۆتە جووڵەو هەر ئەوەندەیان زانی خەبەری بۆتەوە. بەنیگەرانی تەماشای پەنجەرەکانی شەمەندەفەرەکەیان دەکردو دیمەنی یارانی خرۆشاوی جانپۆلایان دەبینی؛ دەبێ جانپۆلا ئەو دیمەنە نەبینێ.

لەناو قەرەباڵغییە ورووژاوەکەدا لاوی یەکەم ئامادە بوو، بەرەو سەکۆکە سەرکەوتو هاواری بۆ ژیانی جانپۆلاو رسوابوونی ناحەزانی کرد. گەیشتە سەر سەکۆکەو بەرلەوەی بگاتە ناوەڕاستی جلەکانی گڕەکەیان وەرگرتو دایان بەلەشی. چوار کەسی ناو شەمەندەفەرەکە لاوەکەیان بینی لە رەشاییەوە دەبێتە سوورایی ئینجا رەشایی ئینجا نامێنێ. دیسان بەنیگەرانییەوە روانییانە جانپۆلا.

دووەم لاو سەرکەوت، کچێکی رەنگ گوڵی حەڤدە ساڵ، تەواو جیا لە کچەکانی شیرینئاوا کە بەپۆشاكو بۆیە کێبڕکێیان لەگەڵ پەپوولەکان دەکردو تەنها لەیادەکاندا شیرینئاوایان دەکەوتەوە یاد. کچەکە زۆر جیاواز بوو؛ رووساف و بێ ئارایشت، رووی پڕ بەرائەتی سروشت، سروشت خۆی بوو، قژی لەدواوە بەستبوو و پرچەکەی بەسەر شانو پشەملیدا شۆڕببوووەوە.

پیاوە عەمالیقییەکەی ناو چوار پیاوەکە دوو لوولەی چاو تیژی پێبوو، تەماشای دیمەنەکەی کرد، دایە دەستی ئیسحاقییەکە، ئەویش تەماشای کردو دایە دەستی دوو پیاوەکەی وڵاتی قەڵەموون. چوارەکە دەمیان کردبووەوەو ئەبڵەق ببوون. ئینجا حەزیان کرد شەمەندەفەرەکە لەوە خێراتر نەڕوات، گوێیان لە هاواری کچەکە نەبوو کە لەشو گیانی دەکردە فیدای جانپۆلا. ئێستا کچەکە دوورتر کەوتۆتەوە، چوارەکە سەرەتاتکێیان کرد تا دوایەمین دیمەن ببینن. کڵپەیان بینی، گڕێکی بەرز لە تەوقی سەری کچەکەیان بینی روو دەکاتە هەوا، قژە بەستراوەکەی بوو، لەسەر سەکۆی ئاگرەکە ستوونێکی بەرزی گڕی سووری پڕتەقاڵییان بینی، لەو دوورەوە لە گەردەلوولێك دەچوو.

شەمەندەفەرەکە شوێنەکەی تێپەڕاندو چوار کەسەکە لاوی سێیەمیان نەبینی، ئینجا هۆشیان بۆ جانپۆلا گەڕایەوە. مێشکی جانپۆلا کەوتبووە جووڵەو رووداوەکانی بیردەکەوتەوە، ئێستا لەهەموو شتێك تێگەیشتووە. دەمی جانپۆلا بەخاوی کەوتە قسە. چوارەکە هەناسەیان لەخۆیان بڕی؛ ئەوەتا خەریکە قسە دەکات.. قسەی کرد. ئەو پیاوەی کە هیچ وتارێکی لە دوو سەعات کەمتر نەبوو بەدەنگێکی خاوەوە تەنها یەك رستەی وت: ((**لەخزمەتتاندام**)).

# درەخت و رەگەکانی

بۆ جاری دووەم کاوەی بچووکی ئەوسا گەڕایەوە. باوکی ئەمجارە تامەزرۆی بیستنی شت بوو لەبارەی خەڵکی ئەو خاکە دوورە کە بەکەرامەتەوە دێنو دەڕۆن. کاوەی بچووکی ئەوسا شتی زیاتری هەبوو بۆی بگێڕێتەوە:

**–باوکە! هەست دەکەی شیرینئاوا هی تۆیە؟**

باوکەکە وەڵامە نەخێرەکەی دەزانی بەڵام نەیزانی مەبەستی کوڕەکەی چییە. کوڕەکە پرسیارەکەی تێپەڕاند بۆ روونکردنەوە:

**–باوکە خەڵکی ئەو وڵاتە دوورە خۆیان بە خاوەنی خاکی خۆیان دەزانن بۆیە خەمی دەخۆن، ئەوان وەکو ئێوە نین شیرینئاوا بە دایکی خۆتان دەزانن کەچی ئەتکی دەکەن. ئێوە تەنانەت شیرینئاوا بە هی خۆتان نازانن. شیرینئاوا هی حەوتی گەورەو خزمەکانیان و پیاوەکانیانە، بۆ خۆیان و خزمانیانە، شتێکیش، کەم بێ یان زۆر، بۆ پیاوانیان فڕێ دەدەن.**

رووی باوک گۆڕاو کوڕ بەزەیی بە باوک هاتەوە بەڵام زانی دەبێ راستیی لێ نەشارێتەوە:

**–باوکە دەزانی (نەرە) چیی بەسەرهات؟**

**–نەخێر.**

**–باوکە نەرە کوژرا، نەرە لە بەرەدا دژی شەشەکەی تر کوژرا.**

**–داخ!**

**–بەڵام من داخی بۆ ناخۆم. باوکە دەزانی برای نەرە چیی بەسەرهات؟**

**–کوژرا؟**

**–نەخێر لای ئێمەیە... لای ئێمە بوو بەڵام خەریک بوو لە دەمەقاڵەیەکدا بکوژرێ.**

**–بڕوا ناکەم.**

**–بڕوا بکە. برای نەرە شەڕ دژی شەشی گەورەی بۆ لای ئێمە گواستەوە. باوکە بڕوا بکە؛ زۆر هەن لای ئێمە لەجیاتی ئەوەی شتێك فێر بن وەکو کاتی شیرینئاوا ژیان دەبەنە سەر. باوکە دەزانی (بەخە) کە پێش من چووبووە ئەو خاکە خەریکی چییە؟**

**–چۆن بزانم؟**

**–من پێت دەڵێم، بەخە خەریکی کاری ساختەیە، زۆری وەکو بەخەش هەن، ئەو کەمەش کە پەستن باجی بەخەو هاوڕێیانی دەدەن.**

خەریکە کاوەی بچووکی ئەوسا تەواو دونیا لەبەرچاوی باوک تاریك بکات، بەڵام باوکی هێشتا هیوای ماوە. ماوەیەك بوو باوك دەویست کاوەی بچووك بۆ شتێکی گەورەی تر گەورە بێ. تازە شیرینئاوا چەکووشەکەی کاوەی بۆ شتێکی تر پێویستە. شیرینئاوا پێویستی بەشتێکە لەرۆژانی شاخاندا توانای نەبوو بیری لێبکاتەوە، ئێستاش دەرفەتە ئەو پرۆژەیەی جارەکەی پێشووی گەرانەوەکەی بخاتەوە بەردەستی، پرۆژەکە گۆڕابوو.. نەخێر هەرپرۆژە کۆنەکە بوو بەکەمێك دەستکارییەوە.. نەخێر ئەو نەبوو، شتێکی تر بوو.. باوك هەر ئەوەندەی دەزانی شتێك هەیە دەبێ بکرێ:

**–حەز دەکەم بەیەکجاری بێیتەوە، بێیتەوەو خەڵکی شیرینئاوا فێر بکەی، شیرینئاوا بگۆڕی.**

زەردەخەنە بۆرەکەی کوڕەکە بێئومێدیی سەدەیەکی هەڵگرتبوو، سەری دەستبەردان لەهەموو شتێکی راوەشاند پێش ئەوەی رایبگەیەنێ چەکی فرێداوە، شیرینئاواو پیاوانی چەکیان کرد:

**–ساڵی یەکەمی ژیانم لەوێدا ئەوت پێشنیار بکردبا دەموت مێشکم دەخوێنیتەوە، بەڵام ئێستا دەزانم ئەگەر بێمەوە ئەوان دەمگۆڕن. باوکە! بێسەروبەرەیی بەهێزترە، رووخاندن ئاسانترە، شیرینئاوا لانەی فەوزایە، لانەی هەموو شتێکی هەڕەمەکییە، شیرینئاوای لاواز لەخۆمو هەزارانی وەکو خۆم بەهێزترە.**

کاوەی بچووکی جاران نەیویست لەوە زیاتر ئازاری باوکی بدات، چارەی نەبوو کاتێك ئازاری دەدا. نەیویست لەوە زیاتر ئومێدبڕاوی بکات، چارەی نەبوو کە ئومێدبڕاوی دەکرد. نەیویست راستییەکانی پێ بڵێ، چارەی نەبوو کە راستییەکانی پێ دەوت. کاوەی بچووکی جاران نەیویست باوکی لەوە زیاتر بخەڵەتێ، بێدەنگ بوو بەڵام حەزی کرد زیاتر قسە بکات. کاوەی بچووکی جاران دەیزانی خەفەتی شیرینئاوا چارەسەری بەدواوە نایەت بەڵکو ئیفلیجییەکی زیاتر. ئەو چارەسەرەش کە باوکی بەدوایدا دەگەڕێ لای ئەو نەبوو.

باوکەکە کۆڵی نەدابوو، لەناو دەریاکەدا خۆی بە چڵە دارێکەوە هەڵواسیو دوعای کرد کوڕەکەی ئەو چڵە دارەی بۆ بهێڵێتەوە:

**–کەس نییە لەو خاکەدا دۆست بێ؟**

کوڕەکە ئەو ئاکامەی لەبەرچاودا بوو، دەستی دایە چڵە دارەکەی باوکیو تەماشای دەریا تووڕەو هەڵکفاوەکە کرد کە خۆیو باوکی تێی کەوتبوون، دەیان هەزار تارمایی بینی ئازاریان هەیە بەڵام پانیو درێژیی دەریاکەیان نەدەبینیو گوێیان لە هاژەی شەپۆلەکان نەبوو:

**–نەك تەنها تۆ باوکە، هەموو شیرینئاوا چاویان لەدەستی خەڵکە، ئەو سەردەمانە تێپەڕیون کە شیرینئاوا خۆی شتی دەکرد، رۆژانێك بوو خۆی بۆ خۆی بەهێز بوو، سەدان ساڵە تێپەڕیون و لەبیرمان چوونەتەوە، ئێستاش چاوی لەدەستی خەڵکە، مردووەو چاوەڕێی کەسێکە زیندووی بکاتەوە، بەڵام رەنگە ئەو کەسە کفنی بکاتو بینێژێ.**

باوك سەری نەوی کرد، کوڕیش چڵە دارەکەی لێ سەندو خۆیو دەریای تووڕە بەتەنیا جێیهێشت:

**–جگەلەوەش ئەوان چییان لەئێمە بینیوە تا یارمەتیمان بدەن. ماوەیەکە زۆر لەوانە بەچاوێکی سووکەوە تەماشامان دەکەن، زۆر لەوانەش دڵیان قبووڵی رەنگو رووی بۆرو ئەسمەرمان ناکات. ئەوان خۆیانن کە بەسەری بەرزو بەکەرامەتەوە دێنو دەچن.**

باوك زۆری نەماوە نوقم بێو تەنها تەپڵی سەریو دوو دەستی درێژکراو لەئاوەکەوە دیار بوون، نەیدەتوانی قسە بکات، لەژێر ئاوەکەوە هاواری دەکردو دووچاوی ئەبڵەقی هاوارەکەیان گەیاندە چاوی کوڕەکەی. کوڕ دەیبینی باوك نوقم دەبێو بەزەیی پالی بە دەستی هانای نەدا دەستی هاواری سەررووی دەریاکە بگرێ:

**–بەڵام خۆمان پێش ئەوان خەتابارین، حەوتی گەورەو بەخەو برای نەرە نموونەی جوانمانن.**

باوك نوقم ببوو و تەنها دوو دەستی دیار بوون، دوو دەستی بەرزکردەوەو لەژێر دەریاوە هاواری بوو:

**–باوەپیارەیەکی دڵسۆزمان هەبێ وەکو ئەوەی ئیسحاقییەکان.**

کوڕ سوور بوو بەهانایەوە نەچێو بەبەرچاویەوە تەواو نوقم بوو، دوو دەستی دیار نەمان:

**–باوەپیارەی دڵسۆز لەخۆیەوە نایەت، ئیسحاقییەکان پەلکێشیان کرد، دەستی سواڵیان بۆ درێژ نەکرد.**

کاوەی بچووکی ئەوسا جاری بێدەسەڵاتیی داو ناوە نوێکەی سەر پاسپۆرتەکەی قبووڵ کرد: (ئێن. ئەی. کەی.

ئەی. ئێم).

ئەو ماوە پشووەی کاوەی بچووکی جاران وەریگرتبوو تەواو بوو. خواحافیزی وەکو جاران زەحمەت بوو. کاوەی بچووکی جاران ئێستا بۆتە دوو کەرتەوە؛ نە کوڕەکەی شیرینئاوایەو نە خەڵکی ئەو خاکە دوورەیە کە ئێستا جێگەی تێدا بۆتەوە.. کاوەی بچووکی ئەوسا بۆتە دوو کەرت، خۆیو هاوڕێکانی کە لەرۆژهەڵاتی مەزندا جێگەیان لەق ببوو.

# کۆتایی خولی هەزارەی قەقنەس

باڵندەکە گەشتی ڕۆژێکی نوێی دەستپێکردەوە. ئەو ڕۆژە بەپەلەتر بوو بەناو ئاسماندا بەرزبێتەوە، چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆرو هەڵکردنی بای نەکرد. لەلوتکەکە بەرزتربووەوە، زیاتر بەرزبووەوەو کەوانەی سەرەوەی خۆری بینی، بەرزترو کەوانەکە گەورەتر دەبوو، بووە نیوە بازنە، بازنەکە تەواو بوو. با هەڵیکرد. پشتی تێکردنو رووی کردە ڕۆژئاوا. گەڕا بەدوای لوتکەیەك، لوتکەکان زۆر بوون، سووڕایەوەو خولێکی تەواو کرد، نیو خولی ترو خۆری هەڵهاتوو هاتەوە بەردەمی، خولەکەی تەواو نەکرد، لەبەردەمی خۆرەکەدا باڵەکانی دەفرین، لەشوێنی خۆیدا وەستابوو و شەقەی باڵی بەرامبەر خۆرەکە بوو. ئەو خۆر ئەو خۆرە نییە کە دەیناسێ، خولەکەی تەواو کرد، تەماشای چیاکانی کرد، چیاکان ئەو چیایانە نین کە دەیناسێن، سەری بۆ زەوی شۆڕ کردەوە، زەوییەکە ڕەنگێکی تری گرتووە.

قەقنەس رووی کردە لوتکەیەك هەزاران جار چووبووە سەریو نێچیری لەسەر دەستکەوتبوو. لەسەر لوتکەکەی نیشتەوە، تەماشای دەوروبەری کرد، جیهان گۆڕاوە، هیچ شتێك ڕەنگی کۆنی خۆی نەماوە. ویستی ئاوازەکەی بلێتەوە، نووزەیەکی خەمناك بوو لەگەرووی دەرچوو، ئاوازێکی خەفەتی وت، وەکو باڵندەیەك شین بۆ خۆشەویستی خۆی بکات هێواش بەدەوری خۆیدا سووڕایەوە، دەخولایەوەو گۆرانیی خەفەتی دەوت، باڵندەکان هاتنو بازنەیەکیان لەدەوریدا دروست کرد، وەکو جارانیش مەستی دەنگەکەی بوون. قەقنەس وەکو ئافرەتێکی جەرگسووتاو بەدەوری خۆیدا دەسووڕایەوەو گۆرانییەکی لەقوڕگێکی پڕگریانەوە دەوت، وەکو ئافرەتێکی جەرگسووتاو بەپێوە شینی منداڵە جوانەمەرگەکەی دەکاتو ژنانی دراوسێ لێی کۆبوونەتەوە دەخولایەوەو دەگریا.

قەقنەس هەردوو باڵی کردەوەو خۆی بۆ فڕین ئامادەکرد، نێچیری لەو باڵندانەی چواردەوری نەگرت، یەکەم جاری بوو نێچیر نەگرێ، فڕیو بەرزبووەوە، باڵندەکان فڕینو شوێنیکەوتن، وەکو بیانەوێ لەرۆشتن پەشیمانی بکەنەوە شوێنیکەوتن، ئەو بەرزتر بوو، خێراتر بوو، ئەوان بەجێمان، ئینجا گەڕانەوەو بڵاوەیان لێکرد.

قەقنەس پەلەی بوو بگەڕێتەوە هێلانەکەی، ترسا دوابکەوێو لەڕێگەدا کۆتاییەکەی بێ، لوتکەکە دوور دیار بوو، بۆ ئەو زۆر دوور بوو، فڕیو زۆری لەخۆی کرد، لەکۆتاییشدا گەیشت. قەقنەس نیشتو لەناو ئەو هێلانەیەی ئێستا پێی نامۆیە وەستا. بەچاوی خەفەتەوە ڕوانییە هەتاو و باڵی بۆ با نەکردەوە، باڵەکانی بەلەشییەوە نووساندو سەری بۆ ناو هێلانەکەیدا نەوی کرد. ئینجا هەستی کرد بانگەوازەکە سوورەو هانی دەدا. سەری بەرزکردەوە، بۆ خۆر سەری بەرزکردەوە. خۆر بێدەنگو بێ پەشیمانیو دوودڵییەوە دەیوت: بڕۆ. جارێکی تر سەری نەویی کرد، ئەمجارە بۆ ناو دارستانی بن لوتکەکە. چاوی بەناو درەختەکاندا گێڕا. بەدەم بانگەوازەکەوە چوو، فڕییەوەو بەرزبووەوە، ئینجا نیشتەوە. درەختێکی وشکەوەبوو بوو، تا ئەو ڕۆژە قەقنەس بەفیزەوە تەماشای تەمەنی کورتی دەکرد، ئێستا بەخەفەتەوە وەك هاوڕێیەکی خۆی تەماشای دەکات. بەدەنووك چڵێکی وشکی لێکردەوەو فڕییەوە. چڵەکەی لەسەر هێلانەکە دانا، فڕییەوەو چووەوە سەر درەختەکە، چڵێکی ترو چڵێکی تر، ئینجا درەختێکی ترو چڵە وشکەکانی.

دارەکان زۆربوونو بوونە شوورایەك بەدەوری باڵندەکە، لەژێرەوەش هێلانەکەو دارو پووشەکانێتی.

لەناو شوورای داردا وەستا، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، خۆری بینییەوە، دوا سڵاوی بۆ ناردو ئاوازێکی تری خەمناکی وتو بەدەوری خۆیدا خولایەوە، هێواش خولایەوەو شینەکەی هێواش وت، باڵەکانی لەدارەکان خشان، خێراتر خولایەوەو خێراتر شینەکەی وت، لەهەموو جارێك خێراتر خولایەوەو شینەکەی بووە گریان، خێراتر، خێراتر، باڵەکان توندتر لەدارەکان دەخشان، گریان بووە هاواری ئازاری ماڵئاوایی، خشانێش بووە پریشك، ئاگر لەهەموو لایەك تیشکێکی کەم بوو، با هەڵیکرد تا خێراتر کۆتایی بەئازارەکانی بێنێ. دارەکان کڵپەیان سەندو باڵندەکە تا نیوە لەناو گڕو دووکەڵدا ون بوو، دەگریاو دەخولایەوە، لەناوەڕاستی شوورای ئاگریشدا گڕێکی تر بەرزبووەوە، بۆنی پەڕی سووتاو بڵاوبووەوە، لەناو قرچەی سووتاندا ئاوازی مەرگو خەفەت کز دەهات. گڕ تا درەنگ بەردەوام بوو. باڵندەکە دیار نەما.

خۆر بۆ ئاسۆی خەمناك شۆڕ بووەوەو رەنگی سووری دای لە هێلانەکە؛ لەش سووتوو بوو و سەرێك بەتەنیا لەناو خۆڵەمێشەکەدا مابوو، سەرێك دوو چاوی نووقاوی تێدا بوو. دەمەکە خاو دەکرایەوەو هەناسەی مەرگی دەدا، گڕێکی هێمن وردورد لەملەوە بۆ دەنووك دەجووڵا، پشکۆ گەیشتە ئەو دوو چاوەی یەك جار کرانەوەو تەماشای خۆڵەمێشی ژێرەوەیان کرد، سەدان تارمایی لەبەردەم ئەو دوو چاوەدا هەڵدەبەزینەوە، دەفڕینو دەنیشتنەوە. دوو چاوەکە سووتان ئینجا پشکۆ بۆ دەنووك چوو، دەنووك پێش سووتانی دوا هەناسەی مەرگی داو کرایەوە. قەقنەس چیتر نەما. هێلانەکە هەمووی بووە خۆڵەمێشێك دووکەڵێکی سپیی کزی لێ بەرزدەبووەوە.

# کەوتنی شاخان

جارێکی تر وڵات بووە دەنگو گڕو هاوار، شەوو ڕۆژ لەیەك دڕانو هەردوو بوونە ڕۆشنایی. پیاوە تووڕەکەی عەمالیقا لەگەڵ هاوڕێ دڵسۆزەکەی؛ تۆمی کلێر جێگری شاژنی وڵاتی گرەیت گرەیتن ئەو ئیشەیان کرد کە پیگی نەیکردبوو.

تۆمی کلێر لە شاری کۆندۆمی پایتەختی گرەیت گرەیتنەوە بەسەر باڵی سیمرخەوە گەیشتە شاری هاملتنی پایتەختی عەمالیقاو پێکەوە لەگەڵ گورگی گۆش باسێکی وردی ڕەوتی ئەو جەنگەیان کردو پاش چەند سەعاتێك لەژوورێکەوە بۆ خەڵك دەرپەڕینو گەشبینییان بەجیهان بەخشی.

لەناو پێنج کۆ دووی گەورەی تەڕایی‌و وشکایی تەنها گورگی‌و تۆمی جەنگەکەیان هەڵگیرساند. ئەوانەی تر بەتوندی دژی شەڕەکە بوون، وڵاتی زۆری تر لەدژی بوون، دەرزەنێك وڵاتی بچووکیش بەتەماعی سامانەکانی ئەو وڵاتە شوێنی گورگی‌و تۆمی کەوتن.

لەوڵاتاندا، تەنانەت لەخودی عەمالیقاو گرەیت گرەیتنیشدا، خەڵکێکی زۆر ڕژانە سەر شەقامەکان. ئەو خەڵکە هاواریان دەکرد: ((**ئەم جەنگە دژی بنەماکانی پرسبەیەکترکردنە**)). دوو پیاوەکە گوێیان لەو هاوارانە بوو بەڵام دەیانوت: ((**شاخان مەترسییە لەسەر وشکایی‌و تەڕایی، چەکی شاردراوی شاخان لەچاوتروکاندنێکدا سەدان هەزار کەسی هاملتن‌و کۆندۆم دەکوژن**)).

جەنگەکە تا دەهات گەرمتر دەبوو و خەڵکی تەڕایی‌و وشکایی بەچاوێکی ئەبڵەقەوە هەواڵەکانیان دەبینی‌و دەبیست. گورگی‌و تۆمی دوو هەفتەیان بۆ نەهێشتنی شاخان دانابوو بەڵام چوار هەفتە تێپەڕینو شاخان لەشوێنی خۆیدا مابوو و شەقوەشێنەکانی دوو پیاوەکە بەزەحمەت پێشڕەوییان دەکرد.

گورگی قسەکانی فاڵچییەکەی گورگیی باوکی بیرکەوتەوە کە ئاگاداری کردەوە لەپێشبینییەکەی پیاوی نۆستردام. فاڵچییەکەی باوکی لە ئالوسی خوێناوی ترساندبووی، بەڵام گورگیی بچووك بڕیاری دابوو ئەمجارە گوێ لەفاڵچی نەگرێ‌و شوێنی ئەو شارەزایانە بکەوێ کە بیبلیۆبوکیان بۆ تەفسیر دەکردو داوایان لێدەکرد بابلی نوێ لەناو بەرێ. وەکو منداڵێکی ساواش خۆی دایە دەستی ئەو شارەزایانەو دەستی چەند پیاوێکی مەزنانگە کە دڵنیایان کردبوو کارەکە ئاسانەو پێیان وتبوو هەرچەندە شاخان مەترسییەو ژەهری ئامادەی زۆری هەیە بەڵام هێندەش لاوازە لەناوبردنی ئاسانە، دوای لەناوبردنیشی دەستگرتن بەسەر زێڕی مەزنانگە لەوە ئاسانترە. گورگی وەك بایەخی بەقسەکانی فاڵچییەکە نەدا گوێشی لەشارەزایانی مێژووش نەگرت کە پێیان وتبوو مەزنانگە ماسییەکی خۆشو چەورە بەڵام بۆ ئەو کەسەی بتوانێ بەئێسقانەوە قووتی بدات.

خەڵکی مەزنانگە پێشڕەوییە خاوەکەی شەقوەشێنانی عەمالیقاو گرەیت گرەیتنیان بینیبوو و خۆیان بۆ جەنگێکی درێژخایەن ئامادە کردبوو، بەڵام بەیانییەك لەخەو هەڵسانو هەواڵی چاوەڕوان نەکراویان زانی: خەڵکی مەزنانگە بینییان شاخان هەڵهاتووەو سەربازانی گورگی‌و تۆمی‌و دەرزنە گزگلەکە هاتوونەتە ناو پایتەخت... ئەو شتە بوو کە کەس بڕوای نەدەکرد وا زوو ڕوویدات.

کاتێك شیرینئاوا بیستی شاخان هەڵهاتووە سێ شەوو سێ رۆژ ئاهەنگی گێڕا. شیرینئاوا رزگاری بوو لەو مێردەزمەیەی وای لێکردبوو هەموو رۆژێك بڵێ: هاکە هاتەوە شیرینئاوا.

رۆژانی ئاهەنگ کەس تێبینیی ئەوەی نەکرد کە ژمارەیەك پیاوی گەورەی حەوتی گەورەی شیرینئاوا نیگەرانن، دەمیان پێدەکەنی بەڵام روویان تۆزاوی بوو. یەك دوو پیاو لەمانە بەپەلە خۆیان گەیاندە مەزنانگە، دیاربوو لەو وەزعە نالەبارەداو لەو پایتەختە شێواوەدا عەودالی شتێك بوون، کەس نەیزانی، رەنگە کەسیش تا هەتا نەزانێ. بەڵام وەك چۆن شەوێکیان خەونی شکانی شاخەکانی گاڕەش شیرینئاوای لەخەو راپەڕاندو وەك چۆن رۆژێکیان هەڵسانو بینییان گاڕەش هەڵهاتووە، ئاواش رۆژێکیان بەقرچەی نیوەڕۆ هەواڵێك هات هەموو شیرینئاوای کاس کرد.

ئەمجارە کاغەزەوانەکان خەڵکەکەیان راچەناند. کاغەزەوانەکان هەندێك کاغەزیان کەوتە دەست، کەس نەیزانی چۆن، دەیانوت دەستی هەندێك لە حەوتی گەورەی تێدا بوو و لەڕقی یەکتر دایانە دەستی کاغەزەوانەکان، دەشیانوت کەسانێك دایان بەکاغەزەوانەکان کە خەڵکی شیرینئاوا نین. کاغەزەکان خرانە بەردەم خەڵکی شیرینئاواو خەڵکەکە خوێندیاننەوە: ساڵانێکی زۆر بوو پیاوە مەزنە موحتەرەمە بەشەرەفە شیرینئاواویستەکانی حەوتی گەورەی شیرینئاوا لەژێرەوە شاخانی بوونو کاریان بۆ شاخان کردووە.

هەفتانە کاغەزەوانەکان هەواڵیان هەبوو: بژار بێگەرد لەژێرەوە شاخانی بوو، نەبەرد خۆفیدا ساڵانێکی زۆر بوو شیرینئاوای خەڵەتاندبوو.. ناوەکان زۆر بوون: بەختبەخش لاوە.. شیریندۆست خۆنەویست.. رووگەش پاڵەوان.. کۆمەڵێك پاڵەوانی زۆری تریش ئیشیان بۆ شاخان کردبوو!

شاخان کەوتو گەورەپیاوانی شیرینئاوا بەدوایدا کەوتن. گەورەپیاوان تووشی بێئومێدییەکی گەورە بوون چونکە کەوتنی شاخان لەمەیدانی جەنگدا بوو، شاخان هەر ئەوەندەی پێکرا بەرامبەر عەمالیقاو گرەیت گرەیتو دەرزەنە گزگلەکە، بەڵام خەڵکی شیرینئاوا بۆیان دەرکەوت ئەو گەورەپیاوانە دەمێك بوو کەوتبوون، نە بەرامبەر سیمرخی ئاگرهاوێژو نە بەرامبەر ئێستری زرێلەبەرو نە بەرامبەر شەقوەشێنی دێوبەزێن، ئەو پیاوە گەورە موحتەرەمە بەشەرەفە شیرینئاواویستانەی شیرینئاوا بەرامبەر زێڕو زیوی شاخانی گەورە دوژمنی شیرینئاوا بەزیبوون.

خەڵکەکە ئەو رۆژانە بۆیان دەرکەوت ساڵانێکی زۆر بوو شاخان پەنجەکانی لەڕیخۆڵەی شیرینئاوا توند کردبوو، بەدرێژایی ئەو ساڵانەش ئەو پیاوە گەورە شیرینئاواویستانەی شیرینئاوا سروودی (شیرینئاوا سەروەرە)یان بۆ خەڵکەکە دەوت.

پیاوە گەورە بەشەرەفە شیرینئاواویستەکانی شیرینئاوا خێرا کەوتنە خۆ. بەرلەوەی بیر لەداهاتووی شیرینئاوا لەسایەی رۆژگاری پاش شاخان بکەنەوە هەڕەشەیان بۆ کاغەزەوانەکان نارد کە چیتر کاغەزەکان بڵاونەکەنەوە، هەندێ باخەڵێش گەرم کران، ئینجا بەخەڵکی شیرینئاوایان وت: **((دەستەیەك پیاوی چاکی موحتەرەمی بەشەرەفی شیرینئاواویستی شیرینئاوامان داناوە بۆ بەدواداچوونی کاغەزەکانی شاخانییەکان، ئێوە گوێ مەدەنێ و وەکو هەموو جارێك بۆی بنوون، ئێمە لێیان دەکۆڵینەوە))**.

سەعات دوانزەی نیوەڕۆی جەرگەی مانگی تەمومژبارینی ساڵی رزگاری دەستەیەك پیاو هەڵبژێردران بۆ گەڕان بەدوای شاخانییەکان، کەس لەشیرینئاوا نەیزانی ئەو دەستە پیاوە کێن چونکە نیو سەعات پێش سەعات دوانزەو نیوی نیوەڕۆی هەمان رۆژ بڕیارەکە هەڵوەشابووەوە، هەندێ دەیانزانی یاخود وای بۆچووبوون ئەوانە دەستەیەك پیاوی

موحتەرەم نەبوون بەڵکو بەشێك بوون لەباندەکە.

دەبوا حەوتی گەورەی شیرینئاوا شتێك بکەن بۆ ئەو شاخانییە کەمانەی بەخۆیانو ئابڕووی تکاویان شیرینئاویان جێهێشتبوو. سەرەتا چوونە لای ئەوانەی جانتاکانیان بۆ سەفەر کۆکردبووەوەو دڵنیایان کردن کە ئەو کارەی کردیان شایەنی سەرهەڵگرتن نییەو پێیان وتن ئەگەر ئەوان بەدزییەوە شتێکیان کردبێ ئەوا لەوان گەورەتر هەن بەئاشکرا دەستیان خستبووە دەستی شاخان بەڵام هێشتا لەشوێنی خۆیاندانو هێشتا دەنگیان بەرزو نێرەو تا ئێستا سروودی (شیرینئاوا سەرووەرە) دەڵێن، دڵنیاشیان کردن کە شوێنو پلەیان پارێزراوە، بگرە بەرزتریش دەبنەوە. ئینجا بەدوای ئەوانە چوون کە حەیاو ترسی لێپرسینەوە هەڵیگرتبوونو شیرینئاوایان جێهێشتبوو.

جەمالوددین چووە لای (بەختبەخش لاوە)و پێی وت بێتەوە:

**—عەقڵت گەورە بکەو وەرەوە، وا بزانە هیچ نەبووە.**

بەختبەخش رووی لەزەوی بوو:

**—هیچ نەبووە؟! چ روویەك لەگەڵ خۆمدا بێنم گەر گەڕامەوە؟**

جەمالوودین رووی لەزەوی نەبوو:

**—وەك چۆن روویەکی بێگەردمان هێنایەوە پاش ئەو شتانەی پێشتر کردمان. نەك تەنها من، هەموو حەوتی گەورە شتیان کردووەو دوایی هاتنەوە وەك چۆن نە لافاویان بینیبێ و نە زریان، ئێستاش ئەگەر کەسێکی شیرینئاوا لەوان دڵگەرمتر بۆ شیرینئاواویستن قسە بکات خێسەی لێدەکەنو تێی دەخوڕنو دەڵێن: وەرە دواوە هێندەی ئێمە بۆ شیرینئاوا دڵسۆز نیت.. ئەمە یەکێکە لەگەمەکانمان.**

بەختبەخش خەفەتبار بوو:

**—بەڵام من ناتوانم.**

جەمالوددین خەفەتبار نەبوو:

**—بەڵام من دەتوانم.**

بەختبەخش نەیدەزانی بەختی ئەوانەی تر چ رەنگە:

**—خێڵەکانی تر چییان کردووە؟**

جەمالوددین دەیزانی بەختی ئەوانەی تر چ رەنگە. دەستی خڕیو پڕ گۆشتی چووە سەر شانی پڕ بەزی بەختبەخش:

**—ژمارەی تەواوی شاخانییەکان نازانم بەڵام هێندەی ئاگام لە خێڵی کۆمار هەیە ئەگەر لەئێمە زیاتریان نەبێ کەمتریان نییە ئەوەشیان نەکردووە کە تۆ دەیکەی. ئەو راستییە بزانە: وازت لێناهێنم، واز لەکەستان ناهێنم، وازتان لێبێنم دەبێ دوکانەکەم دابخەم. وا بیرمان بکردایەتەوە دەمێك بوو دوکانەکەمان داخرابوو. ئێوە پشتمن، چی لە چڵمنەکانی شیرینئاوا بکەم؟**

بەختبەخش جگەلە دوورکەوتنەوە چارەسەری نەبوو:

**—لێرەدا بژیم باشترە، خۆشترو باشترە. ئێوە بیرتان لێنەکردۆتەوە گورگی بڕوات و مەزنانگە جێبێڵێ چیمان لێدێ؟**

جەمالوددین وەکو شەش براکەی تری چارەسەری بۆ هەموو شتێك هەبوو:

**—کاتێك گورگی بۆ مەزنانگە هات ئومێدمان بەخشی، گەر بشڕوات دەڕۆینو مالاَئاوا دەکەین، ئەی بیرت نایەت چەند جار ئومێدمان بەخشیبوو؟ بیرت نایەت چۆن ئێمەی حەوتی گەورە لەدوای کەوتنی یەکەمی شاخان وتمان شیرینئاوایەکی**

**نوێ بەڕێوەیە کەچی زۆری نەبرد بەربووینە یەکترو وێرانمان کرد؟ ئەی بیرت نایەت کاتێك کۆمار لەبیستویەکی مانگی تۆزوغوباردا شاخانی هینایە گیانمان چۆن رۆشتین و مالآئاواییمان کردو وتمان هەموو شتێك تەواو کەچی مانگێکی نەبرد ئێمەیان هینایەوەو وتمان هاتینەوەو تۆڵە دەسێنین؟ ئێمەی حەوتی گەورە دوو شتمان فێری شیرینئاوا کردووە؛ فێرمان کردووە کەوتن وەکو شتێکی ئاسایی وەربگرێ، بەڵکو کردوومانەتە گلانی سوارچاکێکی سوارچاك، بەڵکو بابەتی گاڵتەوگەپیش، فێریشمان کردووە فێر نەبێ لەسەر قۆڕترین کارو خراپترین کەوتن دادگامان بۆ دابنێ، ئەمە گەمەی دەیان ساڵمانە بەلآم دیارە قسەی سەر کاغەز هەموو ئەوانەی لەمێشکت سڕیوەتەوە، ئەمە گەمەی دەیان ساڵمانە، گەمەی گەورەمانە.**

بەختبەخش ئەهوەنتر بوو بەلآم هێشتا قەناعەتی تەواوی نەبوو:

**—ئەی ئەگەر ئەمجارە شیرینئاوا خۆی بووە دوژمن؟ ئەی نەتبیستووە دەڵێن تا ئێستا لەترسی شاخان شیرینئاوا هیچی نەکردووە بۆیە بێدەسەلآت بوو بەلآم ئێستا منەتی بەکەس نییە؟**

جەمالوددین قەناعەتی تەواوی هەبوو:

**—وا دەرنەچوو، بینیت ئەوەندەی نەمابوو عەمالیقا بە حەوتی گەورە بڵێ بچنەوە ماڵەوە خۆمان بەڕێوەی دەبەین، بەلآم سوپاس بۆ خێوەکان، خێوەکان دەرپەڕینو بۆ پیاوانی عەمالیقایان سەلماند شەقامەکە ئەو تەختە نییە کە لەمێشکی تەختی ئەواندا هەبوو، بۆیە عەمالیقا ناچار بوو ئەو دەستەی بڕۆی پێ کرد وەرەی پێبکاتو جارێکی تر بۆ دۆستایەتیمان درێژی بکاتەوە.**

بەختبەخش شلتر بوو بەلآم هەوڵێکی تری دا:

**—یەك شت؛ ناترسن سبەی عەمالیقا خێوەکان کەلەپچە بکات یان خێوەکان عەمالیقا دەرپەڕێنن؟**

جەمالوددین توندتر بوو. دەستی لە چاویلکەکەی دا:

**—سبەی؟! لەکەیەوە بیرمان لە سبەی کردۆتەوە؟ کەی بیرمان لە رابوردوو کردۆتەوە؟ ئێمە تەنها ئێستامان هەبووە.. ئێستاو بەس، باقییەکەی وەسوەسەی شەیتانە.**

بڕێك هیوا لەبەردەم بەختبەخشدا هەڵبەزییەوە، بەلآم ئاهێکی هەڵکێشا:

**—هەمووی خەتای کاغەزەوانەکانە.**

جەمالوددین ئاهی هەڵنەکێشا. دەستی بەختبەخشی گرت:

**—خەتای ئەوانەو خەتای کەسانی ترە، هەر کەس کردی بەر لەعنەت بکەوێ.**

بەختبەخش بۆی دووبارە کردەوە:

**—بەر لەعنەت بکەوێ.**

بەدەم نەفرەت کردن لەو کەسانەی شیرینئاوایان لە خەونی پڕ خەون وریاکردەوە دەستی یەکتریان گرتو رۆشتن.

* * * * *

پاش هەڵهاتنی شاخان مەزنانگە بووە وێرانەو ماڵی فەوزا. شەقوەشێنەکانی گورگیو تۆمیو دەرزەنە گزگەکەی ئەوبەری دەریا شەڕی شەقوەشێنەکانی شاخانیان کۆتایی پێهێنا، بەلآم هێمنی ماوەیەکی کەمی برد؛ ئەمجارە لەجیاتی شەقوەشێنەکانی شاخان ژمارەیەکی زۆری خێو بۆ سەر شەقامەکان دەرپەڕینو وەکو زەردەواڵە بەناو شەقوەشێنەکانی ئەوبەری دەریا دەهاتنو دەچوونو وەکو دووپشك دەیاندا بە سمتو ناوچەوانی شەقوەشێنەکان.

یەخە پڕئەستێرەیەکی عەمالیقا ئەو جەنگە تازەیەی ناونابوو جەنگی شەمشەمەکوێرەکان بەڵام کاغەزەوانێکی عەمالیقا ئەو ناوەی بەجۆرێك لەخەڵەتاندنو شاردنەوەی راستییەکان زانیبوو بۆیە جەنگەکەی ناونابوو جەنگی خێوەکانی سەرشەقام. گورگی ناوی تایبەتیی خۆی بۆ ئەو جەنگە هەبوو، خێوەکانیش ناوی خۆیان هەبوو، جەنگەکە جەنگی ناویش بوو. تەنها شیرینئاواو حەوتە گەورەکەی ناوێکیان نەبوو لەو شەڕەی بنێن. حەوتی گەورە بەخۆشحاڵییەوە ئەو ناوەیان بەکاردەهێنا کە گورگیو تۆمیو دەرزەنە گزگلەکەی ئەوبەری دەریا لەسەری سوور بوون.

گورگیو تۆمی پێشبڕکییان لەگەڵ یادەکانی شاخاندا دەکرد. درەوی شاخان ساڵانە بوو و ئەو دوانە لەساڵێکدا دەیان وەرزیان هەبوو. خێوێك دەردەپەڕیو شەقوەشێنێکی ئەو دوانەی زامدار دەکرد، وەڵامیش زۆر خێرا دەهات، وەڵامێك خەڵکی شیرینئاوا لە شاخانیان بینیبوو؛ ئاگری کوێرانەو تۆڵەی بەکۆمەڵ. شەقوەشێنەکانی گورگیو تۆمی تێڵاو کەوشە قورسەکانیانو گوێرایەڵیی سەگە درەکانیان لەسەر پشتو ناوچەوانی خەڵکی مەزنانگە تاقی دەکردەوە. میوانداریی ئەوانیش شەو و رۆژی بۆ نەبوو؛ هەموو کاتێك بۆی هەبوو ببنە میوانو دەرگا لەجیاتی لێدان بەشی دەبوو شکان، پاشان خانەخوێ بەپاڵ بۆ ژوورەکانی ئەتککردنو لەبیرچوونەوە دەبرا. گورگیو تۆمی مەرگیان دەچاندو کینەیان دەدروو.. گورگیو تۆمی لە شاخان دەست بڵاوتر بوون، گورگیش لە تۆمی زیاتر.

پیاوە گەورەکانی گورگی لەنێوان خۆیاندا لەبارەی ئەوەی چاوەڕێ نەکرابوو ناکۆك بوون، هەندێکیان دەیانوت خێوە دەستوەشێنەکان سەر بە ئەسپسوارانی باکتریاو خوراسانن. شەقوەشێنەکانی گورگی زیاتر ئەو باوەڕیان هەبوو. ئەوان کە ژیانیان لەگەڵ شمشێرو زرێدا بردبووەسەر گیانێکی نوێیان دەبینی لە باکتریاو خوراسانەوە سەریهەڵداوە، بەسواری ئەسپی زەویو دەریابڕەوە گیانێکی نوێ چۆتە لەشی بەشێك لە خەڵکی رۆژهەڵاتی مەزنو دەیانەوێ مێژووی فاتحە کۆنە مەزنەکان دووبارە بکەنەوە، مەرجیش نییە چەند لەخۆیانو لەوانی تربکوژرێن، گرنگ ئەویە لەو ئەسپانە نەچنە خوارەوە. زۆر جار ئەستێرە لەیەخەکانی عەمالیقا بەو کەسانەیان دەوت کە لەخەیاڵ بێبەش بوون کە ئەوەی باوەڕی وایە مێژوو دووبارە نابێتەوە پێویستە واز لە کاروباری وڵات بێنێ چونکە زیان بەوڵاتەکە دەگەیەنێ، هەموو جارێکیش نەخشەی ئەو بەشەی رۆژهەڵاتی مەزنیان پیشانی ئەو کەسە بێخەیاڵانە دەداو بۆیان دەگێڕانەوە چۆن نەوەکانی ئەسکەندەر لەژێر فشاری هێرشی ئەسپسوارانی خوراسان وڵاتە رۆژهەڵاتییەکانی ژێردەستیان لەدەست دا، پایتەختی جێنشینانی ئەسکەندەری مەزنیش شارێکی مەزنانگە بوو، بەڵام مانەوەیان کاتی بوو و ئەگەر عەمالیقا وریا نەبێ بەدەردی جێنشینانی ئەسکەندەر دەچێ. مێژوو دووبارە دەبێتەوەو دەبێ رێگەی ئەو دووبارەبوونەوەی لێبگیرێ.

هەندێکی تر لەپیاوانی گورگی کورتترو نزیکتر دەیانڕوانیو دەیانوت شاخان لەپشتی ئەو هەموو کارانەدایە. دەیانوت پیاوانی شاخان شەڕ بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی تیاچوویان دەکەن. هەر ئەوەندەش شاخان نەمێنێ پیاوەکانی شمشێرەکانیان فڕێ دەدەن، کە ئەو شمشێرەش فڕێدرا کەس لەوە بەدوا ناتوانێ هەڵیگرێتەوە.

سەرەڕای ناکۆکی، هەردوو لا لەسەر ئەوە رێك بوون کە پێویستە شاخان بدۆزنەوە، دەشیانزانی بەدوای دەرزییەکدا دەگەڕێن دەستێکی لێزانو دڵسۆز بە شاخان فڕێیداوەتە یەکێك لە هەزاران شاری کا. لەدوای هەر موناقەشەیەکیش لەو جۆرە گورگی فاڵچییەکەی باوکیی بیردەکەوتەوە، شەوانەش مۆتەکەی قسەکانیو ئالوسی خوێناوی دەهاتە خەوییەوە.

گورگی نەیدەهێشت کەس هەست بەهیچ بکات، بەتایبەت ئەو هەستە نوێیەی بەرامبەر باوکی. گورگیی کوڕو باوك لەچەند وێنەیەکدا پێکەوە دەردەکەوتن، بەڵام کە هەر خۆیان دەبوون چاوەکانی گورگیی کوڕ پڕ لۆمە دەبوون وەك بڵێ: ((**بۆ هێشتت**))، گورگیی گەورەش سەری بادەدا وەك بڵێ: ((**نەمدەزانی**))، لەدڵی خۆشیدا دەیوت: ((**ویستم ئەو کارە بکەی کە نەمکردبوو، ویستم لەخۆم گەورەتر بی**)). گورگیی گەورە خەفەتی دەخوارد کە ئەو شتەی کوڕەکەی بۆ ئامادەکردبوو وا دەرنەچوو، کوڕەکەی بۆ ئاغایەتیی جیهان ئامادە دەکرد، دەیویست وەکو رزگارکەرەوە دەربکەوێ.. گورگیی باوك فەشەلی خۆیو کوڕەکەی وەکو سێبەرێکی سەر زەوی دەبینی، سەرەتاکەی گەیشتووەو ئەوەی تری بەرێوەیە.

* * * * *

شاخان خۆی لەباخێکدا حەشار دابوو، لەو باخەشدا کونێکی بچووك ببووە لانەی. رۆژانی یەکەمی هیوابڕاوبوو و تەنها یەك ئاواتی هەبوو: بتوانێ دەرباز بیٚو بگاتە وڵاتێکی ئەمین.

هەواڵی دۆزینەوەی شوێنی خۆشاردنەوەی نۆبەرەکەیو برا بچووکترەکەی نۆبەرەکەو پێکەوە کوژرانیان سەرەتا ئەژنۆی شاخانی شکاند، بەڵام پاش کەمێك تەنها بیری لەخۆی دەکردەوە، دەیزانی خۆی بڕوات کەس، بەکوڕەکانییەوە، قەرەبووی مەزنانگە ناکات.

هەواڵەکانی شەڕی خێوەکان هیوایان بۆ شاخان دروست کردو لەوەبەدوا خەونی بە گەڕانەوەیەکی مەزن بۆ تەختی مەزنانگە دەبینی. شاخان بەپاڵ خەفەتو بێتاقەتی لەسەر باڵی ئەو خەونانەیدا دەنوست کاتێك کتوپڕ کەوتە دەستی تاقمێك شەقوەشێنی گورگی!

بێداربوونەوەی شاخان هێندە لەناکاو بوو ماوەیەکی ویست تا لەو راستییە تێبگات. ئەو تاقمە شەقوەشێنەی گورگی هەواڵێکیان پێگەیشتبوو و بەدوایدا چووبوون. خۆیان کردە ناو باخەکەو بۆنی زەویو درەختەکانیان کرد. گەیشتنە کونەکەو دەورەیان دا. گەورەکەیان هاواری کرد:

–**شاخان وەرە دەرەوە، دەزانین لەوێیت. وریا بە! بەرگری دادت نادات.**

وەڵامی شاخان زوو هات، وەڵامێك بوو لەو مەزنە چاوەڕێ نەدەکرا:

–**هیچ مەکەن، دێمە دەرەوە.**

بەهێمنی سەرکەوتو گەیشتە دەمی کونەکە، سەرەتا سەری دەرکەوت، کەللەیەکی گەورەو پارچەیەك مووی بژو تێکەڵ؛ سپی.. رەش، رەش.. سپی. ریشیش بژو دوو رەنگ، ئینجا بەهێواشی هەموو لەشی هاتە دەرەوە. بەپێوە وەستا، بێوەیو بیٚ زیان دیار بوو:

–**قسەیەکم هەیە لەگەڵتاندا بیکەم.**

شەقوەشێنەکان ئەبڵەق ببوون، تا ئێستا گەمەیان دەکرد، بەڵام ئەوەتا خۆی لەبەردەمیاندایە، شاخان، پیاوە مەزنەکەی مەزنانگە. یەکێکیان پەتی واقوڕمانی پساند، هاواری کرد:

–**وەرە پێشەوە.. دەست بەرزبکەرەوە.. هێواش وەرە.. هێواش.**

مەزنی مەزنانگە هەردوو دەستی بەرزکردەوەو هێواش نزیککەوتەوە:

–**من شاخانم، شای مەزنانگەم، دەمەویٚ دانوستانتان لەگەڵدا بکەم.**

شەقوەشێنەکان هەموو وریابوونەوە، خێرا پەلاماریان داو روومەتیان تەختی خۆڵەکە کرد، گەورەکەیان ئەژنۆی

خستە سەر پشتی ، هەردوو دەستی ئەو پیاوە مەزنەی لەپشتەوە بەست، جگەرەکەی هێشتا بەلادەم دەکێشاو فرێی نەدابوو:

–دەزانم! ئێمەش هاتووین بۆ دانوستان بتبەین.

دەستەکانی بەسترانەوە.. شاخان بەدیل برا.

* * * * *

ئامێری پەخشی هەواڵی کوژاندەوە: ((ئیببی سینێکی تر.. ریم سینێکی تر.. کەوت کەوت.. دەیزانی دەکەوێ.. چوار هەزار ساڵ.. هەروەها سێ هەزارو حەوت سەدو شەستو شەش ساڵ.. شتێك کەمتر.. زیاتر.. چەند زیاتر؟ کەی ئەو مێژووە وردتر دەدۆزنەوە؟ شاخان ریم سینە؟ نەخێر.. گەورەتر.. گوێرەکەیەکی پیرۆز؟ نەخێر.. ئەوانەی خۆمانن نەك شاخان.. ئەوانەی خۆمان ئەون. شاخان کامیانە؟ یەکانەیەکی پیرۆز.. یەکانە.. تەواوە تەواوە. گوێرەکەکە بەرزبووەوە.. کەوت.. هەموو بەرزدەبنەوە.. من کوام؟ شوێنی خۆم؟ یەکە.. بەرز نییە.. نزم نییە.. کەمێك بەرز.. کەمێك نزم.. وەستاوم.. کوڕی شیرینئاوا؟ بەڵێ ئەو کە منە کوڕێتی.. کوڕی بێدەسەڵاتی؟ بەڵێ کوڕێتی)).

هەموو شتێکی جێهێشتو بۆ بینینی تیژو سوکنایی دڵی بەرەو چیای مازوو و دارستانەکەی ڕۆشت. بەشێکی زۆری خەڵکی شیرینئاوا کەوتبوونە ناو شەقامەکانو ئاهەنگیان دەگێڕا، لاوان چلو پەنجا بەسواری ولاخەوە بوون ئالای شیرینئاواو عەمالیقاو گرەیت گرەیتنیان هەڵگردبوو، هاوارو فیکەیان بوو. دیمەنێك بوو چەند جار لەچەند موناسەبەدا بینیبووی، پاش هەر موناسەبەیەكو بەزمێکیش بێئومێدی بۆ خەڵکەکە دەگەڕایەوە: ((هەموو جارێك.. فێر بوون؟ فێرنابن؟ خەڵەتاندن.. حەوتی گەورە.. ئاهەنگ.. دەنگی تیژە.. زۆر تیژە.. هەوای سییەکانیان.. کوا لاوەکان؟)).

هەڵگەڕاو گەیشت، وەستا ئینجا دانیشت، لەناوەڕاستی چیاکەوە دەیبینیو دەیبیست.. ڕووناکییە جوولاوەکان، دەنگەکانیش دوور: ((ڕۆژێك نەمبینی بپرسن: کێ ناڵێ مێژوو دووبارە نابێتەوەو هەرەس دوای ئەو ئاهەنگانە نایەت، هەموو جارێك دەڵێن سبەی باشترە. من وای نابینم، دوو چاوم کوێر بن و بیبینمو قسەکەم هەڵە دەرچن)). ئەوی لاو تەنها لەموناسەبەیەکی پڕ چەپڵەو فیکەو هووهادا بیری دەکەوتەوە شیرینئاوا لاوی تێدایە، دەیوت ((لاو))و وشەیەکی تری نەبوو.

هەڵساو زیاتر بەسەر چیاکە هەڵگەڕاو پشتی کردە شیرینئاوا، سەرکەوتو ئەویش نەیدەزانی سبەی چی دەبێ.

# ئاگری سارد ی شاری ئور

بڕیاری ڕۆژێك پشوو درا، ڕۆژی دواتریش فیستیڤاڵەكەش لەناو شاردا ساز بدرێ. نەك تەنها شاری ئور بەڵكو لەشارەكانی تریشەوە خەڵك بۆ بینینی ئەو كافرە گەورەیەو ئاكامە شایستەكەی هاتبوون. چاوەڕێی ڕیم سینیش دەكرا ئامادە بێ.

دڵگەرمی بۆ خوداوەندەكان گڕێك بوو كەوتە ناو هەمووماڵێكی شارەكە، تەنانەت ئەوانەش كە خوداوەندەكانیان لا ببوونە مەسەلەیەكی لاوەكی داوای سزایەكی سەختیان بۆ تاوانبارەكە دەكرد. كاهنەكان بۆ ئەو بەیانییە شیاوترین سزایان بۆ خۆشەویست ئامادە كردبوو. لەبەردەمی زەققوورە بەرزەكەی ئورناممودا سەكۆیەك دانرابوو. تەختە بەسەر سەكۆكە هەڵچنرابوو و زووزوو كەسێك دارێك یان پارچە تەختەیەكی دەهێناو دەیخستنە سەر سەكۆكەو پێشكەشی خوداوەندە تایبەتییەكەی خۆی یان یەكێك لەو خوداوەندانەی سووكایەتییان پێكرابوو دەكرد. وەكو هەموو موناسەبەیەكی تریش بەشی ئەوە هەبوو كەسانێك لەزووەوە بچنە شوێنەكەو جێگەیەك بۆ خۆیان بگرن.

لەماڵی خۆشەویستیشدا ڕۆژێكی ماتەمینی بوو. ئازەر بێجووڵە بەپشتدا پاڵكەوتبوو، تەماشای بنمیچی دەكرد، دووبارەی دەكردەوە: ((ئەو **كافرە، ئەو كافرە**..))، وەڵامی ژنەكەی نەدەدایەوە كاتێك هانی دەدا بچێتە دەرەوەو سۆراغێكی كوڕەكەی بكات. ماوەیەك وا مایەوەو دووبارەی دەكردەوە: ((**ئەو كافرە، ئەو كافرە**))، ئینجا توند هەڵساو لەشوێنی خۆیدا دانیشت، سەری نزم كردەوەو تەماشای زەویی كرد: ((**ئەو كافرە لەژێر بنمیچی ئەم ماڵەدا ئەو پیلانەی داڕشتبوو، ماڵی ئازەر كە لەهەموو شارەكەدا بەخزمەتی خوداوەندەكان ناسرابوو دوژمنێكی خوداوەندەكانی تێدا هەڵكەوت**)).

ئەوەی زامەكەی قووڵتر كرد ئەو خیانەتەی خۆشەویست بوو كە بەرامبەر هەموو خێڵەكە كردی، ئەوان وەكو خەڵكی كۆنی ئەو وڵاتە نەبوون خاوەن خێڵ نەبن‌و كەسوكاریان تەنها لەشارەكەدا هەبێ، ئەوان لەو ئامورییانە بوون كە نزیكەی دوو سەد ساڵ لەرۆژئاواوە شاڵاوی كۆچیان هاتو هەر خێڵێك كە هاتبوو لقێكی خۆی لەرۆژئاوادا جێهێشتبوو. ئەو ئامورییانە لەوپەڕی ڕۆژئاواو تا نزیك كەنارەكانی دەریای سەروو خزم‌و كەسوكاریان هەبوو. هەر ئەوەندەش هەواڵەكە بە خزمانی ئازەر بگات، بێگومان زووش دەگات، خۆیشی بەو تاوانەوە دەگلێ:

**—ئەو كافرە نە حسابی بۆ من و نە بۆ هەموو خزمانمان لە (مارتو) نەكرد. ماوەیەكی تریش كاروانێك لە مارتووە دێ‌و دەبێ گوێ لەگاڵتەو سەرزەنشی ژەهراوییان بگرم‌و وەڵامی پرسیارەكانیان بدەمەوە.. ئەو كافرە!**

ژنەكەی نەیتوانی لەوە زیاتر لەبارەی كوڕەكەیەوە ببیستێ، لەناو دەرگاكەدا وەستابوو و نەیدەویست لەمێردە تووڕەكەی نزیك بێتەوە:

**—ئەی بۆ ناچی بەخەڵكی ئور بڵێی دەمەوێ بەدەستی خۆم خۆشەویست بسووتێنم‌و دوایی هەواڵ بۆ خزمانی مارتومان بنێری‌و بڵێی وەرن تەماشا بكەن چەند پیاوم؟**

خێسەی مێردەكەی كەمترین شت بوو مێردەكەی لەو كاتەدا بیكات:

**—بۆچی دەتەوێ سووتاندنەكەی بدەمە دەست كەسێكی تر؟**

–مەیکە! ئەگەر کوڕەکەت سووتاند چەقۆیەکیش بەجەرگی مندا بکە، نەخێر! ئەگەر بیستم تۆ سووتاندووتە خۆم دەکوژمو کە دێیتەوە ماڵەوە لاشەیەکی ساردوسڕ دەبینی.

ئەمجارە بەچاوێکی سووکەوە تەماشای کرد:

–ئەگەر ئاینو پەرستگەو شەرەفی خێڵ بدەینە دەستی ئێوەی ئافرەت بە سەدان کافرمان بۆ فڕێ دەدەن.

گیانی بەرگری پاڵی بەژنەکەیەوە نا:

–خۆت مەخەڵەتێنە! ژنان لەپیاوان زیاتر پەیوەستی خوداوەندەکانو پەرستگەن، تەماشای هاوڕێیانت بکە؛ سەدو یەك حساب دەکەن پێش ئەوەی یەك شت بۆ خوداوەندەکان ببەخشن، زۆربەی کات بەدڵگەرمییەوە بڕیار دەدەن ئەگەر خوداوەندەکان ئیشەکەیان بۆ جێبەجێ بکەن ئەمەو ئەوە بکەنە قوربانی بۆیان، کە ئیشەکەشیان کرا بیر لەوە دەکەنەوە چۆن خۆیان لەو سوێندە بدزنەوەو کەمتر ببەخشن، ئەی نازانی ژنان دزی لەمێردەکانیان دەکەن تا قوربانی پێشکەش بە خوداوەندەکان بکەن؟ ئەی هەموو جارێك پێمان ناوتریێ ئاین بۆ ئێوەی ئافرەت باشە، ئێوەی ئاژەڵی گیان لەرزۆك؟

ژنەکەی ئازەر ژنەکاهنەکانی سینی بیرنەکەوتەوە کە هەرچەندە ئافرەتن بەڵام پلەیەکی ئاینیی بەرزیان لە شارەکەدا هەبوو، بەم جۆرەش بەڵگەکانی نیوەناچڵ بوون، ئازەریش قسە کۆنەکەی خۆی بیرنەمابوو کە زووتر چەند جارێك بەژنەکەی دەوت ئەویش کە ژنان تەنها بۆ مەبەستە بچووکو کەمنرخەکانی خۆیان قوربانی بۆ خوداوەندەکان دەکەن. لەوێشەوە موناقەشەکە نەگەیشتە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوەو ژنو مێردەکە یەك بەیەك کۆتاییان بە شەڕەکە هێنا.

ئازەر هەڵساو خۆی لەو خۆڵەی خۆی تێیدا گەوزاندبوو تەکاند، توند خۆی تەکاند بەڵکو تۆز بچێتە ناو کونە چاو و لووتی ژنەکەیەوە، بەڵام تۆز دەورەی خۆی داو چووە ناو کونە چاو و لووتی خۆیەوە. پشتی کردە ژنی بێدەنگو رایگەیاند کە هەرچەندە خۆی براوەیە بەڵام ژنەکەی رێگەی ناڕەوا دەگرێتە بەر بۆیە نایەوێ لەوە زیاتر موناقەشە بکات:

–ئێوە ئەگەر بەکەڵکی هیچ نەیەن بۆ دەرپرندانی *(ویستی بڵێ: دەرپەڕاندنی)* پیاو لەماڵەکەی یەکەمن! با بچم بۆ لای باوکە کافرەکەت.. ئۆۆۆففف.. بۆ لای کوڕە کافرەکەت.

دەرگا تەختە گەورە پڕ مێخەکەی توند لەدوای خۆیدا داخست تا لەجیاتی خۆی تەقەی بەرزی تووڕەییەکەی دەربڕێ. لە بەدبەختیی کەڵەکەبووی ئەو رۆژەی دەرگاکە بەر سووچی کورتانی گوێدرێژەکە کەوت کە گۆشەی خوارەوەی دەرگاکەی گرتبوو. دەرگاکە نەرمو بێدەنگ خۆی بە سووچی کورتانەکە کێشاو ئازەر بەدڵی ئاوساوەوە ماڵەکەی جێهێشت. لەرێگەدا پیاوانو ژنانو منداڵانو هەموو هەرزەکارانی ئوری بینی بەپەلە بۆ لای پەرستگە دەڕۆن، دیمەنی هەرزەکاران لەهەموو دیمەنێکی تر زیاتر ئازاری دەدا:

–بەپێکەنینەوە دەچن وەك بڵێی جەژنەکەی ئەو رۆژەیە. بەپێکەنینەوە بۆ بینینی ئابڕووی تکاوم دەچن، بەهەرحاڵ ئەوانە کوڕی بەوەفای باوکە خوداناسەکانیانن، ئای خۆشەویست چیت لێکردم! کەس هێندەی تۆ بەرامبەر باوکی بەوەفاو بەبەزەیی نەبوو، بەڵام ئاوا لەپڕ شێت بووی یان خێوەکان شێتیان کردی، یان منی بەدبەخت...

لەپشتەوە دەنگێکی پیر هاوبەشی خەمی بوو:

–ئازەر! ئەمڕۆ رۆژێکی خەفەتبارێتە.

ئازەر خۆی دواخست تا لەگەڵ ئەودا بڕواتو هەرزەکارانی پێش خۆی لەبەرچاویدا ون بن. دەنگە پیرەکە بەردەوام بوو:

**–خۆشەویستی کوڕت بۆ وای کرد؟ ئێمە شانازیمان پێوە دەکرد، تەنانەت کە بەگومانەوە باسی خوداوەندەکانیشی دەکرد هەر بەرگریمان لێدەکرد، نەك تەنها لەبەر ئەوەی لەخێڵی خۆمان بوو بەڵکو لەبەر خۆشی. حەسرەت! کوڕێکی نەجیب بوو.**

هەرزەکاران بەردەوام دەهاتنو خۆدواخستن کەڵکی نەبوو. لەکۆتاییدا هەر دەبوایە بگەیشتنایە جێ. پێکەوە گەیشتنە ئەو قەرەباڵغییەی بۆ بینینی سووتاندنی خۆشەویست کۆببووەوە. ئازەر پاڵەپەستۆی کرد تا بگاتە نزیکتر. سەکۆی دارو تەختەی بینی وەکو گردێکی بچووك بەرزببووەوە، لەپشتیشەوە زەققورە بەرزەکە وەکو داڵ دەیڕوانییە دیمەنەکە. لەو پەڕی بەرزیشەوە، لەژوورەکەی سەرەوە سین بەرامبەر ئەو دیمەنە خرۆشاوەوە وەستابوو و رووی لەئاسمان بوو. لەناوەڕاستی سەکۆی دارو تەختەکەدا کۆڵەکەیەکی خڕی مس ڕێك راوەستابوو. تا لەدیمەنەکە تێگەیشت خۆشەویستی بینی هێنرایە گۆڕەپانەکە. دوو ژنەکاهن لەپێشی هەمووان دەڕۆشتن، دوو سەرباز پاڵیان پێوە دەنا، سەربازێکیش لەپێشەوە بە ریش رایدەکێشا.

قریشكو هاوار لەناو ئاپۆڕەکەدا بەرز بووەوە، قەرەباڵغی خرۆشاو چەوی ژێر پێی هەڵگرتو گرتییە بەردەمی خۆی، خۆشەویستو پاسەوانو ژنەکاهنەکان دوور بوونو هیچیان بەرنەکەوت. ئازەر دەموچاوی لەناو لەپی دەستیدا نوقم کردو ئابڕووی داماڵراوی شاردەوە، نەیتوانی ئەو دیمەنە ببینێ، ئەو کوڕەی کە بۆ پایەیەکی بەرزی ناو کۆمەڵگەی ئور دانابوو ئابڕووی خۆیو باوکیشی فرێدایە دەریایەکی بێ بنو بێ کەنار. ئازەر نەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو چاوە بگرێ کە وا بە سووکی تەماشای دەکەن، ئاگاشی لەئاپۆڕەکە نەما کاتێك بە قریشكو هوڕەوە پێشوازییان لەکەژاوەی پادشای لارسا کردو پاشان کڕنووشیان بۆ برد.

ئور–نینا، شاعیری لاو و گەورەی ئور لەو نزیکانەدا بوو، بەلاچاو تەماشای ئازەری دەکرد، بەئەسپایی قسەی لەگەڵ خۆیدا دەکرد:

**–باوکم زۆر ئاوا بینیوە، دەموچاوی خۆی لێ دەشاردەوەو دەیوت تۆ شەرمەزاریی منی. بەڵام ئەگەر بمایەو کوڕی ئازەری ببینیایە باوشی بۆ دەگرتمەوە و لەمیراتییەکە بێبەشی نەدەکردم.**

ئینجا سووك بەرەو لای شوێنی پادشا رۆشت.

خۆشەویست بەپاڵو بەڕاکێشان برایە سەر سەکۆکە، دەستی لەپشتەوە بەزنجیرێکی مس بەکۆڵەکە مسەکە بەسترا، پاسەوانەکان چوونە خوارەوە. ژنەکاهنی گەورەی خوداوەندی مانگ سەری بۆ ریم سینی برای دانەواند:

**–هاتنی خوداوەندو سووتاندنی ئەو کافرە باشترین قەرەبوون بۆ خۆشیی ئەو جەژنەی ئەو کافرە تێکی دا.**

مەشخەڵێکی بەدەستەوە بوو:

**–ئەگەر خوداوەندی لارسا ڕێگە بدات ئاگر بەربدەمە دارەکانو ئاهەنگەکەمان دەست پێبکەین.**

پێش ئەوەی ریم سین وەڵام بداتەوە دەستێك دەرپەڕیو مەشخەڵەکەی لە ژنەکاهنی گەورە سەند:

**–لەمن بەتەمەنترتان نییە، من تۆڵەی خوداوەندەکان دەکەمەوە.. من.. من..**

ئور–نینورتای کۆنە کاهنی گەورە بوو. سەری بۆ پادشا نەوی کردو بۆ یەکەم جار بەسۆزەوە تەماشای کرد. کەس ڕێگەی لێنەگرتو مەشخەڵەکەی بردو بەرەو سەکۆکە چوو. ریم سین ئەو هەستەی کاهنەکەی پێی خۆش بوو، لەوەش زیاتر ئاکامەکەی خۆشەویستی پێ خۆش بوو، ئێستا مەرگی خۆشەویست لەجیاتی ئەوەی بەهۆی موناقەشەیەك بێ پادشا تێیدا دۆڕابێ لەڕێگەی رقێکی پیرۆزی جەماوەرییەوە دەبێ. خوداوەندەکانی ناو پەرستگە، ئەگەرچیش شکابن،

لەژیانیاندا بەخششێکی وا بەتامیان بەخوداوەندی ناو کۆشك، کە پێش ئەوان شکابوو، نەداوە. ئەمڕۆ ڕۆژێکی بەختەوەری پادشایە. لەوحە قوڕەکەی فاڵی ڕۆژانی بەختەوەر کە پێش ئەوەی بێتەوە ئور بۆی خوێنرایەوە دەیوت ئەم ڕۆژەی ئەم مانگە بەختەوەر دەبێ.

ئور–نینورتا بە سەدو سی ساڵی تەمەنی‌و بەگوڕی لاوانەوە خۆی گەیاندە سەکۆی دارو تەختە، مەشخەڵەکەی بەرز کردەوە. تا توانی گڕی سووتێنەری ناخی فڕێداو هاواری کرد:

**–ئەمڕۆ کەسێك دەکەینە قوربانی بۆ خوداوەندەکان کە ئەم زەوییە کەسی وا تاوانباری بەخۆوە نەدیوە. ئەم زەوییە پیرۆزە جگەلە سووتاندنی ئەم کافرە بەهیچ پاك نابێتەوە. بەناوی ئەو خودایانەی سووکایەتیی پێکردن، بەناوی دەسەلأت‌و ڕاستێتیی ئەو کۆنینەیەی بەچاوی گومانەوە تەماشای دەکرد.**

سەری بەرزکردەوە، ڕوویکردە ئەو خوداوەندەی لەو بەرزاییەوە، لەژووری سەرەوەی زەققوورەکەوە سەری بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوەو ڕووی لەدیمەنەکەیە. بەدەنگێکی نزم هەر خۆی دەیبیست، دەنگێکی پڕ لەسۆزی ئاینپەروەری‌و وەکو نزایەك قسەکانی ڕوو تێکرد:

**–ئێستا تەماشامان دەکات، ئێستا دەمانبینێ، بەرزتر لەهەمووومان، لەژوورەکەیدایە، تەماشامان دەکات، بەرزتر لەهەمووان.**

ڕووی لەسەرەوە بوو، خۆشەویستیش ڕووی لەسەرەوە بوو، زۆر لەوە سەرووتر. ئور–نینای شاعیریش هاواری دەکرد، حەماسەت‌و گاڵتەجاڕی تێکەڵ بەیەك ببوون، ئور–نینا نمایشێکی هەبوو یەکەم جاری بوو بیکات، هاواری کرد:

**–سووتاندن کەمترین شتە بۆ ئەو کەسەی دژ بە مێژوویەکی کۆنی ئەم زەوییە پیرۆزە قسە دەکات.**

وشەکانی دوایی خاوبوونەوە، نەیتوانی گاڵتەجاڕی لەوتنی وشەی (پیرۆز) بشارێتەوە. بەمەشخەڵێکەوە لە سەکۆکە نزیککەوت، لەبەرخۆشییەوە وردەجرتی لێدەدا:

**–پیرۆز! زەوییەك پارچەیەکی بەپیتەو پارچەیەکی شۆڕ، پڕیشە لەکەسانی لە من فاسقتر.. پیرۆز!!**

هەردوو کاهنی پیرو شاعیری لاو لەسکۆکەوە نزیك بوون‌و ئەملاو ئەولایان گرتبوو، کاهن لای ڕاست‌و شاعیر لای چەپ، یان شاعیر لای ڕاست‌و کاهن لای چەپ. لەنێوان ئەوان‌و ئاپۆڕەکەش ڕیزێك سەرباز وەستابوون تا ئەو خەڵکە بێنیزامە نزیك نەکەون.

ئەویلوم دەستی لەهێمنییەکەی خۆی هەڵنەگرتبوو، لەبەرخۆیەوە دەیوت‌و کەس نەیدەبیست:

**–چۆن دادگایەکە! تاوانبار قسەی بۆ نییە. لەقسەکردنی کوڕی ئازەر دەترسن؟! دیارە!**

خۆشەویست ڕوویکردە ئور–نینورتای کاهن‌و دۆستانە داوای بیستنی لێکرد:

**–ئور–نینورتا، گوێم لێبگرە.**

ئور–نینورتا ڕووی گرژتر کردو ڕووی کردە لاکەی تر:

**–قسە بێسوودە.. ئەو تاوانە گەورەیە هیچ لێخۆشبوونێك هەڵناگرێ.**

خۆشەویست هێواش سەری نەخێری بادا:

**–بەهەڵەیەکی گەورەدا چووی گەر وابزانی داوای لێخۆشبوون دەکەم. ئور–نینورتا گوێم لێبگرە؛ تۆی تەمەن سەدو ئەوەندە ساڵ ژیانت بۆ دژایەتیی ئەو پادشایانە تەرخان کردووە کە خۆیان کردۆتە خوداوەند، قەت لەخۆت نەپرسیوە ئەگەر بشێ بەردو تەختە خوداوەند بن بۆ نەشیاوە مرۆڤ ببێتە خوداوەند؟ قەت ئاوڕت لەو ناڕێکییە نەداوەتەوە؟ هێشتا باوکم لەدایك نەببوو، ڕەنگە باپیریشم، کە ئەمانەت دەوت، قەت بیرت لەوە نەکردۆتەوە؟**

ئور—نینورتا زیاتر ڕووی وەرچەرخاند، لالووت بوو و بەبڕوایەکی تەواوەوە بڕیاری دەدا:

**—خوداوەندێتیی ئەو خودایانەی تەنها وەکو بەردو تەختە تەماشایان دەکەی جێگەی گومان نییە.**

**—ئەی نەتبینی چۆن شکان؟ ئەی هەر خۆت نەتدەوت پادشاکان دەمرن ئیتر چۆن دەبنە خوداوەند؟ ئەم دوانە یەك شت نین؟ ئەم ناڕێکییە تاکەی؟**

ئور—نینورتا دووبارەی کردەوە:

**—خوداوەندێتیی ئەو خودایانەی تەنها وەکو بەردو تەختە تەماشایان دەکەی جێگەی گومان نییە، پادشاکانیش..**

**—چی؟**

**—پادشاکانیش..**

**—بڵێ چی.**

ئاگری مەشخەڵی دەستی کۆنە جەنگاوەری خوداوەندەکان نزمبووەوەو گەیشتە نزیك زەوی، تەماشای چواردەوری کرد، سەری بۆ سەرەوە بەرزکردەوە، بۆ ژوورەکەی سین، تەماشای خوارتری کردو خۆشەویستی بینی، کوڕی ئازەر، تاوانباری گەورە، ئەو تاوانەی تا ئێستا وێنەی نەبینراوەو نەبیستراوە، هەموو تاوانێك لەچاو ئەو تاوانە بچووك دەبنەوە، تاوانبارەکانی هەموو جیهان لەبەردەم کوڕی ئازەردا بچووك دەبنەوە. تەماشای لای پادشای کرد، گڕێك چووە دەروونییەوە، گڕێك لەجۆرێکی تر، یەکەم جارە پاش سەدو سی ساڵ ژیانو سەد ساڵ جەنگ هەستی پێبکات. کاهنی گەورە، جەنگاوەری خوداوەندەکان مەشخەڵەکەی بەرزکردەوە، ڕووی کردە قەرەباڵغییەکە، سووڕایەوەو ڕووی کردە ئەو لایەی ڕیم سینی لێبوو و تا توانی هاواری کرد:

**—گومان لەخوداوەندەکان نییە، گومان لەخوداوەندەکان نییە، شکاندنیان هیچ لەخوداوەندێتییان کەمناکاتەوە، پادشاکانیش دەمرن، ئەو پادشایەش کە دەڵێ خوداوەندم، گەر بشمرێ.. گەر بشمرێ.. هەر.. هەر خوداوەندە.. خوداوەندە.. خوداوەندە لەجۆرێکی تر.**

مەشخەڵەکەی هێشتا لەحەوادا بوو، ئینجا سووڕایەوەو ڕووی کردە خۆشەویست:

**—با وابێ! بەڵێ با وابێ! پادشای لارسا خوداوەندە.. خوداوەندە لەجۆرێکی تر.. جەنگاوەری خوداوەندەکانە.. پادشا لارسا خوداوەندە.. ئەو بۆ وڵات ژیانە.. کافرانی وەکو تۆش مەرگی هەموو جیهانن.**

مەشخەڵەکەی نزم کردەوەو بەدەنگێکی گڕی نووساوەوە کە هەر خۆشەویست بیستی بۆی ئاشکرا کرد:

**—لارسا دایکمە.. تێدەگەی کوڕی بێوەفا؟ لارسا دایکمە.. ئور دایکمە.. دەبیستی؟ من دەچمە پاڵ دایکم هەتا ئەگەر پادشا زیناشی لەگەڵدا بکات.**

خۆشەویست وازی لێنەهێنا:

**—ئور—نینورتا! بیرت لێنەکردۆتەوە؟ تۆ دژ بەخۆت دەوەستی، ئەوە تۆ نیت کە دەمناسی.**

کۆنە کاهنی گەورە پشتی تێکردەوەو لووتی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە:

**—نەخێر! من خۆم بووم کاتێك نەیار بووم، هەر خۆشم بووم کە پادشام بە خوداوەند زانی، هەرگیز لەیەك کاتدا دوو کەس نەبووم.**

خۆشەویست سەری تێگەیشتنی لەقاند:

**—ڕاست دەکەی، هەرگیز لەیەك کاتدا دوو کەس نەبووی، تۆ تەنها گۆڕاوی.**

ئینجا ڕووی کردە ئاسمان:

–هەردووکمان دژی درۆ وەستابووین بەڵام تۆ لەئاست پادشا درۆزنەکاندا مایتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر نەمایتەوە، پاش سەد ساڵ جەنگ کەوتی.. سەد ساڵ لەجەنگدا بووی و کەوتی.. ئیلی لەکەوتن بمپارێزە.

ئور–نینای شاعیر گوێی لەقسەکان بوو، لەبەرخۆیەوە پرتەپرتی دەکرد:

–کاهنەکە لەیەك کاتدا یەك کەس بووە، دوو کەس نەبووە لەیەك کاتدا، منیش لەیەك کاتدا هەزار کەسم، هەزار مرۆڤ و یەك کەر، هەزار کەرو یەك مرۆڤ، هەمووشی لەیەك کاتدا.. هۆۆۆۆش.

بەئاگاهاتەوە کاتێك خۆشەویست ناوی برد:

–ئەی تۆ ئور–نینا؟ خۆت یەکلایی نەکردۆتەوە؟ تۆ هەمیشە لەخوداوەندەکان بەگومان بووی کەچی دەبینم مەشخەڵی سووتاندنم هەڵدەگری.

ئور–نینا هێمن بوو، قەرەباڵغییەکە گوێی لەقسەکان نەبوو، لەبەر ئەوە پێویستی بە خۆنواندن و دڵگەرمی نەدەکرد:

–ئەگەر ئەو قسانەت بەدەنگی بەرزو بۆ خەڵك بکردایە بۆ ئابڕووی خۆم هەزارو یەك درۆم دەکرد، بەڵام هەر خۆم و خۆتین، ئور–نینورتای کاهنیش پیاوێکی پیری خەڵەفاوە گوێشی لێبێ وا دەزانم ریخی کەرەکەم گوێی لێبووە. ئەم نهێنییە لەنێوان خۆم و خۆتدایەو پاش کەمێك تۆ لەگەڵ خۆتدا دەیبەیتە ئەو جیهانەی دەڵێن گەڕانەوە لێوەی نییە، رەنگە نهێنیش نەبێ و هەموو خەڵکی ئور بیزانن. من لەم سی ساڵەی تەمەنمدا لەگێژاوێکدا بووم لەنێوان دوو شتدا، دەبوایە یەکێکیانم هەڵبژاردایە، هەردووکیانم دەویست بەڵام دەمبینی دەبێ تەنیا یەکێکیان راست بێ، پێت وایە ئەو دوو شتە چی بن؟ ئارەزووتە چۆن بیریان لێدەکەیتەوە، من پێت دەڵێم؛ دوو شتی زۆر گرنگ: (کەسپوم) و (شوموم)، بەڵێ! (زیو) و (ناو).. ئەگەر بەدوای سامانڈا بگەڕێم نابمە شاعیر چ جای ئەوەی شاعیرێکی ناودار بم، ئەگەر بەدوای ناوبانگیشدا بگەڕێم رەنگە برسێتی بمکوژێ، بەڵام دوایی رۆژگار فێری کردم کە دەتوانم هەوڵ بۆ هەردووکیان بدەم بەو مەرجەی هاوسەنگی بپارێزم. ئازیزم هەموو شتێك لەم جیهانەدا پێویستی بە هاوسەنگییە، شتی باش پێکەوە بەهۆی هاوسەنگییەوە دەژین، شتی خراپیش هەروەها هەتا ئەگەر دژ بەیەکیش بن، ئەی نابینی چۆن خەڵکی ئور لەیەك کاتدا خوداپەرست و فاسقن؟ لەپەرستگەدا قوربانی بۆ خوداوەندەکان دەکەن و لەدەرەوەیدا ئەو شتانە دەکەن کە خوداکان تفیان لێدەکەن.. هەمووی رەوایەو هەمووی دەکرێ، گرنگ ئەوەیە هاوسەنگی رابگیرێ، ئێستا ئەوەی تۆ لە شێتی زیاتر نییە چونکە ئەو ناوبانگەی دەستتکەوت سووکی کردی، کەمێکی تریش کە سووتای خۆشی لەو سووکی و لەو ناوبانگەت نابینی، من گومانی خۆم لەخوداوەندەکان و پادشاکان و پیاوە بەشەرفە درۆزنەکان بەدەنگێکی بەرز دەردەبڕی بەڵام نەمدەگەیاندە ئەو ئاستەی وەکو سەگ بەردەباران بکرێم، ئەمە پیشەو هونەرەکەمە، تا جیهانیش کۆتایی دێ، ئەگەر کۆتایی هەبێ، سەدان و هەزارانی وەکو من هەر دەبن، ئەوە ئێمەین ئەگەر نامانناسی، کەم کەسمان بەڕاستی پیاوی یەك رووە، خەڵکێکی زۆریش کەر بوون و باوەڕ بە قسەکانمان دەکەن، ئەمە ئێمەین، ئەمەش گەمەکەمانە. ئێمە زۆرین بەڵام هەموو جیهان بگەڕێی دوو یان سێ شێتی وەکو تۆی تیایە.. ببورە! نامەردییە قسە بڵێم بە دیلێك لەسەر کوشتنە بەڵام ویستم راستییەکەت پێ بڵێم، وەك دەبینی قسەم بە خۆشم وت، ئێستاش خراپتر بە خۆم دەڵێم؛ من فاسقم، من دووڕووم، من خەڵکم کەر کردووە بەڵام خۆشم کەرم، بۆت بزەڕم؟ ئا..ئا..ئا..

خەڵکەکە پێکەنین، تەنها زەڕینەکەیان بیست، وایانزانی ئور–نینا مەبەستی لە خۆشەویستە، کاهنی گەورە هەموو شتێکی بیست بەڵام خۆی لێخڵەفاند، تا مردیش بۆ کەسی نەگێڕایەوە، ئەوە لای گرنگ نەبوو چونکە ئەوساتە ئور–نینا هاوسەنگەری بوو. خۆشەویست روویکردەوە ئاسمان:

–کەوتن، لەهەموو شوێنێکدا کەوتن دەبینم، ئیلی لەکەوتن بمپارێزە.

خۆشەویست هەر رووی لەئاسمان بوو. کاهن و شاعیر هەر یەك لەلایەك مەشخەڵەکەیان خستە ژێر دارو تەختەکان، هەردوو پاشەوپاش گەڕانەوە دواوە. گڕ بەربووە سەکۆی دارو تەختە، گڕو دووکەڵ بەرزبوونەوە، خۆشەویست دواوتەی

بۆ خەڵکەکەی هەبوو، هاواری کرد:

**–رووم کردە ئەو خودایەی زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردووەو خستنیە سەر رەوتی خۆیان، لەرێگەی ئێوە لامداوەو خۆم داوەتە دەستی ئەو خودایەی خاوەنی زەوی و ئاسمانەکانەو خۆتان لێی بێئاگا کردووەو ئەوانە دەپەرستن کە خاوەنی هیچ نین، نوێژم بۆ ئەوە، پاڕانەوەم لەوە، قوربانیم تەنها بۆ ئەو پێشکەش کردووە، لەوەش زیاتر ژیانم بۆ ئەوە، مردنم بۆ ئەوە...**

کڵپەو دووکەڵ نەیانهێشت زیاتر بڵێ، گڕو دووکەڵ خۆشەویستیان لەخەڵکەکە جیاکردەوە، بەهێمنی رووی کردەوە ئاسمان، قژی درێژی بەسەر دوو شانیدا شۆڕ بووەوە:

**–ئیلی.. ئیلی.. ئەم قوربانییە بچووکەم لێ وەربگرە.**

خۆشەویست لەپشتی دووکەڵو گڕەوە دیار نەما، ئور–نینورتای کاهن هەردوو دەستی بەرزکردەوە، نەفرەتی باراند، هاواری کردو نەفەرتی باراند، ئینجا کەمێك هێواش بووەوە، لەپشتی دووکەڵەوە سەری بۆ ژوورەکەی سینی سەرووی زەقوورەکە بەرزکردەوە، بەدەنگێکی نزم نزای ناردە حەرەمی خوداوەندەکە، دوو دەستی لەبەردەم دەموچاویدا لێك ئاڵاند، نزم نزم نزاکەی بۆ دەنارد:

**–ئێستا تەماشامان دەکات، ئێستا دەمانبینێ، بەرزتر لەئێمە، بەرزتر لەهەمووان.**

ئور–نینای شاعیر چووبووە لای هاوڕێکانی، کاهنەکەی بینی، خشۆکێکی بەڵەکی بۆری بچووکیش خۆی گەیاندبووە نزیك ئاگرەکەو خۆی گیڤ کردبوو:

**–تەماشای ئەو کاهنە بکەن کە تەمەنی دە لاوی خواردووە و هێشتا پێی شەرمە بڵێ پیرم. تەماشای ئەو مارمێلکەیەش بکەن کە خەریك بوو بکەوێتە بەرپێم چۆن بەرامبەر ئەو ئاگرە وەستاوەو فووی پیا دەکاتو ئاگرەکە خۆش دەکات. ئور–نینورتا یەك مندالّی نییە پاش مردنی قوربانی پێشکەش بە سێبەرەکەی بکات. من لەجیاتی ئەو بوومایە بەوپەڕی سۆزەوە تەماشای ئەو مارمێلکەیەم دەکردو دەموت: ((کوڕی خۆشەویستم)).**

چواردەوری خۆشەویست ئاگرو دووکەڵ بوو، هیچی نەدەبینی، لەناو ئاگرەکەدا تەنیا بوو.. تەنیا نەبوو، هێمنییەك لەئاسمانەوە دابەزی، تەمێکی نەبینراو، نزیککەوت، ماوێتی بگات، نەیزانی چییە، چاوەڕێی دەنگە بەسۆزەکە بوو تا پێی بڵێ ئەو قوربانییەی ببینێ، لێی بپرسێ ئیلومەکەی وەریگرتووە یان نا. ترسێك بەدڵیدا هات، ترسا وەکو قوربانییەکەی کوڕە خراپەکەی مرۆڤی یەکەم لێی وەنەگیرێ، وەکو ئەو کوڕەی مرۆڤی یەکەم کە دوایی بووە براکوژ ئاگر قوربانییەکەی نەسووتێنێ. وێنەکە لەبەرچاویدا وەك خێوێکی رەشی ترسناك دەرپەڕی: دوو براکە قوربانی پێشکەش دەکەنو ئاگرەکە دێ قوربانیی یەکێکیان دەسووتێنێو ئەوەی تر قبووڵ ناکاتو نزیکی ناکەوێ، دڵی براکە پڕ دەبێ لە کینەو حەسوودیو هەڕەشەی کوشتن لەبراکەی دەکات.. دەیکوژێ.. پەشیمان دەبێتەوە.. دونیای لێ دەبێتە دۆزەخ.. دەمرێ.. دەچێتە دۆزەخ.. دۆزەخ.. دۆزەخ..

دڵی لەشوێنی خۆی جووڵاو خەریك بوو لە لەشی دەربچێ، دوو چاوی دەرپەڕینو سەری بەهەردوو لادا شێتانە دەجووڵایەوە. دووکەڵەکە ساتێك لاچوو و ئاپۆڕەکە بینییان، پێکەنینو هاواریان کردو سوپاسی ئاگری خوداکانیان کرد کە کردوویەتی بەقوربانیو تۆڵەی خۆیان سەندۆتەوە. سەری خۆشەویست هەر دەجووڵا، ویستی هاوار نەکات، نەیتوانی، هاواری کرد: **((ئیلییییی... براکوژ نیمو برا ناکوژم، ئیلییییی... لێم وەربگرە))**، ئاپۆڕەکە خرۆشا، وایانزانی هاواری پەشیمانییە. هاواریان دەکردو هاواری دەکرد. ماندوویەتی خەوی لێخست، هاواری ئەوانیش بووە پێکەنین. سەری

بەسەر سنگیدا شۆڕ بووەوە.

هێمنییەکە گەیشت، گەیشتە تەپڵی سەری، هاتە خوارترو دەورەی دا، چووە ناو دڵییەوەو لەگەڵ خوێنیدا گەڕا، لەگەڵ خوێنیدا گەڕاو چووەوە دەرەوەو دەورەی دا، دەورەی داو دەستی بەسەر قژی درێژیدا هێنا، دەستی بەسەر قژیدا هێناو ریشی درێژی بۆ شانەکرد، ناوچەوانی سڕییەوەو لەسەر دەنگی خۆشترین ئاواز خەبەری کردەوە. خۆشەویست چاوی کردەوەو ئەو دەنگە بەسۆزەی بیست کە چاوەڕێی دەکرد، شەماڵێکە پێش ئەوەی بگات بەسەر گوڵستاندا رۆشتووەو بۆنو بەرامەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە:

**–خۆشەویست! ماندووی؟**

زەردەخەنەی رەزامەندی وەکو گوڵێك بوو گەڵاکانی بۆ تیشکی هەتاو دەکاتەوە:

**–نەخێر.**

**–ترست هەیە؟**

**–نەخێر.**

**–خۆشەویست! ئەی چی نارەحەتی کردبووی؟**

تەماشای ئاسمانی کرد، دوور روانییە ئاسمان:

**–لەچارەنووسی کوڕی دووەم دەترسام، چارەنووسی براکوژ، ترسام ئاگر قوربانییەکە، کە خۆمم، نەسووتێنێ، لە ئابڕووچوونی سەختترین رۆژ دەترسام.**

دەنگە بەسۆزەکە وەڵامەکەی بۆ دوایی هێشتەوە، دەنگە بەسۆزەکە حەزی کرد هەردوو پێکەوە لەسەر سەکۆی ئاگرو لەناو کڵپەو دووکەڵدا یادی خاوەنەکەیان بکەن:

**–خۆشەویست! چۆن دەڕوانیتە خاوەنەکەت؟ بڕوا دەکەی جێت بهێڵێ؟**

زەردەخەنەی رەزامەندیو خۆشەویستی گەشتر بوو:

**–نەخێر! هەرگیز بەتەنیا جێی نەهێشتووم، هەرگیز جێم ناهێڵێ، ئەمە گومانمە بەخاوەنی خۆم.**

**–خۆشەویست! ئێستاش جێت ناهێڵێ. خۆشەویست! میهری خاوەنەکەت لەوەش گەورەترە، خاوەنەکەت دەستی میهری بۆ هەموو جیهانەکان کردۆتەوە. میهری ئەوە مانایەکی بەم ژیانە داوە. تەماشای دەوروبەرت بکەو لەهەموو شوێنێکدا ئەو میهرە دەبینی. بەو میهرە باڵندە شەبەقی بەیانی هێلانەکەی جێدەهێڵێ، لە دەشتو کێودا دەستی میهری خاوەنەکەی دەبینێ، دەگەڕێتەوە هێلانەکەیو خواردن دەکاتە دەمی بێچووەکانی، کە شەویش داهات لە سۆزی خاوەنەکەی سۆز بەو بێچووانە دەبەخشێو بەباڵەکانی لەسەختیی دەوروبەر دەیانپارێزێ. میهری خاوەنەکەتە جوانیی بە پەپوولە بەخشیوەو ئاوازی خۆشی بە گەرووی بولبول داوە، میهری خاوەنەکەتە سەوزایی فێر دەکات روو لەئاسمان بکاتو ئاوی باران بخوات، کاتێکیش خۆر هەڵدێ خاوەنەکەت لە رۆژێکی نوێدا ژیان بەزەوی دەبەخشێ، هەر بۆ ئەو ژیانەش ناهێڵێ گڕەکە تا سەر بمێنێتەوە و بۆ خۆرئاوا دووریدەخاتەوە.**

دڵی خۆشەویست لەناو تەمە نەبینراوەکەدا فڕی، تیشکی چاوی لەگەڵیدا سەرکەوت، بەئاسماندا پێکەوە فڕینو بۆنی باخەکانیان کرد، دەیان هەزار رووناکییان بینی، سەدان هەزار بوونەوەر بەدەنگی پڕسۆزیان دەورەیان دان، هەموو ئەو دەنگانە کە بەخەونیش نابیسترێن شکۆی خاوەنی هەمووانیان رادەگەیاند. درەختێکیان بینی لقەکانی بەپانیو درێژیی هەموو ئاسمانەو دەیان هەزار رووناکیی لەناو گەڵاکانیدا دەبریسکێنەوەو سەدان هەزار تەمی رەنگاورەنگ بەناویداو لەدەوریدا دەفڕنو دەنیشنەوە. ئینجا هەردوو بەشکۆمەندکردنی خاوەنەکەیانەوە گەڕانەوە شوێنی خۆیان؛ دەنگە

بەسۆزەکە قسەی کردەوە:

**–خۆشەویست! تا ئەم تەمەنەت کەمێکت لەزۆری میهری خاوەنەکەت بینیوە، چەندیش بژی ئەوەی دەیبینی هەر کەمە.**

دڵی خۆشەویست هەر دەفڕی، سەری هەر روو لەئاسمان بوو. سەری نزم کردەوەو خەڵکەکەی بیرکەوتەوە:

**–ئەی تاوان؟ ئەو هەموو تاوانەی جیهانی پڕکردووە؟**

دەنگەکە ئەمجارە بووە دەنگێکی بەهێز، رەق، سەرزەنشتکردنیشی هەڵگرتبوو:

**–تاوان درەوی تۆوی پیسی مرۆڤە، تاوان هەر هەبووەو هەر دەمێنێ، ئەگەر خاوەنەکەت دەستی مرۆڤ ببەستێتەوە هەر ئەو مرۆڤە خۆی هاواری لێهەڵدەستێ‌و دەڵێ: بۆچی دەستم دەگری؟ بۆچی رێگەم لێدەگری؟ با ئەو مرۆڤە تاوان بکات، با تاوان بکات، ئاکامەکەی لای خوداوەندت دەبینێتەوە.**

جارێکی تر سۆز بۆ دەنگەکە گەڕایەوە، ئەمجارە خۆی بەسەر خۆشەویستدا شۆڕکردبووەوە، دوو دەستی خستبووە سەر دوو شانی‌و رووی لەڕووی بوو:

**–خۆشەویست! لە ئابڕووچوونی سەختترین رۆژ دەترسای بەڵام مەترسە.. خۆشەویست! دڵنیا بە لەم ژیانەشدا خاوەنەکەت جێنتا هێڵێ! خۆشەویست! هەست بە گەرمایی دەکەی؟**

**–نەخێر!**

**–گڕ لەچواردەورتدا هەیە؟**

**–بەڵێ، چواردەورم هەمووی گڕە.**

**–ئاگر لەخوارەوەتدا هەیە؟**

**–بەڵێ، گڕو کڵپەو دووکەڵ خوارەوەو سەرەوەو چواردەورمە.**

دەنگەکە لەهەموو جارێکی تر بەسۆزتر بوو، لەهەموو کاتێکی تر شیرینتر بوو، شەماڵی فێنك‌و بۆنی گوڵستان خۆشەویستیان داپۆشیبوو:

**–بەڵام خۆشەویست ئاگر تەواو و گڕ کوژایەوە، خۆشەویست! تەماشای بەردەمی خۆت بکە.**

خۆشەویست سەری بردە خوارەوەو تەماشای کرد. خەڵکەکەی بینی ئەبڵەق‌و حەپەساو و بێدەنگ تەماشای دەکەن. سەیری بەرپێی خۆی کرد بینی گڕ بۆتە خۆڵەمێش‌و دووکەڵێکی کزی سپی ماوە ناگاتە ئەژنۆی، کۆڵەکەی مس لەشوێنی خۆیدا ماوە بەڵام سارد، زنجیرەکە کەوتبووە خوارەوەو دوو دەستی بەرەڵا. هەستی بەبێدەنگیی خۆی‌و خەڵکەکە کرد دڵەکان‌و هەستەکان دەهاڕێ. رووی کردەوە ئاسمان:

**–ئیلومی جیهانەکان! باوەڕم بەراستگۆیی بەڵێنەکانت هەبوو، ئیلومی جیهانەکان! رێگەی راستگۆییم بۆ ئاسان بکە. خاوەنەکەم فەرمانی چیم پێدەدەی؟**

دەنگە بەسۆزەکەی بیستەوە، هەستی پێکرد بەرزبۆتەوەو تەمە نادیارەکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە، دەنگەکەی بیست لەسەرەوەو بەدەم بەرزبوونەوەدا فەرمانەکەی پێدەگەیەنێ:

**–خۆشەویست! خاوەنەکەت بڕیاری داوە لەم وڵاتەدا نەمێنی.**

سەری هێنایە خوارەوە، جارێکی تر تەماشای قەرەباڵغییە وڕەکە کرد کە هێشتا نەکەوتوونەتە قسەکردن. چاوی بەناویاندا گێڕاو لەپڕ جیهانی پڕ لە بەتاڵی‌و بۆشی بینی. هێواش چووە خوارەوە، خەڵکەکە ئاگایان لێنەبوو رێگەی بۆ دەکەنەوە. چاوی گێڕاو بۆ باوکی گەڕا، بینی‌و تەماشای کرد. (لوتوم)ی برازای بەهەڵەداوان گەیشتە لای‌و دەستی گرت، هەردوو دەستی گرت‌و بەچاوێکی پڕ لەپێکەنین تەماشای کرد، تەماشای کردو لەگەڵیدا رۆشت. خۆشەویست گەیشتە

تەنیشت باوکی، تەماشای کردو نەوەستا، تێپەڕیو ئاوڕی نەدایەوە. ئازەر وەکو هاوەڵانی دوو چاوی ئەبڵەقی شوێن خستبوو، چاوەکانی دەرۆشتنو عەقڵی وەستابوو، نەیدەویست باوەڕ بکات: **((خوداکەی خۆشەویست سەرکەوت؟ خوداکەی خۆشەویست سەرکەوت؟ نەخێر! نەخێر! دەچمەوەماڵەوەو تا سبەی دەنووم، دەنوومو وای دادەنێم خەونێکم دیوە، خەونێکی لەعنەتی)).**

ئینجا خۆشەویست وەستا. ئاوڕی دایەوە، چاوی دای لەچاوی باوکی، هەر بەسۆزی کوڕانەی جاران لەو چاوانە وردبووەوە، ئازەر رووی وەرچەرخاندو شەپۆلەکانی ناخی نیشتبوونەوە، لەدڵی خۆیدا لێکیدەدایەوە: **((تۆم بۆ شتێکی گەورە ئامادە دەکرد، ئێستا لای ئەوان گەورەی، بەلام مل بۆ ئەو گەورەییەت نادەم، نەخێر، ملی بۆ نادەم، دەمرمو ملی بۆ نادەم)).** ئینجا بەلاچاو تەماشای کوڕەکەی کرد: **((بەلام خۆزگە دەمتوانی.. خۆزگە.. ئەو کاتە دڵم لەخۆشیا دەفڕی.. سەرم لەناو هەمووواندا بەرز دەبووەوە)).**

تەنها یەك ساتی نەرمی بوو ئینجا رەقی هێرشی بردەوە: **((بەلام هەرگیز.. تا هەناسەیەکم مابێ.. هەرگیز)).**

خۆشەویست کەللەرەقیی لەڕووی باوکیدا بینی، جارێکی تر پشتی تێکردەوەو دەرفەتێکی تری پێدا، بەتەنیشت ئەویلومدا تێپەڕی، چاوێکی پێزانینی دایە، ئەویلوم چاوێکی رێزی پێبەخشیو سەری بۆ لەقاند. ئەویلوم، کە دەیویست ببێتە عەقڵی ئور بەرامبەر بەهەستە کوێرەکان، لەبەرخۆیەوە قسەی دەکردو کەس نەیدەبیست: **((رێگەی قسەیان لێگرت، رێگە هەناسەی لێبڕین)).**

رزگاربوونی خۆشەویست باوەڕی ئەویلومی بەخوداوەندەکان لەق نەکرد وەك چۆن شکاندنیشیان لەقی نەکرد. باوەڕی ئەویلوم وەکو خۆی مایەوەو خاوەنی خۆشەویست قسەکەی سەلماند: **((دڵەکان هی خوداوەندن، خۆی بۆ باوەڕو روناکی دەیانکاتەوە)).** ئەویلوم باوەڕی بەخوداکەی خۆشەویست نەهێنا، بەلام لەگەڵ خودی خۆیدا راستگۆ مایەوەو باوەڕەکەی نەدۆڕاند: **((قسە مافە)).** ئەویلوم تاکی ناو ئەو خەڵکە بوو، وەك چۆن خۆشەویست تاکی ناو ئەوان بوو.

خۆشەویست رۆشتو لەخەڵکەکە تێپەڕی، کەمێك دوورکەوتەوە ئینجا رووی تێکردنەوە، بەدەنگێکی هێمن، بەلام بەهێز:

**–ئێوە ژمارەیەك بتتان بۆ خۆتان تاشیوەو لەدەوریاندا کۆبوونەتەوە، رۆژێکیش کە مردووان زیندوو دەبنەوە هەر یەکێکتان دەبێتە دوژمنی ئەوی تر، لەبەردەمی هەموو مرۆڤەکاندا نەفرەت لەیەکتر دەکەن، کوڕ نەفرەت لەباوکی دەکات***(دەنگی خۆشەویست کەمێك لەرزی کاتێك وشەی باوکی وت ئینجا هێمن بووەوە)* **باوك لەکوڕی خۆی، ژنو مێرد، هاوڕێیانی ژیان، دراوسێکان، پاشاو رەعیەتی، ئێوەش تێکڕا حاشا لەخوداکانتان دەکەن، ئاگرێکیش بۆ منتان هەڵکردبوو دەبێتە دوایەمین لانەتان، ئاگرێك لەوە گەورەتر، ئێوە یاری دەکەنو وا دەزانن ژیان گەمەیە، ئێوە رواڵەت دەبینن و نازانن سبەی چیی بۆ شاردوونەتەوە، ئێوە نوستوونو بەهیچ بێدار نەبوونەتەوە. من قسەی خۆمم وت، ئێوەش ئارەزووتانە.**

بۆ دوا جار رووی کردەوە باوکی کە لەو سەری قەرەباڵغییەکەدا بوو و رووی وەرچەرخاندبوو، دوو دەستی نا بەدەمیەوەو هاوارێکی بۆ نارد، تا توانی هاواری کرد نەبادا ئەو رۆژەی بەرێوەیە بڵێ نەمبیستبوو:

**–باوکە دوایەمین جارمە، باوکە بەگوێم بکە، باوکە دوایەمین جارمە.**

ئازەر رووی تێکردەوە، تەماشای خەڵکەکەی کرد، خێڵی خۆی، غەیری خێڵی خۆی، خەڵکی ئورو غەیری ئور.. ددانی جیڕکردەوەو لەناو تاریکترینو قووڵترین چاڵی دڵییەوە بۆ ناو ئەو دڵە نەڕاندی: **((بەگوێی ناکەم، نەخێر! ئابڕووی خۆم نابەم، لێیان جیانابمەوە، منو ئەوان پێکەوە، تا سەر پێکەوە ئەگەر بۆ ئەو ئاگرەش بێ کە باسی دەکات)).**

ئینجا دڵی بوو بە زمانو بووە هاوارێك لە كوڕەكەی، هاواری دوورخستنەوەو بڕیاری دوایەمین:

**–بڕۆ بەڕێگەی خۆتەوە.. بڕۆ. منو گەلەكەمو خێڵەكەم جێبێڵە.**

* * * * * *

كاغەزەكانی دانایەوە:

**–ئەی چیم كرد من؟ چیم توانی خۆم؟ بێدەسەلاَت.. ناشایستە.. وەكو ئەوان.. شیرینئاواو ئەوان..**

دیمەنی دواڕۆژە دوورەكە.. نزیكەكە.. زۆر نزیكەكە.. هاتە بەردەمی:

ڕۆژی قەرەباڵغیو گریانو ترسو چاوئەبڵەقبوونە، خۆشەویست باوكی خۆی بینی، باوكی ڕەش داگەڕابوو، ترسو خەفەت كوشتبووی، خۆی بەكوڕەكەیدا هەڵواسی. خۆشەویست بیری خستەوە: ((**باوكە! نەموت بەگوێم بكە؟**)). ئازەر بەپاڕانەوەوە زیاتر خۆی بەقۆڵی كوڕەكەیەوە هەڵواسی : ((**خۆشەویست! گەلەكەمو خێڵەكەمو شارەكەم حاشایان لێكردم، هاوارم بۆ خوداكانم كردو كەسیان وەلاّمیان نەبوو، خۆشەویست ئەمڕۆ هەر تۆم هەیە، ئەمڕۆ بەگوێت دەكەم، خۆشەویست ئەمڕۆ بەگوێت دەكەم**)). خۆشەویست چووە پێشەوە، ئازەر هێشتا خۆی پێوە هەڵواسیبوو. خۆشەویست چووە بەردەمی خاوەنی هەردووكیانو قسەی كرد: ((**ئیلومی جیهانەكان! لەدونیادا بەڵێنت دابومیَ لەم ڕۆژە سەختەدا ئابڕووم نابەی، ئیلی! ئابڕووچوون لەم باوكەم گەورەتر هەیە؟**)). ئەو كەسەی كە هیچی لەیاد ناچیَ بەڵێنەكەی لەیادی نەچووبوو، پێی وت بەڵێنەكەی بۆ بەجێدەهێنیَ، پێی وت ئاوڕ بداتەوەو تەماشای باوكی بكات. خۆشەویست بینی باوكی بۆتە نێرە كەمتیارێكی تووكن لەناو پیسایی خۆیدا گەوزاوە.. ئەو كەسەی كە هیچی لەیاد ناچیَو كەس لەو شوێنەدا نەیدەتوانی گوێڕایەڵی نەبیَ فەرمانی داو فەرمانەكەی بیسترا. خێرا فریٕنو گەیشتنە لای كەمتیارەكەو نیشتنەوە. چوار پەلیان گرتو بەرزیان كردەوە، ڕۆشتنو لەبەرزاییەوە بەریاندایە ئەو ئاگرەی ناڵەكەی دڵەكانی لەبنەوە هەڵدەكەند.

* * * * *

خۆشەویست پشتی كردە قەرەباڵغییە واقوڕماوەكەو جێیهێشتن، نەشیانوتایە هەر دەبوایە بڕۆشتایە. ئور–نینورتای كۆنە كاهنی گەورە بەچاوێكی ئەبڵەقی پڕ كینە تەماشای دەكرد، بەقوڕگێكی وشكو دەنگێكی خنكاوەوە هەر ئەوەندەی توانی بڵیَ: ((**لێرەدا مەمێنە، نامانەویَ لێردا بتبینین**)). ئور–نینای شاعیریش وەكو منداڵ دارێكی لەزەوی دەخشاندو نەخشو وێنەی تێكەڵوپێكەڵی پێدەكردو خۆی پیَ دەخلاّفاند، پادشاش زوو هەڵهاتبوو، پێش ئەوەی كەس هەستی پێبكات لەشارەكەدا نەمایەوەو زوو خۆی گەیاندەوە لارسا.

خۆشەویست چووە ماڵەوە، باوكی نەچووبووەوە ماڵەوە، شەو وەكو میوانێك لای دایكی مایەوە. خۆشەویست زانی پەیوەندییەكەی لەگەڵ باوكیدا یەكلابۆتەوە. باوكی بۆتە دوژمنی خاوەنەكەی، ئەویش دەبیَ هەڵوێستی لەو دوژمنە هەبیَ. باوكی هەروەكو باوك مایەوە، بەلاّم لەوەبەدوا پێویستە حاشای لێبكات. خۆشەویست حاشای لێكرد.

بەیانی كەلوپەلی كۆكرابوونەوە، ئەو ڕۆژە خۆیو سارای ژنیو لوتومی برازایو چەند كەسێكی كەمی ئورو دەوروبەری بەدرێژایی ڕوباری (پوراتوم) كۆچیان بەرەو باكوور كرد.

* * * * *

ساڵێكی نەبرد شەڕی لارساو بابل بەئاڕاستەیەكی تردا ڕۆشت. حامورابی، پادشای بابل، كە پێشتر چەند شوێنێكی

لە لارسا زەوت کردبوو بەسەر چەند دوژمنێکی هاوپەیماندا سەرکەوتبوو، ئەو ساڵەش پەلاماری لارسای دا. سەربازەکانی حامورابی چوونە شاری ناوداری خاوەن مێژووی پڕ شکۆ. شاری ئوریش پاش لارسا کەوتە دەستی سەربازانی حامورابی، کوشتنو وێرانیو تالانی بەشی مەملەکەتی ریم سین بوو. حامورابی ریم سینی خوداوەندی گرتو بەدیلی بۆ بابلی برد.

ئور–نینورتای کاهن بینی ئەو گۆڕانە تازەیە کەمتر لەساڵێکی خایاندو ئێستا پادشایەك بۆتە گەورەی هەموو شانشینەکان کە نازناوی خوداوەندەکانی هەڵنەگرتووە، ئەو پیاوەش بوو کە جاری دووەمی پەنابردنی بۆ بابل پادشای ئەو مەملەکەتە بوو بەڵام چونکە هەر یەکێکیان پڕۆژەی خۆی هەبوو پێکەوە نەگونجان. سەرەڕای ناکۆکیش لەسەر دەوری ئاینو خوداکان ئور–نینورتا حامورابیی لا ئەهوەنتر ببوو لەچاو پادشا خۆبەخوداوەندزانەکان، حامورابی ئەو پادشایە بوو کە پێویستە بەناچاری بەهەموو عەیبەکانییەوە قبووڵ بکرێ، بەڵام ئەوە بیرکردنەوەی ناوەخت بوو؛ ئور–نینورتا کەمتر لەساڵێك بوو کەوتبوو.

ئور–نینورتا دوای بەدیلبردنی ریم سین، کە لەبەردەمی سەکۆی ئاگردا خوداوەندێتییەکەی قبووڵ کردبوو، چیرۆکی ئیببی سینی دوایەمین پادشای ئوری کەوتەوە یاد کە بەردەوام وەکو نموونەیەك لەسەر درۆی پادشا خۆبەخوداوەندزانەکان بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە: ((**خۆبەخوداوەندزانینی ئیببی سینی لەدۆڕانو بران بەدیلی بۆ ئێلام نەیپاراست**)). ئور–نینورتا چەند رۆژێك پاش کەوتنی مەملەکەتی لارسا ئەو لاوە بەگوڕەی جاران نەمابوو و تەمەنە سەدو سیویەك ساڵەکەی تەواو پێوە دیار بوو؛ پیاوێکی پیری پەککەوتەی تیاچوو ، کەمتر لەمانگێکیش دوای ئەوە لەسەر جێگەی سەرەمەرگدا کەوتبوو و ئاگای لەو دوو کاهنەی دەوری نەمابوو کە وەکو ئەرکێکی مەردایەتی لەڕۆژانی دوایەمینیدا دەوریان چۆڵ نەکردبوو. ئور–نینورتا پاش سەد ساڵ جەنگ لەسەر جێگەی مەرگدا بوو، تا دوایەمین هەناسەشی دەیوتو دەیوتەوە: ((**من کێم؟ من چیم دەوێ؟ من چیم دەویست؟ من کێم؟**)).

ئور–نینورتا سەری نایەوەو نەیزانی کە ئەو سەدەیەی بۆ ململانە دژی پادشا خۆبەخوداوەندزانەکان بردبوویە سەر بەئاکام گەیشت. خواستی خۆبەخوداوەندزانین لەوڵاتەکانی دوو رووباری ئیدیگلاتو پوراتوم لەجاران کەمتر بوو، بەڵام ئەوە بەهۆی کۆششەکەی ئەو نەبوو، گیانی سەردەم بوو کە ئەو ئارەزووەی کز کرد، خۆبەخوداوەندزانین ساڵ بەساڵ بێماناترو بێپاساوتر دەبوو، ئور–نینورتا چاوی لێکناو ئەو رۆژەی نەبینی.

# ژیانەوە

خۆر کەمێکی مابوو بگاتە ئاسۆی زیوین.. با هەڵینەکربوو. خۆڵەمێشەکە ساردببووەوە، دەمێکیش بوو دووکەڵ نەمابوو. نمەیەك شەو باریبوو. بۆنی بارانێکی کەمو خۆڵەمێشێکی زۆر تێکەڵ بەیەك ببوون.

خۆڵەمێش جووڵەیەکی تێکەوت، جووڵەکە زیاتر بوو، سەرێك لەژێر خۆڵەمێشکەوە هاتە دەرەوە، سەرێکی بچووك، دەنووکێکی بچووك، دوو چاوی تووڕەو تیژ. سەرە بچووکەکە خۆڵەمێشەکەی راتەکاند، دوو باڵ دەرکەوتن، دوو باڵەکە خۆڵەمێشەکەی سەریان تەکاند. باڵندە بچووکەکە لەشوێنی خۆیدا وەستابوو، چاوی تووڕەو تیژی بەچواردەوری خۆیدا گێڕا، خۆر کەمێکی ماوە سەر دەربکات. شتێك لەژێر باڵندە بچووکەکە جووڵا، باڵندەکەی لەشوێنی خۆی دوورخستەوە، سەرێکی بچووكو دەنووکێکی بچووکی تر بوون. دوو چاوی تووڕەو تیژی تر بوون.

بێچووی دووەم دەرچوو و خۆی تەکاند، بێچووی سێیەم دەرچوو، چوارەم، دەیەم، سەدەم، هەزارەم. هێلانە پڕ ببوو لەبێچووی قەقنەس. هێلانەکە ئەو هەزارەی گرتبووە خۆ، هەموو لەشوێنێکی هێلانەکە بۆ شوێنێکی تری هەڵدەبەزینەوە. هەڵدەبەزینەوەو دەنیشتنەوەو پاڵیان بەیەکترەوە دەنا. باڵندە بچووکەکان تەماشای خوار لوتکەکەیان دەکرد، تەماشای لوتکەکانی دەوروبەریان دەکرد، تا چاویان بڕی دەکرد سەدان لوتکە هەن، هەموو بەرز، نزمتر لەهێلانەکەی خۆیان، هەموو تەمێکی تەنك داپۆشیون. باڵندە بچووکەکان جێگەیان لەهێلانەکە دەبووەوە بەڵام پەلاماری یەکتریان دا، هەر یەکێکیان بڕیاری دا هەر خۆی بمێنێتەوە، هەزار بێچووەکە دەبێ هەزار نەبن، بەرلەوەی گەورە بن زۆریان دەبنە خۆراکی باڵندەی بەهێزی تر، تا دەنووکیان بەهێز دەبێ برسێتی هەندێکیان دەکوژێ، بەهێزەکانیش دەمێننەوەو یەکتر لەناو دەبەن، بەختەوەرێکیش لەکۆتاییدا بەتەنیا دەمێنێتەوە.

هەزار بێچووەکە هەڵفڕین، شەڕەکەیانو رووبەڕووبوونەوەی یەکترو زێندەوەرەکانی تریان بۆ شوێنی تر هەڵگرت، بەناو ئاسماندا بڵاوبوونەوە، هەر یەك بەلایەکدا، هەر کۆمەڵێكو بەلایەکدا. هەتاو دەرکەوتو با هەڵیکرد.

* * * * *

شەڕی سەرشەقامی مەزنانگە درێژەی کێشاو ئاگرەکەی کوڕانی مەزنانگەی، لەشەقوەشێنانی عەمالیقا زیاتر، سووتاند. براکوژیی کوڕانی شیرینئاوا ببووە گەمەی منداڵان لەچاو یەکتر قڕکردنی کوڕانی مەزنانگە. پەنجەی پیگی ئاشتییەکی دووروودرێژی پڕگومانی بەسەر گەورەکانی شیرینئاوادا سەپاندبوو، پەنجەکانی گورگیش مەرگیان لە مەزنانگەدا چاند. مەزنانگەی دوای کەوتنی شاخانیش پیاوانێکی دەرپەڕاند لەشێوەی کۆنی پیاوانی شیرینئاوا، زۆر لەوان شەڕانگێزتر. نموونەکە ئەمجارە زۆر لە شاخان نزیکتر بوو. وڵات پڕ بوو لەو پیاوانە، لەسەر خۆڵەمێشی مەزنانگە پیاوە نوێکان دەرکەوتنو چوونە جێگەی شاخان، خولێکی نوێ لەژیانی مەزنانگە دەستی پێکرد. خۆرێکی گڕگرتوو دەرکەوتو بەربووەوەو کەوتە سەر زەویو رەشەبای مەرگ هەڵیکرد.

# کۆچ و ئاشووب

نیزامی جیهان گۆڕا، نەخشەی مەملەکەتەکانیش گۆڕان. مەملەکەتە بچووکەکان کەمبوونەوەو حامورابی دەوڵەتێکی یەکگرتووی دامەزراند. حامورابی شکۆمەندیی بابلی دامەزراند، ئاشتی بۆ ماوەیەك فەرمانڕەوا بوو، بەڵام سیحرو رەونەقی جیهانی کۆن تا هەتا رۆشت. جیهانێکی بێزاری چووە جێگەی جیهانی هەمەڕەنگیو موناقەسەو خۆنواندن، تەنانەت موناقەسەی خوداوەندەکانیش نەما، بەڵام ئەو ژانە باوەڕی بەشتە نەگۆڕەکان لەقتر کرد، سەروەریی مەردوکی خوداوەندی بابل بەسەر هەموو خوداکاندا بینرا وەك چۆن سەروەریی بابل بەسەر شارەکاندا بینرا. ئەو جیهانە لەجەنگی شارەکان بێزار ببوو، ئاشتیی دەستکەوتو ئیبداعی لەدەست دا، گوێرەکە پیرۆزەکانی پێش حامورابی جیهانی کۆنیان بە کێبڕکێو رۆژانی پڕ رووداو رازاندبووەوە، کاتێکیش یەکتریان خوارد خۆیان خوران‌و کۆتاییان بەو جیهانە هێنا.

*   *   *   *   *

ئور–نینای شاعیر بەزمانی نەوەی پاش هەرەس قسەی دەکرد، ئەو لاوانەی بێ باوك مابوونەوە، ئەو لاوانەی قەت باوکیان نەبووە، نوێنەرێکی ئەو نەوەیە بوو بەڵام ئەویەڕی گرتبوو، رەنگە نوێنەری کەسیش نەبوویێ جگەلە خۆی.

ئور–نینای شاعیری مەزنی ئور رۆژانی شەڕو گرتنی لارساو ئور لەترسی کوشتارو تاڵان‌و برۆ خۆی شاردبووەوە، کە بارەکەش هێواش بووەوە دەرکەوتەوە. لەو ماوەیەی برینەکانی مەملکەت یەکیان دەگرت‌و قەتماغەیان دەکرد ئارەزووی قسەی نەبوو، پاش ساڵانێکی دوورودرێژی گێڕانەوەی لاواندنەوەی ئور بۆی دەرکەوت بازاڕی گاڵتەجاڕیی ئەو لەگەڵ کارەسات‌و لاواندنەوەی مەرگی نوێ نەبوو، ئەو رۆژانە گاڵتەجاڕی لای خەڵك قێزەون ببوو. گەورەترین گاڵتەجاڕیی سەردەمی پێش کارەساتەکە ئەوە بوو ئور–نینا بوو، نەك هەر کەسێکی تر، لاواندنەوەی شار لێقەوماوەکەی ئوری بۆ خەڵکەکە دەوت.

شاعیرەکە چاوەڕێی ونبوونی شوێنەواری برینەکان بوو تا خەڵکەکە هەست بکەن پێویستیان پێیەتی، بەڵام جاروبار خۆی پێ نەدەگیراو تەعلیقی لەسەر ژیان دەدا، نەیدەتوانی بەگاڵتەجاڕییەوە قسە نەکات، دەیوت ژیان هەمووی قسەی قۆڕو بێمانایە:

**–تەنها گوێدرێژ لەم جیهانەدا لەکاتی لەدایکبوونەوە تا مردن ئاسوودەیە، تاکە راستی لای گوێدرێژ کایە، لەوەش بەدواوە وەهم‌و درۆیە.**

رەقتریش لەجاران لەسەر پادشاکان حوکمی دەکرد:

**–یەك گوێدرێژ لەهەموو پادشایانی سەرزەویو بنزەوی عاقڵترە، بزانە پادشایان چی دەکەن‌و بەچی دەگەن؛ پادشایەك رۆشت، یەکێکی تر هات، کوڕی دایکی خۆیو کوڕی خوداوەندەکان رۆشت، پاش ئەو کوڕی دایکی خۆی هات، ئەویش هاکە رۆشت، هەموو دێن‌و دەڕۆن، ئور–نینای شاعیریش لەشوێنی خۆیدا ماوە، پادشاکان لەخەون دەچن، ئور–نیناش راستییەکە لەگۆشت‌و ئێسك، بەڵام ئور–نینا لەعەقڵدا بە جاشەکەرێك ناگات. کەواتە لە پادشاکان بەرەو خوار شایەنی**

**جڕتن.. جڕت لە ریم سینی خوداوەند، جڕت لە حامورابیی پادشا، جڕت لە ئور–نینای شاعیر، جڕت لەهەموو جیهان، جڕڕڕڕت.**

* * * * *

خۆشەویست لە شاری خەررانومی سەر لقێکی روباری پوراتوم لەوپەڕی باکووری رۆژئاوادا بوو کاتێك هەواڵی کەوتنی لارساو بەدیلبردنی پادشا خوداوەندەکەی بیست. خۆشەویست کە فێر ببوو بەتەنیا نان نەخوات میوانێك لەسەر خوانەکەی بوو. پیاوەکە کۆچەرێکی بیابانەکانی باشوور بوو و تازە گەیشتبووە شارستانی. میوانەکە کە ناوی ریم سینی نەبیستبوو لە خۆشەویستی پرسی ئەو پادشایە کێیە کە جەنگەکەی دۆڕاندو بەدیل برا، خۆشەویستیش بەبێباکییەوە وتی: ((**پادشایەك بوو دەیوت من یەکێکم لەخوداکان**))، میوانەکە سەری بادا، پاروویەکی گەورەی خستە دەمییەوەو بەرلەوەی بخنکێ وتی: ((**دەبێ.. بۆ نا؟ شتی وا دەبێ، خوداوەندەکانیش بەدیل دەبرێن**)). خۆشەویست ئەو ساڵە خۆی بۆ کۆچێکی نوێ ئامادە دەکرد، ئەمجارە خوارتر بەرەو باشوور.

ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە سەری دێڕ..

هەموو کاغەزەکانی کۆکردەوە: ((**هەموو کاغەزەکانم کۆکردەوە**)). تەنها یەك.. نیو.. یەك کاغەزو نیوی ماوە: ((**یەك کاغەزو نیوم ماوە**)).

ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە بۆشایی ئەستێرە سەری دێڕ..

# پیرۆزەکان

فەرمانەکە زوو گەیشت:

**–خۆشەویست ئێستا وادەی رۆشتنە. خۆشەویست وەکو پێت وترا، بەرەو باشوور، چەند زەوییەك دەبڕی‌و چەند ولاتێك دەبینی، مێژوویەکی نوێ دەست پێدەکەی، مێژوویەك بۆ خۆت‌و بۆ نەوەکانی دوای خۆت. کۆچەکەت چارەنووسی ئەو ولاتانە دەگۆڕێ، ولاتانی دوورتریش دەگۆڕێ، بەلام کەی؟ ئیلوم دەزانێ. ئیلوم هەموو شتێك دەزانێ.**

زەوییەکان لای خۆشەویست یەك بوون، هەموویان زەویی ئیلومەکەیەتی، دەنگە بەسۆزەکە بەردەوام بوو:

**–بەلام خۆشەویست ئەو زەوییانەی روویان تێدەکەی تایبەتن، خاوەنەکەت ئەو زەوییانەی پیرۆز کردووە.**

ئەرکەکە گران خۆی دەنواند، رەنگە گرانتر لەچوونە سەر سەکۆی ئاگرو بینینی چاوی پڕ لەکینە. جەنگەکەی لەشاری ئوردا بوو، بەلام ئەو ولاتانە پڕن لە شارو گوند، هەر شارێك‌و سەکۆیەکی ئاگری بۆ دادەنێ، ئەو چەکی فڕێنەداوەو فڕێی نادات، بەلام دەبێ کەی ئەو جەنگە کۆتایی پێ دێ‌و ئەو خاکانە بەڕاستی ببنە خاکێکی پیرۆز:

**–من خۆم تەنیا دەبینم، خۆم‌و سارای ژنم‌و لوتومی برازام‌و چەند کەسێکی کەمی تر، ئەو زەوییانەش پڕن لە بتپەرستان، بتەکانیش رەگیان لەدڵیاندا داکوتیوە، ئیتر چۆن ئەو زەوییانە پیرۆز دەبن؟**

دەنگەکە ویستی بیگەڕێنێتەوە بۆ سەرچاوەی کێشەکان:

**–گوناهی زەوییەکە نییە خۆشەویست.**

خۆشەویست پەلەی زانینی بوو.. چاوەڕێی کۆتایی وەلامەکەی نەبوو:

**–کەواتە مرۆڤەکان دەتوانن خۆیان بەپیرۆز بزانن، تەنیا ئەوەیان بەسە لەسەر زەوییەکی پیرۆزدا بژین ئیتر دەبنە پیرۆز.**

**–نەخێر مرۆڤ شتێکی ترە. بڕوانە بەردەمی خۆت، تەماشای گردەکەی پێش خۆت بکە.**

خۆشەویست سەری هەلبڕی، لەوبەرەوە رانە مەڕێکی بینی:

**–شتێکی نائاسایی نابینم، مەڕی زۆرن دەلەوەڕن.**

**–نەتبینی خۆشەویست، جوان وردبەرەوە؛ لەناو رانەکەدا شوانێك هەیە، ئەو شوانە پیاوێکی ئاسایی نییە. لای خەلك شوانە، کاریان بۆ دەکات و زۆر جار لێی تووڕە دەبن‌و ئازاری دەدەن، بەلام لای خاوەنەکەت کەسێکی پیرۆزە.**

**–کەواتە چی مرۆڤ پیرۆز دەکات؟**

**–نەتپرسی چی زەوی پیرۆز دەکات. زەوی بەفەرمانێکی خاوەنەکەت پیرۆز دەبێ، بەلام کردەوەکان مرۆڤ پیرۆز دەکەن، کردەوەکان‌و پێش ئەوە باوەڕی دروست.**

**–کەواتە گەڕاینەوە بۆ مرۆڤە پیرۆزەکان کە نموونەیەکم لە ئوردا بینیبوو.**

**–نەخێر، ئەو پیرۆزییە ساختە بوو. خۆشەویست! تۆ بتەکانت شکاند، دوای تۆش دروستکرانەوە، تەنها خاوەنەکەت دەزانێ چەندی تر ئەو بتانە دەمێننەوە، بەلام کەس لەدوای نەمانی ریم سین ئەو پیرۆزە ساختەیە ناپەرستێ، پادشای پیرۆزی ساختە کەمترین تەمەنی پیرۆزیی هەیە. بۆ ئەوەی لێت تێکنەچێ دەلێم مرۆڤ دەتوانێ بەفەڕ بێ، واز لە وشەی پیرۆز بێنە. تۆ یەکێکی لەو بەفەڕانە، بەرەکەتی تۆ بۆ وەچەکانت دەمێنێتەوە، تۆش.. تۆ ئەی خۆشەویست دەبیتە پێشەوایەك بۆ خەلکی دوای خۆت، بۆ خەلکێکی زۆری دوای خۆت، خاوەنەکەشت تۆ لای هەموو میللەتان خۆشەویست**

دەکات.

تەماع چووە دڵی خۆشەویست. وەکو هەموو جارێك هەر خەمی خۆی نەبوو، دەیویست خۆی بەتەنیا لەبەخششی خاوەنەکەی بەهرەمەند نەبێ:

–با ئیلوم پێشەوایەتی بەتەنیا بە من نەبەخشێ، با بیداتە وەچەکەشم، بەلای کەمەوە بەشێك لە وەچەکەم.

وانەیەکی گەورە بوو بە خۆشەویست وترا، ئەرکێکی تر بوو، لەگەڵ راستییەك بۆ خۆیو بۆ ئەوانەی دوای خۆی:

–خۆشەویست! تا ئێستا دژی کێ دەجەنگای؟ دژی بتەکانی تەختەو بەردو پادشای خوداوەند نەبوو؟ ئەوانە چەند درۆیەك نەبوون؟ بەڵام درۆ هەر بتی تەختەو بەردە؟ هەر مرۆڤی خۆبەخوداوەندزانە؟ خۆشەویست! ساختەکاری لەو دوو نموونەیە زۆر گەورەترە. خۆشەویست گوێ بگرە! وەچەی تۆ پێشەوای تێدا هەڵدەکەون بەڵام هەر لەوەچەی تۆش کەسانێك لە خەڵکەکەی ریم سین خراپتر دەبن، هەندێك لەوانە بەهۆی گوناهەکانیانەوە خاوەنەکەت دەیانکاتە مەیموون، هەندێکیان بت لە خورما دروست دەکەن پاشان کە برسییان بوو دەیخۆن، لەگەڵ ئەوەشدا وا دەزانن بەهۆی تۆوە دەبنە پیرۆز، واتە بەفەڕ. تۆ دەزانی، ئەوانیش دەبێ بزانن، مرۆڤ بەهۆی کردەوەکانییەوە دەبێتە پیرۆز یان نەگریس. خۆشەویست! تۆ مرۆڤانێکت بینی لەخۆڕا خۆیان بەپیرۆز دانابوو، دواڕۆژیش هەر لەوەچەی تۆوە نەتەوە هەڵدەکەون گوناهەکانیان کەڵەکە دەبنو دەگەنە ئاسمان کەچی خۆیان بە نەتەوەی پیرۆز دادەنێن، نەتەوەی وا هەڵدەکەون، لەوەچەی تۆو غەیری تۆ.

دەنگە بەسۆزەکە ڕۆشتو دیار نەما، بەڵام فەرمانەکە دیار بوو. خۆشەویست شوێنی قسەکان کەوتو جارێ کۆچێکی نوێی بەناو کەسوکاریدا دا.

# شاری خەون

—کۆچە.. هی من.. بێدەسەڵاتی.. کۆچ کۆچ.. من من.. بێدەسەڵاتی بێدەسەڵاتی..

جارێکی تر بەرەو چیای مازوو رۆشت، تەماشای شەقامەکانی کردەوە، شەقامەکان پڕ لاو بوون، لاوی نەدەبینی، ئەو لاوی نەدەبینی، دەیوت هەن، بەڵام زۆربەی ئەوانەی سەر شەقامەکان لای ئەو پیر بوون. شاخان نەمابوو، بەڵام لاوەکان لەدایك نەببوون: ((جیهان گۆڕاوە؟ گۆڕاوە؟ جیهان.. شیرینئاوا.. زۆر زۆر؟ کەم کەم؟ قووتیان دا گۆڕان.. کوشتیان.. ساوا بوو.. حەوت چەقۆ.. حەوت سەد.. جاریٚ ساوان لاوەکان.. کوا منداڵەکان؟ ئەوەتان و ئەوەتان.. پیرەکان؟ شیرینئاوا پیرە؟ ئێستا لەدایك بووە.. پیرە؟ بەپیری. کوا لاوەکە.. بینیم.. دوێنیٚ بوو.. چاوم ونی کرد.. خۆم نەدۆزییەوە.. خۆم ونم و دووەمم ون کرد.. سیٚ.. چوار.. هاوار! گیراوە چواردەورم.. راوم دەنێن منداڵەکان.. منداڵەکان منداڵەکان.. یاری دەکەن.. ئاگایان لێم نییە.. وازیان لیٚ بێنە.. تاکەی؟ کە گەورە بوون بە خۆم دەڵێم.. بۆچی ناچن؟ بۆ کویٚ؟ چیای مازوو؟ ئاوێنەیە.. لەدەرەوەی ئاوێنە تەماشا بکەن.. کونێکی تیایە جادەکە.. دوو کون.. با نەکەوم.. دەڵیٚ جادە کون کونە چیای مازوو.. ئاوێنە ئاوێنە.. دیمەنەکە تەواوە.. سوپاس چیا.. سوپاس سوپاس)).

بەسەر چیای مازوودا هەڵگەڕا. ئێوارەی شیرینئاوا بوو، چیا بەرەو تاریکبوون دەچوو. بەرزتر دەبووەوەو درەختەکان لەگەڵ تاریکییەکەدا تێکەڵ دەبوون. دڵۆپی بارانی پێش ئێوارە لەلقەکانەوە دەتکان. گەیشتە ناوەڕاستی چیاکەو وەستا. ئاوڕی دایەوە، لەسەر گیا تەڕەکەدا دانیشت. رووی لە شیرینئاوا بوو. شیرینئاوا لەژێرەوە رووناك بوو. رووناکیی وەستاو، رووناکیی جۆراوجۆری جووڵاو. رووناکییە جووڵاوەکان بەسەر شەقامە تەڕەکاندا دەبریسکانەوە:

—خەڵکێکی زۆر چوونەتە دەرەوە. بەناو شاردا دەگەڕێن، زۆر لەمانە دەچنە شوێنەکانی کات بردنە سەر، زۆری تر هەژارن.

لەدوورەوە شوێنی کات بردنەسەر دیار بوون:

—دەبیٚ چەند خەڵکیان تێدا بیٚ؟ دەبیٚ چەند کەس بەخەبەر بن؟ ئەوەی کات دەباتە سەرو هیچ ناکات لاو نییە، ئەوەی بێدەنگە لاو نییە.

رووداوەکانی بیرکەوتەوە، بەرازو گوێرەکەکان:

—بەرازە کێوییەکە قۆناغی دوایەمینی گەشەسەندنی گوێرەکەی پیرۆزە. زۆریان لەبەر بێتواناییی لەگەشەسەندن دەوەستن، لەقۆناغی گوێرەکەکە دەوەستن، ئەوپەڕەکەی گایەکی پیرۆز، رەنگە تاوانەکانی لە بەرازەکە کەمتر بن. بەرازو گوێرەکە، کامیان لەپێشترە؟ گوێرەکە بووە بەراز، بەرازیش گوێرەکەی لیٚ دەبێتەوە. خۆشەویست گەشتەکەی دەست پێکردبوو، لێرەشدا هێشتا تەماشا نەکراوە. شیرینئاوا خەونەکانی لەیەك خەونددا کۆکردبووە: کەوتنی شاخان، ئێستا دەیان خەون دەبینرێن.

حەوت بەردی هەڵگرت:

—حەوت بۆ من و تۆو بۆ هەموو.

حەوت بەردەکەی هاویشت. حەوتی تری هەڵگرت:

—حەفتا بۆ درۆ، درۆی شاخان و گورگی و هاوڕێیانی و پیاوە بەڕێزە گەورەکانت.

حەوتەكەی تریشی هاویشت:

**–خۆشەویست دژی درۆ جەنگێكی راگەیاندبوو، ئەگەر تا ئەمڕۆ دەژیا.. تا ئەمڕۆ بمایە دەیزانی درۆی سەردەمی خۆی گاڵتەوگەپی ئەمڕۆیە.**

چنگێك بەردی هەڵگرت. نەیهاویشتن:

**–شیرینئاوا لاوازی، بەڕاستی لاوازی.. دوژمن هۆكارە؟ بەڵێ دوژمن، كوا دۆستت، دوژمنی باوك كوژ، بكوژی بێبەزەیی باوك، ئەی ئەوانەی خۆت؟ باوك نەما، دەبوا باوەپیارە بەبەزەیی بوایە، باوە پیارەی بەبەزەیی دەناسم، تۆش دەیناسی، تەنها تەماشای نەخشەكە بكە، دەست بخەرە سەر ناوەڕاستی جیهان، تەماشای ئیسحاقییەكانو باوەپیارە دڵسۆزەكانیا ن بكە. ئەوانەی تۆ وا دەرنەچوون. دوژمنی باوك كوژو باوەپیارەی دڵڕەق، حەوت باوەپیارەی دڵڕەق، منداڵەكانی تۆیان بەرەڵای كۆڵانو جادەكان كردووە.**

تەڕایی گیای ژێری سەرماكەی گەیاندە هەموو گیانیو خستییە لەرزە. هەڵسا، ورد چووە خوارەوە. مانگ وادەی نەبوو، تەنها رووناكییەكانی شیرینئاوا. رووناكیی وەستاو، شوێنێك رووناك دەبێتەوە، شوێنێك تاریك دەبێ. رووناكیی جووڵاو، رووناكیی جووڵاو و بەردەوامی زۆر.

گەیشتە سەر جادەكە، جادەكەی بڕی، چووە خوارتر، رووناكییە جووڵاوە زۆرەكان دەورەیان دا، پێكەنینو هاوار بۆ یەكتر، شەپووری كەیفی ولاخ لەسەر یەك لەسەر یەك. لاوەكانی بینییەوە، زۆر بوون، دەیبینی لاو نەبوون، دەسووڕانەوە، دەڕۆشتن، دەپەڕینەوە، بریسكەی جلەكانیانو بریسكەی رووناكییە جووڵاوەكان لەسەر شەقامی تەڕ. بیریكەوەتەوە شیرینئاوا لاوی هەیە، وشەیەكی تری نەبوو بۆیان، دەیبینی لاو نەبوون. گەیشتە نزیك ماڵ. نەیویست زۆر بەخەبەر بێ، ویستی زوو بچێتە جێگە، هەواڵەكانی سەرەتای شەوی بیستو سەری سوڕما: ((**لاوەكانی گەرمترین گەڕەكی شیرینئاوا كەوتوونەتە جووڵەو سبەی دەچنە سەر شەقامو شتێك دەڵێن، رەنگە شتێكیش بكەن.. لاوانی گەڕەكی لەمێژەوە زامداریش دەچنە سەر شەقامو رێگە لە مەسخەرەی لەمێژەوە دووبارەبوو دەگرن..**)).

دوو چاوی كرانەوەو خۆی دواند: ((**لە كاوەی یەكەمەوە دەست پێدەكەنەوە، دەبوا كاری ئەویان تەواو بكردایە نەك لەسەرەتاوە دەست پێبكەن، بەڵام گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بجووڵێن، منیش دەچم، منیش دەچم و دەبمەوە بە لاو**)). لای سەیر بوو، ئەمجارە قسەكانی لێ ون نەبوون.

بۆ نوستن خۆی ئامادە كردو بڕوای نەكرد خەوی لێبكەوێ. بەیانی دەچێو لاوێتیی خۆی نوێ دەكاتەوە، دەچێتە ناو ریزی ئەو لاوانە، هەرچییەك بن با ببن، سپی.. رەش.. سوور.. بێڕەنگ.. گرنگ ئەوانە لاون.. بەلای كەمەوە لەسەر شەقامە سووتاوەكە لەگەڵ ئەواندا دەبێ، شەویش كە هەموو رۆشتنەوە چی دەبن با ببن. دەچێو دەبێتەوە بە لاو.. دەچێو هاوار دەكات: بەسە مەرگی شیرینی دایكو ئیفلیجبوونی. خەوی لێنەكەوتو یەك خەونی نەویست، پاش ئەویش شیرینئاوا نوستو هەموو جۆرە خەونێكی بینی.